# ڕامان

٢٢٧

انگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ساڵی بیستەم/نیسانی ٢٠١٦



- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام



ناوونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان

● **دەق**


- کەی ئەگەی پەیاتریس؟/ کەریم دەشتی/ 3
- لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام تاکو بتدۆزمەوە/ کەژاڵ ئیبراهیم خدر/ 6
- سەمای زەوی/ ستارە خالید/ 8
- دوو هەلبەستێن نقستی/ ڤەژینا کورد/ 9
- زەرافەیەک لە دادگایەکدا دەگری/ لە عەرەبییەوە: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی/ 11
- مشکە سوورە ئاسنینەکەی ناو دڵ/ جەبار جەمال غەریب/ 14
- شەوێک لە خەڵوەتی حەزرەتی حافزدا/ ناسر وەحیدی/ 23
- خولیاکانی سەر شەقام/ محەمەد مستەفازادە/ 25
- برینا پیریێ/ پاشا ئامەدی/ 27
- کۆشکی بلوورین/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 29


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ (محەمەد ساڵح سەعید)ی نووسەر/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 33


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- شیعرێک بە ڕیتمی ڕووبار/ د. ڕەهبەر مەحموودزادە/ 58
- ڕەهەندەکانی ڕەخنەی دەروونی لە ئەدەبدا/ نێچیرڤان جاسم/ 63
- بیاڤێن ئافراندنێن ئەدەبی د بەرهەمێن جەلادەت ئالی بەدرخان دا/ ئازاد عەبدولعەزیز/ 75


● **وتار**


- ماڵ جوێ کردنەوە لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا/ د. عوسمان یاسین/ 83
- باسێک لەسەر نەوڕۆژ/ شاروخ حەسەنزادە/ 87
- «میر نەورۆزی» هێمایەک لە دیموکراسی لەناو کولتووری کوردستاندا/ فەردین کەمانگەر/ 92
- حەماسە و تراژیدیا لە شیعری شەو و شەیتانی هێمن دا/ قادر عەلیخا/ 94


● **هزر و فەلسەفە**


- سۆسیال دیموکراتی (بنەما بنەڕەتییەکان)/ د. حەمید عەزیز/ 100
- لە مۆڵەتی مێژوودا/ محەمەد تەها حوسێن/ 107


● **مێژوو**


- شارە میدییەکان/ لە ئینگلیزییەوە: نەبەز هێمن/ 118


● **هونەر**


- دەرکەوتنی جوانی و هونەر (قەرەنی جەمیل) لە کولتوورێکی چەقبەستوودا/عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 125
- ئایا ئاواز و گۆرانی هەورامان میراتگری ئاریانڤاچەکانە؟/ دارا محەمەد هەورامانی/ 131


● **خوێندنەوەی کتێب**


- میرنامە و تەیمووری گورجی و چەند بابەتێکی دی/ هاشم سەڕاج/ 140
- تکایە با زمانی کوردی بپارێزین/ فەیزوڵڵا فاتح/ 145
- ئەفسانەی گرێی ئۆدیپ/ سەردار ئەکرەم/ 149


● **بەسەرکردنەوە**


- نووری عەبدوڵڵا.. مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە/ د. عەبدوڵڵا غەفوور/ 152


● **نامە**


- چاوەکانی ئێمە بچووک نین، ئەوە جوانییە کە بێ سنوورە..!/ لە فارسییەوە: توانا ئەمین/ 158


● **بە باڵابڕین**


- ڕامانی شانۆ و شانۆی ڕامان/ نیهاد جامی/ 159


● **سووکە لەنگەر**


- دزێوی جوان/ دلاوەر قەرەداغی/ 160

# کەی ئەگەی پەیاتریس؟

کەریم دەشتی

(١)

شاهەنگی ئەوینت شیلەی دڵمی مژی و ئێستاکە دڵی من کەوتووەو دڵێکی کوژراوە
گەوهەری یەکدانەی ئەوینت وەک سووڵی دامێنان، شاباڵت منی پڕ لە فڕین کردووە
زمانم پڕ ئاوازی زەردوسوور بووە و نزیکیم نەماوە دوورییە ئومێدم
ئەی باخی پەلکە گیا و ئاقیقی هەزار ڕەنگ ناو چاوم جێهێڵە بەدیت کەم
ئەگینا کوێریکم لەبەڕیای بێ سنوور شاباڵی فڕینت ئاراستەی من ئەکا

(٢)

لە گەڕان بە دوای تۆدا شوێن پێمە زەوی تەنیوە و بوونەتە کانی ئاوەکان
وێنەی تۆیان لێ ئەدرەوشێتەوە و دونیایان پڕ لە نوور کردووە
سیمای تۆ هەروەک تەمتومان کەونی لە تارای سپیدا لە زنجیری ئاقیق گرتووە
لەوەتەی هەم تەوقی گەردنم ئەشکێنم مرواریت لە خوێن بەربووەو بە کەوندا وەربووە
دڵی من گۆشت نییە پۆڵایە مەگەر نا تیزابی فیراق چۆن تا ئێستە نەیسووتاندووە

(٣)


برووسکێکی دوورە جارجارە لە قووڵایی دڵما ئەبێتە چەخماخەو تاو ئەدا
شەباقەی برینە لە باخی مێلاقەی سووورباودا بۆتە کوانووی تیشک و مۆری سەر بازووەکان
جۆگەیێ شیری ئەوینە بە ناو گیانی ماندووما دائەڕژێ و هەستی من ساو ئەدا
وردوخاشبوونێکە جار جارە بەرئەبێتە گیانی گەوهەرسای ئێسقانم
ئەوە تۆی برووسک و  شکست و برینی زەینم پڕ بلاچەی نوور ئەکەی

(٤)

کە سەیری پەنجەکانم ئەکەم قەڵەم بە کاغەز دادێنن، پەنجەکان تۆن ئەیانناسمەوە
کە چڕینێ بە گوڕ ئەمگرێ دەنگەکان هەمووی تۆن، زمان  پڕ  شیر ئەکەن
وەها بە ناو خوێنما هەڵئەفڕی هەست بە شاباڵی جوانیت ئەکەم ئاسمان تۆی
لەم فەزایە بەرینەدا بە سەر مەداری دڵمەوە ئەبەدێکی بۆ تا هەتا لە هاتوچۆی

(٥)

کە دەنگی شکاوی شووشەیێ ئەبیستم ئەو دڵەم پێم ئەڵێ کە چەندان
هەزارجار وەکو ئەو شکاوە
ئەو کاتەی گەڵایێ لە بەرزایی ئاسماندا ئەوەرێ ئەزانم شاباڵم ئاوەها لە فڕێن ئەکەوێ
کە دەنگی گریانێ لە ئەوین ئەبیستم ئەزانم شیعری من لەبەرچی هەمیشە بۆ عاشق گریاوە
هەربۆیەش دەنگی نەی لە داخی ڕەنگی بەی چواردەوری بە فیراق گیراوە
دڵەکەم شکان و  شاباڵم سووتان و ئەوین و گریانت بە چەشنێ لە خاچی بێ ئەوی دراوە
کە تەنها تاقانەی زەمین بم نە لە کەس بچم و نە کەسیش لە من بچێ



**(٦)**

ژێی دەنگم هاواری ونبوونت پساندی و سپێنەی چاوانیش گەڕانم بە دوای تۆ ڕەشاندی
پەنجەکانم پۆلای نووسین بوون، هاڵاوی ئەوینت وەراندی و خوێنیشم فیراقت لەوتاندی
پەیمانەم کریستاڵی سپی زیوین بوو و تووڕەییت لە پێکی دواییندا بە هێزی ئێستێتیک شکاندی
ئەوێستاش تەنهام و تەنهاتر لە باخێ کە تەرزە لە شەوێکی تووشا ئەوەندەی لێمژی، ژاکاندی
ئەوەستم بۆ ئەوەی تێبگەم ئەو دڵەی کە پڕ لە ئەوینە چۆن ماوە لە نێو تای ئەم ژینە

**(٧)**

چەند کپیت لە ناڵەوهاوارم، چەند سپیت لە گلارەی چاوانم، چەند ئاوییت لە بیابانی دڵم
چەند گەرمیت لە سینەی ساردما و چەند ونیت لە لووتکەی دیارو چەند شەوقیت لە شەوی تارما
ناو لەپم کردە تەختی زیوی هەمایوون بۆ تۆی شا و گەردەنم بۆ کردی بە کاڵان بۆ شمشێری دەستت
ڕێگەی هاتونەهاتم بڕی لە پێشوازیت و ئاوی دەریای سوێرم خواردەوە
ئەوەتا بینایی شکاوم، دەرگای پۆڵای داخراوم، کلیلیش لە سینەت شەوقێکە بریقەی ئەچێتە ئاسمان

**(٨)**

من تێنوو، ئاوی تۆ ئاگر بوو، من زەوی، بینینت ئاسمان بوو، گەڵا بووم هاتنت پاییز بوو
وشکایی گەوهەر بووم تۆ زێی دوور، من کاسەی بەتاڵی زەمان بووم، تۆ شەرابی کۆنی سەد ساڵە
لە بازنەی زەمەندا سووڕانم دیارترین بڕیار بوو تۆ شەوقی بە ورشەی نادیار
لە مندا هەمیشە هاتن و لە تۆدا هەمیشە ڕاکردن، من بەرزاییم بۆ ئەبڕیت تۆ دامێنت تەی ئەکرد
ئەوێستاش سوارێکم زینی ئەسپی جوانیم لە تاریکی ڕۆچووە، تۆ لە ناو ڕووناکی تاو ئەدەی

**(٩)**

تا هەبم ئەوینە ستوونی هەبوونم ڕاگرێ و نەبوونم ساتێکە کە ئەوینم ئەمرێ دڵخۆشم بە مردن لەو کاتە
بێ ئەوین نەوڕرەسێ نافڕێ و قەڵەمێ ناپشکوێ و شنەیێ هەڵناکا ئای کە ترسناکە
ئەبینی منی شێت لە تۆدا چەند زیندووم لە بێ تۆیی مردووم، هەر بۆیەش هەمیشە ڕائەکەم
ئەو کاتە گەوهەری شیعرو شین ئەبێتە خۆڵەمێش کە ئاگر نامینێ و دڵەکان بە تاڵن لە شەوق و بڵێسە
بۆیەکا من گۆرانی ئەچڕم, ئەزانم چڕینم بۆ چییەو بۆ کێیە کە خەزنەی ئەوینم لە وێیە

**(١٠)**

با هەر شەو لە قژتا تاریک بێ و ڕێ بە سەر باڵاتا باریک بێ لێ سەمای شیعر هەر جاویدە،
کە شەوقی ئەوینی لە دڵ بێ و هەمیشە لە ئاوی ئەویندا شینی شەوبۆ بگرێ
من لە ناو ڕەوەز و لووتکەدا ئەوینم ئاوداوە و لە ڕێی دوور و دەریا هاوارم لە دەمت ساوداوە
هیچ دوندێ نەماوە لەوێوە سەیری تۆم نەکردبێ و لەمپەرێ نەماوە لە بەر پێی هاتنم بۆ لای تۆ نەمردبێ
زۆرجاران تاشەی دەم بناران لە بەر پێم گڕ ئەگرن ئەمناسن لە تاوی ئەوینم ئەتاسێن
چەند خۆشە کەوتن و نوقم بوون لە تۆدا، یان گەیشتن بەوەی کە شیعرلەوێوە نەمری بە تۆدا.

**(١١)**

ئەبینی ئەم بایە چەند سەخت و سەنگینە و ئەزانێ تۆ لە کوێی بۆ لای تۆ هەڵئەکا
ئەوە دێت ئەو ڕۆحەی پێیەتی هی منە وەریگرەو دەفتەری ئازارە ناردوومە
لە میانی من و با هەزاران باوەش لە نهێنی نێوانی پڕ لە خزمایەتی کردووە

لە میانی من و با ئەوین و ڤیانی تۆیە کە لە فەزای بەند کردووین
من و با چەند شێتین ئەوینی تۆ نەبا لە ئۆقیانووسی خەم ئەمردین

(١٢)

ئەوەتا خاک و هەڵۆ لە نێو تای ئەویندا کەوتووەو تەمە سسپییەکانی لە ڕۆحدا شین بوو
بۆتە پیانۆی گەشی ڕۆژهەڵات بۆ جێ پەنجەی دۆستێ کە هەمیشە چاوەڕوانی تۆ ئەکات
لە ژێر درەختی سەوزی حیکمەتدا من بورجی بەلەکی زەمین و زەمانم نووسیوە
درەختێ جارجارە وەک ئاقیق ئەدرەوشێتەوە و جارجارەش وەک دڵم خامۆشە
لە کتێبی ئاودا توامەوەو ڕژامە ناو کتێبی ئاڵی نەی و مێژووی ئەوینم نووسییەوە
کە سکڵی ناو خۆڵەمێشم داگیرساند چوومەوە بەرزایی و بەرز بەرز تا قووڵایی
ئەبینی ئەوینت چۆن داگیری کردووم؟

(١٣)

تەونی پڕ لە نەخشی ئەوینت بینایی لە من سەندووە تا من ئەم نەخشەم تەواو کردووە
هەزاران گەڵای سیحری شیعرم وەریوە و هەزاران شانەم لە ناو سەرا مردووە
تەونی ڤینی تۆ وەک کێوی قافە نە تەواو ئەبێ تا وێنای ببینم نە دەستیش پێ ئەکا
هەزاران هەزار سیمورغی ڕۆحم ڕێیان گرتووە، بەڵام تا ئەبەد ناگەن بەو ڕێیە
دڵنیام کەوا هەرگیزاو هەرگیز ڕێ تەواو نابێ بۆیە پێویستم بە سەدان دڵە

(١٤)

زمانم پڕ بووە لە مەلی ئەوین و داغستانی ڕۆحم پڕ بووە لە تەرمی سەدەیەک وەرینم
ناو لەپم لە گیای سپێدەت نوقم بوو و دڵیشم لە تاوی فیراقت بە ساردی زوقم بوو
زۆر دوور و دێرینە من لە شووشەی شەوقی تۆ چۆلەکەی هاوارم ئاسمانی تەنیوە
کە زێ دێ ئەزانم ئەوە تۆی وا هاتووی بەخەیتە بەر شەپۆلی تاسەو هەڵئەکەی
وا کەنار پڕ ئەبێ لە نەورەس ئەزانم ئەوە تۆی کە نایەیت چرای مەرگی من پێبکەی

*** بەشی یەکەمی ئەم شیعرە لە ڕەخنەی چاودێر و بەشی دووەمیشی لە گۆڤاری ڕامان بلاوبۆتەوە کە بریتی بوون لە ٢٨ پارچە شیعر، ئەوەیشیان بریتییە لە ١٤ پارچەی دیکە کە تێکڕای ٥٢ پارچە شیعرە، وەک ئەزموونێکی تازەی من کە ناوم ناوە شیعری زایەندی. (دەشتی).**

# لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام
# تاکو بتدۆزمەوە

کەژاڵ ئیبراهیم خدر
(سلێمانی)

(١)

لەب ێدەنگیدا بۆت گەڕام
لەنێو ژێی کەمانێکدا دۆزیمەوە
تاکو ملوانکەی خۆشەویستی ببەخشمەوە
تاکو گوڵە پەمەییەکانی پاییز
لە نێو ڕۆحی پڕ لە تریفەی مانگە شەوی تۆدا بنووسمەوە

(٢)

لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام
بەپەنجەکانم کەوتمە لێدانی ئاوازێکی هێمن و
هۆنینەوەی پەرچەمی کیژۆڵەیەکی ناسک و
دەنگم و بێ دەنگیت ئاوێزان بوون
تاکو شەونمی سەرووت بنەخشێنم
تاکو شەرابی لێوەکانت
بە ئاوازی دڵم بۆت دابێنم

(٣)

لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام
تا ساتە دوورەکانی تۆم بیر بەرێتەوە
تاکو پەلکەزێڕینەی خۆشەویستی
بە تەمەنی خۆمدا ببەخشم و
تریفەی مانگ بنووسمەوە



(٤)

لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام
ڕۆحم تێکەڵاوی هەور و
پەپوولەی دڵم پڕ لە نیگای خۆشەویستی و
گوڵی ژیانم پڕ لە سۆز و  بەختەوەری

(٥)

لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام
لە زمانی فرمێسکەوە دەستم پێکرد
تا لووتکە سەختەکانی گریان
لە نمەی بارانەوە هەنگاوم نا
تا قووڵایی دەریاکان
لە شوێن پەنجەی ئەو منداڵانەوە
تاکو جوانی ببەخشن بە ژیان

(٦)

لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام
چاوەکانم بوونە پەرژینی دڵت
گەڕام تاکو
ئاسمان بە شینی و ئەستێرە بە گەشی
نمەی باران بە جوانی و
شەونمی درەخت بە زەردەخەنەوە ببینم

(٧)

لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام
تاکو هێلانەی دڵت پەپوولەی خۆشەویستی بگرێ
سپێدەیەکی ڕووناک
بە ئاوازی خۆشەویستی
ڕووی جوانی بنەخشێنێ

(٨)

بۆت گەڕام
بەڵام هەناسەی تێکەڵاوی ئێمە
پڕە لە شەوی تاریک و
جیهانێکی پڕ لە نائومێدی
پڕە لە هەڵوەرینی گوڵ و
باخچەی شێواوێکی ئەبەدی

(٩)


ببەخشە، ناتوانم بگەڕێم
سپێدەیەک ژوانێکت لەگەڵدا ببەستم
هەتاوی دڵمان ڕۆشن بێتەوە
ملوانکەیەک لە خۆشەویستی ببەخشیتەوە
گوڵی بەهار بدەیت لە گەردنم و
ئەڵقەی پەنجە بدەیتە دەستم

(١٠)

چ کارەساتێکە، ئەم غوربەتی ژیانە
چ کارەساتێکە ئەم بێدەنگی و گەڕانی ژیانە
مانگ ڕووی گەشت دەرخە
ئەستێرە سەرت هەڵبڕە
تیشکێکی تر دەگاتە ڕووت
باخچە باوەشت بکەرەوە
گوڵێکی تر، چەپکێ نێرگز
بەڕێوەیە بۆ باخچەکەت

# سەمای زەوی

**ستارە خالید**



ئیتر زەوی ئەوکاتە بۆم دێتە سەما و
نۆتەکانی سەر لێوم دەکەونە چڕینی گۆرانی
ئەو بارانە بۆ من دەبارێ
چی بکەم بەو هەموو دڵتەنگییەوە..
من و بێدەنگی هاوڕێین،
بێدەنگی بۆ من پڕە لە قسەی نەگوتراو و عیشقی
شاراوە،
پڕە لە حەقیقەتی نادیار.. حەقیقەتی من و تۆ
ئەی ڕازی شاراوەی من.

* * *

من چاوێک بۆ تۆ ئارەزوو دەکەم، کە لە تاریکی
ئەنگووستە چاوەکانیشدا ببینێت!
گوێچکەیەک کە لە بێ ئاگاییشدا ببیستێ،
زمانێک ڕاستییەکان بدرکێنێ،
ڕۆحێک تاقەتی پڕووکانی هەبێ

* * *

ڕاستییەکان وەک چاوەکانت جوانن
وەک پاڕانەوەی من کە لە برووسکەی نیگاکانت دیارن..
من هەم مردووم و هەمیش گۆڕهەڵکەنی خۆمم،
هەم ئاو و هەمیش ئاگر..
ئەوە منم عیشقی شاراوەی تۆ، ڕۆژێک دەگەڕێنمەوە
باوەشی خاکەکەم
حەز دەکەم بگەڕێمەوە باوەشی ئاو و تا ئاسۆکان بچم،
هەر ئەو شوێنەی کە ئاسمان دەست پێدەکات و ئاسۆ
کۆتایی پێ دێت.

* * *

ئەی غەریبەی ئاشنای من، کەس لە تۆ ناپرسێ،
مەگەر هاوڕێیەکەت هێزێکت پێ بدات
ئەی چیرۆکە شاراوە و بێ ناوونیشانەکانی من
من خۆمم لە تۆ دۆزیوەتەوە،
دە لە خۆما نقومم کە،
سەیرت دەکەم و لە نیگاکانتا پاڕانەوەی نیگام دیارە
ئێستا کاتی ڕۆیشتنمە،
ئەی دڵ چەند جار لەم ڕێگەیەوە هاتووی
هەر مەرگێک ئاماژەیەکە بە هەناسە و تەنیاییەکی دی،
تەنیاییم دەکەمە هاوارێک،
کێ هەیە پەنای بۆ ببەم؟

* * *

لەم ئاسمانە لەرزۆکەوە سەیری زەوی دەکەم،
لە دەست قورساییەکانی زەوی ڕزگار دەبم،
عیشقی من پێویستی بە ئازاد بوونە
ئیتر کە بەیانیان لەخەو هەڵدەستم گوێم لە دەنگێک نابێ
من پڕم لە ڕاز و نهێنییەکانی تۆ
حەزم لێیە بچمەوە ئامێزی ئاو،
بۆ ئەو شوێنەی کە ئاسۆ کۆتایی پێ دێت و ئاسمان
دەست پێ دەکات،
خۆزگە بتوانیبا ئاوازی نۆتەکانی سەرلێوم
بەرزتر بکەمە هاوارێک
ئەی باران داکە، بەشکم سووکەڵە بم و
لەبن قورسایی زەوی ئازاد بم..
باران تۆ ببە ئەو شوێنەی کە ئاسمان دەست پێ دەکات و
ئاسۆ کۆتایی پێ دێ
ببە بۆ ئامێزی ئاو..
ئەی غەریبەی ئاشنای من.. ئەی عیشقی شاراوەی من.

# دوو هەلبەستێن نڤستی

ڤەژینا کورد
(عەفرین)

(١)
## خەونەڕۆژک

هلما تەنێتیێ..
و ڤەدەنگا ئاخینەکە کووووور کوور
بەدەنا چیایێ لێلوون
دلەرزینن...

تاژانێن ڤێ سبەهێ
هەموو رووبارێن خەمێن چەمێ عەفرینێ
گورگین دکن...
و چاتەرییێن هێسانکرنێ
د بن مژ و دوومان
و تاریێ دە
بناخ دکن.

تیپێن دلتەنگ
ل سەر لێنووسا دیوارەکی نیڤهلوەشی
دمەین
ئێش ل سەر ئێشان پال ددن
و تەنێ تووتی و تاوس
د پەرەستگەها خەونان دە
رادگەڕن.

ل ئاسۆیەکی رەنگین
دگەڕم
پووتێن ئەزپەرەستیێ
ب دلسۆزیا پەیڤێن خوە
هلدوەشینم
و هەموو سترانێن رۆژێ
ل سەر دێمێن نێرگزێن تی
دنڤسینم.

جارنا هەلبەستێن لەهەنگیێ



د گوهێن ڤی باژاری ده
دخوینم
و جارنا ژی..
خەونەرۆژکێن پەلاندی
رادکم گۆڤەندا ئازادییێ.

(٢)

**ڤەمەکە وی دەری**

ئەی رێویۆ!
من ژ تە رە
بهارا تەمەنێ خوە ئانی
پێ ئاگرێ ئەڤینێ گور بکە
ژینا روورەش تێخە خەوێ
و ژ من رە خەونان بشینە..


لۆ دەلالۆ!
ژ بۆ شۆپا تە راست بکم
و پەرپەریکێن عەشقا تە
د زەڤیێ کولیلکێن دلێ خوە دە
بچێرینم
و.. ل بەر تاڤا هێڤیان
وان سەرخۆش بکم
توجاری.. دەرێ دووربوونێ ڤەمەکە
ل پاش وی دەری
تەنێبوون
نێچیرا پەرپەرۆکان دکە
خەیالێن من..
زارۆکێن تاڤێ.. خەمگینیێ دهوونن
و تەنێ هێڤییێن بەراڤێتی
بەرماییێن چیرۆکا مە دمینن..
ئەی رێویۆ!
پایز چەلسی.. بوهارێ گول دان
تو ب کوو دە دچی؟!
جارەکێ ڤەگەرە
نێرگزێن خولماش بەرکەنی بکە
و ب کەنێ وان.. دلێ من گەرم بکە
جارەکێ وەرە
واتەیا ل روویێ من بخوینە
و ب ئاورێن چاڤێن خوە
هەڤدیتنێن مە بدەنگ بکە..
رێویۆ ڤەگەرە..
دووری تە
دارەکە بێ سی مە
یان من بکە ستێرک
و ب خوە رە بمەشینە
یان ژی...
خوە ژ من رە بهێلە.

**ئەڤ جووت هەلبەستە ل مالپەرێ (وەلاتێ مە)دا ب رێنڤیسا لاتینی هاتبوونە بەلاڤکرن، ژ ئالیێ مە ڤە هاتنە ڤەگواستن ژبۆ رێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.**

**«رامان»**

# زەڕافەیەک لە دادگایەکدا دەگری

سەلاح فایق
لە عەرەبییەوە: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی



**گۆڕستانێک لەناو سەردا**

دوێنێ، بەناو گۆڕستانێکدا، بۆ ژوورەکەم دەگەڕامەوە
لە دوورەوە سەیوانێکی گەورە و واڵام بە سەر گۆڕێکەوە بینی
نزیک بوومەوە، دەستێکی باریکم بینی ئەو سەیوانەی گرتبوو
پرسیم – نابینم لێرە باران ببارێت، بۆچی ئەم سەیوانە واڵایە.
دەنگێکی شەکەت وەڵامی دامەوە
– سەیوان تەنیا بۆ باران بەکار نایەت، بۆ خۆپاراستن لە گەرما و تیشکی هەتاویش بەسوودە.
– ڕەنگە پێویستت بە پانکەیەکی کارەبایی بچووک هەبێت
– دانەیەکم هەیە، سوپاس بۆ بەتەنگەوە هاتنەکەت.
– ئەمڕۆ لەوێوە تێپەڕیم، هیچ سەیوان، یان گۆڕ، یان دارەتەرمێکی سەر ئاوەڵام نەبینی:
چەند ماڵێکی پەرتوبڵاو و دوکانێکی بچووکی میوە فرۆشتن، لەو شوێنەی دوێنێ گۆڕەکەی لێ بوو.
– ئەم دوکانەم بیر نایەتەوە، ئەوە نوێیە؟
خاوەن دوکانەکە وەڵامی دامەوە:
– هەرگیز، ئەوە بۆ چەندان ساڵ دەچێت من لێرەم.
– من بەبیرم بێت ئێرە گۆڕستانێکی لێ بوو
– گۆڕستان؟ کام گۆڕستان؟

**وەرزی باران لە فلیپین**

وەرزی باران
کەشتیگەل بەردەبنەوە، جەستەگەل لەناو شەپۆلاندا بەسەر ئاوەوەن.
دەوڵەمەندانی ئەم دوورگەیە لە بەنگەڵەیەک، یان ژێرزەمینێکدا بزر دەبن
تا پارەکانیان بژمێرن و پارچە زیوەکانیان ببریقێننەوە.
وەرزی هێرش کردنە سەر خانووی لادێییەکان بە تەوشە.
وەرزی کامیۆنگەلی پڕ لە نوێن و جێگە بۆ قوربانیانی عەردهەژێنەکان

وەرزی ئازهەڵگرتنی پاشماوەی ئەوەکەم
بە ئیسکەوایەکی گەرم.

## نووح پێغەمبەر لە بەندیخانەیەکی فلیپینیدا

زەنگی تەلەفۆنەکە لێ دەدات
– بەڵێ؟
– تۆ سەلاح فایەقی خەڵکی ئێراقیت؟
– بەڵێ، تۆ کێیت؟
– من کۆلۆنێل فیرلۆ بەرێوەبەری بەندیخانەی ناوەندیم لە شاری سیبۆ. بۆ ئەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم، پێویستم بە یارمەتی تۆیە
– یارمەتی من؟
– رێم بدە تا بابەتەکەت بۆ روون بکەمەوە. شەوی رابوردوو، پاسەوانانی کەنار کابرایەکیان دەستگیر کردووە ناوی نووحەو دەڵێت من پێغەمبەر نووحم، خەریک بوو کەشتییەکی پڕ لە گیانلەبەر و باڵندە و خشۆک و ژمارەیەک مرۆڤی ئاودیو دەکرد
– ئەی من چ پێوەندییەکم بە هەر هەموو ئەمەوە هەیە؟
– ئەو داوای کردووە چاوی بە هەر ئێراقییەک بکەوێت خەڵکی شارۆچکە، یان شارێک لە شارەکانی سۆمەری بێت. دەزگای کۆچ و نیشتەجێ لە شاری سیبۆ بە ئێمەی راگەیاندووە کە تۆ ئێراقیت و خەڵکی شارێکیت ناوی کەرکووکە، بەپێی بۆچوونی نووحیش ئەم شارە سۆمەرییەکان دروستیان کردووە. نووح دەڵێت ئەو سۆمەرییەو پێویستی بە یارمەتی تۆ هەیە.
– باشە دوای کاتژمێرێک لەوێ دەبم.

## زەرافەیەک لە دادگایەکدا دەگری

دوای دوو رۆژ چاوەروانی لە بنکەی پۆلیس
بۆ دادگایەکیان بردم.
– دۆسێکەت ئامادەیە، پۆلیسێک ئاگاداری کردم، بزەیەکی بۆ کردو ددانەکانی دەرخست کە بە هۆی جگەرەکێشانەوە زەرد هەڵگەرابوون.
بە دەست بەستراوی چوومە ناو هۆڵی دادگاکەوەو لەپڕ زەرافەیەکم لەناو قەفەزی تۆمەتباریدا بینی دەگریا.
– دادوەر: بۆچی ئێستا دەگریت؟
– زەرافەکە: گەورەم داوای لێبوردنم لە خاوەن ماڵەکە کرد.
– دادوەر: نابێت لەبری تاوان داوای لێبوردن بکرێت، بەڵکو لەبری هەڵە داوای لێبوردن دەکرێت. تۆ بەشێکی شوورەی ماڵەکەت رووخاندووەو چەند درەختێکیشت شکاندووەو بە هۆی تۆشەوە چەند منداڵێک هەڵاتوون
– من : ئەم زەرافەیە تەواو بێ تاوانە.
– دادوەر: چۆن چۆنەکی؟
– من: چونکە خاوەن ماڵەکە تابلۆیەکی هەڵنەواسیوە ئاماژە بە قەدەغەکردنی چوونە ژوورەوەی گیانلەبەران بۆ ناو ماڵەکەی، یان خواردنی گەڵای دار و میوەکانی باخچەکەی بکات.
– دادوەر: ئەمە خاڵێکی یاساییە رەچاوی دەکەم. یاسات خوێندووە، بەڵام تۆ دەستت لە کۆتدایە، ئایا تۆیش تاوانباری؟
– من: گەورەم من بێ تاوانم.
(پاش راوێژکردن لەگەڵ راوێژکارەکانیدا)
– دادوەر: کەواتە تۆ ئەو ئێراقییەیت کە هەرەشەت لە بەرێوەبەری باخچەی ئاژەڵان و کارمەندانی ئەوێ کردووە؟
– من: هەرەشەم لە کەس نەکردووە. داوام کردووە ئاژەڵەکان بۆ ژینگەی رەسەنی خۆیان بگوێزرێنەوە. ئایا ئەوە دادپەروەرییە ئەم ئاژەڵانە بهێنرێن و لە شارەکانماندا لەناو قەفەزی ئاسنیندا دابنرێن؟
– دادوەر: بەر لەوەی بانگت بکەم تا رووبەرووی تۆمەتەکان ببێتەوە، چەند شایەتێکیش هەن، دەمەوێت بزانم بۆچی ئەم زەرافەیە چی دیکە نەگریا کاتێک تۆی بینی؟
– من: لەبەر ئەوەی خوشکمە.
– دادوەر: خوشکتە؟ تۆ مرۆڤیت و ئەو ئاژەڵە، ئەم قسەیەی تۆ چی دەگەیەنێت؟
– من : گەورەم، شتێکی دژوارە قسەکەم شی بکەمەوە، بەڵام خوشکمەو دەتوانیت لێی بپرسیت.
– دادوەر: (سەیری داواکاری گشتی دەکات) و لێی دەپرسێت: بۆچی ئەم پیاوە لێرەیە؟
– داواکاری گشتی: گەورەم: ئەم پیاوە هێمای سووکایەتی کردن بە یاساگەل و فەرمانبەرانە. بەر لە ٣٠ سی ساڵ هاتە لەندەن، وەرمانگرت، ئیشێکمان پێ دا، خانوویەکی کرێ و ژنی خواست. بەر لە دوو ساڵ ئەنجوومەنی شارەوانی (کامدن)ی بە ئاودیوکردنی ورچگەل لە ئوستراڵیا و جەمسەری باکوور و فرۆشتنیان بە باخچەی ئاژەڵانی لەندەن تۆمەتبار کرد.
– من: ئەنجوومەنی شارەوانیم تۆمەتبار نەکرد، داوای روونکردنەوەیەکم کرد لەمەڕ ئەوەی لە رۆژنامەکاندا لەبارەی ئەو ورچگەلەوە بڵاو کرابووەوە.
– بەم شێوەیە، لەبری ئەوەی سوپاسی ئەم وڵاتە بکات و رێز لە یاساکانی بگرێت، ئەوەتا وەک دەبینن،

**سووکایەتیمان پێ دەکات و بەرگری لە ئاژەڵان دەکات. لەم دواییەدا تێگەیشتم کە ئەندامی گرووپی (ئەنارکی)یەکانە لە باکووری لەندەن.**

**– دادوەر: بەسە، بەسە. نامەوێت چیدی گوێم لەم هەموو شتە بێت، هاواری کرد، پاشان بە چەکوشە دارینەکەی بە مێزەکەدا دەکێشێت و هاوار دەکات:**

**– دانیشتنەکە دواخرا.**

## سەڵاح فایەق

* سەڵاح فایەق سەعید

* ساڵی ١٩٤٥ لە کەرکووک لەدایک بووە، باوکی تورکمانێکی سۆفیگەری خەڵکی کەرکووک و دایکی ئافرەتێکی کوردی خەڵکی پشتئاشان بوون.

* شاعیر و وەرگێڕە.

*.چامەکانی سەرەتای نووسینی لەلایەن ئەنوەر ئەلغەسانی بە ناوی شاعیری کەرکووک، ساڵی ١٩٦٥ لە پاشکۆی ڕۆشنبیری هەفتانەی ڕۆژنامەی «الجمهورية» بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها موئەیەد ڕاوی لە ڕۆژنامەی (النصر) و فازڵ عەزاوی لە ڕۆژنامەی شۆڕشی عەرەبی هۆنراوەیان بۆ بڵاوکردووەتەوە، هەروەها چامەیشی هەیە لەلایەن حەمید مەتبەعی یەوە لە گۆڤاری (الكلمة) لە سەرەتای حەفتاکان بڵاوی کردووەتەوە، لەوانەیش چامەی (بارمتەکان). هاوکات عوسمان خۆشناو لە ڕۆژنامەی کەرکووک هۆنراوەی بۆ بڵاوکردووەتەوە کە شارەوانی کەرکووک لە شەستەکان و حەفتاکاندا دەریدەکرد، جگە لەوەش لە ڕۆژنامەی (السفير) و (مواقف)، هەندێک شیعری لە گۆڤارە وێژەییەکانی لبناندا بڵاوکراونەتەوە.


* لە حەفتاکاندا چووەتە سووریا و لەوێ دیوانی (بارمتەکان)ی ساڵی ١٩٧٥ چاپ کرد.

* زۆر لە سووریا نەماوەتەوەو بەرەو بریتانیا بەڕێ کەوتووەو لەوێ لە ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە، پاشان خۆی گەیاندووەتە وڵاتی فلیپین.

* هەندێک لە بەرهەمەکانی: (ئەو وڵاتانە ١٩٧٨)، (ڕێگەیەک بەرەو دەریا – پاریس ١٩٨٣)، و (ناوچەکان و خەونان، لەندەن، ١٩٨٤) و (کۆچ، بەغدا، ١٩٨٦، لەندەن، ١٩٨٧)، هەروەها دووەمین چاپ، سیبۆ، فلیپین، ٢٠١١) دیوانی ساڵەکان، ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن دەزگای ئەلجەمەل لە ئەڵمانیا چاپ کراوە، هەروەها دیوانی (ورچەکان پرسە دەگێڕن) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئەلجەمەل، لە بەیرووت و بەغدا، ساڵی ٢٠١٣، هەروەها بە ئینگلیزی: (The Load, the word, London. 1985 Another Fire Befitting a city, London. 1979.) بە فەڕەنسی هەندێک هەڵبژاردەی لە پاریس چاپ کراوە، وێڕای وەرگێڕانی هەندێک لە چامەکانی بە فارسی و ئەڵمانی و پۆڵەندی و تورکی و زمانی دیکە.

**سەرچاوە:**

**دیوانی (ورچەکان پرسە دەگێڕن)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئەلجەمەل، لە بەیرووت و بەغدا چاپ کراوە، ساڵی ٢٠١٣.**



# مشکه سووره ئاسنینەکەی ناو دڵ

**جەبار جەمال غەریب**

پێشکەشە بە ژنە نووسەر و ڕۆشنبیری پۆڵەندی «یواننا بۆخێسکا»

مارچین کوڕی سەردەمەکەی خۆی بوو، هەرگیز گوێی لە تەقینەوەیەک، یان شەڕ و پێکدادانێک نەبووبوو، بەڵام نەنکە کاسۆلیکە توندەکەی هەرگیز ڕێگای نەدەدا لەو سەدەیەدا بژی، هەمیشە دەیگوت:

– مارچین دنیا ئەوە نییە کە تۆ دەیبینی، من زیندانی بووم، نازییەکان ئێسقانی منیان تواندەوە، نابێ هەرگیز بیان بەخشن، نابێ ئەوەتان لەبیر چێتەوە.

مارچین گوتی:

– ڕاستە مامۆ، من هەمووی دەزانم، وادەزانم لەگەڵ تۆ لە ئاوشفیتز زیندانی بووم، ئەوەندەی ناوی پاسەوان و زیندانەوانەکانی تۆ دەزانم نیو ئەوەندە ناوی برادەر و هاوسێکانی خۆم نازانم.

ئەو گوتی:

– تۆ دەبێ جارێکی کە ئان فڕانک بخوێنییەوە، هەموو ساڵێک جارێک بیرەوەرییەکانی خۆی بخوێنەوە.

مارچین گوتی:

– باشە مامۆ من وشە بە وشەیم لەبەرە، پیتەر ئەوەندەی من بە دەست ئەو فرانکانە و خۆشاردنەوە ئازاری نەچێشتووە.

نەنکی گوتی:

– ماکدالینا، کچەی خۆشەویستت، ئەویش دەبێ لە یادی نەچێ، خێزانەکەی ئەوانیش دەردیان دی.

درۆ مارچین هەرگیز نەیدەویست ئەو ڕابوردووە ببینێ، ئەو دەترسا، چیرۆکەکانی نەنکی ئەوەندەی پێویست بوو ترساندبوویان، هەر لە منداڵییەوە زارەترەک بووبوو:

- مامە یاکوبت گوللەباران کرا.
- کوڕەکانی هەر لە ماڵەکەدا سووتان.
نەنکی بەوپەڕی دڵپڕی و ئازارەوە گوتی:
- کاشیا، پوورە نازدار و شەرمنەکەت، پەپوولە زاتی نەدەکرد لەسەر قژی بنیشێتەوە، ئەو دڕندانە هاتن و هەر بەبەر چاوی ئێمەوە، بەبەر چاوی باپیرتەوە، بە پێنج سەربازی برسی و دڕندەی ئەڵەمانی.
دەگریاو قسەکەی پێ تەواو نەدەکرا (بەهەر پێنجیان) دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە.
- سێ ڕۆژ خوێنی لەبەر ڕۆیی، سێ ڕۆژی تەواو دڵۆپ دڵۆپ هەموو خوێنی لەشی ئەو منداڵە ڕژایە سەر ئەرزەکە.
هەموو ماڵەکەی پڕکردبوو لە بیرەوەری کاشیا.
خەونەکانی مارچین کابووس و کوشتن و ئەڵەمان بوون، دەنگدانەوەی دڵۆپە خوێنە ڕژاوەکانی کاشیای پوورە شازدە ساڵەکەی، تەواوی ژیانی داگیرکردبوو. وەک ئەوەی بەردەوام بە ناو دارستانێکدا ڕاکات و لە هەموو لایەکەوە بدرێتە بەر ڕێژنەی گوللە، خوێن بەسەریدا دەباری و ئەو هاواری دەکرد و کەس نەیدەبیست.
لە ڕەنگی سوور ترساو لە دوازدە ساڵیدا وازی لە گۆشت خواردن هێنا. تەنها ماکدالینا دڵی ئاوەدان دەکردەوە، قژە زەرد و پێستە سپییەکەی، دەنگە هێمن و پەنجە بێ خوێنەکانی، لە خەونەکانی دەیانهێنایە دەرێ و دەیانخستە ناو جۆلانەیەک لە پەمۆ، خەونەکانی کاڵ بووبوونەوە، دارستانەکە پڕ بووبوو لە پاساری و باڵندەی جۆراوجۆر. کەفی ئاوی جۆگەلەکان ڕەنگی تەواوی دنیایان بۆ سپی گۆڕیبوو.
دەستی ماکدالینای دەگرت و بەشەقامە سەوز و بێدەنگەکانی وارشۆدا پیاسەی دەکرد، لەسەر هەموو کۆڵان و ژێردارێک ماچێکی دووروودرێژی دەکرد و لێوە تەنکەکانی سڕ دەبوون.
لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا بۆ یەکەم جار لەبەر دەم باب و داکیدا گوتی:
- من دەمەوێ ژن بێنم.
دایکی پرسی:
- مەبەستت ماکدالینایە؟
باوکی گوتی:
- بووکە شیرنەکەم.
ئەو قسە و پرسیارانە سێ ساڵی تەواوی پێچوو.
* *
ماکدالێنا بە کراسێکی سپی کورتەوە، بە پێڵاوێکی پاژنە نیوەی نووک تیژەوە بەسەر هەورەکاندا دەڕۆیی، لەو هەورەوە بازی دەدایە سەر ئەو هەور، بە ئاستەم پەنجەی بەلێوای هەورێکەوە دەگرت و بازی دەدایە سەر هەورێکی دیکە، کە خۆر هەڵدەهات یەک لە دوای یەک هەورەکانی کاڵ دەکردەوە، جا خۆی هەڵدەدایە سەر تۆپەڵەیەکی ڕەشتر و لەسەر تۆپەڵەکە هەر هێندەی کورسی قوتابخانە دادەنیشت و لاقە باریک و درێژەکانی بەهەمان پێڵاوی نیوە پاژنە بەرزی سوورەوە شۆڕدەکردەوە، خۆی دەلاواندەوەو قژی دەدایە دەم با، ئەوانە هەمووی لە خەونیدا نەبوون، نا، کە لەسەر ئەو کورسییەی سیمفۆنیای سێیەمی شۆپانی لەسەر تۆمارکراوە دادەنیشت و مارچین دەستی بە دوگمەکە دادێنا ئاواز بەرز دەبۆوە و ماکدالیناش سەری بە شانی دەکردو دەیڕوانییە ئاسمان و بە ناو هەورەکاندا گەشتی دەکرد. ئەو ماوە چەندی خایاند، بۆخۆشیان نازانن، تەنها ناویان نابوو سەردەمی هەورەکان.
* *
دایکی ماکدالینا هەستی کرد کچەکەی حەیران و پەشێوە
- کچێ بۆ وا هەراسانی؟
خوشکەکەی پرسی:
- ماکدالینا چییە؟ کراسی بووکێنییەکەت بەدڵ نییە؟
باوکی لە هەمووان پەشێوتر گوتی:
- نابێ و نابێ کچەکەم نیگەران بێ، بە تایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە شوو دەکات و دەبێتە بووکە سپییەکەی وارشۆ.
ماکدالینا بە ناڕەحەتی و لێولەرزینەوە، لە وەختێکدا چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، ژوورەکەی بەجێهێشت.
* *
سێ سەرکردەکەی ماڵ کۆبوونەوە، هەر وەک ئەو ڕۆژەی دووەمین جەنگی تێدا وەستا، بە هەمان ویقار و پەرۆشییەوە، داک و باب و خوشکەکەی ماکدالینا، یان هەر هیچ نەبێ بەهەمان هەیبەتی ئەو سەرۆکانەی بۆ چارەسەری پیس بوون و گەرم بوونی ژینگە، کۆبوونەوە.
دایکی گوتی:
- گرینگترین بابەت ئەوەیە بزانین ئایا مارچین کچەکەمانی نیگەران کردووە؟
باوکی گوتی:
- ئەوەش لەبیرنەکەین کە دەشێ ئەویش لە خەمی مەسرەف و میوانەکانی بێت!
خوشکەکەی بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– دەبێ بزانین ئایا هاوڕێیەکی خیانەتی لێنەکردووە.
ئەوان بە وردی قسەیان کردو ژیانی ماکدالینایان لە منداڵییەوە گێڕایەوە، بە وردتر لەو ڕۆژەوەی بۆتە دۆستی مارچین، بە وردتر لەو ڕۆژەوەی بڕیاری زەماوەندیان داوە، بە وردتر لەو ڕۆژەوەی یەکەم سێبەری دوودڵی و ترسیان لەسەر ڕوخساری ماکدالینا خوێندۆتەوە.
ڕۆژێک دواتر دایکی ماکدالینا گوتی:
– هەموو شتێک تەواوە، مارچین تا ئەوپەڕی دنیا ماکدالینای خۆش دەوێت.
بابی گوتی:
– نا، هیچ شتێک جێگای نیگەرانی نییە، کەلوپەلەکانی ڕۆژی گواستنەوەی بە دڵە، هەموویانی بۆخۆی هەڵبژاردووە، خەونی چەند ساڵەی بوون.
خوشکەکەشی:
– هاوڕێکانیان لەسەر ئاگر چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەن، زۆر دڵسۆزن.
کەواتە ماکدالینا چییەتی، ئەو تەمە چییە نیشتۆتە سەر ڕوخساری؟
ماکدالینا لەبەردەم هەر سێ سەرکردەکەی ماڵ، لەبەردەم هەر سێ خەمخۆر و دادوەرەکەی ماڵ گریا، گریا و گریا، فرمێسکەکانی دەسڕەکەیان قورسترکرد. نیگەرانییەکەی وەک نەخۆشی تاعوون دەگوازرایەوە بۆ سێ فەرماندەکەی ماڵ، فرمێسکەکانی ماکدالینا وەک دڵۆپە تێزاب شادمانییەکانی ئەوانی کون کون کرد. لە کۆتاییدا ماکدالینا هەردووک دەستەکانی وەک نیشانەی تەسلیم بوون خستە سەر مێزەکەو گوتی:
– ئەو دەترسێ زۆر زۆر دەترسێ؟
ئەوان سەرسامتر پرسییان:
– ئاخر ئەو ڕۆڵەی وارشۆی کۆنە لەچی دەترسێ؟
ماکدالینا ڕاشکاوانەتر گوتی:
– مارچین زۆر دەترسێ، ئەو لە خوێن دەترسێ.
دایکی ماکدالینا بیری لەو پۆڵندییە ئازا و بەجەرگانە کردەوە کە ڕووبەڕووی ئەڵەمانە داگیرکەرەکان بوونەوە، گەنجانی وارشۆ بە خوێن و گۆشت بەرەو پیری تۆپ و ئاگر چوون، چیرۆکە پڕ ئازارەکانی دایە گەورە، ڕۆژە سەختەکانی ئاوشفیتز، هەڵواسینی زیندانییە پۆڵندییەکان، دڵی ڕەقی سەربازە داگیرکەرەکان، سووتان و برسیکردنی جوولەکەکان، هەموو چیرۆکە پڕ شکۆکان کەوتنە سەر مێزەکە. ئەوان سەرسام و دوودڵ سەیری یەکتریان کرد و باوکی پرسی:
– مارچین ژن دەهێنێ، خۆ ناچێ بۆ جەنگ تا بەسەر ڕووباری خوێندا بڕوات؟
ماکدالینا وەک نهێنی شەق بوونی ئەتۆم ئاشکراکات، گوتی:
– زەماوەند بۆ مارچین وەک چوونە بۆ جەنگ، ئاخر من هێشتا کچم و ئەو کە لەو شەوەدا خوێن ببینێ، دەترسێ و دڵی دەتۆقێ، تا ماوە ئەو خوێنە دەبێتە یادەوەرییەکی تاڵ و ئیدی هەموو نزیکبوونەوەیەکی لە من عەزابێکە.
خوشکەکەی ماکدالینا کە هەر بە تاتی بانگیان دەکرد، گوتی:
– ڕاست دەکات، کێشەیەکی قورسە، ماکدالینا ڕاستدەکات. باوەڕناکەم گەنجانی ئێستا لە شەوی زەماوەندا بەرگەی خوێن بگرن، جا مارچینی گیاخۆریش کە لە خوێنی مێشوولە تۆقیوە.
دایکیان سەری بە سەر مێزەکەدا شۆڕکردبۆوە، هەناسەیەکی قووڵ و بێ ئومێدانەی هەڵکێشاو گوتی:
– من هیچم پێناکرێ.
هەرسێکیان، ماکدالینا و تاتی و دایکیان نیگایان بۆ لای تاتۆ، واتە باوکیان گواستەوە، وەک ئەوەی بەو بڵێن
– ئاخر ئەوە ئیشی پیاوانە.

* *

باوکیان لە پێستی خۆیدا جێگای نەدەبۆوە، نیگای ئەو سێ ژنە، هەموو جەستەیان کون کون کردبوو، نەیتوانی سەیری چاویان بکات، چاوە پڕ داواکاری و پرسیارەکانیان. لە خۆی دەپرسی من چیم پێدەکرێ؟ لەو بوارەدا لە هەمووتان بێ دەسەڵاتترم. پاکەتەکەی هەڵگرت و چووە دەرێ، لەوێ زانی چەند نیگای ئەو سێ ژنە جارسکەر بوو، لە باخچەکەی ڕووبەڕووی ماڵیان دانیشت، جگەرەیەکی داگیرساند، ئاڵقە ئاڵقەی دووکەڵەکە لە دەمییەوە، وەک باریکە ڕێگایەکی پچڕ پچڕ دەچووە ناو لق و گەڵای دارەکان. بە پێچەوانەی قسەی ژینگەناسەکان، تەیرەکان لە ڕاستی سەری ئەو لەبەر دووکەڵەکە هەڵنەفڕین و دوورنەکەوتنەوە، بەڵکو لق لق دەهاتنە خوارێ. بەخۆی گوت ئەوانیش فێری جگەرەکێشان بوون، توتن و دووکەڵیش هەواداری خۆی هەیە. خەریک بوو بڵێ عەرەق و ترباک و چی و چیش، لەکورتی بڕیەوە و گوتی خۆکوشتنیش. گەنجێکی ئەسمەر بەبەردەمیدا تێپەڕی، قژ گڤ و چاو بچووک، سڵاوی لێکرد، بە زەحمەت وەڵامی دایەوە. هەر بۆخۆی کەمتر ئەسمەر و سەر ڕەشی خۆش دەوێت. خەیاڵێکی سەیری بۆ هات، دەشێ ئەو پیاوە ئەسمەرە گەنجە فریادڕەس بێت. ماڵەکەی تەنها چەند مەترێک لەوانەوە دوورە. هەستا،

جگەرەکەی بە نیوەیی کوژاندەوە. دوای کابرا کەوت، لەبەر دەرگا پێی گەیشتەوە. بانگی کرد، مۆڵەتی لێوەرگرت، لەگەڵی چووە ژوورێ. وەک دوو هاوسێ پێکەوە دوان، جیاوازی ئاووهەوا، جۆری خواردن و زمان، کارکردن، بە ئینگلیزییەکی تێکشکاو و ئەکسنت عەرەبی گوتی، هاتووم خوێندن تەواو کەم، خوێندنی بالا، تەنهام. باوکی ماکدالینا خۆی گرت و خۆی گرت، بەرگەی قسەی هیچ و بۆنی توندی ژوورەکەی گرت. دواتر لە هەلێکدا پێی گوت، داواکارییە گەورەکەی خۆی درکاند. ئەو سوور بۆوە، ڕەنگە ئەسمەرە ڕەشەکەی سوور بۆوە، وەک مۆری لێهات، ددانە گەورەکانی دەرکەوتن و تفی قووت دایەوە.

* *

کە باوکی ماکدالینا گەڕایەوە، هێشتا هەر سێکیان بێچارە دانیشتبوون. ترس و سڵکردنەوەی مارچین هێشتا تامی تاڵی خۆی بە قسەکانییەوە هەڵواسیبوو. هەرسێکیان ئاوڕیان دایەوەو وەک فریادڕەس سەیریان کرد، پێش ئەوەی هیچ بپرسن گوتی:

- من چارەسەرم کرد ئیدی خەمی مەخۆن.

دایکی ماکدالینا گوتی:

- دەمزانی هەر تۆ دەتوانی ئەو کارە بکەی، جەنگاوەری دڵ بەرد.

تاتی بەگومانەوە ڕوانییە باوکی و گوتی:

- بڕیارەکە هی خۆتە تەنها خۆت مافی بڕیادانت هەیە.

ماکدالینا بەترس و شەرمەوە پرسی:

- بەڵام چۆن؟ تاتۆ چۆن چارەسەرت کرد؟

باوکی ماکدالینا بە ئاوازی سەرکەوتنەوە گوتی:

- پێم گوت، بۆ خۆم داوام لەو پیاوە ڕۆژهەلاتییەی هاوسێمان کرد، خەڵکی ئێراقە، ئەو ڕازی بوو، پەردەو خوێنەکەی لە کۆڵمان کاتەوە.

ماکدالینا گەشایەوە، خوێن لە ژێر پێستی ڕوومەتی کەوتەوە گەڕ، بریسکە کەوتەوە چاوەکانی، قژی کەوتەوە سەما. باوەشێکی توندی لە باوکی دا، فرمێسکی خۆشیی بەسەر شانی هەردووکیاندا هەڵوەری، بابی گوتی:

- هەرگیز کچەکەم تەنها جێناهێڵم.

ماکدالینا گوتی:

- چ بیرکردنەوەیەکی شەیتانانەیە، خۆ تۆ ئەو پیاوەت نەدەویست.

- دەشێ منیش هەڵە بووبم، ئەویش هێندە خراپ نییە. (دواتر بە پێکەنینەوە گوتی) وابزانم دکتۆراکەی لە قەسابیدا وەرگرێ باشترە.

هەموویان بە کوڵ پێکەنین.

ماکدالینا بۆ چرکەیەکیش دوودڵ نەبوو، ترسێکی هەبوو، شتێک وەک کێوی بوون و توندوتیژی لە پێکەنینە دروستکراوەکەی ئەو پیاوەدا هەبوو. بڕیاری دابوو پەردەی کچێنییەکەی بەو بکاتەوە، دەستێکیش بخاتە قژە گڤ و ژووژکییەکەی، بۆ ئەوەش سوپاسگوزار بوو، سوپاسگوزاری ئەوە بوو کە هاوسێیەکی چەند مانگی بڕیاری ئەو یارمەتییە گەورەیەی داوە. بەوە ماچینیش بەدیتنی خوێن لە شەوی زەماوەندا زراوی ناچێ، شەوی سپیەتی خۆشەویستی لێنابێتە شەوی تۆقین و خوێن.

* *

ماکدالینا قژی بەردایەوە، قژێکی زەردی ئاگری، تا سەر شانی، ئەوەندەی سەر تاڵەکانی بەر شانە ڕووت و سافەکانی بکەون، هیچ میکیاژێکی نەکرد، بۆ خۆی ئاڵ و سپی بوو، دوو چاوی سەوزی کاڵ، لەبەر هەتاو خۆڵەمێشی وەک هی گورگەکانی ناو بەفر. هەر ئاوا، تەنها بۆنێکی نەرم و فێنکی ژنانەی لە خۆیدا، ڕۆژبێری شین، ڕەشەکەی هەبوو، بۆخۆی شێتی بۆنی بلاکبێرییە، بەڵام ئەو هی پیاوانە، بۆنی تایبەتی مارچینە. کارتۆنی هەردووکیان شەترەنجییە، یەکیان شین و ئەوی دیکە ڕەش. هەر ئاوا سادە، پانتۆڵێکی سوور و کراسێکی، لەلای چەپی کراسەکە ڕێک لەسەر دڵی، وێنەی باڵندەیەک بە سامتینی زێڕین، بە باڵی کراوەی لەسەر چنرابوو، هەر ئەوەندە سادە و ساکار، چەپکە گوڵێک و کێکێکی دەسکردی تاتی خوشکی بە دەستەوە گرت. یەک جار لە زەنگی دەرگای پیاوە ئەسمەرە قژ گڤەکەی دا.

ئەو چاوەڕێی نەکرد زەنگی دەرگاکە دەنگبداتەوە، خێرا دەرگاکەی کردەوە. هوروژمی تیشک و بۆن و گەرمی و توندی ژن پێکەوە خۆیان بە ژووردا کرد، نەپرژایە سەر ئەوەی گوڵ و کێکەکەی لێوەرگرێ، هەر نەیدیتن، تەنها سەیری مەمکە قوت و بچووک و زنجیری پانتۆڵە سوورەکەی کرد. ماکدالینا لەو نیگا توند و وەحشیانە سڵەمییەوە، ترساو وایزانی کەوتۆتە بەر نیگای گەلە گورگێک. هەر خێرا مەمکە بچووک و ڕەقەکانی گرت، کە هێشتا تورتی، یان ساردی ڕێگایان پێوە مابوو درزیان برد و شکان، کێکەکەی لێ بەربۆوە. ڕۆژهەلاتییەکان نازانن دەرگای ژن نە مەمکیەتی و نەشوێنێکی دیکە، بەڵکو چاویەتی. ماکدالینا نەیدەزانی

لە ڕۆژهەڵات هەتا ژن و مێردیش کە سەد ساڵ پێکەوە بژین لە چاوی یەکترەوە وەک دۆست و خۆشەویست ناچنە ولاّتی یەکترەوە، بەڵکو هەمیشە وەک دوژمن و چەتە لە شوێنەکانی دیکەوە یەکتر فەتح دەکەن.

دوگمەی کراسەکەی یەکە یەکە ترازان و بەربوونەوە، چەپکە گوڵەکەش کەوتە بەر پێیان. جەستەی ماکدالینا لە باتی ئەوەی بکرێتەوە، زیاتر بەسەر یەکدا دادەخراو دەچووەوە ناو یەک. ئەویش وەک پارچە هەویرێک هەڵپێدەگلۆفی و ورد دەکرد، پشتی کەوتبووە سەر لێواری کورسییەکە، لاقەکانی بەرز کردبوونەوە، ئەوەندەی پەلە بوو بواری نەدا بەئاسوودەیی پانتۆڵەکەی داکەنێ، ماکدالینا هەستی دەکرد هەر ئێستا ڕانەکانی دەتەقن. بەخت تەنها لەوەدا یاری بوو، کە پانتۆڵەکەی دەکشا، لەگەڵ ڕاکێشانی سمت و لاڕانەکانی بە قووڵی ڕووشان، بەڵام لەو تەنگییە ڕزگاری بوو کە خەریک بوو هەناسەی لێدەبڕی. ئەو لەژێر قژە بژەکەی تەنها شتێک لە پێستی کونج کونج و ڕەشی دەبینرا، هەمموو جەستەی وەک کێوێکی گڕ و مسی کەوتبووە سەری، وەک ئاسنێکی ژەنگاوی فلینێک ببڕێ، خرت خرت جەستەی ماکدالینای کون کرد. ئازارێک لە لێواری زێکانییەوە، لە بۆریە باریەکەکانییەوە، لە میزڵدانییەوە پێچی خوارد، وەک چەقۆ سکی بڕی، هەممو بەر سک و سینگ و هەناسەی گرتەوە. لەوکاتەدا سەیری چاوەکانی کابرای کرد، دوو چاوی بچووک و قووڵ و ڕەش، قیچێکی باریکی ژووژکی و پێکەنینی پاڵەوانێکی خیانەتکار، بەڵام ماکدالینا هەموو ئەوانەی دۆستانە وەرگرت، چاوی لێک ناو بوورایەوە.

* *

کە چاوی کردەوە، وەک بە سەد مووس ناو ڕانەکانیان بڕیبێ، هێشتا لەسەر پشت کەوتبوو، نەیدەزانی چەند جاری دیکە کچێنییەکەی قاش کراوە، بەترسەوە وەک دەست بۆ جەستەی شەهیدێک بەرێ، دەستی بۆ ناو ڕاناکانی برد، پەنجەکانی لێدا و سەیری کردەوە، سێ پەنجەی شەلاّلی خوێن بووبوو، تاوێک چاوەکانی لێک ناو خۆی بەرز کردەوە. کابرا لەسەر عەرزەکە دانیشتبوو، خەریکی خواردنی پارچەی پەرشوبلاّوی کێکەکە بوو. ئەو بێ دەنگ پانتۆڵەکەی لە پێ کردەوە، دەستێکی بەسەر و قژیدا هێنا. بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، کابرا هەستایە سەر پێ و شوێنی کەوت. پێش ئەوەی لە دەرگاکە ئاوا بێ، لە دواوە دەستێکی بە ناو گەڵیدا هێنا، پێکەنینێکی گەمژانە پەڕییە سەر ڕوخساری، بەو کەمووکە ئینگلیزییەی دەیزانی گوتی:

– بەو هیوایەی بێیەوە، چاوەڕێتم.

ماکدالینا بێزی لەخۆی کردەوە.

ئەو پێشتر چەندان وشە و ڕستەی بۆ سوپاسگوزاری و ماندووبوونەکەی ئامادە کردبوو، بۆ هەستی هاوکاری و مرۆڤپەروەرییەکەی، بەڵام کە دیتی وەک ورچێک، ورچێکی شەش مانگ برسی، پەلاماری ماسییەک بدات و پێست و گۆشتەکەی پێکەوە دادڕنێت، لە هەموو شتێک پەشیمان بۆوە، لە هەموو سۆزێک، لە هەموو خۆشەویستییەک، هەتا لەو سۆزەی کە بۆ ورچە سپییە توکنەکەی باخچەی ئاژەڵانی چوپانیش هەیبوو.

کە دەرگای ماڵی خۆیانی کردەوە هەر سێکیان، دایکی و بابی، تاتی بەو پەڕی سەرسامی و چاوزەقبوونەوە هەستانە سەر پێ، ئەو خۆی فڕێدایە ناو باوەشی دایکی و بە دەنگەوە گریا. باوکی ڕێژنەی فرمێسکەکانی دیت کە دەکەوتنە سەر کراسە دانتێلە شیرییەکەی، وەک سەری کێوێکی کون کون بێت لە هەموو لایەکەوە گڤەی با دەنگ بداتەوە، بۆخۆشی بەلایەوە سەیر بوو چۆن سەری بەو قورسییە ناکەوێتە خوارێ و گلۆر نابێتەوە.

ژنەکان زووتر لە یەکتر تێدەگەن، لە نیگا و هێڵی دەموچاو، لە تەمی سەر ڕوخسار و شکانەوەی چاو، تا ئەمڕۆ ئەو باوەڕە کۆنەی دنیا ڕاستییە کە ژن بۆ ئازار خوڵقاوە و پیاو بۆ گەمژەیی. ماکدالینا چاوەڕێی نەکرد کەس بپرسێ، کراس و میکیاژ و گوڵەکانی سەر مێزەکەی کە بۆ ڕۆژی زەماوەندەکە ئامادەکرابوون ڕاماڵییە سەر عەرزەکە، گوتی:

– ئیدی من ناچمەوە باوەشی هیچ پیاوێک.

* *

مارچین هات و لە باخچەی بەر ماڵیان چاوەڕێی کرد، دوای پیاسەیەکی سادەو هەڵڕوانین بە دارەکاندا، گوێگرتن لە باڵندە سینگ سپییەکان، ماندوو بوو، دانیشت، لەسەر کورسییە لە بەرد داتاشراوەکە دانیشت، هێمن و ئارام چاوەڕێ دەکات، بێ ئەوەی بە ڕوخسارییەوە دیار بێ قسە دەکات، قسە لەگەڵ ماکدالینادا دەکات، ئەو هەموو ئامادەکارییە، ئەو هەموو خەون و خەیاڵە، ئەو هەموو پلان و بەرنامەیە، چییان بەسەر دێ؟ ئەو ژنەی تاجی بووکێنییەکەت بۆ دەدوورێ چاوەڕێمان دەکات! هاوڕێکانمان دەیانەوێ ڕەنگی کورسی و هۆڵی زەماوەندەکەمان بزانن، مالینا دەیەوێ بزانێ ڤانێلا بکاتە کێکەکەوە، کرێمی زۆر بێ، یان کەم، مۆر بێ، یان سوور، تا ئێوارەیەکی درەنگ چاوەڕێی کرد،

لەگــەڵ تاریک بوونان ڕۆیشت، دوای کـــەمـــتـــر لە کــاتژمــێــرێک هاتەوە، پاڵــتــۆیەکی خــوری و بەکــڵاوی لەبەرکرد بوو، لە شوێنی خۆی، سەر کورسییە بەردەکە دانیشتەوە، سمۆرە کلک پان و گوێ قیتەکان بێدەنگ دەهاتن و لە ژێر کورسییەکەی ئەو دەچوونە بن باڵ و ناو کـولکی یەکـتـری، سـەروچاوی یەکـتـریان بە کلکە پانەکـانیـان دادەپۆشی. قـەلەبەلەکـە و کۆترە کـێویلکە لەسەر لێواری کورسییەکە و شانی مارچین دەنیشتنەوە، ئاسکەکان تۆزێک سرک و دواتر بێ خەم لەولاو ئەولای پەیدابوون، گوێکانیان قوت کردەوە، مارچین بریسکەی چاوی ئەوانی دەدی، ئومێدەواریش بوو لە کونێکەوە، لە پەنجەرەکـەیەوە مـاکـدالینا چاوە خـەمبـارەکـانی ئەویش ببینێ. ئەو ڕاست بەرانبەر پەنجەرەکەی دانیشتبوو. بەدرێژایی شەوەکە نەیدیت ژوورەکەی ڕووناک بێتەوە. ئەو هەر لە خەیاڵی خۆیدا، ژورەکەی دەدیت، تاریکی گەمارۆی داوە، تاریکی سەر مێز و ناو کتێبخانەو کووپە سوورەکـانی قـاوە خـواردنەوەشی پڕپڕ کـردووە لە خـۆی، هەتا ڕوخساری ئاوێنەکەشی بە تاریکی خنکاوە. تەنها جـەسـتـە باریک و خـەمناکـەکـەی مـاکـدالینا وەک ئەڵـمـاسـێک شین دەچێـتـەوە، بۆخـۆشی وەک بەردێک لەسەر کورسییەکە ڕەش دەچۆوە، تەنها لە خەیاڵی خۆیدا ئەڵماسێکی شینی دەدیت لە شێوەی ماکدالینادا لەسەر چەرپاکـەی پاڵکەوتووە. جگە لە مـاکـدالینا ئەوەکـانی دیکە هەر سێکیـان، چاویان لە دەرەوە، لەسـەر مـارچین و دڵیـــان لە ژوورەکـــەی مـــاکـــدالینا بوو. لەدڵەوە بۆی دەسووتان و بـابیـان هەستی بە تاوان و شـەرمـەزارییـەکی قووڵ دەکرد.

ڕۆژی دووەم مـارچین بەهەمـان هێـمنی و دڵگەرمـییـەوە هاتەوە، لە پشت دارەکـــانەوە چاودێری ژوورەکــــەی مـاکـدالینای دەکـرد، هێندە ورد بۆی دەڕوانی، هەسـتی دەکـــرد پەردەکـــە بەئەندازەی هەناســـەدانی کـــچـــێک دەجووڵێـتـەوە، ئەوەش تاکە خۆشبـەختی بوو، لە هەمـان شوێنی خـۆی دانیشـتـەوە، دەفـتـەرێکی دەرهێنا، دەسـتی کرد بە نووسین. نامەیەکی خوێنینی نووسی، ئاوا دەستی پێکرد:

(ئەو دڵەی تۆ بەهەر شـتـێک شکابێ) بەپشـوویەکی درێژەوە سـەد جـار، هەزار جـار، هەزار و یەک جـار ئەو ڕسـتـەی گـوتەوە. دەبێ ڕسـتـەی دووەم چی بێ! تـاتی، خـوشکەکـەی مـاکـدالینا، پەرداخـێکی بەدەسـتـەوە بوو هەڵمی لێ هەڵدەستا. لەسەر کورسییە بەردەکە، لە پەنا مـارچینی دانا، بێ قـسـە ڕۆیشت. ئەو هەر بە ڕسـتـەی یەکەمەوە(ئەو دڵەی تۆ بەهەر شتێک شکابێ) لەو شیر بەقـاوە گـەرمـەی خـواردەوە، دیسـانەوە نووسـیـیـەوە (ئەو دڵەی تۆ بەهەر شـــتـــێک شکابێ) بێـــدەنگ و جـــووڵە دەیگوتەوە. نیـوەڕۆ دایکی مـاکـدالینا پارچە کـولێرەیەکی ڕەشی سەر بە پەنیری لە شوێنی پەرداخەکە دانا. خەریک بوو دەفـتـەرەکـەی بە نووسینەوەی سەد بارەی ئەو ڕسـتـەیە تەواوکـات. خـۆر ئاوا بوو، دەنگی بـاڵنـدە و تەیرەکـان ڕاگەیاندنی شەو بوو، تەیرەکان خزانە ناو هێلانەکانیان و بۆ ڕەواندنەوەی تەنهایی چوونە ژێر باڵی یەکـتـر، ئەوەش فـرمـێـسـکی خـزاندە ناو هەسـتی تەنهـایی مـارچینەوە. دێرێکی دیکەی نووسی:

(شکابێت و بووبێتە سەد پارچە..)

گوتییەوە بەهەمان ئاواز و دەنگی ڕستەی یەکەمەوە.

دەرەنگـتـر بابی مـاکـدالینا پێکێک ڤـۆدکـای هێنا، لە شوێنی پارچە نانەکەی دانا. ڤۆدکایەکەی گەیاندە لێوی، هەر ئەوەندە بزانێ تامی بیر نەچۆتەوە، سـمـۆرەیەک خۆی هەڵدایە سـەر کـورسـیـیـەکـە و خـۆی خـزاندە بـاوەشی. بە هێـمـنی و سـاردی ڤـۆدکـایەکـە و تەنهـایی سـمـۆرەکـە، گوتییەوە بووبێتە هەزار پارچە، دەفتەرەکە خەریک بوو تەواو دەبوو، پێکەکـەشی، دوا دێڕی نووسی، هەمـــووی پێکەو خوێندەوە:

ئەو دڵەی تۆ بەهەر شتێک شکابێ،
شکابێت و بووبێتە سەد پارچە،
ئێستا سەد خۆر لە دڵی مندا هەڵاتووە.

**

مـاکـدالینا لە خـەو هەسـتـا، پەنجـەرەکـەی کـردەوە، سـمـۆرەیەک بەکلکە زەردە پانەکـەیەوە، لەسـەر لێـواری پەنجـەرەکـە خـۆی دابووە بەر هەتاو، هەورێک سـەرنجی ڕاکێـشـا، هەر لە ناو هەورەکە کە نیـوەی باڵەخانەکەی بەرانبەری داپۆشیبوو، هۆنراوەیەک نووسرابوو..

ئەو دڵەی تۆ بە هەر شتێک شکابێ،
شکابێت و بووبێتە سەد پارچە،
ئێستا سەد خۆر لەدڵی مندا هەڵاتووە.

دەستی بە چاوەکانیدا هێنا، جارێکی دیکەش، نا ئەو هۆنراوەیە لە ناو هەورەکـەدا نووسـراوە. چەند هەتاوەکـە بەهێـزتر دەبوو هەورەکە زیاتر کـاڵ دەبووەوە، کـاڵ کـاڵ. هۆنراوەکە هەر ماوە، لەگەڵ هەورەکە کاڵ نابێتەوە، ڕوون و تۆخـتـر دەبێ. لە ژێر نووسـینەکە مـارچین دانیـشـتـووە، ڕیشـــە ســـوورەکـــەی، قـــژە درێژ و خـــاوەکـــەی، دەمـــوچاوە پەمەییە خاڵخاڵەکەی، دەدرەوشێتەوە. وەک سەد خۆر لە چاوەکـانیـدا هەڵاتبن. خێـرا دێتـەدەرێ، گـوێی لە دەنگی

دایکی و بانگکردنی باوکی نییـه، هەست بەوە ناکـات تاتی خوشکی دوای کەوتووە، بەرەو مـارچێن دێت، وەک تەیرەکـانی شـەو خـۆ دەخـزێنێـتـە ژێر باڵـەکـانی، سـەر بەسـینگی دەکـات، قـووڵ قـووڵ مـاچی دەکـات، ڕیش و سمێڵی دەمی پڕ پڕ دەکەن.

– من نامەوێ لێرە بم، نامەوێ لێرە بمێنمەوە، نا، نا، نامەوێ هیچ شتێکی ئێرەم بیرکەوێتەوە.

**

مـاکـدالینا پشـتی لە مـاڵی خـۆیان کـرد، نەک تەنهـا ماکلەکۆڤیچ، تەواوی مۆکۆتڤی بەجێ هێشت. دوور دوور لە شار و ترام، دوور لە جنسی پیسی ئەو پیاوە قژ گڤ و چاو بچووک و ڕوومەت خەپلە و کونج و ڕەنگ ئەسمەر و زەردانە، چوونە دەری وارشـۆ. لە گـۆڕە کـەلڤاریا، لە ناو چیـاکـان لە کـۆختـێـک خـۆی شـاردەوە، بێ گـومـان لـەگـەڵ مارچێن. لە مانگی یەکەمدا قوتابییە هاوڕێکانی هاتن و ئاهەنگێکی شیـرین و خـۆشـەویسـتـانەیان بۆ گـێـڕان. ژووریان بۆ ڕازاندنەوە و مـۆمـیـان بە تەواوی مـاڵـەکـە و حەوشـەکـە و باخـەکـەدا بڵاوکـردەوە. مـاکـدالینا بزەی بۆ گـەڕایەوە، دەسـتـی مـارچـینی گـرت، هاوڕێیـانە بۆ هەمووانی ڕوانی، کێکیـان شکاند، شەرابیـان خواردەوە، هێلکەیان بەدارەکان دادا و ڕژاندیانە سەر بەردەکـان. وا دەردەکەوت کە هەمـوو شـتـێک بەسەر چووە، ئیـدی ژیان گەڕایەوە ناو چاوەکانی. شەوی یەکەم هاوڕێکانیان لەوێ مانەوە، چاوەڕێ بوون ماکدالینا و مارچێن بچنە ژووری و ئەوانیش مـاچی قـووڵ بکەن، چاوەڕێ بـوون ئەوان بچنە باوەشی یەکـتـرو سەر بە باسکی یەکـتـر بکەن، ئەو شـەوە هیچ، شەوی دووەم ماکدالینا گۆرانی گـوت، گۆرانییـەکی کۆنی وارشۆییەکان:

– ئازیز تۆ وەرە،

من لە کار هاتوومەوەو چاوم نابینێ.

ئازیز تۆ وەرە،

من لە کار هاتوومەوەو ئەژنۆکانم دەنووشتێنەوە.

تۆ وەرە ئازیز،

وەرە ببە بە چاوم، وەرە ببە بە ئەژنۆ و هێزم.

من بە چاوی تۆ دەبینم، لە دەمی تۆوە دەچم بۆ سەفەر.

لەگـەڵ دوا وشـەی، کـچ و کـوڕەکـان هەمـوویان چوونە باوەشی یەکتر، ئەوەندە قووڵ یەکتریان هەڵمژی کە کەس زمـانی خـۆی نەدەناسـیـیـەوە. هەمـوویان بە یـەک دەنگ دەیانگوت:

– حـەیف زمـان بۆ گـوتن بەکـاردێنین، زمـان لـۆکـەی هەڵمژین و نەستەلەی لستنەوەیە.

شـەوی سێـیـەم، مـاکـدالینا و مـارچێن چوونە ژووری، ڕەنگی هەمـوو گوڵەکان بۆ مۆر گۆڕا، هەمـوو مارمێلکە و کـرمـە سـپـیـیـەکـان بەدوو چاوی مـۆرەوە لەسـەر کلک لە چاوەڕوانیدا وەسـتـان. باڵندەکان بە باڵی مۆر و کراوەوە لە هەوادا هەڵـواسـران، هەوا گـوێی هەڵـخـست، ئەوان چوونە ژووری، خـۆیان ڕووت کـردەوە. تیـشکێکی زێڕین بەسـەر گـۆمەمکە توند و لامله زێڕینەکـانی مـاکدالینادا ڕژابوو. مـارچێن بە جەسـتـەی باریک و داپۆشراو بە گەندە مـووی زەرد و پرشنگدار و هەوەسـێکی دەروێشـانەوە، حـەسـرەتی لێ دەڕژا. مـاکـدالینا وەک لە بەهەشـتـەوە فـەرمـانی پێکرابێ هەمـوو لەشی کـرایەوە. چاوەکـانی، سینگی و لێوی، زمانی، هەموو لەشی کرایەوە. ئاخ تا بەیانی، کە خۆر هەموو ڕەنگەکانی سڕییەوە و ڕەنگێکی سپی بەخشییە هەمـوو شتێک، ماکدالینا چەندی کردی و هەوڵـی دا نەیتـوانی لاقـەکـانی بکاتەوە، نەیتـوانی ناو لینگی بکاتەوە، ئەگەر ئیـرادەیەک لە ناخەوە نەیویست، قـاچی ژن بە بوومـەلەرزەش ناکـرێتـەوە. وەک دەروازەی قـەڵای ترۆی داخرابوو، هەرچەند دەیان ئەسپی تەڕوادە، بە خۆیان و دەیان سەربازی ئازا چووبوونە ناخییەوە، هیچ بەرگرییەکـیان پێ نەهێشتبوو، بەڵام لاقەکانی ئێستـاو ئێـسـتـاش درزیان تێ نەبوو و نەکرانەوە. بەیانی مـارچێن وەک هەنارێک، پێگەیشتن و قـەڵشین و خـەسـار بـوونی خۆی دیبێ، دیبێـتی باران چۆتە ناوییەوە، کـردوویەتییە شەڕاب، سەرمەست و قورس و حەیران هاتە دەرێ.

**

تەمـەنێک وەک دوو هەناری خـەسـیـو پێکەوە ژیان، شارەو شـاریان کـرد، زانکۆ بە زانکۆ گەڕان، خـوێندیان و وانەیان وتەوە، سـەدان قـوتابی کچ و کـوڕیان پێگەیاند. چوونـە ناو کـێـشـەکـانیـان و چارەسـەریان بۆ دۆزینەوە. سـەدان چیـرۆک و ڕۆمـانیـان پێکەوە خـوێندەوە، لەگـەڵ عـاشقەکانیـان گریان و هاوشانی سوارچاکەکانیـان چوونە شـەڕ، ئەوەندەی بۆیـان کـرا بە دۆنکیـشـۆت پێکەنین. هـەزاران هـۆنـراوەیـان بـەدەنـگ و ئـاوازەوە پـێـکـەوە خـوێندەوە، بە دیار سەدان فـیلمـەوە دانیـشتن. وەک دوو خەیاری هاوڕێ، دوو لیمۆی دەستە خوشک، بەتەنیشت یەکـەوە مـانەوە، وەک دوو هەڵـمـاتی شـووشـە، بەگـردی ژیاندا، بەتەنیشت یەکەوە گلۆر بوونەوە.

لە یادی بیست ساڵەی پێکەوە بوونیـاندا ئاهەنگیـان گێڕا، مۆمـەکان نەیانتـوانی دڵی سـاردیان گـەرم کەنەوە، تەنها ئەوان دەیانزانی هەموو مۆمی دنیا دڵێکی ساردیان پێ گـەرم نابێـتەوە. کـێکەکـان ژیانیـان شیـرین نەکـردن،

شیرینی بێ عەشقبازی تەنها خوێن ڕەش دەکات و هیچی دیکە. تەنها بەلەمێک دەیبردن، تاقە بەلەمێک کە ناخی پڕ دەکردن لە حەسرەت.

هەر لە شەوی ئەو یادەدا حەسرەت وەک مشکێکی ئاسنین چووە ناو دڵی مارچین و یەکە یەکە دەمارە باریک و ئەستوور و سوور و شینەکانی بڕین، مارچین هەستی بە کرتە کرتی بڕینی دەمارەکانی دڵی خۆی دەکرد، مارچین ئەو مشکە ئاسنینە سوورەی حەسرەتی دەناسی، تاکە دۆست کە لە سەردەمی شیعر نووسینەکەیەوە وەفادارانە لەگەڵی ماوەتەوە. کە هاتە ناو خوێنییەوە هەر هێندەی زەنگیانەیەک دەبوو، چ لە مشکێکی سووری بچووک بۆ عاشقێکی نامراد شیرینترە، جا ئاسنینیش بێت. خۆشەویست و ئارامیهێن، ئەو خودی حەسرەت بوو بەڕەنگی سوورەوە. کرتە کرتی ئەو مشکە ئاسنینە دڵی کردە گۆمی خوێن، پارچە گۆشتێکی کون کون لە ناو شووشەیەک خوێندا.

مارچین دەستی ماکدالینای گرتبوو، ئەو خەریکی ڕاستکردنەوەی مۆمێکی خوارەوە بوو بوو، ساردییەکی ترسناک لە نینۆکی پەنجە تووتەیەوە کەوتە سەر بەرە دەستی ماکدالینا، ڕوانییە چاوە شین و قووڵ و بێ بنەکانی مارچین، هەروا فراوان و کراوەبوون، دەیویست لەناخی مایەپووچییەوە زەردە و خۆشنوودی بێنێتە سەر ڕوخساری، تێپەڕیبوو، ئەوەش تێپەڕیبوو، حەسرەت نەرم نەرم دەهات، بەهەنگاوی پان و بێدەنگییەوە، لەسەر ئاوازی کرتە کرتەکە، حەسرەت فراوانی چاوەکانی تەسک کردەوە، تەسک تەسک، ئەوەندە تەسک کە هەر جێگای خۆی تێدا ببێتەوە.

مارچین بەهەمان تامەزرۆییەوە، لێوەکانی کردنەوە، لێوە ئاڵ و باریکەکانی:

– وەرە گەرمم کەوە.

ماکدالینا لە قووڵایی چاوەکانی و مات بوونی ڕەنگی ترسا، گوتی:

– خۆرەکان لای تۆن، هێشتا زۆر زووە...

مارچین کاتی قسەی هاتبوو، ئەو دەمێک بوو دەیویست بڵێ، قسەی دڵی بڵێ، گوتیشی:

ـ سەد خۆر، سەد خۆری پارچە پارچە...

مارچین ڕاستی دەکرد، سەد خۆر لە دڵی هەڵاتبوو، سەد خۆر، لەو بیست ساڵەدا یەکە یەکە کز بوون و کوژانەوە..دەمی هەڵێنا:

– خۆرەکانی دڵی من بریندار بوون، خوێنیان لێدەچۆڕا.

ماکدالینا لە باوەشی کرد، پیاوێکی چل و سێ ساڵەی لە باوەش کرد، دەستە منداڵانە باریکەکانی شل بووبوون، کەوتبوونە سەر کۆشی، سارد و زەرد. مشکە سوورە ئاسنینەکە کارەکەی تەواو کردبوو، وەک کرێکارێکی شارەزا، هەموو دەمارەکانی بڕیبوو، دەمی کردەوە، بڵێ:

– تەواو، خۆرەکانی من کوژانەوە، دوای خۆری خۆت کەوە.

بەڵام نەیگوت، نەیگوت و دەمی لە شێوەی هیلالدا، لەسەر ڕوخساری، لەسەر ئاسۆیەکی زەرد بەجێما.

* *

پێش ئەوەی لەگەڵ ماکدالینا بگەڕێمەوە بۆ هەولێر، پێی گوتم:

– دەبێ بچینە گۆڕە کەلڤاریا.

– کاتمان هەیە، بەڵام گۆڕە کەلڤاریا کوێیە؟

ماکدالینا دوو ساڵ بوو مامۆستام بوو، من بە تەمەنێکی گەورە لە ژێر دەستی ئەو ماستەرم تەواو کرد، دوا ساڵ گوتی:

– تۆ دوا قوتابی من دەبی لێرە، منیش دێم بۆ هەولێر.

من ئاگاداری ئەوە بووم ئەو لە زانکۆیەکی لای خۆمان کاری دەستکەوتووە.

چووین بۆ گۆڕە کەلڤاریا، ماوەیەکی زۆر بەپێ ڕۆیشتین، شاخ و دارستانی چڕ، ماڵێکی تەنها و غەمبار دەرکەوت، ماکدالینا وەک هاوڕێیەکی بیست ساڵەی دۆزیبێتەوە لە باوەشی کرد، ئا خانووەکەی لە باوەش کرد، پایە و دیوار و دەرگاکانی، بەوپەڕی سۆز و نەرمییەوە بۆی دەڕوانین، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، چاوە سەوزە بێ بنەکانی پڕپڕ بوون لە حەسرەت، وەک تاکە هاوڕێ و هاودەم منیشی لە باوەش کرد، بەسەر شانمدا فرمێسکی هەڵوەراند، دەتوانی ئێستاش شوێنی فرمێسکەکانی لەسەر شانم ببینی چۆن داغی کردوون. قۆڵتەکەی سەر شانمی پڕ کرد لە فرمێسک.

چەند سەد مەترێک لەولای خانووەکە، چووە سەر گۆڕێک، بەشەرمەوە بەرانبەر کێلەکەی وەستا، شەرمی کچێک تازە نۆزدە ساڵ بێ، کێلێک کە لە هەمان شاخی گۆڕە کەلڤاری تاشرابوو، وەک بۆی بچەمێتەوە، لەسەری سەرەوەی کێلەکە نووسرابوو، مارچین، ماکدالینا چوو پاڵی پێوەدا، لەبەر خۆیەوە گوتی:

– تەنها لێرە هەست بە ئارامی دەکەم، ئارامییەک تاڵ وەک مردن.

چوومە تەنیشتی، هەر لەوێ لەسەر زەوییەکە

دانیشتین، سەری بەسینگم کرد، بەو پەڕی گەرمی و شەوقەوە هاتە باوەشم، ویستی وەک گوڵێک بۆم بکرێتەوە، بکرێتەوە و من لە ناو خۆیدا ون کات. پەنجەکانی منیش کەوتبوونە سەر قۆڵە نەرم و پتەوەکانی، وەک بە نەستەلەدا ڕۆچووبن. هەرگیز نەمدەزانی ئەو مامۆستا بە هەیبەتە وا گەرموگوڕ دێتە باوەشم.

لەسەر کێلەکە نووسرابوو (سەد خۆری پارچە پارچە) من بەدەنگەوە خوێندمەوە، ماکدالینا بە دەنگێکی پڕ حەسرەت و فیراقەوە گوتی:

سەد خۆری پاچە پارچە... نابێتە خۆرێکی تەواو.

**

گەرموگوڕی لە هەولێرە، ماکدالینا بە گەرمی و دۆستایەتی ئێرە تاسابوو، هەموو کەسێک دۆست بوو، هەمووان شیرین بوون، کوڵمەکانی وەک سێوی بەرهەتاو سووتا بوون، چووینە ناو خانووەکانی سەرقەڵات، گوتی:

– دەمەوێ ون بم، بۆ هەمیشە لە ناو ئەو کۆڵانە درێژ و باریکانەدا لە خۆشم ون بم.

لە پەنا دەرگایەکی کۆن و باریک ڕاوەستاو گوتی:

– دەبێ چەند کەس لەو دەرگایەیان دابێت؟

وەک دەست بەسەر پشتی ئەسپێکدا بێنێ لە دەرگاکەی دا:

– ناکرێ کەسێک لەو هەموو کەسانەی ڕۆژانێک لە پشت ئەو دەرگایەوە بوون، دەرگامان لێبکەنەوە؟

لەسەر پلیکانەکان دانیشتین، چامان خواردەوە، تەسبیحمان کڕی، ئەو تەسبیحێکی قەزوانی لەمل کرد، چووینە ناو ژنە گیا فرۆشەکانی شێخەڵلا، تامی هەموو گیاکانی کرد، وێنەی ژنە ڕەشپۆش و کچە باڵقەکانیشی گرت.

– ئەوانە خۆشبەختترن، تەنها لەگەڵ گیا ژیاون.

دواتر گوتی:

– گیا کە خوێن بە دەمارەکانیدا ناڕوات.

ئەو ڕۆژە سەد ڕیشۆڵەی کڕییەوە و ئازادی کردن. ڕۆژی دواتریش، ڕۆژێکی دیکەش سەد ڕیشۆڵەی بەرەڵڵای ئاسمان کرد، خۆر لەسەر پەڕ و باڵە ڕەش و چەورەکانیان دەبریسکایەوە، ئەو گوتی:

– دەڵێی سەد پارچە خۆرن باڵیان گرتووە.

ڕووی لە کابرای ڕیشۆڵە فرۆش کرد و گوتی:

– تۆش لەگەڵ ڕیشۆڵەکانت لەسەر بەتاڵکردنەوەی کیسە باخەڵەکەی من ڕێککەوتوون.

تا ئەو ڕۆژەی تەلەفۆنیان بۆ کرد و گوتیان

– سەرۆکی زانکۆ هاتۆتەوە، دەتوانی بەیانی بێی و گرێبەستەکەت مۆرکەی.

ماکدالینا ڕووی لە من کرد و گوتی:

– بەفرین دەبێ بەیانی تۆش لەگەڵم بێی بۆ زانکۆ.

چووین، دوو ژنی دۆست و هۆگری یەکتری چووینە ناو زانکۆ. خۆمان ناساند، کوڕێکی نیوە ڕیش هاتوو پێشمان کەوت، دەرگایەکی ساجی گەورەی پاشایانەی کردەوە و گوتی:

– فەرموون، سەرۆکی زانکۆ چاوەڕێتان دەکات.

ماکدالینا لە جیاتی سوپاس بەئاستەم دەستی لە شانیداو شیرین بۆی پێکەنی.

سەرۆکی زانکۆ لەو دیو مێزێکی پان و فراوانەوە سەری بەرزکردەوە. بەشێکی زۆری قژە بژ و لفکەییەکەی سپی بوو. چاوە قووڵ و بچووکەکانی هەڵبڕی، گوتی:

– ماکدالینا، من هەر لە سیڤییەکەتەوە تۆم ناسییەوە، بۆیە داوایەکەتم قبووڵ کرد، ئێمە هەمیشە کارمان بۆ تۆ هەیە، بەخێر بێی.

ماکدالینا هەنگاوەکانی شل بوون، دەستی خستە سەر شانم، ڕەنگی کاڵ بۆوە، گوڵەکەی دەستی کەوتە سەر زەوییەکە، ساردییەکی دڵبڕ لە پەنجەکانییەوە کە لەسەر شانمی دانابوون، بەهەموو لەشمدا بڵاو بۆوە، پێشتر ئەو جۆرە ساردییە دڵ ئاژنکەرەم هەرگیز هەست پێ نەکردووە، سەرۆکی زانکۆ گوتی:

– تۆ گوڵ بۆ بەدەستەوە دەگریت کە هەمیشە لێت دەکەوێتە خوارێ!

ئەو شلتر، کەوتە ناو باوەشم، لەسەر لێواری قەنەفەکە دانیشتم. کرتە کرتی مشکێکم گوێ لێبوو، مشکێکی سووری ئاسنین، کە دەمارە سوور و شین و باریک و ئەستوورەکانی دڵی دەبڕی، دڵی کردە گۆمی خوێن، دڵی وەک پارچە گۆشتێک کەوتبووە ناو شووشەیەک خوێنەوە.

**هەولێر ٢٠١٦/٢/١٦**



# شەوێک لە خەڵوەتی حەزرەتی حافزدا

**ناسر وەحیدی**
**(بۆکان)**

ئێستاش نازانم ئەو شەوە، ئەم دەستە سەیر و سەمەرەیە چۆناوچۆن و لە کوێ کۆ بووبووینەوە! دەستەیەکی سەیر، چەند کەسێکیانم چەند جارێک دیتبوو و چەند کەسێکیش تەنیا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وێنەیانم دیبوو و ناویانم دەزانی و بەرهەمیانم خوێندبۆوە، ئەوەی هەموومانی پێکەوە دەبەستەوە، ئەدەب و نووسین بوو، من و مەحموودی دەوڵەت ئابادی بە شوێن یەکدا ڕێنموونی کراین بۆ ژوورێکی گەورە و بەرفەریح، قاڵییەکی حەوز و ماسی گەورە، ژوورەکەی پڕبەپڕ لە ئامێز گرتبوو، گوڵەکانی بە ڕەنگی نارنج و لیمۆ ڕازابۆوە، سییەکانم سیخناخ بوون لە بۆنی نارنج و لیمۆی تورت و تازە، دەوڵەت ئابادی قژەسەرە وەریوەکانی هاتبوونەوە، ساف و ڕەش بە لای ڕاستی سەریدا شانە کردبوو، پێستەیەکی نەباتی ئاسکە کێوی گوڵدۆزی کراوی خستبووە سەرشانی و یەخەی پێستەکەی چەپ و ڕاست لە خۆی توند کردبوو، وەک ئەوەی با بیەوێ لەسەر شانی بیرفێنێ! نازانم هاوڕێکانی ترمان بۆ لەگەڵ ئێمە نەهاتنە ناو ژوورەکەی ئێمە؟

تەلەڤزیۆنێکی گەورە لە ناو ژوورەکەدا هەواڵی کاولکردنی وڵاتێکی بێ پشت و پەنای بڵاو دەکردەوە، هەردووکمان لەسەر چۆک دانیشتبووین و بەدەم خۆ ڕاژاندنەوە گوێمان بۆ هەواڵ ڕاداشتبوو، کەسێک هاتە ناو ژوورەکە: وتی جەنابی حافز لە ئەندەروونییەوە تەشریفی هێناوەتە بیرونی، چەند کەسێکی تریش هاتوونەتە خزمەتی، ئێوەش ئەگەر حەز دەکەن بیبینن؛ فەرموون، من نەمزانی ئەوەی خوڵقی کردین پیاو بوو، یان ژن! نازانم بۆ هەردووکمان دڵمان زیاتر بە لای هەواڵی تەلەڤزیۆنەکەوە بوو تاکو دیداری حەزرەتی حافز! دەوڵەت ئابادی بە بزەیەکەوە کە لەسەر لێوییەوە قاڕی بەست و لە سیمایدا نان و ماستی دەخوارد، فەرمووی منی کرد و چووینە ناو ژوورێکی گەورەتر کە هاوڕێکانی ترمان لەوێ لە دەوری پیرەلاوێکی باڵابەرزی بەلەباریکە، دانیشتبوون کە کەمێک بە سەر باڵای خۆیدا چەمابۆوە.

پیرە لاو ڕیشێکی تەنک و باریک لە ژێر مێزەرە زەیتوونییەکەیەوە، لە دوو لاوە شۆڕ بووبۆوە تا سەر چەنەی و چەنەگەی داپۆشیبوو، ڕیشی خورمایی بە قەرای سێ قامک چەنەی بە جێ هێشتبوو، پێستە بەرانێکی لیمۆیی قولاپدۆزی کراوی بە شانیدا دابوو، دەنگی مۆسیقایەکی خۆش و نەرم دەهاتە گوێ، شارام نازری قامی "ئەندەک ئەندەک جەمعی مەستان می

ڕەسەند"ی دەگوت، دەنگی تاری لوتفی، عەرش و قورشی هێنابووە جۆش، حەزرەتی حافز باسی فەلسەفەی وجوودی بەشەری دەکرد، هیچمان متەقمان لێوە نەدەهات، هەموو گیانمان بووبووە گوێ! سەیر ئەوە بوو حەزرەتی حافز بە زمانێکی ساکار دەدوا، بەڵام کاکڵی قسەکانی هێندە قووڵ بوون تا لە ڕستەیەکی ڕادەماین بزانین چی دەفەرموێ، لە ڕستەکانی تری بە جێ دەماین.

دەوڵەت ئابادی دەفتەرچەیەکی بچووکی بە قەرایی بەرەدەستێک لە باخەڵی دەرهێنا و لە فەرمایشەکانی حەزرەتی حافز نۆتەی هەڵدەگرتەوە، حەزرەتی حافز دەنگی دا: وتی جەناب ئەوە چی دەنووسی ؟ دەوڵەت ئابادی سوور و سپی بۆوە! وتی: لە ڕووی فەرمایشەکانی حەزرەتی حافزەوە نۆتە هەڵدەگرێتەوە؟ ڕەنگە حافز ترسابێ لەوەی بەڵگەیەکی لەسەر تۆمار کرێ، بۆیە وێدەچێ لەو کاتەدا وتبێتی گوێ گرتن باشترە لە یادداشت هەڵگرتنەوە.

دەنگی مۆسیقا هەروا نەرم بەردەوام بوو، کوڕێکی مێرمنداڵ، کۆت و شەرواڵ و کراسێکی بنەوشی کەمڕەنگ لە ڕەنگی گەزیزەی بەهاری لە بەردابوو و پاپیۆنێکی ڕەشی بەستبوو، لە بەردەم من و دەوڵەت ئابادی ڕوو لە ئێمەو پشت لە حەزرەتی حافز و کۆڕەکە بەلاقووندا کەوت، بە لاقرتێیەوە وەک گەمژەیەک سەیری ئێمەی دەکرد و پێدەکەنی، دوو ژنی دەستەی ڕەش ئەسمەری دەموچاو پان، بە گۆزەی شەراب و دوو سوراحی سوورەوە هاتنە ناو ژوورەکە، دەست و مەچەک و پا و پووزیان تا ئانیشک و ژێر چۆک ڕووت بوو، دەست و پووزیان پڕ بوون لە بازنە و پاوانە و خرخاڵ، لە مەحزەری حەزرەتی حافزدا، لە بەردەمی میوانەکان سەمایان دەکرد و شەرابیان دەگێڕا، بەری دەست و لاقیان بە خەنە خاڵ و بەڵەک نەخشاندبوو، دەموچاویان زۆر وەک کوڕە مێرمنداڵەکەی بەردەمی ئێمە دەچوو کە بەلاقرتێیەوە بە ئێمە پێدەکەنی، کراسی مۆری کەمڕەنگ لە ڕەنگی گوڵە گەزیزەی بەهارییان لە بەردابوو، یەکیان لە بەر دەمی من چۆکی دادا و بە بزەوە چیلکە شەمچەیەکی بە دەستەوە بوو، وتی: جەناب ئیزن دەدەی ددانەکانت خاوێن کەمەوە بۆنی دەمت دێ!؟

بیرم کردەوە، من هەتا وەبیرم دێ هەموو شەوێک بەر لە خەوتن دەم و ددانم جوان بە خەمیر ومیسواک دەشۆم و تاکو ئێستا لە کەسیشم نەبیستبوو بڵێ بۆنی زارم بێت.

وتم: خانمەکە! ڕەنگە بۆنی دەمم نەبێ، تۆبڵێی بۆنی ئەو قسانە نەبێ کە لەمێژ ساڵە دەبوو بیانڵێم و نەموتوون لەسەر دڵم گنیا بێتن؟ تۆ بڵێی بۆنی جەستەم نەبێ ! بۆنی ئەو گوناحە نەکردووانەی گرتبێ کە دەبوو بیانکەم و خۆم لێ پاراستوون و نەمکردوون، یان بۆنی ئەو خوێنە نەڕژاوانەی دەست و پلم بێ کە دەبوو بیانڕێژم و نەمڕاژاندوون، یان بۆنی گەنیوی ئەو سێو و بەهێیانە بێ کە دەبوو بیانڕنم و نەمڕنیبوون! چووزانم ڕەنگیشە بۆنی چاوم بێت، بۆنی ئەو هەموو شتە نەدیتراوانە بێت کە بینیوبە و لە خۆیدا چاڵی کردوون کە نەدەبوو بیانبینێ!. پێدەچێ بۆنی گوێچەکەم بێت، بۆنی ئەو هەموو قسە نەگواتراوانە بێت کە بیستوونی و وەک گەردەلوول تەنوورەی کێشاوە و هەڵی لووشیوەتە ناو خۆی و کەس نەیبیستوون، واپێدەچێ وەک تۆش دەڵێی هیچ کام لەوانە نەبن، تەنیا بۆنی دەمم بێت! بۆنی نەکردەی ئەم هەموو کارانەی کە دەکرا بیانکات و نەیکردوون! نازانم، ڕەنگە هیچ کام لەوانە نەبووبێت و تەنیا لە تەریق بوونەوەیەکی شەرمنانەی هەمیشەیی من بووبێ، یان ڕەنگبێ لە یادداشت هەڵگرتنەوەکەی دەوڵەت ئابادی بێت کە من هێنابوومە کۆڕەکە و بە جۆرێک بە بێ حورمەتیم دەزانی سەبارەت بە شان و شکۆی حەزرەتی حافز...


هەر بۆیە لە کۆڕەکە چووبێتمە دەرێ، سەرم لە بەر خۆم نابێت و بێ مەبەست بە ناو کووچە و کۆڵانەکانی شاری شیرازدا سووڕابێتمەوە، ئیتر نە بۆنی نارنج دەهات و نە بۆنی لیمۆ! نە دەنگی مۆسیقا مابوو، نە سەدای شارام نازری و نە دەنگی تاری لوتفی.

گەیشتبوومە ئاخری کۆڵانێک، مەیدانچەیەک بوو، کوڕان دووان و سێیان بەرەو دەرکەیەکی زەلام بە سەر ڕیزێک پلیکاندا وەسەر دەکەوتن و ئاوە دیوی ئەوبەری دەرکەیەکی زەلامی شووشەبەند دەبوون، زۆرتر لە زانکۆ دەچوو! هەموو ڕێک شێوەیان لە کوڕە مێرمنداڵەکەی ماڵی حافز دەچوو کە لەبەر دەمی من و دەوڵەت ئابادی بە لاقووندا کەوتبوو و بە لاقرتێوە بە ئێمە پێدەکەنی! هەموو کۆت و شەرواڵی ڕەش و کراسی سپی و پاپیۆنی مۆریان بەستبوو.

لە ناوەڕاستی مەیدانچەکەدا، حەوز و کفارەیەک سازکرابوو، پەیکەری لاوێک لە چەشنی کوڕە مێرمنداڵەکەی ماڵی حافزی لێ دانرابوو، لیباسێکی مۆری کەمڕەنگ لە چەشنی گەزیزەی بەهاری لە بەردابوو و بە لاقووندا کەوتبوو و بەلاقرتێ پێدەکەنی، چوومە تەنیشتی و دەستم خستە سەرشانی پەیکەرەکە، وەک ئەوەی بموێ وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ بگرم، پەیکەرەکە لە پڕ چاوی هەڵێنا وەک ئەوەی سەیری گەمژەیەک بکا! قاقا پێکەنی!! نازانم چۆناوچۆن! ئانوسات ئەوە هات بە خەیاڵمدا، ڕەنگبێ ئەو هەموو سیمایە فریوێک بێ و هەر ئەو کوڕە لاقرتێیە خودی حافز بێ!. ژوور و پیاوە پێستە لە بەرەکە، تەنانەت ژنەکانیش هەموو خەیاڵێک بوون لە واقیعی حەزرەتی حافز! ویستم پێی بڵێم ببەخشێ، ئەم شەو میوان بووم و نەپەرژابووم دەم و ددان و خۆم بشۆم، بۆیە ڕەنگە کەمێک بۆنم هاتبێت، ئەو بەر لە قسەکانی من، پێکەنی و من بێدەنگ بووم، هیچم نەوت.

وتم لە من عاجز بووی، یان لە یادداشت هەڵگرتنەوەی دەوڵەت ئابادی کە لە کۆڕەکە چوویە دەر؟ بە پێکەنینەوە وتی: لە هیچیان، لە کۆڕی جوامێران وا باشترە بە چاوی دڵ بنواڕی، نەک بە چاوی ئەقڵ.

**گەلاوێژی ٢٠١٥**



# خولیاكانی سەر شەقام

**محەمەد مستەفازادە**
**(بانە)**

دووکەڵ لە زگی قلیـاندا پاپۆکـەی ئەخـوارد، لە ناو تەمی دووکەڵەکـەیدا چاوەکـانم کـز بووبوون، هۆشم لـە غـەڵبـە و بۆڵەی دەوروبەرم نەبوو، چایە ڕەشەکەی بەردەمیشم لە مێژ بوو سارد بووبۆوە؛ جار و بارە بە کزەی ساردی بەر دەرگا خۆم کۆ ئەکردەوە و کزەی گەرمی پشکۆی گەشاوەی کاسەسەری قلیانەکەش، کوڵمەکانی دائەگیرساندم، چاوە کزەکانم خـۆیان لێ ئەدزیەوە و لە نـاو شـەبەقی سـەر کـوڵمی کـچەکـەی سـەر ڕاڕەوی شـەقـام تێکەڵ بە ئاسـۆ ئەبوون و چەند هەنگاویش لەم لاوەتر لە بن دەرگای دووکەڵاوی قاوەخانە، لە سەر پشتی چەماوەی ژنێکی سواڵکەر، بە دووکەڵەوە ئەبوون بە تراویلکە.

چاوێکم لە سەر ئاسۆیەکی گەشاوە و چاوەکەی تریشم لـێڵ لە تراویلکەدا، ئەمە چیرۆکی ئەو ڕۆژەی سەر شەقام بوو؛ شـایەد چیـرۆکی هەمـوو ڕۆژێک! ئەو مـۆبایلەکـەی لە ناو دەسـتی ناسکیـدا جـاروبارە بە ویبـرەی کـورتەنامـەیەک ئەلەرزییەوە و ئەمیش بە چەند پووڵی کاغەزی دڕاوەوە، کزەی سڕی شەقام قامکە ڕەش و قڵیشاوەکانی ئەلەرزاند.


پووکێکی تر لە قلیان و نیگایەکی تر لە شەبەقی ئاسۆ و تەمی تراویلکەی ئەم بەریش، دڵی تەنگ و چاوەڕێ بوو، دەستە سپییەکانی هەڵئەگلۆفی و کاتژمێرەکەی ئەدواند، لەم بەراوبەری شەقامی ئەڕوانی؛ " نا هەر نەهات؟!" وا پێ ئەچوو ئەمەی کوتبێ، شایەدیش دوایە کوتبێتی: " شایەد منی خۆش نەوێ و کەڵەکی دابێ! ". ئەمیش لە تراویلکەدا وا پێ دەچوو هەر دڵی تەنگ بێ، کـاتژمـێری نـەبوو لێی بڕوانێ، بیشـیـبا ، کـات بۆ وی گـرینگ نەبوو بڕوا، یان نا ؟ چاوەڕێ نەبوو.

قورەی زگی قلیانەکە دیسانەوە دەنگی بەرز کردەوە، دووکەڵی هەناسەی بە سمێڵ و ڕیشما پژاند، لە سەر شەقام ئەو پێکەنیبوو، چاوەڕێ نەمابوو، ئەو خۆشەویستەکەی هاتبوو، ئەو خۆشەویستی بوو؟ ئەرێ دەستی گرت، لە گەڵی ئەدوا و پێکەوە پێ ئەکەنین؛ بە یەکیان گوتبوو " خۆشم ئەوێی! " دڵیان خۆش بوو، دەنگی ئەمیش لە ناو تراویلکەدا بە نووزە ئەهات؛ " خێرێک لە ڕێی خوا، منالّ وردم، هەتیوم هەن..." دەستە قلّیشاوەکانی هەر ئەلەرزین؛ ١٠٠ تمەنی و ٢٠٠ تمەنییەکان لەسەر کارتۆنی بەردەمی زۆر بووبوون؛ نە پێکەنیبوو، نە چاوەڕوانی پێکەنین بوو، بە هیوای هەموان بوو، یەک پووڵ دانەنێ و خێر نەکا، هیوا هەیە کەسێکی تر بێ.

ئەوان بە بزەوە پێکەوە ئەدوان، وردە وردە قووڵ لە چاوی یەکیان ئەڕوانی، چووبوونە ناخی یەکەوە، چەند پووکێکی ترم لە قلیانەکە دا و هێور هێور پشکۆکان بۆم ئەسووتان، من دڵنیا بووم بۆ من ئەسووتێن! لە دووکەڵەوە هەر سەیری ئەو دوو دیمەنەم ئەکرد؛ یەکێک ئاسۆ و یەک تراویلکە، ئیتر ئەوان پێ نەئەکەنین، بە دەست بە یەکیان ئەوت " تۆ بێ دەنگ بە با من قسان بکەم"، لە ڕێی یەک نەئەوەستان، هەر یەکەی قسەی خۆی ئەکرد، چەند هەنگاوێک لێک دوور ئەکەوتنەوە و ئەهاتنەوە پێش، پێ ئەچوو بە شەڕ بێن، پیرێژنەکە لە تراویلکەدا هەر سەری بەسەر پووڵ و دراوەکاندا گرتبوو.

پشکۆی کەللەسەری قلیانەکە چزووی گەرمایان نەئەهات، سکیشی ڕوون بووبۆوە و دووکەڵی ناخی نەئەپژاند، بەڵێ ئەوان بە شەڕ هاتن، شەبەقی سەر کوڵمە گەشاوەکانی خامۆش بوون و هیچ بزەیەکیان نەما؛ لەوێ نەمابوو؟ ئەرێ، دوو تنۆک فرمێسک لە سەر کوڵمە گەشەکانی نیشتبوون و ڕۆییبوو؛ پیرێژنەکەش لە تراویلکەدا سەری هەڵبڕیبوو بزەیەکی هاتبوویە پێیان!

بەڵێ ئەمە بوو چیرۆکی سەر شەقام؛ دوای چەند پووک، پشکۆ گەشاوەکانی کەللەسەری قلیانەکە سووتان و پشکۆی کوڵمی ئەویش دامرکان؛ بزە هەر ئەوەندە بوو؛ خۆشی بە چەند پووک و چەند دێڕ دووکەڵ تێپەڕی؛ ئاسۆ چەند چرکە خۆی نواند؛ بەڵام ئەو لە تراویلکەدا هەر ئەژیا و هیوای لە دڵا هەر مابوو...!



# برینا پیرێ

**پاشا ئامەدی**
**(دیاربەکر)**

ژنەبیەک ب نەچاری و فەقیرتیا خوە ب کارێن گوندیان دەبارا خوە دکە، زارۆکێن خوە مەزن دکە. کو زارۆکێن وێ گهیشتن، کو کارەن باژارِی ژ وان تێ، پیرێ زارۆکێن خوە جڤاند و ژ وان رە دبێژە: «زارۆکنۆ، فکرەکی من هەیە کو هوون ژی بپەژرینن، ئەم ژ گوند دەرکەڤن، هەرِن باژارِێ دیاربەکرێ، دبێژن "دیاربەکر، جهێ زەنگین و فەقیرانە، هەر کەس خوە تێ دە خوەدی دکە و ب رەحەتی ژیانا خوە دەوام دکە" هوون دبێژن چ؟» زارۆکێن وێ تەڤ ژی دبێژن: دبە، دایێ، چما نابە، ژخوە عەرد و زەڤییێن مە تونن، ئەم ل بەر دەستێ خەلکێ دشخولن...

ژنەبی و زارۆکێن خوە مالا خوە بار دکن دەرن باژارِێ ئامەدێ. خانیەک پچووک ژ خوە رە کرێ دکن. زارۆک ژ خوە رە کار ب دەستێ خوە دخن و دشخوولن. کو دەبارا وان خوەش بوو؛ پیرەژن زارۆکێن خوە دزەوجینە. سال دەرباس دبن زارۆکێن وێ ناڤسال دبن، تۆرنێن وێ ژی دچن مەکتەبێ دخوینن. دایک ژی سال ب سال پیر دبوو، بوو ب سال. چاڤێن وێ ئێدی نەدیدیت، لێ دلێ دایکێ نە خوەش بوو. پیرەژن تەنێ ب نمێژ و عیبادەتێ ڤە مژوول دبوو؛ زکر و ویردێن خوە ددۆماند، پێ دلێ وێ خوەش دبوو، سەبرا وێ پێ دهات. لێ دایک هەر تم دلێ خوە خەراب دکر، کو نە ژ نمێژ و تاعەتێ ببا وێ دین ببا و ب چۆلێ بکەتا. جار ژی کو ژێ بهاتا وێ ژ زارۆکێن خوە رە بگۆتانا «من بن گوندێ من...» لێ نکاربوو دەست ژ زارۆکێن خوە بکە.

ژنەپیر ژ زارۆک، بووک و تۆرنێن خوە پرِ حەز دکر؛ و ب وان کێف دگرت. لێ ژیانا وێ نە تو ژیان بوو، هەر تم دفکری... زارۆکێن وێ فەهم کربوو کو دەردە وێ هەیە لێ دەردێ وێ نزانیبوون. زارۆکێن وێ جارنا دگۆتن: «دایێ، دایکا من، دەردێ تە چ یە، تو چما دەردە خوە ژ مە رە نابێژی؟..» دیا وان ژی: «ئەز چ ببێژم، لێ ژیانا من، نە تو

ژیانه.» و دەڤ ژێ بەردا.

چەند رۆژ چوو، کو بوو «ئۆف، عوف»ا پیرێ. کورێ مەزن ژ دیا خوه ره: «دایێ، تو یێ دەردێ خوه ژ من ره ببێژی، کا دەرتێ تە چ یە؟ گەلۆ بووک نان نادن تە، ل تە تەعدێ دکن، ئان ژی مە دلێ تە ژ خوە هیشتی یە...» دایک مێزە دکە کو کورێ وێ ژ وێ ناگەرە. پیرێ دەست ب دەردێ خوه دکە و دبێژە: «کورێ من، ئەز دیا وە مە، ئەز پیرەژنم، ئەز خوەدی زارۆکم، مالا من هەیە، ئەز نە برچی مە، لێ هوون ژ حالێ من فەهم ناکن، ئەز ژی ژ وە. هوون ب زارۆک و ژنێن خوه رە قسە و گالەگالان دکن، کێف کێفا وە یە. لێ هوون ل من نافکرن؟» کورێ وێ:

* چما، چ بوویە؟

* چەر چ بوویە، کورێ من، ئەز چاوا ژ وە رە ببێژم؛ وە عورف و عەدەتێ خوه ژ بیر کریە، چەکێن وە بوویە وەکا بیانیا، فەرقا ژیانا وە و گاوران فەرق ناکە.

یا دن؛ هوون دەرن کارێن خوه و تێن، ژیان ژ وە رە خوەشە، لێ هوون نابێژن ئەم، ژن و زارۆکێن مە د چ حالی دە نە. ئەز قایلم کو ژ تۆرنێن خوه حەز بکم، ب وان رە قسان بکم و ببێژم، کو ئەز ژ وان فەهم بکم، ئەو ژی ژ من. .ئێ دن وەختا کو هوون ب ژن و زارۆکێن خوه رە قسان دکن ئەز ژ وە فەهم ناکم، ب وە رە ناکەنم و ناگریم. کو کورێ مرۆڤ، بووک و تۆرنێن مرۆڤ ب زمانێ خوه یێ کوردی قیسا نەکە و ب زمانێ ترکی قسان بکە وێ دیا وە چاوا ژ وە فەهم بکە و ب دەرد و شاهیا وە کێف و خەمگین ببە.

کورێ من، رەوشا وە و یێ من نە باشە. یانێ کو هوون، بووک و زارۆکێن خوه ب من رە قسە نەکن، هوونێ ب کێ رە قسان بکن.

یا دن ژی هوون هەیا ئێڤارێ ب ژن و زارۆکێن خوه رە ب زمانێ ترکی قسان دکن، ئەز ژ وە فەهم ناکم. هوون تەلەڤیزیۆنێ ڤەدکن هەیا سبێ زمان ب ترکی یە، هوون ژێ فەهم دکن لێ ئەز، ئەز ژ بەر زمانێ وە یێ ب ترکی ب وە رە هەر تم کەرِ و لالم. ژخوه چاڤێن من نابینە، قەنە ژ گۆتن و قسێن وە فەهم بکم. ل مالێ عەجز دبم و دلێ من تەنگ دبە. هەدووریا من نایێ و بیرینا من کوورە.

گەلۆ هایا وە ژ وە هەیە؟ وە خوه دایە زمانێ ترکی، وە ژیانا دیا خوه مەحف کر، یێ زارۆکێن خوه ژی. کو زارۆکێن وە بزەوجن وێ زارۆکێن تۆرنێن وە ب چ زمانی قسە بکن. وە زمانێ باڤ و کالێن خوه ژبیر کر، وە ب زمانێ خەریب گرت. وە ژیان ل من هەرماند. بووک و زارۆکێن مە ب ترکی قیسان دکن، جیرانێ مە تێن، ئەو ژی ب ترکی قسان دکن، مرۆڤێن مە تێن مالا مە دیسا ب ترکی قسە دکن، ئەز دیسا ژ وە فەهم ناکم، تۆرنێن من جارنا تێن جەم من، تەنێ دبێژن «پیرێ، چاوا ی، باشی؟» کوردیا وان تەڤ ئەوە و دقەدە.


حەزکرنا تۆرنێن من د دلێ من دە مایە، کو ئەز دخوازم دەستێ خوه د سەرێن وان بدم و پاچ/ ماچ بکم، ژ من درەڤن، ژ بۆ چ ژ من درەڤن، ژ بەر کو ژ من فەهم ناکن. هوون ژی زانن کو مرۆڤ ب رێیا قسان ژ هەڤ حەز دکە و ب هەڤ شێرین دبە. کو زمان تونەبە و ژ هەڤ فەهم نەکە، مرۆڤ ژ هەڤ سار دبە. حەزکرن ب زمان و قسەیان دبە. لاو مە ئەم ژ کو هاتن؛ هوون کی نە، بووکێن مە و ئەم تەڤ ب ترکی نزانیبوون، نها ژی ل خوه ناگرن کو ب کوردی قسان بکن، خوەسکا ترکیا وە ژی باش ببا. ل خوه هایداربن؛ هوون نزانن ب ترکی ژی قسا بکن کورێ من، ژ بەر کو هوون ب کوردی قسان ناکن، زمانێ مە ژ وە و ژ بووکێن مە رە خەریب تێ.

کورێ من، ئەز مرۆڤم، هەستێن من ژی هەنە؛ کو ئەز ب وە رە، هوون ب من رە قسان نەکن ئان کو ئەز ژ گۆتنێن وە فەهم نەکم ئەز ژ وە چاوا کێفێ بگرم. قەی ئەز ل مالێ نە کەڤرێ سەر دیوانێ مە، ئەز ژ دیوارێ رە قسا بکم.

گەلۆ ئەز شاشم ئان هوون شاشن. لێ نها ئەز د چ حالی دە مە هوون نزانن. ژ خوه چاڤێ من نابینە، ژیانا من تاری یە. ئەز ل مالا خوه مە ژی ئەز دبێژم قەی ئەز ل مالا ترکا مە و نیڤانم. وە ژیانا خوه حەرام کر و ژیانا من ژی... ئەسل، کۆک و زمانێ خوه ژ بیر نەکن، ژیانا خوه ژی ل گۆر دینێ موحامەدی باژۆن. ژ خوه رە ئاقلێ خوه بینن سەرێ خوه و ژیانەکە نوو دەست پێ بکن. کورێ من هینا ژی هوون پڕ دەرەنگ نەما نە...

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ل مالپەرێ (وەلاتێ مە) دا، ب رێنڤیسا لاتینی هاتبوو بەلاڤکرن، ژ ئالیێ مە ژبۆ رێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە ڤە هاتە ڤەگواستن.**

**«رامان»**



# کۆشکی بلوورین

**سەباحەدینی عەلی**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

سەردەمانێک سێ برادەر هەبوون، گەڕانیان لە کارکردن پتر خۆش دەویست، ئەمڕۆ بۆ سبەینێ بەڕێکردن، لە یەک لەو شوێنانەی کە دەچوون ڕوویان دیتبا، لە پێنج شوێنی دیکە دەردەکران، بە خۆیاندا ڕانەدەپەرموو بەدەستی خۆیان بژێوی پەیدا بکەن و بە ئارامیی دڵ بیخۆن، چونکە دەستیان لەسەر کار ڕانەهاتبوو، ڕۆژێک دوای ڕاگوزارییەکی دوورودرێژ، لەبان گردێکی بەرز ڕۆنیشتن و بە سەرسوڕمانەوە سەیری شارێکی گەورەی بە دەشتەکەی خوارەوەدا بڵاوبووەوەی خوارەوەیاندا دەکرد، بە خەمەوە، بیریان لەوە دەکردەوە، داخۆ لەم شوێنەی کە نایناسین، چۆن پێشوازی دەکرێین؟ بیرۆکەیەکی خراپ بەبیری یەکێکیاندا هات، یەکسەر لە جێی خۆیەوە هەڵبەزی:

– بێن لەگەڵمدا پێکەوەمان لەم شارەدا کۆشکی بلوور بنیات بنێین، تا کۆتایی تەمەنمان بە دەستڕۆیی، بە ئارامی دەژین!

ئەوانی کە بەیەکەوە پرسییان:

– ئەم کۆشکی بلوورە چییە ئەمجا؟

ئەوەی پێشوو گوتی:

– لێی مەوەستن، با کات بە فیڕۆ نەدەین، بەڕێوە تێتان دەگەیەنم! و ئەوانی خستە دووی خۆی، بە نشێوەکەدا وەک مەل بە پەلەکوتێ بەرەوخوار بوونەوە، سەردەستە بەڕێوە بە چوار پێنج قسە هاوڕێکانی فێر کرد لە گەیشتنە شاردا چۆن هەڵسوکەوت بکەن.

ئەو شارەی چوونێ، شارە گەورەی وڵاتەکە بووە، لەم وڵاتەدا هەموو میللەتەکە کاریان دەکرد، هەرکەسەو ئەو کارەی

دەکرد کە لە دەستی دەهات، دەسەڵاتدار سەربەخۆ وەک بەگگەل دەژیا، لە کێڵگەکاندا، لە دووکانەکاندا مرۆیەل چون مێشەنگ کاریان دەکرد، ئەوەی قازانجی دەکرد یارمەتی ئەوەی دەدا قازانجی نەبووە، سامانی خۆی بەپێی پێویست لەگەڵ ئەوانی دی دەگۆڕییەوە، بەبێ شەڕ و بەبێ کێشە، بە بێ وەستا و بەبێ شاگرد، دەگەییە کۆتایی تەمەنی خۆی، ئەو کەسانەی بۆ دەرخستنی کاری رۆژانەیان و هێورکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان، لە ناو خۆیانەوە هەڵیانبژاردبوون، لە خزمەتکردنی هاوشارییانی خۆیان بەولاوە بیریان لە هیچی دیکە نەدەکردەوە، زۆرداربیان تەنانەت بەبیری خۆیانیشدا نەدەهاورد.

دەمی هاتنی سێ دۆستەکەی خۆشمان، دەمی بازاڕی شار بووە، لە کۆڵانەکاندا دەغڵودان، میوە، چنراو، کاڵا، ئاسن، خەڵووز، کۆمەڵ کۆمەڵ دانرابوون، لە نێو کڕیار و فرۆشیاردا کار بەبێ نێوانبین بە ڕێوە دەچوو، دۆستەکان بەپێی ئەو یەکدەنگییەی لە سەری ڕێک کەوتبوون، بەبێ کار بە کۆڵانەکاندا دەسووڕانەوە و بەدەوروبەریاندا دەڕوانی، سەریان خستبووە خوارێ، بە شێوەیەک دەدووان کە ئەوانە نەیاندەبیست بە تەکیاندا ڕەت دەبوون:

ئای ئای.. شارێکی سەیرە ها! - لە کۆڵانێکەوە دەرچوون، گەییونەتە کۆڵانێکی کە، لەوەوە هاتوونەتە دەرێ خۆیان بەکۆڵانێکی دیکەدا کردووە، بەڵام هەر بە سەرسامییەوە هەر ئەو قسانەیان دووبارە کردووەتەوە. تا هاتووە، کۆمەڵێکی مەراقداریان بە دووی خۆیاندا خستووە، لە نێو خۆیاندا دەستیان بە قسە کردووە، داخۆ ئەم بیانییانە چی وڵاتەکەیان بە سەیر زانیوە، لە کۆتاییدا یەکێکیان خۆی ڕانەگرتووە و لە بیانییەکانی پرسیوە:

- بیکە لەڕێی خودا سەیرتان لە چی هاتووە؟

سەردەستەی دۆستەکان، وەک بیەوێ بزانێ دەپرسێ:

برالە، کۆشکی بلوورینی شاری ئێوە لە کوێیە؟

- کۆشکی بلوورینی چی؟

چۆن؟ ئێوە کۆشکی بلوورینتان نییە؟

- ئەوە چییە؟

سەردەستە ڕووی کردە ئەوانەی لەلای بوون، گوتی:

- ئای خودایە، هێشتا نازانن کۆشکی بلوورین چییە؟! چۆن لە شاری وەهادا بمێنین، دەی با بەڕێی خۆماندا بچین!

خەڵکی شار پتر کەوتوونەتە مەراقەوە، پشتی دۆستەکانیان بەرنەداوە، پێنج شەش هەنگاو ڕێیان دەکرد و دیسانەوە دەیانپرسی:

- گیانەکەم، ئەم کۆشکی بلوورین-ە چییە؟ دە پێمان بڵێن با بزانین ئەگەر شتێکی پێویستە ئێمەش بنیاتی دەنێین!

پێویست یانی چی؟ ئەو شارەی کۆشکی بلوورینی نەبێ، پێبەندی کۆشکی بلوورین نەبێ دەبێتە شار؟ دەی دۆستینە بابڕۆین!

خەڵکی شار بە پەلە لە نێو خۆیاندا گفتوگۆیەکیان کردووە، دوایی هاتوونەتە لای بیانییەکان و گوتوویانە:

شاری ئێمە بۆچی لە شارانی دیکە کەمتربێ؟ کە ئەمەندە پێویست بێ، دە با هەموو پێکەوە ئەم کۆشکی بلوورینە دروست بکەین!

سەردەستەی بیانییەکان دەڵێ:

نابێ... نابێ... بنیاتنانی کۆشکی بلوورین ئەوەندە سانا نییە... خەرجیی دەوێ، کەرەستەی دەوێ، کرێکاری دەوێ. لە ئێمەش گەرێن با بچینە شارێک کۆشکی بلوورینی هەبێ! بەڵام خەڵک لێ نەگەڕاون و بەرگریيان کردووە و گوتوویانە.

- هەرچییەک پێویستە با بیاندەینێ، نامانەوێ لە شارەکانی دیکە نزمتر بین! دانیشتوون و تێچوویان ژماردووە، یەکسەر دەست بە کاربوون، سێ دۆستەکە بیناسازیی کۆشکەکەیان لە ئەستۆ گرتووە، کرێکاریان لە ناو خەڵکەوە هەڵبژاردووە، ئۆتۆمبێلیان تەرخان کردووە و دەستیان بە گواستنەوەی لم و هێنانی ڕەژوو بۆ گەورەترین گۆڕەپانی شار کردووە، بەشێکیشیان بۆ هێنانی خۆراک و خواردنەوە و کاڵای پۆشاک بۆ ئەوانەی کاریان لەوێ دەکرد، دابین دەکرد، ئەنجام، شووشە تونێنراوەتەوە و دیوارە بلوورینەکان بەرز بوونەتەوە، کە نهۆمێک تەواو بووە، سێ دۆستەکەی تێدا نیشتەجێ بوون، بە خەڵکیان گوتووە:

ئیدی، دەکرێ بێژرێ کۆشکی بلوورین هاتووەتە کایە، هێشتا تەواو نییە، لە گەورەیی شایانی پایەی شارەکەتاندا نییە، بەڵام، ئەویش دەبێ، ئێستاکە دەبێ بە چاکی پارێزگاری لەمە بکرێ، دەبێ گەورەتر بکرێ. پیاوی بۆ تەرخان بکەن، خۆراک و نۆشاک پتر کەن، ئەو پیاوانەی لە ناو خۆشتاندا هەڵتانبژاردوون بەڕێیان بخەن، ئێمە گشت کارێکتان ئەنجام دەدەین...

خەڵکەکە، بەوەی کە ئیدی کۆشکی بلوورمان هەیە، کەیفیان بووە، لە خۆراک و لە پۆشاکی خۆیان گرتووەتەوە و داویانەتە ئەوانەی لە کۆشکی بلوور دانیشتوون و ئەوانەی بۆ خزمەتی ئەوان تەرخان بوون. دوای ماوەیەکی کەم فەرمان لە کۆشکی بلوورەوە دەرچووە:

پێویستە نهۆمێکی دیکەشی بنرێتە سەر، ئێرە بۆ ئێمەش و بۆ ئەوانەی خزمەتیشمان دەکەن بەرتەسکە.

ئۆتۆمبێلەکان سەرلەنوێ لمیان گواستووەتەوە، دەوار و مەڕ، بە جەوالْ دەغڵودان و بە بەرچن میوەیان بۆ ئەفەندییەکانی کۆشکی بلوور و ئەوانەی خزمەتی ئەوان دەکەن و ئەوانەی کار لە بنیاتەکەدا دەکەن، دەهێنا کە نهۆمی دووەم تەواو بوو، سێ دۆستەکە ئەو کەسانەیان وا بە کاری خۆیان دەهاتن لە ناو خەڵکەکە هەڵبژارد و لەوێ نیشتەجێیان کردن، ئەمانیش لێرە، تامی ژیانی ئەستوکی دەست و ئاوی گۆلیان چێشت، باوەڕیان بەوە هێنا بوو کۆشکی بلوور شتێکی زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی باوەڕ بە هاوشارییەکانیشیان بهێنن کەمتەرخەمییان نەدەکرد، بەم شێوەیە کۆشکی بلوور تا دەهات بڵندتر دەبووەوە، نهۆم سواری نهۆم بووە، ناوەوەشی ئەوەندەی کراوە پڕ کراوەتەوە، ئەوەی ڕێی چوونە ناو کۆشکی بلووری هەبوو، لێ دەرچوونەوەی نەدەویست. بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەوانەی لە دەرەوە مابوونەوە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێیەکیان دەدا بۆ فڕاندنی شوێنێک لە ژوورەوە، بەڵام بەخێوکردنی ئەوانەی لە کۆشکی بلوور دادەنیشتن و ئەوانەی خزمەتیشیان دەکردن، پشتی خەڵکی چەماندبووەوە، کەسانی بەبۆڵەیان تێدا پەیدا بووبوون، ماوەیەک بەم جۆرە دەردەکوتن و دەیانگوت:

تێگەیشتین، کۆشکی بلوور پێویستە، بەڵام ئەم هەموو ژوورە، ئەمەندە حازرخۆرە بۆ چییە؟

سەردەستەی سێ دۆستەکە ئەرکی هەر ژوورێکی بەوان ڕاگەیاند:

ئیدی، گوتوویەتی، لەم ژوورەدا من دادەنیشم، لە سەرووی کۆشکی بلووردا من هەم، بێ من ئەم کارە بەڕێوە دەچێ؟ من نەبوومایە کۆشکی بلوورتان دەبوو؟ ئەم ژوورانەش هی گەورە یاریدەدەرانمانن... لە دوورەوە هاتین تا کۆشکی بلوورتان بۆ بێنینە کایە، ئێمە بەڕێوەیان نەبەین، نە کۆشک دەمێنێت، نە ئێوە دەمێنن!

خەڵک گوتوویانە:

باشە، بەڵام پێویست بەم هەموو مووچەخۆرانە چییە؟ بۆ نموونە ئەمەی لەم ژوورەدایە چ دەکات؟

ئەوە دەڵێی؟ ئەوە چی دەڵێی؟ ئەو ژمێرساریی ئەو کاڵایانەی دێنە ناو کۆشکی بلوورەوە ڕادەگرێ، ئەو سەری ئەوانەیە کە ئەو کاڵایانە کۆ دەکاتەوە، ئەو نەبێ، هیچ کامێکتان نازانن ئەوەی ئێوە دەیدەن بۆ کوێ دەڕوا، ئایا دڵتان بەمە ڕازی دەبێ؟

ئێییی... ئەوەی لەم ژوورەدایە؟

ئەم، ئەوانەی کاڵا لە کاتی خۆیدا نانێرن، کاڵا بە تەواوی دەنێرن، ئەوانەی نەیانەوێ ڕێز لە کۆشکی بلوور بگرن و دژایەتیی بکەن، دەگەڕێ و دەدۆزێتەوە... دەبێ ئەم جۆرە شیرناپاکانە بەبێ بەرپرس لێیان گەڕێی؟

باشە، ئەدی ئەوەی ئێرە؟

دەفتەری ئەوانە ڕادەگرێ کە دێنە ناو کۆشک و دەچنەوە دەرێ،

ئەمەش تێگەیشتین، ئەی ئەمەی لەم ژوورەدایە؟

ژوورەکانی کۆشکی بلوور بەگسکدان دەدا...

خەڵک هەرچییەکیان پرسی بێ، وەڵامیان دراوەتەوە، بڕوایان بە زۆر پێویست بوونی هەموو ژوورەکان و ئەو مرۆڤە مووچەخۆرانەی تێیاندا دانیشتوون کردووە، چونکە هەندێک لەمانە سەروەستای دابین کردنی رووناکین، هەندێکیان بەرپرسی ڕایەخن، هەندێک شاگردی ئەوانەن، هەندێک شاگردی شاگردەکان بوون، دەی، ئیدی کە کۆشکی بلوورین هەبێ، ئەوانەی چاودێریی خزمەتکردنی دەکەن، هەڵبەتە ئەم خزمەتکارانەش دەبێ خزمەتکاریان ببێ، بەڵام تا ئەوانەی لە ناو کۆشکی بلووریندا بوون زیادیان دەکرد، خەڵکەکە توانستی تێرکردنی ئەوانەیان نەدەما، ئەوجا پیاوانی کۆشکی بلوورین هاتوون بە زۆر خۆراک و پۆشاکی هەموو کەسێکیان لێیان وەرگرتووە. (direyenleri Ayak)یان هێناوە و لە ژێرزەمینییان داناون. خەڵک، لە توانایاندا نەبووە خۆیان لەم مێزەرە بەڵایەی لە سەری خۆیاندا پێچاوە، ڕزگار بکەن، چونکە پیاوانی کۆشکی بلوورین، لەو شوێنانەدا کە تێیاندا دەگەڕان و دەسووڕانەوە، دەیانگوت ئەوەندە پتەوە بە هیچ هێزێک ناڕووخێ. کەسانی ساویلکەیان بڕوایان بەمە پێ دەهێنان، ئەوانەی بڕوایان بەمە نەدەکرد، بە هەزار و یەک جۆرە زۆرداری و فێڵ دەمکوت دەکران، کۆشکی بلوورینیش چاوی تێر نەدەبوو، تا دەهات داوای دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە سەرەوە بوون، زگماک تەمبەڵ بوون، ئەوانەی دواتریش لێیان نزیک بووبوونەوە دەمێک

بوو کــارکــردنیــان لە بیــر چووبووەوە، تەنانەت بە بیریشیاندا نەدەهانی کە بەرانبەر ئەمە شتێلێک قەرزاری ئەوانن کـە بە خێـویان دەکەن، تەنیـا چاویان لە خزمـەتی یەکدی بوون، تەنانەت ئەوەندەی لادێییەک کە لە چێڵ و سەگەکانیان دەڕوانن، بایەخیان بە خەڵکی شار نەدەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکەکـە چاویان شکا بوو، ئەوەی لە چنگ و مشـتـیـدا بوو دابووی، ئیـدی ڕۆژێکیـان هیچ نەمـابوو بیـدەن، چونکە بـە فـەرمـانێک کـە لە کـۆشکی بلوورینەوە دەرچوو بوو، جاڕ درابوو هەمـوو کـەسێک دوا مەڕێکی کە بە دەستەوەی مابوو، دەبوو بیدا، هێنابوویان و بەدەستـەوەیان دابوون، بە جوێن و بۆڵـەوە بڵاوەیان لێ کردبوو، سەردەستەی دۆستانی ناوکۆشکە بلوورینەکەمان کە هەستی بەوە کردبوو، بەم جۆرە بۆڵە بۆڵ کردنی ئەوان، لەبەر ئەوەبووە کـە ئەوان هیـچی وایان نەما لێی بترسن، دەچێتە باڵکۆنی کۆشکی بلوورین و دەنگی خۆی بە تام دەکا و بەوان دەڵێ: – ئەی میللەت، شتێلێکی زۆرتان دا، بەرگــەی زۆر تەنگانەتان گــرت، بەڵام کــۆشکێکی بلوورینی واتـان بەدەست خــست، دۆست و دوژمـن پێی سـەرسـام بووە، بەرانبـەر مـەزنیی ئەو، بریقـەداریی ئەودا سێ چوار جەواڵە دانەوێڵە، چوار پێنج دەوار چییە؟ ئێمە بۆ ناوبانگی ئێـوە، بۆ سـەربەرزیی ئێـوە کـار دەکـەین، لە چاکەی ئێوە بەولاوە بیر لە هیچی کە ناکەینەوە، بڕوانن، تەنانەت ئەو مــەڕانەی ئەمــڕۆ هێناوتانە هەمــوویان نەخواردووە، لە قـوڕگمـانمان بڕییـەوە، بەشێکی دەدەینەوە ئێوە، کەللەی هەمـوو مـەڕەکـان بـا بەسـەر خەڵکدا دابەش بکرێت! خزمـەتکارێکی زۆر کـە لە کـۆشکی بلوورینەوە چوونە دەرەوە، کەللەسەری ئەو مەڕانەی پێش تۆزێک بە زیندوویی چووبوونە ئەوێ، ئێستا سەریان بڕاوە و کەوڵ کراون و دەست بە کەباب برژاندنیان کراوە، بەسەر خەڵدا دابەش کـرا، ئەوانەی کـەللەسـەرەکـانیـان وەرگـرتبـوو، خەریکی بڵاوبوونەوە بوون، لە ناویانەوە یەکێک سەیری کەللەکەی کرد و بە سەرسوڕمانەوە هاواری کرد:

باشە بەڵام مێشکی ئەم سەرانەیان بردووە! سەردەستە لە باڵکۆنەوە هاتووەتە دەنگ: وایە، بەڵام ئێـوە چی لە مێشک دەکەن؟ لێنانی نازانن و زیان دەکەن.

یەکێکی دیکە هاوار دەکات:

– باشە، ئەم کەللانە زمانیشیان نییە!

سەردەستە کە بەرەو خوارەوە چەماوەتەوە:

گیانە، ئێوە پێویستتان بە زمان نییە! پێتان ناخورێ!

کـەسێکی سێیـەم: ئێ.. چاوی ئەم کەللەسەرەشیـان دەرهێناوە!

سەردەستە وەڵامی ئەویشی داوەتەوە:

ئێوە بەکار هێنانی ئەو چاوە نازانن، واز لەویش بێنن.

لەسەر ئەمە خەڵکەکە، بە کەللەسەرە بێ مێشک و بێ زمـان و بێ چاوەکـانەوە خـەریک بوون بڵاوەی لێ بکەن، لە ناویاندا یەکـێکی لە گـیـانی خـۆبێزار گـوتی: کـەللە سەرێکی وەهاش پێویستیی بە من نییە! کەللەسەرەکەی کە لە شاخەکانییەوەی گرتبوو، تووڕ هەڵدا، ئیدی ئەوسا شـتـێـک ڕووی دا هەمـوو کـەسێکی سـەرسـام کـرد، ئەو کەللەیەی بە تیژی چوو و بە کۆشکی بلوورینی دادا، بە – شریقە – یەکەوە کەلێنێکی گەورەی کردەوە، خەڵکەکە کە بینیـیــان ئەو کـۆشکی بلوورینە گـەورە و گـرانەی وایان دەزانی لە هەمـوو شتـێک پتـەوترە و هەرگـیـز ناڕووخێ و ناشکێت، ئەمـەندە چرووکـە، دەسـتـیـان بە تووڕهەڵدانی یەک بە دوای یەکی کەللە سەرەکـانی دەستیـان کـرد، لە چاوقــووچاندنێکدا کــۆشکی بلووری بەفــری خــوێنـاوی هەرەسی هێنا، ڕووخا، زۆر کەس لەوانەی لە ناویدا بوون لە ژێر شـووشـەی شکاودا پڵـیـشـانەوە، ئەو چوار پێنج کــەســەی لە نزیکی دەرگــاوە بـوون بە زەحــمــەت ڕزگــار بوون... خەڵکەکە داروپەردووی کۆشکەکەیان زوو خاوێن کـردەوە، تێگەیشتن کـە دەتوانن بە بێ ئەو لە جـیـهـاندا بژین، گـەڕانەوە سـەر ژیانە کـۆنەکـەیان، کـاریان، دیسـان بەو پیـاوانە ڕاسپـارد کە لە نێـو خۆیاندا هەڵیـانبـژاردن، بەڵام بیـرەوەریی بەدی کـۆشکی بـلوورینیـان تا مـاوەیەکی درێژ لەبیر نەکرد. بۆ ئامۆژگاری، پیرەمێردەکان باسیـان لێ دەکرد.

**سەرچاوە:**

**http://www.benimblog.com/alisahin/27917/SIR%C7A+K%D6%DEK++SABAHATT%DDN+AL%DD.html**



## محەمەد ساڵح سەعید :
# لە حزبایەتیدا پێش کەوتم و لە ئەدەب پچڕام.. تا ئێستاش ڕێزێکی وامان لێ نەنراوە شایستەی کارەکانمان بێت.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٢)**

محەمەد ساڵح سەعید وەک نووسەر، ڕۆژنامەنووس، کەلەپوورخواز، زمانەوان، پەروەردەکار ناوی دێتە پێشەوە، کە لە کۆتایی ساڵانی چلەکان و سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستی بە نووسین و چالاکییەکانی خۆی کردووە. سەرەتا بە شیعر دەستی پێکردووە، پاشان کەوتووەتە سەر نۆڤلێت و ڕۆمان نووسین.

لە زووەوە چووەتە ناو دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، بۆیە هەر لە قوتابخانەی (مەنار) بووە کە ژمارەیەکی لە گۆڤاری (چیا) دەرکردووە، دواتر هەر لەو قوتابخانەیەدا ژمارەیەکی لە گۆڤاری (گزنگ) دەرکردووە، لەو دەستپێکەوە حەزی بە ڕۆژنامەوانی کردووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ هاوکارانی کەوتووەتە دەرکردنی گۆڤاری (بڵێسە) کە تا ڕۆژ داخرانی (١١) ژمارەی لێ دەرچووە.

دوای دابڕانێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ئەم جارە لە گۆڤاری (کەلەپووری کورد) تێهەڵدەچێتەوە و وەک بەڕێوەبەری نووسین دەست بەکار دەبێ کە تا ئێستا (٢٣) ژمارەی لێ دەرچووە، لە پاڵ ئەو گۆڤارەشەوە، خەریکی دەرکردنی گۆڤاری (وەشت) بووە کە وەک بەڕێوەبەری نووسین تا ئێستا (٢٢) ژمارەیان لێ دەرکردووە.

لە بواری نووسینی نۆڤلێت و ڕۆماندا، تائێستا (٤) نۆڤلێت و ڕۆمانی دەرکردووە و چەند دانەیەکیشی بەدەستنووس لەلای خۆی ماونەتەوە و جارێ چاپ نەکراون، ئەم کارانەی بە چاپی گەیاندوون بۆ سەردەم و قۆناغی خۆی پێویست و گرنگ بوون.

لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا (٣٠) ساڵ خزمەتی بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵی کورد کردووە، کە (١٠) ساڵی وەک مامۆستا و (٢) ساڵی وەک یاریدەدەر و (٨) ساڵ وەک بەڕێوەبەر و (١٠) ساڵ وەک سەرپەرشتیاری پەروەردە کاری کردووە، هەروەها لە دانان و وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکانیشدا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە.

تا ئەمڕۆ کە تەمەنی خەریکە بەرەو (٨٥) ساڵ دەڕوا لە کارو چالاکی خۆی بەردەوامە، چونکە دوای خانەنشین بوونی (٦) ساڵ لە (کوردۆلۆجی) کاری کردووە، (٣) ساڵی لیژنەی سەرەکی بووە لە ئامادەکردنی بەرنامەی کار و ساڵێکیش بە گرێبەست بەڕێوەبەری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی زانکۆ بووە، بێجگە لە کاری ڕۆژنامەنووسی و نووسینی خۆی کە تا ئەو ساتەوەختە بەردەوامە.

ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا وەک پیشەی هەمیشەییمان لە بەسەرکردنەوەی قەڵەمە پێشەنگەکان مامۆستا محەمەد ساڵح سەعیدمان بەسەر کردەوە و لە ئەزموون و وێستگەکانی ژیانی ئەدەبی و پەروەردەیی و ڕۆژنامەنووسی و زمانەوانی ئەومان پرسی کە ئەو هەڤپەیڤینە بەرهەمی ئەو بەسەرکردنەوەیە.

**رامان:** لەپێشدا بەخێرهاتنت دەکەین.
**محەمەد ساڵح سەعید:** سپاستان دەکەم، ئێوە بەخێر بێن، سەرچاومان.
**رامان:** زۆر سپاس. پێم باشە وەک گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەپێشدا لە سەرەتاکانی ژیانی تۆوە دەست پێبکەین.
**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، من شادمانم کە لەگەڵ تۆی بەڕێزدا دادەنیشین. ڕامان، خۆی ڕەهەندێکی تایبەتی هەیە و خەریکە مێژوویەک بۆ خۆی دروست دەکات. بە لای منەوە ڕامان بەتەنیا لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کاریگەرییەکی گەورەی بۆ سەر پێشکەوتن و گەشەی ڕۆشنبیریی کوردی هەیە و دەستنیشانی کەلێن و کەموکورییەکان دەکات و هەوڵی بەرەوپێشچوون و گەشە و زانیاریی زیاتر بۆ نەوەی نوێی نەتەوەکەمان دەدات، چونکە خۆم لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ئەزموونێکم هەیە، بەڵام سەیری ئەزموونی هەر یەکێکی بەڕێزی وەک تۆ دەکەم، هەڵمەتێکی گەورەی تێدا بەدی دەکەم، ئەم کارە خۆڕەتاندن و خۆبەختکردن و کارێکی هێندە زۆر و سەیری تێدایە، ئەگەر دانیشی و ڕەچاوی بکەیت و بیری لێ بکەیتەوە، سەرسام دەبی بەوەی کە ئەم مرۆڤە بۆچی خۆی وا دەڕەتێنێت؟
**رامان:** زۆر سپاس بۆ ئەوەی دەیفەرمووی.. پێم باشە باسێکی ئەو ژینگە خێزانییەی خۆتمان بۆ بکەیت کە تێیدا پەروەردە بووی، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەی کە تێیدا ژیایت، لەو کاتەوە کە فامت کردووەتەوە و چاوت لە ناو خێزانەکەتدا هەڵێناوە، ئایا چەندە دەرفەتی لەبار هەبووە بۆ ئەوەی ڕوو بکەیتە دنیای نووسین و خوێندنەوەوە؟
**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڕاستی، یەکەم خێزان، دووەم دەوروبەر و سێیەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژین، کاریگەرییەکی زۆر گەورە دەکاتە سەر گەشە و پەروەردەی مرۆڤەکان.
**رامان:** سەرەتا پێم باشە لە خێزانەوە دەست پێبکەین.
**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەگەر لە خێزانەوە دەست پێبکەم، من لە گەڕەکی مەڵکەندی لە دایک بووم، باوکم و باپیر و باپیرە گەورەشم هەر لە مەڵکەندی بوون.
**رامان:** ئەی پێش ئەوە لە کوێ بوون؟
**محەمەد ساڵح سەعید:** پێش ئەوێش لە دەباشان بوون، کە هەر پێوەندی بە مەڵکەندییەوە هەیە، ئێمە



**محەمەد ساڵح سەعید – ئازاد عەبدولواحید**

لەوێ نیشتەجێ بووین.
**رامان:** خێزانەکەتان بەچییەوە خەریک بوون؟ کاروپیشەیان چی بووە؟
**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێمە خاوەن زەویوزار بووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە خاوەن زەویوزار بووین، زۆربەی خێزانەکەمان کاری کشتوکاڵیان نەکردووە، بەڵام ڕاستەوخۆ لە ژینگەیەکی کشتوکاڵیدا بەخێو کراین.
**رامان:** نەختێ باسی مەڵکەندی مان بۆ بکە کە گەڕەکێکی کۆن و دێرینی شاری سلێمانی یە؟
**محەمەد ساڵح سەعید:** مەڵکەندی، کە هێندێک جار شارییەکان پێیان دەوت دێی مەڵکەندی، خۆی دێیەکی کۆنە، نەریتێکی تایبەتی خۆی هەبووە و دەتوانی بڵێی لەنێوان شارستانی و گوندیدا بووە، یانی سەربوردەی ژیانی لادێی هەبووە. بۆ نموونە، من کە چاوم هەڵێناوە بەردەمی ماڵەکەمان کانیی ژنان بووە، کانییەکە شەش حەوت مەتر لە دەرگای ماڵەکەمانەوە دوور بوو. خانوویەکی دوورودرێژمان هەبوو؛ لە سەرەوە دوو ژوور و هەیوانێک، لە ژێریشیدا دوو ژوور و هەیوانێک و حەوشەیەکی درێژ، ئینجا دوو ژوور و داڵانێک بوو.
**رامان:** کە زەویوزارتان هەبووبێ، دەبێ ئاژەڵداریشتان کردبێ؟
**محەمەد ساڵح سەعید:** من بیرم دێ، بە منداڵی حەیوانمان هەبوو، وەک چۆن لادێ حەیوانی هەبوو، لە مەڵکەندی هەموو ماڵێک حەیوانی هەبوو، بەڵام خێزانەکەی ئێمە، بەتایبەتی ماڵی ئێمە و ماڵی یەکێک لە خاڵەکانم، کە مەلا محەمەدی مەڵکەندی یان پێ دەوت، هەر بۆ کاتی شیر و دۆ و ماستەکە حەیوانەکانمان ڕادەگرت، کە شیر و ماست و دۆکەی نەدەما، باوکم بزن و

مەڕەکانی دەدا بە خەڵکی لادێکان و بە نیوەیی بەخێویان دەکردن. دیارە باوکیشم شتی بۆ دەکڕین، ئیتر من درێژەکەی نازانم.

**ڕامان:** کەواتە کە تۆ چاوت کردەوە، لە ماڵێکی خاوەن کشتوکاڵ و ئاژەڵدار بوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من کە چاوم کردووەتەوە، جگە لە حەیوان، لە ماڵی ئێمەدا و لە گەڕەکەکەمان و لە کۆڵانەکەمان و لە هەموو کۆڵانەکانی مەڵکەندی دا ئێستر و بارگین و هێندێک جار کەر و چەند ماڵێکیش گا و مانگایان هەبووە. مانگا بۆ شیر و دۆ و ماست و کەرەکەی بەخێو دەکرا، تەنانەت بەعزە ماڵێک شیر و دۆ و ماستەکەیان بە ماڵانی دیکە دەفرۆشت، بەڵام زۆربەی ماڵانی مەڵکەندی ئەو شیر و دۆ و ماستەیان هەر بۆ ئەوە بوو کە خۆیان بیخۆن و دەشیاننارد بۆ ناو شار.

**ڕامان:** ئەوەی دەتاننارد بۆ ناو شار بۆ فرۆشتن، یان بۆ دیاری بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە ماڵی ئێمە، لەگەڵ بەهار دەهات، ئیتر من، کە کوڕە گەورە بووم، برا گەورە بووم، وەک نەریتێک، دەبوایە بچم بۆ سەرکارێز، بۆ شێخان، بۆ نازانم کوێ، بۆ ناو شاری سلێمانی. هەر ئەوەندەم دەزانی دایکم دەیوت، حەمە ساڵح، بەشکەم ئەمڕۆ بچی ماست بەری، لەپێشدا شیریان دەنارد، ئینجا ماستیان دەنارد، ئینجا کەرە و دۆیان دەنارد، کە کەرەکە کەم دەبووەوە، ئینجا دۆیان بە دیاری دەنارد. لە مەڵکەندی دا ئەمە بووبوو بە نەریتێکی خێڵایەتی باو.

**ڕامان:** ئەو کاتە خۆ ئۆتۆمبێل نەبوو، بەچی دەتانبردن بۆ ناو شار؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێمە خۆمان ئێستر و بارگینمان نەبوو، بەڵام زۆربەی ماڵەکان ئێستر و بارگینیان هەبوو، لەگەڵ کوڕە گەنجەکانی هاوتەمەنی خۆمدا، ئەوانەی هەیانبوو، جاروبار دەچووین ئێستر و کەر و بارگینەکانمان دەبرد، لە تووی مەلیک، یان لە کارێزەکەی مەجیدبەگ، ئەو دوو کارێزە لە ئێمەوە نزیک بوون، ئاومان دەدان. کارێزی سێیەمیش کارێزی حەمەسوور بوو.

**ڕامان:** دیارە سلێمانی ئەو سەردەمە پشتی بە ئاوی کارێزەکان بەستووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** هەر هەنگاوت دەنایە دەرەوەی مەڵکەندی، هەمووی کارێز بوو، ئەم کارێزانە پەیوەست بوون بە بیرەوە، بیری تایبەتی هەبوو، بیرەکان خۆیان لە ژێرەوە بنکەند بوون، کارێزکەنی تایبەتی هەبوو. ئەمە دەمانباتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی سلێمانی و بەگشتی خەڵکی کورد، خەڵکێکی خۆژێن بوون. بەڕاستی هێندێک جار بیر لەم شتانە دەکەمەوە سەرم لە بیرکردنەوەی کوردەواری سوور دەمێنێ.

**ڕامان:** ئەو ژیانەی تۆ باسی دەکەیت و ئەو دوروبەرە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی رووبکەیتە دنیای کەلەپوور و فۆلکلۆر؟

**جاروبار جۆرێک لە خەڵک هاتوچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد، سەیرم دەکرد شەرواڵەکانیان وەک پانتۆڵ وایە، جلەکانیان بەعەزێکی نەخشی هەیە، سەرپێچەکانیان، سەرپێچێکی تایبەتی بەستراوە، تومەز ئەوانە بارزانییەکان بوون.**

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، هەر ئەوەش بوو پاڵی پێوە نام کە بووم بە فۆلکلۆریستێک، ئینجا ئێمە سواری ئەو ئێستر و بارگینانە دەبووین، بۆ ئەوەی بچین ئاویان بدەین، بۆ ئەوەی لە ڕێگە نەرمە غارێکیان پێ بکەین، ئیتر تا ئەوپەڕی شادمانییەکی سەیر دڵخۆش دەبووین، ئەمە ژیانی ئێمە بوو، کە نەیدەهێشت گرێکوێرەی خۆخواردنەوە و ئەو جۆرە شتانە، لە دەروونی خەڵکی مەڵکەندی دا دروست ببێ.

**ڕامان:** ئەی گەڕەکەکەتان لەگەڵ سەیران کردن و خۆشی و گۆرانی وتن چۆن بوو؟ بیستوومە دەڵێن ئەهلی زەوق بوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** خەڵکی مەڵکەندی هەمیشە گۆرانییان دەوت، هەمیشە لە هەموو بۆنەیەکدا گۆرانییان دەوت؛ ئێواران هەر ئەوەندەت دەزانی لەبەردەمی چاخانەکەی شاسوار، کە ئەودەم لە سلێمانیدا بەناوبانگ بوو، دەست دەگیرا و دەکرا بە هەڵپەڕین، وەک شایییەکی تایبەتی بێت، هەمووی هەر لەخۆیەوە گۆرانی دەوت. ئێستا من بیر لە عارفی حاجی بارام دەکەمەوە، حاجی بارام یەکێک بوو لە کەسایەتییەکانی مەڵکەندی، کە وەک موختاری مەڵکەندی وابوو، کەچی سەیر بوو کوڕەکەی حاجی بارام ٢٤ سەعاتە لەنێو هەڵپەڕکێدا بێت و وەک شایەر گۆرانی بڵێت. ماڵی حاجی ئەمین یش هەبوو، ئەوانیش دووەم ماڵ بوون، کە زەرعاتیشان دەکرد و کاروانییشیان دەکرد، واتە ئێسترەکانیان بۆ کاروان، بۆ

هێنانی بەفر لە گوێژەوە بەکار دەهێنا.

**رامان:** ئەوسا چاڵە بەفر هەبووە کە ناویان لێناون، چەند چاڵە بەفر لە سلێمانی هەبوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوسا ٧ تا ٩ چاڵە بەفر لە گوێژە هەبوون، کە هەموویان ناویان هەبوو؛ ئەمە خێچکەیە، ئەمە تیلەیە، ئەمە چواریەکەیە، ئیدی هەر یەکەی ناوێکی تایبەتیان هەبوو، هەر یەکەی موڵکایەتییەکی تایبەتیشیان هەبوو، ئینجا کە بەفری ئەوێ تەواو دەبوو، دەچوون بۆ بەفری پیرەمەگروون. ئەوسا پیرەمەگروون ناسرابوو بەوەی کە سەهۆڵی هەیە. ئەوانە کەسی تایبەتیان هەبوو، دەچوون وەک چۆن لێرە بەفرەکەیان بە کا دادەپۆشی، کە کایەکەش هەر هی کشتوکاڵەکەی خۆیان بوو، لەوێش بەفر و سەهۆڵەکەیان دادەپۆشی، ئیتر تا کۆتایی هاوین ئەو بەفرە دەمایەوە و ڕۆژانە دەیانهێنا بۆ مەیدانەکەی سلێمانی دەیانفرۆشتن.

**رامان:** ئەو بەفرە هەر لەناو شاری سلێمانی دەفرۆشرا، یان دەبرایە شوێنی تریش؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** جاری وا هەبوو دەیانبرد بۆ کفری و کەلار و کەرکوک، تەنانەت دەیانوت بەفری سلێمانی گەیوەتە بەغدا، بەڵام ئەوەیان بە کەمتر. ئەوە جۆرێک بوو لەو ژیانە تایبەتە سەیرەی کە من تێیدا گەورە بووم.

**رامان:** بەم قسانەتەوە دیارە ماڵی ئێوە زیاتر بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بووبن؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نەخێر، ئێمە موڵکانەمان لە زەویوزارەکەمان وەردەگرت، هەرچەند حاجی مەلا عەلی مەڵکەندی، خاڵی باوکم، کە گۆیا بەرانبەر بە مێجەرسۆن وەستاوەتەوە، مۆرهەڵکەن بووە. ئێمە لە بەردەرکی سەرا موڵکمان هەبووە، ڕیزێک دوکانمان هەبووە، لە شوێنەکەی لای بیناکەی نووری عەلی ئەمین، ئێستا بووە بە شوێنی کتێبفرۆشی و کتێبی لێ دەفرۆشرێت. ئێمە لەوێ حەوت دوکانمان هەبووە، خاڵم لەوێ مۆرهەڵکەن بووە.

**رامان:** مەسەلەی حاجی مەلا عەلی مەڵکەندی خاڵی باوکت کە بەرانبەر مێجەرسۆن وەستاوەتەوە چییە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** دەگێڕنەوە گۆیا مێجەرسۆن ئەمری کردووە، بە بەردەمی هەر دوکانێکدا بڕوا، دەبێ خەڵک لە بەری هەستن، تاکەکەس کە لەبەری هەڵنەستاوە، بە بۆنەی ئەوەی کە گۆیا کەسێکی دینییە و ئایینپەروەرە و مەلایە و قازییە و کەسایەتییەکی زۆر ناسراوی شاری سلێمانییە، ئینجا مێجەرسۆن گرتوویەتی



**ساڵی ١٩٥٨ – ١٩٥٩، سلێمانی، دوای گەڕانەوە لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد، دوو کەسی لای ڕاست بە پێوە، کە سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە دەکەن: عەبدوڵلا ئیبراهیم سەڕاج، محەمەد ساڵح سەعید.**

**دانیشتوانی ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: حەسیب شێخ ئەحمەد، ڕەشید کۆیی، د. سەفا حافز.**

و ویستوویەتی بیخەڵەتێنێ، گۆیا دوو کیسە لیرەی داوەتێ و ئەمیش ڕەتی کردووەتەوە و وتوویەتی من خۆم خاوەن موڵکم و مۆرهەڵکەنم و پارەم هەیە و موڵکم هەیە و پێویستم بە پارەی تۆ نییە، بیدە بە هەژاران. باوکی من، لەگەڵ خاڵێکی دیکەم، باوکی حاجی ئەحمەدی مەڵکەندی، وەستا مەلا محەمەدی مەڵکەندی، هەرچەندە ئەویش نەخوێندەوار بوو، کەچی پێیان دەوت مەلا محەمەدی مەڵکەندی؛ مەلا قادری مەڵکەندیش یەکێکە لە خاڵۆزاکانمان، کە مەلا نەبووە، بەڵام پێیان وتووە مەلا، ئاخر خێزانەکەی ئێمە بە مەلا ناسراون، مەلاشیان تێدا بووە، بەڵام ناسراون بە مەلا و ئایینپەروەر.

**رامان:** کەواتە باوکی تۆ خەریکی هیچ کار و پیشەیەک نەبووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** باوکی من، حەمە سەعیدیان پێ دەوت، وەستا سەعیدی بەرگدروویان پێ دەوت. باوکی باوکم زوو ئەمری خودای کردووە، بەڵام نەنکم، یانی دایکی باوکم، لە مەڵکەندی دا کەسێکی شایستەی خاوەن دەسەڵات و توانایی بووە؛ بۆ نموونە، یەکێک لەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی کە ئێمە تووشی بووین، بەهۆی کەسایەتیی ئامینە خانی نەنکی منەوە، ئەوە بووە کە لە کاتی ژیانیدا، لەبەر ئەوەی کە مێردەکەی خۆیشی موڵکی هەبووە، کە برای حاجی عەوێزی مەڵکەندییە و جاران عەللاف بوو، ئەویش دەستدار بوو، تەنانەت لە مەڵکەندی دا حاجی عەوێزی مامی باوکم ڕانە مەڕێکی

تایبەتی خۆی هەبوو، لەناو بازاڕیشدا عەللاف بوو، ئەمانە ئەودیو و ئەودیو بووین. ئێمە، خێڵی مەلا عەلیی مەڵکەندی، هەمووی خانووەکانمان، یان دەتوانی بڵێیی نیوەی لە سەربانەوە، سەربان بە سەربان دەچووی بۆ ماڵەکانی دیکە.

**ڕامان:** بەهۆی چییەوە سەربان بە سەربان هاتوچۆی یەکترتان کردووە، وابزانم جاروبار بەهۆی بارینی بەفری زۆرەوە، سەربان بە سەربان سەردانی یەکتریان کردووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نەخێر، ماڵەکان هەموویان، دیواریان لەگەڵ یەکدا هاوبەش بوو، بەتایبەتی خێزانەکەی ئێمەش، ماڵەکانمان هەمووی بە دەنگی یەکەوە بوون، دەرگایەکی بچکۆلە لە بەینماندا هەبوو، زۆر جار ژنەکان لەو دەرگایەوە شتیان بە یەکتری دەدا، یان هاتوچۆیان پێدا دەکرد، هەرچەند تۆزێک بە زەحمەت هاتوچۆیان دەکرد، چونکە بۆ ئەوە نەبوو هاتوچۆی پێدا بکرێت. سەردەمانێک لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٤٩ و ١٩٥٠ و ئەمانە، حزبی شیووعی سوودێکی زۆری لەوە وەرگرتبوو، لەو کاتانەدا کە حکومەت دەهات بۆ پشکنینی ماڵەکان، هاوڕێیانی حزبی شیووعی لە دەرگای ئەو ماڵانەوە دەردەچوون.

**ڕامان:** خێزانی ئێوە پێوەندی بەحزبی شیووعییەوە هەبوو تا سوود لەوە وەربگرن؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، خێزانەکەی ئێمە چەند ماڵێکی تێدا بوو، شوێنی نیشتەجێبوونی شیووعییە نهێنییەکان بوون.

**ڕامان:** کەواتە ژیان لە گەڕەکی مەڵکەندی کاریگەریی لەسەر ئێوە زۆر بووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێمە لە مەڵکەندی خەیات و بازرگان بووین، بەڵام ژیانی مەڵکەندی زۆر کاریگەریی لەسەرمان هەبوو. لە مەڵکەندی کلّنانەوە هەبوو، ئەمە لە هەموو سلێمانی دا ناسراوبوو، خەڵک دەهاتن بۆ گۆزە و دیزە و هەمەجۆر لەم شتانە، تەنانەت حاجەت و دەرخۆنە و لەگەن و ئەو شتانەی کە لەناو ماڵدا بۆ چێشتخواردن بەکاریان دەهێنان، تەنانەت کەوچکی داریان هەبوو، کەوچکە دارەکەیان لەگەڵ شتە گڵێنەکەدا بەکار دەهێنا. ئەوسا کەندوو هەبوو، لەبیرمە ماڵی ئێمە دوو کەندووی تێدا بوو، کۆمەڵێک کووپەی گەورەی تێدا بوو، دەم گەورە، زەخیرەی ساڵێیان تێدا هەڵدەگرت.

**کە کۆمەڵەی (ژ.ک) دروست بوو، سۆڤییەت تارادەیەک یارمەتیی دا، ئەوە بوو لە دواییدا بابەتەکە هەڵگەڕایەوە.**

**ڕامان:** ئەم کلّنانەوەیەش پیشەیەکی کۆنە و هەموو کەلوپەل و کەرستەو پێداویستی ناو ماڵی پێ دابین دەکرا.

**محەمەد ساڵح سەعید:** سەیر بوو، یانی هەرچی خۆراک هەیە، وشک دەکرایەوە و بە زستان وشکەی خۆراک دەخورا؛ وەک ترخێنە و شتەکانی تر، ئینجا دیزەی تایبەتی هەبوو، یان لە دیزە گەورەتر، کووپەی شین هەبوو، ڕۆنی کوردەواری تێدا هەڵدەگیرا، لە ماڵی ئێمەدا، ساڵانە دوو دابەستەی گەورە سەر دەبڕدران و دەکران بە قاورمە. چەند ماڵێک تەگبیریان دەکرد، ئێسقانەکەیان دەکرد بە کەشکەک، ڕۆژێکی تایبەتی هەبوو ئەم کەشکەکەی تێدا دەکرا، ئیتر ئەو بەیانییە هەموو مەڵکەندی کەشکەکی دەخوارد، نەرمە گۆشتەکەیشی دەکرایە ناو ئەو کووپە گەورانەوە، کووپەی شین و لە شێوەی دیزە، بەڵام دەم گەورە، ئیتر لێوانلێو ئەم ڕۆنە جوانەی بەسەردا دەکرا و لە زستاندا دەریاندەهێنا و تا ماوەیەکی زۆر قاورمەت دەخوارد، کە شتێکی دانسقە بوو.

**ڕامان:** ئەوەی باست کرد زۆربەی پێوەندی بە پاییزان و زستانەوە هەیە، ئەی هاوین لەو گەڕەکەتاندا چۆنتان دەگوزاند؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە مەڵکەندی، بەر باغی دایکی ئێستا و بەرانبەر باغی دایکی ئێستا سەرخەرمان بوو، لە هاویناندا بهاتیتایە ئەوێ، لەبەر خەرمانی مەڵکەندی بستێک جێگە نەبوو، نۆک و نیسک و ماش و گەنم و جۆ و ئەمانە دەکرا، لەو دەشتودەرەی تا بناری گۆیژە، تا بەرەو لای ڕاست و تا بەرەو لای چەپ و هێندێک جار دەچوون بەرەو خوار، زەوییان بە موڵکانە دەگرت و دەیانکرد بە بەرهەمەکەیان و ڕێ نەبوو، دەتوانم بڵێم مەڵکەندی دە جەنجەڕی تێدا بوو؛ جەنجەڕ دوو حەیوان، دوو ئێستر ڕایدەکێشا، ئیتر ئەم جەنجەڕە وردە وردە بە چوار دەوری ئەم خەرمانە گەورەیەدا دەسوڕایەوە، یەکێک سواری دەبوو، چەرخەی بەسەریدا دەکرد، ئینجا بە شەنی تایبەتی، شەنوکەویان دەکرد، دانەکەیان جیا دەکردەوە و (کا)کەیان هەڵدەگرت، زۆربەی ماڵەکانی مەڵکەندی کادێنیان هەبوو، لە پشتی ماڵەکەیانەوە کونێک هەبوو، کونەکە ناوێکی تایبەتی هەیە، پێی دەڵێن کلاوڕۆژنە؛ کلاوڕۆژنەیەکی هەبوو،

لەوێوە (کا)کەیان ڕۆ دەکردە خوارەوە، ئیتر ژوورێک، دوو ژوور، پێیان دەوت کادێن، تەرخان بوو بۆ هەڵگرتنی ئەم کایە، بۆ وڵاخەکان و بۆ حەیوانەکان لە زستاندا، بێجگە لەوەی کە جۆشیان لەگەڵ تێکەڵ دەکرد.

**ڕامان:** ئەو کایە بۆ ئەوەی بەفرەکەش نەتوێتەوە بەکار دەهات، وانییە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، بەتایبەتی ئەوەشیان بۆ دەکرد.

**ڕامان:** ئەوەی ئێستا بە نەفەسێکی چیرۆکنووسانە گێڕاتەوە، کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی ئێوە دانا؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** هەر زۆر زۆر.

**ڕامان:** وابزانم گەشتی ساڵانەشتان هەبووە، کە ئەم گەشتە شێوەی سەیرانی وەرگرتووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** یەکێک لەو شتانەی کە لە مەڵکەندی دا باو بوو، ئەوە بوو کە دەبوایە ساڵانە بچووبایەن بۆ پیری شەوکێڵ، پیری شەوکێڵ، شوێنێکی بەناوبانگە. لەوێ مەزاری شێخ و مشایخ هەبوو، دیارە خۆت دەزانی لە کوردەواریدا بیروباوەڕێکی کلاسیکی خەیاڵیی ئەندێشاوی زۆر خراپ، زۆر خورافی و دواکەوتە هەبوو، هەموو ساڵێک بە ئێستری خۆیان و بە کەر و وڵاخی خۆیان دەچوون بۆ ئەو شوێنە. ئێمەش وڵاخمان بە کرێ دەگرت، چونکە ئێمە نەمانبوو، بە کرێیەکی زۆر کەم و ڕەمزی لێمان بەکرێ دەگرتن. کۆمەڵێک خێزانی مەڵکەندی پێوەندییان لەگەڵ ناو شاردا هەبوو، لەگەڵ دەرگەزێن، سەرشەقام، کانی ئاسکان، شێخان؛ ئەم خێزانانە دەیانزانی ئەوە مەڵکەندی گەشتی ساڵانەکە دەکات بۆ پیری شەوکێڵ، ئیتر هەموو دەکەوتنە خۆیان و ئەوانیش دەهاتن. ئەو ڕۆژە دەهاتنە مەڵکەندی و لە نیوەڕۆوە میوان دەبوون و ئێوارە لەوێ نانیان دەخوارد، کە نان دەخورا، سەر لە ئێوارێ بەڕێ دەکەوتن، ئیتر شەو و ڕۆژێک لەوێ دەمانەوە و ئەوانیش میوان بوون، کەچی خۆراک و خواردەمەنی و شتی خۆیان دەهێنا. ئێمە سوار دەبووین، دەچووین بۆ ئەو پیرە، بەڵام لەوێ سەیرم دەکرد ئەم شتانە کاری کردووەتە سەر من، کە سەیرم دەکرد پروپیرێژن نەبێت کەسێک لەو گەنجانە، نە کوڕ و نە کچیان، مەگەر بە دەگمەن، دەنا ناچن خۆیان بۆ ئەو شێخ و مشایخەی کە گۆیا لەوێیە شپرزە بکەن، دیارە ئەویش یەکێکە لە داگیرکەران، کە کاتی خۆی لێرە کوژراوە.

**ڕامان:** ئاخر لەوانەیە زەردەشتی، یان ئێزدی بووبێ،



**سلێمانی، ١٠/٢/١٩٧٠، سێ کەسی یەکەم ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرن: شاکر فەتاح، محەمەد مستەفا کوردی، محەمەد ساڵح سەعید، ڕەئووف ئەحمەد ئالانی، عومەر عارف قاب ڕەش**

لەبەر ئەوەی پیرمەنسوور و پیرمام و پیری شەوکێڵ و ئەوانە پیرانی زەردەشتی و ئێزدییەکان بوون، کە سەرچاوەکەشیان میترابییە.

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوە نازانم، بەڵام ئەمان بە خەیاڵی ئێزدییایەتی و زەردەشتایەتی و ئایینپەروەریی کوردەواریی خۆمان نەدەچوونە ئەوێ، بە خەیاڵی ئیسلامگەرایی و دینپەروەریی ئیسلامی و بەو خەیاڵە پووچەوە ڕوویان دەکردە ئەوێ، ئەوە منی بەپێکەنین دەهێنا و منداڵانێکی وەک ئێمە دەمانکردە گاڵتەجاڕی. پیرێژن دەهات بەردی بە کێلی قەبرەکەوە دەنا، ئێمە سەیرمان دەکرد، بەردەکە نەیدەگرت، بەردێکی بچکۆلە نەیدەگرت، دەهات فێڵی دەکرد، یانی فێڵی لە خۆی دەکرد، شوێنێکی دەدۆزییەوە وەک بڵێی نیمچە چاڵێک بێ، خوارییەکی تێدا بێ، بەردەکەی بەوێوە دەنا، ئیتر بەردەکە بەرنەدەبووەوە و بەمە دڵی خۆش دەبوو، دەیوت خودایە شوکر خواستەکەم جێبەجێ دەبێت. ئێمە، منداڵەکان، دەمانکرد بە یاریکردن و دەمانوت دەی بینێ بە شوێنی چاڵەوە، بینێ بە شوێنی چاڵەوە، ئەمە شتێکی سەیر بوو، کە بیر دەکەمەوە، دەڵێم ئەمە ئەو بوارانەیە کە گرێیەکی مێشکی منیان دەکردەوە.

**ڕامان:** لەو گەشتە ساڵانە و چوونەتان بۆ لای ئەو پیاو چاکە هەر مراز خواستن بوو، یان سەیرانیش بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نەخێر، سەیرم دەکرد هەر لەگەڵ گەیشتنی خەڵکەکە بۆ ئەوێ، هەموو ماڵێک، بەرخێک، یان کار، یان بزنێکی گەورەیان دەکڕی، ماڵ نەبوو نەیکڕێ.

**ڕامان:** ئەی خۆیان خاوەن مەڕومالآت نەبوون، بۆچی لەگەڵ خۆیان نەیاندەهێنا؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ خۆیان هەیانبوو، بەلآم لە گوندییەکانی ئەو ناوەیان دەکڕی، ئەوان خۆیان خاوەن حەیوان بوون، بەلآم لەگەڵ خۆیان نەیاندەبرد، لەوێ دەیانکڕی و هەڵیاندەواسی، ئیتر دەست دەکرا بە سەربڕینی ئەم بەرخ و کارانە، عەسر دەست دەکرا بە گۆشت برژاندن، مەنجەڵی گەورە گەورە دادەنرا، برنج و شلە و بەزم و ڕەزم لێدەنرا، ئەمە شایی بوو، ئەمە سەیران بوو، ئەمە سەیرانێکی خۆشی ساڵانەی گەڕەکی مەڵکەندی بوو، کە بەپەرۆشەوە ساڵانە تازەیان دەکردەوە.

**ڕامان:** ئەو سرووت و گەشتە چی لەلای تۆ خولقاند؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** هەر لەگەڵ دەگەیشتینە ئەوێ، شتێک لە خەیاڵ و مێشکی مندا دروست دەبوو، دەموت کوا، خۆ ئەمانە تەواف ناکەن؟ کەچی هەمیشە هەڵدەپەڕن، دەست دەکرا بە هەڵپەڕکێی کچ و ژن، کچ و کوڕ و ژن و پیر و گەنج و هەر هەمووی هەڵدەپەڕی. جاری واهەبوو شایەریشیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، شایەری تایبەتی دەیانزانی ئەو ڕۆژە لە مەڵکەندی دا ئەو ڕێوڕەسمە هەیە، دوو سێیەک دەهاتن، ئیتر تا ئێوارە هەر هەڵپەڕین بوو.

**ڕامان:** بێجگە لەو لایەنانەی باست کردن، چالاکی دیکە هەبوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، نیشان دەنرایەوە، خەڵکی مەڵکەندی تفەنگیان هەبوو، هێندێکیان تفەنگی ڕاویان هەبوو. بۆ نموونە، خێزانەکەی ئێمە تفەنگی تاپڕیان هەبوو، بەتایبەت خاڵۆزاکانی باوکم، مەلا قادر و مەلا غەفوور و ئەمانە، حەزیان لە ڕاو دەکرد، ئەوانە فیشەکی تایبەتی تاپڕیان دەهێنا، بەلآم گوللە بوو، بە فیشەکی گوللە لەگەڵ برنەو نیشانیان دەنایەوە. خەڵکەکە زۆر سەری سووڕ دەما، دیارە ئەمە گوللەی تایبەتی بوو بۆ حەیوانە کێوی بەکاریان دەهێنا، ئیتر لێرەوە سەرنجم بۆ ڕاویش ڕاکێشراوە، چەند جارێک، وەک کوڵهەڵگر، لە تەمەنی دوازدە ساڵی و چواردە ساڵی و ئەمانەدا، لەگەڵ خاڵۆزاکانم بۆ ڕاو بۆ شاخی گۆیژە بۆ شارەزوور و بۆ شوێنانی تر ڕۆیشتووم، سێ چوار جار لەگەڵیان چووم بۆ ڕاو، ئەمانە لە بۆچوون و بیرکردنەوەمدا، تاموچێژێکی سەیریان بە ژیانی من دا.

**ڕامان:** باشە تۆ لەدایکبووی چ ساڵێکی، پێم خۆشە ڕۆژ و مانگەکەیشی بزانم، بەلآم ڕۆژ و مانگەکەی هەر یەکی حەوت نەبێ، کە وابزانم هەموو ئێراق لەو ڕۆژەدا لە دایک بوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من ساڵی ۱۹۳۲ لەدایک بووم، نوسراوە یەکی حەوت، تەنانەت جاروبار لە ماڵی ئێمەدا سوعبەتێک دەکرێ، زەعیم مەجید عەلی، کە بەڕێوەبەری تەجنید بوو، خزمی ئێمە بوو، خێزانەکەی ڕابیعە خان خاڵۆزای باوکم بوو، کە کچی مەلا عەلی مەڵکەندی یە، بەهۆی ئەوەوە، من کەڕەتێک لە سەربازی دوا خرام. کە تۆزێک لە قوتابخانە گەورە بووبووم و لەسەر سیاسەت دەرکرابووم، دەبوایە بگیرابایەم بە سەرباز، ئیتر ئەو فریام کەوت، تەئجیلی کردم و نەیهێشت، چونکە بەڕێوەبەری تەئجیل بوو، دەسەلآتی هەبوو، ئیتر دوو ساڵ تەئجیلی کردم، ئینجا جاری وایە خێزانەکەم سوعبەتم لەگەڵدا دەکا و دەڵێ خۆت ئەو قسەیەت کردووە، تۆ سی و دوو نیت، تۆ هەر سی! ئەو سوعبەتەش لە لای ئێمە هەیە، بەلآم ڕاستییەکەی من لە تەزکەرەدا ۱۹۳۲م. دەمەوێ باسی شتێکی دیکە بکەم کە کاریگەرییەکی سەیری لەسەر من هەبووە، ئەویش نیشانناندوە بوو، نیشانناندوە بە تفەنگ، نیشانناندوە بە دەمانچە، کە نیشانناندوە بە دەمانچە ناخۆشتر و گرانترە. وام لێهات خەیاڵم دایە دەمانچەکڕین، بە بیری خۆم وابزانم چوار دەمانچەم گۆڕیوە، تا ئێستا وێنەیەکم ماوە کە هی منداڵیمە، دەمانچەیەکم بە دەستەوەیە.

ڕامان: لەو جارانەی کە سەردانی پیری شەوکێڵتان دەکرد، هیچ ڕووداوێک، شتێکی خۆش ڕووی دا کە لە یادەوەریتدا مابێتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** زۆر شتی سەیر دەهاتنە پێشەوە، لێرەدا نوکتەیەکی خۆش ڕووی دا، جارێکیان چووین بۆ پیری شەوکێڵ، ئەمەیانم لەبیرە، دەتوانم بڵێم چواردە بۆ پازدە ساڵ دەبووم، سواری بارگینێک بووبووم، هەوڵم دا ئێستر نەبێ، بارگین بێ، چونکە دەیانوت بارگین پێش ئێستر دەکەوێت، کە بارگین غار بکات، ئێسترەکانیش بەدوایدا غار دەکەن، دیارە ئەمە خوویەکی تایبەتییە لەو حەیوانانەدا، ئینجا من هەوڵم دا سواری بارگین بم، خۆم قیت کردبووەوە، ڕیزێک فیشەکم پێ بوو، کە کیفێکی تایبەتیان بۆ دروست کرابوو، بەلآم فیشەکەکان بەدەرەوە بوون، بە لابەلایی لەسەر شانمەوە بۆ خوارەوە بەستبووم، ڕیزێکیشم بە پشتێنەکەمەوە بەستبوو، جلی کوردیم لەبەر دەکرد، ڕانکوچۆغەم حەز لێ

دەکرد، شەرواڵ و ستارخانیم حەز لێ دەکرد، بەس مرادخانیم حەز لێ نەدەکرد، نازانم بۆ حەزم لە مرادخانی نەدەکرد، ئەو دووانەم حەز لێ کردووە و ئەمانەم لەبەر کردووە. خۆم قیت کردبووەوە، دەمانچەم بە یەخەوە بوو، یەک دوو خزمی خۆمان، لەوانەی جووتیار بوون، تەنانەت زەرعاتیشیان دەکرد، بەڵام زۆر کەم، ئاخر باوکم و خاڵەکانم و مامەکانم زەرعاتیان نەکردووە، هەر مەلا عەلی نەبێ، کە لە دەباشان وەک بڵێی زەرعاتی تایبەتیی بۆ خۆی دەکرد، لە کاتێکدا دوکانداریش بوو، بەڵام ڕەنجبەرێکی هەبوو، خۆی دەچوو بۆ فیز دەیکرد، یانی ئەوە خاوەن موڵکە و ئەویی هەیە و سێ کانیاوی تێدا بوو، ئینجا ئەمە وای لێ کردم، خەیاڵم بۆ دەمانچە بچێ.

**ڕامان:** باشە تۆ لەو هەموو فیشەکلغ و دەمانچە و تفەنگەوە نقەت کردووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** جارێکیان لەگەڵ باوکمدا، لەو تەمەنەدا چووین بۆ ئەم بناری گۆیژەیە، شوقەکانی گۆیژەی ئێستا، ئێمە لە تەنیشتی شووقەکانەوە زەوی کشتوکاڵمان هەبوو، باوکم وتی با بچین، زەوییەکی لێیە، ناوی زەوییە درێژە، دەمانچەیەکم پێ بوو، ئۆبلییان پێ دەوت، کە تەقەت پێ دەکرد دەسووڕایەوە. لەلای سینەمای سیروانەوە یەک دوو کابرا هەبوون، ئەم فیشەکانەیان دادەگرتەوە، تەنانەت فیشەکی تاپڕیشیان دادەگرتەوە، سلێمانی زۆر ناسراوە بە پیشەگەریی دەستی.

**ڕامان:** ئەم پیشەگەرانە چەخماغسازیان پێ دەوتن.

**محەمەد ساڵح سەعید:** دەچووم لەوێ فیشەکی پڕکراوەی دەمانچەیان هەبوو، بۆیان پڕ دەکردمەوە، لەبیرمە جارێکیان یەکێکیانم تەقاند، کەچی نەتەقی، دووەمیان دێتە بەردەمی کە دەیتەقێنێ، ئەویش نەتەقی، ڕیزەکەم تەواو کرد، بەڵام هیچیان نەتەقین، هەر تەق لێم دەدا و نەدەتەقی، کەچی لەپڕدا یەکێکیان تەقی، ئەوە لە ژیانی مندا بوو بە شتێکی زۆر سەیر، دەیانوت حەمە ساڵح تەقەی کرد، ئیتر ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە کارێکی زۆر گەورەی لەسەر من دادەنا.

**ڕامان:** باشە کە زەویوزارتان هەبووە و خۆتان کشتوکاڵتان نەکردووە، بەڵام باغ و ڕەزتان هەبووە، کەی دەچوونە ئەو ڕەز و باغەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێمە لە شارباژێڕ ڕەزمان هەبوو، باوکم لە خەمزە ڕەزی هەبوو، ئێستاش لەبیرمە شاییەکی زۆر گەورەی تێدا کرا، ژن بە ژنیش بوو، ژنگۆڕینەوە؛ کە ژنگۆڕینەوەم بیست، خەیاڵێکی خراپی لەلا دروست کردم، یانی چی ئافرەت دەگۆڕنەوە؟ ئەمە بەلای منەوە بوو بە پرسیارێکی زۆر گەورە! شێخ ڕەشید خەمزە، کە خاوەنی دێی خەمزە بوو، دەسەڵاتدار بوو، بەرانبەر خەستەخانەی کۆن خانێکی هەبوو، پێیان دەوت خانەکەی شێخ ڕەشید خەمزە، لە شارباژێڕ و لە ئێرانەوە کە کاروانی دەهاتن، لەوێ دەمانەوە، خانی تریش هەبوو، ئەمە یەکێک لە خانەکانی سلێمانی بوو، کە لە مەڵکەندی بوو، حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، بە چوار دەوریدا ژووری بچکۆلە بچکۆلە بوو، لە حەوشە گەورەکەدا وڵاخ و ئێستر و بارگین و شتەکانیان دەبەستەوە، ژوورە بچکۆلەکانیش، گوندییەکان و لادێییەکانی کە ئەو شەوە لەوێ دەمانەوە تێیدا دەسرەوتن.

**ڕامان:** باشە ئەوانەی لەو ڕۆژگارەدا هاموشۆی ماڵی ئێوەیان دەکرد کێ بوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەو سەردەمانەدا، یانی ساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ و ١٩٤٦، دەمدی کۆمەڵێک پیاو لە مزگەوتەوە بەلای ماڵی ئێمەدا هاتوچۆیان دەکرد، چونکە کانیی ژنان لە بەردەمی ماڵی ئێمە بوو، دەرگای مزگەوتەکەش هەر دە هەنگاو لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو. ئێمە هاوینان لە سەربان دەنووستین، کە لە سەربان دوو چیغمان هەبوو، چیغێک بۆ دایکم و باوکم، چیغێکیش بۆ ئێمە، منداڵەکان، کە بە پێوە بوەستاینایە، لە تەمەنی ١٥ ساڵ و ئەمانە، لە کانییەکەدا سەری ژنانمان دەدی، چونکە دیواری بۆ کرابوو، لەوێ دەستنوێژیان دەگرت، جلیان دەشت، جلی شۆراویان بۆ ماڵەوە دەبردەوە، ئەم شتە سەیرانە هەبوون. لە بەردەمی کانی و مزگەوتەکەش باغێکی گەورە هەبوو، کە ڕاستییەکەی دوو باغ بوو، بەڵام ئەوەی بەردەمی ماڵی ئێمە زۆر گەورە بوو، هەموو سەوزە و سڵق و توور و کەرەوز و هەرچی لەم جۆرە شتانە هەیە، تەماتە و بامیە و باینجان و هەمووی تێدا دەکرا و دەیانفرۆشتن، باغەوانییان تێدا دەکرد. جاروبار جۆرێک لە خەڵک هاتوچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد، سەیرم دەکرد شەرواڵەکانیان وەک پانتۆڵ وایە، جلەکانیان بەعزێکی نەخشی هەیە، سەرپێچەکەیان سەرپێچێکی بەتایبەتی بەستراوە، تومەز ئەوانە بارزانییەکانن، لەپڕێکدا من بەو منداڵییە کەوتبوومە خەیاڵی بارزانییەکانەوە، بارزانییەکان کێن؟ بابە، دایە! ئەمانە کێن دێنە ماڵی ئێمەو چا دەخۆنەوە؟ دەهاتن بۆ مزگەوت، لە خانەکەی

ئەوێوە دەهاتن بۆ نوێژ و بۆ مـزگـەوت، بـاوکم پێـوەنـدیی لەگـەڵ پەیدا کردبوون، ناسراویی لەگەڵ پەیدا کـردبوون، باوکم زۆر بەدین بوو، دایمەش خزمەتی مزگەوتی دەکرد.

**ڕامان:** سـەبارەت بە بارزانییـەکـان هیچ وەڵامـێکی پرسیارەکانت دەستکەوت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بوونی ئەم بارزانییانە لە لای من بووبوو بە خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێش، بە چەشنێک کـە بپـرسم ئەمـانە کـێن، چین و بۆچی لێـرەن؟ بۆچی جلەکـانیـان وایە؟ دوایی تێگەیشـتم کە بارزانییـەکـان دەربەدەرن و نەفین و هاتوونەتە سلێمـانی، هێندێکیـان لێرەن و هێندێکیان لە سەرشەقام، لە خانی گەورەن، لە حـەوشی گـەورەن و نازانم لە کـوێن، ئەمـەش بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی مندا، ئەمە بێجگە لە شێخ مەحموود، کە پێشتر بیستبوومان، کەچی ئەمانە لەپڕێکدا ون بوون، ئەمە دیسان خاڵێکی تری لەلای من دروست کـرد، ئینجـا شـەوێک سـەیرم کـرد فـەتاح بێسـارانیی پوورزام، کـە دایکمـان خـوشک بوو، هاتە ماڵی ئێمە، دیتم غەفوور ناوێکی لەگەڵدایە و گەنجێکی تریش، کـە نەمـدەناسی، ئێسـتـا بیـری لێ دەکـەمـەوە ڕانکوچۆغـە و پووزەوانە و جلی سـەیریان پێ بوو، لە نیوەشەودا ئەوانە ڕۆیشتن و پوورم لەوێ بوو دەستی کرد بە گریان و دایکم وتی ئەیرۆ ڕۆڵە، ئەوە چی دەکەن و بۆ کوێ دەچن و هەر لە خۆتانەوە ئەوە چییە دەیکەن؟ سەیرم لێ هات، ئەمـەش خـاڵێکی تری وەرچەرخـانی لای من دروست کرد. ئەمـان چوون بۆ کـۆمـاری کـوردسـتـان، کـە ئەوسا دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد، لە سلێمانی یەوە و گەلێک خەڵکی تریش لە مەڵکەندییەوە چوون.

**ڕامان:** بارزانییەکان لێرە لە سلێمانی نەفی کرابوون و دەستبەسەر بوون، دوایی کە دەرباز بوون، چوون شۆڕشی بارزانی دووەمیان لە ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ بەرپا کرد، دوای ئەوەی ئێـراق و ئینگلیـز دڕندانە لێـیـان دان و شۆڕشەکە تێکچوو، پاش ئەوە چوونە مهاباد.

**محەمەد ساڵح سەعید:** ببوورە، من ئەمانە بە یەکەوە گـرێ نادەم، ئەوەی لەپێـشـدا دیومـە، بارزانییـەکـانم بەم جـۆرە دیت، لەپڕێکدا ون بوون، چیـیـان لێـهـات؟ من نەمـدەزانی، بەڵام ئەمـانە وەرچەرخـانێک بوون لە بیـر و هۆشی منـدا، کـە ئەوانە ڕۆیشتن، دواتر بیسـتـمـەوە کـە چوون بۆ ئەوێ و مەلا مسـتـەفـای بارزانی لەوێ بووە بە جەنەڕاڵ و سەرکردایەتیی سوپای کۆماری کوردستانی بە دەستـە، ئینجـا لەناو شاری سلێمـانیدا وێنە پەیدا بوو و ئێـمـە وێنەمـان دەکـڕی. یەحـیـا ئەفـەندی وێنەگـر هەبوو، لەبیـرمـە ئەو وێنـانەی دەگـرتەوە و بڵاوی دەکـردنەوە و منداڵان، بەتایبەتی گەنجان دەیانکڕین. خۆم لەبیرمە پێنج شـەش دانە لـەو وێنانەم هەبوو، بەتایبـەتی ئەوەیان کـە بارزانی بە شـەپقـەوەیە و جلی جـەنەڕاڵی لەبەردایە و لە خوارەوە قاچی بە شتێک پێچراوە، ئەمە لە هزری ئێمەدا شتێکی گەورە بوو.

**ڕامـان:** ئەوانە ئەو شـتـانە بوون کـە لە دەرەوەی خێزانەکەی تۆوە کاریگەرییان لەسەرت هەبووە، بەڵام پێم خۆشە باسی ئەو شتانەمان بۆ بکەی کە لەنێو خێزانەکەی خـۆتدا، کـاریگەرییـان لەسـەر تۆ هەبووە، کـاریگەریی باوکت و دایکت و مـامت و خـاڵت و ئەندامـانی خێزانەکەی خۆت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** دێمە سەر ئەوەش.. لە خەمزە سەیرم کرد خەڵکێک بانگ کراون بۆ ئەو ڕێوڕەسمی ژن بەژنـەیە و دەهـۆڵ و زوڕنـا هێـنـراوە، هەرچی هـاتـووە تفـەنگی بە شانەوەیە، ئەمـەش سـەرنجی منی ڕاکـێشـا؛ باشە ئەم کوردە بۆچی هەمـووی خاوەنی چەکە؟ لە مـاڵی خۆمـاندا، بـاوکم خەنجەری هەبوو، بەلامـانەوە سەیر بوو، هەرچەند خـۆم دوایی دەستم کرد بە دەمانچەبازی، لەوێ ئەو نەریتـەی کـوردەواری سـەرنجی ڕاکـێشـام و بەلامـەوە خـۆش بـوو، کـەچی بەلامـەوە ناخـۆشـیش بـوو، یانی پرسیـارێک دروست بوو. مـاڵی شێخ ڕەشیـدی خەمزە، دەسـتدارتر و دەوڵەمەندتر بوون، دوو دەهۆڵ و زوڕناکـە، ئەوان هێنابوویان، ئەمـان کـچیـان لەوان خـواسـتـبـوو و ئەوانیـش کچیـان لەمان خـواسـتبوو، ئینجا ڕۆیشتن لە نیوەی ڕێگا خەڵکەکە دەیانوت، نابێ ئەمان بچنە نزیک دێیەکەی ئەوان، بۆچی؟ چونکە ئەمـان گرینگترن لەوان، یانی دەبێ ئەمـان یەک لەسەر سێی ڕێگاکـە ببڕن، ئەوان دوو لەسەر سێ ببڕن، ئەمە ڕایکێشام بۆ شتێکی سەیری جیاوازی خێڵگەری، جیاوازی دەسەڵاتی دەرەبەگی، یانی ئەمان یەک لەسەر سێی مەوداکە بڕۆن، بەڵام ئەوان، دوو لەسـەر سێ، کـەچی هەردووک لا کـچـیـان لەیەک خواسـتـووە، ئەمـەش شتێکی لای من دروست کـرد، پێم ناخۆش بوو، وتم ئەمە یانی چی؟

**ڕامان:** وا دیارە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە لەناو خێزان و خانەوادەی تۆدا نەبووە، بۆیە وا سەرنجی تۆی ڕاکێشاوە؟

**مـحەمـەد سـالح سـەعـیـد:** لە خـێـزانەکـەی ئێـمـەدا تاڕادەیەک ئەمـە نەبوو، کـەچی لە دواییـدا بۆم دەرکـەوت

خراپتریش هەبوو، ئینجا ئەو شەوە تا نیوەشەو دەهۆڵ و زوڕنا و تەقــە و نیــشـــان شکاندن هەبوو، ڕێک وەک بەزمەکەی مەڵکەندی، بەڵام لەوێ زیاترم دیت، خەڵکی ناو شار، هەرچی سەوزەفرۆش و میوەفرۆشی ناو شاری سلێمانی هەبوو، هەموویان هاتبوون بۆ ئەوێ، چونکە لە شارباژێڕەوە میوە بۆ شاری سلێمانی دەهات و هەندێک جار لە شاری سلێمانی یەوە بۆ شوێنەکانی تریش دەبرا، لەوێش شـتـێکی سـەیرم بیـست، وتیـان زاوا بەسـراوە. پرسیارێکی سەیرم بەلاوە دروست بوو، زاوا بەسراوە؟ تێ نەگەیشتم، بەڵام کە چوومە ناو خەڵکەکەوە، لێکیان دەدایەوە و دەیانوت خەتای خەڵکەکەیە، خەتاکەی چی بوو؟ پێنج شـەش پیـاو لە بەردەمی ژووری بووکـێـدا ڕاوەستابوون، وەک بڵێی ژێرخان و سەرخان بوو، هەیوان بوو، هەیوانێکی نیـمـچەگەورە بوو، سێ ژووری لەسەر بوو، وەک لە بیرم بێت، یەکەمیـان ژووری بووکێ بوو، دیتم نزیکەی دە پازدە پیاو، کوڕی گەنج و ئەمانە، ناوی ئەو کوڕەشم دەزانی، کوڕەکەی شێخ ڕەشید خەمزە، ئێستا نایەتەوە بیرم، هەموو دوای کەوتن و بەسەر پێپلیکاندا سەرکەوتن و بردیان بۆ هەیوانەکە و کردیانە ژوورەوە، من هەر سـەیرم لێـهـات، ئەمـە یانی چی؟ ئەمـەیان کـردە ژوورەوە بۆ لای ئەو ئافرەتە؟ ئینجا دە پیاوێکیان هاتنە خوارەوە، کەچی پێنجیان لەبەر دەرکەکەی بووک و زاوا ڕاوەستابوون، هەر ئەوەندەمان زانی، تەق تەق دەکێشن بە دەرگـــاکـــەدا، وەرە دەرەوە! وەرە دەرەوە! ئەمــــە گاڵتەجارییەکی لەلای من دروست کرد، وتم ئەمە چییە؟ ئەمە شتێکی نەشیاوە! چونکە لە خێزانەکەی خۆماندا شتی وام نەدیبوو، لێرەوە دێمەوە بۆ خێزانەکەی خۆم، لە خـێـزانەکـەی خۆمـاندا، ئێـمـە چوار برا و سێ خـوشک بووین، باوکم و دایکم خـزمی یەکـتـری نەبوون، دایکم خـەڵکی گـەڕەکی گـۆیژە بوو، ئەوانیش خـێـزانێکی ڕێکوپێک و مامناوەندی بوون.

**ڕامان:** باوکت خـەریکی چی بوو، ناوی بە بەرگدروو ڕۆیشتووە، لە کوێ کاری کردووە و کێ فێری کردووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** خێزانی ئێمە لە مەڵکەندی دا و لە سلێـــمـــانی دا بەناوبانگ بوون، ئەوەش بەهۆی ئاییـنپـــەروەری و مـــۆرهەڵکەنی و ئەوەی کـــە باوکم و بەتایبەت خاڵم، مەلا محەمەدی مەڵکەندی، خەیات بوو، خەیات بازرگان بوو، باوکیشم هەر لە منداڵییەوە باوکی ئەمری خودای کردبوو، ئیـتر لەگەڵ ئەم خاڵەمدا مـابووەوە، یانی لەلای ئەو بووبوو بە شاگـرد خـەیات، ئینجا خۆشی بووبوو بە وەسـتـا، بەڵام ئەم لەناو بازاڕی قـەیسـەرییـەکـەی نزیک حەوزەکە دوو دوکـانی گـرتبـوو، لەوێ خـەیاتیی دەکـرد، شـەرواڵ و مـرادخـانی و دوایی فێری جلی دیموکراتیش بوون، ئەو سەردەمە جلی دیموکرات لە سـاڵانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ پەیدا بوو، هی مـوکـریان بوو، جۆرێکی تایبەتیتر لە هی سلێمانی بوو. هەندێک جار شەرواڵ و مرادخانییەکەش جۆرێکی دیکەی هەبوو، وەک لباد وابوو، لۆکەیان تێ دەکرد و تەقەڵڕێژیان دەکرد، بەداخـەوە ناوەکـەیم لەبیـر نەمـاوە، ئەمـە لە شـەرواڵ و مرادخانییەکە گەرمتر بوو، پیرەکان زیاتر دەیاندا بەسەر شەرواڵەکەدا، شێخ مەحموودی نەمر بەوەوە وێنەی هەیە، باوکم و ئەمان ئەمەیان دەکرد.

**ڕامان:** لە گەڕەکەکەی ئێوە هەر ئێوە بەرگدروو بوون، یان کەسانی دیکەش هەبوون ئەم کارەیان کردبێ؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە مەڵکەندی دا دوو خەیاتی دیکە هەبوون، لە خێزانی دیکە بوون، سەڵتەش هەبوو، بەڵام باوکم و خاڵم سەڵتەیان نەدەکرد، ئەوەی سەڵتەدروو بوو جیا بوو. ئێستا شتێکی سەڵتەشت لە ژیانی خۆمدا بۆ دەگێڕمەوە. باوکم و خاڵم لەبەر یەک هۆ مشـتەرییان زۆرتر بوو، ئەمان خەیاتییەکەیان زۆر ڕێکوپێک و جوانتر بوو، ئینجا لۆکەی جوانیشیان دەکرد، بۆ ئەو کەرەسەیەی کە بەکاریان دەهێنا، کەرەسەی پوختیان دەکڕی، خەیاتی دیکە هەبوون، بەتایبەتی دووان لە مەڵکەندی بوون کە بە هەڕەمـە شـتـەکـەیان دەدروو، وەک ئەمـان ڕێکوپێک نەبوون، ئەمـە وەک بڵـێی نابەرانبـەرییـەکی لە بەینی ئەماندا دروست کردبوو، ئەوان هەمیشە دەیانوت خێڵی مەلا عەلی، خێڵی مەلا محـەمەد، خێڵـێکی خراپن، خێڵـێکی تایبـەتین، خۆیان زۆر بەزل دەزانن، خۆ ڕەنگە ئەمەشی تێدا بووبێت، بەڵام زیاتر پوختی و پاکی و بێ غەشیی کەرەسـتـە و کـارەکـە هۆکـار بووبێ؛ بۆ نموونە، پەمـۆیانە هەبوو، دەبوایە پەمـۆیانەکـە دەرهێنرایە، ئەوان بەعزە جارێک دەریان نەدەهێنا، لۆکەکەش، لۆکەی کۆن هەبوو، لۆکـەی ڕەش هەبوو، لۆکـەی سـپی هەبوو، بێ پێست هەبوو، بەپێست هەبوو، ئەمان دەیانناسینەوە و دەیانزانی، باشەکەیان بەکار دەهێنا و ئەوان خراپەکەیان بەکار دەهێنا، لەبەر ئەمە زیاتر برەویان هەبوو.

**ڕامان:** لە کـۆندا ماڵە بەرگدرووەکان لە بۆنەکاندا کە کـاریان زۆر دەبوو کـارەکـانیـان دەهێنایە مـاڵەوەش، بۆ ئەوەی بە شەوانیش ئیش بکەن.

**محەمەد ساڵح سەعید:** ڕاستـە، لەو بۆنانەدا لەناو

ئەندامانی خێزانەکەدا بەهۆی ئەم خەیاتییەوە شەوانەش تاکو درەنگانی شەو لە ماڵی خاڵە حەمە هەر خەیاتییان دەکرد، بەتایبەتی لە جەژن و لە هەندێک کاتدا کە ئیش زۆر دەبوو، بە شەویش کاریان دەکرد و پێیان دەوت شەوکار، دەیانوت ئەمشەو شەوکارمان هەیە و شەویش ئیشیان دەکرد، لە ماڵی خاڵە حەمە ژوورێکی گەورە هەبوو، دەتوانم بڵێم نزیکەی دە دوازدە مەتر درێژ بوو، شەش مەتریش پان بوو، ژوورێکی گەورە بوو، دوو مەکینەی تێدا بوو، دەزگای خەیاتیی تێدا بوو، بەعزە شەوێک لەوێ خەیاتییان دەکرد، تەنانەت شاگردەکانیش دەهاتن، یەک دوو شاگرد هەبوون، خەڵکی مەڵکەندی بوون، دەهاتن لەوێ خەیاتییان دەکرد، بەهۆی ئەو خەیاتییەوە شەو بەشی زۆر لە ماڵی خاڵە حەمە و جاروبارێکیش حەفتانە لە ماڵی باوکم بوون، خزمەکانمان کۆ دەبوونەوە، مەلا عەلی خاڵی گەورەتری باوکم بوو، مەلا کەریم لەویش گەورەتر بوو، ئەوەندە ڕووی بەم بابەتە نەدەدا، مەلا عەلی خۆی وا دادەنا کە هەمیشە خەریکی شەرع خوێندنە و فەتوا دەدا و خەڵک دێن بۆ لای، زیاتر بەوە سەرقاڵ دەبوو، کەمتر کۆبوونەوە لە ماڵی ئەوان بوو.

**ڕامان:** تۆ لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە ئامادە دەبوویت؟ ئەگەر ئامادە دەبوویت، چ سوودێکی بە تۆ گەیاند؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەم کۆبوونەوەیەی شەوانە لە ماڵی خاڵە حەمە، کە خزمەکان هەموویان دەهاتن، بوو بەهۆی کردنەوەی چەندان گرێ لە مێشک و لە دیدی مندا، چونکە باس لە هەموو جۆرە بابەتێک دەکرا، بۆ نموونە، یەکێک لەو شتانەی دواتر بووبوو بە هۆکار بۆ پێکەنینی گەنجان و منداڵانی خێزانەکە ئەوە بوو کە دەمانوت ئێستا خاڵە حەمە دەست پێ دەکا؛ بابەتەکە ئەوە بوو کە کاتی خۆی سەرباز بووە، ئەو دەم گرانییە گەورەکە هەبووە، دوایی باسی ئەمەش دەکەم، ئیتر دەستی دەکرد بە گێڕانەوە، کە چووە بۆ سنووری یەکێتیی سۆڤیەتی و ڕووسیا و ئێران و نازانم کوێ، ئیتر ئەم حەکایەتانەی دەگێڕایەوە و فێری تورکییەکەش بووبوو، جاری وا هەبوو بە تورکییەکەش دەیوت، ئینجا تەرجەمەی دەکردەوە سەر زمانی کوردی. ئا لێرەشەوە من ئەوەم لە لا دروست بوو، کە دەسەڵاتی عوسمانی یەکێکی وەک خاڵە حەمەی فێری تورکی کردووە، لەبەر ئەوەی سەرباز بووە و ئەمیش تورکییەکەی هێناوە بۆ ناو شاری سلێمانی و قسەی پێ دەکات.

**ڕامان:** لە تەمەنی منداڵی و لاوێتیدا چ دیاردەیەک سەرنجی تۆی ڕاکێشاوە و لەبیرت ناچێتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەبیرمە لەناو سلێمانی دا چەند کەسایەتییەک هەبوون، کە من منداڵ بووم، تەمەنم دە ساڵ بوو، ئەوانە دەهاتن بۆ ماڵی خاڵە عەلی، یان خاڵە حەمە، یان لە هەندێک شوێندا دەمدیتن کە لەبەینی خۆیاندا قسەیان دەکرد، کاریگەریی زمانی بیانی، چ عەرەبی، چ فارسی و چ تورکی بەسەر قسەکردنەکەیانەوە هەبوو، کە من لە ئەنجامیشدا بۆم دەرکەوت ئەمە چ زەبرێکی کوشندە و گەورەی لەو میللەتی کوردە داوە و بە باوەڕی من - کە هاتینە سەر خوارووی ئێراق؛ عەمارە و کوت و ئەمانە، لەوێدا بۆت باس دەکەم - بە ملیۆن خەڵکی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لەو شوێنە دوورانەی کە هی کورد بووە، کراون بە هی میللەتانی دیکەی غەیری کورد، ئەمە ئەوە بوو کە لە منداڵیدا سەرنجی زۆر ڕاکێشام.

**ڕامان:** وا بزانم زەمانێک ئەو زمان فێربوونە بۆ کەسابەت و بۆ کارکردن بووە، دەڵێن زمانی فارسی زمانی زانست و خوێندن بووە، زمانی تورکییش کە خەڵک هەولی داوە فێری بێ بۆ ئەوەیان بووە کە کاریان بەدەست بکەوێت و لە شوێنێک دایانبمەزرێنن.

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، بەڵام دەسەڵاتەکەش سەپاندبووی، من ئێستا شتێکم دێتەوە بەرچاو، کە خۆم دیومە و خوێندوومەتەوە. ناسنامەی کەسایەتیی کەسی دوولاپەڕە، یان چوار لاپەڕە بوو، ئێستا دەڵێی لەبەرچاومە، وەک ناسنامەی ئێراقی کە لەپێشدا چەند لاپەڕەیک بوو، دوایی بوو بە دوو لاپەڕە، هەمووی بە تورکییەکی شکاوەی تێکەڵ بە عەرەبییەکی عەجایەب بوو، من چەند جار خوێندوومەتەوە، ئەوە کاری تێ کردووم، وتوومە سەیری ئەمە بکە بۆ کورد کراوە! یانی ئەو پرسیارەم لا دروست بوو، باشە بۆچی ئەمە ناسنامەی کوردە؟ بۆچی ناسنامەکەمان ئەمە بێت؟ کەواتە ئەمە هەمووی بە شێوازێکی دەستووری و یاسایی و دەسەڵاتداریەتی سەپاوە و کوردی گۆڕیوە و گەلێک لە کوردانی کردووە بە غەیری کورد. ئەمە کارەساتێکی گەورە بووە، کە بەسەر ئەم میللەتەی ئێمەدا هاتووە. دێمەوە سەر باسی خێزانەکەی خۆمان، باوکم بەو جۆرە لە بەردەستی خاڵە حەمەدا گەورە بووە، نەنکم لەبەر ئەوەی سەروەتێکی لە مێردەکەیەوە بۆ بەجێ ماوە، واتە بێجگە لە ماڵی حاجی مەلا مەڵکەندی، لە ماڵی حاجی

عەویزەوە زەویی بۆ بەجێ ماوە، لەبەر ئەوە بە براکانی وتووە، من موڵکانەم ناوێ، موڵکانەی لێ وەرنەگرتوون، ئەمەش مانای وایە کە نەفس بەرزییەکی تایبەت و بەهێزی هەبووە، یانی بەرانبەر بە براکانی سەرنەوی نەبووە، دڵشکاو نەبووە، بەپێچەوانەوە کەسایەتیی تایبەتی خۆی نواندووە، کە ئەمە هێمایەکی گەورەیە.

**رامان:** نەریتی خێزانی و خێڵایەتی و ئایین کە بەشێکیانت باس کرد، ئەوانە چ کاریگەرییەکیان بەسەر تۆوە هەبووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نەریتی خێزانی و خێڵگەری و ئایین، تالاوێکی زۆر ناخۆشی لای من بەجێهێشتووە، لەپاش چەند ساڵێک کە نەنکی من بەم جۆرە دەمێنێتەوە، عەمری خودا دەکات و ئەم موڵکانە بە باوکم دەبڕێن. موڵکی کێ؟ موڵکی دایکی باوکم، موڵکێکی زۆریان لە مەڵکەندیی هەیە، ئەم سەرقەبرانەی زانکۆ موڵکیماڵی باوک و باپیرانی ئێمە بووە، ئەوان بە دیاری داویانە بە سەرقەبران، وتوویانە ئەمە تەرخانە بۆ سەرقەبران، لەوێوە بۆ دەباشان موڵکی ئێمە بووە، لەوێوە بۆ ناوگوڵان؛ ناوگوڵان ئێستاش باغێکە، بە لایدا دەڕۆم، بەرانبەر بە تونێلەکە، بە منداڵی لەگەڵ باوکم چووم موڵکانەم لێ وەرگرتووە، نۆکی تێدا دەکرا، دێیەک لەودیو هەیە، ئەوان بە موڵکانە لێیان دەگرت، دێیەکە هەر لەو دیوی سلێمانی یە، بەڵام ئەو پارچەیەمان تاپۆی نەبوو، کە تاپۆی نەبوو، باوکیشم تاپۆی نەکردبوو، ئێستا بەدەست ئێمەوە نییە، داگیر کراوە. نەنکی من، کە دایکی باوکمە، ئەوەندە نەفس بەرز بووە کە موڵکانەی لە براکانی وەرنەگرتووە، کەچی ئەوان، دوو مەلا، بەتایبەت مەلایەکی مێژەر بەسەر هاتووە، ژنەکەی خاڵە حەمەیان بردووە، دیارە خاڵەکانم هەردووکیان مەلا بوون، مەلا عەلی و مەلا محەمەد، بەڵام مەلا عەلی لەلای حکومەت دەستڕۆیو بووە، خاڵۆژنە ئامینەیان بردووە، دایکی حاجی حەمەی مەڵکەندی و عەبدولغەنی محەمەد و فلان و فیسار، خاڵۆژنی من بووە، کە باوکم شەریکی خاڵەکەیشی بووە، هەرچی شت هەیە باوکم کریویەتی، کەچی ئەمان هاتوون چوونەتە تاپۆ و خاڵۆژنە ئامینەیان لەگەڵ خۆیان بردووە و ئەم هەموو زەوییە کشتوکاڵییەیان بە ناوی ئەو ئامینەیەوە کردووە، ئاخر کە ئەو ناوی ئامینە بووە، نەنکی منیش ناوی ئامینە بووە، ئیتر هەرچی موڵکی ئەم خێڵە هەیە، کە موڵکێکی زۆرە، بەناوبانگ بووە، لەسەر ئیقراری خاڵۆژنە ئامینە بە ناوی خۆیانەوە کردووە.

**رامان:** نەختێک زیاتر باسی کەسایەتی ئەو مەلا عەلی مەڵکەنی یەمان بۆ بکە، چونکە لە شاری سلێمانی ناوێکی ناسراوە، بەڵام لەوانەیە نەوەی نوێ هیچی لە بارەوە نەزانن.

**محەمەد ساڵح سەعید:** مەلا عەلی خۆی وەک کەسایەتییەکی ئایینی ڕێزی لێ گیراوە، لە بەرانبەر سەراش مۆرهەڵکەن بووە، پێوەندیی ڕاستەوخۆشی لەگەڵ ئیجرائاتی ڕەسمی و عەریزەنووسی و لەو جۆرە شتانە بووە، ئەوەش کە لەبەر جەنەراڵ مێجەرسۆن هەڵنەستاوە، کەسایەتییەکی تایبەتی بۆ دروست بووە، بەڵام ئاخۆ ئایین، خوداپەرستی، کە لە سەداسەد بێ، لە ژیان و لە هەڵسوکەوتی خێڵگەری و لە مەسەلەی تەماح و چاوچنۆکی و ئەم شتانەدا ڕەنگ دەداتەوە ؟ نەخێر، بەڵام هاتوون ئەم کارەیان کردووە. چەند ساڵ ڕۆییبوو و ئێمە بەمەمان نەزانیوە، خۆ باوکی ئێمە نەیزانیوە، ئەمەش تامێکی ناخۆشی خێڵگەریی تێدایە.

**رامان:** ئەم کردەوەیەی مەلا عەلی چ کاریگەرییەکی بەسەرتانەوە بەجێ هێشت؟ خزمایەتییەکەتانی کاڵ نەکردەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** گرێیەکی زۆر ناخۆشی لای ئێمە دروست کرد، ئاخر نەریتی خێزانی کاریگەریی لەسەر ئەندامەکانی دادەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەرگیز خۆمان تێک نەداوە، دایکیشم هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمەی نەکردووە بە گرفتێک، بەڵام وتوویەتی شتێکی ناخۆش و سەیرە و بەو جۆرە باسی کردووە، ئینجا نموونەیەکی دیکەی پێوەندیی باوکم لەگەڵ خاڵە مەلاکانم کە ئەو کارەیان کردووە، ئەوەیە کە من و عەبدولغەنی، کە هاوتەمەنی منە و ئێستاش ماوە و خۆشەویستی یەکترین، باوکم جلی بۆ من کردووە و جلی بۆ عەبدولغەنیش کردووە، دەبوایە جلەکانیش لە یەک بوایەن، خەڵک دەیانوت ئەوە جووتەکە هاتن، یانی دەبوایە تەنانەت لە ڕەنگیشدا لەیەک بوایەن؛ تەنانەت کە باوکم جلی بۆ خوشکەکانیشم دەکڕی، دەبوو لەپێشدا بچن بۆ ماڵی ئەوان، کە ئەوان چی هەڵدەگرن، با هەڵیبگرن، ئەوە نەریتێکی زۆر ناخۆش بوو لە خێزانی ئێمەدا. لەدواییدا ئەمەش هاتە سەر جۆری بیرکردنەوەم لە کۆمەڵگە و بەم جۆرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی وا هەبوو، کە تەنانەت سەروەت و سامانیشی گرتبووەوە، وای لێهاتبوو ئێمە بە باوکمان دەوت بابە، کەواتە تۆش

سوخرەی خاڵە گەورەکەتی، کەچی ئەو، ئەوەندە بەڕەوشت بوو، دەیوت من و خاڵم و ئێوە و ماڵی خالۆژنتان و کچەکانمان و کوڕەکانمان، هەمووی یەکین، ئەوەی بۆ ئەوانی دەکەم وەک ئەوەیە کە بۆ ئێوەی بکەم، تا زانیمان ئەم زەویوزارە زۆرەیان بەم جۆرە بردووە بۆ دادگا و ئیقراریان کردووە.

**رامان:** ئەوە چۆنتان بەمە زانی؟ وا دیارە کە زانیوتانە پێی شۆک بوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** چۆنمان زانی؟ ئەمە سەیر بوو! خالۆژنە ئامینە لە گیانەڵڵادا بوو، ئێمە هەمیشە لە ماڵەکەدا بەیەکەوە بووین، دەتوانم بڵێم هەرچەندە ماڵەکانمان جیا بوو، بەڵام هەمیشە شەو و ڕۆژی ژیانمان بەیەکەوە بووە، لەوکاتەدا کە خالۆژنە ئامینە نەخۆش دەبێ، باوکم لە لای دەبێ، ژوورەکە کەسی تێدا نابێت، باوکم چاکەت و کڵاوی لە سەردا بوو، خالۆژنە ئامینە کەواکەی باوکم ڕادەکێشێ و دەڵێ سەعید، هەر پێی دەوت سەعید! ئەویش دەڵێ بەڵێ خالۆژن! دەڵێ شتێک هەیە بۆت دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی گەردنم ئازاد بکەی، من تاوانم نییە و گوناحم نییە، دەڵێ چییە خالۆژن؟ دەڵێ کاتی خۆی من لە جیاتی دایکی خوالێخۆشبووت براوم، ئیقراری هەموو زەویوزارەکانی تۆم کردووە، یانی موڵکەکانی دایکتم کردووە بە ناوی (خاڵە حەمە) و (خاڵە عەلی)تەوە، من دەسەڵاتم نەبووە، پێیان کردووم.

**رامان:** دیارە ئەو خاڵەی باوکت کەسێکی بەهێز بووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** خۆی کابرایەکی توند و خاوەن ئەمر بوو، تەنانەت ماوەیەکی زۆر لەو کەسانە بوو کە ئێواران لە بازاڕ دەهاتەوە عەبای بە شانیدا دەدا، پێیان دەوت عەبای شاڵ سوورمە، چاکەت و کەوای لەبەردا بوو، سەڵتەیان لەبەر نەدەکرد، خێزانی ئێمە سەڵتەیان لەبەر نەدەکرد، ئەو سێ چوار کەسەمان چاکەت و کەوایان لە بەردا بوو، هەرچەند ئەوانی دیکە شەرواڵ مرادخانی، شەرواڵ ستارخانی، ڕانکوچۆغە و ئەمانەیان لەبەر دەکرد، بەڵام باوکم و خاڵم و خاڵەکەی ترم، هەر چاکەت و کەوایان لە بەردا بوو.

**رامان:** پێم باشە لە داهاتوودا سەبارەت بە شێوە و جۆری جلوبەرگی ئەو سەردەمە شتێک بنووسیت.. باشە کە خالۆژنت قسە بۆ باوکت دەکات، هەڵوێستی ئێوە و باوکت چۆن بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** کە خالۆژنە ئامینە پێی دەڵێ من ئەمەم کردووە و پێیان کردووم، دەسەڵاتیشم نەبووە، خاڵت بەزۆر بردوومی و بەزۆر پێی کردووم، نەمویراوە قسەش بکەم، کە ئێمە ئەوەمان زانی، ئیتر شتێکی ناخۆش کەوتە خێزانەکەمانەوە. من قسەیەکم کرد و وتم بابە گیان، هەردووکیان بانگ بکە، ئەوە هەردووکیان ماون، لە دادگا قورئانیان بدە، عومەری برام، خۆی تووڕە کرد، عومەر نەغەدە هەیە، ئەوە برای منە، لە من بچووکترە، خۆی تووڕە کرد و وتی، من دەچم شەڕیان لەگەڵ دەکەم، بەڵام من زۆر هێمن و لەسەرخۆ هەر ئەوەندەم پێ وت، بانگیان بکە و سوێندیان بدە، چونکە من باوکمم دەناسی، ئیتر باوکم دەستی کرد بە دڵدانەوەی عومەری برام و وتی، کوڕم خۆ ئەلحەمدولیللا ئێمە هەمانە و ئەوە زەویوزارمان هەیە و ئەوە نازانم چی و چیمان هەیە، کەچی عومەر وتی، نا ئەوە زوڵمە، ئیتر کە ئەمە ڕووی دا، من زۆر هەوڵم لەگەڵ باوکم دا، کەچی ئەو ڕووی کردە من و وتی، باشە ئێستا من دڵی خاڵەکانم بۆ چەند پارچە زەوییەک لە خۆم عاجز بکەم؟ ئیتر دڵ و دەروونێکی بەخشندەی هەبوو.

**رامان:** باوکت خەسڵەتی جوانی هەبووە، لەوانە لێبوردەیی و بەخشندەیی و گەورە و بچووکی و..

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەودەم هەمیشە لەناو ماڵەکەدا پێنج شەش پارچە قوماشی ئەوسا بلوری لەگەڵ خام هەبوو، بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەمرن، باوکم لەبەر ئەوەی لە مزگەوتەوە نزیکیش بووین، هەمیشە لە ماڵەوە پێنج شەش پارچەی کفنی دانابوو، دەیوت هەرکەسێک هەژار بێ، پارە بدا و پارە نەدا، هەر هاتن بیاندەنێ، یانی ئەوە دڵ و دەروونی بوو، هەر ئەوەندەمان دەزانی لە مزگەوتەوە خەڵکی دەهێناوە، مزگەوتی مەڵکەندی فەقێی تێدا بوو، مجێورێکیشی هەبوو، ئێمە ئێواران چێشتمان لێدەنا، بە دایکمی وتبوو ئەگەر شلەیەک، شۆرباوێک، هەر نانە وشکەکە، میوەیەک، یان هەرچییەک بێ، چی خوا دابووی، ئەگەر شتێکی کەمیش بێ، بیاندەنێ، کە یەکێک دەمرد، ئەوسا لە مەڵکەندی هاوکارییەکی سەیر هەبوو، باوکم لەگەڵ ئەوانەی لەپێشدا دەچوونە قەبران، دەچوو قەبری لەگەڵ هەڵدەکەندن، زۆرم بەلاوە سەیر بوو، دەموت باوکە گیان، تۆ ئەوە بۆ دەکەی؟ دەیوت کوڕم، ئەی چۆن نەیکەم، ئەمە خێرە، ئەمە چاکەیە و دەبێ بیکەی. باوکم لەو جۆرە ئینسانانە بوو، خزمەتگوزارێکی زۆر سەیر بوو بۆ خزمەکانی، هەرکامێکیان هەرشتێکیان بوتبایە لەسەرپێ بوو، ئامادە بوو یەکسەر بۆیان بکات.

**رامان:** ئەوانەی بۆ سەردانتان دەهاتن و میوانداریتان

دەکردن کێ بوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** زۆرجار میوانمان هەبوو، لە هەڵەبجە و لە تەوێڵە و لە پێنجوێنەوە، بۆ نموونە، ماڵی حاجی عەلییەڕەش، ماڵێکی دەوڵەمەند بوون، ماڵی ئەول محەمەد لە هەڵەبجە دەوڵەمەند بوون، ماڵی حاجی عەبدولوەهاب ماڵێکی دەوڵەمەند بوون، کەچی ئەوەندەم دەزانی ساڵێ دوو سێ جار ئەمانە شەو دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە، کە دەهاتن بۆ سلێمانی پیاوەکانیان، بەعەزە جارێکی کەمیش، زۆر کەم، ژنەکانیشیان دەهاتن، ئێستاش من پێوەندیم لەگەڵ کوڕەکانیاندا هەیە، لەوێوە دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە، شەو لە ماڵی ئێمە دەمانەوە، ئەمە زۆر شتی سەیری بەلامەوە دروست دەکرد. لەبیرمە شەوێکیان ئەول محەمەد لە ماڵی ئێمە بوو، لە ژووری سەرەوە بوو، ئێمە دوو ژوورمان لە سەرەوە بوو، دوو ژوورمان لە خوارەوە بوو، لەگەڵ هەیوانێک لە سەرەوە و هەیوانێکیش لە خوارەوە، مەقەڵی وارشاومان هەبوو، دەبوایە لە هەیوانەکە بگەشێنرایەتەوە، ئینجا ببرایە بۆ ژووری میوانەکە، تەنیشتەکەیشی ئەو ژوورە بوو کە من و برایەکم تێیدا دەنووستین، باوکم و ئەوان لە خوارەوە بوون، ئێستا شتێک دێتەوە بە بیرمدا، شەوێکی ئەوانە هاتن ئەول محەمەد و یەکێکی دیکە بوون، سەرماوسۆڵەیەکی زۆر عەجایب بوو، خەڵووزەکە بردرایە ژوورێ و ئاگری بەسەرەوە کرابوو، تەواو نەگەشابووەوە، لەپاش نزیکەی دوو سەعاتێک، نانیان خوارد و ئەول محەمەد هاتە دەرەوە و لە هەیوانەکە کەوت، گاز لێی دابوو. لەبیرمە باوکم لەم جۆرە بوو، ئیدی نازانم بۆ؟ دڵێکی زیادە لە پێویست باشی هەبوو، لەبەر ئەوە هەموو خێزانەکە تکامان لێ کرد، بەبێ ئەوەی بیکەین بە گیروگرفت.

**ڕامان:** ئەی کەسایەتی دایکت چۆن بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** دایکم ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ باوکم نەیکرد بە شەڕ، یان باوکم لەگەڵ دایکم بەشەڕ نەهات، باوکم لەسەر شتی زۆر ساکار لە دایکم تووڕە بووە، بەڵام لەسەر خزمەکان، ئەگەر تووڕەش بووبێ، وا نەبووە شتێکی ناخۆشی لێ بکەوێتەوە. ئەم دایکەی من ئەگەر بگەیشتایە تینی، بەدەم لایەلایەکردن بۆ منداڵەکانی دەگریا، یانی ئەمە ناخۆشترین شت بوو، کە من لێم دیوە، ئیتر ئەوەندە بەڕێز بوو، ئەوەندە بێدەنگ بوو، بەوپەڕی ئارامی و خۆشی و خۆشەویستییەوە، منداڵی بەخێو کردووە و میوانی بەڕێ کردووە و لەگەڵ باوکمدا ژیاوە.

**ڕامان:** ئەوە ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانی تۆ، ئینجا نەختێ باسی منداڵیی خۆتمان بۆ بکە، چۆن جەژنتان دەکرد، چۆن بۆنە کۆمەڵایەتییەکانتان بەڕێ دەکرد؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** سەر پیرمەسوور بە لای ئێمەوە شتێکی سەیر بوو، جگە لەوەی کە ئەم کڵ و شتەی تێدا بوو، لە جەژناندا چەرخوفەلەک و جۆلانە و ئەم جۆرە شتانەی بۆ دەهێنرا و عەرەبانەی خێزانیشی لێ دەوەستا، عەرەبانەی جووتە ئەسپەکان، ئیتر ئێمە بۆ جەژن دەچووین بۆ ئەوێ، یانی ئەوەندەش دوور نییە، کە دەچووین بۆ ئەوێ، هەرچی خەڵکی سلێمانی یە دەهاتن، ئیتر سواری ئەم چەرخوفەلەکە دەبوون، شتیان دەکڕی، قوماریان دەکرد، قوماریان هەڵدەدا، خەتوشێر و زۆر شتی منداڵی دەکرا، جگە لە گۆرانی وتن، لەوێ سواری عەرەبانەی تریشقە دەبوون.

**ڕامان:** مەبەستت عەرەبانەی (یایلی)یە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، ئەم عەرەبانەیە یەکەم جار لە مەڵکەندی پەیدا بووبوو، ئەمەش لە مەڵکەندی دا مێژوویەکی هەیە، هەبوو یەک ئێستر ڕایدەکێشا و هەبوو دوو ئێستر ڕایدەکێشا، بەڵام زیاتر یەک ئێستر ڕایدەکێشا، تەختەی بەسەرەوە بوو، یانی پشتەوەی تەختەیەکی پان بوو، وەک بڵێی دوو مەتر بە مەترونیوێک، یان دوو مەتر بە دوو مەتر، یان دوو مەتر و نیو بە مەتر و نیوێک، منداڵان سواری دەبوون و دەبوو بە چەپڵەڕێزان و گۆرانی وتن، لێرەوە دەیبردن بۆ نێو شار و دەیبرد بۆ جوولەکان و دەیبردن بۆ فلان شوێن و دەیهێنایەوە.

**ڕامان:** چ ڕووداوێکی جەژنەکانی ئەو ساڵانەت لەبیر ماوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من کوڕە گەورە بووم، دیارە لای دایکم و باوکم زۆر خۆشەویست بووم، لەم جەژنەدا شتێکی سەیر ڕووی دا، بۆ یەکەم جار کەوای تاقە و سەڵتەی سوورمەیان بۆ کردبووم، پشتێنێکی تایبەتی پانیشم بوو، بەڵام من بەمەم نەزانیبوو، کە دووپشکێکی لە زەنگیانە دروستکراو بە شانەکەیەوە بوو، شتێکیش بە پشتمەوە بوو، تومەز مارێک بووە، وەک بڵێی نزیکەی نیوەڕاستەیەک، یان نزیکی نیوەڕاستەیەک، سەری مارێک و هەردوو چاوی و کلکی پێوە بووە، ئەویش هەر بە زەنگیانە دروست کراوە، کە جلی جەژنمان لەبەر دەکرد، زۆر خۆش بوو، بەلامانەوە سەیر بوو، ئەم کەوای

تاقەیەش بەنیسبەت مەڵکەندییەوە هەر شتێکی سەیر بوو، گران بوو، دەگمەن بوو، سەڵتەکەش سەڵتەی سوورمە، ئەویش قۆڵەکەی ئەنواعی شتی پێوە بوو، سوورمە و ئەمانەی پێوە بوو، یانی چنین بوو، جۆرێک بوو، هەر لەگەڵ من چوومە ناو خەڵکەوە، عەبدولغەنی محەمەدیشم لەگەڵ بوو، عەبدولغەنی ئەوەی بۆ نەکرابوو، بەڵام ئەویش هەر ئەو سەڵتە و کەوای لە بەردا بوو، ئەوەندەم زانی منداڵ تێم ورووکان، ئای ئەوە مارە! ئەوە مارە! ئیتر تووشی شڵەژانێکی سەیر بووم، ماری چی؟! وتیان مار بە پشتی تۆوەیە، وتم ئەوە چییە؟ ماری چی؟ وتیان تۆ سەیری شانت بکە، ئەی چی پێوەیە! ئەمیش لە شێوەی دووپشک، وتیان تۆ مار و دووپشکت هێناوە بۆ جەژن!

**ڕامان:** کە مناڵان ئەمەیان پێ وتی تۆ چیت کرد؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** هەر خێرا بە ڕاکردن ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، چونکە زۆر سەیر بوو، یانی منداڵەکان ئەمەیان بەلاوە سەیر بوو، شتێکی دەگمەن بوو، کەسی دیکە شتی وای پێوە نەبوو، وتم دایکە، توخوا من ئەمە لەبەر ناکەم، وتی بۆ ڕۆڵە! ئەم جلە جوانە بەتایبەتی بۆمان کردووی، ئەمە خەیاتی تایبەتی بۆی کردووی. وتم بەخوا هەرچی منداڵ هەیە تێم ورووکاون، ئێوە مارتان پێوە کردووە، ئیتر دامکەند و جلی دیکەم لەبەر کرد، ئەو جەژنە بە لای منەوە شتێکی سەیر بوو.

**ڕامان:** کەی بوو چوویتە بەر قوتابخانە و خوێندنت دەستی پێکرد؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** پێش ئەوەی بچین بۆ قوتابخانە، باوکم ناردینییە بەر خوێندنی حوجرە، باوکم حەزی لە ئاییندپەروەری دەکرد، بەڵام ئاییندپەروەرێکی زۆر پاک، لەو جۆرە بوو کە لێم بیستووە، ئەگەر لە بازاڕ یەکێک دەهات و دەیوت کاک سەعید، توخوا ئەمە ڕاستییەکەی بەچەندە؟ باوکم نارەحەت دەبوو، دەیوت کاکە تۆ بۆچی دەڵێی توخوا؟ بۆ هەر ناڵێی بەڕاست؟ دەموت بابە قەی چی دەکا وای وتووە، دەیوت نابێ کوڕم، نابێ سوێند بخۆی، یانی پلەی ئاییندپەروەرییەکەی ئەوەندە هەستیار بوو، بەڵام زۆر پاک، زۆر بێ فێڵ، زۆر بێ تەماح، ئەوانە سیفەتی باوکم بوون.

**ڕامان:** یەکەم جار لای چ مەلایەک خوێندت و ساڵی چەند بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە ساڵی ١٩٤٢- ١٩٤٣، خوێندنەکەم لە لای مەلا غەفوور بوو، مەلا غەفور لەنێو بازاڕەکە بوو، ئەو شوێنەی ئێستا هەنگوینی لێ دەفرۆشن، ئەو بازاڕە باریکە، لەوێدا دەرگایەکی مزگەوت هەبوو، بە دیوی ئەودیویشدا دەرگایەکی هەبوو، ئەو مزگەوتە دوو دەرگای هەبوو، نازانم ماوە، یان نا، ئێستا دێتەوە بەرچاوم کە منداڵان بەڕیز لەسەر عەرزەکە دانیشتبوون، دۆشەکەڵە دانرابوو، مەلاش لە ناوەڕاستیدا بوو، جزمی عەممەیان پێ دەوتین، مەلا قامیشێکی درێژی پێ بوو، قامیشە درێژەکە، قامیشێکی باش و ئەستوور بوو، وەک بلێی سەرەکەشی گۆپکەیەکی پێوە بەسترابێت، ئەمەی بە دەستەوە بوو، ئیتر هەر دەهاتە پێشەوە و دەڕۆیشتەوە دواوە و قورئانی دەخوێندەوە، ئێمەش هەموومان بەدەنگ لەگەڵی دەمانخوێندەوە، هەر جارەی شتێکی لەم شتانە پێ دەوتین.

**ڕامان:** تەنیا قورئانتان دەخوێند، یان بابەتی تریشتان لە پاڵیدا دەخوێند؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** هەر قورئانەکەی پێ دەوتین و هیچی دیکە، یەکەم جار من ئەمەم دیوە. دواتر قوتابخانەی مەڵکەندی لە ماڵی ئەفسەرێکدا بوو، دوو برا بوون، ماڵی بەهجەتی عەونی و حەمەی عەونی کە لە ئەفسەرانی ئازاد بوو، خانووەکە خانووی ئەوان بوو، بەکرێ دابوویان بە حکومەت، هەر لەو دیوی مزگەوتەکەی مەڵکەندی یەوە بوو، دەرگایەکی تری هەبوو بەو بەرەوە بوو، چوار پۆلی تێدا بوو، لەو قوتابخانەیەدا خوێندمان، من دەتوانم بڵێم لە مزگەوت ساڵم تەواو نەکرد، باوکم کە دەڕۆیی بۆ دوکان لەگەڵ خۆی دەیبردم، کە دەرسەکەشم دەخوێند، دەچوومەوە بۆ دوکان، بەڵام دواتریش لە کاتی پشووی خوێندندا چەند جارێکی دیکەش ناردوومی بۆ قورئان خوێندن، بەڵام بەتەواوەتی بەبیرم نایەت چۆن بوو، هەرچەند هیچ شتێکی ناخۆشی حوجرەکەشم بە خەیاڵدا نایەتەوە، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆشم بیر نایەتەوە، هەر ئەوەندە بوو، دەبوایە بیڵێینەوە، ٢٠ تا ٢٥ قوتابی دەبووین، جاروبار قامیشەکەی تێ دەگرتین، بۆ ئەوەی بێدەنگ بین، بەداخەوە ساڵەکەم لەبیر نییە، دیارە مومکینە لە سەرەتای چلەکاندا بووبێ، لەو بەروودواییەدا بووبێ، بۆچی ئەوە دەڵێم؟ چونکە لەوە دەچێ لە پۆلی سێ بووبم.

**ڕامان:** ئەی لەلای نەجمەددین مەلا نەتخوێندووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، دوای ئەوەش دوو جار لە پشووەکاندا لە ماڵی ڕەفعەت ئەفەنی، کە سلێمانییە کۆنەکان دەیناناسی، لە خوار ماڵی شێخانەوە، لای

نەجمەددین مەلا خوێندوومە، کە مرد لە ئەزمەڕ ناشتیان، سەرخان و ژێرخانیک بوو، لەژێر پردەکەی ئێستادا، تەنانەت لەبیرمە مەلا نەجمەددین دوو جار کتێبی بە دیاری پێ داوم، ئێستا نە دەزانم کتێبەکە چی بوو و نەدەزانم بە چ زمانێک بوو، بەڵام وام لە خەیاڵە کە کتێبێکی پەڕ زەرد بوو، بەدیاری پێی دام، وتی تۆ زیرەکی، وابزانم کتێبێکی دیکەشی دامێ، هی تەها حسێن بوو، بەس لەبیرم نییە چ کتێبێکە، دووجار هەوڵم دا بیخوێنمەوە، هیچی لێ تێنەگەیشتم، عەرەبی بوو.

**ڕامان:** وا دیارە خێزانەکەتان بۆ خوێندنی تۆ زۆر هاندەرت بووبێ؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** خێزانەکەمان بۆ خوێندن هاندەرم بوون، هەمیشە هەر حەدیس و ئایەت و ئەمانەیان دەوتەوە، ئاخر ئەو مەلا شکڵێیانە وازیان لەوە نەدەهێنا، هەر دەیانوت و دەیانوتەوە، گۆیا بۆ ئەوەی خەڵک موسڵمان بێت، نوێژ و ڕۆژوو بکات، ڕەفتاری نامۆی لێ نەوەشێتەوە، چونکە ئەگەر وابێ، بە لێکدانەوەکەی خۆیان، هەر خۆیان دەزانن دەچن بۆ کوێ.

**ڕامان:** باشە لە خوێندنی سەرەتایی کێ بوون ئەوانەی کاریگەرییان بەسەرتەوە هەبوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەبیرمە دوو سێ مامۆستا هەبوون، لە سەرەتاییدا کاریگەرییان لەسەر من هەبوو، یەکێک لەوانە بۆ ماوەیەکی کەم، ڕەفیق چالاک بوو، یەکێکی دیکەیان عومەری مام ڕەحیم بوو، تەنانەت لەبیرمە عومەر عەبدولڕەحیم نەخۆش کەوت، بەپێی ئەوەی کە ماڵی ئێمە چەند خوویەکی سەیریان هەبوو، چوومەوە وتم دایە ئەوە مامۆستاکەمان نەخۆشە، دەڵێن لەو خەستەخانەیەدا کەوتووە، ئەوسا خەستەخانەکە لە ماڵی ئێمەوە نزیک بوو، مەڵکەندی لەوێوە زۆر نزیکە، یانی دەتوانی بڵێی بە کۆڵانەکەدا بە دوو سەد هەنگاوێک دەگەیتە ئەوێ، ئیتر لە سەتڵێکدا شیریان دامێ، وتیان بڕۆ ئەو شیرەی بۆ بەرە، شیری حەیوان، ئەوکات ئێمە حەیوانمان هەبوو، وابزانم لە پۆلی یەک، یان لە پۆلی دوو بووم، لەبیرمە ئەو شیرەم بردووە بۆ عومەری مام ڕەحیم، ئیتر کە هاتەوە قوتابخانە پێی دەوتم باوکەکەم باوکەکەم، هەمیشە ئاوا بەهەڵپەوە قسەی لەگەڵ مندا دەکرد، دەیوت تۆ باوکەکەمی.

**ڕامان:** بیروباوەڕی هەردووکتان زۆر جیاواز بوو، ئەو کەسێکی نەتەوەیی بوو، تۆ کەسێکی شیوعی بوویت، دواتر هاوڕێیەتیتان چی لێهات؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** تا عەمری خوداشی کرد لەگەڵ ئەوەدا کە بیروباوەڕمان زۆر زۆر لێک جیاواز بوو، بەڵام خۆشترین پێوەندیم لەگەڵ مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم دا هەبوو. شەوکەت ئەفەنییەک هەبوو، باڵابەرزێک بوو، شێوەکار بوو، ئەویش ماوەیەکی زۆر کەم کاریگەریی بەسەرمەوە هەبوو. برایم باڵدار دەرسی پێ وتووم، یانی بینیومە، ئێمە لە قوتابخانەی مەڵکەندی پۆلی چوارمان بەم جۆرە تەواو کرد، خەڵکەکە ئەوەندە هەژار بوون، قوتابخانەی مەڵکەندییان ناو نابوو قوتابخانەی پەڕۆ، چونکە گۆڕەپانێکی وای نەبوو. من لەگەڵ عەبدولغەنی و کوڕێکی دیکە، بە ناوی عەونی سابیر، ئێستا لەبیرمە دووانمان یەکەم بووین، یەکیان دووەم بوو، ئەوی دیکەش سێیەم بوو.

**ڕامان:** کە دەرچوون بۆ پێنج بۆ کوێ چوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە مەڵکەندی کە قوتابییەکان دەردەچوون بۆ پێنج، دەیاننارد بۆ قوتابخانەی فەیسەڵییە، لەو ساڵەدا غەفووری مەلا عەلی، کە خاڵۆزای باوکم بوو، لەوێ بووبوو بە مامۆستا، جەلال ئەفەنی، جەلال مەلا محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵییە بوو، ئەویش خزمایەتییەکی لەگەڵ ماڵی خاڵە حەمە هەبوو، جەلال ئەفەنی لەگەڵ خاڵۆژنە ئامینەم خاڵۆزا و پوورزا بوون، نزیک بوون و تێکەڵیش بوون، هاتوچۆی ماڵیشمان هەبوو، ئێستاش لەگەڵ کوڕەکانیدا هاتوچۆمان هەیە و ناسیاوییمان لەگەڵ هەردووک کوڕەکەیدا هەیە. باوکم وتی نا، دەبێ بچن بۆ قوتابخانەی خالدییە، باوکیشم و خاڵیشم وتیان دەبێ من و عەبدولغەنی محەمەد بچین بۆ قوتابخانەی خالدییە، ئێمە نەماندەزانی خالدییە چییە و فەیسەڵییە چییە، بەڵام دەیانوت وا باو بوو کە قوتابخانەی فەیسەڵییە هەر یەکەمەکان وەردەگرێ، ئەوەی کە زۆر زیرەک نەبێ، دەبێ بچێ بۆ قوتابخانەکانی دیکە، ئیتر لەو کاتەدا چەند قوتابخانەی دیکە لە سلێمانی هەبوون، من نەمدەزانی، ئیتر ئەمە بوو بە گێژاوێک بۆ ئێمە، جەلال مەلا محەمەد ئەفەنی عاجز بوو، حاجی برایمی چاوشووشە هەبوو، خاڵۆزای باوکم بوو، هاتە نێوانەوە، ئەویش زاوای ئەوان بوو، هاتە لای باوکم و خاڵم وتی، جەلال ئەفەنی عاجز دەبێ، وتی یانی چی ئێوە حەمە ساڵح و عەبدولغەنی نانێرنە ئەوێ، ئەمانە قوتابییە زیرەکەکانن، ئەو دەڵێ من پێم ناخۆشە زیرەکەکان دەبەن بۆ قوتابخانەی خالدییە، یانی تا ئەو ڕادەیە ئەمە بووبوو بە باسێک لە ناو خێزانەکەی ئێمەدا،

بەڵام لەدواییدا خاڵە حەمە وتی نەخێر ئەمە برازای خۆمە، ئەوە بۆ کوڕەکانی خۆم باشترە و دەبێ بچنە ئەوێ، ئیتر ئێمەیان نارده ئەوێ، لەپێشدا مامۆستا بوو، ئینگلیزی دەوتەوە، لەدواییشدا بوو بە بەڕێوەبەر و دواتریش بوو بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

**ڕامان:** لەو قۆناغەی خوێندنتدا چیت بەبیر دێتەوە کە کردبێتت و تا ئێستا لەلات مابێتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێمە لە خالیدییە شتێکی سەیرمان تێدا دروست بوو، بەتایبەت لەمندا، نەک لەوانی دیکەدا، لەوێ هەندێک قوتابیی لێبوو، وەک چۆن دەڵێ نیمچەبزێو و چاوکراوە بوون، خەیاڵمان دایە وشەی پەتیی کوردی، لە شەشی سەرەتایی خەیاڵمان دایە شەڕەشیعر، شیعرمان لەبەر دەکرد و شەڕەشیعرمان دەکرد؛ من دەموت نەستەعینم بە "ئەلف"، تۆ دەبوایە شیعرێکت بهێنابایەتەوە کە یەکەم پیتەکەی ئەلف بوایە، کە تۆ بە شیعر جوابی منت دەدایەوە، شیعرەکەت بەچی کۆتایی بهاتایە، با بڵێین بە "نوون" کۆتایی بهاتایە، دەتوت نەستەعینم بە "نوون"، دەبوایە من دێرە شیعرێکم بهێنابایە کە بە "نوون" دەستی پێ بکردایە، ئیتر ئێمە خەیاڵمان دایە ئەمە، بۆچی خەیاڵمان دایە گەڕان بەدوای وشەی پەتیی کوردیدا؟ من نەمدەزانی.

**ڕامان:** لەنێوان دوو قوتابخانەی فەیسەڵییە و خالیدییە بەربەرەکانییەکە بۆ پێشکەوتن بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** وەک وتم خالیدییە و فەیسەڵییە بوو بە شتێکی سەیر لەلای ئێمە، چونکە جۆرێک لە بەربەرەکانی لەنێوانیاندا هەبوو، کە من دەتوانم بڵێم بەلامەوە خۆشە، لەوێش یوونس ئەفەنی هەبوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، کە سەیرم کرد کێبڕکێیەکی تایبەتی بۆ پێشکەوتنی قوتابخانەکە و بۆ پێشکەوتنی زانیاری هەیە، قوتابخانەی فەیسەڵییە خۆیان زۆر بە بەناوبانگ و بەگرینگ دەزانی، قوتابخانەی خالیدییە لە خانووی ماڵی خێزانی ئەحمەد ساڵح قاسم بوو، باوکی ئاغاو ئەم دکتۆر بەرهەم ئەحمەد و ئەوانە، لە بینای ئەهلیدا بوو، بەڵام فەیسەڵییە بینایەکی کۆن بوو، ئەوە خۆت مێژووەکەی دەزانی، لە هەموو شتێکدا بەناوبانگ بوو، گۆڕەپانی وەرزشیی چاکی هەبوو. هەستمان دەکرد لە نێوان خالیدییە و فەیسەڵییەدا پێشبڕکێیەکی پێشکەوتنی زانیاری هەبوو، ئەوەی کە بە بیرمدا دێتەوە مامۆستاکان هەستی جۆرێک لە بلیمەتی و ویستی پێشکەوتن و گەڕان بەدوای زانست و ئەوانەیان بە قوتابییەکان دەبەخشی، لەبەر ئەوە خوێندکارەکانیش گەرموگوڕییەکیان تێدا بوو، لە نێوان قوتابییەکاندا ئەم جۆرە شتە پەیدا بووبوو کە تۆ هەوڵ بدە پێش ئەو بکەوی، با ئەو پێش تۆ نەکەوێت، ئەوە گەرموگوڕییەکی لای ئێمە دروست کرد، ئێمەش خێزانەکەمان لەو جۆرە بوو.

**ڕامان:** باشە لە ماڵی ئێوەدا کتێبخانە، یان بایەخدان بە کتێبی دەرەوەی قوتابخانە هەبوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ماڵی خاڵە عەلی م کتێبخانەیەکی تێدا بوو، هەرچەندە هەمووی دینی و مێژوویی و ئەم جۆرە شتانە بوو، بەڵام باوکم بەتایبەتی و خاڵیشمان هانی دەداین کە کتێب بکڕین، دەیانوت کتێب چیتان دەوێ بۆتان دەکڕین، مەبەستیان بوو منداڵەکانیان پێبگەن، منداڵەکانیان بەرەو زانست و زانیاری بڕۆن و لە ژیاندا سەربکەون و بە باشیان دەزانی کە قوتابخانە تەواو بکرێ. مەڵکەندی خێزانی دیکەی تێدا بوو، کە منداڵەکانیان نەدەنارده بەر قوتابخانە، بەڵام خێزانەکەی ئێمە بەپێچەوانەوە لەناو خۆیاندا کێبڕکێیەک پەیدا بووبوو، کە منداڵی ئەم زیرەک بێ و منداڵی ئەو زیرەک بێ، بە گشتی دەیانویست هەموو، بەتایبەتیش هەر کەسە بۆ خۆی، ئەمە باری دەروونی مرۆڤەکەشە، لەبەر ئەوە بووبوو بە هاندەرێک بۆ ئێمە. گەلێک جاریش بابەتی شەرعی و قانوونی و ئەو ڕووداوانەی کە ڕووی دەدا لە ئەنجوومەنەکان و لە دانیشتنە خێزانییەکاندا باس دەکران و ئەوە بووبوو بە چێژێکی تایبەتی کە ئێمە پێیەوە بخولێینەوە و بایەخی پێ بدەین. ئەمانە بۆ ئێمە گرینگ بوون.

**ڕامان:** لەو سەردەمەی ئێوەدا داستان و هەقایەت خوێندنەوە باو بووە، چ لە ماڵەوە بووبێ، یان لە دەرەوەدا تۆ گوێت لەو داستان و هەقایەتانە گرتووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێستا خەیاڵم بۆ شتێک دەچێ، ئەوسا لەنێو خێزانەکاندا پیرەپیرێژن هەبوون، ئەم پیرەپیرێژنانە لە شەوانی زستان و ئەوانەدا کە کۆ دەبوونەوە، چیرۆکی کۆنی کوردەوارییان دەگێڕایەوە، ئەم چیرۆکانەش لەلای من بووبوون بە خولیا و هاندەر. لە یەکێک لە چایخانەکانی بەرانبەر سەرا، چایخانەی شێخ ئەمین یان پێ دەوت، وابزانم لە سەروو چایخانەکەی حاجی عەولەوە بوو، کۆمەڵێک چایخانەی گەورە لەوێدا هەبوون، ئەوەیان بچووکتر بوو، مەلایەک لەوێ هەبوو، شەوانە حیکایەتی کۆنی لە کتێبدا دەخوێندەوە، خەڵک

دەچوون دادەنیشتن و گوێیان لێ ڕادەگرت، ئەمەشمان دەبیست و بەلامەوە شتێکی سەیر بوو.

**ڕامان:** لەو قۆناغەی خوێندن کە ئاگایی و هۆشیاریتان بەرەو سەرەوە هەڵکشا، ڕووتان لە سیاسەت نەکرد؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە قوتابخانە خەیاڵێکم بۆ پەیدا بوو، بۆ شیعر و بۆ شانامە و بۆ زیرەکی، ئینجا کە مەسەلەی بارزانییەکانم بیست و مەسەلەی کۆمەڵەم (ژ.ک) بیست و چوار ئەفسەرەکە ئیعدام کران، لەبیرمە ئێمە لەبەر سەراوە نزیک بووین، لە مەڵکەندییەوە زوو دەگەیشتینە بەر سەرا، دوو شەو نەنووستین، ئەمەش بووبوو بە شتێک و لەناو مێشکی ئێمەدا دەهات و دەچوو، لەبیرمە خەڵکی سلێمانی تا بەیانی لەو بەر سەرایە هاواریان دەکرد، ئێمەش وەک منداڵان، گەلێک هوتافمان دەکێشا؛ چیتان دەوێ کوردەکان / بەردانی بارزانییەکان.. چیتان دەوێ کوردەکان / عەفوات بۆ ئەفسەرەکان. دروشمەکانم لەبیر نەماوە، بەڵام دروشمی سەرەکی ئەوە بوو کە ئەفسەرەکان عەفوو بکرێن، کەچی شەهید کران و ئیعدام کران، یەکێکیان تێدا بوو خزمی ئێمە بوو، مێردی کچی فەرەجەسوور، خزمی نزیکی زەعیم عەبدولمەجید عەلی بوو، کە خزمی ئێمە و زاوای ئێمە بوو، کچی حاجی عەلی مەڵکەندی خێزانی بوو، ئەو شەهید بوو، ناوەکەی عەبدولمەجید بوو، زەعیم مەجیدیشی پێ دەوترا، کە لە کاتی عەبدولکەریم قاسم دا بوو بە ئامیر مەوقیعی بەسرە، لە دواییشدا گیرا و ماوەیەک دەستبەسەر بوو، دواتریش بەردرا، یەکێک لە ئەفسەرەکان خەڵکی سلێمانی بوو، مستەفا خۆشناو، زاوای ئەوان بوو، ئەوەش زۆر کاریگەر بوو، چونکە ئێمە لەگەڵیاندا تێکەڵاو بووین، ئەمانە هەمووی کاریگەرییەکی زۆرمان لەسەر هەبوو.

**ڕامان:** دەنگوباسی بارزانییەکان چۆن لەلاتان کەوتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەپاڵەوانییەتیی بارزانییەکان و پاڵەوانییەتیی بارزانی نەمر و ئەو کارە ئەفسانەییەی کە کردی، بە سێکوچکەیەکی زۆر ترسناک و دژواردا پەڕییەوە بۆ سۆڤییەت و دەمانبیست کە بارزانییەکان و بارزانی لەوێ دەوری سەیریان هەیە و بیستمانەوە کە چووە بۆ کریملین، بە تایبەتی ئەوەی کە بیستمان بە فڕۆکە چووە، لەو سەردەمەدا ئەوە بە لامانەوە زۆر سەیر بوو؛ بە دزییەوە، بە فڕۆکە، بەبێ ئەوەی بزانن کێیە چووە بۆ کریملین، بۆ ئەوەی فریای وەزعی خەڵکەکەی خۆی و ئەوانەی کە لەگەڵین بکەوێت، یانی گەلێک لەو کار و کردەوانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەمندا دروست کرد.

**ڕامان:** ئەی شیعر نووسین و شکانەوە بەلای ئەدەبیاتدا چۆن لە تۆدا ڕووی دا؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە چواری سەرەتاییەوە کەڵکەڵەی شیعر و ئەدەب و ئەو شتانە کەوتبووە سەرمەوە، لە پێنجی سەرەتایی و لە شەشی سەرەتاییەوە بە شوێن دۆزینەوەی وشەی پەتی کەوتبووم، تەنانەت لەبیرمە لە ناوەندیدا بووبووین بە حزبی "تەحەرور"، ئەوسا من ماوەیەکی کەم بووم بە ڕزگاری، لە یەکی ناوەندیدا من چوومە حزبەوە، سەیر بوو بەلامەوە. ئەوسا کەمالی حاجی شەفیق هەبوو، برای جەلالی حاجی شەفیق و جەمالی حاجی شەفیق، جەمال شەفیق بۆ ماوەیەکی کەم بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی، بۆ یەکەم جار کەمال هات، ئێستاش لەبیرمە و لەبەرچاومە، پەیڕەو و پرۆگرامێکی باریک، ڕەنگە دەوری ١٠، ١٥ لاپەڕەیەک بووبێت، یان ١٢ لاپەڕەیەک بووبێت، بە خەتێکی سەیر نووسرابوو، ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەی هێنا، پێیان دەوت ڕزگاری، تا ئێستا نازانم ڕزگاری چی بوو، بەس ئەوەندە دەزانم باسی کوردایەتی دەکرد، بەدوای ئەودا ئیتر "تەحەرور" و "پارتی" دروست بوون، "تەحەرور"، حزبێکی شیوعی بوو.

**ڕامان:** تەحەرور ڕووکاری (واجهة)ی حزبی شیوعی بوو.

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵام ناوەکەی "تەحەرور" بوو، ئێمە "تەحەرور" بووین، چۆن بووین بە "تەحەرور"؟ نازانم، بەڵام شتێکی سەیر بە لای منەوە، کە خەڵک قەناعەتی پێ ناکات و ناچێ بەعەقڵیدا، ئەوە بوو کە ئەو شیوعیییەتەی کە بەتایبەتی لە سلێمانی بەم جۆرە دروست بوو، لەبەر ئەوە دروست بوو کە شتێک کەوتە ناوەوە، ئاخر کە کۆمەڵە دروست بوو، سۆڤییەت تاڕادەیەک یارمەتیی کۆمەڵەی دا، ئەوە بوو لەدواییدا بابەتەکە هەڵگەڕایەوە.

**ڕامان:** تۆ ئامانجت لەو ڕێبازی شیوعیییەتەی خۆت هەڵتبژاردبوو، چی بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** خەیاڵێکی وا دروست بوو کە لەڕێگەی شیوعیییەتەوە و لەڕێگەی ئەم لینین و مارکسییەتەوە هەقی میللەتان وەردەگیرێ، لەبەر ئەوە پێمان باش بوو کورد لەو ڕێگەیەوە بە مافە نەتەوەیییەکانی خۆی بگات. ئەمە بەڕاستی کاری کردە

سەر ئێمە، یانی من کە یەکەم جار بووم بە "تەحەرور" و لە دواجاریشدا ماوەیەکی زۆر شیووعییەتیم کردووە، هەر بەو خولیایەوە شیووعییەتیم کردووە، ئەگینا من زوو لەوە گەیشتم کە شیووعییەکان دەیانوت ئێمە حزبی چینی کرێکارین، پرۆلیتارین، دەموت ئێمە پرۆلیتاری نین، من کتێبم زۆر دەخوێندەوە، لەسەر تیتۆ، مارکس، لینین، ئیتر ئەم شتانەی لەسەر ئابووری هەن و هەرچییەکم بەدەست کەوتبایە، دەمخوێندنەوە، جاری واهەبوو بەبێ ئەوەی تێی بگەم، جاری واهەبوو نیوە و نیوەچڵ تێی دەگەیشتم، یانی ئەمە لەلای من بووبوو بە شتێک.

**ڕامان:** پێشتر تۆ خەریکی قورئان خوێندن و ئایینپەروەری بوویت، ئەوە چۆن لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە دەگونجا؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەوەپێش بەهۆی قورئانەکەوە بەدوای زانستی عەرەبیدا دەگەڕام، سەردەمانێک کە لە چوار و پێنج و شەشی سەرەتایی بووم، بەیانیان هەڵدەستام نوێژم دەکرد، بەڵام باوکم داوای لێ دەکردم کە دەبێ قورئانم بەدەنگ بۆ بخوێنی، یانی زۆری پێ خۆش بوو، دەیوت کوڕم من ئیسراحەتی پێ دەکەم، هەروەها دایکیشم زۆری پێ خۆش بوو، تەنانەت دایکم دڵناسک بوو، بەعزە جارێک کە گوێی لە قورئان دەگرت، دەگریا و فرمێسکی دەهاتە خوارەوە، دەچووم دەموت دایە گیان، ناوی نازدار بوو، ئەوە ئێستا تۆ بۆچی کە گوێت لە دەنگی ئەو قورئانە دەبێت، دەگری؟ دەیوت کوڕم، ئاخر ئەوە قورئانە دەیخوێنی، ئاخر ئێمە دەبێ بەزەییمان هەبێت. دەموت باشە تۆ ڕەقیت تێدا نییە، بۆچی دەگریت؟ دەیوت نازانم کوڕم، نازانم ئەم پرسیارانەم لێ مەکە، یانی من زۆر ئەم پرسیارانەم لە دایکم دەکرد، بەڵام دڵی باوکیشم نەدەڕەنجاند، لەبەر دڵی ئەو بەیانیان هەڵدەستام بەدەنگ قورئانم دەخوێند، ئیتر ئیسراحەتی دەکرد، کە لێدەبووینەوە دوعای بۆ دەکردم، هانی دەدام و دەیوت دەی کوڕم، ببە بە شتی گەورە، دە دەی کوڕم، بخوێنە، هاندەرێکی باش بوو.

**ڕامان:** وتت ئەوسەردەمە شیعریشت دەنووسی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** پێش ئەوە کەوتمە خولیای شیعر لەبەرکردن، هەرچەند ئێستا شیعرم لەبەر نییە، یانی دوو شیعرم پێ بڵێ لەبیرم نییە، شیعری خۆمم لەبەر نییە، شیعرم زۆرە، دوایی هێندێکیشیانت دەدەمێ حەز دەکەی بڵاویان بکەوە، تا ئێستا بڵاوم نەکردوونەتەوە، یەک جار نەبێ لە ڕۆژنامەی "ژین"دا شیعرێکم بڵاو کردەوە، بابەتی شیعرەکە لەسەر دایک بوو، ئێستا نەشم ماوە، ئەوە دەگەڕێم بۆ ئەو شتانەی لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بڵاوم کردوونەتەوە، من لە "ژین"دا شتم زۆر بڵاوکردووەتەوە، نۆزدە بابەتم پەیدا کردووەتەوە، بەس ئەو شیعرەم دەست نەکەوتووەتەوە، دەگەڕێم بەدوایدا. بەم جۆرە خەیاڵم دایە شیعر و خەیاڵم دایە پەخشانیش، بۆ نموونە، ئێستا سەرناوی بابەتێکم لەبیرە؛ "بۆ گەورەترین دەستدارێک، بۆ خۆشەویستترین دڵدارێک"، ئەوە پەخشان بوو، دووروودرێژ بوو، بەڵام فەوتاوە؛ "کوردستانەکەی باوانە گەورە"، ئەمە شیعرێکی دووروودرێژ بوو، نزیکەی ٤٥ پارچە بوو، "کوردستانەکەی باوانە گەورە، جیهانی ئەمڕۆ قەشمەری و سەیرە"، هەر ئەو دوو دێڕەیم لەبیر ماوە، ئیتر بەدوای ئەمەدا کۆمەڵێک شیعرم نووسی، کە بووم بە "تەحەرور"، دەستم کرد بە شیعری مارکسی - لینینی و بەزمووڕەزم، لە حزبایەتیدا پێش کەوتم و لە ئەدەب پچڕام.

**ڕامان:** تۆ شیعری مارکسی و لینینی بنووسیت دواجار هەر دەبێ لە ئەدەبیات بپچڕێیت و دوور بکەویتەوە.

**محەمەد ساڵح سەعید:** وردەوردە چوومە نێو یەکێتیی قوتابیانەوە، ئەوسا پێیان دەوت یەکێتیی قوتابیان، کە چوومە نێو یەکێتیی قوتابیانەوە، ئیتر دیارە چالاکییەکی زۆرم هەبوو، هەر بەهۆی چالاکییەکانیشمەوە وردەوردە پێش کەوتم، من دوو ڕێگەم گرت، ڕێگەیەکیان ڕێگەی حزبایەتیی تۆخ بوو، کە بووم بە کادیرێکی حزبی شیووعی، بووم بە بەرپرسێکی قوتابیان، لەپاش ماوەیەک بووم بە بەرپرسی ژنانیش، بەڵام ئەمە کەی؟ لە یەکی ناوەندیدا، قوتابییەکی یەکی ناوەندی، ساڵێکیش بەهۆی نەخۆشییەوە، قوتابخانەم تەرک کردبوو، یانی حیسابی بکە، پۆلی ٦ و ٧، واتە سێزدە و چواردە ساڵان، مانای وایە لە پازدە شازدە ساڵیدا بووم بە کادیرێکی زۆر چالاکی حزبی، کەسانێک لە شیووعییە زلەکان ڕێکخراوی من بوون، کەسانی وەک عومەری مامە شێخ و عومەر عەلی ئەمین و ڕەفیق چالاک، کە ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵی بووم، کەسێکیش لە هەولێرەوە هاتبوو، پێویست ناکا من ئێستا ئەو هەموو ناوانە بڵێم، ئیتر بووم بە کادیرێکی حزبی، ئینجا نەکسەی حزبی شیووعی لە ساڵانی ١٩٤٨، ١٩٤٩ و ١٩٥٠دا هاتە ئاراوە، دەست کرا بە خۆپیشاندان و فەرتەنەیەکی زۆری لێ پەیدا بوو، لەوێوە ئیدی حزبی

شیوعی تووشی هەڵوەشان و نەکسە بوو، لە بەغدا دانپێدانان دروست بوو، جودابوونەوەی تێکەوت، نەکسەی پێش داوود سایغ، کە بەداخەوە ئەوە بەتەواوی نایەتەوە بیرم، لەدواییدا دەتوانم ناوەکانتان پێ بڵێم.

**رامان:** کە لە بەغدا دان پێدانان دەستی پێکرد، لای ئێوە بارودۆخ چۆن بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** حزبی شیوعی لە بەغدا دانپێدانانێکی گەورەی تێکەوت، ئەوە پارێزگاکان و سلێمانیشی گرتەوە، کە سلێمانی گرتەوە من لەو کاتەدا کادیرێکی حزبی شیوعی بووم، رێکخەری دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسووڵ، عەلی مەحموودی مەحامی، رێکخەری ژمارەیەکی زۆر بووم، لەناویاندا ئامینە محەمەد، کادیرێکی چالاکی حزبی شیوعی هەبوو، من کادیرێکی زۆر چالاک بووم، خوێنەرەوەیەکی فیکر بووم، وەک جێبەجێکارێک بووم لە کاری عەمەلیدا، ئەوسا نازناوەکەشم عەرەبی بوو، ئەبو عەزیزم ناو بوو، لەدواییدا بووم بە هێمن، لە سەردەمانێکی درەنگدا گۆریم بە هێمن، دانپێدانان ئێمەشی گرتەوە، بەهاددین نووری لەگەڵ شێخ عەلی شێخ حسێن و کۆمەڵێکی دیکە، بۆ یادی شەهیدانی وەسبەی کانوونی ١٩٤٨ و ١٩٤٩ لێرە خۆپیشاندانێکمان بەرێخست، ئاخر لە هەڵەبجە یەکێک شەهید بوو، لە سلێمانی یەک دووانێک شەهید بووبوون، ناوەکانیانم لەبیر نییە، برای مامۆستا مەحموود هەبوو، خەڵکی هەڵەبجەن، یەکێک لەوانە بوو کە شەهید بووبوو. دیارە حزبی شیوعی لە هەرکوێیەک چالاکیی بکردایە، دەبوایە هەمووی ئەمانە بکرایە.

**رامان:** ئێوە چۆن و بە چ شێوەیەک یادی وەسبەی ١٩٤٨تان کردەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێمە وتمان چۆن یادی ئەو وەسبەیە بکەینەوە؟ لیژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە دروست کرد؛ من و بەهاددین نووری و رەئووفی حاجی قادر و ئەوانە کۆ بووینەوە، ئامینە محەمەدیش وەک ئافرەت لەگەڵمان بوو، بڕیارمان دا لە مزگەوتی لۆکەفرۆشەکان دارە مەیتێک دروست بکەین و شتێک بدەین بەسەریدا، لەوەپێش دروشم نووسرابوو، بڕیار بوو دارەمەیتەکە برازێنینەوە و ئەو حەوت هەشت کەسە بیهێنین بۆ بەرحەوزەکە، ئەوسا لەناو بازاڕی سلێمانی حەوزێک هەبوو، ئاویشی تێدا بوو، بەرحەوزەکەیان پێ دەوت، دەرگایەکی مزگەوتێکیشی لەسەر بوو، بەو جۆرە ڕازاندمانەوە، من هوتافم وەرگرتبوو، ئامینە محەمەد کلیلەکەی بەدەستەوە بوو، چواری دیکە دارەمەیتەکەیان هەڵگرتبوو، دارەمەیتەکە دروشمێکیشی پێوە بوو، یادی شەهیدانی ڕاپەڕینی وەسبەی کانوون لە بەغدا، ئیتر کە هاتینە بەرحەوزەکە، لەوێ چەپڵەلێدان بوو، چەپڵە لێدەدرا، ئیتر لە هەموو کەلێنوکەلەبەرێکەوە شیوعییەکان ئاگادار کرابوون، بەم ڕێگایەدا هاتین و بەرەو خوار ڕۆیشتین، ئینجا دیسان لەوێوە گەڕاینەوە بۆ سەرەوە و هاتینەوە سەرجادەکە، لای دارتاشخانەکان، کە گەیشتینە ئەوێ سەیرم کرد پۆلیسی لێیە، ئەوسا لە سلێمانی خۆپیشاندان زۆر دەکرا، هەموو ڕۆژێک، هەموو حەفتەیەک، حزب بڕیاری دەدا خۆپیشاندان بۆ فلان شت بکرێت؛ بۆ پەیمانی پۆرتس مۆنس، بۆ ڕووخانی نووری سەعید، بۆ ڕووخانی فلان و فیسار، هەر ئەوەندەمان دەزانی کە ئەم شتانە دروست دەبوون.

**رامان:** کاردانەوەی پۆلیس و حکوومەت بەرانبەر چالاکییەکانتان چۆن بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەو سەردەمەدا تیپێکی تایبەتی بۆ کووژانەوەی خۆپیشاندان بە دۆنکییەوە دانرابوو، کاتێکم زانی ئێمە کە لیژنەی سەرکردایەتییەکە بووین، پۆلیس دەوریان دابووین، یانی لەودیو و لەمدیوەوە، خەیاڵێک گرتمی، من بزێوی و وریاییەکم تێدا بوو، خێرا چوومە لای بەهاددین نووری، کە خۆی شاردبووەوە، من هێنابووم، دەبوایە منیش بمبردبایەتەوە بۆ ئەو ماڵەی کە لە مەڵکەندی تێیدا خۆی شاردبووەوە، ئیتر یەکسەر چوومە لای و وتم هاوڕێ، وەزعمان باش نییە، سەیرکە چۆن بە پۆلیس دەورە دراوین، خەڵکێکی زۆرمان لێ دەگیرێ.

**رامان:** بۆ دارە مەیتەکە پرسوڕات بە بەهائەددین نووری کرد؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، وتم بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆرمان لێ نەگیرێ، با فێڵیان لێ بکەین، وتی دەی.. دیارە ئەوسا گردی سەیوان ناسرابوو بە گردی شەهیدان، گۆڕی ئەفسەرە شەهیدەکان و هی خەڵکی شیوعی و هی کارەساتەکەی شێخ مەحموود کە تەرمەکەیان هێناوە و خێزانەکەی رەشۆڵ ئەختەر شەهید بوو، وتم با بیانخەڵەتێنین و بچین بۆ سەرقەبران، وتی چۆن؟ وتم من هوتاف دەدەم، جەماوەری بەشەرەف، بۆ

گردی سەیوان، بۆ سەرقەبران، بۆ سەر گردی شەهیدان ئیدی دەستم پێ کرد، وتم ئەمانە دەڵێم، بەڵام پێش ئەوەی کە دەست پێ بکەین، با هاوڕێیان ئاگادار بکەین، کە لەگەڵ ئەم هوتافە درا، دەرفەت بێنن و هەریەکە بە لایەکدا بڕوا. دیارە ئەو گەڕەکە بۆ ڕزگاربوون کونوکەلەبەری یەکجار زۆر تێدا بوو، مزگەوتی دوودەرگا و سێ کۆڵان بۆ سابوونکەران و گوێژە و ئەمانە، لەولاوە بۆ خوارەوە دوو کۆڵانی تێدا بوو، هی دارتاشخانەکان، ئینجا بپەڕەوە بۆ ئەوبەر، ئیتر بۆ ناو هەموو سلێمانی، دەتوانی بە هەموو لایەکدا بڕۆی.

**ڕامان:** بیروڕای ئەو سەبارەت بە پێشنیارەکەی تۆ چی بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** وتی زۆرباشە، دیارە ئێمە ناو بازاڕمان تەواو کردبوو، خەڵک لەبەرمان هەڵدەستان و کە دارە مەیتەکەیان دەدەی، دەگریان، تەنانەت من خاڵە حەمەم دی باوکی عەبدولغەنی و ئەحمەدی مەڵکەنی کە لە سلێمانی بە حاجی ئەحمەدی مەڵکەنی ناسراوە، هەستایە سەرپێ، ئیتر خەڵک کە دارەمەیتەکە و ئێمەی بەو هوتافانەوە دەدی و بەو دارە مەیتەوە بە بەردەمیاندا دەڕۆیشتین، هەمووی هەڵدەستانە سەرپێ و چەپڵەیان بۆ لێدەدایین، نەیاندەزانی مەسەلەکە چییە، دارە مەیتەکەش هیچی تێدا نییە، ئیتر لەدواییدا لەگەڵ گەیشتینە ئەو شوێنەی ئەو چوارڕێیانە زۆرەی تێدایە، من دەستم کرد بە هوتافات، پۆلیس شڵەژا و دیار بوو فەرماندەکەیان بەمە خەڵەتابوو، یەکسەر بە هەروەڵە ئێمەیان بەجێ هێشت، لەگەڵ ئەوان دەستیان کرد بە هەروەڵە و بەجێهێشتنی ئێمە، ئیتر هەر خەڵک بوو ڕای دەکرد، خۆ ڕزگار بکە و ڕابکە، منیش یەکسەر بەهاددین نووری م گرت و وتم لێرەوە دەڕۆین، خەتێک هەیە بە دەستی چەپدا دەچێتە گەڕەکی گوێژە و بە زوویی دەگەیتەوە مەڵکەندی، تەنانەت لەبیرمە مامۆستایەک هەبوو، ناوی غەفوورە بوو، مامۆستای وەرزش بوو، لە کۆڵانەکەی خۆیاندا تووشی بووین، ئەویش خۆی لە خۆپیشاندانەکەدا بوو، هاتە بەردەمم وتی هاوڕێم حەمە ساڵح، وەرن وەرنە ماڵی ئێمە دەتانشارمەوە، وتم نا نایەین، یەکسەر بەهاددینم گەیاندەوە مەڵکەندی و ئەو ماڵەی تێیدا موختەفی بوو، خۆیشم خێرا چووم خۆم گۆڕی.

**ڕامان:** ئەی دواتر نەگیران؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ دوایی گیراشم، یانی لەسەر ئەو خۆپیشاندانە گیرام، دیارە ئەم دانپێدانانانە هەبوو، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی دانپێدانانەکان لە بەغدا حزب خێرا ئەمری دەرکرد، کە کۆمەڵێک لە ئەندامەکانی خۆیان بشارنەوە، یەکێک لەو ئەندامانە من بووم، عومەر عەلی ئەمین گیرا، ڕەفیق چالاک گیرا، ڕەفیق چالاک ئیعترافی لەسەر عومەر عەلی ئەمین کردبوو، ئەمانیش ئیعترافیان لەسەر ئەو کردبوو، عومەر عەلی ش ئیعترافی لەسەر ئێمە کردبوو، من یەکێک لەوانە بووم کە ئیعترافی لەسەر کردبووم، ئەوە بوو خۆم شاردەوە، هەر لە ماڵی حزبییەکدا، لە مەڵکەندی ماوەی پێنج مانگ، یان زیاتر خۆم شاردەوە، ماڵەوەمان دوو سەد مەتر دوور بوو، نەیانزانیبوو من لەو ماڵەم.

**ڕامان:** ئەو ماڵەی خۆتت لەلایان حەشار دابوو، کێ بوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەو ماڵە لەگەڵ ماڵی ئێمە تێکەڵ بوون و نەنکێکیان نانکەری ئێمە بوو، ڕەعنا سووریان پێ دەوت، ماڵەکە خۆیشیان شیوعی بوون، کوڕێکیان لە زیندان بوو، لەتیفی نانەوایان پێ دەوت. ئیتر من لەوێ خۆم شاردەوە و ئەو ماوەیەم بەو جۆرە بەسەر برد.

**ڕامان:** ئەم کارکردنەی تۆ لەگەڵ شیوعییەکان، کەی کاریگەرییەکەی لەسەرت کەم بووەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لێرەدا باسی کاریگەرییەکانی ئەو شیوعییەتە دەکەم، دیارە ئێمە بەجۆرێک حیسابمان بۆ دەکرد، بەڵام دواتر ڕاوێژی سۆڤییەت گۆڕا، یانی هەر لە سەرەتاشەوە ڕاوێژەکەی هەر ئەوە بوو، لەو کتێبەدا کە من تەرجەمەم کردووە، شتێکی تێدایە باسی ستالین دەکەم و دەڵێم ستالینەکەی ئێمە کە لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئینگلیز و فەڕەنسا و ئیتالیا کە شیوعییەکان ئیدانە دەکەن، ئەو بێدەنگە، لەسەر ئەو ڕێککەوتنانەی کە لەگەڵیان ڕێککەوتووە.

**ڕامان:** لەناو ئەم کەینوبەینی سیاسەتە، چۆن بوو پێوەندی و مەیلت بۆ ئەدەب و کوردی نووسین چوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** یەکێک لەو شتانەی کە دیسان پێوەندی بە ئەدەب و بە کوردییەکەوە هەیە، کە من بۆچی خولیام داوەتێ و بۆ خۆشم نازانم، ئەمەیە کە ئێستا دەیگێڕمەوە. من لەگەڵ کەریم سۆفی و بەشێک لە کادیرەکان کە تەرجەمەی ڕاگەیەنراوەکانمان دەکرد و بڵاوکراوەمان دەردەکرد، بڵاوکراوەی قوتابیان و

جووتیاران و دەنگی ئافرەتان و دەنگی گەنجانمان هەبوو، ئیتر بڵاوکراوەمان زۆر بوون، من لە عەرەبییەوە تەرجەمەم دەکردن، تۆ بڕوانە من بەهۆی قورئان و حەدیس و ئەمانەوە عەرەبیم زۆر دەزانی، لەوانی دیکە زیاترم دەزانی، بەڵام چیشم کردبوو، سەیری ئەو فکرکردنەوەیە بکە، کە وتارێکم تەرجەمە دەکرد، وشە قورسەکانیم هەڵدەبژارد، لەو کاتەدا خۆم شاردبووەوە، ئەو وشانەم دەنارد بۆ عەلی مەحموود، د. عیزەددین مستەفا، د.کەمال فوئاد و دەموت ئەمانە لە مامۆستاکانتان بپرسن، چونکە ئەوان ئازاد بوون، ئیتر بە لیست وشەکانم بۆ دەناردن، کەسێکم لەبەردەستدا هەبوو، ڕەزای ناوبوو، برای سابیرە لووتەیان پێ دەوت، ئەوە لە نێوان من و ئەواندا نامەبەر بوو، ڕۆژانە بۆم دەناردن، لەگەڵ ئەو بڵاوکراوە و هەواڵانەی بۆ حزب دەهاتن، دەمانکردن بە بڵاوکراوەی تایبەتی و هەر یەکەی لەسەر قوتابیان، لەسەر گەنجان، لەسەر جووتیاران و کرێکاران و لەسەر زۆر شتی تریش بوون، لەگەڵ بابەتە تیورییەکان، بەڕاستی ئەو سێ کەسە، بەتایبەتی د. کەمال فوئاد و دکتۆر عیزەددین مستەفا و عەلی مەحموود ئەمەیان زۆر بەباشی ئەنجام دەدا، من ئەوکاتە بەرپرس و ڕێکخەریان بووم، ئامینە محەمەدیش قوتابییەکی زیرەک بوو، لەدواییدا بوو بە مامۆستا، لە سەندیکاش لەگەڵمان بوو، کە من بوومە سکرتێری سەندیکای مامۆستایان.

**ڕامان:** بیستوومە بەهۆی ناردنی ئەو وشە قورسانە کە لە مامۆستاکانیان بپرسن، بیستوومە شتێک ڕووی داوە، بۆمانی بگێڕەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ڕۆژێکیان عەلی مەحموود لەناو پۆلدا هەڵدەداتێ و دوو وشە لەو وشانە لە مامۆستای عەرەبی دەپرسێ، لەگەڵ د. عیزەددین مستەفا لە یەک پۆلدا دەبن، دوای ئەوەی مامۆستای عەرەبییەکە ماناکەیان پێ دەڵێ، د. عیزەددین مستەفا لەولاوە هەڵدەداتێ و دەڵێ فلان وشەشی لەگەڵدایە، هەر لە خۆیەوە دوو وشە لەوانەی دیکەش دەڵێ، لەو کاتەدا کە ئەو هەڵدەداتێ، عەلی مەحموود زۆری پێ ناخۆش دەبێ، بەڵام هەر قسەش ناکات، لەدوایی کە هاتەوە بۆ کۆبوونەوە لای من شکاتی لە د. عیزەددین مستەفا کرد، وتی ئەئاوا هەڵیداوەتێ و ئێمەی ئاشکرا کردووە، ئەگینا ئەو چووزانێ، دەڵێ فلان وشەشی لەگەڵدایە، چۆن دەبێ ئەمە بڵێ؟ ئیتر منیش وتم، تۆ پێشنیاری چی دەکەی؟ وتی من پێشنیار دەکەم پلەکەی بهێنرێتە خوارەوە، ئیتر عەقڵی ئەو سەردەمە! دیارە من شاراوەم و ئەوان سەربەستن، وتم هەر دەیدەم بە خۆت، با د. عیزەددین مستەفا بێتە لای تۆ، دوایی وادەم بۆ دانان، وشەی نهێنیم بۆ دانان، یەکەمیان لەبەر فلان مزگەوت و لە فلان شوێن ڕادەوستێ، دووەمیش دەچێ بۆ لای، لە ئەو سەعات و دەقەیەدا کە دیاری کراوە، ئەم پرسیار لەو دەکات و ئەویش پرسیارەکەی وەڵام دەداتەوە، کە پرسیارەکان من دامناون، وەڵامەکانیش هەر من دامناون، ئیتر یەکتری دەناسن و دەزانن کە هاوڕێی یەکترن، گۆیا د. عیزەددین مستەفا بەوە لە ڕێکخستندا دێتە خوارەوە.

**ڕامان:** وابزانم نوکتەیەکیش لەو بارەیەوە دروست بووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، نوکتەیەکی خۆش لەمبارەیەوە دروست بووە، نازانم پار بوو، پێرار بوو، عەلی مەحموود بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە و دەیبا بۆ دکتۆر عیزەددین مستەفا کە پرۆفیسۆرە و نووسەرێکی گەورەی خۆمانە و هاوڕێی دێرینمانە و پێی دەڵێ پێشەکیم بۆ بنووسە، کە دەیخوێنێتەوە، دەبینێ ئەم شتەشی تێدا نووسیوە، کە عەلی مەحموود دەچێتەوە بۆ لای، ئەو پێی دەڵێ، هەتیو ئەمە چییە تێتدا نووسیوە؟ دەڵێ دکتۆر گیان، بۆچی ئەمە ڕووی نەداوە؟ وانەبووە؟ من لە پۆلەکەدا قسە دەکەم، تۆ دەڵێیی فلان وشە و فلان وشەش، ئێمە ترساوین لەوەی ئاشکرا بین. لێرەدا مەبەستم لە گرینگیی نوکتەکە نییە، مەبەستم لەوەیە کە تا ئەو ڕادەیە بەقووڵی چوومە ناو بابەتەکەوە، بۆ ئەوەی وەری بگێڕم.

**ڕامان:** ئێستا تۆ خاوەنی چەند کتێبێکی کە بە زمانی عەرەبی نووسیوتن.

**محەمەد ساڵح سەعید:** من چەند کتێبێکم بە زمانی عەرەبی هەیە، کەسانێک کە ئەو کتێبانەیان خوێندووەتەوە، تەلەفۆنم بۆ دەکەن و دەڵێن تۆ ئەو عەرەبییە چۆن فێر بووی؟ یانی ئەوەندە نووساوین بە زانست و بە ئەدەب و بە زانیارییەوە، کە زیاد لە توانایی خۆمان، خۆمان ڕەتاندووە و خۆمان ماندوو کردووە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی سیاسییەکان، ئێمەمانان زەرەرێکی زۆرمان کردووە، هەرچەند ئەوە بەزەرەر نازانم، ئێمە شانازی پێوە دەکەین، بەڵام بە هیچ جۆرێک ڕێزێکی وامان لێ نەنراوە، کە بۆ ئەم کارە شایستە بێ،

شتی وا هەیە کە بیگێڕمەوە سەرت سوور دەمێنێت، لە بواری شیووعییەتەکەدا، کە ئەمە دوورە لە باسەکەی تۆوە، بەڵام هەر دەبێ ڕۆژێک باس بکرێن.

**ڕامان:** پێم باشە سەبارەت بە کارە ئەدەبییەکانی تۆ قسە بکەین و تەرکیزی لەسەر بکەین، بەتایبەتی کاری نۆڤلێت و ڕۆمان نووسین؛ وەک هەموومان ئاگادارین، یەکەم کاری ئەدەبیت کە چاپ کردووە، بە ناوی مام (هۆمەر)ـەوە بوو، لە شێوەی چیرۆکێکی درێژ، یان با بڵێین وەک نۆڤلێتێک چاپت کردووە، ئەو کاتەی تۆ بیرت لە نووسینی نۆڤلێت و ڕۆمان کردووەتەوە، نووسینی ڕۆمان لای نووسەری کورد نەبووە بە بیرۆکەیەک، خەمێکی سەرەکی ئەوتۆ نەبووە، کە تۆ دەستت داوەتێ هەموو ئەو ڕۆمانانەی بە کوردی نووسراون لە پەنجەکانی دەستێک تێناپەڕن، پێم باشە سەبارەت بە "مام هۆمەر" قسەمان بۆ بکەیت، چۆن بوو بە کورتەچیرۆک دەستت پێ نەکرد و بە نۆڤلێت دەستت پێ کرد؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من بەو بوارە کۆمەڵایەتییەی کە تێی کەوتم و لەو کاتەشدا کە بووبووم بە ڕامیارێک، واتە دوو خەتی ژیانم گرتبوو، دوو هزر ڕایکێشابووم، هزرە کۆمەڵایەتییەکەی کورد، کە لە ناخ و لە ویژدان و لە هەست و سۆزی مندا کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو، بەو کاریگەرییە گەورانەدا کە من پێوەی هاتبووم، لەوە دەچێ هەر لە منداڵییەوە بەتایبەتی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان منییان بە لای خۆیاندا زۆر بۆ دنیای کراوەی چیرۆک ڕاکێشابێت، دنیای کراوەی چیرۆک؛ واتە دنیای جەنجاڵی بەیەکداچووی مرۆڤی کورد، بەشی زۆری مرۆڤی کورد لەو سەردەمەدا کاری کشتوکاڵیی دەکرد، وڵاتێکی کشتوکاڵی و خۆژێن بە پیشەسازی دەستکرد بوو، ئەمە لە منداڵیی خۆمدا زۆر کاری تێکردووم، کە دەچوومە خومخانەکان و ناو بازاڕ و ئەم هەموو تەقەتەقی دارتاش و ئاسنگەر و مسگەر و هەمەجۆر شتی دەستیم دەدی، سەرنجی منی بە لای ئەوەدا ڕاکێشابوو، کە وڵاتەکەی من و مرۆڤی وڵاتەکەی من و ئەم خاکە بەپیتەی وڵاتەکەی من، لەوەدەچێ ئەو مرۆڤەی وا لێ کردبێت کەوا ببێت بە کەسێکی کارکەری خۆژێن؛ کارکەر بە واتای کرێکاری ناڵێم، چونکە من کابرایەکی کۆمۆنیستی زۆر کارا بووم، تا ئەم کات و سەردەمەش، ئەو بیروباوەڕەم هەیە، کە کۆمۆنیستەکان هەر بە سەرزارەکی و بە ساکاری دەیانوت ئێمە حزبێکی کرێکارین، ڕاستییەکەی ئەو واتایەمان بۆ ئەوە هێناوەتە ناو کایەی ژیانی کوردەوارییەوە، کە ڕێگایەک بێ بۆ پێشکەوتن و دەرچوون لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی. ئەگەر بەم شێوەیە بابەتەکە لێک بدەینەوە، دواتر دەگەینە مەسەلەی ئیمپریالیزم، ئینجا ئا لێرەدا من خۆم دەبینمەوە و دیسان دێمەوە سەرخۆم، چونکە لەوە دەچێ بەهۆی ئەوەی کە من کەسێکی زۆر هەستەوەرم، شتەکان زۆر زوو کارم تێ دەکەن، بەڵام لە دەربڕیندا پەلە و هەڵە و سەرکێشیم نییە، لە پەلاماردا خۆخواردنەوەیەکی زیاترم بۆ بیرکردنەوە تێدایە.

**ڕامان:** ئەوە دەرکەوت تۆ چۆن بەلای نۆڤلێت و ڕۆماننووسیندا چووی، بەڵام نەفەس درێژییەکەت لەچییەوە هات؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوەی وای لە من کرد کە بچم بە لای چیرۆکدا، ئەم خۆخواردنەوەیەیە، بە واتای لێکدانەوەیەکی ناخییە، ئەم لێکدانەوە ناخییە وایکرد لەنێو خۆمدا ئاسۆیەکی تری فراوان بکرێتەوە، بۆچی؟ بۆ بیرکردنەوە، بۆ پەنگخواردنەوە، بۆ گلدانەوە، ئەمانە هەمووی واتای تایبەتیی خۆی هەیە. ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە، ئەم پەنگخواردنەوەیە بوو بەوەی لە ناخمدا دەروازەیەکی فراوان دروست ببێت؛ لە هەڵمەتەکانی بیر و بیرکردنەوە و سۆزداریمدا، بارە دەروونییەکەی کە من لەو کۆمەڵگایەدا دەژیم، کەواتە دەروازەیەکی فراوانی بۆ بیرکردنەوەی من کردەوە، کە بیرکردنەوە هەبێت، لەدواییدا بیرلێکردنەوە هەیە، کە بیرلێکردنەوەش هەبێت، لەدواییدا دەربڕین هەیە؛ وەک باوەڕ و ئایدیای تۆ، وەک بەیەکداچوونی بەراوردکار لەنێوان ئەم شتانەی کەوا تۆ بەم هەستە ناسکەوە بیری لێ دەکەیتەوە و لەدواییدا دەریدەبڕی. ئەمە منی هان دا کە بێمە سەر نووسین و نووسەرێکی کورتبڕ نەبم، بیرکەرەوەیەکی کورتبڕ نەبم، کەواتە بەدوایدا ئەوە دێت کە من دەربڕێکی کورتبڕیش نیم، کە کورتبڕ نیم، ئەگەر کورتەچیرۆکیشم هەبێ، یان ئەگەر لە یادەوەریشمدا بووبێ، بەڵام وەک نووسین دەستم نەداوەتێ، کەچی ئەگەر لێم بپرسی بۆچی لە سەردەمانێکدا دەستم داوەتە شیعر و دەستم نەداوەتە ئەو کورتبڕییە؟ ئەوە بە باوەڕی خۆم هەر هەڵێنجانەکانی ناخی منە.

**ڕامان:** ئا ئێستا تۆ باسی دوو هۆکارت کرد؛ یەکیان

پەنگخواردنەوەی ناخی خۆتە، ئەوەش کە هۆکارێکی زاتییە، ئەوی تریش چیرۆکی فۆلکلۆری بووە، ئەی خوێندنەوەت بۆ ڕۆمان، ڕۆمانت نەدەخوێندەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەوە دەچێ کە چاوبینییەکەی من لەگەڵ بیر و بیرکردنەوەمدا، کە سەیری شتم کردووە هەر بەو فراوانییە سەیرم کردووە، یانی خۆم وەک بڵێی گەریدەیەک بووم، هەستی من گەریدەیەک بووە شتی کورتی نەدیوە، هەڵپەیەکی تێدا بووە کە هەڵپەیەکی کورتبینی نەبووە، هەڵپەیەکی فراوانبینی بووە. من کەمێک ڕۆمانم خوێندووەتەوە، بە عەرەبی دەمخوێندەوە، هەر کەمێک وەک لەبیرم بێت نووسینەکانی گۆرکیم خوێندەوە، لە دەمێکدا کە بڕوات بێ بەتەواوەتی تێی نەدەگەیشتم، کە هاتمە سەر ئەوەش تێیبگەم، لەبەر ئەوەی ئەمە کارێک بوو کە دەتوانم بڵێم هۆکاری من بێ لە دوورخستنەوەی هۆکارەکان، بەڵام یەکێک لەو هۆکارانەی کە بوو بەهۆی ئەوەی من بە فراوانی بەدوای ڕۆمانە جیهانییەکاندا نەچم، ئەوە بوو کە پێش ئەوەی دووەم بەرهەمم چاپ بکەم، دەنگۆیەکم لەناو نووسەرانی کورددا دەبیست، ئەویش ئەوە بوو کە هەندێک لە نووسەرەکانمان، هەندێک لەوانەی چیرۆک دەنووسن، دەچن چیرۆکی عەرەبی و چیرۆکی فارسی و چیرۆکی دیکە دەخوێننەوە و لەسەر بنەمای بیر و بنەماکانی ئەو چیرۆکانە چیرۆکی دیکە دەنووسن، تەنانەت وای لێهات ناوی چیرۆکەکانیان دەبرد و دەیانوت ئەم چیرۆکەی کە ناوەکەی ئەوەیە، ئەمە وەرگێراوە، یان هەندێک جار بەداخەوە وشەی دزراویشیان بەکار دەهێنا، دزراوی ناوەرۆکی چیرۆکی فلانی فلانە، یان هی فلان نەتەوەیە، ئەمە کاری کردە سەر ئەوەی کەوا من هەوڵ نەدەم زۆر بەرهەمی ئەدەبیی ڕۆمان بخوێنمەوە، کەمەکێکم خوێندووەتەوە، کارەکانی گۆرکیم خوێندووەتەوە، ئیتر بەڕاستی وەک بیر بکەمەوە شتی دیکەم لێ دیار نییە، بەڵام داهێنانەکانی سیاسییەکانم زۆر دەخوێندەوە، لەسەر لینین و ستالین و بۆ نموونە، تیتۆ وەک قارەمانێک، ماوتسیتۆنگ دەتوانی بڵێی ئەمانەش لە ناخیاندا ڕۆمانیان تێدایە، یان چیرۆکیان تێدایە.

**ڕامان:** شتێکی باشە بۆ هەر ڕۆماننووسێک کە باسی بایۆگرافیا و ژیاننامەی کەسەکان بخوێنێتەوە، یادەوەری و بیرەوەریی خەڵک و مێژوو بخوێنێتەوە، ئەمە کارێکی باشت کردووە، بەڵام ڕۆماننووسین بۆ خۆی هونەرێکی نوێ بووە، بەتایبەتیش بۆ کورد، کە تۆ ڕووت کردووەتە ڕۆماننووسین، یانی ڕووت کردووەتە جۆرێک، یان ژانرێکی ئەدەبیی نوێ بۆ ئەدەبی کوردی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من بە بیستن نەک بە خوێندنەوە و کارتێکردن، ئەو بڵاوکراوانەی وا بڵاو دەکرانەوە، ڕۆژنامە و گۆڤاری عەرەبی و کوردیم زۆر دەخوێندەوە، بەتایبەتی کە عەرەبییەکەم هەر لە زووەوە زۆر باش بوو، ئەو عەرەبی زانینەم زیاتر هەر بەهۆی شیوعییەتییەکەم و بەدواداچوونە سیاسییەکانمەوە بوو، نەک لەبەر بەدواداچوونە ئەدەبییەکانم، بەڵام مێژووی میللەتان و شۆڕش و ڕاپەڕین و پەلاماردانی میللەتان، هەموویان لە خۆیاندا هەر ڕۆمانن، لەبەر ئەوە ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر من هەبوو، بەڵام وەک وتم، من هەر لە منداڵییەوە، لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە، وام لێهات بەدوای شتی کوردیدا دەگەڕام، کەواتە بەدوای وشەی پەتیی کوردیدا، بەدوای ڕووداوی چیرۆکی کوردیدا دەگەڕام، ئینجا هاتمە سەر ئەوەی نەتەوەکەم ببینم، نەتەوەکەم لە مێژووەکەیدا ببینمەوە، ئەو بینینەوەیەی مێژووی نەتەوەکەم و ئەو چەرمەسەری و ناخۆشییەی کە بەسەر میللەتەکەمدا هاتووە منی بە لای بەدواداچوون بەناو نەتەوەکەمدا ڕاکێشا.

**ڕامان:** ئەوەی زیاتر تۆی بەلای نووسینی ڕۆمان و نۆڤلێتدا ڕاکێشا چی بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوەی کە منی بۆ ناو ڕۆمان و نۆڤلێتی کوردی ڕاکێشا، یەکەم سروشتە جوانەکەی کوردستانە، کە لەوەپێش بۆم باس کردی، بەهۆی ئەو گەڕانانەی لادێیەکان و ئەوانەوە، ئەوە زۆر کاری کردووەتە سەر من، بەهۆی ئەوەی کە جووتیارێکم بینیوە دوو قسەی کردووە، جووتیارێکم بینیوە داسی پاک کردووەتەوە، داسی تیژ کردووەتەوە، جووتیارێکم بینیوە لە شوێنەکەیەوە هاتووەتەوە بارێک شتی بە کۆڵەوە بووە، تاسیوەیەکی بەکۆڵەوە بووە پڕ لە میوە، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر من بووە، یان لە مەڵکەندی یەکەم جار کانە بەردەکانم ناسی، لە مەڵکەندی ئەحە بەراز هەبوو، کە کەسێکی نیمچە پاڵەوان بوو، بیستمەوە لە گردە گروێ، کە ئێستا بووە بە بناری گۆیژە، کانە بەرد هەبوو، بە هێزی شانی ئەو کرێکارانە بەردیان دەردەهێنا، بەردەکەش بەردێکی زۆر قایمە، بەردە سپیلکە نییە، بەردێکی زۆر قایمە، ناسراوە بە بەردە شینکەی

مەڵکەندی، لە کانی گوڵ و خۆڵی ناو ئەو گیایەی ئەو گردە ئەمەیان دەردەهێنا، بۆ یەکەم جار ئەحە بەراز عەرەبانەیەکی دروست کرد، ناو نرابوو عەرەبانەی تریشقە، بەڵام ئەمە وەک سەمەرەیەک دەگێردرێتەوە، ئەمەی پڕ دەکرد لە بەردی مەڵکەندی، خۆی لەبەر ئەوەی وڵاخی هەبوو، لەبەر ئەوەی کە بە واتایەکی تەواو کابرایەکی ڕەنجدەر بوو، خۆی بەو پریبە و لەو سەرەو خوارییەوە لە پێشەوە بەهەردوو بازووە پۆڵایینەکەی ئەو عەرەبانەیەی دەگرت، چونکە ئەگەر نەیگرتایە سەرەوخوار دەهات، تا وای لێ دەهات تلۆر بێتەوە و ئەم خڕەبەردانە بڵاو ببنەوە، لەوانەیە کارەساتیشی لێ بقەومایە، ئەم کابرایە نەیهێشتووە ئەو عەرەبانە پڕ بەردە تلۆر بێتەوە، ئینجا بردوویەتەوە بۆ شوێنی ئەو خانووەی کە دروست دەکرێ و پێی وتراوە تۆ بەردمان بۆ بێنە. تۆ سەرنجی ئەمە بدە! ئەمە منی ڕاکێشاوە، هەستەوەریی منی ڕاکێشاوە، بۆ ئەرکی مرۆڤێک، مرۆڤێکی کورد، ئینجا لەو سەریشەوە ئەو عەرەبانەیەی دەبردەوە بۆ کانە بەردەکان، لەمسەرەوە بەپێچەوانەوە بە سەرەو ژووردا.

**ڕامان:** ئەو نموونەیەتان بۆچی هێنایەوە؟ ئایا دواتر لەلاتان بووە کارەکتەرێک؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوەی منی ڕاکێشا بۆ ئەوەی یادی ئەمە بکەمەوە چییە؟ ئەوە ئەو هەستەوەرییەی منە، کە ڕووبینییەک و دووربینییەکی فراوانتری هەبووە، دیارە من نۆڤلێت و ڕۆمانەکانم لەوانەوە وەرگرتووە و ئەوەتا لە یەکێک لە چیرۆکەکاندا، لە یەکێک لە ڕۆمانەکانمدا دوو ڕووداوی ناخۆشی کوێرەوەریی مرۆڤی کوردی تێدا ڕەچاو کراوە، یەکێکیان ئەوەیە باوکی کچێک کە کابرایەکی خڕیلەی چاودەرپۆقیوە، بەڵام بازوو ئەستوورە، تەنانەت گەلێ کەس گرتوومی و وتوویە ئەرێ تۆ ئەم کچە - ئینجا ئەو کابرایە کچێکی هەبوو - ناشیرینە چییە گرتووتە، بۆ ئەوەی لە بواری سۆزدارییەوە پەلاماریشی بدرێت؟ ئایا سۆزداریی مرۆڤێک کچێکی ئاوا ناشیرین دەگرێتە خۆی؟ سەیر دەکەی لەم مرۆڤە کوردەدا و لەم خێزانە کوردەدا سەرنجم بۆچی ڕاکێشراوە، بۆ دوو کارەسات کە ئەم خێزانە بینیویانە، یەکەم ئەمەیە کە ئەم کابرایە لە کانە بەردەکانی مەڵکەندی، کە دەبێ بە قوولایی هەڵیکەنی بۆ ئەوەی بگەیتە چینی بەرد، ئەو چینە بەردە ئەوجار بە نێڵ و بە چەکوش پارچەپارچە بکرێت، بەقەد ئەو بەردەی کەوا لە دیوارەکانی جاراندا دادەنرا، سەیری ئەرکی ئەم پاڵەوانە بکە، ئەمە پاڵەوانێکی کۆمەڵە، بەڵام ڕۆژێک گڵ و خۆڵی ئەو کانە کرا بەسەریدا و زایە بوو و لە مەڵکەندی نێژراو خەڵکی ئەو مەڵکەندییە هەموو دەتوت یەکێک لە خێزانەکەی خۆیان بەم کارەساتە ڕۆیشتووە و ناشتیان. من بەوێدا ڕۆیشتووم و سەیری ئەم کارەساتەم کردووە، لەمەلاوە کارەساتێکی ناخۆشتر لە تەنیا کچەکەی ڕووی داوە، کە کچێکی مەمک زلی خڕۆڵەی ناقۆڵای دەموچاو ناشیرینە، کەچی لەدواییدا دەچێتە ماڵێکی دەوڵەمەند، لەو ماڵە وای لێ دێت، من ناوم ناوە ماڵە ئاغا، چونکە وەک ماڵە ئاغایەک هەڵسوکەوتی تێدا دەکرا، کابرایەکی دەستداری تێدا بوو، کوڕێکی جەربەزەی هەبوو، ئینجا خەڵکی لەبەردەستدا بوو، کە بینی کوڕەکەی خۆی داوە بەسەر ئەم شتە ناشیرینەدا، ئەمەش دەچێتەوە بۆ بیرێکی تری دەروونیی سێکسی مرۆڤ، نەک مرۆڤی کورد، مرۆڤ بە گشتی، چونکە من لەم بیرکردنەوەیەدا، بیر لە بیرکردنەوەی ئینسانێکی لێقەوماوی لەم جۆرە دەکەمەوە، وەک لە هەڵسوکەوتی نەریتی کوردەواریماندا دەڵێ ناشیرینە، چونکە کچێنییەکەی بردووە، ئینجا باوکێکی جەربەزەی بۆگەن، کە بینی کوڕەکەی بەم جۆرە هەڵسوکەوت دەکات، کە ئەمانە ئافرەتی جوان و ڕێکوپێکیان لەبەردەستدایە، کەچی سەیر دەکەی لەو کاتەدا کە هەستەوەریی دەبەنگی، ناشیرینی دەروونیی مرۆڤ و برسێتیی دەروونی مرۆڤ وای پێ دەکات، دەچێ وەک چۆن لەناو گۆماوێکی لیخنی چڵکندا مەلە بکات، لەگەڵ ئەو کچە دەست تێکەڵ دەکات، ئا ئەمانە کاریان کردووەتە سەرم، کە لە دواییدا خێزانێکی دیکەی دڵنەرمی پاکی جوان، هەر لەو مەڵکەندی یەدا ئەو ئافرەتە دەگرێتە خۆی و دەست بە سەریدا دەهێنێ و پاکی دەکاتەوە و ڕاستی دەکاتەوە و وەرچەرخانێکی دیکە لە ژیانی ئەم مرۆڤەدا دروست دەبێ.

# شیعرێک بە ڕیتمی ڕووبار

## سووکە سەرنجێک لەسەر شیعری "نەشتەر! بە ڕەنگێکی دیکەی ترەوە"

د. ڕەهبەر مەحموودزادە
(شنۆ)

(١)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری شێت کارکردن و کایەکردن بە "وێنەی حەرەکەتی"یە. ئەم شێوازە بۆ سازکردنی ئیماژی شیعری، بە شیعری شێتەوە هاتە ناو پانتایی شیعری کوردییەوە. یوونس ڕەزایی لە نێوان دوو بژاردەی ستراتیژیکی "جوولە پێدانی وێنە" و "وێنە سڕینەوە لە شیعر"، بژاردەی یەکەمی هەڵبژارد و ئەم بژاردەیە هەتا ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ زیادتر لە شیعرەکانیدا لکی دەرکردووە و بەخۆیدا هاتووە. بژاردەی دووەم واتە "وێنە سڕینەوە" خۆی دەبێتە پێشەکی مەنتیقیی بژاردەیەکی دیکە کە ئەویش بریتییە لە "مانا سڕینەوە لە شیعر". ئەوەندەی من لە شێوازی شیعری یوونس ڕەزایی تێدەگەم "مانا سڕینەوە" هەرگیز نەبووە بە ستراتیژیی ئەم شاعیرە بۆ خەملاندنی شێوازی تایبەتی شیعر نووسینی، بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا بەرەو ڕووی خوێنەر دەبێتەوە ئەوەیە کە بۆچی وێنە سڕینەوە لە شیعردا دەبێتە هۆی مانا سڕینەوە لە شیعر. وەڵامێکی زۆر ساکاری ئەم پرسیارە ئەوەیە کە لە شیعردا مانا بە هۆی وێنەی شیعرییەوە بەرهەم دێ، کەوابوو کاتێک وێنە لە شیعر ئەستێندراوە، شاعیر بۆ خۆ بواردن لەوەی شیعرەکەی ببێ بە قسەی ئاسایی، بە هەوڵدان بۆ ماناسڕینەوە، هونەری شیعر بەرەو ئاقارەکانی هونەری مۆسیقا، یان بەرەو ئاقارەکانی نیگارکێشیی ئەبستراکت ڕاکێش دەکات.

(٢)

شیعری "نەشتەر! بە ڕەنگێکی دیکەی ترەوە"بە سێ وێنەی "کۆڵان"، "تابووت" و "ڕووبار"ـەوە دەست پێ دەکات. ئەگەر بمەوێت قسەکەم وردتر بکەم باشترە بڵێم شیعرەکە بە وێنەیەکی سێ ڕەهەند (سە بعدی)ی کۆڵان - تابووت - ڕووبار/ـەوە دەست پێ دەکات، ئەم وێنە باوخۆشە سێ وردە وێنەی بچووکتری لە هەناویدا هەڵگرتووە. تایبەتمەندی هاوبەشی هەر سێ وردە وێنەکە بریتییە لە "لاکێش بوون" و "درێژ بوون" و "بەردەوام بوون"، بەڵام کاتێک هەر سێ وردە وێنەکە بکەین بە وێنەیەکی تێک ئاڵقاو، زۆر بە ڕوونی دیمەنێکی لەم چەشنە لەبەر چاومان ڕوحی وەبەر دێ: تابووتێک لە کۆڵانێکدا لەسەر دەستی خەڵکێک کە وەک ڕووبار بەڕێوەن، هەڵگیراوە. تایبەتمەندی بەردەوامی و خرۆشی ڕووبار هەم تەشەنە دەکات بۆ خەڵکەکە و هەم تەشەنە دەکات بۆ "تەرمی ناو تابووتەکە"، واتە کاروانی ئەم تابووتانە لە مێژە بەڕێوەیە و جارێ هەر بەردەوامە. ئەگەر وێنەکە ئاوا شیتەڵ بکەینەوە ڕەنگە هیچ لەمپەرێک



**یوونسی ڕەزایی**

ڕێگامان لێ نەگرێ بڵێین کۆڵانەکەش تەعبیر لە "ئاستەنگ" دەکات؛ ئاستەنگ بە گشتیترین مانای خۆی؛ ئاستەنگێک کە بە هەر حاڵ خەڵک ڕووبارئاسا لێی تێدەپەڕن. (ئەوە بهێننەوە بیری خۆتان کە گوتمان شیعر بە هۆی وێنەوە "بیر" دەکاتەوە)

هەتا ئێرە "جووڵە" لە چەند لاوە هوروژمی کردووەتە ناو کەشی شیعرەوە:

– حەرەکەت لە مانای وێنەکەدا: خەڵکێک کە بە تەرمی سەر شانیانەوە ڕووبارئاسا بە کۆڵانێکدا "جاری"ن

– تێک ئاڵقانی سێ وێنەی جودا و حەرەکەتی بەردەوامی سەرنجی خوێنەر لە نێوان ئەم وێنانەدا و پێکهاتنی وێنەیەکی حەجمدار: وێنەی تابووت – ڕووبار – کۆڵان.

– حەرەکەت لە مانا زێنییەکەدا: کاروانی تابووتەکان هەر وا بەڕێوەن.

(٣)

ئێستا حەرەکەت لایەنێکی فۆرمیکتر بە خۆیەوە دەگرێ. ڕاستە ڕووبار بە بەستێنێکی دوورودرێژ و بە هێڵێکی لێکدانەبڕاودا دەچێتە پێش، بەڵام ئەم بەستێنە بە هێڵێکی خوارەپێچەدا دەئاژوێ. ئاوی ڕووبار لە گەوەیەکەوە بۆ گەوەیەکی تر و لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دیکە و لە چیایەکەوە بۆ چیایەکی تر دەخوشێ و دەئاژوێ، هەمان ئەم فۆرمە لە شیعردا بەدی دەکرێ:

**(واتە ڕابردووت کە وێنەیەکی لێڵ بوو لە دەریا)...**

مۆتیفی "دەریا" کە لە کۆتایی ئەم بەندەدا هاتووە لە سەرەتای بەندی دواتریشدا دووپات دەبێتەوە، واتە مۆتیفی "دەریا" دەبێتە گەوەیەک کە ئەم بەستێنە بە بەستێنی دواترییەوە دەلکێنێ:

**(واتە دەریا**
**نەک ئەو کاتانەی بڵێسەکانی شێتێ**
**ئەو مەحەل کە دەفی مانگ زەرد و بێدەنگە**
**لە دیوانی شاعیراندا...کە ئاسمانێکی غەوارە)**

ئەو جار مۆتیڤی "ئاسمان" دەبێتە جومگەی پێکەوە لکانی ئەم بەندە بە بەندی دواترەوە:

**(واتە ئاسمان تەختە ڕەشێک نەبوو**
**ئەسپێک تەقڵە کوت تێیدا شیعر بێ**
**زەمینیش جەغزێک نا بە دەوری ...دۆزەخدا)**

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە فۆرمی شیعر بە گشتی فۆرمی "ڕووبار"ـە؛ ڕووبارێک بە هەموو کەند و لەند و قۆرت و گەوەیەوە؛ ڕووبارێک بە هەموو خرۆش و هاژە و هروژمییەوە، واتە نەک هەر تەمهیدی فۆرمیک بۆ نیشاندانی حەرەکەتی ڕووبارەکە کاری لەسەر کراوە، بەڵکو ئەو تەمهیدانەی وا قۆرت و گەوەکانیش لەناو فۆرمی شیعردا جێگیر دەکەن، کاریان لەسەر کراوە.

(٤)

لە بەندی دواتردا حەرەکەتی ئاسۆیی (افقی) ڕووبار بە تێکەڵ بوون لەگەڵ حەرەکەتی ئەستوونی (عمودی) "باران"، ڕەهەندێکی تازە بە خۆیەوە دەگرێ:

**(بە کورتی ...باران لە کۆڵان دەبارێ و**
**من جگەرەیەک لە بەر پەنجەرەکەم دادەگیرسێنم**
**و هەر هیچ...باخێک بە زەمانەوە نابینم...**
**بێ ناسنامەیەک لە باڵێکی سوور)**

جگە لە زیادکردنی ڕەهەندێکی ئەستوونی بە ڕەهەندێکی ئاسۆیی، لەم بەشەدا "تچاد"ێکی ناسکی شاردراوەش لە دێڕی"بەکورتی باران لە کۆڵان دەبارێ"دا وەبەرچاو دەکەوێ: باران لە ئاسمانەوە هەتا سەر عەرز

ڕێگایەکی درێژ دەپێوێ، ئینجا ئەو بارانە لە کۆڵانێکی درێژدا وەڕێ دەکەوێ، بەڵام هەمــوو ئەو ڕەوت و ڕێگا "درێژ"انە "بە کورتی" وێنا دەکرێن.

(٥)

وێنە حەجمدارەکە هەر دێ و لە درێژەی شیعرەکەدا ڕەهەندی دیکە دەدۆزێتەوە و "درێژ"تر دەبێتەوە و زیادتر جەرەیان پەیدا دەکات. مۆتیڤی تازە ئەمەیە: کتێبی مێژوو پەڕ بە پەڕ:

**(من تا لووتکە ...تا بەرزایی خوێن...تا هەتاو**
**من تا باران...تا ناخی دار...تا لاپەڕەی ڕوونی کانی**
**تەنیا تەنیا تابووتت ئەی مێژووم**
**بە زاراوەی خۆشم**
**سارێژ دەکەم.**
**.................................**
**لاپەڕەکانی دوێنێ دیسان بە شەقام وەربوون)**

وەک وێنەیەکی سێ بوعدی کە بە گۆڕینێکی چکۆلەی گۆشەنیگای بینەر وێنەکە دەگۆڕێ و دیمەنێکی تازە ئاشکرا دەبێ، لە شیعری شێتیشدا وێنەکان هەر جارەی لە ڕوخسارێکی نوێدا سەرهەڵدەدەنەوە: ڕووبار گەوە بە گەوە، خەڵک تاک بە تاک، باران لیزگە بە لیزگە، مێژوو بڕگە بە بڕگە و کتێب پەڕ بە پەڕ، هەموویان ئیماژێکی هەزار ڕەنگ و هەزار توێن لە ژیانی"من"ێک، کارەسات بە کارەسات.

ئەم شێوە دەربڕینە ڕەنگە تەعبیر لە "گەڕانەوەی هەتاهەتایی" کارەساتەکان لە مێژووی ئێمەدا بکات. دەزانین "گەڕانەوەی هەتاهەتایی" زاراوەیەکی (نیتشە)ییە. پرسیار ئەوەیە ئیمکاناتی شاعیر بۆ پەرداخ کردنی ئاماژەیەکی لەم چەشنە کامانەن؟ شاعیر نە قەرارە لە شیعرەکەیدا فەلسەفە بنووسێ و نە وتاری مێژوویی و سیاسی و نە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسانە. شاعیر بەر لە نۆرم ترازانێکی ئامانجدار ئەم کارە دەکات:

ئەگەر "نەشتەر" ببێ بە ئیماژێک بۆ "کارەساتێکی مێژوویی" کەواتە کارەساتێکی دی دەکرێ بە شێوەی "نەشتەرێکی دیکە" دەربڕدرێ، کەوابوو دووپات بوونەوەیەکی تازەش بە "نەشتەر بە ڕەنگێکی دیکەوە" و .... دووپات بوونەوەی هەتا هەتایی کارەسات بەشێوەی "نەشتەر بە ڕەنگێکی دیکەی ترەوە" دەردەبڕێ.

لێرەدا بە ئاشکرا لە نۆرم لادانێکی زمانی بەرچاو دەکەوێ، چونکە لە زمانی کوردیدا وشەکانی "دیکە" و "تر" خاوەنی هەمان مانان، هەر بۆیە دەربڕینی "نەشتەرێکی دیکەی تر" ڕێک وەک ئەوەیە بڵێین "نەشتەرێکی دیکەی دیکە" و هەر بەم شێوەیە دەربڕینی "نەشتەر بە ڕەنگێکی دیکەی ترەوە" هاوسەنگی ئەم پڕکە گوتەیەیە: "نەشتەرێکی دیکەی دیکەی دیکە" و ...بەم شێوەیە گەڕانەوەی هەتا هەتایی کارەساتەکان بە شیعر دەکرێ.

ئاخۆ دووپات بوونەوەی زۆر و زەبەندی کارەسات لە مێژووی کورد، لە هەڵەبجە و ئەنفال و کۆبانی و شنگال و پرسووس و زارگەلی، شتێکی بەدەر لە نۆرمی مێژووی گەلانی دیکە نییە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە ئەرێیە، کەواتە ڕۆنانەوەی شاعیرانەی ئەم دۆخە کارەساتاوییە کە بەدەر لە نۆرمی مێژووییە بە دەربڕینێکی بەدەر لە نۆرمی زمان ڕوو دەدات، لێرەدا لە نۆرم لادانی زمانی هاوتەریبە لەگەڵ لەنۆرم لادانی مێژوویی.


(٦)

پێوەندی شیعری شێت لەگەڵ واقیع چۆنە؟ هەر لەم شیعرەدا چەندان ئاماژەی وەک ئەوانەی ئەم دێڕانەی خوارەوە نیشاندەری چەشنە پێوەندییەکی تایبەتی ئەم شیعرە و بەگشتی شیعری شێت لەگەڵ واقیعن:

**سووریش واتای دیکەی جودا لە تەقینەوەی پرسووس و**
**ئاڵای چین و**
**ڕیستوورانی تاڵی قاوە**

هەر لە بەشی پێشووی ئەم نووسینەدا ئێمە ئاماژەمان بە پێوەندییەک کە ئەم شیعرە لەگەڵ مێژوو هەیەتی و چەشنە ناسیاوی سڕینەوەیەک لە ڕاپۆرتی مێژوویی کرد. ئەگەر بۆ چەمکی کۆنی "میمێسیس" و ڕەنگدانەوەی تۆخی ئەم چەمکە لە تیوری ئەدەبدا بگەڕێینەوە ، ئایا دەتوانین ئەم چەشنە پێوەندییانەی شیعر لەگەڵ واقیع بە لاسایی کردنەوە بزانین؟

پێوەندی شیعرێکی لە چەشنی ئەم شیعرە لەگەڵ واقیع، لە مۆدێلێکی سادەکراودا شتێکە وەک پێوەندی دوو بازنە کە لە خاڵێکدا هێڵەکانیان بەریەک دەکەون و دوای ئەمە هێڵی هەر کامەیان بە ڕێگای خۆیدا دەڕوا، "بەڕێگای خۆدا ڕۆیشتن" تەعبیرێکە لە خۆبژێوی ئەدەبیی



**شێرکۆ بێکەس**

دەقی شیعری. کاتێک شیعر مل بۆ پێویستی و داخوازییەکانی "دەق" و "نێوان دەق" یان "تێکست" و "نینترتێکست" ڕادەکێشێ، بازنەی شیعر لە خاڵێکی بەریەک کەوتنی دەق و واقیعەوە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو مسۆگەر کردنی ئەم خۆبژێوییە هەنگاو هەڵدەهێنێ و گرێ بە گرێ کری دەق دەچنرێ.

داخوازییەکانی دەق بریتین لەم پێداویستییە دەروونییانەی ڕایەڵەی تایبەتی ئەم دەقە تایبەتە داوایان دەکات؛ لە ڕیتمی ڕستەکانەوە بگرە تا جۆری ئەم وشانەی لەناو ئەم شیعرە تایبەتەدا دەکار دەکرێن.

داخوازییەکانی نێواندەقیش بریتین لەو پێوەندی و پێداویستییە دەرەکییانەی ئەم دەقە لە دەقی ئەدەبی دەرەوەی خۆی دەبەستێتەوە؛ چ پێوەندی ئەم دەقە لەگەڵ دەقەکانی تری خودی شاعیر کە بەردەوام بوونی شێوازی تایبەتی شاعیر دەستەبەر دەکات و چ پێوەندی دەق لەگەڵ دەقی شیعری شاعیرانی تر کە نیشاندەری هەوڵی ئاوانگاردبوونی شیعرە.

لە ڕاگەیەنراوی یەکەمی شیعری حەجمدا پێوەندیی نێوان شیعر و واقیع بەم شێوەیە لێک دراوەتەوە، ئەم لێکدانەوەیە تا ڕادەیەک تێکچنراو و دژوارە، بەڵام بەرچاو ڕوونی ڕێپێشاندەری تێدایە:

"حەجمگەرایی ئەوان کەسانە وەخڕ دەکات کە واوەی واقیعەکان لە دووی تێڕوانینی ڕەها و دەستبەجێ و سارێژنەبۆوەن و تامەزرۆییان بۆ ئەم چەشنە تێڕوانینانە هەر چەشنە بەدواداگەڕانێکی دیکەیان تێدا پووچەڵ دەکاتەوە.

– ڕەهایە چونکە لە حیکمەتی وجوودیی واقیع و هۆی غایی ئەم واقیعە سەرچاوەی گرتووە و لە خۆیا بوونیدا خۆی لەگەڵ واقیعی دایک ناسیاو ناکات.

– دەستبەجێیە چونکە شاعیر لە گەیشتنی بەم تێڕوانینە بە حەجمێکدا کە لە نێوان ئەم تێڕوانینە و واقیعە دایکەکەدا هەبووە – نەک بە درێژایی ئەم مەودایەدا – خێرا قەڵەم بازی داوە و هیچ دروشم و شوێن پێیەکی بەجێ نەهێشتووە.

– سارێژ نەبۆوەیە، چونکە لە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی حەجمێک بۆ پازدان، ئەوە هێزی ڕاکێشەری حەجمەکانی دیکەیە وا تامەزرۆیی دۆزینەوە و قەڵەمباز دان دروست دەکەن(١)

(٧)

دوو ئیماژی ناو ئەم شیعرە دوو بیرکێشەکێ (تداعی)م لە ئەدەبی کوردیدا بۆ زیندوو دەکەنەوە. حوکم نییە ئەم بیرکێشەکێیانە مەبەستی شاعیریش بووبن. دەقی ئەدەبی لەو جێگایەدا بە کۆتایی ناگات کە نووسەر خاڵی کۆتایی دادەنێ، بەڵکو لە ناو خوێندنەوەی خوێنەردا بە کۆتایی دەگات، کەوابوو دەقی کراوەی ئەدەبی لە هەر خوێندنەوەیەکدا بە شێوەیەکی تایبەت کۆتایی پێ دێ.

ئیماژی یەکەم و بیرکێشەکێی یەکەم.

**(بۆ من کە تابووتت لە سەر شانم ... دەگمێنێ)**

لە ڕۆمانی "ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن"ی مەمەد ئۆزۆن (کە بە قەڵەمی ڕەوانی (وریا غەفووری)یەوە هاتووەتە سەر شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست) کەسایەتی یەکەمی ژنی ناو ڕۆمان، ناوی "کۆتر"ە؛ یان باشترە بڵێین بە "کۆتر" ناوی دێ. کۆتر بە دەستی عەسکەری تورکەوە شەهید دەبێ، کەواتە: بۆ من کە تابووتت لە سەر شانم... دەگمێنێ

ئیماژی دووەم و بیرکێشەکێی دووەم.

**(دوا لاپەڕەم تەلەویزیۆنێکی مێوینە**

**- بمبووره من میهرەبانی**
**واتایەکی دی بۆ خەنجەر**
**ڕێیـــەک بۆ پەڕینەوە لە مـــەرگ ...لەمـــێـــوینەکـــاندا دەبینم)-**

ڕەنگە "تەلەویزیۆنی مێـوینە" دەربڕینێکی مەجـازی بۆ بێژەری ژنی کەناڵێکی تەلەڤزیۆن بێ. شێرکۆ بێکەس لە دواییـن دەفـتـەری شیـعـریدا " خـێـرا کـە مـردن خـەریکە بگات" لە بەشێک لە چامەی "سەعـاتەکانی وەڕسبوون" دا وا دەنووسێ:

تەلەفـزیۆنم کـردەوە/ کـیـژی بێژەر، دەمـوچاو خـڕ/وەک گۆی زەوی/قژێکی کـورت، هەر بە قـەدەر کورتە هەواڵ/ قسـەی خێـرا...وەک ڕۆیشـتنی/ دێڕەکانی بنی شاشـە/ بلووزێکی پرتەقـــاڵی .. ســـەر پرتەقـــاڵ/نەمـــزانی بۆ دەســـتــێکم برد بۆ/پرتەقـــاڵی ســـەر مـــێــز و بۆنێکم کـرد/دەنگێکی خۆش/ ئەتوت گوێچکەم بووە بە لووت/ بۆنی وەنەشەی دەنگیم کرد/ ژنی بێژەر گەیشـتبووە سـەر شـەقـامی/ دوا دێڕی ناو هەواڵەکـان/ پرتەقـاڵی بێـژەر وتی:/ ئەم ئێـوارەیە زەمین لەرزەیەک"/ بە پلەی شـەش لەســـەر پێـــوانەی ڕێـخـــتـــەر/ دای لە بەشی ســـەرووی "یابان"/ تووڕە بووم و هاوارم کـرد:/ زەمین لەرزەی چی ژنەکـە/ زەمین لەرزەی چی پرتەقـاڵ؟/ بوومـــەلەرزە... بوومـەلەرزە/ ئەم زمـانەش هەموو جارێ/ بەر بوومـەلەرزە ئەکەوێ و/ بە پێوانەی... تۆفـیق وەهبی و /بە پێوانەی هێمن... هەژار.

(٨)

یادداشتەکە بە هێنانی ئیماژێکی جوانی ناو ئەم شیعرە و باسکردنی تایبـەتمەندییـەکی بەرچاوی شـیـعـری شێت کۆتایی پێ دەهێنم:

ئیـــمـــاژەکـــە: وێنەی ئەســـپـــێـک کـــە لە بوومـــێکی نیگارکێشیدا بێ سەر و شوێن دەبێ.

ئیماژێکی یەکجار تەرز و بەرزە، بەڵام ئیماژەکانی ناو شیـعری شێت - زۆربەیـان - لەگەڵ ئەوەی حەجـمدارن، خـاوەنی تایبـەتمەندییـەکی تریشـن. ئەم تایبـەتمەندییـە بریـتـیـیـە لە "عـدم قطعـیت". بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم تایبـەتمەندییـە با ئیـــمـــاژەکـــە لە نـاو دەقی شـــیـــعـــردا بخوێنینەوە:

**(بە قووڵایی شەوگارەوە...**
**کە بێ سەروشوێن دەبێ ئەسپێک لە بوومێکدا**
**کە سەوزە تا هەمیشە)**

ڕەنگدانـەوەیەک لەم "عـدم قطعـیت"ـە لەم سـەرنجـانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ:

- ئاوەڵناوی ســەوز بـوومــەکـــە وەسف دەکــات، یان ئەسپەکە؟ ڕاستیـیـەکەی ئاوەڵناوی سەوز دەکرێ هەم وە پاڵ بوومەکەوە بدرێ و هەم وەپاڵ ئەسپەکە؛ بەم شێوەیە:

"لە بوومێکدا" کە سەوزە
"ئەسپێکی سەوز" لە بوومێکدا

- دەستەواژەی "تا هەمیشە"ش هەربەم شێوەیە دەکرێ هەم وەپاڵ سەوز بوونی ئەسپەکە/بوومەکەوە بدرێ و هەم وەپاڵ بێ سەروشوێن بوونی ئەسپەکەوە:

"لە بوومـێکدا کـە سـەوزە تا هەمـیـشـە"، "کـە بێ سەروشوێن دەبێ ئەسپێک تا هەمیشە لە بوومێکدا کە سەوزە"

**(١) رویایی، یدالله، هلاک عـــقل به وقت اندیشـــیـــدن، تهران،موسسه انتشارات نگاه،ص٥٥.**

# ڕەهەندەکانی میتودی ڕەخنەی دەروونی لە ئەدەبدا

**نێچیروان جاسم(*)**

**پێشەکی**

مـێـژووی ڕەخنەی ئەدەبی ئەو ڕاسـتـیـیـەمـان بۆ دەسەلمێنێت ڕەخنە لە یەک قاڵب و شێوەدا نامێنێتەوە، بۆ ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی چەندان میتودی ڕەخنەیی هەن و هەر میتودێکیش تایبەتمەندیی کارکردنی خۆی هەیە. میتودی ڕەخنەی دەروونی یەکێکە لەو میتودانەی گەلێک لەلایەنە نهـێنی و شـاراوەکـانی دەقی ئەدەبی ئاشکرا دەکات. ئەم میتودە، میتودێکی تەقلیدییە و لە دەرەوە ســەودا لەگــەڵ دەقی ئەدەبیــدا دەکــات و هەوڵی خستنەڕووی باری دەروونی نووسەر لەنێو دەقدا دەدات، واتە ئەو پاڵنەرە دەروونیــیــانەی، کــە بوونەتە هۆی داهێنانی دەقی ئەدەبی.

ئەم میتودە بۆ کردنەوەی کۆدەکانی دەق بۆ ژیاننامەی نووسـەر دەگەڕێتەوە، واتە دەق و نووسـەر لەم میـتودە پێوەندییەکی توندوتۆڵ و نەپچڕاویان بەیەکەوە هەیە. لە ڕوانگەی گـرنگی ئەم مــیــتودە و زیاتر ئاشناکـردنی ڕەهەندەکــانی، ئەم لێکۆڵینەوەیەمــان کــردووە. لێکۆڵینەوەکــە لە دوو بەش و ئەنجــام و لیــســتی سەرچاوەکان پێکهاتووە و بەم شێوەیە دابەش کراوە:

**بەشی یەکەم:**

- چەمک و سەرهەڵدانی میتودی ڕەخنەی دەروونی
- هەندێک لە ڕابەرانی میتودی ڕەخنەی دەروونی
- بوارەکانی میتودی ڕەخنەی دەروونی

**بەشی دووەم:**

- دیارترین بۆچوونە ڕەخنەییەکانی میـتودی ڕەخنەی دەروونی
- ڕەهەندی ئەرێنیی میتودی ڕەخنەی دەروونی
- ڕەهەندی نەرێنیی میتودی ڕەخنەی دەروونی

**بەشی یەکەم:**

**- چەمک و سەرهەڵدانی میتودی ڕەخنەی دەروونی**

بەگـشـتی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری کـەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی باری دەروون و هەست و سـۆزی تایبـەتی نووسـەر و هونەرمـەندە، ئەم بارە دەروونیـیـە لەنێـو بەرهەمەکەدا بەرجەستە دەبێت. ئەدەب هەڵگری هەست و نەست و ســۆز و ئارەزوو و خــەیاڵە، ئەمــەش ئەوە دەردەخـات کـە «ئەدەب ئاوێنەی عـەقڵ و دەروونی نووسـەرە، یان وێنەیەکـە لە وێنەکـانی گوزارشـتکردن لە دەروون»،(١) واتە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری خـاوەنی ڕەهەندی دەروونییە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باری دەروونی خاوەن بەرهەم پیشان دەدات.

ئەدەب و هونەر لە قـوولایی دەروونەوە هەڵدەقـوڵێن و سـەرچاوە دەگـرن، هێـزێکی کـاریگەرن زوو هەڵچـوونە دەروونیـیـەکـان دادەمـرکـێننەوە. ئەدەب بەشـێـوەیەکی گشـتی، بگرە هونەریش بوارێکی یەکجار بەرفـراوانن بۆ ڕەنگدانەوەی دیاردە دەروونییەکان، هەر بۆیە ڕەخنەگران ئـاوڕیـان لـەم لایـەنـە داوەتـەوە و بـە دەروازەیـەکـی دەروونییان داناوە. (٢)

مـیـتـودی ڕەخنەی دەروونی وەک یەکـێک لە مـیـتـودە ڕەخنەییەکان باس لەو پێوەندییە دەکات، کە لەنێوان دەق و نووسـەردایە، پاشـان گـاریگەری ئەو دەقـە بەسـەر باری دەروونی وەرگـر پیـشــان دەدات. ئەم مـیــتــودە «وەک لایەنێک لەو پێـوەندییـانەی، کـە ئەدەب و سـایکۆلۆژیا بەیەکـەوە دەبەسـتێـتـەوە، بە پشت بەستن بە بنەمـاکـانی سـایکۆلۆژیا هەوڵـی ئەنجـامــدانی پرۆسـەی ڕەخنەیی دەدات». (٣)

دەروونناسی وەک زاراوەیەک بۆ یەکـەم جـار لەلایەن دەروونناسی ئەمریکایی بەناوبانگ (ولیەم جێمس)ـەوە بەکـارهێنراوە، ئەمـەش لە کـتـێـبـەکـەی خـۆیدا بەناوی (بنەمـاکـانی دەروونناسی) لە سـاڵی (١٨٩٨). (٤) میتودی ڕەخنەی دەروونی کار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکات و چەند بنەمـایەکی هەیە بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکـردنی لایەنە نهـێنی و شاراوەکانی دەق لە ڕێگەی ڕۆچوونی بۆ نێـو ژیانی ئەدیب و نووسـەر و چۆنیـەتی ژیانی، هەر لە قـۆناغی منداڵـییەوە تا دەگـاتە قـۆناغـەکـانی تری ژیانی. ئەم میـتودە ڕەخنەییە گرنگی و بەهای خـۆی هەیە و ڕاڤـە و شـیکردنەوە و لێکدانەوەی دەق لە ڕووی دەروونیـیـەوە دەکات.

ئەم مـیـتـودە ڕەخنەییـە بە یەکـێک لە مـیـتـودە باوەکـان (تەقلیـدییـەکان) دادەنرێت، کە لە دەرەوە سەودا لەگـەڵ دەقدا دەکات و زیاتر جەخت لەسەر کەسایەتیی داهێنەر دەکاتەوە، بەڵام لەوەدا لە میـتودە ڕەخنەییە باوەکانی تر (مـێژوویی و کۆمەڵایەتی) جیا دەبێـتەوە، ئەم میـتودە لە هەناوی فەلسەفەوە نەهاتووەتە دەرەوە، بەڵکو لە نۆڕینگە پزیشکییەکانەوە هاتووە. (٥)

ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەگران بنەماکانی ئەم میـتودەیان پەیڕەو کردووە «بەمەبەستی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی و هەوڵدان بۆ تێگەیشـتنی باری دەروونی نووسەرەکەی، تا بەهۆی زانـینی ژیانی نووسـەرەکـەوە، بتـوانرێت هەندێک



**یۆنگ**

لایەنی شـاراوەی دەقـەکـان ئاشکرا بکرێت، چونکە باری نووسەر کاریگەری لەسەر دەقەکان هەیە». (٦)

ئەم مـیــتــودە ڕەنگدانەوەی باری دەروونـی نووســەر و ئەدیب بەرانبەر دیاردەکانی ژیان دەخاتە ڕوو و تێڕوانین و تێفکرین و جیهانبینیی تایبەتی نووسەر، کە لە دەقەکەدا خراوەتەڕوو، پیشـان دەدات و ئاشکرای دەکات. میـتودی ڕەخنەی دەروونـی «وەک شـێــوەیەکی سـەرەتایی، لە فەرمانی خەیاڵی و لە بەرهەمی ئەدەبی دەکـۆڵێـتەوە، لە دەرخسـتنی عـەقڵ و پێکهـاتەی کـەسایەتی خـودی دانەر دەکۆڵێتەوە». (٧)

کـەسـایەتی نووسـەر و ئەدیب یەکـێکە لە بنەمـا گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونی و چۆنیەتی و شێوازی داهێنان و پێـوەندیی بە ژیانی نووسـەرەوە دەخـاتەڕوو، چونکە ئەم مـیــتـودە لایەنە شـاراوەکـانی دەق بەسـوود وەرگرتن لە ژیانی خاوەن دەق ئاشکرا دەکات و دەیخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

ئەم میـتودە بەشێوەیەکی زانستی لە سەرەتای سەدەی بیـسـتـەمـدا هاتووەتە کـایەوە، بەڵام کـاتێک سـەیری مێژووی سەرهەڵدانی میتودەکە دەکەین، ئەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، بنچینە و ڕەگوڕیشە سەرەتاییەکانی بۆ سەردەمی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، کە باسی کاریگەریی

خراپی بەرهەمی شاعیرانی لەسەر لاوان کردووە. دوای ئەویش، ئەرستۆ باسی کاریگەری بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتی تراژیدیا بەسەر باری دەروونی بینەردا کردووە.

ڕەنگدانەوەی باری دەروونی لەنێو دەقدا بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، وەک شانۆیی (ئۆدیب پاشا) و (ئەلیکترا)ی سۆفۆکلیس لەسەدەی (پێنجەم)ی پ.ز، دواتر لە سەدەی حەڤدەم لە شانۆییەکانی شکسپیر، وەک شانۆیی (هاملێت)، لە سەدەی نۆزدەمدا لە ڕۆمانەکانی دەستۆیڤسکی، وەک ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)، پاشان لەلایەن فرۆید و ڕەخنەگرانی ترەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئەو بەرهەمانە و چەندان بەرهەمی تری ئەدەبی کرد و خزمەتێکی گەورەی ڕەخنەی ئەدەبییان کرد. لەم لایەنەشدا کۆمەڵێک لیکۆڵەری گەورە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە بوارەکەدا گێڕاوە.

سیگمۆند فرۆید(١٨٥٦- ١٩٣٩) یەکێکە لە گەورە ڕابەرانی ئەم میتودە، ئەم پزیشکە دەروونناسە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی سوودی لە ئەدەب وەرگرتووە. فرۆید سالّی (١٩٠٠) کتێبێکی بەناوی (لێکدانەوەی خەونەکان) بلاو کردەوە، لەم کتێبەدا باسی «خەونی کردووە، کە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی حەزەکانی مرۆڤ، هەروەها هونەرمەندان و ئەدیبانی بە نەخۆشی دەمار پەیوەست کردووە». (٨) ئەو کتێبە یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکانی، کە باسی نووسەر و هونەرمەندانی کردووە.

فرۆید جیاوازی لە نێوان هەست و نەستدا کردووە و دەروونی مرۆڤی بۆ سێ ناوچە دابەش کردووە، ئەوانیش (من- Ego، منی بالا- Super ego، ئەو- Id). فرۆید باسی گرێی ئۆدیبی لە شانۆیی(ئۆدیب پاشا)ی سۆفۆکلیس و شانۆیی (هاملێت)ی شکسپیر و ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی دەستۆیڤسکی کردووە، جگە لەمانە چەند لێکۆڵینەوەیەکی تری نووسیوە، لەوانە سالّی (١٩٠٦) لێکۆڵینەوەیەکی بەناوونیشانی (وڕێنە و خەون بینین لە چیرۆکی گرادیڤای یانسن) و سالّی (١٩١٠) لێکۆڵینەوەیەکی تری بەناوونیشانی (یادێک لە منداڵی لیۆناردۆ داڤنشی). (٩) دوای فرۆید هەندێک لە قوتابییەکانی، گرنگیی زۆریان بە میتودەکە داوە و چەندان لێکۆڵینەوەیان کردووە.

ئەلفرێد ئەدلەر(١٨٧٠- ١٩٣٧)، کە سەرەتا لەگەڵ بیروڕاییەکانی فرۆید بوو، پاشان لێی جیا بووەوە، لەو ڕووەوە کە پێی وایە هۆکارە کۆمەلایەتییەکانیش کاریگەرییان بەسەر ڕەفتاری تاکەوە هەیە، نەک تەنیا غەریزەی سێکسی، (١٠) هەروەها جەختی لەسەر گرێی خۆبەکەمزانین کردووەتەوە.

کارڵ گۆستاف یۆنگ (١٨٩٩- ١٩٦١) ئەگەرچی زۆر لایەنگری بیروچوونەکانی فرۆید بوو، بەلام لەوە بیروڕای لێی جیاواز بووە، کە فرۆید بایەخی بە نەستی تاک داوە، بەلام یۆنگ گرنگی بە نەستی کۆ داوە، هەروەها بایەخی بە نموونە بالاکان داوە و وا پێناسەی کردووە «وێنە سەرەتاییەکانی نەستییە، کە لە ژمارە نایەن، یان نیشتە دەروونییەکانی ئەزموونە سەرەتاییەکانی نەستییە» (١١)، کەواتە یۆنگ زیاتر جەختی لەسەر نەستی کۆ و نموونە بالاکان کردووەتەوە.

شارڵ مۆرۆن (١٨٩٩- ١٩٦٦) یەکێکە لە ڕەخنەگرانی سەر بە میتودی ڕەخنەی دەروونی، کە لە سالّی (١٩٤١) توێژینەوەیەک لەسەر شاعیری فەرەنسی (مالارمێ) بکات، لە سالّی (١٩٧٥) لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی لەسەر (ڕاسین)ی شاعیر بەناوونیشانی (نەست لە کارەکانی ڕاسیندا)(١٢) کرد، جگە لەم توێژینەوانە، چەندان توێژینەوەی تریشی ئەنجام داوە.

جگە لەم زانا و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانەی ئاماژەمان بە ناویان دا، کۆمەڵێک ڕەخنەگر و توێژەری تریش هەن، کە ڕۆڵیان لە گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی میتودی ڕەخنەی دەروونیدا بینیوە و بە بەرهەم و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانیان خزمەتێکی گەورەی ئەم بوارەی ڕەخنەیان کردووە، لەوانەش: جاک لاکان، هێربەت ڕید، ئەندمۆن ولسۆن، مۆد بۆرکین، ئەرنست جۆنز، ئەریک فرۆم...تاد.

بەگشتی دەکرێت بلێین لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی زانستی لە چوارچێوەی میتودێکی ڕەخنەیی لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵدا. ئەم میتودە جەخت لەسەر ڕەنگدانەوەی باری دەروونی نووسەر لە دەقدا دەکاتەوە و ژیانی نووسەر و باری دەروونی و هەست و سۆز دەکاتە ئامرازێک بۆ ئاشکراکردنی لایەنە نهێنی و شاراوەکانی ناو دەق.



لیۆناردۆ داڤنشی

## ڕابەرانی میتودی ڕەخنەی دەروونی

### ١- سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦- ١٩٣٩)

فرۆید یەکێکە لەو دەروونناسانەی، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەرکەوت و شۆڕشێکی گەورەی لە بواری دەروونناسیدا هێنایە کایەوە، بیروبۆچوونی هەمەجۆری دەربارەی دەروونناسی دەربڕیوە و چەند تاقیکردنەوەیەکی لەم بوارەدا ئەنجام داوە و کۆمەڵێک بەرهەمی هەیە.

فرۆید سەرەڕای ئەوەی پزیشکی دەروونی بووە، بەڵام زۆر حەزی لە ئەدەب و هونەر بووە و ڕێزێکی زۆری لە نووسەران و شاعیران گرتووە، بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی شارەزاییان دەربارەی دەروونی مرۆڤ زۆر بووە، هەر بۆیەش لەسەر دەستی ئەم زانا دەروونناسە، دەروونناسی بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکارییە.

فرۆید پێی وایە «کاری هونەری بەگشتی و کاری ئەدەبی بەتایبەتی، ڕێگەیەکە بۆ دەربڕینی ئەو حەز چەپێنراوانەی لەناو دەروون و نەستی مرۆڤدا هەن» (١٣). فرۆید ئەوە دەخاتە ڕوو کاتێک هونەرمەند و نووسەر بەرهەمێک بەرهەم دەهێنن، هەست بە ئارامی و خۆشی دەکەن. فرۆید نموونەی لە ئەدەبیات وەردەگرت و لە شیکاری دەروونی پراکتیزەی دەکرد. بە تێڕوانینی ئەو شیکاری دەروونی هەوڵ دەدات پاشخانی هزری و فیکری و کەسایەتی نووسەر لەناو بەرهەمی ئەدەبیدا ئاشکرا بکات.

فرۆید لەڕووی ئاگایی و بێ ئاگاییەوە دەروونی مرۆڤی بۆ سێ ئاست دابەش کرد، کە ئەمانەن:

١- ئاستی ئاگایی:ئەو بەشەی دەروونی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە بەئاگایە بەرانبەر ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی دەیاننوێنین، واتە «هەموو شتە هەنووکەیی و تازەکان دەگرێتەوە، کە لە دەوروبەرماندا هەن و هەستیان پێ دەکەین بەر لەوەی بەشێکیان بۆ ناوچەی پێش هەست بگوێزرێتەوە». (١٤)

٢- ئاستی پێش ئاگایی: ئەم بەشە ئاماژە بۆ هەموو ئەو زانیاری و شارەزایی و بیرەوەری و بیرۆکانەی، کە لەناو بیر و خەیاڵی مرۆڤدا پارێزراون، دەکات. لێرەدا مرۆڤ «دەتوانێت ئەو شتانە بیر خۆی بخاتەوە، کە مەبەستییەتی» (١٥)، هەروەها زانیارییەکانی ئەو بەشەی دەروونی مرۆڤ لەناو ئاستی ئاگاییدا نین، بەڵکو دوای بەبیرهاتنەوە دەچنە ئاستی ئاگاییەوە.

٣- ئاستی بێ ئاگایی: ئەمە ئەو ئاستەیە، کە مرۆڤ ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو شتانەی لە مێشک و یادگەی حەشاردراون بەبیریان بێنێتەوە. سەراپای ئەو بیرۆکە و ئارەزوو و ترسە چەپێنراوانە دەگرێتەوە، کە لە ئاستی ئاگایی مرۆڤدا نەماون.

فرۆید پاڵنەرە غەریزییەکانی مرۆڤی بەشێوەیەکی گشتی بۆ دوو غەریزەی سەرەکی دابەش کرد:

١- غەریزەی ژیان: ئەم غەریزەیە پاڵنەری پارێزگاریی کردنی مرۆڤە بۆ مانەوە لە ژیاندا، ئەمەش دوو پاڵنەر دەگرێتەوە:

أ- پاڵنەری ژیان

ب- پاڵنەری لیبیدۆ

٢- غەریزەی مردن:ئەمە غەریزەیەکی تێکدەرە، هەوڵی نەخشاندنی وێنەیەکی شەڕانگێزانە بۆ بۆچوون و کردەی مرۆڤ دەدات. (١٦)

فرۆید «ساڵی (١٩٠٠) کتێبە بەنرخەکەی بەناوی (لێکدانەوەی خەونەکان) بڵاوکردنەوە، کە دیارەی خەونی خستنە ناو تاقیکردنەوەکانی خۆیەوە و توانی خەون بەپێی باری جەستەیی و سایکۆلۆژی پۆلێن بکات». (١٧)

فرۆید باسی گرێی ئۆدیبی کردووە، ئەویش لەو توێژینەوانەی، کە لەسەر «(ئۆدیب)ی پاشای سۆفۆکلیس

و (هاملێت)ی شکسپیر، هەروەها (برایانی کارامازۆف)ی دەستۆیڤسکی ئەنجامی داون» (١٨)فرۆید دەروونی مرۆڤی بۆ سێ ناوچە دابەش کردووە (من- Ego، منی باڵا- Super ego، ئەو- Id). فرۆید بە بەرهەم و بۆچوون و دید و تێڕوانینەکانی خزمەتێکی گەورەی بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئەم میتودە رەخنەییە کردووە.

## ٢- ئەلفرێد ئەدلەر(١٨٧٠- ١٩٣٩)

ئەدلەر قوتابیی فرۆید بووە، بەڵام دواتر ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی دۆزییەوە. ئەدلەر یەکێکە لە دەروونناسە گەورەکان لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە. ئەدلەر باسی گرێی خۆبەکەمزانی کردووە، تا ڕادەیەک ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خۆی لەڕووی جەستەیی و لەشولارەوە کەسێکی لاواز و نەخۆش بووە، بۆیە تیورەکەی لە ناخی خۆیەوە هەڵقوڵا و بەسەر بەرهەمی ئەدیب و شاعیر و بەهرەمەند و هونەرمەنداندا پراکتیزەی کرد.

ئەدلەر لە سەرەتادا لەگەڵ فرۆید کاری دەکرد و کاریگەر بوو بە بۆچوونەکانی، بەڵام دواتر خۆی شێواز و ڕێگا و میتودی لێکۆڵینەوەی خۆی دۆزییەوە و گەشەی پێ دا. ئەدلەر پێی وایە هەموو مرۆڤێک تا ئاستێک هەست بە کەمیی خۆی دەکات و لە هەوڵی ئەوەشدایە ئەم کەموکوڕییانەی پڕ بکاتەوە.

ئەدلەر وای دەبینێت هەموو منداڵێک هەستی خۆ بەکەمزانینی تێدایە، چونکە ئەو منداڵە هەست بەوە دەکات ناتوانێت پێداویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، کە جەستەی لاوازە، توانایی جەستەیی وەک گەورەکان نییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو هەستی خۆبەکەمزانینەی کەم دەبێتەوە.

ئەدلەر لە بیرۆکە، یان غەریزەی حەزکردن لە خۆدەرخستن بۆ قەرەبووکردنەوەی هەستکردن بەکەمی لەگەڵ فرۆیددا هاوڕایە، بەڵام لە ناوەرۆکدا لەگەڵیدا هاوڕا نییە و لێی جیاوازە، «لە کاتێکدا فرۆید وای دەبینێت هونەر و داهێنان تەنیا قەرەبووکردنەوەیەکی دەمامکدارانەی چەپاندنی سێکسین، یان تەنیا جۆرێکن لە خۆخاڵیکردنەوە لەپێناو گونجاندن لەگەڵ دەرەوە و خۆلادان لە نەخۆشی» (١٩). ئەدلەر پێی وایە گرێی سێکسی بە هەموو دیاردە و شێواز و پێکهاتەکانییەوە بە ئەندازەی گرێی هەستکردن بەکەمی سەرکەوتوو نییە لە لێکدانەوەی پرۆسەی داهێناندا، لێرەدا دەبینین ئەدلەر داهێنان بۆ گرێی هەست بەکەمیکردن دەگەڕێنێتەوە و لەمەدا لە مامۆستاکەی جیا دەبێتەوە.

## ٣- کارڵ گۆستاف یۆنگ (١٨٧٥- ١٩٦١)

ئەم زانا دەروونناسە یەکێکە لە قوتابییەکانی فرۆید، ساڵانێکی زۆر سوودی لە بۆچوونەکانی وەرگرتووە، بەڵام دواتر لێی جیا بووەتەوە و تێڕوانین و بۆچوونی تایبەتی خۆی دەربڕیوە. یۆنگ لەوەدا لێی جیا بووەتەوە، کە فرۆید لە باسی نەستدا جەختی لەسەر نەستی تاک کردووەتەوە و تاکی لە دەوروبەر دابڕاندووە، بەڵام ئەم گرنگی بە نەستی تاک داوە، کە مەبەست لێی «ئەو وێنە و بیرەوەری، کە پێی دەوترێت نموونە سەرەتاییەکان». (٢٠) یۆنگ پێی وایە تەنیا حەز و غەریزە چەپێنراوەکانی ناو دەروون کاریگەرییان لەسەر دەروون و ڕەفتاری مرۆڤەکان نییە، «بەڵکو دەوروبەر، ئایین، کۆمەڵگا، ئەفسانەکان...تاد، بەدرێژایی مێژوو، کە مرۆڤەکان تێیدا هاوبەشن، کاریگەرییان هەیە». (٢١)

یۆنگ پێی وایە نەستی کۆ بەشێوەیەکی بۆماوەیی دەگوێزرێتەوە، نەک بەچاولێکەریی هۆکارەکانی ڕۆشنبیری وخوێندن و خۆپەروەرکردن، بۆ نموونە:جادووی ڕەش لە زۆربەی ئایینەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت، وەک ناوەکانی شەیتان، ئیبلیس، ئەهریمەن...تاد، ئەم نموونە سەرەتاییانە لە نەستی مرۆڤدا بە سروشتی خۆی هەیە، وەک چۆن لە نەستی شاعیراندا هەیە، بەڵام شاعیر زیاتر هەستی پێ دەکات، چونکە گوزارشت لە حەزە تەمومژاوییەکان لەناو مرۆڤەکانی تردا دەکات. (٢٢)

یۆنگ بایەخی زۆری بە هێماکان داوە و لە بیر و بۆچوونەکانی خۆیدا پشتی پێ بەستوون، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە زۆربەی مرۆڤایەتی لە هەندێک لە هێماکاندا هاوبەشن، ئەو پێی وایە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بۆ دەربڕینی هەست و ناخیان پشتیان بە هێما بەستووە و لەم بارەیەوە کتێبێکی بەناوی (مرۆڤ و هێماکانی) نووسیوە، یۆنگ بەرهەمە ئەدەبییەکانی بۆ

دوو بەش دابەش کردووە، ئەوانیش: (بەرهەمی دەروونی و بەرهەمی خەیاڵی)، کە یەکەمیان بابەتەکانی لە ژیان وەردەگرێت و دووەمیان لە جیهانێکی نادیاری ناو مێشکی مرۆڤ.

**٤- شارڵ مۆرۆن (١٨٩٩- ١٩٦٦)**

ئەم ڕەخنەگرە یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی، کە لە ڕوانگەی میتودی ڕەخنەی دەروونییەوە توێژینەوەی لێکۆڵینەوەی لە بەرهەمی ئەدەبییەوە کردووە و ڕۆڵێکی گرنگی لەم بوارەدا بینیوە. ئاماژە بەوە دەکرێت، کە زاراوەی ڕەخنەی دەروونی ساڵی (١٩٤٨) لەلایەن شارڵ مۆرۆنەوە داهێنراوە و لە بواری ئەدەبیشدا بەسەر دەقی ئەدەبیدا پیادەی کردووە.

لێکۆڵینەوەی دەروونیی ئەدەب لەسەر دەستی شارڵ مۆرۆن لەژێر ڕۆشنایی کۆکردنەوەی چەمک و بنەما تیورییەکانی شیکردنەوەی دەروونیی فرۆیدی و ڕەخنەی ئەدەبی لەیەک کاتدا، ئەم بەیەکگەیشتنەی زانستی دەروونناسی و ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر دەستی ئەودا بووە. بەبۆچوونی مۆرۆن مەبەست لە ڕەخنەی دەروونی «بریتییە لە خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان، خوێندنەوەیەک لە ڕووکاری دەقەکان تێپەڕ ببێت و بە ناخیدا قووڵ بێتەوە» (٢٣)، بەمەبەستی فراوانکردنی زانیاریمان و دۆزینەوەی لایەنە نهێنی و شاراوەکانی دەق، ئەمەش لەو لێکۆڵینەوانە، کە لەسەر (مالارمێ و ڕاسین و مولێر و فیردەر)ئەنجامی داوە، پەیڕەوی کردووە.

مۆرۆن خۆی دان بەوەدا دەنێت، کە ئەو زانایەکی دەروونی نییە، بەڵکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبییە، دەیەوێت لە ڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە باری دەروونی نووسەر بخاتە ڕوو. مۆرۆن چەند بەرهەمێکی لەبارەی ڕەخنەی دەروونییەوە نووسیوە، لەوانە:لە ساڵی (١٩٤١) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شاعیری فەڕەنسی (مالارمێ) نووسیوە. لە ساڵی (١٩٥٧) کتێبێکی لەسەر هەمان شاعیر بە ناوونیشانی (لەخواستنەوە بۆ ئەفسانەی کەسێتی) نووسیوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٦٤) کتێبێکی بە ناوونیشانی (ڕەخنەی دەروونی و هونەری کۆمیدی) و لە ساڵی (١٩٦٨) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شیعرەکانی (فیردەر)بڵاوکردووەتەوە.

## دیارترین بۆچوونە ڕەخنەییەکانی میتودی ڕەخنەی دەروونی

میتودی ڕەخنەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، کۆمەڵێک بیروبۆچوونی دەروونی خستووەتەوە ڕوو، کە ئەم بیرو بۆچوونانەش زیاتر لە شیکردنەوەی دەروونییەوە نزیکن لەوەی کە لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە نزیک بن، لەمەشدا پشتی بە بیروبۆچوونەکانی زانایانی دەروونی بەستووە، لە سەرووی هەمووشیانەوە بیروڕاکانی فرۆید.

**دیارترین بیروبۆچوونەکان ئەمانەن:**

١- توخمی دەروونی، توخمێکی ڕەسەنە لە بەرهەمی ئەدەبیدا «تاقیکردنەوەیەکی هەستییە، کاردانەوەی هەندێک کاریگەی دیاری کراوە، لە هەندیک هێزی دەروونی جیاوازەوە سەرچاوە دەگریت». (٢٤)

٢- پێشوازیکردنی لە بەرهەمی ئەدەبی، یان ڕەتکردنەوەی، پێوەندی بە باری دەروونییەوە هەیە، یەکێک لە لقەکانی ڕەخنەیە بایەخ بە دەروونی خوێنەر دەدات، وەک بایەخ بە نووسەر دەدات. (٢٥)

٣- نەست کە تایبەتمەندیەکی ناوچەی (ئەو)ـە، سەرچاوەی ڕاستەقینەی داهێنانی هونەری و ئەدەبییە، هەروەها بەرهەمی هونەری و ئەدەبی، بەرهەمی نائاگاییە.

٤- هەندێک لەو کەسانەی، کە لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی فرۆیددان، بڕوایان بەوە هەیە، پێوەندی لە نێوان ئەدەب و نەخۆشی هیستریادا هەیە و نووسەر و هونەرمەندیش مرۆڤێکی نەخۆشە و هاوسەنگی لە دەست داوە.

٥- دەقی ئەدەبی لای فرۆید گوزارشتکردنە لە نەستی تاک، لای یۆنگ لە نەستی کۆ، لای ئەدلەر گرێی خۆبەکەمزانین.

٦- فرۆید پێی وایە ئەدەب بەدی هێنراوی حەزە کپکراوەکانە، وەک کە لە خەوندا ڕوو دەدات.

٧- وێنەی ئەدەبی وەک هەندێک هێما تەماشا دەکرێت، کە لایەنە شاراوەکانی ناو دەقی دەروونی تاک ئاشکرا و ئاماژە بۆ نەست و ئەو گرێ دەروونییانەی دەدەن، کە لە ناخی نووسەردا پەنگیان خواردووەتەوە. (٢٦)

٨- لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا، ڕۆمان و شانۆ، بەتایبەتی ئەوانەی کورتن باشتر لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی

ئەم میتودەدا دەگونجێن. (٢٧)

٩- ئەم میتودە، میتودێکی تەفسیرییە، بایەخ بە لایەنە هونەری و ئیستێتیکییەکانی دەق نادات، بەڵام گرنگی بە ڕاڤە و بەدەستهێنانی مەبەستە دەروونییەکانی ناو دەق دەدات، کە لە بەرهەمەکەدا خراوەتەڕوو.

**بەشی دووەم:**

**- بوارەکانی میتودی ڕەخنەی دەروونی**

چۆن دەروونناسی دەچێتە ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبی؟ ئەو کێشانە چین، کە ئەم میتودە ڕەخنەییە دەیخاتەڕوو؟ میتودی ڕەخنەی دەروونی تیشک دەخاتە سەر هەر یەکە لەم بوارانە:

١- لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبی، خستنەڕووی پاڵنەرەکانی.

٢- لێکۆڵینەوەی دەروونی نووسەر و ئەدیبان، بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و باری دەروونی و خەسڵەتی کارە ئەدەبییەکانیان، ئەمەش بەزانینی ژیاننامەی دانەر بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی داهێنان و زانینی باری دەروونی لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە، بواری یەکەم لەپێشتر و بەناوبانگترە لە بواری دووەم. لە دواییدا هەندێک لە توێژینەوەی بوارێکی تریان خستەسەر بوارەکانی تریش، ئەویش:

٣- لێکۆڵینەوە لە پێوەندی نێوان نووسەر و ئەوانی تر، واتە خستنەڕووی کارتێکردنی وەرگر بە ئەدەبەکە. (٢٨)

- پرۆسەی داهێنان:

گومان لەوەدا نییە، توخمی دەروونی «توخمێکی ڕەسەنی دەرکەوتووە لە کاری ئەدەبیدا»، (٢٩) ئەدەب لە بنچینەدا تاقیکردنەوەیەکی ئاگاییە و وەڵامدەوەرەی هەندێک کاریگەری دیاری کراوە، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە، ئایا پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری چۆن دێتە کایەوە؟

فرۆید بۆ ئەوە دەچێت ئەفراندن و داهێنانی ئەدەبی و هونەری بەگشتی لە ڕێگەی سێ چالاکیی مرۆڤەوە سەیر دەکرێت، ئەوانیش: یاری، خەیاڵاندن، خەون. بەتێڕوانینی فرۆید، مرۆڤ بە منداڵی یاری دەکات، لە هەرزەکاریدا خەیاڵ دەکات و زیندە خەون و لە خەویشدا خەون دەبینێت. (٣٠) داهێنان لای فرۆید لەم چالاکییانە دەچێت، کە یاری دەکات، چونکە منداڵ کاتێک یاری دەکات، جیهانێکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات و کەرەستەکان ڕێک دەخات بەشێوەیەک لەگەڵ ئارەزووەکانی بگونجێت.

بەبۆچوونی فرۆید، یاری دژی جددییەت نییە، بەڵکو دژی واقیعە، واقیعی دژ بە ئارەزووەکان دەگۆڕێت بۆ واقیعێک، کە دەرفەتی تێربوون ببەخشێت. شاعیر چەند لەو منداڵە دەچێت، کە یاری دەکات و جیهانێکی خەیاڵی دروست دەکات و دەیکاتە جێگرەوەی واقیعی ڕاستەقینە، داهێنان بەهەمان شێوە لە خەیاڵکردن دەچێت، چونکە خەیاڵکردن لای هەزرەکار وەک یاری وایە لای منداڵ. ئەو کەسەی خەیاڵ دەکات، جیهانێک دروست دەکات، کە ناوەندەکەی (من)ـە. (٣١) داهێنان لە خەون دەچێت، ئەمەش لەو لایەنەوە، کە داهێنان دەرباز بوونە لە چاودێریکردن، لە هەمان کاتیشدا وێنەکانی هێمایین. میتودی ڕەخنەی دەروونی جەخت لەسەر پێوەندی نێوان داهێنان و خەون دەکاتەوە، لەو لایەنە کە هەردووکیان هەڵاتنە لە واقیع.

ئەدلەر لەبارەی داهێنان پێی وایە «داهێنان لە هەموو بوارەکاندا لە ڕێگەی هەستکردن بە کەموکوڕی و پڕکردنەوەی کەلێنەکان دروست بووە»، (٣٢) کەواتە بەلای ئەدلەرەوە گرێی خۆبەکەمزانین هاندەرە بۆ داهێنانی ئەدەبی.

**ناوچەکانی دەروونی مرۆڤ**

بەبۆچوونی فرۆید، دەروونی مرۆڤ لە سێ ناوچە پێکهاتووە، ئەوانیش (من- Ego، منی باڵا- Super ego، ئەو- Id)، هەر یەکە لەمانە ناوەرۆک و کاریگەری خۆی هەیە.

١- من (Ego): ئەو لایەنە دیارەیە لە کەسێتیدا، هەستییە، واتە دەکرێت هەست بە پێکهاتە و کاریگەرییەکانی بکرێت «لە عەقڵ و خودی هۆشیاردا خۆی دەنوێنێت، کە درک بە جیهانی دەرەوە دەکات و حوکمی مرۆڤ دەکات». (٣٣) ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی ڕەوشتییە، دەیەوێت ڕەفتارەکانی لە سنووری بنەما ئاکارییەکانی جیهانی واقیع بێت و پێوەندی دەکات بە جیهانی بۆ هێنانە دی حەزەکانی بەو شێوەیەی، کە لەگەڵ ڕەوشتدا بگونجێت.

٢- منی باڵا (Super ego): ئەمە هێزێكی بەزێنەری بەرپەرچكارە. كــۆگــای ئەو دابونەریتــانەیە، كــە لە منداڵییــەوە لای مــرۆڤ دروست بووە. فــەرمــاندەرە، ڕێنمایی دەكات و سەركۆنەكارە. ئەم ناوچە «سنوورێك بۆ ئارەزووە تایبەتەكانی مرۆڤ دادەنێت» (٣٤) و چاودێرە بەسەر (من) و لە ویژدان جیا نابێتەوە.

٣- ئەو (Id): ناوچەیەكی نەســتــیــیــە، هێــزێكی جڵــەونەكراوە، جــێگەی كۆبوونەوەی حــەز و ئارەزوو و غــەریزەكانە و بۆ (مــن) جوانی دەكات و دەیرازێنێــتــەوە «بەبێ ئەوەی گــــوێ بە ناوی كـــۆمــــەڵ، یان ئاكـــــارە پێـــــوەندیدارەكــــانی مـــــافـــــەكــــان و مــــــەرجــــە ئەخــلاقــیــەكــان)(٣٥)، بەڵكو بۆ بەدیهــێنانی چێــژ و دووركەوتنەوە لە ئازار بە هیچ كۆتێک نابەســترێتــەوە، حــەز و غــەریزە ســروشــتی و بۆمــاوەییــە كــپكراوەكــان بەشێكن لە پێكهاتنی. گرنگترین ئەو حەزانەش، حەزی سێكسییــیە، لە كــاتی نووستندا دەسەڵاتی (منی باڵا) بەسەر (من)ـەوە نامێنێت، ئەو كاتە حەز و ئارەزووەكانی (من)، كە (ئەو) بۆی دەرازێنێتەوە لە خەوندا دەردەكەون و باری ئاگــایی (منی باڵا) سـەركـوتیـان دەكـات. (٣٦) كـــەواتە حــەزە خــەوتووەكـــان بەدی دێن، بەڵام لەكـــاتی ئاگــایی لەلایەن (منی باڵا)ـەوە چاودێری دەكــرێت و سەركوت دەكرێت.

## دەق و ژیاننامەی نووسەر

لایەنی دووەم پراكــتــیكی دووەمی مــیــتــودی ڕەخنەی دەروونی، بریتــــیــــیــــە لە لێكدانەوەی دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی ژیانی نووســـەرەوە، هەروەها دۆزینەوەی ژیانی نووسـەر لە ڕێگەی دەقــەكــانەوە، بیــروچوون و تێڕوانینی پەیڕەوكەرانی ئەم قوتابخانەیە لە بەرانبەر دەقی ئەدەبی و هونەری بەگـــشـــتی، ئەوەیە دەق بە ژیانی تــایبــەتی نووسەرەوە دەبەســتنەوە، واتە لەناو دەقــدا بە دوای ژیانی منداڵی و قــۆناغــەكــانی تری ژیـان و ســایكۆلۆژیای نووسەردا دەگەڕێن.

ئەگـــەر دەق بكەینە دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە دەروون و لایەنە شــاراوەكـــانی نووســـەر، ئەوە ژیانی نووسـەریش هێـمـای تایبــەتن بۆ تێگەیشتن لە دەق. بە مانایەكی تر، بۆ تێگەشتن لە نەست و دیوە پەنهانەكانی مـرۆڤ بەتەنیـا ژیانی تاكـەكـەس بەس نییـە، بەتەنیـاش خــەون و نــووسین و چالاكــیــیــەكــانی نـابن بەهۆی ئەوەی لایـەنە شــاراوەكــانمان بۆ ئاشكرا بێت، بەڵكو پێكەوە باشتر لایەنە نهێنییەكانی دەقمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بەتێــــڕوانینی (وڵبــــەر سكۆت) بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی كــەســێــتی خــاوەنەكــەیەتی، لەبەر ئەوە هاوكــارە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ئەو كــەســە، هەروەها بەڵگەنامــەیەكــە بۆ گــەیشتن بە چۆنیــەتی ژیانی ئەو نووســەرە و قــووڵبــوونەوە لەبارەی دەروونی ئەو. (٣٧) لەڕووی گرنگیـدان بە نووسەر ئەوەمـان بۆ دەردەكـەوێت، ئەم مــیــتــودە ڕەخنەییــە لە لێكۆڵینەوەی ئەدەبدا، لە بایەخــدان بە داهێنەرەوە دەست پێ دەكــات و بە پلەی یەكەم دێت و بەرهەم و ژیان پێكەوە دەبەستێتەوە.

## دەق و وەرگر

لە پراكتیكی سێیەمی ڕەخنەی دەروونی، شیكردنەوە بەو ئاراســــتــــەیە دەڕوات، دەقی ئەدەبی بە وەرگـــر ببــەســتــێــتــەوە و كــاریگەری دەقــەكــە لەســەر وەرگــر و كارتێكردنی وەرگر بە دەقەكە لەسەر وەرگر و كارتێكردنی وەرگر بە دەقــەكــە دەخــاتەڕوو، چونكە «شــیــعـر و ئەدەب وروژێنەری دەروونی مــرۆڤن و چێــژ و ئازار لای وەرگــر دەخولقێنن». (٣٨)

سـەبارەت بە كـاریگەری دەقی ئەدەبی لەسـەر وەرگـر، ئەوە مــێــژوویەكی كــۆنی هەیە بۆ ســەردەمی ئەفــلاتوون دەگــەڕێتــەوە، كــاتێک ئەفــلاتوون باس لـەوە دەكــات بەرهەمی شــاعــیــران كــاریگەری نەرێنی لەســـەر باری دەروونی لاوان دروست دەكـــەن، وا دەكـــەن ترسنۆک و یاخی بن و ئامادە نەبن بەرگری لە وڵات بكەن، دوای ئەو ئەرســتــۆ ئامــاژەی بە كــاریگەری تراژیدیا لەســەر باری دەروونی بینەر كردووە، بەوەی «ڕووداوی وای تێدایە، كە بەزەیی و ترس دەوروژێنێ، بەمــەش پاكبــوونەوە لەم دوو سـۆزە دێتــە دی»، (٣٩) كـەواتە باسكردن لە كـاریگەری دەقی ئەدەبی لەسەر وەرگر مێژوویەكی كۆنی هەیە.

شـیـكردنەوەی دەروونی بایەخ بەوە دەدات، كـە ئەدەب پێــشـكەشی خـوێنەری دەكـات، بۆ ئەوەی چێــژی پێ ببـەخـشێ و ئارەزووەكـانی تێـر بكات و خـوێنەر دووبارە بەرهەمی بهێنێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو خوێندنەوەی، كە خوێنەر بۆ دەقەكە دەیكات. لە باسی پێوەندی نێوان دەق و وەرگردا، ئەم میتودە لە چۆنیەتی پێشوازیكردنی وەرگر

له بەرهەمی ئەدەبی، شێوازی ڕاڤەکردن و تێگەیشتن و کاریگەر پێ بوونەوە دەست پێ دەکات.

## ڕەهەندی ئەرێنیی میتودی ڕەخنەی دەروونی

بەگشتی میتود و ئاراستە ڕەخنەییەکان ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە، میتودی ڕەخنەی دەروونیش بەهەمان شێوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپوختی و چڕی تیشک بخەینە سەر هەندێک لە ڕەهەندی ئەرێنییەکانی میتودەکە. ڕەهەندە ئەرێنییەکانی ئەم میتودە ڕەخنەییە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بە قووڵی و بەهێزییەوە سەرنجی ڕاکێشاین بۆ بایەخی توخمی دەروونی وەرگر لە ئەدەبدا، «لەبەرئەوەی هەر بنەمایەک لە بنەماکانی ئەدەب:ئەدیب، وەرگر و خودی بەرهەم، بەرەو ئەو لایەنانە ڕاماندەکێشن، کە باسی باری دەروونی و ویژدانی دانەر و خوێنەر بکەین». (٤٠)

دەروونناسی کۆمەڵێک بۆچوونی گرنگی پێشکەش کرد بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی ئەدەبی و هونەری، کە تا ماوەیەکی زۆر بە نارِوونی مابوونەوە، هەروەها کۆمەڵێک بۆچوونی گرنگی دەربارەی ڕاستییە دەروونییەکان و هەندێک لەو نەخۆشی و گرێی دەروونییانە خستە ڕوو، کە تووشی دەروونی مرۆڤ دەبن و کاریگەری بەسەر داهێنان و چالاکییەکانیدا دەبێت.

ڕوویەکی تری ڕەهەندی ئەرێنیی میتودەکە لەوەدا دەردەکەوێت «دەتوانێت لە قووڵاییی خودێکی داهێنەردا کار بکات و ئەو شتانە کەشف بکات، کە تێکستەکە لە ڕووکاردا ئاشکرایان ناکات»، (٤١) کەواتە ئەم میتودە کۆمەڵێک لایەنی نارِوونی دەقمان بۆ دەخاتە ڕوو و «گەلێک کەلێن و کۆدی دەق ڕاڤە دەکات». (٤٢) لێکۆڵینەوەکانی ئەم میتودە «یارمەتیمان دەدات شارەزای کرۆکی ڕاستەقینەی ئەدەب ببین و لە بۆچوون و خواستی ئەدیبەکان بگەین». (٤٣)

## ڕەهەندی نەرێنیی میتودی ڕەخنەی دەروونی

وەک چۆن ئەم میتودە لە چەند لایەنەوە ئەرێنییە، بەهەمان شێوە لە چەند لایەنی تریشدا نەرێنییە و ڕەخنەی زۆری لێ گیراوە، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- زۆرینەی ئەو بیروڕاییانەی دەروونناسەکان دەربارەی دەروونی مرۆڤ خستوویانەتە ڕوو «دەچێتە خانەی گریمانەوە، ناگاتە ئاستی ڕاستییەکان، بەگشتی بەڵگەیەکی زانستی باوەڕپێکراو لەبارەیانەوە نییە». (٤٤)

٢- ئەو تێڕوانین و بۆچوونانەی، کە باسی دەکەن، لە نموونەی کەسانێکی دیاریکراو وەرگیراون، ناکرێت بگشتێنرێت(تەعمیم بکرێت)، چونکە مرۆڤ یەک جۆر نییە، هیچ مرۆڤێک هاوشێوەی مرۆڤێکی تر نییە. (ڤێرنۆن هۆڵ) دەڵێت: «زۆرترین ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ڕەخنەی فرۆیدی کراون، ئەوەیە کە ئارەزووی لە قاڵبدانی کەسایەتییەکانی شانۆ و چیرۆکی هەبووە... نموونەکانی فرۆید جۆراوجۆرن بەسەر سروشتی مرۆڤایەتی گشتێنراون»، (٤٥) کەواتە ئەم میتودە جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا نەکردووە و وەک یەک نموونە سەودای لەگەڵدا کردوون.

٣- ئەم میتودە ڕەخنەییە بووە بە شیکردنەوەی دەروونی و خودی ئەدەب لەناویدا خنکاوە و بەها هونەری و ئیستێتیکییەکانی تێدا فەرامۆش کراوە.

٤- بەهۆی ئەوەی ئەم میتودە ڕەخنەییە بەهای هونەری و ئیستێتیکی لە بەرهەمی ئەدەبی پشتگوێ دەخات و باسی شیکردنەوەی دەروونی و پاڵنەرە دەروونییەکان دەکات، بۆیە «وەک بەڵگەنامەیەکی دەروونیی خاوەن یەک سەودا لەگەڵ ئەدەبدا دەکات»، (٤٦) واتە بەرهەمی باش و خراپ لە دەلالەتکردن لە دەروونی خاوەنەکەی وەک یەک سەیر دەکرێن.

٥- لەبەر ئەوەی ئەم میتودە گرنگی بە ژیاننامەی نووسەر دەدات و دەیکاتە کلیلی تێگەیشتنی ئەدەب. لەم بارەیەوە (ئەنریک ئەندرسۆن ئیمبەرت) لە کتێبی (میتودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی)دا دەڵێت: «بەشێوەیەکی میکانیکی ئەم ڕەخنەیە لە باسکردنی هەر دەقێک دوور دەکەوێتەوە، کە خاوەنەکەی نەناسراو، یان گومانلێکراو، یان کەسێک بێت زانیاری لەسەر نەبێت». (٤٧)

٦- بەپێی ئەم میتودە نووسەر کەسێکی نەخۆشە و تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە. ئەمە دەسەپێنێت بەسەر هەموو ئەو کەسانەی چالاکیی فیکری ئەنجام دەدەن، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە ڕاست نییە، چونکە چەندان کەس تووشی گرێی دەروونی و هەڵچوونی دەروونی دەبن بێ ئەوەی بتوانن دەقێکی ئەدەبیی

سەرکەوتوو بنووسن.
٧- لە بنچینەدا ئەدەب و خەون لە یەکتردا جیاوازن. (ولبەر سکۆت)دەڵێت: «لەو لایەنەوە، کە هونەرمەند تا رادەیەکی زۆر دەسەڵاتی بەسەر بەرهەمەکەیدا هەیە، بەڵام کەسی خەوتوو دەسەڵاتی بەسەر خەونەکەیدا نییە. دەشێت خەون خۆنواندنێکی بەزۆر (ئیجباری) بێت، بەڵام هونەر دەربڕینێکی ئاوێتەیە». (٤٨)
٨- هەمیشە پەیوەستکردنی ژیانی نووسەر بە ئەدەبەکەیەوە کارێکی ورد و شیاو نییە، چونکە نووسەر هەمیشە گوزارشت لەو تاقیکردنەوانە ناکات، کە لە نێو دەقەکەیدا خراوەتە روو، بەڵکو نووسەر خودی خۆی هەندێک لەو دیاردە و تاقیکردنەوانەی ژیان لە دەقەکەیدا تەوزیف دەکات بێ ئەوەی پێیاندا تێپەڕ بووبێت، یان ئەزموونی کردبن.
٩- لایەنگرانی ئەم میتودە رەخنەییە سوود لە کۆمەڵێک بۆچوونی ئامادە وەردەگرن و بەسەر دەقیدا دەسەپێنن، واتە «ئەگەر نووسەران دەقێک لەناو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی بووبێت، ئیتر ئەو رایەیان هەڵدەگرن و بەسەر بەرهەمەکانی نووسەرانی تردا دەیانچەسپاند»، (٤٩) بەجۆرێک پراکتیزەی دەکەن تا لەگەڵ بۆچوونە ئامادەکراوەکانی خۆیاندا بگونجێت، بۆیە کار لەسەر دەقێک ناکەن لەگەڵ بیروبۆچوونە ئامادەکراوەکانیاندا نەگونجێت.
١٠- هەندێک لە رابەرانی ئەم میتودە تەنیا جەخت لەسەر غەریزە سێکسییەکان دەکەنەوە و بە پاڵنەر و هۆکاری سەرەکی داهێنانی ئەدەبی دادەنێن، (٥٠) بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە مرۆڤ لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک پاڵنەری تریشە، وەک نەتەوەیی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی...تاد، کە دەشێت ببنە هاندەری نووسەر لە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبیدا.
١١- ئەگەرچی نەست رۆڵێکی گەورەی لە داهێنانی ئەدەبییدا هەبێت، بەڵام نابێت رۆڵی هەست و ئاگایی لە پرۆسەی داهێناندا فەرامۆش بکەین، (٥١) لەبەر ئەوەی هەست و ئاگایی ئەو جوانییە بە دەق دەبەخشێت، کە لای وەرگر گرنگە.

**ئەنجام**

١- ئەم میتودە لە سەرەتای بیستەم و لە نۆرینگە پزیشکییەکانەوە هاتووەتە کایەوە.
٢- فرۆید بە رابەری ئەم میتودە دادەنرێت و دوای ئەو کۆمەڵێک دەروونناس و رەخنەگری تر توێژینەوەیان لەبارەیەوە کردووە.
٣- لەرووی پراکتیکەوە جەخت لەسەر رەهەند دەکاتەوە(پرۆسەی داهێنان، دەق و ژیننامە، دەق و وەرگر).
٤- ئەم میتودە کۆمەڵێک بۆچوونی ئامادە بەسەر بە دەقدا دەسەپێنێت، ئەگەر لەگەڵی نەگونجا، ئەوە لیکۆڵینەوەی لە بارەوە ناکات.
٥- بەرهەمی باش و خراپ لەیەکتر جیا ناکاتەوە.
٦- بیروبۆچوونەکان گریمانەیین و ناگەنە ئاستی راستیی باوەڕپێکراو و سەلمێنراو.
٧- بە زۆری کار لەسەر ئەو دەقانە دەکات، کە خاوەنەکانیان ناسراون.

**پەراوێزەکان:**

١- د. شکری عزیز الماچی، تیوری ئەدەب، و: د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٧٠.
٢- د.عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی رەخنەیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل٩٤.
٣- کارزان کریم امین، ئاراستەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩، ل٣٤.
٤- د.عادل گەرمیانی، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤدا، دەزگای رۆشنبیری و بڵاکردنەوەی کوردی، بەغدا، بەغدا، ل٤.
٥- د.ولید قصاب، مناهج النقد الادبی الحدیث- رؤیة إسلامیة، دار الفکر، دمشق، ٢٠٠٧، ص٥٢.
٦- رێبین خلیل قادر، میتودی رەخنەی تەواوکاری (التکاملی) لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩، ل١٩.
٧- M.H ئەبرامز، تیورە مۆدێرنەکانی ئەدەب و رەخنە، و:عوسمان ئەحمەد، بێ ناوی چاپخانە، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩، ل١٢٥.
٨- رێبین خلیل قادر، میتودی رەخنەی تەواوکاری (التکاملی) لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ل٢١.
٩- د.عادل گەرمیانی، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی

من و قاله و سەگەکەی پاڤلۆڤدا، ل٢٥.
١٠- د.سیروس شمیسا، نقد ادبی، چاپ چهارم، چاپخانە رامین، تهران، ١٣٨٣ هەتاوی، ص ٢٢٤- ٢٢٥.
١١- د.شكري عزيز الماضي، تیوری ئەدەب، ل١٧٢.
١٢- د.کەمال مەعروف، تیورە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٤٦.
١٣- د.عبدی حاجی، چەند تیورەکێن ڕەخنا ئەدەبی، چاپا ئێکێ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤١.
١٤- د.هاوژین صلێوە، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣، ل٤٤.
١٥- د.هیمدادی حوسێن، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی باز، هەولێر، ٢٠١٠، ل٦٦٠.
١٦- کارزان کریم امین، ئاراستەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ل٣٧.
١٧- پێشرەو عەبدوڵلا، دەروونشیکاری شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٩.
١٨- هەڵمەت بایز ڕەسوڵ، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢، ل٤٢.
١٩- د.بەسام قطوس، دەروازەیەک بۆ میتودەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و:د.محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨٤.
٢٠- روز غريب، تمهيد في النقد الحديث، طبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٤، ص٢٨.
٢١- چەند نووسەرێک، دیداری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٢.
٢٢- روز غريب، تمهيد في النقد الحديث، ص٢٨.
٢٣- ڕێبین خلیل قادر، میتودی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ل٢٦.
٢٤- د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٦٢.
٢٥- نفس المصدر، نفس صحفة.
٢٦- نفس المصدر، نفس صحفة.
٢٧- د.عادل گەرمیانی، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی من و قاله و سەگەکەی پاڤلۆڤدا، ل٣١.
٢٨- د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٥٤.
٢٩- سيد قطب، النقد الادبي- اصوله و مناهجه، الطبعة العاشرة، دار الشروق، القاهرة، ٢٠١٠، ص٢٠٠٧.
٣٠- د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٥٤.
٣١- نفس المصدر، نفس الصحفة.
٣٢- د.هاوژین صلێوە، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، ل٨٧.
٣٣- ثامر حسن جاسم، توێژینەوەی دەروونی لە داهێنانی شیعریدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٥.
٣٤- هەڵمەت بایز ڕەسوڵ، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، ل٣١.
٣٥- لی مۆرگان، ئێریەڵ لێبیر، جۆن وایڵینگهەم، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و: ساماڵ ئەحمەدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل٣٠٦.
٣٦- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٥٦.
٣٧- نفس المصدر، نفس صحفة.
٣٨- د.عبدالحسين زرين كوب، نقد ادبی، جلد اول و دوم، چاپ ششم، انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٧٨ هەتاوی، ص٦٩.
٣٩- ئەرستۆ، هونەری شیعر (شیعرناسی)، و: د.عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٧.
٤٠- د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٦٧.
٤١- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١١٣.
٤٢- چەند نووسەرێک، دیداری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ل٣٢.
٤٣- بەختیار عەزیز، سایکۆلۆژیای ئەدەب و هونەر، بەشی دووەم، پاشکۆی هزر و هونەر، ژ١٢٨، ٢٠١٥/٢/٦، ل١٠.
٤٤- د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٦٧.
٤٥- نفس المصدر، نفس صحفة.
٤٦- د.بەسام قطوس، دەروازەیەک بۆ میتودەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل٧٢.
٤٧- انريک اندرسون إمبرت، منهج النقد الادبي، ت: طاهر احمد مكي، دار العالم العربي، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٢٩.
٤٨- د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٧٠.
٤٩- پێشرەو عەبدوڵلا، ئەدەب- شێوەکاری - تیور، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل٩٥.
٥٠- د.وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٧٢.
٥١- نفس المصدر، نفس صحفة.

سەرچاوەکان:

یەکەم:سەرچاوە کوردییەکان

أ: کتێب

١-M.H ئەبرامز، تیوورە مۆدێرنەکانی ئەدەب و ڕەخنە، و:عوسمان ئەحمەد، بێ ناوی چاپخانە، بێ ناوی شوێنی چاپ، ٢٠٠٩.

٢- ئەرستۆ، هونەری شیعر (شیعرناسی)، و:د.عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١١.

٣- بەسام قطوس (د.)، دەروازەیەک بۆ میتودەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و:د.محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.

٤- پێشڕەو عەبدوڵلا، دەروونشیکاری شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٥پێشڕەو عەبدوڵلا، ئەدەب- شێوەکاری - تیور، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٦- ثامر حسن جاسم، توێژینەوەی دەروونی لە داهێنانی شیعریدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٧- چەند نووسەرێک، دیداری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٤.

٨- شکری عزیز الماضي (د.)، تیوری ئەدەب، و:د.سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

٩- عادل گەرمیانی (د.)، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی من و قاله و سەگەکەی پاڤلۆڤدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاکردنەوەی کوردی، بەغدا، ٢٠٠٦.

١٠- عبدی حاجی (د.)، چەند تیورەکێن ڕەخنا ئەدەبی، چاپا ئێکێ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١١- عەلی تاهیر بەرزنجی (د.)، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

١٢- لی مۆرگان، ئێریەڵ لێبیر، جۆن وایلینگهەم، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و:ساماڵ ئەحمەدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٤.

١٣- کەمال مەعروف (د.)، تیورە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٤- هاوژین صلیوە(د.)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٣.

١٥- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١.

١٦- هەڵمەت بایز ڕەسووڵ، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، ڕۆژهەلات، ٢٠١٢.

١٧- هیمدادی حوسێن(د.)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی باز، هەولێر، ٢٠١٠.

ب: نامەی زانکۆیی:

١- ڕێبین خلیل قادر، میتودی ڕەخنەی تەواوکاری (التکاملی) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩.

٢- کارزان کریم امین، ئاراستەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩.

ج: ڕۆژنامە

١- بەختیار عەزیز، سایکۆلۆژیای ئەدەب و هونەر، بەشی دووەم، پاشکۆی هزر و هونەر، لا ١٠، ژ١٢٨، ٢٠١٥/٢/٦.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

١- انريک اندرسون إمبرت، منهج النقد الادبي، ت: طاهر احمد مكي، دار العالم العربي، القاهرة، ٢٠٠٩.

٢- روز غريب، تمهيد في النقد الحديث، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٤.

٣- سيد قطب، النقد الادبي- اصوله و مناهجه، الطبعة العاشرة، دار الشروق، القاهرة، ٢٠١٠.

٤- وليد قصاب (د.)، مناهج النقد الادبي الحديث- رؤية إسلامية، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧.

سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان

١- سیروس شمیسا (د.)، نقد ادبی، چاپ چهارم، چاپخانه رامین، تهران، ١٣٨٣ هەتاوی.

٢- عبدالحسین زرین کوب (د.)، نقد ادبی، جلد اول و دوم، چاپ ششم، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٧٨ هەتاوی.

* قوتابی خوێندنی بالایە لە هەولێر.

# بیاڤێن ئافراندنێن ئەدەبی د بەرهەمێن جەلادەت ئالی بەدرخان دا

ئازاد عەبدولعەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

(١ - ٢)

**پێشەکی**

تەڤایا ئەدیبان کورێن سەردەمێ خوە نە، ئەڤ گۆتنە ب وێ یەکێ راست دەردچە، ئەگەر بێتو بەرهەمێن وی ل تەڤایا ئالێن ناڤەرۆک و رۆخسارڤە، ئانکو هیچ نەبە ل هندەک ل ڤان ئالانڤە، د ئەدەبیاتا قۆناغێن پێش بەری خوە پێشکەفتی تر بە و تشتێن نوو پێشکەش کربە.

جەلادەت بەدرخان رەنگە ئەو وەسفێ کو مە ل سەری ئانییە زمان بۆ وی راست بە، ئەدیب نڤیسکارەکێ جیاوازە لە ئەدیب و نڤیسکارێن پێش بەری خوە، ب ڤێ یەکێ دبیتە کەسەکێ داهێنەر، چونکی هەڤبەرکرنا وی دگەل خەلکێن پێش بەری خوە، نیخواز و تازەهێنەرە.

لڤردە ژی یە ئەڤ ناڤونیشانی سەری (بیاڤێن ئافراندنێن ئەدەبی د بەرهەمێن جەلادەت ئالی بەدرخان دە) ل دەڤ مە هاتە زەڤبوون و ژبەر وێ یەکی مە ب پێدڤی زانی ب ڤێ ئەگەرا هان دەرەزەکێ ل کتێبخانا کوردی پڕ بکەینەڤە، هیڤیدارم مفایێ خوە بگەهینە.

**تەوەرێ یەکێ: نوژەنکرنا شیعرێ**

جەلادەت بەدرخان مینا حاجی قادرێ کۆیی نیڤ کلاسیکە، چونکی فۆرما رستێن وی یا کەڤنە و ناڤەرۆک نوژنە، سەرباری ڤێ یەکێ ژی زۆر جاران د فۆرما کلاسیک دە ئافراندن کریە و ل کێشا عەروزێ خوە لادایەو هاتیە مینا حاجی کێشا عەروزێ ب ساناهی کریە و کریە یەکێتی پەنجا خۆمالی، ژ بەر ڤێ یەکێ دکارین بێژین جەلادەت بەدرخان د بارێ ئەدەبیاتا کرمانجیا ژووروو وەک حاجی قادرێ کۆیی تازەگەرە، ئانکو ل کرمانجیا خواروو کۆیی ئەو ژی ل کرمانجیا ژووروو.

هەلبەتە جەلادەت مینا شاعر ناهێ ناسکرن، بەلکو وەک زمانزان و رۆژنامەڤان... تێ قەلەم دان. لێ بەلێ «د وارێ هەلبەستنڤیساندنێ دە ژی دکاریبوو ببوویا یەک ژ شاعیرێن دەما خوەیا هەری ناڤدار» (١) هەرچقاس «هەلبەستێن وی، نە ئەو قاس پڕن، لێ، ژ وارێ هونەری ڤە، وی ددنەکێلەکا (کامێران و قەدری جان) و ددنە خویاکرن کو ئەو خوەدی دیتنەک هەلبەستی نوویە، ژ دیتنا کەڤن شۆپێ جودایە، و هەلبەستا کوردی گاڤێن نوو پێشڤە دکشینە). (٢)

هەروەسا شەهرەزایی و پسپۆریا وی د چاندو کولتورێ بیانی نەمازەیێ ئورۆپی، کو ببوو پرەک بۆ ڤەگوهاستنا ئافراندن و داهێنانێن وان، بۆ ناڤ کولتوری کوردی، کاری دربیا ڤێ پرێ دە چەندین ئافراندنا د ناڤ چاندو تۆرێ کوردی دە بکە و شعرا کوردی پێ ب ئافرینە، ب



جەلادەت بەدرخان

باوەریا من تا نهـــــا ژی ژ تەڤ پارچێن دن یێن کوردستانێ، ئافراندنێن هۆسا د ناڤ تورێ کوردی دە ناهێن بەرچاڤ، ئەڤە ژی ڤەدگەرە بۆ زانین و شەهرەزاییا وی، چونکێ ئەگەر جەلادەت زمانێن مینا (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەلمانی، فارسی، تورکی، عەرەبی... تاد) نەزانیبوونا نەدکاری ڤان داهێنانان ژ ئالێ روخسارو ناڤەرۆکێ ڤە دناڤ کولتورێ کوردی دە بکە.

ئەو «شعرێن کو وی هەم ب ناڤێ خوە و هەم ژی، ب ناڤنە نەراست (موستەعار) نڤیسینە، ئیرۆژ ژی جار ب جار، د کوڤار و رۆژنامێن کوردان دە تێن وەشاندن و نڤیسێن نووه ژێ دەستکەتی دبن» (٣)، لڤر دگەهینە وێ یەکی کو بێژین جەلادەتی د تەڤ مژارو بابەتێن خوە دا گاڤێن مەزن هاڤێتینە، ژ بەر هندێ «گاڤا مرۆڤ بالا خوە ددە نڤیسان، د کیژان واری دبە بلا ببە، مرۆڤ هۆستەتیەکێ تێدە دبینە و ژ شۆپەریێن نڤیسکارەکی ئەجەمی گەلەکی دوورە» (٤)، کو ب راستی د وارێ شاعریێ دە هۆستا بوو، فەرات جەوەری دبێژیت: «گاڤا هەلبەستا وی یا ب ناڤێ «بلوورا من» کو وی دبن ناڤێ سەیدایێ گەرۆک دنڤیساندبوو، خوەندبوو، من گەلەک ژی حەز کربوو و هەتا مەهەکێ ژی کیژان هەڤالێ کو هاتبوو مالا من، من ژێ رە خوەندبوو و حەیرانیا خوە یا هەلبەستێ ئانیبوو زمان» (٥) و کراسەکێ ب رەوش و نووژەن کربوو بەر رست و هەڤۆک و پەیڤێن خوە، کو ئەو هەڤۆک و رست ژی ژ فەرهەنگا زمانی زەلالێ کوردی چنی بوون، و ب ئاوازەکا کوردینییێ سازاندبوون، «لێ مخابن خەمێن لێکولینێن زمێن و رامانێ ئەو ژی ژ هەلبەستێ ب دوور خستبوو، ونەبوونا هەژمارێن (هاوار)ێ و دیوانەک وی د ناڤ دەستان دە بەندێ قەلەو ل پێش باندوورا وی دانین، و نەهیشتن ئەو بگهینە هەلەبستڤانێن ئیرۆ» (٦).

هەروەکی مە ل پێش دە ئیماژە پێ کر شعرێن وی ژ ئالێ ناڤەرۆک و روخسارو شێوازی ڤە گورانێن مەزن و بێ هەمپا د ناڤ چاندو ئەدەبیاتی کرینە و شیبایە د ناڤ رووپەلێن دیرۆکا ئەدەبیاتێ دە جهبگرە. بۆ زێدەتر شەهرەزابوون د ئاستێ شعرێن وی، ب پێدڤی دزانین ژ ئالیێ ناڤەرۆک و روخسارێ ڤە شعرێن وی شرۆڤە بکەین.

## روخسارێن شعرێن جەلادەت

هەروەکی مە پێشدا ئیماژە ب وێ یەکێ کر، کو تەڤ شعرێن جەلادەتی ل سەر کێشا خومالی ئانکو ب کێشا موڤکی (برگەیی) ڤەهاندیە. گرنگترین ئەو کێش ژی ئەڤن:

١- کێشا حەفت موڤکی:

ئەڤ کێشە، کو ب (٤+٣)تێ دابەشکرن. جەلادەتی شعرێن (داوەتە، بوهار، جەهابا دایکێ) ل سەر ڤێ کێشێ ڤەهاندینە، لڤر دە شعرا (جەهابا دایکێ) وەک میناک دێ ئینینەڤە:

**قەدری، قەدری جانێ من**
**کورکێ من چاڤێ من**

ئەحمەد هەردی پێ باش بوویە، ناڤێ ڤێ کێشی (١٤) موڤکیبایە، «بەلام لەبەرئەوەی بە حەفت برگەیی بەناوبانگە، بۆیە پێویست ناکات ناوەکەی بگۆڕین، چونکی ناوی پێشوی - تا ڕادەیەک - چەسپیوە» (٧).

٢- کێشا هەشت موڤکی:

ئەڤ کێشە د ناڤ ئەدەبیاتا کوردی دە ب رەنگەکێ مشە هاتییە بکارئانین، ب رەنگێ (٤+٤) تێ دابەشکرن. جەلادەتی دوو شعر ل سەر ڤێ کێشی رستینە، هەروەک دشعرا (شەڤا وە خوەش) دبێژە:

**شەڤە، شەڤە رۆژ چووئاڤا**

**هنگووریێ ره جهێ خوەدا**

٣- کێشا یازده موڤکی:

جەلادەت دشعرا بناڤێ (بێریا بۆتان) ل سەر ڤێ کێشی ڤەهاندینە، هەروەک دبێژە:

**کوردستانێ تو ئابادین، هەرهەیی**
**ئیرۆ، سبەو هەرگاڤ ژی دێ هەبی**

### کێشا ئازاد

میر جەلادەت تەنێ یەک شعر ب کێشا ئازاد، ئانییە زمان، ئەڤە ژ بلی وان شعرا ئەوێن ژ زمانی فەرەنسی وەرگێراینە سەر زمانی کوردی. هەر چقاس ب دەستکاری وەرگێراینە، لێ بەلێ هەر دچنە خانا وەرگێرانی. ئەو شعرا سەربەست ژی بناڤێ (بلوورا من)ە، کو ب ئافراندنەکا سەرکەتی هەڤۆک و رستێن خوە راچاندیینە:

**بلوورا من ئا شیرین**
**تو د ساریا سبەهێ**
**ئو هنگوورا ئێڤارێ دە**
**هەڤالێ بێهەڤالان،**
**دەست برایێ شڤان و دلکەتەیانی.**
**دەنگێ تە،**
**هێسترێن دلێن خەمگیران،**
**سلاڤا ژ هەڤ - ڤەقەتیان،**
**گرین و زارینا دلکەتیان**
**تینە بیرا من.**
**بلوورا من توی،**
**خەمرەڤینا تەرکەسەرێن دنیایێ!**

لڤر جەلادەت خوە ب تو یاسا و رێسایێن تەقلیدی گرێنەدایە، بەلکو ب ئاوایەکێ خوەسەر شعرا خوە رستیە، هەر چقاس ئەڤە هندی ناگەهینیت، سەروا بکارنەئانییە، ب سەروانە، لێ سەروایێن وان دا ئاستەکی لاواز دانە، ئانکو لاوازیا پێڤە دیارە، بۆ میناک: درستا(١، ١٠) ان دە، هەڤسەروان، رستا(٢، ١٢)ن هەڤسەروانە رستا کو ب موڤکا (ێ) یەک دگرن، رستا(٥، ١١)ان ژی هەڤسەروانە. هەروەسا رستا (٦، ٣) ژی هەڤسەروان، لێ بەلێ هەروەکی ل پێش مە ئانی زمان سەروایێن وان نەمکومن ئان ژی نەبهێزن، هەژی گوتنێیە تەنێ د رستێن(٤، ٧، ٨، ٩) سەروا ب ئاوایەکی بهێزتێن بەرچاڤ.

### سەروا

ئەو بێژەیە ئانکو پەیڤەکە ل داوییا هەر دێرە شعرەکێ دهێو ئاوازەکێ میناروحێ ددە بەر شعرێ. هند جاران شاعر د یەک تێکستێ دە پەیرەوایەک سەروایێ دکە، یان ژی تەڤی شعرا خوە ل سەر یەک سەروایێ درێسیت، ڤی رەنگێ سەروایێ دبێژنێ سەروا یەکگرتی. لێ ئەگەر هاتوو شعر ب سەروا رەنگا و رەنگ هاتە رستن ب سەروا (مەسنەوی) تێ ناڤکرن. تو شعرێن جەلادەتی ب رەنگێ سەروا یەکگرتی ناهێن بەرچاڤ، ژ بەر هندی یەکسەر ئەم هاتینسەر مژارا مەسنەوی.

### مەسنەوی

جەلادەت هند ژ شعرێن خوە ل سەر ڤی رەنگێ سەروایێ ڤەهاندینە، هەروەک ژ شعرا (تۆلا کاروێن)دبێژە:

**جوان، کال، شیرمژکودک یەک هاوینە بێ دەنگ**
**رێوی نەل وان تاری، کون بوونە زەر بێ رەنگ**
**کاروانەک، کاروانەکی زیز، دگوهێزن، دچن**
**دگو هێزێن، ژ کول کوو دچن بێ سەرو بن**

لڤر دە رستا یەکان و دودویان سەروا وان (دەنگ، رەنگ)ە، لێ بەلێ رستا سێیان و چاران سەروا وان (دچن، بن)ە.

### سێینە

میر جەلادەت یەک دەق بناڤێ (داوەتە) ل سەر سەروا سێینە ڤەهاندییە، هەروەک دبێژە:

**ژ زۆزانان هات قولنگ**
**خەبەر ئانی ژ خوە یینگ**
**دبێ وەرن داوەتە**

وەک تێ پێش چاڤ، د ڤێ سێینێ دە هەڤۆکا یەکان و دودویان سەروایێن وان وەکهەڤن، کو ژ مالکەکێ بۆ مالکادن تێ گورین، لێ درستا سسێیان ژی یێن هندڤان مالکان هەڤدوو ڤەنابەست، بۆ میناک، د مالکا یەکان رستا سسێیان سەروا وێ دگەل یا مالکا (٩، ٥، ٣) وەکهەڤن ئانکو ب هەڤراتێن ڤەبەستن، لێ یێن مالکێن، (٢، ٤، ٨) خوەسەرن، هەروەسا مالکا (٦، ٧) کو ب سەروا (ان) داوی تێت ئەو ژی ب هەڤرا تێن ڤەبەستن، ئەڤجا هەمی ب تەڤدا ناهێن گرێدان. ئەڤە ژی ئافراندنەکا دن یا جەلادەتییە کو ئانییە ناڤ ئەدەبیاتا

کـوردی، کـارییـه چەنـدین قـالـبـێـن جـودا جـودا د یەک تێکستێ دە کۆمبکە.

### چارێنە

میـر جەلادەت ژی دەست هاڤێـتـیـیـە خـامەیێ خـوەیێ رەنگین و چەندیـن تێکسـت ل سـەر ڤی هونەرێ بەربلاڤ، مـینا (ئالێ کـوردان، وەرە دۆتمام) ڤەهاندینە، لڤر ژ هەر تێکەستەکێ دێ میناکەکێ وەرگرین:

**ئالێ کوردان د ناڤ رۆک**
**چ بەدەو بهیبەت**
**ب چار رەنگی، رەنگین تە**
**چ دەلال و چ خوەشکۆک**

هەروەسا جەلادەت لڤر دە ژی هونەرەکی دن یێ چارینێ ئانییە ناڤ کولتورێ کوردی، ئەز باوەرم د ناڤ ئەدەبیاتا مــە دە، ئەڤ رەنگێ هونەری نیــیـــە، ژبەرکــو دبینین هەڤـۆکـێن یەکـان و چاران سـەروایێن وان وەکـهـەڤن، لێ هەڤـوکـێن دودویـان و سـسـێـیـان رەنگەکی خـوەسـەر وەرگرتییە. هەروەسا مـالکا دودویان و چاران ژی ب ڤی تەرزی هاتینە. لێ تەنێ مـالکا سـسـێـیـان قـالبـەک دن وەرگـرتـیـیــە، کــو هەڤـۆکـا یەکـان و دودویان و چاران هەڤـسـەروانە، هەڤـۆکـا سـسـێـیـان یا خـوەسـەرە. هەژی گۆتنێیە هەرچار قالب ژی ب هەڤرا ناهێن گرێدان.

دیسـان جـەلادەت د شـعـرا (وەرە دۆتمام) دە، کـو ب ئاوایێ چارینە ڤـەهاندییـە، ئەڤ رەنگە ژی، هونەرەکی پێکۆتی یە د ناڤ گولڤـەدانا دابەشـبـونا سـەروا چارینێ دە، بۆ میناک:

**وەرە دۆتمام، ئاڤا شەتێ مە شەربەتە**
**پێلا ناڤێ ل هەڤ دکەتە**
**هەڤینیا خەلک و عالەم ژ هەیامێ پێغەمبەرا عادەت بی**
**یا من و یا دۆتماما من ل جزیرا بۆتا، ببە قەباحەتە**


کێشێن ڤێ چارینێ نە وەکهەڤن، بەلکو رسـتـا یەکـان (١٢) مـوڤـکـیـیــە، رسـتـا دودویان (٩) مـوڤـکـیـیــە، هەروەسا رسـتا سسـێـیان و چاران ژی (١٨) مـوڤـکیـیە. لێ بەلێ ب هونەرا چارینە هاتییە رستن و سەروایا رسـتا یەکـان و دودویان و چاران وەکـهـەڤن یا سـسـێـیـان ژی خـوەسـەرە، لێ ئەو چارینا ل دویڤ دهێت، قـالبـەک دن وەرگـرتییە، واتە رسـتـا دودویان و چاران هەڤـسـەروان، رستا یەکان و سسێیان ژی سەروایێن خوەسەرن. لڤر دو تشت بالا من دکشینن، یەک رستێن ڤێ چارینێ ب سەر مـوڤـکێن (٦، ١٠، ١٠، ١١) دابەش دبن، یا دن ئەڤ هەردوو چارینە ب هەڤـــرا ناهێن گـــرێدان، ئانکو هەر چارینەک سەربخوەیە.

### شەشینە

گەرپندەیێ هاوارێ شعـرا ب ناڤێ (بـوهار) ل سـەر ڤی هونەرەی رستییە، وەک دبێژە:

**بوهارە، نوهـ بوهارە**
**تەبیعەت گش ل کارە**
**چ هەیا دەدان چ حالە**
**هەر تشت زندی و رەوالە**
**بوهارە، ئەڤ بوهارە**
**تەبیعەت گش ل کارە**

لڤـر سـەروایێـن هەردویـان (ارە، ارە، ال ە، ال ە)ە، ل تەڤی پـارچێن دن دە سـەروایێن وان ب ئاوایی مـەسنەوی تێن، ئەڤـە ژی ژ بلی وان خـێـزان ئەوێن د تەڤی پـارچێن دن دە دووبارە دبنەڤــە. پارچا دودویان ســەروایێـن وان (ان، ال ن، ارە)ە، د پارچا سـسـێـیـان دە سەروایێن وان (ران، ال ن، ارە)ە، لێ سـەروا پارچا چاران (ووک، ەر، ارە)ە.



ڤیکتۆر هۆگۆ

هەروەکی مە د پێشدا ژی ئیماژە ب وێ یەکێ کربوو، کو جەلادەتی ئافراندن د هونەرێ سێینێ و چارێ دە کرییە، هەروەسا د ڤی هونەرێ هان دە ژی هەمان ئافراندن کرنە، ئەڤە ژی ڤەدگەرێتەڤە ژ بوی شەهرەزا و پسپۆرییا وی د چاند و ئەدەبیاتا بیانی، کو ببوو سەروکانیەک، وی ب ڤێ سەروکانییێ کاری بوو چەندین داهێنان و ئافراندنان د چاندا کوردی دە بخولقینە.

**بکارئانینا خالبەندییێ**

جەلادەت ئەڤ مژارە دناڤ شعر و رستێن خوە دە ب ئاوایەکی بەرفرەهـ و ئەکادیمیێکی بکارئانییە، هەرچڤاس د ڤان تێکستان دا ئەڤ بابەتە هاتییە پشت گۆهـ خستن، ئانکو چێتر بێژین وەک خوەدەقاودەق ژهاوارێ دە نەهاتییە وەرگرتن، لەوما ژبۆ دەستنیشان کرنا ڤی مژارێ ئەم ڤەگەراینەڤە سەردەڤێن هاوارێ ژبەر هندێ ل وردجهێ خوەدە بکارئانینە. کو ل خارێ ب گرۆڤ ومیناکان دێ ئینێن زمان.

١- خال (.): ژ داوییا هەر گۆتنەکە تەڤاف تێ دانین. هەروەک دبێژە:

**رۆژ ڤەددەمینا بووک،**
**شون ڤەمانە باو پووک.**
**شەهار، زنار، لاتوبەر**
**دەچرسن دەرب دەر.**
**بوهارە، نوهوبوهارە،**
**تەبیعەت گشت ل کارە.**

٢- فاریزە(،): ئەڤ نیشاناهان ب رەنگەکی مشە د ناڤ شعرێن جەلادەت بەرچاڤ دکەڤن، نەمازە د شعرا (بێرییا بۆتان) دە، د کارین ب یەک ژ ئەدگارێن (یەکێتی مژار)ێن شعرێن وی بدەین قەلەم، هەروەک دبێژە:

**کانی جڤات، فیل و شەترەنج، کازندان**
**کوتێ دە مر، شاهێ مەغرب، میر-ئالان.**

٣- فاریزا خال د بن (؛): دناڤبەرادوو رستان دەتێ، ب شەرتەکی رستا دودویان دەرئەنجامێ رستایەکان بە، بۆمیناک:

**دەستێن ترکۆل تەکەتن،**
**ب خوینا تەسۆر بوون رەپن.**

٤- ئالاڤێ پرسێ (؟): ئەڤ ئالاڤە ژ داوییا رستەکی یان گۆتنەکەپرستێ دانێن. شاعری درستێن خوەدە زێدەتر بۆئاگاهدارکرنێ بکارئانینە، هەروەک دبێژە:

**چمان وسا تویێمادی؟**
**بکورێ خوە رەخەبەر نادی؟**

٥- ئالاڤێ حەیبەتیێ (سەرسورمان)(!)، ئەڤ ئالاڤێ هان ب رێژەکە زۆر د ناڤ پێلێن شعرێن جەلادەتی تێن دیار. ئەڤە ژی ڤەدگەر بۆ وێ یەکێ، کانێ چاوا دژمن و نەیارێن ملەتی کورد چ زولم و ستەم ب سەر ڤی گەلی دئانین، مرۆڤ د حەیبەتی و سەرسورمای دمان، هەروەک دبێژە:

**بلوورامن،**
**دەنگێ خوە بەردە!!**
**دنیا،**
**مینا زارۆکەکی بەر شیر،**
**کەت دەرگووشا خوە،**
**دەنگی خوە بەردە بلوورا من،**
**ئو ژێ رە بلۆرینە،**
**غەما وێ برەڤینە!!**
**بلوورا من توی**

٦- جووت کڤان(«0»)جووت کڤان بۆ وەرگرتنا گۆتنەکە کەسەکی یان پەیڤەکا بیانی یان ژ دەقەکێ ژ ژێدەرەکی وەرگری، تێ بکارئانین. د شعرێن جەلادەتی گەلەک بکارئانییە نەمازە د شعرا (تۆلا کاروێن)، لێ بەلێ شاعر بۆوەرگرتناگۆتنان وپەیڤێن زمانی تورکی زێدەتربکارئانییە، چونکی ڤیایە دڤێ شعرێ دە حەقیقەتەکە راست بخە پێش چاڤێن خوەندەڤانان، هەروەک دبێژە:

**«ئەم بوون دۆست و برا، تۆلا مە ژی یەک »**
**«تۆلا مە تۆلا کاروان، کارێ مە گورز و چەک»**

٧- خەتا جوداکرنێ (-)، (تەقەل): ئەڤ نیشانە بۆ جوداکرنا پەیڤ و رستان تێ بکارئانین. ئەڤ هێمایە ب ئاوایەکی بەرفرەهـ دشعرێن (بێریا بۆتان، شەڤاوە خوەش) بەرچاڤ دکەڤە بۆ میناک:

**دبێژن کو بورجا - بەلەک هلوەشی**
**تەخت و بەختێ بۆتییان دەکا گەشی**

یان

**هاتن هاتن پێرگی - هەڤ، بوون**
**پێورو مێزین رەنگی - هەڤ بوون**

٨- کڤان(  ): ئەڤ نیشانە بۆوێ یەکی بکارئانییە، داکو پەیڤ هەڤۆکێن خوە ژ پەیڤێن بیانی نەمازە تورکی

جودا بکە، یان ژی بو ئیمازی بناڤەکی بکە، بکارئانییە، هەروەک دبێژە:

**عەشیرەکە سینگ ب پرچ**
**کو مەزن بوون دبن (هرچ)**
یان
**فەرهەنگا خوە بکە پڕ**
**لێ مەبێژە (یازمیش کر)**
**(گۆرشموش بوون) ژی هەبە**
**تو ئەڤاها قەتمەبە**

٩- دوو خالێن سەرهەڤ (:): ئەڤ ئالاڤە «لەنێوانی ئەم فرمانانەی بۆ واتای ووتن بەکاردەهێنرێت و قسەو وتراوەکانی دا» (٨) شاعری زێدەتر دلاڤژاندە بکارئانییە ژبەر هەندێ مە ژی پەنا بر بەر میناکیێن لاڤژێ:

- لۆ، دلێ من ب کەربا قەوی. دنالێ گۆ: نەخوەزی بڤێ دنێو نە ب ڤی ئیش و ب ڤی حالێ کو مرن وەکە بازهێ ل پەی ئۆردەکێ ل پەی مە دزووریێ و دکالێ.

١٠- سێ خالێن ب دوو هەڤ (...): بۆمیناک:

**نێریۆ! تە و ڤێ کۆکێ ...**
**خەلیتێن مەحمەد بەگی سرمەنە، کەتنە سەر زرهۆکێ**
**لبکا شەشخانێ ژ ئەنیا ئەفنۆ و هەژاله بگوهێره بدە نێریێ پشتا بهۆکێ.**

هند جاران مە هەوارا خوە بریبە بەرمیناکێن لاڤژان، تشتەک بێگومانەکوجەلادەتی ئەڤ لاڤژ ل سەر زار و زمانێ هندکەسان وەرگرتییە، وسەکناندینە سەرکاغەزێ، لێ بەلێ ژ ئالیێ رێزمانی و خالبەندیێ ڤەب تلێن وی هاتینە رستن و دانین، ژ بلی ڤی چەندێ ژی مادەم ئەڤ لاڤرە ددیوانێ دە داینە پال جەلادەتی، ئەم دکارین وی حەقی ب خوە بدەین بۆ سەلماندنا گۆتنێن خوە وەک میناک بکاربینین.

## زمانێ شعرێ

زمان ب بەردەوامی د پێشڤەچوون و گوهارتنان دەیە. ئەڤ گوهارتنا هان قۆنباغ ژ بوی قۆناغەک دن جوداهیێن پڕ مەزن هەنە، ئانکو نووژەنیێ ب خوەڤە دگرە. مادەم ئەڤ گوهارتنە ل سەر زمێن چێدبن، گوهارتن ل سەر زمانێ ئەدەبیاتێ ژی تێن کرن، چونکی (زمان ئامرازی دەربڕینی هەست و بیری مرۆڤە... کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە، بۆیە نرخ و هێــزی ئەدەبی هەر برهەمــێک بەڕادەیەکی زۆر بۆ زمانەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو هێزە شاراوەیە دەگەرێتەوە کە لەو دیو وشەکانەوە پرشنگ دەداتەوە) (٩).

شاعرێن مە یێن کلاسیک و رومانتیک و ریالزم ب نوودەم و چەرخــێن جــودا جــودا دە د پەیڤ و رست و رامانێن خوە دە چ ژ ئالیێ ناڤەرۆکێ یان ژی روخساری ڤەگوهارتن کرینەو زمانێ شعرا خوە ب وی نوودەمی ڤە گرێدانە ئەوێن تێدا دژیان.

جەلادەت بەگ ژی، د شعرێن خوە دە چ ژ ئالیێشێوە وفورم و ناڤەرۆکێ ڤە هن گوهارتن چێکرنە و زمانەک پاقژ و بێ گەردو زەلال د ناڤ رست و رامانێن خوە دە بکارئانینە. هەر چقاس ئەڤە ژی هندێ ناگەهینیت کو دریێن بەرێ دە نەچوویە، لێ ئاورژ وان ریبیان ژی داینە ڤە، کو یەکە ژ رێکێشێن وێ رێ و قۆناغ ب قۆناغ نوژەنی دایە شعرێ، نەمازە ژ ئالیێ زمانی ڤە.

زمانێ شاعری ژ قولێتێنەکا زەلال و پاقژ تێ دەر کو «یەک ژ هۆستەیێن زمانێ کوردییە و ئەو یەک ژ وان نڤیسکارانە. کو کوردی پڕ باش بکار تینە» (١٠) ب تایبەتی د شعرێ دە. بۆ میناک:

**بلوورا من،**
**دەنگێ خوە بەردە!**
**دنیا، مینا زارۆکەکی بەرشیر،**
**کەت دەرگوشا خوە،**
**دەنگێ خوە بەردە، بلوورا من،**
**ئوژێ رە بلۆرینە،**
**خەما وێ برەڤینە!**

تێ دیتن، کو چاوا ب زمانەکی سادە ب کوردییەکە زەلال پەیڤــیــێن خــوە ل دوڤ هەڤ رێز کــرینە و ب تەکنیکەکە هەژی پەیڤ بکارئانینە.

جەلادەت ئەڤ زمــێنێ رەســەن و هەژی ل فـۆلکلۆرێ وەرگرتییە، هەروەسا هەستا هندێ کریە (رەسەناتیا شاعری ژی ل هندێ دەردکەڤە کو مفا ژ فۆلکلۆرێ وەرگرتبە ژ تەڤی ئالیبیان ڤە) (١١) لەوما ئیستفا ژ ڤێ دکە، وەردگرە و شعرا (تۆلا کاروێن، بێریا بۆتان، وەرە دۆتمام) کو ئیلهاما ڤان شعران ژ فۆلکلۆرێ وەردگرە و ناڤێن چەندین چیرۆک و داستانا و سەرهاتیيان تینە بیرا مە کو ب زمانەک رندو شرین و زەلال ڤەهاندینە:

**وەرە دۆتمام، وەرە دۆتمام**
**گول و گولچیچەکا ناڤا کومان**
**هەچی دەردێ دۆتماما نە دینە**

**برا ژ من نەکن گازندو لومان**

ئەگەر ڤان مالکێن سەری دگەل ستران و لاڤژان هەڤبەری هەڤ بکەین، نەمازە ل ئالییێ زمانی و پەیڤا و رامانێ تو جوداهی د ناڤبەرا وان دە ناهێن دیتن. سەر ڤێ چەندێ ژی ب زمانەکێ زەلال هاتینەرستن.

هەروەسا هند جاران پەیڤ و رستێن زمانێن (فارسی، عەرەبی، تورکی) دکەڤن پێش چاڤێن مە بۆ میناک (کودک، غەمزەباز، تەبیعەت، هەی کافر کوردۆ یوور، ئەلفەندم ئیشتە). لێ بەلێ ب هۆستەیییو شەهرەزای بکارئانینە و دگەل هەڤۆک و پەیڤێن خوە رەهەمتی کرینە کو مرۆڤ نەزانبە پەیڤێن بیانینە، ئانکو هند ژ وان پەیڤان دانینە نێڤ دو کڤانان ئەڤە ژی ئامانەتی و دەستپاکیا وی ژ مە رە تێ خویابوون.

هەژییە بێژین زمانێ میر جەلادەت سادە و سڤک بوو، کو تەڤ خەلک تێدگەهی، ڤیا دربیا ڤی زمانی هزرو بیرێن خوە ب گەهینیت. ئەڤ گۆتنا هان هندێ ناگەهینە شعرا وی د ئالییێ هونەری ڤە ب شعرەکا رەسەن ناهێ حەسباندن، بەلکو بەرۆڤاژی ژ ئالییێ هونەریڤە ب شعرێن رەسەن تێن قەلەم دان، گرۆڤێ مە ژی بۆ ڤێ دگۆتنی شعرا (بلوورا من)ە، ئەگەر ب هویر مێزەکەین دێ ژ مەرە خویابە کو هزر و بیرەکا کوور ب خوەڤە گرتییە.

**وێنێ شعرێ**

هونەرێ وێنەکێشانا شعرێ کو نها بۆیە جهێ بایەخپێدانا لێکولەرڤانان نەمازە د ناڤ لێکولەرڤانێن ئوروپی و عەرەبی، لێ بەلێ وەک پێدڤی شۆپەرێن خوە د ناڤ تۆرێ کوردی دە جه نەگرتییە. ب باوەریا من ئەڤ مژارە نەهند یێ کەڤنارە، مەبەستا مە د ناڤ تۆرێ کوردی دە، ژ بەر وێ یەکێ نەکارییە مینا مژارێن دن د ناڤ چاندا مە دە ب ئاوایەکی بەرفرەه جهبگرە.د بارێ ڤێ مژارێ سیمۆندز وەهاتینە زمان: «وێنە شعرەکا بێ دەنگە و شعر ژی وێنەیەکی دەنگدارە». (١٢) دڤێ دەربرینێ دە ژ مەرەتێ خویانی، هەردوو هونەرمەند شاعرن، ڤاژی ژی دیسان هەر راستە، لێ ئالاڤێن کەڤالکێشی فلچە و رەنگ و نەخش، ب ڤان ئالاڤان شعرا خوە درێسە. لێ ئالاڤێن شاعری پەیڤ و هەڤۆکن، ئەو ژی ب ڤان ئالاڤان کەڤالێ خوە دکێشە.

جەلادەت- ێ شاعر ژی دتێکست و شعرێن خوە دە هند دیمەن و کەڤالان دکێشە، کو هند جاران وێنێن میناوێنەیێن فۆتۆگراف، هندجاران ژی وێنەیێن لڤوک، کوب کامیرا ڤیدیۆیێ تێ گرتن تێخەبەر چاڤێن مە، کوهند بالکێشن دەمێ مرۆڤ دخوینە، وەساتێ حەسێب وێنەیەکی شێوەکارەکییە ئەم دخوینین. هەروەک دبێژە.

**ب رۆژان ڤە بەرف باری بوو کورشە و قەشا**
**هێژ دهات ودباری سەرانسەر و پێدا**

– ئەڤ وێنە یێ ب بزاڤی و لڤوکە، ژ بەرکو کریار هێش یێ بەردەوامە، کو ب کامیرا ڤیدیۆیێ ئان ژی سینەمایێ تێ گرتن، سەر ڤێ چەندێ ژی وێنەیەکی حەقیقی ژ بوی مە دکێشە.

وێنەیێ لێکدایی: ئەڤ جۆرە وێنەیە، ژ چەند وێنەیێن سادە ئانکو تاک پێکدهێت، و هەمی ب تەڤدا وێنەیەکی تەڤاڤ چێدکن، وەک دبێژە:

**بەرف دحەلە ل زۆزان**
**ستری شینن ل دەشتان**
**کولیلک هێژ نوهـ شەپالن**
**گول و بلبل هەڤالن**
**بوهارە، نوهـ بوهارە،**
**تەبیعەت گش ل کارە.**

لڤر شاعر چەند وێنەیێن تاک ژبوی مە دکێشە، هندەک ژ وان وێنێن تاک و راستەقینەن، هند ژی خەیالین، لێ بەلێ تەڤی ڤان وێنان، وێنەیەکی جان و قەشەنگێ بوهارێ ژبوی مە دکێشیت. ب خوە (بوهار) وێنەیەکی سەرەکییە، وێنێن دن لاوەکیینە، تەڤ ژی دخزمەتا وێنێ سەرەکیدانە، کوب سۆزەکا پر هەژی هاتییە کێشان. ڤێجا شاعری ڤیا بێژتەمە دەمی وەرزێ بهارێ دهێت بەرف ل سەرچیایان دحەلە، کولیلک و ستری ژ چیا و دەشتان ژنوهـ دبشکڤن، هاتنا ڤی وەرزی ژی بلبل و گول زۆر کەیف خوەشن، هەڤبەری وی وەرزی پر خوەش و دلڤەکەر، گول وبلبل مینا دوو عاشقا، ژ بەر ڤیانا وێ بلبل ئاوازان دسازینە.

هندەک جاران وێنەیێن لێکچواندنێ ژبوی مە دکێشە، وەک دبێژە:

**دەشت ونەوال مینا سهن**
**پۆزێن چیا وەک برهن**

ئەڤ وێنێ هان وێنەیەکی لێکچواندنە، دەشت وێنەیە، نەوال ژی وێنەیە هەر دودویان ب (سهان) تەشبیهی دکە، هەروەسا پۆزێن چیا ژی ب (برهان) تەشبیهی دکە.

یان ژی:

**دەشت و نەوال + سهن = لێچووە**
**مینا = ئالاڤێ لێکچواندنێیە**
**پۆزێن چیا + برهن = لێچوە**
**وەک: ئالاڤێ لێکچواندنێیە**

وێنەیەکی خەیالییە، چونکی (سه) کو رامانا وێ (سێبەرە) ب چ ئاوایا ب دەشت و نەوالان ناچێت، لێ وێنێ دودویان هندەک لێک نێزیک بوون یاهەی، ب پەیڤەکا دن دکارین بروها و پۆزێن چیا (لوتکە چیا) تەشبیهی هەڤ بکەین. هەرچقاس ئەڤ وێنەیە ژ خیالێ ناهێ دەرخستن، دیسا وێنەیەکی نەیێ لڤۆکە (جهگرتیە).

هندەک جاران ژی بەرێ مەددە دیرۆکی، ئانکو وێنێن دیرۆکی بۆمە دکێشت، بۆمیناک:

**کەلا ئەورەخ، بەر ب بابە، کەلا کەڤن**
**تێ دە ئیرۆ پیرهەڤۆکن و چەند تەڤن**

کەلا ئەورەخ وکەلاکەڤن، دوکەلن یێن خوە راگریان ژی دوهێزن ب هێزو شیان کاری بوون هەڤبەری دژمن و داگیرکەران بجەنگن و نەهێلاینەپێ خوە بێخە ناڤ عەردوو خاکا وان. لێ بەلێ ئیرۆ جهێ وان مێرخاسی و عەگیدان پیرهەڤۆک تێدانە و ب قەیدو زنجیرا هاتینە داگیرکردن.

یان ژی:

**کەلا ئەورەخ = کوردستانە**
**پیرهەڤۆک = داگیرکەرن**
**تەڤن = زنجیرن**

ئەڤە هەمی وێنەنە ژبوی هەڤبەریوان، چونکی شاعری جهێ بێژتەمە کوردستان ئیرۆ د دەستی داگیرکەرانە و ب قەیدو زنجیران هاتییە قەیدکرن، دبێژیت کەلا ئەورەخ ئیرۆ پیرهەڤۆک و چەند تەڤنێت وان یێن تێدە. لەوما کەلا ئەورەخ ب کوردستان دانایەو پیرهەڤۆک ژی هەڤبەری داگیرکەران دانایە. هەروەسا تەڤن ژی ئیماژەیە بۆ قەیدو بەندان.

د تێکستەکا دن دە وێنێ سروشتێ کوردستانێ ب پەیڤ و هەڤۆکێن ناسک و تەڕ وێنەی دکێشت. بۆ میناک:

**بلوورا من، وەرە ئەمێ**
**ب وی چیایێ بلند رە**
**ب هەوا کەڤن،**
**ئۆ بنِ جیرانێ بایێن خورت**
**ئو هەڤالێ کمتێن وان**
**یێن ب مژو دوومان،**
**ئوتێ دە دەنگێ خوە بەردن،**
**ئوزارینا دەنگی مە**
**بکەڤە ناڤ کۆرتال و گەلیان**
**ئوبێجانیا ئەردێن ژێرین**
**بهەژێنە؛**

وێنەیەکی خەیالییە، هند ژی یێ دلڤەکەر و جوان و بالکێشە، کو سۆز و ئاوازەکا هەژی دکە بەرجان و جەسەدێ پەیڤان. هەروەسا پیاو دەست و چاڤان و بیستنێ ددەبەر بلوورێ مینا هەڤالەکی دبێژتێ وەرە ئەمێ ب هەڤرا بەرەڤ چیاییێن بلند وبەرز بچین، کوب مژو دوومانێ هاتینە پۆشین، ئو ببین جیران و هەڤالێن (با) یێ خورتو بهێز، دگەل (بای) دەنگ و ئاوازێن خوە بەردەین، داکو بکەڤە تەڤ دۆل و نهال و دەشتان، و گەل و مللەتێ کورد سەرڤێرێیی پاک بێ گەرد ژ خەوا شیرین هشیاربن و دەستێن خوە بدەن دەستێن هەڤ ژبوی رزگاری و سەربەستییا کوردستانێ.

**چاڤکانی و پەراوێزێن لێکۆلینێ:**


**(١) فەرات جەوەری، کولتور، هونەر و ئەدەبیات، وەشانێن نوودەم، ستوکهۆلم، ١٩٩٦، بپ١٩ (لاتینی).**
**(٢) ه. گوندی، هەلبەستا کوردی ل سوریێ، کۆڤارا: پرس، ژ: ٩، شام، ١٩٩٦، بپ٧. (لاتینی).**
**(٣)محەمەد ئوزون، جەلادەت عالی بەدرخان و خەباتێن وی یێن ل سەر زمان، کۆڤارا: رۆژنامەڤانی، ژ: ٥، هەولێر ٢٠٠١، بپ٢٩٦.**
**(٤) فەرات جەوەری، ژێدەرێ بەرێ، بپ١٨.**
**(٥) ژێدەرێ بەرێ، بپ١٩.**
**(٦) ه. گوندی، ژێدەرێ بەرێ، بپ٧.**
**(٧) ئەحمەد هەردی، بپ١١.**
**(٨) دکتۆر کامیل البصیر، خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی، کۆڤارا: کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی (٩)، بەغداد ١٩٨٢، بپ ٨.**
**(٩) عبدالصمد اسلام طه، رەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چ: پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣، بپ٧٤.**
**(١٠) محەمەد ئوزون، جەلادەت عالی بەدرخان و خەباتێن ویێن ل سەر زمان، کۆڤارا: رۆژنامەڤانی، ژ:٥، هەولێرا ٢٠٠١، بپ٢٩٦.**
**(١١) محسن الموسوي، كشف المضامين البرجوازية في الشعر، بغداد ١٩٧٣، ص١٠٣.**
**(١٢) فرانكلين، الرسم والشعر، ت: مى مظفر، دار المامون للطباعة والشعر، بغداد، ١٩٩٠، ص٤٦.**

# ماڵ جویێ کردنەوە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

د.عوسمان یاسین

لە ئێـوارە کـۆڕی لقی هەولێـری یەکـێـتـیی نـووسـەرانی کـورد، ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٦ مـامـۆسـتـا حەمـە سـاڵح فـەرهادی باسـێکی بە پێـزی بە ناوونیـشـانی (قـورئان لە شیـعری کـلاسیـکی کوردیدا) پێـشکەش کرد کـە تێـیدا پانۆرامایەک لە نموونەی شیعری کلاسیکی کوردی خستە ڕوو کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزبان تێدا بەکار هاتووە، یان تەوزیف کـراوە، یەکـێک لەو شیـعرە دانسـقانەی کە بەڕێز فەرهادی سەرنجی بۆ ڕاکێشاین، شیعرێکی شاعیر بەختـیـار زێوەر بوو کـە تێـیـدا ئایەتی (لكم دينكم و لي دين)ی بەکـارهاتووە، تەواوی شـیـعـرەکـە بەم شـێـوەیەی خوارەوەیە:

**ماڵ جویێ کردنەوە**
**یابە! فەرزەن تۆ شای سەر زەمینی**
**ڕازیم بە بەشی خۆم و مسکینی**
**دیجلە و فوراتت با هەر بۆ خۆت بێ**
**منیش کوردستان شاخی ڕەنگینی**
**هەواکەی شاهۆ، ئاوەکەی قەندیل**
**لائەبا لە دڵ ئێشی برینی**
**قەت ڕێک ناکەوێ دەست لە مل یەک کەن**
**حەنتووش دەلاوی و ڕەسوڵ سیرینی**
**من لام باش نییە سواری شانم بی**
**واعەرزت ئەکەم هەر بەشیرینی**
**خورمای خۆت بۆ خۆت مێوژم بۆ خۆم**
**(لكم دينكم ولي دينى)**

بەختـیـار زێـوەری(١٨٧٥-١٩٤٨) شاعـیـر لە سـاڵی ١٩٢٤ ئەم شـیـعـرەی نووسـیـوەو لە شـاری سلێـمـانی ڕووبەڕووی مەلیک فەیسەڵی یەکەم خوێندوویەتییەوە. (بڕوانە: دیـوانی زێوەر، ئامـادەکـردنی مـەحـمـوود زێوەر،



بەختیار زێوەر

دەزگـای چاپ و بڵاوکـردنەوەی ئاراس، ژمـارە (٢٢١) چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێـر، ٢٠٠٣، لاپەڕە ٨٥).

لێـرەدا هەوڵ دەدەین خـوێندنەوەیەک بۆ ئەم شـیـعـرە بکەین، بزانین لە میانەی ئەو ماناکردنەوانەی شیعرەکە چ جوانکاری و چ پەیامێکی ڕۆشنبیری بەخۆوە گرتووە؟

ئەگـــەرچی ڕەوانبــــێـــژی نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا، شـوێن پێی ڕەوانبێژی کۆنی لەق کردووە، بەڵام دەشێت ئەو شیعرە کلاسیکییانەی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕەوانبـێـژییـە کۆنەدا نووسراون، لە ڕووی شـێـوازی ڕەوانبێژی و زمانەوانییەوە سوود لەو ڕەوانبێژییە کۆنە وەربگیرێت، بەتایبەت لەو کاتەی پێویست بەوە دەکات دەستنیشـانی دەسـتـڕەنگینی شاعـیـرانی ئەو سـەردەم بکرێت لە بوارەکانی واتاناسی و ڕوونبێژی و جوانکاریدا (المعاني والبيان والبديع). لەبەر ئەمەشە پێویستە ئەو زانسـتـەی ڕەوانبـێـژی کـۆن لە خـوێندنەوەی ئەدەبی کـلاسـیـکیـدا لەبەرچاو بگیـرێت، بەڵام دواتر دەکـرێت بە ســوود وەرگــرتن لە ڕەوانبـــێـــژی نوێدا، باس لەو مـاناکـردنەوەو ئەرگـومـێنتـانە (المحاججة) بکرێت کـە دەوڵەمەندی دەقە کلاسیکییەکان بەخۆیانەوە دەگرن.

جـا لەبەر ئەوە ئەگـەر بە تێـڕوانینێکی خـێـرایی ڕەوانبـێـژی، سـەیری ئەو دەقـەی (مـاڵ جـوێ کـردنەوە) بکەین، دەبینین چەندان شـێوازی ڕەوانبـێژی تێدا بەکـار هاتووە کە دەکرێت ئاماژە بەبەرچاوترینیان بکەین.

جوانکاری واژەیی -دژیەک(الطباق)

**(یابە! فەرزەن تۆ شای سەر زەمینی**
**ڕازیم بە بەشی خۆم و مسکینی )......**

دژیەک لە نێوان شای سەرزەمینی و مسکێنیدا هەیە.

**(قەت ڕێک ناکەوێ دەست لە مل یەک کەن**
**حەنتووش دەڵاوی و ڕەسوڵ سیرینی)**

دژیەک لە نێوانی ڕێک نەکەوتن و دەست لە مل یەکـتـر کـردن، لە نێـوان حـەنتـووش دەڵاوی(کە نموونەی نەتەوەی عـەرەبە)، ڕەسـووڵ سیـرینی (کە نموونەی نەتەوەی کوردە) دا هەیە.

**(خورمای خۆت بۆ خۆت مێوژم بۆ خۆم)**

دژیەک لە نێــوان (خــورمــا)ی عــەرەبی ئێــراقی و (مێوژی) کوردی کوردستانی باشووردا هەیە.

لەوانەیە ئەگەر بەکارهێنانی وشەی دژیەک لە نێوان ئەو بەکار هێنانانەی شاعیر تەواو پڕ بە پێست نەبێت، بەڵام بەلایەنی کـەم جـیـاوازییـەکی زۆر لە نێـوان ئەو وشـانەدا هەیە کە دەشێت تا ڕادەی دژیەک ئاماژەیان پێ بکەین.

لە خستنە ڕووی ئەم دژیەکانەدا، شاعیر مەبەستیەتی جـیــاوازی نێــوان دوو نەتەوە بخــاتە ڕوو، وەک ڕێگا خـۆشکردنێک بـۆ پێکانی مــەبەسـتی خـۆی کــە مــاڵ جیاکردنەوە و سەربەخۆیی کوردستانە، کە دواتر لە نیوە دێڕی کۆتایی پارچە شیعرەکەدا گەیاندنی ئەو مەبەستەی دەگاتە لووتکە.

### تێهەڵکێش (تلميح)

لە دوا نیـوە دێڕی پارچە شیـعرەکەدا، شاعیـر دەڵێت: (لكم دينكم ولي دين)ی، کە ئەمـەش تێهـەڵکێشکردنی ئایەتێکی قـورئانی پیــرۆزە (لەئایەتی ٦ لە سـورەتی الکافـرون) لەگەڵ نیـوە دێڕێکی تەواوی شیـعرەکـە، هەر ئەم تێـهـەڵکێـشکردنەش دوا جـار ڕێگا بۆ ئەوە خـۆش دەکـات کـە جــوانکاری واژەیی بە جــوانکاری واتایی ببەسترێتەوە.

### جوانکاری واتایی- پۆشین (التورية)

سەبارەت بە جوانکاری واتایی (البديع المعاني)، هەر



**لوسیان گۆڵدمان**

لەو نیوە دێڕەی کۆتاییدا پۆشینێک (التوریة) بەدی دەکرێت، جا ئەگەر پۆشین چەندان جۆری هەبێت، دەکرێت لەم دوا دێڕە شیعرییەدا، پۆشینەکەی بە جۆری پۆشینی دیار (التوریة المبینة) دەستنیشان بکەین کە بە پێی ئەم جۆرە پۆشینە شتێکی لە پاش، یان لە پێش لێ باس کرابێت و پێوەندی بە واتە دوورەکەوە هەبێت (بڕوانە: موحسن ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕوانبێژی، هەولێر، ٢٠١٣، لاپەڕە ٣٠٩).

ئەگەر سەیری دوا نیوە دێڕی ئەم شیعرە بکەین (لکم دینکم ولي دین)ی کە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە، مانا نزیکەکەی ئەم ئایەتە ئاشکرا و ڕوونە، هەروەک ئیبن عەرەبی لە کۆتایی تەفسیرکردنی ئەم ئایەتەدا وای بۆ دەچێت کە دوای ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) زانی لەگەڵ موشریکەکان ناتوانن هاوتەبا بن و بەیەکەوە بژین، واز لە وان دەهێنێت و داواشیان لێ دەکات کە ئەوانیش وازیان لێ بهێنن، یان (تەبەری) بەم شێوەیە تەفسیری ئەو ئایەتە دەکات: ئێوە ئایینی خۆتانەو هەرگیز دەست بەرداری نابن، لەبەر ئەوەی لەسەر دڵتان مۆرکراوە و ناتوانن لێی جیا ببنەوە، هەر لەسەر ئەو ئایینەتان دەمرن، منیش ئایینی خۆم هەیە کە باوەڕم پێیەتی، هەرگیز دەستبەرداری نابم. (مختصر تفسیر القران الکریم للإمام الطبري، دار التقوی، ٢٠٠٥، ص ٦٠٣).

واتە جیابوونەوەی موسڵمانەکان و موشریکەکان مانای نزیک و بەرچاوی ئەم ئایەتەیە، بەڵام مانا دوورەکەی کە شاعیر داپۆشیوەو لێرەدا مەبەستیەتی، پێوەندی بەو جوانکارییە واتاییە - دژیەک هەیە کە پێشتر ئاماژەی بۆ کردووە.

واتە مانا دوورەکەی کە شاعیر مەبەستیەتی، جیابوونەوەی دوو نەتەوەیە لەیەکتر، جیابوونەوەی کورد و عەرەبە.

واتە لەو داپۆشینە دیارەدا، پێشتر شاعیر باسی لەو جیاوازییە کردووە کە لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا هەیە، شای سەرزەمینی و مسکێنی، حەنتووش دەلاوی و ڕەسووڵ سیرینی، خورمای عەرەبی و مێوژی کوردی.

لێرەدا شاعیر زۆر جوانکارییانە ئەم پۆشینەی بەکار هێناوە و گونجاندوویەتی لەگەڵ ئەوەی کە لە ئایینی ئیسلامدا باسی لێوە کراوە، ئەو ئایینەی پەیامی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هەیە، بەڵام پێغەمبەرەکەی(د.خ) نایەوێت بەزۆر بەسەر ئەوکەسانەدا بیسەپێنێت کە باوەڕی پێ ناهێنن، ئینجا ئەگەر لە جیاوازی ئایینیدا ئەمە ڕەوا بێت، بۆچی لە جیاوازی نەتەوایەتیدا ڕەوا نەبێت و بگوترێت، کە کرۆکی مەبەستی شاعیرە لەم شیعرەیدا.

دەشێت هەر لەم پۆشینەدا شاعیر دەسەڵاتخوازانی عەرەبی ئەو کاتی ئێراقی بە هەمان ئەو موشریکانە چواندبێت کە ڕێگربیان لە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام کردبێت و تووشی گومڕایی تەواو بووبن کە نکوڵییان لە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەکردو ئەو گەلە ستەم لێکراوەیان دەچەوساندەوە.

لەم دوا دێڕەی شیعرەکەدا، شاعیر کۆی گشتی مانای شیعرەکەی بە ناوونیشانەکە (ماڵ جوێ کردنەوە) بەستاوەتەوە، جیاکردنەوەی دوو نەتەوە و چواندنیان بەو ململانێیەی کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە ئارادا بووە، ستەمکاری نەتەوەیی باڵادەست کە گریمانی ئەوە کراوە شای سەرزەمینە، وەک کافرەکانی ئەوسای سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام، نەتەوەی ژێردەستی چەوساندووەتەوەو کردوویەتی بە مسکێن، وەک موسڵمانەکان کە لەسەرەتادا تووشی نەهامەتی و مەرگەساتێکی زۆر هاتن بەهۆی دژایەتی کردنیان لە لایەن کافرەکانەوە.

بەختیار زێوەری شاعیر بەهەمان ئەو لۆجیکەوە لەگەڵ دەسەڵاتخوازانی ئەوسای ئێراقدا دەدوێت کە سەرجەم وڵاتانی عەرەب شانازی پێوە دەکەن، بەجێ گۆڕکێکردنی

لایەنەکــان و دانانی ئەو دەســەڵاتدارانەی ئێــراق بە نکوڵیکار لە ماف و ئازادی نەتەوەیەک، دانانی نەتەوەی کورد بەو موسڵمانانەی کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بە هۆی نەیارەکانیانەوە رووبەرووی ئازار و ئەشکەنجــەدانێکی زۆر بوونەتەوە، ئەو نەیارانەی کــە بەربەرەکانێی ئایینی ئیسلامیان دەکرد لەبەر گومڕابوون و پاوانخوازی دەسەڵاتەکانیان.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم شیعرەی بەختیار زێوەردا، نزیکەی سەد ساڵ بەر لە ئێستا ڕاستەوخۆ لەبەرانبەر یەکەم پاشای ئێراقدا گوتراوە، دوای دروستبوونی دەوڵەتی نوێی ئێراق کە دەشێت خۆی لە خۆیدا ئەم شیعرە بوێرییەکی وای تێدا بێت کە ڕەگوریشەی لە مێژووی نەتەوەیەکی زۆرلێکراوی وەک کورد داکوتاوە کە بەدرێژایی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی ئەم جۆرە بوێرییە سومبوڵی خۆڕاگری و گیانفیدایی قارەمانانی ئەو نەتەوە ستەم لێکراوە بووە.

خەون و خولیای شاعیر لەم داواکارییەی ماڵ جوێ کردنەوەدا چڕبووەتەوە، ئەم داواکارییەی ڕۆشنبیرێکی کورد لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێی ئێراقدا، ئاماژەیەکی گەورەیە کە نەهاتنە دی ئەو ئامانجە، چەندان کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، هەروەک بینیمان کە لێی کەوتەوە، کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو، ئەنفالکردنی خەڵکی دێهاتەکانی کوردستان، بەرچاوترین نموونەی زەقن کــە ســەربەخــۆ نەبوون و ژێردەســتــی نەتەوایەتی دروستی کردوون.

ئەو دەربڕینە جوانکارییەی بەختیار زێوەری شاعیر لەم شــیــعــرەدا، هەڵگری ئەو پەیامــە شــۆڕشگێــڕی و ئازادیخوازانەیە بوو کە ڕۆشنبیری ئۆرگانی (المثقف العــضــوي) کــوردی (بەو مــانایەی کــە ئەنتــوان گــرامــشی١٨٨١- ١٩٣٧- A.Gramsci باسی لێــوە دەکات) لە سەرەتای سەدەی بیســتــەم هەیبــووە، یان دەشــێت ئەم شــیــعــرەی بەخــتــیــار زێوەر دەربڕی ئەو هۆشــیــارییــە چالاکــەیە (Possible Conscience) ڕۆشنبیری کورد بێت کە لۆسیان گۆڵدمان (L. Gold-man _1970- 1913) لەبەرانبــەر هۆشــیــــاری باودا(الوعي القائم) باسی لێوە دەکات کە پێم وایە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، پەیامی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە، هەر لە بازنەی پایەمەکەی ئەو شاعیرەدا دەخولێتەوە، هێشــتــاکــە لێی تێنەپەڕاندووە، مەحاڵیشە لێی تێبپەڕێنین، تا ئەم نەتەوە ستەم لێکراوە بە سەربەخۆیی و ئازادی تەواوی و دادپەروەری خۆی نەگات، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ئەوپەیامەی لەم شیعرەدا نزیکەی سەدەیەک بەر لە ئێستا خراوەتەڕوو، هەمان ئەو خەون و خولیا و پەیامەی ئەو سەردەمەی ئێستای خەڵکی کوردستانە.


**سەرچاوەکان:**

**یەکەم بەزمانی کوردی:**

١-دیوانی زێوەر، ئامادەکردنی مەحمود زێوەر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، ژمارە (٢٢١) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٢- موحسن ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕوانبێژی، هەولێر، ٢٠١٣.

٣-عوسمان یاسین، بونیادگەری پێکهاتووی، میتودی لوسیان گۆلدمان، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، ١٩٩٩.

**دووەم بەزمانی عەرەبی:**

١- مختصر تفسیر القران الکریم للإمام الطبري، دار التقوی، ٢٠٠٥.

٢- د. الطاهر لبیب، سوسیولوجیة الثقافة، دار ابن رشد، عمان، الطبعة الثالثة، ١٩٨٦.

٣-د.جمیل حمداوي، نظریات الحجاج، لەسایتی www.alukah.net بلاوکراوەتەوە.

# باسێک لەسەر نەورۆز

شاروخ حەسەنزادە
(شنۆ)

دوای هاتنە سەر حوکمی ئاژیدیهاک (زوحاک) زوڵم و زۆری پەنگی داوە و ژیانی خـەڵـک کـەوتە مـەترسی، ناخۆشی و ڕۆژی ڕەش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، خەڵک هەراسـان لە زوڵم و کەڵەگـایی باج و کـاری زۆرەملێ، لە دەست زوحـاک وەئامـان هاتبـوون، سـەرباقی خـڕئێش و ئازارێک، ڕۆژێک شەیتان و ئەهریمەنی بەدفەڕ بۆ سپاس و پێزانینی ئەو دەستەڵاتە نەگریسە دێت و سەر هەرتک شـانی پاشا مـاچ دەکـا و بەم کـارە ڕێزی لێـدەنێ، دوای مـاوەیەک لە شـوێن جێ مـاچی شـەیتـان برینێکی بە زام سـەرهەڵدەدا و وەک گـوڵ دەپشکوێ، لە نکاو لە هەر لاشـانەی مـارێک دەڕوێ و داوای خـواردنی مـێـشک و کەللە سەری بنیـادەم دەکەن، ئەویش لاو و گەنجی وڵات! ناچار هەموو ڕۆژێ بە بڕیاری شا و کەم بوونەوەی ئازاری سەر شانی، دەبێ دوو لاوی جوان بکوژرێن و مێشکیـان دەرخواردی ماری سەرشانی کاک ئەژدیها بدەن!

ڕۆژ و سـاڵ دێن و دەچن، خـەڵکی وەزاڵە هاتوو لە ترسان و چارەڕەشییان چییان بۆ ناکرێ، هەر ڕۆژێ نۆرەی بنەمـاڵەیەکـە کـە کـیـژ و لاوی خـۆیان بدەنە بەر تـیـغی جەللادان و مـێشکیـان بکرێتـە شلـە و تێشـتـی مـاری سەرشانی پاشـا، ڕۆژێک لەوان ڕۆژان کەسێکی ئاسنگەر پەیدا دەبێ و بە هاوڕێـتی هێندێ دۆست و برادەر کـۆ دەبنەوە، بەڵکو بتـوانن چارەیەک بکەن، وا سـاخ دەبنەوە کابانی و چێشت لێنەری بارەگای پاشا بۆ پێش گرتن بە کـوشتن و سـەر بڕینی لاوەکـانیـان ڕازی بکەن، یان دەنا پێـخـۆر بکا و هەمـوو ڕۆژێ مـێـشکی لاوێک بکاتە دووبەش و دەرخـواردی مـاران بدا، واتە بە جـێگای هەر ڕۆژێ دوو لاو جـوانێک بکوژرێتـەوە، زەرەر لە نیـوەش ڕا بگەڕێتەوە هەر قازانجە، تا دوایی بزانین چی بەسەر دێ، ئەو لاوانەی کەوا گیـانیـان ڕزگار دەبێ لە داوێنی کـێوی ئەڵوەند(لەند) تا کاتی پێویست خۆ حەشار بدەن. خۆر



عەبدوڵڵا پەشێو

دێ و مانگ دەچێ پڵاو خۆریشتی مێشکی گەنجان هەر وا مژەی دێ، لە سەروبەندی کەشوهەوا خۆش بووندا کاتێ کاوە و دۆستانی خۆ بۆ شۆڕشێک پەیت دەکەن و لە خۆیان ڕادەبینن یەکجێ بەرکۆشەی چەرمینی خۆی دەکاتە ئاڵا و بە خۆی و هاوڕێیان و ئەو ڕزگار بووانەی پێشوو بە چەکووچ و داس و بێڵ و شەنە دەکەونە سەر کۆشکی شا و کاربەدەستانی، دوای شەڕێکی خوێناوی سەردەکەون و سەری جمکی مار و پاشا وێکڕا پان دەکەنەوە، ئەو ڕۆژە دەبێتە سەرەتای ڕۆژێکی نوێ کە هاوکاتە لەگەڵ سەری ساڵ و بەهاری خەم تاوێن، دوا بە دوای ئەم دیرۆکە هەموو ساڵێ خەڵکی نیشتمان ئەم ڕۆژە جێژن دەگرن و دەیکەنە چەقڵە سەما و ڕەشبەڵەک.

ئەوەی سەرەوە کە بە کورتی باس کرا و لە (فەرهەنگی موعین)یشدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو ئەفسانە و خەیاڵەیە کە ئەمڕۆ لە مێشکی هێندێ گەلانی بە ناو ئارییایی وەک هێمای نەورۆز و فەلسەفەی دەستپێکی ساڵی نوێ، چەند پاتە دەبێتەوە، بەڵام ئاخۆ بڵێیی وابێ؟!

بە پێی سەرچاوە مێژووییە جێ باوەڕەکان"ئەژدیهاک-ئاستیاگ"، یان بە عەرەبی "زوحاک"، یان (ئیختۆویگۆ، ئیشتۆویگۆ) یەکێ لە نەوەکانی دیاکۆی مەزنە، ئەو خونکاری بە کۆکردنەوە حێل و عەشیرەتەکانی خزمیان توانییان بۆ یەکەم جار لە مێژوو بە سەر ئێران(بە واتای ناوچە جوگرافیایی کۆنی ئەو سەردەم)شانشینێکی مەزن دابمەزرێن و حکومەت بکەن، ئەو حکومەتە توانی بە لە دەوری یەک کۆکردنەوەی قولە دەستەڵاتدارەکانی ناوچە و خۆڕێک خستن دوای شەڕێکی قورس، سوپای ئاشوور ئەو هێزە لە بڕان نەهاتووە و کۆک و پۆشتەیە تێکوپێک بدەن و بە نیشانەی جێژن و شایی لە گشت بەرزاییەکان ئاگریان کردەوە، تەنانەت ئەو شارەشیان ئاور دا و لە دەوری گڕی پڕشنگداری دەست لە ناو دەست بیکەنە هەڵپەڕکێ تا بۆ دوامین جار ناوی ئاشوور چیتر ترس و دڵەڕاوکە نەخاتە ناو دڵی خەڵکانی ئاشتیخواز، کوڕی هۆوەخشتەرە"ئاستیاگ" دوای باوکی لەسەر تەختی شایەتی پاڵ کەوت و خەریکی ڕابواردن و ڕێکخستنی ناوچەکان بووە، بە پێی مێژوو مێرێکی ڕوح سووک و کەترەخەم بووە کە لە ئاکام خیانەتی "هارپاگ" وەزیری جێ باوەڕی بە دەستی کورش نەوەی کچێنەی بە دیل گیرا و کۆتایی بە دەستەڵاتداری هات.

ئەو ئەژدیهایەی گەلانی بەدشووم باسی دەکەن، ئەو کەسە بوو کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئیختۆویگۆ نەبووە و چ مار و مێشکی کەسی نەخواردووە، بەڵام داری بە بەر، بەردی وێ دەکەوێ و بۆ کەسانی بیرتەسکی کوێرە مووشە ڕێگا لارە!.

لێ بەڵێ بە بۆچوونی شانامە و عومەری خەیام-یش بە تێکەڵی بزانین کە ئاخۆ ئەوان چۆنی باس دەکەن، بناخە و فەلسەفەی ئەم جێژنە کەون و خۆشە بۆ زۆر کۆنتر لەم دیرۆکە دەگەڕێتەوە، سەردەمی جەمشید دەستەڵاتداری پێشدادییەکان، شانامەی فردەوسی زۆر بە خەیاڵێکی ناسک و پتەو دەیهۆنێتەوە دوای پێداهەڵگوتن و ناساندنی جەمشید وەک کەسێکی زانا و تێگەیشتوو کە چەندان داهێنانی وەک (چێکردنی نێزە و مەتاڵ و شیر، جلوبەرگی پەشمینەی جوان و ڕازاوە، دابەش کردنی کۆمەڵگا، بیناسازی و بۆنی عەتر و گوڵاو و مسک و عەنبەر...تاد) بە گشتی گەیشتن بە گەلێک هونەر و زانست، خۆی وەک تاکەکەس لە جیهان دەبینێ، ئەوجار بە بیری دەگا باڵ دەربێنێ و بەرەو ئاسمان بفڕێ، بڕیاری دا تەختێکی لە زێڕ و گەوهەر و دوڕ بۆ چێ بکەن، ئەو دێوانەی دیل و یەخسیری بوون، بەرزی بکەنەوە و بیبەنە تەشقی ئاسمان و بە وێنەی خۆر لە ئاسماندا دەرکەوێ، بەم ئاواتەشی گەیشت و لە ڕۆژێکدا فڕی و خەڵکی وڵات سەیریان دەکرد، جەمشید بەم کارە خۆی لە خەڵکی هەڵاوارد و وەک خوا خۆی ناساند، ئەو ڕۆژ بووە (یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە، فەروەردین) بە جێژن و وەک ڕۆژێکی نوێ دانرا، بوو بە شایی و هەڵپەڕکێ، جەماعەت پۆل پۆل دیاریان بۆ دەبرد و زێڕەوشانیان دەکرد، ڕێزیان لێ دەنا و

خۆیان فیدا دەکرد.

**وە فەڕ و شکۆ تەختەش وەراستەن**
**وە زەڕ و گەوهەر یانەش ئاراستەن**
**جە ڕۆژ نەورۆز نیشت بان تەخت**
**هەر ئەو بوونە ڕوو کرد و ئەو بەخت**
**گێرد ئامان گەوهەرئەفشانیش کردن**
**سەوگەند پێ جەمشید جو ڕۆژە وردن**

دوای ماوەیەک خەڵک لەم کارە نەشیاوەی جەمشید ماندوو بوون و لە کاری خۆیان پەژیوان، بەم پێیە "فەڕی ئیزەدی"یان لێ ستاندەوە و دنیا بەرەو ناخۆشی ڕۆیی

**بر او تیره شد فر ایزدی**
**به کژی گرایید و نا بخردی**

کاری وڵات ئاڵۆز بوو، ئەو هەر خەریکی عەیش و نۆش و کچانی تاسولووس بوو و خەڵکیش خۆیان بێ شوان دیتەوە، تا وای لێهات زوحاکییەکان بە پشتیوانی خەڵکی نیشتمانی جەمشید هێرشیان کرد و وڵاتیان داگیر کرد.

**سوارانی ئێران گێردیان شاه جو**
**یەکسەر ڕوو کەردەن وە زەحاکی بەد خو**
**ئاوەردەن کردن شای ئیران زەومین**
**یەک یەک و شاهیش واتەن ئافەرین**
**ئەوسا گێرد یاران شاد بین نی دنیا**
**ئەویچ تاج کەی و سەرش نیا**

جەمشید بۆ ماوەی ۱۰۰ ساڵ خۆی شاردەوە(ناوبراو ۷۰۰ ساڵ و زوحاکییەکان ۱۰۰۰ ساڵ حوکمیان کرد).

**زشیر شتر خوردن و سوسمار**
**عرب را به جایی رسیدست کار**
**که تاج کیان را کند ارزو**
**تفو باد بر چرخ گردون تفو**

فیردەوسی بۆیە ئەمە دەڵێ کە عەرەب سەرکەوتوونە.

د، مەولوود ئیبراهیم حەسەن دەڵێ: ئەو جێژنە، واتە عیدی نەورۆز، هەمان جێژنی(تەمموز و عەشتارە)کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی کە لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر بەرەو دەشتایی خوارووی ئێراق دابگەڕێن، ئەو جێژنەیان بەڕێوە بردووە.

لە فەرهەنگی عەمید(ضحاک)بە مانای کەسێکە کە زۆر پێدەکەنێ، دەم بە بزە، بەڵام موعین پێی وایە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان وا دەر دەکەوێ، شەیتان زوحاکی فریو داوە بۆ وەی کە باوکی خۆی مەرداس بکوژێ و خۆی لە جێی دانیشێ، دواتر ئەو ئەهریمەنە پەستە خۆی بە وێنەی لاوێکی جوان دەرهێنا و خۆی گەیاندە بارەگای شا و خۆی وەک کابان، یان چێشت لێنەر ناساند، هەموو ڕۆژێ هەوڵی دەدا زۆرترین کەڵک لە گۆشتی دەعبا و باڵندە وەرگرێ، بەڵکو زوحاک فێری خوێن ڕشتن و خواردن و...تاد بێ، دواتر لە ئاکام دۆخی ناو چیرۆک خۆی دەگەیەنێتە شا و سەر شانی ماچ دەکا و...تاد.

چونکە زانییان هەتاو چۆن دوو ڕا دەسووڕێ، جارێک ۳٦٥ ڕۆژ و چارەگێک لە شەو و ڕۆژی یەکەم مانگ نوێ دەبێتەوە، واتە دەبێتە مانگی حەمل (بەرخ، یەکەم مانگی ساڵێکی نوێ، یان وەرزێکی نوێ) بەم شێوەیە ڕۆژ کە تێپەڕ بوو دەگەڕێتەوە، هەر ساڵێ ماوەیەکی لێ کەم دەبێتەوە، چونکە جەمشید بەم کارەی زانی و ئەو ڕۆژەی دیتەوە(یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە)جێژنی گرت کە کیومەرسی یەکەم بوو بە شا دیتی ئەوها نابێ و دەبێ بۆ ساڵ و مانگ و ڕۆژ ناو دابنێ و بۆ ئاگادار بوونی خەڵک ڕێکەوتی بۆ چێ بکا، جوان ڕوانی ئەو ڕۆژەی یەکەم کازیوەی بەربەیان، ئەو کات هەتاو یەکەم خولەکێتی دەبێتە (کاوڕ، یان حەمل) مەوبەدان، یان مامۆستایانی ئایینی کۆ کردەوە و فەرمووی ڕێکەوت ئا لێرە دەست پێ دەکا، ئەوانیش کۆوەبوون و دیرۆکیان دانا و وتیان یەزدانی مەزن ۱۲ فریشتەی ئافراندووە، لەوانە چواریان لە ئاسمان بۆ پاراستن لە شەیتان و ئەهریمەن، چواریان لە چوار سووچی زەوی بۆ پێش گرتن بە شەیتان کە لە کێوی قاف تێنەپەڕێ، چواری تر لە نێوان ئاسمان و زەوی بۆ پەراوێز خستنی بەدفەڕ.

بیوراسپ بە کەڵک وەرگرتن لە ون بوونی جەمشید و هاوکاری خەڵکی وەزالە هاتوو، هاتە سەر کار کە دوای ۱۰۰ ساڵ دەستیان بەسەر جەمشید داگرت و بە دیلیان گرت، هێنایان بۆ لای زوحاک، ئەویش بە مشار و جنجڕ لە ناوەڕاستدا بڕییەوە!

سەرەتا زوحاک گەلێک بۆ خەڵک باش بوو، بەڵام پاش ماوەیەک ئەویش ڕووی ڕەش و چەپەڵی نیشانی خەڵک دا و دەستی بە زوڵم و زۆرداری کرد، لەم ناوەدا بوو فەرەیدوون لە تۆرەمەی جەمشید هات و تۆڵەی باپیری کردەوە و زوحاکی لە ناو برد، ناوبراو ۵۰۰ ساڵی دەستەڵات بوو و دوای ١٦٤ ساڵ لە دەستەڵاتداری فەرەیدوون، دەوری دووەم لە مێژووی گیومەرت تەواو بوو، ئەمە ئایینی ئیبراهیم(د.خ) قبووڵ کرد، هەروەها ناوبراو بوو کە ڕۆژی دەست بە سەر داگرتنی زوحاکی کردە جەژن، لەو کاتەوە تا ئێستا یەکەم ڕۆژی بەهار جێژن دەگیرێ.

**فەرەیدوون و فەڕ هەم کامکار بی**



وەفایی

**شادی و وشی ئەو نە ڕۆژگار بی**
**وە شیوەی کیان تاج وە سەر نا**
**لیش وەراستە بی سەراسەر دنیا**
**زمان بێ خەم بی چ کەست و بەدی**
**دییەتر هیچ کەس خەم و ویش نەدی**

لەو ڕۆژە دابوو مولکی بەسەر کوڕەکانیدا دابەش کرد (تورکستان لە جیحونەوە تا چین و ماچین بۆ "توور" – نیشتمان و ئاخی ڕۆم بۆ "سەلەم" – وڵاتی ئێران و زەوییەکانی و تەخت و تانجی خۆی بۆ "ئیرەج"). (ئەنجیلی پیتێری فەلەکان دەڵێ"سام حام یافس" بە ڕیزبەند ئەو خاکانەیان پێ بەخشرا، ئاسیا ئەفریقا ئەوروپا)

دوای ئەمانە گەشتاسب هات و دوای ۳۰ ساڵ لە دەستەڵاتداری ئەم شایە، زەردەشت پەیدا بوو و ئایینی خۆی ڕاگەیاند، گەشتاسب ئیمانی پێ هێنا و...تاد"

**فەرەیدوون گیتیەش کەرد وە سێ هیشە**
**ڕومیش داد وە سەلەم ئەو شێری بیشە**
**دووەم داد وە توور گێردی توران زەمین**
**کردش و سالار تورک و تات و چین**
**سێیەم وە ئیرەج ئیرانەش بەخشا**
**کردش وە سالار نە کەش نە لەخشا**

لە کۆنەوە وتراوە ئەم جێژنە جوانە دیاری جەمشیدە، هەرچەندە سەرەتای ساڵی هەتاوی بەردەوام هاتن و گەڕانی خۆر بە سەر (کاوڕ، حەمل)دا دەکەوێ و لە ساڵی ٤٧١ ک عومەری خەییام دۆزییەوە، بەڵام هەر لە کەونەوە سەرەتای ساڵ بە جێژن دەست پێکراوە، ناوبراویش پێی وایە دامەزرێنەری ئەم (عەیدە) جێژنە جەمشید بووە.

مەسعوود محەمەدیش دەنووسێ:"نەورۆز جێژنێکی کەون و دێرینی باوک و باپیرانی نەتەوەی ئارییەکانی نیشتمانی ئاریایی بووە کە بە پێی جوگرافیا ناوچەیەکی یەکجار زۆری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوینی لە ژێر حوکم دابووە، تەنانەت ئەگەر بمانەوێ باسەکە بەرفراوانتر بکەین، دەتوانین باسی هیند و ئەورووپا و...تاد بکەین، بەڕاستی ناکرێ ئەم جێژنە پیرۆزە بە تەنیا لە گەلێک ببەستین و بیکەینە موڵکی یەکێک لە نەتەوە ئارییەکان، ئەمە جێژنی هەموو گەلانی ئارییە، بەڵگەش ئەمەیە هیچ تیرە و ڕەگەزێک نییە سەری ساڵی خۆی پێ هەوێن نەکردبێ و چاوی باستانی دێرینی پێ نەڕشتبێ، ڕێی ئەفسانەکانی پێ ئارایش نەدابێ، چ لە فارس و کورد و ئازەری، ئەرمەن، ئەفغان، تورک، سووری، کلدانی، مەغۆل و تیرە چینییەکان و بوودا و بەرهەم و پرۆتستان، چاوگە ئەورووپایی و...تاد ئەمانە هەرکام بە پێی دەستووری نەتەوەیی خۆیان سەرنجێکی لە بارەی ڕۆژی نوێ و سەری ساڵی تازەوە هەیە و هەست و نەستێکی تایبەتیان تێدا پەنگاوەتەوە.

هەندێ دەڵێن: ئەم جەژنە بە بۆنەی چوونە سەر تەختی جەمشیدە و ئەفسانەیەکی زۆری بۆ هەڵدەبەستن، (بورهانی قاتع) کە فەرهەنگێکی دێرینی زمانی فارسییە بە سێ چوار ڕەنگ ئەم خەیاڵە دەگێڕێتەوە، هێندێ پێیان وایە لە سەردەمی ئەستێرە پەرستەکاندا تەهمورس پەیدا بووە و جەمشید هات ئایینی تازە کردەوە و ئەم ڕۆژەیان بەم بۆنەیەوە کردە جەژنی ڕۆژێکی نوێ و ناویان نا نەورۆز، پەلێک دەڵێن ئەو ڕۆژەیە کە ڕووناکی و ڕۆشنایی تێیدا گەشاوە، دەستەیەک دەڵێن نا ئەو ڕۆژەیە چەرخی گەردوون تێیدا وەگەڕ کەوت، بەڵام شەرەفنامەی بتلیسی گیانێکی کوردانەی وەبەر خستووە و بە کاوەی ئاسنگری دەبەستێتەوە کە سەری زوحاکی خوێنمژ پان دەکاتەوە.

لە بارەی بنەمای نەورۆز و میهرەگانەوە، جارێکیان مەئموون (کوڕی هاڕوونی ڕەشید خەلیفەی عەبباسی) پرسی: ئەم دوو جەژنە لە چییەوە داکەوتووە؟ کەس هیچی لێ نەزانی، خۆی وتی: دەگێڕنەوە کە پەرویز ناوچەکانی ئاریا زەوی ئاوەدان کردەوە و لە ڕۆژی نەورۆزدا ئەمن و ئاسایشی لەم ناوچانەدا چەسپاند، بۆیە

ناوی ئەم ڕۆژەیان نا نەورۆز، لە دواییدا بیوراسپ هات و فـەرەیدوونی لە ڕۆژئاوا بـە دیل گـرت و بردی لە کـێـوی دەماوەند بەندی کرد، بەم ڕۆژەش هەر وتراوە نەورۆز.

جیا لە هێندێ دابونەریتی قیزەون کە ئێستا بۆتە خۆرە و خەریکە ئەم جێژنە خۆماڵی و دێرینە بە ئاقار و لاڕێدا بەرێ، هەر لە کۆنەوە و بە پێی ئەستێرە و فەلەکناسی و هاتنی ڕۆژ و مانگ، جێژنی بۆ گیراوە، پێش هەزارەی شەشەم و پێنجەمی بەر لە زایین، خەڵکی بناری زاگرۆس و نێو ڕووباران چوار پەیکەری هێشوو (خوشە، هوشەنگ لە بەندهەشن)، قەوس، یان کەوان، ماسی، یان حوت و دوو پەیکەر وەک هێمای وەرز و ساڵ دەهاتنە ئەژماردن، ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز دوای مانگ و ئەستێرەی حەمل، یان کاوڕ لە باوەڕی ئاریاییەکان سەرەتای بەهار بووە، جوێ لە گشت ئەفسانە و حەقایەت و چیرۆک، دەکرێ سەرەتای ئەم جێژنە و ڕۆژە نوێیە بۆ دوای چاخی سەهۆڵبەندان بگەڕێتەوە کە مرۆڤەکان لە ئەشکەوت و چیای ڕەوەزی بۆ دەشتایی داگەڕان، دوای ئەم چاخە زەوی بەرەو گەرم بوون چوو و کانی و ڕووبار و زەریا پێکهاتن، لەوەڕگە و چیمەن و دارستان سەریان هەڵدا، دۆخی لەبار و بە پێز بۆ ئاژەڵداری و وەرزێری هاتە ناو فەرهەنگی ژین، کەم کردنەوەی ڕاو و نێچیر و گۆشت و برەودان و پێویستی خواردنێکی جوداواز بۆ لەشی بنیادەمەکان وای کردووە بیر لە چاندن و ڕووەکی بکەنەوە، بە پێی توێژینەوەکان یەکەم تۆ و دان لە زەوییەکانی کوردستاندا چاندراوە و کشتوکاڵ لەم ئاخە دەستی پێکراوە کە مرۆڤەکان فێری چاندن و دروون و هەڵقەندنەوەو و ڕنین بوون، بۆیان دەرکەوت لە ڕووی وەرز و مانگ و ساڵ دوای ساردی و بەستەڵەکی زستان شنەی بای شەماڵ پەیامهێنەری وەرزێکی نوێ و ڕۆژێکی تازەیە بۆ ژیان و ڕەوتی تێکۆشان، لە کوردستانی ئێمە بە هۆی گرێدان و بەستنەوەی ئابووری ژیان بە پیشەی وەرزێری و زەوی و باغ و مەزرا کە بوونی کوێستان و چیا و مێرگ و بژوێن و زەوی و باخی بە ڕمێن، ئەم دیاردە ئابوورییە بە هێز دەکات، هەر لە زۆر کۆنەوە پێشتر ئەو کات مەڕ دەزا و ڕەپستە سەریان دەدرەوشاوە، بە مانای هاتنی ڕۆژێکی نوێ بووە، ئینجا ئەوسا دوای پشوودانێکی زۆر لە وەرزی زستان، بەو شەوە درێژانەی دوای چلەی بچووک لە مانگی ڕەشەمێ خۆیان بۆ وەرزێکی نوێ و بۆ چالاکی نواندن لە مەڕ بژێوی ژیان و...تاد، بە کردنەوەی ئاور و خۆ ڕازاندنەوە بە جلی نوێ و سەردان و ڕەشبەڵەک و حەلاوە مەلاوە لەوپەڕی شادی و خۆشی بە ئاشتی و برایەتی لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و بەرەو پیری وەرزی کار و تێکۆشان دەچوون.

### نەورۆز لە شیعری هێندێ شاعیری کورددا

شیعر خۆی هەست بزوێنە و شاعیر دەخوازێ بەوپەڕی جوانی وشەکان برازێنێتەوە و لە ناو ڕستەکیان خا بۆ دەربڕینی هەستی هەناوی خۆی، لە شیعری گشت شاعیرانی کورددا کە باسی بەهار و نەورۆز کراوە، باس باسی جوانی و زەوی کەسک و گوڵ و جێژوان و حەماسەتی کەڵە پیاوانی ڕابوردوو و ژیانەوە و خۆشی و شادییە.

**"تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ**
**دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ"** (نالی)
**"نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەنبەری هێنا**
**موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا**
**نەوید ئەی عاشقانی دڵ یار هاتە سەر خەندە**
**سـەدایی بولبـولان دیسـا درەخـتی گـوڵبـەری هێنا"**
(وەفایی)
**"هەوای شنەی بای نەسیم دیارە**
**مەعلومە وادەی گوڵ و گوڵزارە"** (قانع)
**"ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ**
**ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ"** (گۆران)
**"ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم، بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم**
**نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر، نەورۆز ناکەم گەر**
**ڕەشبـەڵەک تۆزنەکـات و بۆخـۆم نەبمە سـەرچۆپیگر "**
(پەشێو)
**بەهارە، جێژنە، ڕۆژی پێکەنینە**
**بەهار گۆوەندی ئاسمان و زەمینە**
**ئەوا جێژنی سەری ساڵ و سروشتە**
**زەماوەندی گوڵانە، هەڵپەڕینە**
**وەرە ئەی دڵبەرم خۆتدامەشارە**
**کە ئەمڕۆ ڕۆژی دڵداری و ئەوینە.."** (حەمە ساڵح سوزەنی)

**"بە زەبری مشتی تیشکی خۆر شکا پشتی ڕنوو ئەمڕۆ**
**شنەی با دایڕنی کفنی سڕی داران بەفوو ئەمڕۆ**
**چلوورەو بەستەڵەک پاکی بەجارێ تەفروتوونا بوون**
**عـەتر دەڕژێ لە ئاسـمـان و نەمـا باوی کـولوو ئەمـڕۆ"**
(گەردیگلانی)

# «میرنەورۆزی» هێمایەک لە دیموکراسی لە ناو کولتووری کوردستاندا

فەردین کەمانگەر
(سنە)

لەم ڕۆژانە کە جیهان لە ناو تەنگژەی ڕامیاری، ئابووری و شەڕ و ئاژەوەدایە، کورد خۆی ئامادە دەکات کە بەرەو پێشوازی جەژنی نەورۆز بڕوات.

لە مێژە هەر ناوچەیەک بە دابونەریتی تایبەت بە خۆیەوە ناسراوە و خەڵکانێک کە لەم ناوچانەدا ژیان دەبەنە سەر، تێدەکۆشن تا ئەم دابونەریتە کۆنە بپارێزن و درێژەدەری ڕێگای میراتی باب و باپیرانیان بن.

کوردستانیش بە هۆی هەبوونی دیرۆکی دێرینی خۆیەوە، کانگای ئەم دابونەریتە مێژووییانەیە کە شاراوەیە، دەبێ ئەم کولتوورانە زیندوو بکەینەوە و لە پاراستن و زیندووکردنەوەی ئەمانە چالاک بین.

ئەم بابەتە لە نزیک بوونەوەی ساڵی تازەی کوردییەوە دەتوانێت دەرفەتێکی باش بێ بۆ ناساندنی دابونەریتەکانی ناوچەی کوردەواری، تا گەشتیاران بە ناسینی ئەم دابونەریتانە، شارەزاییەکی باشیان لەسەر کوردستان هەبێ، لەلایەکی دیکەوە ئەم بابەتە دەتوانێت ببێتە هۆی زیاتر بوونی گەشتیاران لە کوردستاندا.

**مێژوو**

هەر چەند زۆربەی دابونەریتەکان لە دنیای ئەمڕۆدا ون بووە، بەڵام لە تەنیشت ئەم بابەتەوە، کەسانێک هەن کە بێ وچان تێدەکۆشن تا فەرهەنگ و کولتووری کوردی لەبیر نەچێتەوە و تۆزی ون بوون بە خۆی نەگرێت و هەر ساڵ بە شکۆیەکی باشتر ئەم کولتوورە بەڕێوە دەبەن.

جەژنی نەورۆز بە یەکێک لە کۆنترین جەژنەکانی کوردستان و ئێران ناو دەبەن ئەم جەژنە بە «جەژنی میهرەگان»، ناو دەبەن کە جەژنێکی مەزنە و ڕێزگرتن و یادەوەری و دیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە، هەرچەندە سەبارەت بەم جەژنە، بەڵگەیەکی مێژوویی لەبەر دەستدا نییە، بەڵام پێشینەیەکی دێرینی لە ناو گەلاندا هەیە، بە تایبەتی گەلی کورد.

بەبڕوای زۆرینەی کارناسان و مێژووناسان، بەهار یادەوەری شۆڕشی «کاوەی ئاسنگەر»ـە، لاوێک کە لە دەستی زوڵم و زۆری زوحاک بێدەنگ نەبوو و خەڵکی لە دەستی زوڵمی ئەم پاشایە ڕزگار کرد هەر بەم بۆنەیەوەیە کە کوردان، لەسەرەتای

ڕۆژانی بەهار بە هێمـای ڕزگـاری لە زوڵم و زۆری زوحـاک، پەنا دەبەنە داوێنی سروشت، جـوانتـرین دەسـتکردی یەزدان، لەم کاتەدا بە داگیرساندنی ئاگر کە هێمایەکە بۆ سووتاندنی پەتی بەخسیری و کۆیلەتی جەژنی نەورۆز بەڕێوە دەبەن.

هەڵبـەت جـێگەی ئامـاژەیە کـە بەبیـروباوەڕی زۆربەی کـارناسـان و شـارەزایانی ئەم بوارە، ئەم بابەتە بە ئەفـسـانە دەزانن و لەسەر ئەم باوەڕەن کە نەورۆز تەنیـا بە مـانای تازە بوونەوە و زیندووبوونەوەی سروشتە.

لە ئەفـسـانەکـانی کـوردیدا بنەڕەتی ئەم جـەژنە بۆ «کـەیومـەرث» دەگـەڕێننەوە، یەکـەم پاشـای پیـشـدادی؛ کەیومەرث بە زمانی کوردی «کی مووروس»ـە کە لە ناوچەی «ڕەواندز» لە بەرانبەر ئەهریمەندا بەربەرەکـانێی دەکـرد و لە بەرانبەر ئەودا سەردەکەوێ و هەربەم بۆنەیەوە فەرمان دەدرێت کە لەسەر لووتکەی کێوەکان و سەر ماڵان ئاگر بکەنەوە و هەواڵی سـەرکـەوتن بەسـەر زاڵمـدا بە هەمـوو جـیـهـان ڕابگەیەنن. بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ درێژە بەم جەژنە دەدن و هەر بەم بۆنەیەوە، ناویان ناوە جەژنی نۆ ڕۆژ، یان نۆ ڕۆز.

## دابی نەورۆز

بە هەر شـێوە؛ نەورۆز یەکێک لەو ڕێورەسـمـانەیە کـە لە مـێژەوە بە دابونەریتـێکی تایبـەت بە خۆیەوە لە ناو زۆربەی گەلانی دنیا بەڕێوەدەچێ و ئەم جەژنە مـەزنە هاوکاتە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی زەویندا و بووەتە هۆی ئەوەی کـە زۆربەی کـەسـان سەرقاڵی ساز و کار بن بۆ بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە و جەماوەر بە گـەشـتـوگـوزار، خـۆشی و شـایی و دیدار و بەڕێوە بردنی دابونەریتی تایبـەت بەم جـەژنە سـەر قـاڵ بن؛ هەروەها جـوانیـیـەکـانی سروشت لەم وەرزەی ساڵدا مـێشـک و دڵی ناسک خـەیاڵان و شاعیـران و نووسەرانیش بەخۆوە سەرقاڵ دەکات.

وشەی جەژن یان «عید» لە وشەکانی قورئانی پیرۆزە و لەم کتێبە پیرۆزەیشدا ئاماژەی پێ کراوە، « عیسا کوڕی مەریەم دەڵێ: «خـودایە لە ئاسـمـانەوە سفـرەیەکـمـان بۆ بنێـرە تاکـو جەژنێک بێ بۆ هەوەڵ و ئاخری ئێمە، هێمایەک بێ لەلایەن تۆوە و ڕزق و بژێوی ئێمە بدە کە تۆ باشترین ڕزقدەرەکانی. «المائدە ١١٤»

وشـەی نەورۆزیش لە زمـانی «پەهلەوی»دا بە شـێـوەی «نوکروچ، NOKROC» نووسراوە کـە تێکەڵە لە دوو بەش کە بەشی یەکەم «نوک» بە واتای تازەیە و بەشی دووەمیشی بە واتای ڕۆژی تازەیە و ئەم جـەژنە لە ڕێورەسـمـی مێژوویییەکانی ئێرانییەکان و ڕەگەزی ئارییایییە، هەر چەندە کە لە ئاوێستـادا باس لەم جەژنە نەکراوە، بەڵام لە ناو کـتـێبی پەهلەویدا باسی لێ کراوە.

## نەورۆز لە ناو شیعری شاعیراندا

مـەولەوی کـورد، شـاعـیـری بە ناوبانگی کـوردسـتـانیش سەبارەت بە نەورۆز وای هۆنییەوە:

**هەرکە سێ تەوەلود دوو بارش نیەن**
**ئەلبەت سەعادەت سیتارەش نیەن**

هاوکات بوونی بەرەبەیانی مرۆڤ لەگەڵ بەهاری سروشت بە شێوەیەک دەبێتە هۆی زیندووبوونەوەی ڕوح و ڕەوانی مرۆڤ و کـاتێک کـە سـەیری سـروشت دەکـەی کە گـیـاو دار و دەوەن زیندوو بووەتەوە و دەبێتە هۆی هیوا بە داهاتوویەکی ڕوون.

## نەورۆز لە کوردستان

لە کـوردسـتـان، وەرزی زسـتـانیـان بۆ چلەی گـەورە، چلەی بچووک، خاتوون زەم هەریر و براکانی سەیاحدا بەش کردووە و دوای تێپـەربوونی مـانگی «ڕێبەندان»، یان (بهـمن مـاه)، مانگی ڕەشەمە دێتەبەرەوە کە لە مانای ناوەکەیدا دیارە زەوی لەم مـانگەدا بەفـری دەتوێتـەوە و ڕەنگی ڕەش بە خـۆوە دەگرێت، هەروەها هەموو ئاگادارن لە ڕۆژانی پێنج تا پازدەی مـانگی ڕەشەمـە لە زۆربەی دێهـات و شـارەکـانی کـوردسـتـان جەژنی نەورۆز دەگێڕدرا، بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی دابونەریتەکانی ئەم وڵاتە خەریکە لەناو دەچێ و ئەم جەژنە تەنیا لە برێک لە دێهاتەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێ.

## بەرنامەکانی نەورۆز لە کوردستان

لە ڕابوردوودا بەرنامـەگـەلی جـیـاواز لە نەورۆز بەڕێوە دەچوو، بەڵام بە هۆی ئاڵوگۆڕی لە شێوەی ژیانی کۆمـەڵگای کوردی و فـەرهەنگی زاڵی دەسەڵات لەسەر کۆمەڵگا، زۆربەی دابونەریتـەکـان ون بوونە و لەیاد چوونە، یەکـێـک لەم بەرنامانە، ڕێورەسمی «کۆسە گەری»یە کە هەر چەند ئەوەندە باوی نەمـاوە، بەڵام لە هەندێک لە دێهـاتەکـان بە شـێـوەی ڕەمزی بەڕێوە دەچێ.

ئەم ڕێورەسـمـە لەلایەن دوو کـەسـەوە بەڕێوە دەچێ، یەکێکیـان ژن و ئەوی دیکەشیان دەبێتە مێرد کە جلوبەرگێک بۆ گـاڵتـە لەبەر دەکـەن و لەناو کـۆڵان و گـەڕەکـەکـانی دێ دەگەڕێن و دەبنە هۆی پێکەنینی جەماوەر، دەتوانین ئەمە وەک شانۆی سـەر شـەقـامیش چاو لێ بکەین و بڵـێین کە ئێـمـە خاوەن دیرۆکێکی باشین لە شانۆدا، بەڵام بە داخەوە ئەمڕۆ ئەم شانۆیە لە کوردستان کەمڕەنگ بووەتەوە.

## میر نەورۆزی

لە ڕۆژانی جـەژنی نەورۆزدا لەناوچەکـانی کـوردسـتـان کـەسـێکیـان بۆ مـیـری نەورۆزی هەڵدەبژارد و ئەم مـیـرە، ماوەیەکی کورت لەسەر خەڵکی خاوەنداریەتی دەکرد و برێک جـاریش فـەرمـانی دەدا کـە دەبووە هۆی گـاڵتـە و پێکەنینی جەماوەر

هەڵبـەت دابی میری نەورۆزی، جیـا لەوەی کە بۆ گـاڵتە و سـەرگـەرمی خـەڵکی بووە، بە شـێـوەیەکـیش پەیامی بۆ پاشاکـانیش هەبووە و ڕاستییەکەی میری نەورۆزی هێمایەک بووە لە پاشا ناشیاو و زاڵمەکان.

# حەماسە و تراژیدیا لە شیعری شەو و شەیتانی هێمن دا

قادر عەلیخا
(بۆکان)

**گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**
**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**
**من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە**
**لەت لەتم کەن بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**

لە نێـو لاپەڕەکـانی دیرۆکی نەتەوەکـەمـاندا، زۆرن ئەو ڕۆژە مـێـژوویـیـانەمـان کـە وەک ڕۆژە تاڵ و ناخـۆشـەکـان نێـودێر کـراون و ئـازارەکـانیـان بەردەوام دێنەوە سـوێ و تەشـەنە دەسـتـێنن و کـسـپـەکانیـان، هەڵەسـوون دێننەوەو باسـیـان لێ دەکـرێت و ناکـرێت لە هیـچ ڕۆژگـار و سەردەمێکدا پشتگوێ بخرێن و لەبیر بچنەوە، ئەو ڕۆژانە لە یادەوەری گـەلدا، بێ بڕانەوە هەن و هەرگـیـزاوهەرگـیـز ناچنە ڕکەی فەرامۆشییەوە، تاڵاوەکانیان ئەوەندە ناخۆش و بەژانە، هەناو و گەوەکانی لەشی نەتەوەییان ئازار داوە و برکەکانیان، هەر لە هەژان و کسپەدان.

هەرەسی ئەو ساتەوەخت و چرکەساتانە، ئەوەندە قورس و بەژان و تاقـەتپـڕووکـێن بووە کـە ئەسـتـووندەکی ژیانی هەموو نەتەوەکەی بزاوتووە و قـاپیـەی ژیانی بەتەواوی لە گـــرێژنە بردووە و ئـاســـوودەیی لێ تاراندووە و بۆتە پەردەیەک لە داخ و خـەم و بەسـەر وڵات داکـێـشـراوە و چرای شـادی و خـۆشی لێ کـوژاندوونەتەوە و تێـمی شـانۆیی ژیانی لێ گـۆڕیون و تێکسـتی ئەم شـانۆیەی، لە تەنز و شادی و هیوادارییەوە، گۆڕیوە بۆ تراژیدی و خەم و مـاتەمـینی و بێ هیـوایی و دەنگی چەمـەری و وایلۆک، جێی پێکەنینی گـرتۆتەوە و دەسرەی شـادی و چۆپی پێ فـڕێ داون و کـۆڵـوانە و سـۆرانی شـینی لە دەست و کـۆڵ کـردوون، نێـوی ئەم ڕۆژانە لە لاپەڕەکـانی مێـژووی گـەلدا بە قـــەڵـەمی ســـوور نووســـراون و بەردەوامـــیش لە یادەوەرییەکانیاندا، بە فرمـێسکی سوور پێشوازییـان لێ دەکرێ و یادیان لێ دەکرێتەوە.

یەکـێک لەو سـەر چاوە گـرینگ و بەرزانەی خـەمی ئەم

ڕۆژانەی تۆمار و بە مێژوویی کردووە و بە هەناسەی ئاگرین و دڵی بە برین و چاوی سوور و فرمێسکی ڕوون لاواندۆتەوە و پیت و وشە و دێڕەکانی پێ دارێژاون، لە ئەدەبی کوردیدا شیعرە.

دوای لە ناوچوونی کۆمار کە بە دەیان خەمنامە و شینگێڕیی بۆ نووسراوە و کەم شاعیری دوای ئەو نسکۆ نەتەوەییە هەیە، دەستی بۆ خامە نەبردبێ و بە ئاهی دەروون و دڵی بە خوێنەوە، شیعرێکی بە باڵای ئەو ڕووگەی ئاواتەدا، هەڵنەگوتبێ و تێکەڵ بە کاروانی ئەو شینگێڕییە نەبووبێ.

یەکێک لەو شاعیرانەی، خەمی مەرگی کۆمار و پێشەواکەی هەڵیچزاند و ئێشی ئەم ژانانەی لە نێو شیعرەکانیدا دەرخست و ئەو کۆستە نەتەوەییەی کردە تێمی زۆرێک لە شیعرەکانی، مامۆستا هێمنی نەمرە، لە نێو لاپەڕەکانی دیوانە شیعری ئەم شاعیرە نەتەوەییەدا، زۆر ڕۆژ و مانگ و ساڵ و چرکەساتی ئەم نەتەوەی تێدا تۆمار کراوە، ئەگەر ئەو شیعرانەی بکەینە پێوانە، دەبێتە ئاوێنەی باڵا نوێنی ژینی مێژوویی کورد - بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا - و بۆمان دەردەکەوێت، ڕێژەی چەندە لە سەدی شادی و خۆشییە و چەندی خەم و ناخۆشییە، دیارە پێشەوا هەستی بە مەزنی ئەم پیاوە ڕەزا سووکە کردووە، بۆیە شانازی شاعیری گەلی پێ بەخشیوە، ئەگەر ڕۆژێک دڵی هێمن لەگەڵ دڵی گەلەکەی پڕ بووبێ لە گەرای شاد و شەپۆلی خۆشی و هیوا و گوتبێتی:

**ڕۆژی جەژن و خۆشییە، تێپەڕ بوو ڕۆژی دەرد و خەم**
**هات شنەی ڕەحمەت بەجارێک ڕایڕفاند و بردی تەم**
**دێ لە هەر لاییێکی قاقای پێکەنینی کیژ و کوڕ**
**دێ لە هەر سووچێکی نەغمەی ساز و تار و زیل و بەم.**

ئەوە بەدەیان جار دەستی لە پەیژەی شادی بەر بووە و لە سەرێڕا کەوتۆتە خوارێ و بە سەر گابەردی ئازار و نەگبەتی و نەهامەتیدا کەوتووە و لە عەزرەتی کۆستی ناوادە و برینی نوێ و کوانی بەژان، سۆرانی شین کردووە و فرمێسکی سووری هەڵوەراندووە و ئەژنۆی خەمی لە ئامێز گرتووە و گوتوویەتی:

**ڕووناک بیرێکی تا ئەمڕۆ**
**دەچوو بەرەو ئاسۆگی ڕوون**
**ئێستا هیوای بە بوولێڵە**
**بۆ لە گەمارۆ ڕزگار بوون**

**



هێمن

**بڵێسەی دا لوولەی چەکێک**
**تێک هەڵگلا لاوچاکی کورد**
**ئەفسەر یەک بە خۆی قیژاندی**
**«بە پیش بە پیش گولولە خورد»**

**

**لە بن پەسیوان دەرپەڕین**
**هێزی ڕەشی ئەهریمەنی**
**دێرا بە خوێنی شەهیدێک**
**کوردستان مێرگ و چیمەنی**

**

**دیسان خوێنی قارەمانێک**
**نەخشاندی ڕێگای ڕزگاری**
**دیسان لاپەڕێکی ڕەشتر**
**کەوتە سەر مێژووی زۆرداری**

یان لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

**هەمیشە دەرد دەبینم، دەرد دەبینم**
**درۆی دوژمن، دەهۆی نامەرد دەبینم**
**مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم**
**کە ڕەنگی نەوبەهاری زەرد دەبینم**

**بەسۆزی با کە سکڵی دڵ گەشاوە**

**دەروون پڕ سۆز و فرمێسکم خوناوە**
**لە دووی لەیلا بە واوەیلا و شیوەن**
**دەڕۆم و پۆلێ شین گێڕم بەدواوە**

قەڵەمی هێمن لە بابەت خەمنامە و ئازارنامە نووسیندا، زۆر ئەکتیڤ بووە و بەرهەمی سکاڵاکردن و هاوارکردنە لە دەستی زۆرداری، ئەوەندە زۆرە کە ڕەنگی شینگێڕی لە نێو دیوانەکەیدا، ڕەنگێکی زەق و دیارە و ئەم شاعیرە جوانپەرستە، بەدەستی غەدر ئەوەندە گەرووی ڕێک کوشراوە، نەیتوانیوە لایەنی جوانپەرستی شیعرەکانی بە جوانی بۆ خوێنەرەکانی دەرببڕێت، با گوتبێتیشی:

**جوانپەرستم جوانپەرستم**
**بە دیداری جوانان مەستم**
**کە دەبینم کیژێ تەڕپۆش**
**گشت خەمێ دەکەم فەرامۆش**

ئەوە لایەنێکی زۆر کەمی لە شەپۆلەکانی جوانپەرستی تێدایە و هەر لە شیعری «سووڕی دەوران» و «لەبیرم مەکە»دا دەری دەخات کە خۆی هیچ، پاڵەوانی چیرۆکە شیعرییەکانیشی، هەر نامراد و بە ئاکام نەگەیشتوون، کوڕە هونەرمەندەکەی «سووڕی دەوران» و ئاشقە ناکامەکەی «لەبیرم مەکە» بە دڵنیاییەوە بەشێکن لە هەناسەساردی و دەروون تەزیوی هێمن و گەلەکەی کە بە دەستی دەستانێکی نەگریس و ڕەش، لەمپەریان بۆ ساز دەکرێ و ئاواتەکانیان لێ دەکەنە تۆزی دەم با، کوڕە هونەرمەندی سووڕی دەوران، کتومت هێمنە، کۆمار، کچەگراوەکەیەتی و بە غەدر لێکیان هەڵدەبڕن و لە ژیانی دڵخوازیان بێبەش دەکەن، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە دەبێتە هۆ و بنۆسی لە ناوچوونی کۆشکی ئەوینی کوڕە هونەرمەند، دەستیان دا دەستی یەکتری و هەرەسیان بە ژیانی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستییان هێنا، هەر ئەوانیش بۆ لەناو چوونی کۆمار ئەکتیڤ بوون و جێ دەستیان لە لەناوبردن و هەرەس پێهێنانی کۆماردا، دیار و بەر چاوە.

هەر ئەوانەش بوونەتە هۆکار کە ئەو ئاشقانەش لەو دوو شیعرەدا نامرادن، ئەگەر ئەوانە نامراد و ڕەنج بەخەسار نەبوایەن، دەبوو لە هەستی زوڵاڵ و ڕاستبێژی هێمن بەگومان بین و هەقمان بوو بڵێین: شیعرەکانی هێمن ئاوێنەی دەروونی نین، بەڵکو تراژیدیای تاڵی مێژوویی گەلێکی دڵ بە سۆن، مێژووی نووسینی ئەو دوو شیعرەش بۆ ساڵەکانی دوای لە ناوچوونی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە. «سووڕی دەوران» ١٩٧٨/٢/١.

«لەبیرم مەکە» ٦/ ١٠/ ١٩٧٣ یەکێک لەو شیعرانەیە کە چرکە ساتێکی تاڵ و شەوێکی سامناکی کردۆتە هەوێن و هێمن، هەواڵێکی تاڵی پێ ڕادەگەیەنێت و مێژوویەکی ڕەشی پێ دەگێڕێتەوە، شیعری «شەو و شەیتان»ە لەم شیعرە تراژیدیایەدا کە ئاوێنەیەکە لەو شەوە وەیشوومەیەی دەستی غەدری ئەهریمەن کە گەرووی ڕووناکی ڕێک دەکوشێ و چرای هیوا و هەوێنی سەرفرازی و دڵخۆشی کوردی کوژاندەوە و لە نێوی برد.

هێمن مێژوویەک تۆمار دەکات و ئەم شیعرەی ئاوێنەیەکە ڕوحی کەسەکانی دانیشتووی ئەم شار و دەڤەرە بە جوانی دەنوێنێ و وێنەیەکی ئەوەندە تاڵ و جەرگبڕە، کەم چاو توانایی دیتنی ئەو دیمەنەی هەیە، لە نێو دێڕەکانی ئەم خەمنامەیەدا، کسپەی دەروونی ئاشقانی ئازادی و فرمێسکی خوێناویی نامرادان و وایلۆکی دەروونی جەرگ سووتاوان و چەمەری و شینی بێوەژنان و گۆنای ڕندراوی خوشکانی کۆس کەوتوو، بە جوانی بەدی دەکرێت، ئەم شیعرە فیلمێکە، کە لە چوار پەردەی ترس و تراژیدی و حەماسە و یەکگرتن، پێکهاتووە و هەر چوار پەردەکەش زۆر وەستایانە داڕێژراوان و خوێنەر، سەرەڕای خوێندنەوەیان، هەست بە بینینی کارەکتەرەکانی، کەپێشەوا و سروشت و خەڵکن، دەکات، وشەکان لەو چوار پەردەیەدا بە جوانی دەوری خۆیان دەگێڕن و شاعیر وەک دەرهێنەرێکی کارامە و شارەزا کایەیان پێ دەکا و دەیانهێنێتەگۆ، لە دیمەنەکانی ئەو گرتە شیعرییەدا، خودای شەڕ و دێوی دڕەندەو عەزیای حەوت سەر، دەور دەگێڕن و سەردەنێن بە سەری یەکترییەوە و دەست دەدەن بە دەستی یەکترییەوە و بەگژ خواوەندی جوانی و ئاسوودەیی و بووکی ئازادی و قەڵافەتی قەڵای ئەویندارانیدا دەچن و هەرەسیان پێ دێنن.

**پەردەی یەکەم: ترس**

لە پەردەی یەکەمی ئەم شیعرەدا، هێمن وێنە هەواڵێکمان پێ نیشان دەدات کە لەو وێنە هەواڵەدا، وردەوردە ئەستێرەکان یەک یەک تارای ڕەش بە خۆدادەن و بەرەو کەلێن و قوژبنان ڕادەخوشێن و مانگ دەبێتە بووکی تارا دزراو و دەشڵەژێ و ئاسمان، ڕەنگی قیل لە ڕوخساری دەنیشێت و چنگی دێوی بێ دەنگی ئەوکی دەخنێ و شاری لە هەناو و خورۆشاودا، دەکاتە گۆڕستانی خامۆشان و باڵی -با- و لاقی ژیانی، تێدا کۆت و بەند دەکات.

چرای چاوی شار سۆڵەی نایە، شەقام و کۆڵانەکانی پڕ

دەبن لە بۆنی مەرگ و کفن و چیرە چیری کەڵپەی گورگان و هاوار و زیرەی فریشتان دەبیسترێ و چوارچرا پڕ دەبێ لە سێبەری ئەو بێچووە شەیتانانەی کە بە دەنگی لاقەکانیان کۆرسی مردن دەچڕن.

**ئەستێرە یەک یەکراخوشێن**
**ڕەش هەڵگەڕا ئاسمانی شێن**
**هەورێک شۆڕابەی بەرداوە**
**دەڵێی لە قیریان وەرداوە**
**تاریکانە، شەوەزەنگە**
**وڵات بێ هەست و بێ دەنگە**
**گۆڕستانی خامۆشە شار**
**تێیدا نەماوە زیندەوار**
**نە ڕادەژێ گەڵای دارێک**
**نە دێ هەستی پێی ڕێبوارێک**
**هەرچی کۆڵان و شەقامە**
**دەڵێی کاولاشی بەسامە**
**دنیا دەریای بێ شەپۆلە**
**لاو داماوە، جێژوان چۆڵە**
**پەردەی کۆشکان دادراوە**
**ڕۆچنەی کۆختانیش گیراوە**
**لە تالار و سەر سەرایان**
**بڕا ترووسکەی چرایان**

لەم پەردەیەدا ڕەنگی ڕەش وەک، ڕەش هەڵگەڕانی ئاسمانی شێن، قیر، تاریکان، شەوەزەنگ، بێ دەنگی، گۆڕستانی خامۆش و کاولاشی بەسام و دەریای بێ شەپۆل، هەموویان ئاماژەیەکن بۆ زاڵ بوونی ترس و تۆقاندن.

**پەردەی دووەم: حەماسە**

لەدوای ئەم بەشە لە شیعرەکە کە تژبیە لەو وێنانەی باس لە کەشوهەوای ماتەمینی شار دەکەن و سەر دەکێشنە دەروونی دڵەکان و ماڵەکان و شەقامەکان و ئازار و داخ و خەم دێننە سەر شانۆی ژیان، لێرەدایە دەنگی دلێرانەی پێشەوا تێکەڵ بە ڕستەکانی شیعری هێمن دەبن و بەگژ جەللادەکاندا دێنەوە و پەیامی مانەوە و بوونیان بە ڕوودا دەدەنەوە و چێوەخرتێی ئاگری خەبات دەدەنەوە و سووتەمەنی داوێنە سەری و گڕە مەشقەڵانی ژیانەوە سازدەکەن و هانی گەل دەدەنەوە، تا کۆڵ نەدەن و بە نسکۆیەک مل بە گلان نەدەن و خۆیان بۆ سەرشۆڕی شل نەکەن، هێزی گەلیش ئەو بەردەنگەن، هەر زوو بەدەنگی ئەو بانگدەرەوە دێن و لەگەڵ شەپۆلەکانی دەنگی ئەواندا، دەخروشێن و دەبنە شەپۆل و گەردەلوول، ئەگەرچی لەبەر بێدەرەتانی و بێ پشتیوانی ناتوانن ڕاستەوخۆ بەربینگ بە زۆردار و داگیر کەران بگرن و تێی ڕابێن، ئەوە بە چاوی فرمێسکەوە دەچنە کۆڕی خەبات و کوورەی ژیانەوە، نیّل دەدەن و لە پەنای گڕە مەشخەڵان و گرفە گرفی ئەو کوورە سوور هەڵگەڕاوەدا، نانی ڕاسان و ژیانەوە گەرم دەکەنەوە و سەمەنی سەر هەڵدان دادەچێنن و چاوەڕێی شەماڵی وادە و گوڵە نەورۆزەی بەهاری ئاوات دەبن و ژیان پڕ لە تۆوی نەفەوتان دەکەن و لە ژێر کەوی بەفر و تەزووی سیخواردا، چەکەرەی هەستانەوە دەردەکەن، لێرەوە هێمنی شاعیری گەل، دەبێتە زمانحاڵی پێشەواکەی و لەگەڵ ڕوحیدا تێکەڵ دەبێ و هانی نەسرەوتن و نەوەستانی خەڵک دەدات، تاوێک دەبێتە هێمنی پێشمەرگە و تێکەڵ بە خەڵکی خرۆشاوی شار دەبێ و شینی بۆ دەگێڕێ و ماتەمینی بۆ دەگرێ و لە هەناوی پڕ لە شین و شەپۆڕی خەڵکەوە، بۆ کۆمار و سەر کۆمارەکەی دەگری، جارێکیش لە دڵ و دەروونی پێشەواکەیەوە، بۆ خەڵک دەدوێ.

هێمن کە لە زمانی پێشەواشەوە دەدوێ، وەک پێشەوایەک دێتە گۆ و نەترسانە دەست بە سنگی مەرگەوە دەنێ و باوەڕ بە مانەوە لە وتەکانیدا شەپۆلان دەدەن و کڵپەو بڵێسە دەستێنن و بە دەنگی شێرانەوە دەدوێ.

**لە پڕ دەنگێکی نێرانە**
**نرکەی کوڕانە و شێرانە**
**پەردەی بێ دەنگی دادڕاند**
**خەواڵووی لە خەو ڕاپەڕاند**
**خەڵک هەمووی ئەو دەنگەی بیست**
**دەیکوت پێشەوای خۆشەویست:**
**کەمن مردم، کورد نامرێ**
**دەس لە خەبات هەڵناگرێ.**

لەم پەردەیەشدا، بە کەڵک وەرگرتن لە ڕستە و وشەگەلێکی وەک، دەنگی شێرانە، نرکەی کوڕانە، دادڕانی پەردەی بێ دەنگی، لە خەو هەستانی خەواڵوو، خەبات، نەمردن، بەتایبەت وشەی پێشەوا کە هەر بۆ خۆی سیمبۆلیکە بۆ حەماسە و ئازایی و نەترسان، لایەنی حەماسەتی شیعرەکەی بردۆتە سەرێ و پەردە شیعرییەکەی پێ قورستر و دەوڵەمەندتر کردووە.

**پەردەی سێیەم: تراژیدی**

کاتێکیش لە زمانی خەڵکەوە بۆ مەرگی پێشەوا دێتەگۆ، دەبێتە شەپۆلێک لە نەفرەت و تووڕەیی و

گرکانێک لە ڕق و قین و کاروانێک لە خەم و پەژارە و ماتەمین، ئەگەر لێرەوە، چ دەقی شیعرەکە بکەیتە سەکۆیەک و لەوێوە لە دەروونی شار بڕوانی و چ لەسەر سەکۆی شار دابنیشی و چاو لە هەناوی شیعرەکە بکەیت، وەک ئەوە وایە کە دوو ئاوێنە لە هەمبەری یەکتریدا ڕابگری، ئەوەی لە و دوو ئاوێنەدا بۆ دەیەمین کەڕەت و سەدەمین کەڕەت، چەند پاتە دەبێتەوە، وێنەیەکە لە خەم و ماتەمینی، ئەو سیمایانەی لە نێو ئەم ئاوێنەدا دەبینرێن ڕوخسارگەلێکی تووڕە و تۆسن و خەمگەستەن و کەسانێکی ئاڵۆزاو و شڵەژاون و بەیەکدادێن، لە هەموو چین و توێژ و ڕەگەزەکانی ئەو شارەی تێدا بەدی دەکرێ، کۆڵوانە لە کۆڵ و سۆرانی لە قۆڵ و گەنج و ژن و پیاوی وەک یەک لە کۆڕی شین و بیری تۆڵەدان.

**هارووژا وەکو پوورەی هەنگ**
**مەهاباد گۆڕخانەی بێ دەنگ**
**لە دەور و بەری چوار چرا**
**هەزاران سەر لە قوڕ نرا**
**کام نازداری شۆخ و جوانە**
**دای لە خم لکی کۆڵوانە**
**لە چاوی کیژی مل بە کوێن**
**بە خوڕ دەهات فرمێسکی خوێن**
**شۆڕە لاو هاتنە کۆڕی شین**
**ئەویش سۆرانی کردن شین**

لە پەردەی سێیەمیشدا بە هێنانە کایەی ئەو ڕستانەی سۆزی خەمبارییان تێدایە توانیویەتی سەنگی لایەنی تراژیدییەکەی بەرێتە سەرێ، لە قوڕنانی سەر، شین کردنی کۆڵوانە، کیژی مل بە کوێن، فرمێسکی بە خوێن، کۆڕی شین، سۆرانی شین، کە هەموویان هەڵگری پەیامی خەم و وایلۆک و تراژیدین، لێرەشدا کورتی نەهێناوە و وەک ئەو بەشانەی دیکەی دەوری تەواوی بەو ڕستانە داوە و ئەوانەی بە تەواوی هێناوەتە خزمەت شیعرەکە و لایەنی تراژیدیاکەی ڕەنگینتر کردووە.

ئەم چوار پەردەی هێمن لەو شیعرەدا دەیخاتە ڕوو، کە تێکەڵێکن لە ترس و تراژیدی و حەماسە و یەکگرتن، وەک ئەکتەرێکی کارامەی نێو ئەم شانۆیە، لە هەرچوار پەردەکەدا وەک چوار ئەکتەری جیاواز، بە جوانی دەور دەگێڕێ و تەمسیلی هەر چوار لایەنەکە دەکات، وەک چەمەری گێڕێک و وەک پێشەوایەکی نەترس و ئازا دێتەگۆ و شێرانە دەنرکێنێ و وەک کۆترێک و شارێکی ترساو هەڵدەکورمێ و کوشکە دەکات و وەک گەلێکی بریندار دەخرۆشێ، لە دەرەوەش وەک دەرهێنەر و نووسەرێکی وریا، چاوی بە سەر هەموو لایەنەکانەوە هەیە و ناهێڵێت هیچیان لە کورتی بدەن و کارەکەیان لەنگ و لاسەنگ بێت، حەماسەتی دەنگ هەڵبڕینی پێشەوا و خرۆشانی خەڵکی شار، ئەوترسەی بەر لە شەهید بوونی پێشەوا باڵ بەسەر خەڵکی شاردا دەکێشێ و ئەو خەمەی دوای شەهید بوونی سەرکۆمارەکەیان، دەبێتە کۆڵوانە و سۆرانی و لە کۆڵ و قۆڵی ژنان و پیاوان دەهاڵێ و ئەو حەماسەی پاش چوونە سەر تەختی سێدارە، وەک ڕەمزی خەبات لە خۆی پێشانی دەدا، ئەو کاتەی وەک سەرکۆمارێک داوامان لێ دەکات، بەرگری لەخاک و ئاو و بووغان بکەین، هەر سێ پەردەکە لە لایەن شاعیرەوە بە جوانی چنراون و هێنراونەتە بەرهەم، کاتێک خوێنەر ئەمانە لە پەنای یەکتری دادەنێ و لێی دەڕوانێ، کۆی کارەکە کارێکی بە تەواوی سەر کەوتووەو هەموو لایەنەکانی، ترس و تراژیدی و حەماسەی وەستایانە لە یەکتری موتوربە کراون و خوێنەر لەگەڵ دەقێکی سەر کەوتوو و بە پێز ڕوو بە ڕوو دەبێ، لە پەنای نێوەرۆک و پەیامی شیعرەکەدا، گەلێک وێنەی شاعیرانەو بەرزی لە سیمای شار، وەک پەردەی دادراوەی پەنجەرەکان و چۆڵوهۆڵی شەقام و کۆڵانەکان و ڕەنگی ڕەشی ئاسمان و سیمای خەڵکەکەی کێشاوەتەوە، ئەوانە لایەنی هونەری و جوانکاری شیعرەکە دەبەنە سەرێ و لەو کەشە دژوارەشدا نەچوونەتە ژێر کاریگەری کەشی مانایی و تێمی تراژدیایی شیعرەکە و لەو ماتەمینی و خەمنامەیەشدا، شیعرییەتی شیعرەکەی هەر پاراستووە و لەلایەنی جوانی هونەرییەوە بێ بەشی نەکردووە.

**لە چوار چرا چەند تارمایی**
**دێن و دەچن بە ئەسپایی**
**خێوی شەو و خودای شەڕن**
**بێچووە شەیتانی بەدفەڕن.**

ئەمە وێنەیەکی شاعیرانەیە، تەمسیل و لێکچواندنێکی تەواو هونەریانەیە، لە عەینی حاڵدا هێمای ئەندێشەیەک و بیچمی دەسەڵات و دوڵپایەکی بەدفەڕی سەر شانی شارە، کە هێمن لەو چرکەساتە سەختەی چوارچرای دەگرێ کە لەو وێنەیەدا، خودای شەڕ و فریشتەی ئاشتی پێکەوە دەبینرێن و چنگە خوێناوییەکانی خوداوەندی شەڕ، دەکەونە کار و ئەوکی فریشتەی ئاشتی و ئازادی دەگوشن و هەناسەی لێ دەبڕن.

**پەردەی چوارەم: یەکگرتن**

لە پەردەی چوارەم و کۆتاییدا، هێمن دێتەوە نێو شیعرەکە و وەک ئەکتەرێکی پشتەوەی شانۆ، تێکەڵ بە خەڵکەکەی دەبێ و یەک دەنگ و هاوئاهەنگ دەخروشێن و پەیمانی زیندووبوونی پێشەوا و گەلەکەی و خەباتەکەی نوێ دەکەنەوە و بەڵێنی نەوەستان و ستارنەگرتن بە دایکی نیشتمان دەدەن کە تا مافی ژیان نەستێنن و ئامانجەکەیان وەدی نەهێنن، نە دەست لە خەبات هەڵدەگرن و نە ڕێگای سەرکۆمارەکەیان بەبێ ڕێبوار دەهێڵنەوە و هاودەنگ لە گەڵیان دەڵێ:

**شاد بە ئەی پێشەوای نەمر**<br>
**هاتن ڕۆڵەی ئازا و خوێنگر**<br>
**بۆ فیداکاری ئامادەن**<br>
**ڕێگای ڕاستی تۆ بەر نادەن**<br>
**پەڕۆکی ڕق ئەستوورە کورد**<br>
**لە سەر تۆڵەی تۆ سوورە کورد**<br>
**کچ و کوڕ و ژن و پیاوی**<br>
**دەکا خەباتی خوێناوی**<br>
**تا مافی ڕەوای دەستێنێ**<br>
**ئاواتی تۆ وەدی دێنێ**

لە پەردەی چوارەمیشدا هەر وا سەرکەوتووانە هەنگاوی ناوە و بەو پەیامەی بۆ شاد بوونی ڕوحی پێشەوای دەنێرێ، بە وەزمان هێنان و جووڵاندنی ئەو ڕستەو وشانەی بۆنی یەکبوون و خۆ بەختکردنیان لێ دێت وەک، ڕێگای ڕاستی و فیداکاری و خەباتی خوێناوی و پەڕۆکی ڕق ئەستوور و هاتنی ڕۆڵەی ئازا و خوێنگر، کە هەر وشەی «هاتن» مانای کۆ و یەک دەنگی دەگەیەنێ و ئاماژەیە بۆ دەست دانە دەستی یەک، هەم پەیامێک بۆ دژەکان و هەم پەیامێک بۆ ڕوحی پێشەوا دەنێرێ و دەڵێ:

**نە ئێوە ئەی دوژمنان سەرکەوتوون، نە جەنابت ئەی پێشەوای مەزن لە نێو چووی.**

لەم وتارەدا نەمویستووە بە شوێن جوانکاری لە دنیای شیعری هێمن دا بگەڕێم، وەنەبێ لایەنی جوانی و هونەری لە شیعرەکانی هێمن دا کەم بن، ئەوەی من لێرەدا بە شوێنییەوە بووم و سەرنجم داوەتێ، لایەنی نەتەوەیی شیعرەکانی ئەو بووە کە بەسەر لایەنەکانی دیکەیدا زاڵە و ئەو مەبەستەش لای هێمن گرنگترین لایەنەکانی بووە، ئەو وەک ڕێبوارێکی چالاکی ئەم ڕێگایە، تا دوا پشووی ڕێبواری ڕێگای ئەشق و ئازادی بوو، خۆی و قەڵەمەکەی بۆ مانەوە و نەتوانەوەی گەلەکەی تەرخان کرد، بێ شک هێمن لە ژیانی سیاسی و کولتووری و ئەدەبی کورددا، گەلێک شوێندانەر بووە و لە هەموو بوارەکاندا شوێن پەنجەی دیارە، لە بارەی ئەدەبییەوە شیعرەکانی، چ لە ڕووی زمانییەوە و چ لە لایەنی نێوەرۆکەوە، بۆ گەلێک شاعیری دوای خۆی، بووەتە هاندەر و گەلێک کەس بۆ بە هێمن بوون و لە ئەشقی ئەو چوونەتە بەر قاپییەی بارەگای ئەدەب و دەستیان داوەتە قەڵەم و ڕێچکەی ئەویان گرتۆتەبەر، زمانی ڕەوانی هێمن، بۆ گەلێک کەسی دیکە لە بوارەکانی تری ئەدەبیشدا بۆتە هاندەر و دەستی گرتوون، مامۆستا فەتاح ئەمیری ڕۆمانووس یەکێک لەو کەسانەیە، زۆر جار بەڕێزەوە ناوی دێنێ و خۆی بە قەرزداری ئەو دەزانێ، هێمن بە هەست کردن بەو هەلومەرجە مێژووییەی تێیدا دەژیا، لە پەنای جوانناسی و جوانبێژیدا، شەڕی مانەوەی زمانیشی کردووە و پاراستنی زمانەکەی ئەوەندە بەلایەوە جێی بایەخ بووە کە تەواوی ژیانی ئەدەبی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان کردووە.

بێ شک ئەگەر دوای سەیفی قازی کەسانێکی وەک هێمن و هەژار و بەدوای ئەوانیشدا – لە بابەت کاری ئەدەبییەوە، نەک تەمەن – کەسانێکی وەک، قانع و نووری و سەید کامیل و هێدی و ڕاوچی سەریان هەڵنەدایە، بەرەی ئێستا بۆ دەیان و سەدان واتا و دەستەواژە، دادەمان و خەرمانی ئەدەبەکەمان لە کزی دەدا و قەرەبوو کردنەوەشی، کارێکی چەتوون دەبوو.

هێمن لە بواری سیاسیشدا، گەلێک شوێندانەر بووە و نێوەرۆک و نەتەوەیی بوونی شیعرەکانی هەوێنی دەیان سروودی حەماسی بووە و هاندەر بوون بۆ گەرمی خەبات و ڕاسان و نەسرەوتن، ئێستاش شیعرەکانی بۆ کوورەی خەبات دەبنە سووتەمەنی و هێز و وزە وەبەر گەل و خەباتگێڕانی دەدەن.

ئەم شاعیرە ڕوح سووک و خوێن شیرینە، بەو کارانەی لە ماوەی ژیانیدا بۆ نەتەوەکەی کردی، بۆ تا هەتایە مانەوەی خۆی و نەتەوەکەی دەستەبەر کردووە و تێکەڵ بە ڕوحی گەلەکەیەتی.

**خۆم دەسووتێنم تا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم**<br>
**کێ لە ڕێی گەلدا وەکو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ؟**


**سەرچاوە:**

**دیوانی هێمن، چاپی یەکەم. پەخشانگەی ئازادی، بەهاری، ۲۷۰۸.**

# سۆسیال دیموکراتی (بنەما بنەڕەتییەکان)

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- چەمکی سۆسیال دیموکراتی لە دوو وشە پێکهاتووە، سۆسیال، بەواتای کۆمەڵایەتی و دیموکراتی، بە واتای دەسەڵات و هێزی گەل دێت، لە خۆیدا ئاماژەیە بە بنەمایەکی سیاسی کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە گەل- میللەت، بەهۆی هەڵبژاردنی ئازاد لە ڕێگای نوێنەرانییەوە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بەشداری لە جێبەجێکردنی هێزی دەسەڵاتدا دەکات، کەوابوو چەمکەکە واتای دیموکراتی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ، وشەکە خۆی ساڵی (١٨٩٦ز) وەک ناوێک بۆ پارتێک دانراوە کە لە کۆنگرەی ئایز ناخ لەلایەن هەردوو سیاسەتمەداری ئەڵەمان ئۆگۆست بیبل و ڤیلهێلم لیبکنێخت(١) دامەزراوە و خۆی بە ڕکەبەری پارتی مارکسیستەکان داناوە، ئەو پارتە نوێیە هەر لە سەرەتاوە وەک پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ و دروشمی تایبەتی خۆی کە لە ئاراستە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی جیا بکرێتەوە، دەستبەرداری خەباتی چینایەتی بووە، پشتگیری سیستمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری kapitalismus دەکات و کردوویەتی، ئەو ئاراستە سیاسییە هەر لە سەرەتاوە پێی لەسەر ئازادی داگرتووە و وای داناوە کە سۆسیالیزم بەبێ ئازادی، لە کردن نایەت، سۆسیالیزم تەنیا بەهۆی کەشوهەوای دیموکراتی جێبەجێ دەکرێت، لەلای خۆشییەوە دیموکراتی تەنیا هەر بە هۆی سۆسیالیزمەوە کامل و تەواو دەبێ و خەتوخاڵ دەدات، ئەو ئاراستەیە هەر لەسەرەتاوە پابەند بوونی خۆی بە دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی (١٧٨٩ز) ڕاگەیاندووە: ئازادی، یەکسانی، برایەتی!

ئەگەرچی بەریتانیا بە مەڵبەندی سەرەکی شۆڕشی پیشەسازی (سنعات) و پەرەسەندن و جێگیربوونی



**سان سیمۆن**

سیستمی سەرمایەداری دادەنرێ، بەڵام پرووشکی ئەو شۆڕشە بەر دەشتی ڕۆژئاوای ئەوروپا کەوتووە و ئاگری تێبەرداوە، لە فەڕەنسا و بەلچیک و ئەڵەمانیا هەست بە گۆڕانی کۆمەڵگا کراوە، دۆخی ئابووری کشتوکاڵی (زەراعەت)ی چینی دەرەبەگی- فیودالی بەرەو کۆمەڵگای پیشەسازی بورجوازی burgerlich بردووە، کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەروخسار و ناوەرۆکی نوێی جیاواز لە جاران سەرئاو کەوتوون و چاوەڕێی چارەسەرکردنیان کردووە! لەو چوارچێوەدا وەڵامی ئەو پرسیارە: چی بکرێ و بە چ ڕێگایەک سیستمی چەوسێنەری سەرمایەداری و بە سیستمێکی سۆسیال دیموکراتی بگوردرێ؟ ڕێگایەکی تری جیا لەو ڕێگایەی مارکس گرتوویەتییە بەر و ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ داوە و کۆششی بەدیهێنانی کردووە، دەرکەوتووە: ڕێگایەکی وای داناوە کە چارەسەری کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنیا بە ڕێگای سۆسیال دیموکراتی دەبێ، ئەمە چی دەگەیەنێ و دەکرێ چۆن شرۆڤە بکرێ و لێک بدرێتەوە؟!

فێردیناند لاسال (١٨٢٥-١٨٦٤ز) بەرابەری ئەو ڕێگایە نوێیە دادەنرێ و بەدامەزرێنەری ئەو پارتە ناسراوە کە لەو سەردەمەماندا لە سەرانسەری جیهانی پێشکەوتنخواز بەگشتی و لە ڕۆژئاوای ئەوروپا بە تایبەتی بە پارتی سۆسیال دیموکراتی ناودەبرێ، بەشێوازی تایبەتی خۆی بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی، ڕێگای کۆششی سیاسی و دیموکراتیانەی گرتۆتە بەر.

٢- ئەو ئاراستە سیاسیيەی کە بزووتنەوەیەکی کارای ئەمڕۆی ڕۆژئاوای ئەوروپایە، لەچوارچێوەی پارتی سیاسیدا ئایدیۆلۆجی خۆی بەرجەستە کردووە کە لە نێوان بزاڤێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و کراوەی ئاوێتەکراو بە ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی و برایەتی دارشتووە، لە مەیدانی هەڵبژاردن و دەنگدان و سیاسەتی سیڤیلی دوور لە توندوتیژی لە پەرلەماندا، بە ڕێگای دەستوور دەیانەوێ بەو ئامانجانە بگەن کە وەک دروشم لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە دەنگدەرانیان ڕاگەیاندووە و لە پەیڕەو و پرۆگرامە ناوخۆییەکانیاندا ڕەنگیان ڕشتووە.

لە دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، ئەم ناوە لە بەریتانیا لەنێو بڵاوکراوەکانی ڕۆبەرت ئۆین و ڕێکخراوەکەیدا لە ساڵی ١٨٢٧ز بەکارهاتووە.

وشەی سۆسیال و سۆسیالیزم لەلای سان سیمۆن ڕابەری سیاسی فەڕەنسا باو بووە و بەکارهاتووە، بە تایبەتی لە گۆڤاری ناوەندی لایەنگرانی ڕێکخراوەکەی ئەو کەسایەتییە، گۆڤاری گلۆب ساڵی ١٨٣٢ز بەکارهاتووە.

لەو گۆڤارەدا سان سیمۆن و لایەنگرانی کۆشاون کە سۆسیالیزم دوور لە توندوتیژی و بزووتنەوەی چەکدارانە بە دیموکراتییەوە ببەستنەوە، ئەمەش دواتر بووە بە دروشمی سەرەکی کاولسکی لە ئەڵەمانیا، دروشمی سۆسیالیزم بەبێ ڕەوشی دیموکراتی لە کردن نایەت.

بەپێی سەرچاوەکان، شۆڕشی سیاسی فەڕەنسا و شۆڕشی پیشەسازی - سنعاتی- بەریتانیا سەرچاوە و بنجوبناوانی پەیدابوونی ئەو بزووتنەوە سیاسیيە بوون.

## شۆڕشی فەڕەنسا

بەکاریگەرترین شۆڕشی جیهان و سەردەمی خۆی دادەنرێ کە ساڵی ١٧٨٩ز بەرپا بووە، بۆیە بە شۆڕش ناونراوە، چونکە هیچ هێزێکی چەکدار بەشداری تێدا نەکردووە، ئینجا نەخشە و هەلومەرج و ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و چینایەتی سەرانسەری ئەوروپای ئەوسای گۆڕیوە، کۆتایی بە قۆناغێکی

دووروودرێژی سارد و سڕ و ستەم هێناوە و بەهۆیەوە قۆناغێکی تری نوێ دەستی پێ کردووە، کۆمەڵگایەکی نوێ وردە وردە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا خەتوخاڵی داوە، مەڵبەندی هێز و دەسەڵات لە شار و باژێڕدا جێگای خۆی دۆزیوەتەوە، سیاسەت تەنگی بە ئایین هەڵچنیوە، چینی بۆرجوازی خاوەن پارە و سامان، چینی کرێکار کە مارکس بە پرۆلیتێر ناوی بردووە، دوو چینی کاری ئەو سەردەمە بوون، ئەو شۆڕشە هەر لە سەرەتاوە بەو سێ دروشمە ناسرابوو: ئازادی، برایەتی، یەکسانی.

بەڵام چ جۆرە ئازادییەک و بۆ چ چین و توێژێک؟ برایەتی لەگەڵ چ لایەنێک و لە نێوان چ چین و توێژێکدا، یەکسانی چۆن و لە چیدا؟ شۆڕش هیچ کاتێک ئامرازی دامەزراندن و بنیادنان نەبووە، بەڵکو هەمیشە بە گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی ڕەوش و بارودۆخێک و گۆڕینەوەی بە یەکێکی دیکە پەنای دەبرێتە بەر، بۆیە ئاساییە کە لە قۆناغێکی دواتری هەڵگیرسانەکەی بەلارێدا ببرێ، یان بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیکەی جیا لە هۆکاری هەڵگیرسانەکەی بەکار ببرێ، ئەمە بە تەواوەتی لە شۆڕشی فەڕەنسا بەدی کراوە، لە قۆناغی دواتردا سەری ڕۆڵە و ڕابەرەکانی خوارد و بەجۆرێک بەکار هات کە چاوەڕوان نەکراوە، ئەو سێ دروشمەی کە جێگای شانازی مرۆڤی پێشکەوتنخوازبوون، بەجۆرێک بەکارهێنراون لە ڕوخساری بێ گیان و ناوەڕۆک زەوت کراو بەو لاوە نەبوون! بەو پێیە چەندان گرفت و کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانیان شڵەژاندووە و کۆمەڵگاش لەلای خۆیەوە بە چین و توێژی ڕکابەری یەکتری دابەش بووە، ئەو ڕەوشە لە شکست هێنانی شۆڕشەکەوە کەوتووەتەوە، هزرمەندو سیاسەتمەدار و فەیلەسووفەکانی هان داوە لە بارەیەوە هەنگاو هەڵگرن و شتێک بکەن.

- لە کاتێکدا هزرمەند و فەیلەسووفان سەرگەرمی پەرەپێدان و داهێنانی لقێکی نوێی زانست و میتودەیەکی شیاوی تاووتوکردن و شیکردنەوەی ئەو کێشانە بوون بە مەبەستی دۆزینەوە و پێشنیارکردنی چارەسەر، لە ئەنجامدا سۆسیۆلۆجی (زانستی کۆمەڵایەتی) وەک زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوتووە.

- لەلایەکی ترەوە سیاسەتمەدار و سەرکردەکان خەریکی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی و سەندیکا بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕەوش و هەلومەرج و بارودۆخە نوێیە، پارتی، یان بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی، ڕێگایەک بووە لەو ڕێگا چارەسەرییانەی کە گیراونەتە بەر، سەرچاوەکەشی بیرکردنەوەکانی ئەوسای سان سیمۆن بووە کە لە شۆڕشەکەوە سەرئاو کەوتوون.


## شۆڕشی پیشەسازی (سنعات)ی ئینگلیز

دیادەیەکی سەیر و سەرنجڕاکێشە، تا ئێستا بە تەواوەتی لێک نەدراوەتەوە بۆچی چینی سەرمایەداری و شۆڕشی سنعات لە بەریتانیای مەزن پەیدا بوون و پەرەیان سەند، کەچی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا بە تایبەتی لە فەڕەنسا شۆڕشی سیاسی و تیوری سۆسیالیزم دەرکەوتوون، لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بە تایبەتی لە ئەڵمانیا فەلسەفە دەستبەکار بووە، هی هیگڵ بە فەلسەفەکردنی دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسا بووە(٢)؟ ئایا ئەمە دابەشکردنی ڕۆڵ و ئەرک و فرمانە لەلایەن مێژووەوە؟ یان پێوەندی بە توانایی و پێکهاتەی سروشتی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، هزری) هەر نەتەوەیەک بە جیا هەیە؟! لەلای ئینگلیز کردەوە، لەلای فەڕەنساییەکان سیاسەت و ئەڵەمانیش بیرکردنەوە!؟

ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بەریتانیا، بەهۆی دابەش بوونی کۆمەڵگا بەسەر چین و توێژی جیاوازدا، داگیرکردنی وڵاتانی تر کۆلۆنیالیزم، بەرپابوونی جەنگی ناوخۆ و دەرەکی لە وڵاتانی ئەوروپا، بەلارێدا چوونی شۆڕشی فەڕەنسا، بوون بە مایەی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە و دەرچوون لەو ڕەوشە ناهەموارە و دامەزراندنی دوارۆژێکی چاکتری چاوەڕوان کراو، چارەسەرەکان و ڕێگا پێشنیارکراو و نەخشە ڕێگاکان بە دوو ئاراستەدا تەکانیان داوە:

**یەک:** ئاراستەیەکی خەباتی چینایەتی و شۆڕش و گۆڕینی سەرلەبەری ڕەوشەکە.

**دوو:** ئاراستەیەکی دوور لە توندوتیژی و چاکسازی، لێرەدا پەنادەبرێتە بەر خەباتی سیاسی سیڤیلی و چالاکی پارتایەتی و هەڵبژاردن و پەرلەمان، ئەمەیان ئەو ڕێگایە بووە سۆسیال دیموکراتەکان گرتوویانەتەبەر، ڕێگایەک بە پێچەوانەی ئاراستەکەی ترەوە مەبەستی نەبووە و نەیویستووە گۆڕانی سەرتاپاگیر بکات، بەڵکو هەوڵی



کارڵ مارکس

داوە لە چوارچێوەی هەلومەرج و ڕەوشی لە ئارادابوودا سیستەمە، ڕێژیمە نەرمەکە بپارێزێ، یان هەر نەبێ لە چوارچێوە گشتییەکە دابمێنێتەوە و بەڕێگای سیاسی- ئاشتییانە چاکسازی بکات، لایەنە چاکەکان پتر پەرە پێ بدات و بەرەوپێش بەرێ و مەرجی بەردەوام بوونی بۆ دەستەبەر بێ، کەموکوڕییەکانی پڕ بکاتەوە، هەڵەو چەوتییەکانی ڕاست بکاتەوە، سوود لە تاقیکردنەوەی ڕابوردوو وەربگرێ و ڕێگا نەدا ئەوی چەوت و نالەبار بووە، جارێکی دیکە ڕوو بداتەوە و سەرئاو بکەوێ.

ئەو بۆچوونە لەسەرەتاوە گریمانەی ئەوەی کردووە کە پەرەسەندنی ئاسایی سروشت و خەسڵەتی سەرەکی ژیان و کۆمەڵگایە، ئەوی ئێستا لە ئارادایە بە نەزم و سیستەم و ڕێژیم و پێوەندییە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگاو ژیانەوە ئەنجامی ئاسایی ئەو پەرەسەندنەن و لەلایەکی ترەوە ڕەوشی لە ئارادا بوو، توانایی ژیری مرۆڤ بەرجەستە دەکات کە هەر ئەوەی لە دەست هاتووە و توانیویەتی ئەوە بەدی بهێنێ، تێکدانی سەرلەبەر و سەرجەمی ئەو دۆخە لە ئارادا بووە، جگە لە گومان و دڵ کرمێ بوون، بە هەند نەزانینی توانایی مرۆڤە کە تاوەکو ئێستا هەر ئەو بارودۆخ و نەزمەی داهێناوە، بۆیە ئەگەر باوەڕ بە ڕۆڵی داهێنەرانەی مرۆڤ بکرێت، دەبێ پەرە بەوە بدرێ کە لە ئارادایە، نەک هەڵبوەشێنرێتەوە! ناکرێ ئەوی هەیە و لە ئارادایە سەرتاپا بە بەد و ناشایستە دابنرێ و کۆششی لەناو بردن و سڕینەوەی بکرێ! ئەو جیهاندیدە لەو هەڵوێستانەدا بەرجەستە بووە کە سۆسیال دیموکراتەکان بەرانبەر بە کۆمەڵگا و چین و توێژەکانی، بەرانبەر بە نەتەوە و ئایین و نەزمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و قانوون و دەوڵەت و خەبات و تێکۆشان ئەرک و مافی مرۆڤ و دواڕۆژ چۆن دەبێ، هەیانبووە و نواندوویانە! هەر لەو چوارچێوەیەدا لەنێو کایەی توێژینەوە و دوور لە سیاسەت، بۆ تاووتوکردن و لێکۆڵینەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە بەهۆی شۆڕشی هەڵگیرساوەوە یەخەی کۆمەڵگایان گرتبوو، زانستێکی نوێ لە فەلسەفە جیا کرایەوە و سەربەخۆیی خۆی لە میتودە و کەرەستەی توێژینەوە پێ بەخشراوە، زانستی کۆمەڵایەتی سۆسیۆلۆجی کە بە عەرەبی (عیلمی ئیجتیماعی) پێ دەگوترێ، بەو پێیە پەیدابوونی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی (کە دواتر بوو بە پارتێکی سیاسی) داهێنانێکی ئەو سیاسەتمەدارانەی ئەوروپایە کە دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەنجامە سەرتاپاگیرە لە بار و نالەبارەکانی ئەو شۆڕشە سیاسی، ئابووری و فەلسەفەییە نەرم کردبوو کە وردە وردە لەگەڵ بەرەو ئاوابوونی خۆری فیودالیزم- دەرەبەگایەتی و دەرکەوتنی پێشەنگی کاروانی بەهاری نەزمی نوێی کۆمەڵگا «سەرمایەداری» (کەپیتالیزم) لە ئەوروپا بەرپا بووە.

٣- لەنێو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتدا بە ئاشکرا جیاوازی بیروڕاو بۆچوون دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەکان و نەخشە ڕێگای دامەزراندنی دواڕۆژ سەرنجڕادەکێشێ، ئەو جیاوازییە چۆن لێکدەدرێتەوە؟!
وەڵامی ئەو پرسیارە لەو ڕەوش و دۆخە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجییەی هەر یەکێک لە سێ وڵاتە سەرەکییەکان دەکەوێتەوە کە ئەوکاتە دەستبەکار و لە ئارادابوون: بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵەمانیا، ئەمە چۆن تێی دەگەیشترێ؟

- بەریتانیای مەزن کە مەڵبەندی خەتوخاڵدانی سەرمایەدارییە و تێیدا شۆڕشی سنعات (پیشەسازی) بەرپا بووە، چینی سەرمایەدار لەو وڵاتە ئەوسا و بەپێی پێوەری ئەو سەردەمە گەیشتووەتە چڵەپۆپەی پەرەسەندنی و توانیویەتی تاڕادەیەک چینی کرێکار لە چالاکی و

خەباتی توندوتیژی دوور بخاتەوە، لە بەرانبەر ئەو ڕەوشەدا چەند سەندیکاو ڕێکخراو و دامەزراوی دیموکراتییانە پەیدابوون و هاندەری چینی کرێکار بوون لە ژیانی سیاسی ولاتداو لەڕێژیمدا بەشداری بکەن و لەبەڕێوەبردندا ڕۆڵیان هەبێ، بەو پێیە توندوتیژی چینایەتی لەو کۆمەڵگایەدا بەو ڕادەیەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا نەبووە کە ببێتە مایەی ئەوەی سیاسەتمەداران پێشبینی بەرپابوونی جۆرێک لە «شۆڕش» بکەن، ڕاستە سەرمایەداری فەرمانڕەوای ئینگلیز کێشەکانی هەناردەی دەرەوە کردووە و ولاتانی دیکەی داگیرکردووە، ئەو داگیرکردنە، شان بە شانی چاکسازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناوخۆیدا، لە دوو لاوە لەبار و پۆزەتیڤ هەڵسەنگێنراوە:

**یەکەم:** لەو ولاتە داگیرکراوەکان (کۆلۆنی) چینی هەژار و چەوساوە کراون بە دۆستی چینی کرێکار و تێکۆشەرانی ولاتە داگیرکەرەکە.

**دووەم:** ئەو داگیرکردنە، جگە لەوەی ئەو کۆمەڵگا داگیرکراوەی بە پەرەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ولاتەکەی خۆی ئاشنا کردووە، دەرگای پەرەسەندنی پیشەسازی و جۆرە سەرمایەدارییەکی لەبەردەمدا کردوونەتەوە، هەردوو ولاتی پانوبەرین و فرە نەتەوە و کولتووری هیندستان، پاکستان نموونەیەکی بەرچاوی ئەو ڕەوشەن کە لەلایەن بەریتانیای مەزنەوە داگیرکرا بوون، ئەو ڕەوشە دەکرێ بە هۆکارێک دابنرێ- بە هەردوو لایەوە، چاکسازی و تەکاندان بەرەو دەرەوەی ولات- بۆچی، بە پێچەوانەی بۆچوونی سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوای ئەورووپا- لە بەریتانیا شۆڕشی کرێکاری- پرۆلیتاری- هەڵنەگیرساوە!!

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە سیاسی و ئابووری و ئایدیالۆجی و فەلسەفەییەی بەسەر کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا و بەریتانیای مەزندا هاتووە، سیاسەتمەدار و هزرمەندان، هەریەکە لە ڕوانگەی شیکردنەوەی ئەو ڕەوشە لەلای خۆیەوە، چاوەڕوانی دوو جۆرە شۆڕش- گۆڕان- چاکسازییان کردووە:

**یەکەم:** شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی، کە ئامانجی خۆی لە پاراستنی ڕێژیم و سیستمە کە لە چوارچێوە گشتییەکەداو چاککردنی کەموکوڕی و پڕکردنەوەی کەلەبەرەکانی و هەوڵدان بۆ بەرەوپێش بردنی بەڕێگای ئاسایی دوور لە توندوتیژیدا دیتووە، ڕابەرانی ئەم ئاڕاستەیە دواتر بۆ سۆسیال دیموکراتەکان ناسراون، ئەو ئاراستەیە پشتی بە گریمانەیەکی ئایدیۆلۆجی- فەلسەفەیی بەستووە، دەکرێ بەو جۆرە ڕوون بکرێتەوە:

- پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگا هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ، ئەنجامێکی هەوڵ و کۆششیماندوونەناس و نەپساوەی مرۆڤایەتی بووە، توانایی ژیری مرۆڤ هەر ئەوەی لە دەست هاتووە کە ئێستا هەیە و لە ئارادایە هیچ کار و بەرهەمێک بەبێ کەموکورتی نابێ، ئاسایی ئەوەیە بە پێوەرێکی ڕاستەقینەو بە چاوێکی واقیعبین هەڵبسەنگێنرێ و سەرنج بدرێت، بەڵام هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری سیستم و نەزمی لەئارادا بوو بە توندوتیژی و شۆڕش و خەباتی چەکدارانەی (چینایەتی) و هێنانی ڕەوشێکی تر و دانانی لە جێگاکەیدا لەگەڵ سروشتی بنەماکانی ژیان و چالاکی و پەرەسەندنی ژیریدا ناگونجێ! ئەو ژیری و تواناییەی ئەو ڕەوشەی ئێستای داهێناوە هەر خۆی دەتوانێ گۆڕانی بەرەو چاکتر (چاکسازیی) تێدا بکات بە جۆرێک لە چوارچێوە گشتییەکاندا ئاوات و ئامانج و داخوازییەکانی مرۆڤ دەستەبەر ببێ، لەو ئاراستەیەدا چین و خەباتی چینایەتی بە هەند دانانرێن و مەسەلەی نەتەوە و نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز جێگای بایەخ پێدان دەبێ، نەتەوەخوازییەک کراوە، باوەڕ بوو بە برایەتی و یەکسانی و ئازادی و پێکەوە ژیان، ڕزگاربوونی نەتەوە، بەپێی ئەو بۆچوونە لەسەر ئەو شۆڕشە نەوەستاوە کە پرۆلیتاریا بەرپای بکات و تێکڕای کۆمەڵگا ڕزگار بکات! نەتەوە لێرەدا وەک دیاردەیەک سەرنج نادرێ کە بەهۆی پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا و خەباتی چینایەتییەوە ڕۆڵی نەمێنێ و وەک بزووتنەوە و هەست و هۆشیاری کاڵ ببێتەوە، بەڵکو ڕاستییەکە هیچ کاتێک دابەش بوونی کۆمەڵگاو پەرەسەندن و گۆڕان سەرکەوتنی پرۆلیتاریا و مان و نەمانی بۆرجوازییەت چ وەک چین و چ وەک نەزم و سیستم و ڕێژیم لە ڕۆڵ و هەست و نەست و بوونی نەتەوەیی کەم ناکەنەوە تەنانەت لە ولاتە داگیرکراوەکانیشدا هەستی نەتەوەیی، نەک چینایەتی، هاندەری خەبات و بەرگری و ڕزگار بوون بووە، ئایینی سەرتاپاگیر و جیهانی، عیسایی (مەسیحی-کریستیان) بە هەزار ساڵ نەیتوانی هەتا سەر وا لە باوەڕپێهێنەرانی

بکات کـە (ئوممەتی یەسـوعی مـەسـیـحین)، بەڵکو پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی شارستانیەت هەستی شانازی کردنی بە نەتەوە پتەو و گەرموگوڕ کردووەتەوە، ئەڵەمانییەک وا هەست دەکات کە ئەڵەمانە پێش ئەوەی کریستیان (گاور - مەسیحی بێت).

هەڵوێستی ئەو ئاراستە سیاسییە سەبارەت بە دەوڵەت ئەوپەڕی سـەرنجـڕاکـێـشـە، دەوڵەت بە هیچ جـۆر و شـێـوازێک وا دانەنراوە کـە ئامـرازێکی چەوسـاندنەوەی چینایەتی بێت و سوودی دەست ڕۆیشتووی کاربەدەست بە چەوساندنەوەو ڕووتاندنەوە و کۆنترۆڵکردنی تێکڕای کـۆمـەڵگا بەکـاری بهـێـنێ، نا! دەوڵەت دامـەزراوێکە تایبەت نیـیە بە چین و توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا، بەڵکو سیـمبۆلی سەروەری و سەربەرزی و سەربەخۆیی سەرجەم نەتەوە و کۆمەڵگایە، هەر بەهۆی ئەو دامەزراوە و بە سایەی ئەو دەزگایە، دەکرێ یەکریزی نەتەوە و گەل بپارێزرێ و چاکسازییەکانیش بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە و لە هەموو کایەکاندا جێبەجێ بکرێت!

ئایین و سـیـاسـەت لە یەکـتـری جـیـاوازن، ئایین دیاردەیەکی کـۆمـەڵایەتـیـیـە، لە چوارچێـوەی ئازادی تاکـەکـەسـاندا بە هەند وەردەگـیـرێ و ڕۆڵ و کـاریگەری تایبـەتی خۆی هەیە، ئەو ڕۆڵە پراکتیـکیـیـە، کردەکیـیە پراگماتییەی ئایین ناکرێ بە نادیدە بگیرێ، بە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایین لەسەردەم و قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پێداویستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتی بووە و ئەرک و فرمان و ئامانجی دیار و دەستنیشانکراوی لە ئەستۆدا بووە، تا چەند لە ئاستی ئەو ئۆباڵ کێشـانەدا بووە؟ وەڵامـەکە لە چوارچێـوەی ئەو نووسینە دەچێتە دەرەوە!!

**دووەم:** شۆڕشی پرۆلیـتاری- سۆشیـالیـزمی، ئامانجی ئەم ئاراسـتـەیە بە تەواوەتی بە پێـچـەوانەی ئاراسـتـەی یەکەمی «سۆسیال دیموکراتە». ئەو ئاراستەیە لە ڕوانگەی چین و چینایەتییەوە سەرنجی ڕەوش و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی کۆمەڵگا دەدات، خەباتی چینایەتی، شۆڕش، چینی کرێکار کە لە ئەورووپا ئەوسا بە پرۆلیـتـێـر ناوبراوە، ئەو ڕیگایەیە کـە دەبێ بۆ گەیشتنە ئامانج پەیڕەو بکرێت و بگیرێتەبەر، گۆڕینی شۆڕشگێـڕانەی سـەرتـاپاگـیـری کـۆمـەڵگا، دەوڵـەت کـە سـروشـتـێـکی چینـایـەتی هەیە، لەناوبردنی ڕژێمی چەوسێنەر و قۆرخکار و لەناوبردنی سیستمی چینایەتی و سـتـەم و دەسـتـبـەسـەرداگـرتن، ئەو ئامانجـەیە کـە ئەو ئاراسـتـەیە کـردوویەتی بە شـا دروشم، مـارکس و لایەنگرانی ڕابەر و نوێنەری ئەو ئاراستەیەن(٣).

٤- ئەڵـەمـانیـا بە مـەڵبـەندی سـەرەکی پەیدابوون و گـەشـەکـردنی بزووتنەوەی سـۆسـیـال دیموکـراتی هەژمـار دەکرێ.

لە هەردوو کـۆنفـرانسی گـوتا (سـاڵی ١٨٧٥ز) و کۆنفرانسی ئێرفۆرت (ساڵی ١٨٩١ز) ڕەنگی پرۆژەیەکی سەرتاپاگیری ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی سـەردەم و پاشـەڕۆژ داڕێـژراوە، لەو بزووتنەوەیەدا ڤلهێلم لیبکنێخت و ئۆگیست بیـبل و ئیدوارد برنیشتاین و کارل کاولسکی ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە، بەڵام سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەو بزووتنەوەیە، فـەردیناند لاسـال (١٨٢٥-١٨٦٤ز) بەڕابـەری ڕاسـتـەقـینەی ئەو بزووتنەوەیە دادەنێن، لەبەرانبـەر مانیـفێستی کۆمۆنیستی مارکس و ئینگلزدا، لاسال بڵاوکـراوەی «بەرنامـەی کـرێکاران»ی داناوە، ئەو بەرنامەیە بووە بە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی بزووتنەی سۆسیـال دیموکراتی ئەڵەمـان و لە هەردوو کـۆنفـرانسی ناوبراودا تاووتو کـراوە و کـاری لەسـەر کـراوە، لاسـال بەپێچەوانەی مارکسەوە داوای کردووە دەوڵەت لە ئەرک و فرمانیدا بێ لایەن بێت، سوود و قازانج و بەرژەوەندی هەمـوو چین و توێژەکـانی کـۆمـەڵگا بێ لایەنگـیـری بپـارێزرێ، بەشـداربوونی کـرێکاران لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا و کـاروباری دەوڵەت، هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ پەرلەمان کە دەزگایەکی قانوون دارشتنە بەلای لاسالەوە داوایەکی ڕەوایە و دەبێ پشـتگیـری بکرێت و کـاری بێ وچانی بۆ بکرێت، ئەو سـیـاسـەتمەدارە بە تەواوەتی لەو باوەڕەدا بووە کـە توندوتیـژی و خـەباتی چینایەتی هیچ کـاتێک ئەو ئامـانجـە ناپێکێ کـە کـرێکاران هەوڵی بۆ دەدەن، دیموکراتی بە ڕێگای ئاشتییانە دەستەبەر دەبێ.

### بنەما بنەڕەتییەکانی ئەو بزووتنەوەیە

هەر لەسـەردەمی لاسـالەوە و دواتر لەلای کـارل کاولسکی سۆسیالیزم بەبێ دیموکراتی نە بوونی دەبێت و نە لە کـردن دێت، سۆسـیـالیـزم و دیموکراتی تەواوکـاری یەکـتـرین و لە یەکـتـری دانابڕێن و جـیـاناکـرێنەوە، بۆیە

سۆسیالیزمی دیموکراتی دروشمی سەرەکی بزووتنەوە و پارتی سۆسیال دیموکراتەو هەوڵی جێبەجێ کردنی دەدات، بەڵام مەبەست لەو سۆسیالیزمە دیموکراتییە چییە؟! چ ئەرک و ڕۆڵێکی لێ چاوەڕوان دەکرێت؟!

– سۆسیالیزمی دیموکراتی هەوڵ دەدات نەزمێکی چاکتر و نوێ بۆ کۆمەڵگا دابمەزرێنێ، کۆمەڵگایەک تێیدا هەموو تاکەکەسێک کەسایەتی خۆی گەشە پێ بدات و وەک ئەندامێک بتوانێ ئەرکی ژیانی سیاسی و ئابووری و کولتووری سەرشانی بەرانبەر مرۆڤەکانی دیکە جێبەجێ بکات و کارابێ.

– ئامانجی سۆسیالیزم دامەزراندنی نەزمێکی نوێی چاکتری کۆمەڵگایە لەگەڵ گرتنەبەری ئەو ڕێگایەی بەرەو ئەو مەبەستە دەچێ، فۆرمی نەگۆڕی ئامانج و ڕێگا کە دەبێ هەلومەرجەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کە هەمیشە لە گۆڕانی نەپساوەدان لەبەرچاو بگرێ: سۆسیالیزم ئەرکێکی بەردەوامە، تەقەللایی ماندوونەناسی دەوێ، چەند بنەمایەکی ئاکاری ناوکۆیی و هاوبەشی بەهاکان وەک ئامانجێکی سیاسی، سەرەڕای جیهاندیدێکی یەکەی یەکگرتووی فەلسەفەیی و زانستی سۆسیالیستە دیموکراتەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، بەها و دروشمی:

ئازادی، داد و دادپەروەریی(٤)، Solidaritat ئەو بەها بنەڕەتییانە ئەو بنچوبناوانەن کە داخوازییە سەرەکییەکانی سۆسیالیزمی دیموکراتی دیار و دەستنیشان دەکەن و لێیانەوە سەرچاوە دەگرن.

– ئازادی لەخۆیدا ڕزگارییە، ئازادبوونە لە ملکەچی نەفرەت لێکراو، دەرفەتێکە بەپێی پێداویستییەکانی داد و هاوکاری و یەکسانی کەسایەتی مرۆڤ ئازادانە گەشە بکات و پێش بکەوێ! ئازادی تەنیا ئەوکاتە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا دەکرێ ببێ بە ڕاستییەکی ڕاستەقینە (واقیعی) و سنووری ئەندێشە ببەزێنێ و دوور بێ لەوەی تەنیا دەسکەوتی تایبەتی تاقمێکی کەمینەی دەستبژێر بێ، ئەگەر هاتو هەموو کەسێک، مرۆڤەکان بەڕاستی دەرفەتی (ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری) گەشەکردنی Entfaltung ئازادیان هەبێ.

داد و دادپەروەری دەستەبەری ئازادی تاکەکان دەبێ لەوەدا و بەوەی کە لە کۆمەڵگادا مافی وەک یەک و دەرفەتی یەکسانی شانسی ژیانیان بۆ دابین بکات.

– هاوکاری، کۆمەک، لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاران و سۆشیالیزمی دیموکراتیدا ڕۆڵێکی یەکلایی کەرەوەی گێڕاوە، لەو سەردەمەشدا لە خەبات و تێکۆشاندا لە پێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مرۆڤپەروەر بایەخێکی ناوەندی هەیە، بنەمای بنەڕەتی ئابووری- کۆمەڵایەتی کۆمەک و هاوکاری ئەوە کە دەبێ بێ قەید و مەرج ئیش و کار، کۆمەڵایەتیانە دابەش بکرێت، هاوکاری هەست کردنە بە ئەرکی سەرشان و ئۆباڵی ئەستۆ بەرانبەر بە مرۆڤێکی دیکە و هیچ کاتێک سنووری نەتەوە و دەوڵەتەکان نابنە کۆسپ و ڕێگر لە بەردەمیدا، هەموو جۆرێکی بیروباوەڕی سەرتاپاگیر و تۆتالیتێر و زرە شۆڕشگێڕ ڕەت دەکاتەوە، چونکە خۆی ئەرکی سەرشانی مرۆڤی ژیری ئازاد و هۆشیارە!

– سۆسیالیزمی دیموکراتی هەڵوێستی دۆستانەی بەرانبەر بەکڵێسە و ئایین و دامودەزگا و ڕێکخراوە ئایینییەکان هەیە(٥). ئەوان بە بەشدار و هاوبەشی تێکۆشانی خۆی دەزانێ لە پێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مرۆڤ پەروەردا.

– ئازادی سیاسی پێشمەرجی هەرە گرینگ و سەرەکی ڕزگاربوونی ئابووری چینی کرێکارانە(٦). کێشەی کۆمەڵایەتی (سۆسیال) هەرگیز لە هی سیاسی دانابڕێ و جیا ناکرێتەوە، چارەسەرکردنیشی هەر بەهۆی ئەوەوە دەبێ، ئەمەش تەنیا هەر لەنێو دەوڵەتی دیموکراتیدا لەکردن دێت.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Susane Miller und Heinrich Pot-thoff:- Kleine Geschichte der SPD. Bonn 1988. S.13.**

**2- Joachim Ritter: Hegel und die fran Zosische Rovolution. In: Metaphysik und Politik. Stw 199. Frankfurt am Main 1977. S.192. ff.**

**3- Karl Marx und Friedrich Engles: Ausgewalte Schriften in Zwei Banden. Bd.I. Dietz Verlag Berlin (ost) 1955 S.338. ff.**

**4- Susane Miller und Heinrich Potthoff: Ebenda. S.418.**

**5- Susane Miller und Heinrich Potthoff: Ebenda. S.419. ff.**

**6- Programm der Sozialdemokratischen Arbeiterpartei. Eisenach 1869. In: Susane Miller und heinrich Potthoff. Ebenda. S.308.**


# لە مۆڵەتی مێژوودا!

محەمەد تەها حوسێن
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

یەکەم مرۆڤ کە هاتە ژیان ئەوەندەی پێنەچوو ئەبڵەق بوو!! دۆخی ئەبڵەقی مرۆڤەکان درێژترین ماوەی لەم ژیانەدا و لە مێژووەکەیدا تۆمار کردووە، ئەبڵەقبوون مانای حاڵی نەبوون و تێ نەگەیشتن و پەی نەبردنە بە شتەکانی دەوروبەری و بە هەموو ئەو گۆڕان و وەرچەرخانانەی ڕوودەدەن، کەسی ئەبڵەق هەمیشە برسیی هزرە و تا بەو حەپەساوییە بمێنێتەوە هەمیشە هەر برسییە و ناگاتە ئاستی هەرە نزمی ئارامی و هاوسەنگی هزری و دەروونی و عەقڵی و بەردەوامیش لە شڵەژانێکی فیکریدا دەبیاتە سەر.

شڵەژانی هزری بەرەنجامی خواستێکی ئەزەلی تاکەکانی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارە عەقڵییەکان کە کەسێک پێویستی بە خواردن بێ، ماوەیەکی کورت جەستە و هەناوی دەشڵەژێ و ناهاوسەنگ دەمێنێتەوە و هەر کە خواردنی دەسکەوت، ئیدی فیزیکییانە ماشێنە جەستەییەکە باڵانسی خۆی وەردەگرێتەوە کە تینووش بوو هەر بە هەمان شێوە، کە ترسێکی لێ نیشت دیسانەوە دەشڵەژێ و کاتێ سەرچاوەی ترسەکەی نەهێشت، ڕوح و جەستەیەکی ئارامە، بەڵام خواست و پێویستییە عەقڵییەکان لەوێ ڕۆژێوە لە دنیا و دەوروبەری خۆی حەوق ماوە و حەپەساوە تا دەیان و هەزاران ساڵ نەک هەر تێر نەکران، بەڵکو هەر بەو حەپەساوییە هێشتوویانەتەوە.

مانەوەی هزرکردنی تاکەکان بەم شێوە سەرەتاییە تا ماوەیەکی درێژ بەستراوەی دەیان لێکدانەوە و شیکردنەوەی فەلسەفی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کوولتووری و ئەنترۆپۆلۆژی جیا جیایە، هزرکردن هەمیشە (بابەت)ێکی پێویستە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بەرخورد بکات و دواتر لە هاوکێشەیەکی (خود و بابەت)دا کارلێک بکەن، دەرنەچوونی خودی



فرۆید

ساویلکەیی ئەوێ ڕۆژێی مرۆڤ لە خۆیەوە بۆ هەبووەکانی دەوروبەری و بەرزبوونەوەی بەرەو ئەودیو دیاردە لێ حاڵی نەبووەکـــان، لە خـــودی خـــۆی هەرەتەی کـــردووە و لە فەزایەکی تێرسێندێنتال (میتا- ئەودیو عەقڵ) ئاسمان ئاسمان دەگەڕێت و چیرۆک لەسەر چیرۆک و دەق لەسەر دەق بۆ تێرکردنی پرسیارە بێ وەڵامەکانی دادەڕێژێ.

عـەقڵ توانایی تاکـە لەسـەر درککردنی جـیـهـان و هزراندن، تاک دەباتە قووڵایی شتەکان و ڕاستییەکانی بۆ دەردەخا و سیستمی بەهاکانی بۆ دادەمەزرێنێ، هەمیشە بابەتێکی هەنووکەیی و ئێستایی پێوبستە و بەو پێیەی کەسەکان بەردەوام ڕووبەڕووی شت و شمەکەکانی بوونە ئیستێییەکەی خۆیانن، ئەوە هەر بەرز بوونەوەیەک لەسەر ئەم کات و شوێنە دەمانباتە کات و شوێنی دیکە کە جگە لە ناشوێن و ناکات هیچی تر نییە، عەقڵ لە جەدەل و داینامێکییـەتی پێوەندی نێوان مرۆڤـەکان خـۆیان و پێوەندییان لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریان کە لە هەمان کـــــاتـدا دەبـن بـە بـابـەت دروست دەبـێ و بـیـنـین و هەستکردنی فیزیکییانە لە لایەک و دواتر گونجاندنی ئەم هەسـتـــە لەگـــەڵ ئەوەی پێی دەوترێت (واقـــیع) لە هاوکێشەیەکی هاوسەنگدا عـەقڵانییـەتمان بۆ نمایش دەکات.

لەوەتەی مـرۆڤەکان بە جیاوازی کۆمـەڵگەکانیـان، لە سەفەری تێرسێندێنتالن و شایگان وتەنی مۆڵەتیان لە مێژوو وەرگرتووە(۱)، لەو دەمەوە لە ئێستای خۆیان ناژین و هەمیشە ژیان لای ئەوان لە شوێنێکی تر بووە (۲). کـەسی عـاقڵ لەو زەمـەندا ئەوە بووە کـە ئایکۆنەکانی میتاعەقڵ پەسەند بکات و سەر بۆ سیحری میتۆلۆژی چیرۆک و حیکایەتە گەورە و بچووکەکان بلەقێنێ، حیکایەتەکان و پاڵەوانەکانی نێویان بە دوو جۆر چێژیان بەخشیوەتە ئەم تاکە بەستە زمانانە، لە سەرێکیان ئیستێتیکای ڕووداوە سەروو عەقڵەکان، حەسانەوەیەکی عەقڵی پێ بەخشیون و لە قورسایی هزرین و هزراندن ڕزگاری کردوون و لە سەرەکەی تریشەوە لە بچووک بینینی خۆیان و ئەم حاڵی نەبوون و حەوقمانە هەستیان بە زەوتبوونی خۆیان لە لایەن هێزە بزوێنەکانی پشت حیکایەتەکان کردووە، تەنانەت ماندووشیان پێیان حەساوەتەوە.

هیگڵ لە فینۆمینۆلۆژیای ڕوح قسە لەسەر ژیانی تاکەکان (وەک خۆیان)(۳) دەکات و پێیوایە دەبێ لە ژیانی عەقڵیماندا لەم سەرزەمینە ئەوەندەی تواناییمان پێی دەشکێ، بژین و بەدەر لەم ئەلتەرناتیڤە هەڵگەڕانەوەیە لە عەقڵ، هەر بۆیەش هیگڵ هەموو ئەوانەی لەم دنیایە و بۆ ئەم دنیایە ناژین بە مورتەد و هەڵگەڕاوە لە قەڵەم دەدات.

هیگڵ زۆر باش ئەوە دەزانێ کە نەژیان ئێستا مانای ڕاکردن لە بەکاربردنی عەقڵ دەگەیەنێ و ئەوکاتیش بیرکردنەوە و هزراندن نابێ بەو کردە چالاکەی تاکەکان و کۆمەڵگەکانیان تا دێ ژیانی خۆیان بە شێوازی خۆیان دابهێنن، هەڵگەڕاوەکان ئەوانە نین کە لە هەموو هەنگاوێکیاندا دیاردە هەمەجۆرەکان بە عەقڵ و کات و شوێنی ئێستا و واقیع دەپێون، ئەوانە مورتەد و هەڵگەڕاوەن کە بۆ هەر هەنگاوێک، هەر بڕیارێک، هەر هەڵوێستێک کە بیرکردنەوەی تێدا بێ، لە خۆیان دەچنە دەر و لەولا و ئەم لا و لەو تێکست و ئەم تێکست، لەو کاهین و لەم کاهین، لەو ئاخوند و لەم ئاخوند بۆ وەڵامی ساز و ئامادە دەگەڕێن و تا دەشمرن مێشکیان ئەوەندە ئەزیەت نادەن سووکە سەرئێشەیەکیان بگاتێ.

ئەم ڕاکردن و حەوقمانە لە نێو تێکستی میتۆلۆژی سیحری و یۆتۆپیدا هەمیشە بەرەو ئەو لێوارانەی دەبردین کە لێیانەوە ئارامییەکی ڕوحی و ڕەوانیمان دەست دەکەوت، لەوێ مۆڵەقبوونەکەمان دادەمرکایەوە و

ئەوەندەی پێ نەدەچوو سەر لە نوێ بە دەرکەوتێکی دیکە سەرسام دەبووینەوە و ئەوجا وەرە بە دوای حیکایەتێکی دیکەدا بگەڕێ وەڵامی بۆ ئەو سەرسامییەت پێ بێت و ئەگەر نەشبوو، ئەوە ئەوەندە زەحمەت نەبوو ئەوەی پێمان خۆش بوو و هەمیشە خەونمان پێوە دەبینی و هەردەم هیوامان بۆ دەخواست لە سیمبۆلێکدا بەرجەستەمان دەکرد و دیسانەوە مێشکی حەپەساومان پێ دەحەساندەوە.

گرنگ ئەوە بوو هەمیشە مێشکمان حەساوە بێت و بەو بابەت و ئەم بابەت سەرقاڵ نەبێ، مرۆڤەکان جارێ ئەوەندە نین خزمەتی عەقڵ بکەن و لە تواناییەکانی جەستە و غەریزەکانیان بگرنەوە و بیبەخشنە عەقڵ تا بە هۆیەوە بچنە نێو دنیایەکی دیکە کە ها ئەوەتا تێیدا دەژین و لێی هەڵاتوون، ها ئەوەتا و نایناسن، ها ئەوەتا و تێی ناگەن و نەیانویستووە پەی پێ بەرن.

ئەم سادە لەوحییە عەقڵی و ڕوحییە بووەتە کەرەستەیەکی هەرە پڕ بەهای کاهینەکان و عەبدولڕەزاق جوبران وتەنی: لێیان بوونەتە نوێنەری یەزدان و ئەوان لای خۆیانەوە بوونەتە قیبلەیان و هەردەم ڕوویان بۆ وەرچەرخاندوون، ئەو حاڵەتی بێ هۆشییە گەلێک لە مێژە لە کاردایە و نەیهێشتووە مرۆڤەکان هەرگیز هەست بە جووڵەی زەمەن بکەن، هەر بۆیەش مێژوو لەوێ ڕۆژێوە وەستاوە و هەمیشە هەر خۆیمان بۆ دووبارە دەکاتەوە لە کەس و کۆمەڵ و تێکست، هیچ کاتێکیش زەمەن خۆی بە دەرکەوت و دیاردە عەقڵییەکان نەگرتووە، چون هاوڕێبوونی عەقڵ و ڕێ ڕۆیشتن لەگەڵیدا وامان لێ دەکات هەست بە جووڵە بکەین و لە بنچینەشدا هەر ئەم جووڵەیە زەمەنمان بۆ دێنێتە کایە، بەدەر لەمە زەمەن لە خولگەیەکی بازنەییدا دەخولێتەوە، سەرەتا و کۆتایی وەک یەکە و هەر ئەمەشە زەمەنی ئەفسانەیی(٤).

لە سەردەمە هەرە دێرینەکانەوە واین لە نێو زەمەنی میتۆلۆژی و ئەم ئاستە هزرییە سەرەتاییە بووەتە چوارچێوەی مەرجەعی جیاجیا و شت و دەقی سەیروسەمەرەی بۆ هێناوینەتە ئارا! هەندێکیان بوون بە ئایین و هەندێکیشیان بە عورف و عادەت و هەندێکیشیان بە توراس، ئەمانە هەرچی مێشکمان دەیویست تێیاندا بوو، لە دەرەوەیان دنیایەک نەبوو نێوی عەقڵ و بیرکردنەوە بێت، عەقڵێکی سەرووی عەقڵی مرۆڤەکان هەبوو لە ئایکۆنی سەیر سەیر بەرجەستە دەبوون و هەر گرووپ و کلانە بۆ خۆی ڕاستییەکانی!! لێ هەڵدەهێنجا، ئەم سەنەمییەت و بت داتاشینە، جگە لە زیندە بە چاڵکردنی عەقڵی بێ خەوش، چیتر نەبووە و هەردەم مرۆڤەکان پێیان وابووە ئەوەی لە خەیاڵی خۆیان دەیانکا بە سووپەر مرۆڤ لەو واقیعە نایەتە دی و ئەو بوونە سووپەرەش هەمیشە لە دەرەوە و سەرەوەی ئەوانە.

بت پەرستی لەگەڵ هاتنی هیچ کام لە ئایینە خاوەن تێکستە ئیلاهی و ئاسمانییەکان کۆتایی پێ نەهات و ئەگەر ڕۆژگارێک ئایینە ئاسمانییەکان، بە تایبەت هەر سێ ئایینە یەکتا پەرستەکە (یەهوود و کریستیان و ئیسلام) ویستبێتیان مرۆڤ لەم هەموو بت و سەنەمە ڕزگار بکەن و بیبەنە سەر هێزێکی شاراوە و نادیار کە هەر خۆیەتی هەڵسووڕێنەری گەردوون، ئەوە خوێندنەوەی جیا جیا بۆ تێکستەکان و تێگەیشتنی هەر گرووپ و تاقمە بە جۆرێک ژمارەی مەعبوودەکان و حیکایەتی دەرکەوتنیانی زیاد کردو هەر زوو دوای پەیامبەرەکان بەرەو سەنەمییەتێکی دیکە، لە جۆرێکی دیکە بایان دایەوە، ئەم کەس پەرستی و شت پەرستی و عێل و عەشیرەت و حزب و گۆڕ و سیمبۆل پەرستییەی ئێستا، هەمان دەرەنجام هەرە درەنگ دەرکەوتووی ئارکیتایپە سەرەتاییەکانە و ئەمێستا لە فۆرمی دیکە و بە ناوی دیکە و بە هۆکاری تەکنیکی و فیزیکی دیکە دەردەکەونەوە.

زەمەنی میتۆلۆژی لە هزری ئەوروپییەکان لەگەڵ سەرەتای ڕێنیسانس جووڵەی تێکەوت بە مانا عەقڵ وردە وردە پرسیاری گەورە گەورەی دەورووژاند و بەر لە هەموو دەرکەوتێک پێیان وابوو چاکسازییەکە دەبێ لە کۆڵەگە بنچینەییەکانی هزری ئایینی بکرێ کە لەگەڵ میتۆلۆژیادا سنوورەکانیان تێکەڵن و لە هەرکامێکیانەوە دەستی پێ بکەن ئەوەکەی تر لە خۆیەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری جووڵەی ئەوی تر و سەرەنجام هەرچی بەسەر هەر کامێکیاندا بێت، بنیادی هزری ئەوەکەی تر دەخاتە جووڵەیەکی داینامیکییەوە.

یۆنگ لە کتێبی (مرۆڤ و هێماکانی) لە بارەی ئەفسانەوە دەڵێ: بنچینەی ئەفسانەکان بۆ گێڕەرەوەی خەون و حیکایەتە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە، ئەو مرۆڤانەی کە وەهم و خەیاڵاتەکانیان دەیانبزواندن، بەو مانایەی هەردەم ئەو مێشکە سادەیە سەرقاڵی دۆزینەوەی هۆکار (علە)ی ئارامبەخش بوو بۆ ئەو ئەنجام(معلول)انەی دەهاتنە پێشی، هۆکارەکانیش لە وەهم و خەیاڵاتی ئەو تێی نەدەپەڕاند، چوون نەیدەوێرا و



هیگڵ

نەشیدەتوانی بە دوای دیاردەکاندا بچێ، لەبەر ئەوەی نە بوێری ئەوەی تێدا بوو نە بەم شێوەیەی زەمەنی ڕۆشنگەریش عیناد و غەزریو بوو لەسەر شتێک بیکات، یان هەنگاوێک هەڵنێ.

ژیان ئەگەر بتەوێ وەک خۆی تێیدا بژی، پێویست بەوە دەکا بیخەیتە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی عەقڵ و بە هۆیەوە سروشت مەرەخەس بکەی و شایگان وتەنی: فێری بیرکردنەوە بین و هزراندن وەک وانە بخوێنین، ئەوسا خۆمان وەک ئەوەی فیکرمان بۆ دەچێ ناناسین، بەڵکو وەک ئەوەی کە لە ڕاستیدا هەین، مەگەر نا بۆ ئەوەی لە ئارامییەک و حەسانەوەیەکی ئەزەلیدا بمێنیتەوە، پێویستە هەمیشە دوور لەم سەرئێشەیەی عەقڵ ماڵێک بۆ خۆت پێکەوە بنێیت و نەهێڵی بە هیچ شێوەیەک تیر و تیغەکانی زانست و عەقڵ بیبڕن.

ئەم پێشەکییە درێژەم تەنیا و تەنیا بۆ ئەوە بوو کە وێنە پارادیگمییەکەی، یان ئارکیتایپ (٥) (نموونەی یەکەم کەسێتی)یە هەرە سەرەتاییەکەی کە لە یەکەم پاڵەوانی لە خەیاڵ دروستکراو وەرمان گرت، سەر لەنوێ بنەخشێنمەوە و بە خۆمان بڵێم ئەی هەشمان وەسەر خۆ ئێمە لەو قووڵاییە میتا مێژوویی و مێژووییە تا ئێستا بە موو نەجووڵاوین و هەر لە باپیرەی یەکەمان دەچین و بەردەوام خۆمان لەبەر ئەو کەسە تۆقیو و ترساو و هەترەش چووە دادەهێنینەوە.

ئەم کەسەی ئێستا و لەم نووسینەمدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ئەو بوونە پاسیڤە قاڵبگرتووە میتامێژووەیە کە ئەوەندە وەفای هەیە بەرانبەر سیمبۆلە ئەفسانەییەکانی، هەمیشە بۆ ئەوەی پێشەوەی خۆی ببینێ پرس بەو پارادیگمەی نێو خەون و خەیاڵەکانی دەکات و ماوەیەک لەگەڵی دەدوێ و لە سرووتێکی هەلوەسی و وڕێنەیی، یان وردتر بڵێم سکیزۆفرینی و هیستیری، پاشان عوسابیدا بڕیار لەسەر ئەوەی دەدا کە دەیەوێ بیکا، ئەمە دۆخی مارەیی ئەزەلی تاکی ئەم سەرزەمینەی ئێمەیە لە ئارکیتایپە سەرەتاییەکانمان، هەر بۆیەش لە هیچ ڕادەربڕینێکیشدا تا بۆ ماوەیەک پیاسەیەک بۆ دەرەوەی خودی خۆمان نەکەین و لە زیارەتێکی ملهوڕانەدا ئیزنیان لێوەرنەگرین، زاخی ئەوەمان نابێ هەنگاوێک بنێین.

مارەیی ئەزەلی تاکی ئەم سەرزەمین و زەمانەی ئێمە تەنیا بە مردنی یەکێکمان کۆتایی پێدێت، تەنانەت لە دوای ژیانیشمان ئەوەندە ئازادیمان پێ ڕەوا نابینن هەر نەبێ با لاشە بێ گیانەکەمان نەچێتە ژێر باری سرووتێکی تۆقاندن و نەبێت بە بابەتێک بۆ هەترەش بردنی کەسانی تر، بەسترانەوەی هزر لەم جۆرە سرووتە ئەفسانەییانەدا، یەکەمین شت کە لێی بکەوێتەوە ڕاگرتنی زەمەنە و مێژوو هیچی نایەتە سەر لەوەی پێش خۆی جیا بێت و تەواوی دیمەنەکان لە یەکتر دەچن و چین و ئەڵقەکانی ئەم مێژووە تەنیا و تەنیا بە کەس و ڕووداوە وەک یەکەکان لە شەڕ و داگیرکاری و سیحربازی و سرووتە یوتوپی، تەنانەت دیستۆپییەکان لە یەکتر جودا دەکرێنەوە و عەقڵ تا ئەو کاتە نەبووە بە دروستکەر و بیناکەری ڕووداو و دەرکەوت و دیاردە هەمەجۆرەکان تا بە هۆیانەوە زەمەنێک لە بەرهەمی هزر و عەقڵ لە زەمەنێکی دیکە جیا بکەینەوە کە زۆربەی دەرکەوت و بەرهەمە عەقڵییەکانی لە زەمەنەکەی بەر لە خۆی ناچێت.

کۆمەڵگەیەک کە تاکەکانی بەم شێوەیە لە نێو خۆیاندا گیریان خواردبێ و تەنیا و تەنیا لە پێوەندی وڕێنەیی و هەلوەسیدا مابنەوە و ئەوەی هەر یەکێک لەو تاکانە دەیبینن و هەستی پێ دەکەن لە واقیعی عەینیدا بابەت نەبێ بۆ بەرخوردکردنی فیزیکی لەگەڵیدا، ئەوە کۆمەڵگەیەکی لەم شێوەیە نەساغێکی ئەزەلییە و لە نێو

نا کات و نا شوێندا دەیباتە سەر و دەیگوزەرێنێ و ئەم حاڵەتە سایکۆلۆژییە بە کۆمەڵێک دەرکەوتی دەروونی، یان عوسابی دەناسرێتەوە، لەوانە مانەوە و چەسپین لەسەر بارێکی دەمەکی و چێژبەری و شیرەخۆرەیی و نارسیسی و ئایدەوی (ID) هەموو ئەو دیاردە سایکۆلۆژیانەش لە قۆناغی منداڵی مێژوو‌ییدا دەمانهێڵنەوە و لەو قۆناغەی مێژووشدا ئەوەی دەبێ بە دنیای ڕاستەقینە بۆ منداڵان تەنیا ئەوەندە پانتاییەیە کە لەبەر چاوە و هەرچی لە هەستەوەرەکانیش دوور بن لەو دنیا نین، یان هەر لە بنچینەدا نین.

شیرەخۆرەیی (٦) لە نێو زەمەن و مێژوودا، نەپەڕینەوەی خودی ساوایە بۆ بەری عەقڵ و پشکنینی بوون و هەبووەکانی تر، تا لە پێوەندیدا لەگەڵیان مانایەک بۆ ئەو شتانە فەراهەم بکرێت و دواتر ڕاستییە هەستییەکان لە پرۆسەیەکی ئیدراکیدا ببن بە ڕاستی پەی پێ براو، ڕاستییەکانی ئێمە تا ئێستا پێیان گەیشتووین بە گشتی پێمانوایە ڕاستی ڕەهان و لەوان دروست و بەبەهاتر و ڕاستەقینە تر نین، ئەمانە هەموویان هەر لە سنووری فێربوونێکی تەلقینیدا ماونەتەوە و تا هەنووکەش زۆربەی هەرە زۆریان نەبوون بەو ڕاستییانەی بە پشکنینە عەقڵییەکانمان و بە گەڕانە ئیدراکییەکانمان پێیان گەیشتبین، ئەوانەی تەلقینی ئەم خودە بەستەزمانانە دەدەن، فۆبیایەکی بیرکردنەوەی هەرە لە مێژینەیان هەیە و پێیانوایە خواوەندەکان دەمانخەنە بەر تووڕەیی و ڕقی خۆیان گەر هاتو عەقڵمان بەرەو ئەو شوێنانەمان بەرێ کە ئەوان گەرای ڕاستەقینەی خۆیانی تێدا دەنێنەوە و لەوێوە دیمەن لەسەر دیمەنی دیستۆپیایەکەیانمان بۆ سیناریزە دەکەن.

لە ڕووی سایکایەتری(دەروون پزیشکی)ـەوە ئەوەی کە لە دۆخی عوساب، یان نەخۆشی دەروونیدا بیباتە سەر، پێی خۆشە هەرچی دنیا هەیە وەک ئەوی لێ بێ (٧)، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا لەو گێژاوی بێ عەقڵییەدا هەرچی بیەوێ، بۆی بێتە دی و سەرەنجام خەڵکەکە وەک گاران پێش خۆی دەدا و بۆ کوێ بیەوێ ئاراستەیان دەکات، کەسە نا دروستەکان ئەوانەن کە لە واقیع دادەبڕێن و ئەم پێوەندییە کۆمیونیکەیشنەی لە سەرەتاوە لەگەڵی دروستیان کردووە دەپچڕێ، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان دەشێوێ و لەم حاڵەتەشدا ناسازییەک ڕووبەڕووی کەسێتییەکەی دەبێتەوە و ناچار بە کەسێکی نەگونجاو، یان ناساز لەگەڵ خۆی و خەڵکانی دەوروبەر و دنیای دەرەوەی ناوزەد دەکرێ، هەر دابڕانێک لە واقیع، مانای نەمانی، یان لاوازبوونی پێوەندی عەقڵ لەگەڵ بابەتەکانی دەوروبەری و بە مانا هیومی و کانت یەکەشی ساغ نەبوونەوەی شت و بابەتەکان لە ڕێگەی عەقڵ لە وەهم نزیکترمان دەکاتەوە نەوەک ڕاستی.

سایکۆلۆژیستەکانیش شرۆڤەی جۆراوجۆریان بۆ شێوازی ئەم دابڕانە هەیە و کەسی دابڕاو، کۆمەڵگەی لێدابڕاو، گرنگ ئەوەیە ئەوەی دادەبڕێ، دەچێتەوە ئاستە خەیاڵییە (لاکانی)یەکە و دەبێ سەرلەنوێ فێری ئەوەی بکەینەوە چۆن چۆنی بەش و پارچە لەیەکتر هەڵوەشاوەکانی کۆدەکاتەوە و خۆی بە یەکپارچەیی دەبینێتەوە و دواتر لە ژیانی تازە بنیادنراویدا زەخیرەی سیمبۆل و نوێنەرایەتیکردنە مەعریفییەکانی بە مەبەستی هەڵنانی بنیادی مەعریفی خۆی پێکەوە دەنێتەوە و دوای هەموو ئەمانەش، ئەم جارە لە پێوەندییەکی ڕاستەقینەدا بە واقیعی پەی پێ براو و مەعقوولدا گرێ دەدرێتەوە.

گرێدانەوە بە واقیع پرۆسێسێکی هەرە زەحمەتە چوون کەسێک، یان کۆمەڵگەیەک هەر لە بنچینەوە لە واقیع دابڕابێ و لە حاڵەتێکی ناهاوسەنگی مەعریفی و عەقڵیدا بردبێتییە سەر، چۆن چۆنی ئەم ڕایەڵانەی بۆ ڕێکخەینەوە؟ لە کاتێکدا ئاراستە مەعریفییەکان لە دەرەوەی خۆی تا ئێستا ڕێگری سەرسەختن لە پێش ئاشتبوونەوەی تاکەکان لەگەڵ خودی ڕاستەقینەی خۆیان کە لە بنچینەدا ئەم ئاشتبوونەوەیە ناوونیشانی شۆڕشێکی ڕاستەقینەیە کە بە هۆیەوە خودەکان لە ژێر هەژموونی بت و سەنەمە جیاجیاکان ڕزگاریان دەبێت و خۆیان دەدۆزنەوە، ئەم خۆ دۆزینەوەیە بریتییە لە (ڕزگاری و ئازادی خود) و وەڵامی ڕاستودروستیش بۆ ئەو پرسیارەی مستەفا سەفوان کە بە ناوونیشانی کتێبێکی دەیکا (بۆچی عەرەبەکان ئازاد نین؟!!) (٨) هەر ئەم ئیکتیشافەیە، واتە ئازادبوونی خود هەموو ئازادییەکانی دیکەی بە دوادا دێ، هەر لە ئازادی هزری و عەقڵی بگرە، تا ئازادی خاوەندارێتی جەستە و ڕوح.

ئەگەر تاکی ئێمەی کورد وەک هەر تاکێکی ئەم خۆرهەڵاتە تا ئەم دوا دواییەش ناساز بووبێ لەگەڵ خۆی و خەڵک و دەرەوەی خۆی، ئەوە بەر لە هەر کاریگەری و هۆکارێک خەیاڵ و هزری خۆی فێڵی لێ کردووە و لەم ئاستەی هێشتووەتەوە، ئینجا هەروەک یۆنگ دەفەرموێ هەر ئەم خەون و خەیاڵانەن لە چوارچێوەیان گرتووە و لەو حەوقمان و حەپەسانە بێ کۆتاییەدا ونیان کردووە، کەسی

حەپەساو هەرگیز هزری لای خۆی نییە، مەستی پێویستییەکە هزری زۆری لێ کردووە سەرگەردان بێ، وەلێ ئەوەندە بڕ ناکا و خۆشی ئەوەندەی لەباردا نەبووە بچێتە بنجوبنەوانی ڕووداو و دیاردەکان و سەرەنجام بەو ئایکۆنەی دەبەستێتەوە کە پێیوایە فریادڕەسی بوون لەم ئازار و ئێشەی ئاوسبوونەی هزردا.

کە هزر ئاوس بووە لەو زەمەندا عەقڵانییەت لە دایک نابێ و ئەوەی لە جیاتی ئەو هاتووەتە وجوود، ئەفسانەگەلێک بوون لە نێویاندا ئەو تاکە بەستەزمانە هەمیشە مەست بووە و بۆ ساتێکیش وەهۆش خۆی نەهاتووەتەوە. تاوەک ئێستاش ڕۆڵە لەدایک بووەکەی هزری کوردی نەوەی ڕاستەقینەی ئەو نییە و هەمیشە ئەم هزرە بە هەوای میتۆلۆژیا فوودراوە و ئەوەی لێی کەوتووەتەوە هەمان ئەو تایپە بەرهەمهاتووەی سەرەتای سەرەتاکانە، ئەم نەمەتییەتە لە هزر، هۆکارە سەرەکییەکەی نەبوونیەتی بە پرۆژەی بوونی خۆی هەروەک هایدگەر لە بوون و کاتدا بە ڕوونی پێمان دەڵێ: هەموو دازاینێک لەگەڵ لەدایکبوونیدا بووە بە پرۆژە و تا لە ژیانیشدا بێت، دەبێتەوە بە پرۆژەی بوونی خۆی (٩).

ئەمە بەرپرسیارییەتی مرۆڤە هەر کە دێتە ژیان و ئەگەر کەسێک وەبەرهێنانی لەسەر خۆی نەکرد و خۆی نەخستە بەر مەدی نەزەری خۆی و بەم قووڵایی و تاریکاییەی خودی خۆیدا شۆڕنەبووە، ئەوە بێ سێ و دوو دەبێتە کەرەستە و شت و بابەتێکی لەبار بۆ پرۆژەی کەسانی تر و ئەوان چۆنیان بوێ، ئاوەها لێی دەخوڕن و بەم شێوە تێگەیشتنەش هایدگەر یارمەتیمان دەدات ناوی مەوجوودیان لێ نەنێین و زیاتر وەک شت لێیان بڕوانین، ئەم شتبوونەی تاکەکان لە هەمان کاتدا نامۆبوونی ڕاستەقینەیە لە خۆی و تێگەیشتنێکی وەهاش لە نامۆبوون دیدگای ئەریک فرۆم مان بۆ ئەو چەمکەی نامۆبوونە وەبیر دەهێنێتەوە کە پێم وایە ئەو سایکۆلۆژیستە بێ گەڕانەوە بۆ بنەما فەلسەفییەکانی مارکس و هایدگەر و کیرکەگارد، بەر لەوانەش فیورباخ و هیگڵ، قسەی گەورە گەورەی لەسەر نامۆبوون نەکردووە، فرۆم لەسەر نامۆبوون دەیگوت: شێوازێکە لە ئەزموون مرۆڤ تێیدا وەک نامۆیەک دەژی، دەشکرێ بڵێین نامۆ لە خۆی و چیدی ئەو کەسە ناوەندی جیهانی خۆی و ئەفرێنەری کردارەکانی خۆی نییە، بەڵکو کردار و ئەنجامەکانیشی هی ئەوانەن کە ئەو ملکەچ و بەندە فەرمانیانە، ئەم بینینە ئەوەندە لە هی هایدگەر دوور نییە کە لەبارەی هەمان چەمکەوە، یان وردتر بڵێین هەمان دیاردەی نامۆبوونی ئەزەلییەوە پێی وابوو: دوو جۆر شێواز بۆ ژیان هەن یەکێکیان ڕەسەن و ئەوەی تریشیان ساختە، یان ناڕەسەن:

* بوونی ڕەسەن ئەوەیە کە خودی خۆی دروست دەکات و بڕیار و هەڵبژاردنەکانی دەردەخات.

* بوونی ناڕەسەنیش دەستبەرداری ئازادییەکانی خۆی دەبێ و لە بەرپرسیارێتییە وجوودییەکەی خۆی ڕادەکات.

ئەم ناونانەی ڕەسەن و ناڕەسەنە هەمان ناونانەکەی فرۆمە و لەوانەشە فرۆم لە هایدگەری خواستبێ، چوون هایدگەر لە کتێبە بنچینەییەکەی خۆی (بوون و کات) زۆر بە جوانی پەرژاوەتە سەر نامۆبوون و ئەم چەمکەی بە ڕوونی شیکردووەتەوە.

بزانە هایدگەر لەسەر ڕاکردنی تاکەکان لە خودی خۆیان کە لە بنچینەدا ونکردنی کەسە بۆ ڕەسەنایەتی خۆی و هەڵگەڕانەوە لە بوونە ڕاستەقینەکە چیمان پێ دەڵێ: [هەڵهاتنی تاک(دازاین) بەرەو خەڵک و بایەخدان پێیان، ونبوونە لە نێویان، ئەمەش لای ئەو جۆرێکە لە ئاسوودە بوون، تاک ئەو هەبووەیە کە لە بوونیدا (بوون) بۆی بووە بە (کێشە)، بوون بە کێشە پەیوەستە بە مەزاجەوە، مرۆڤ دەیەوێ بەرەو بوونی خۆی هەنگاو بنێ، بوونی تاک لەگەڵ کەسانی دیکە و لە نێو جیهاندا نیگەرانییە(١٠)]

لای هایدگەر، بوون لەگەڵ کەسانی دیکە، مانای یەکبوون لەگەڵ کۆ دەگەیەنێ و ئەم دۆخەش لای ئەو نەخوازراوە چوون کەس بەم فۆرمە وجوودییە ئازادییەکانی خۆی وەک خودێکی سەربەخۆ لە دەست دەدات و لە ناو خودە گشتییەکەدا نقوم دەبێ و ئەو ڕەسەنایەتییەی ئەو باسی دەکا نایمێنێ.

لە کتێبی (چاخی ئێستا) ش کیرکەگارد ناڕاستەوخۆ باسی نامۆبوون دەکا، پێیوایە ونبوونی تاک لە نێو کۆ(مێگەل و نێرگەل)دا نامۆبوونە، چوون لەو حاڵەتەدا تاکێتی و ئازادی خۆی لە دەست دەدا، لای ئەو خەبات دژی کۆگەرایی وەک تێکۆشینە لە دژی سیستمی شاهەنشاهی و تۆتالیتاریزم.

ئەم بینینەی هایدگەر و کیرکەگاردیش ئەوەندە لە هی هیگڵ دوور نییە کاتێ دەیگوت: نامۆبوون ڕاستییەکی ئۆنتۆلۆژییە و ڕیشەکانی خۆی لە بوونی مرۆڤ لە جیهاندا دەدۆزێتەوە بە کورتی نامۆبوون لای هیگڵ

بریتییە لە ونکردنی مرۆڤ بۆ بەشێک لە خودی خۆی لە نێو بوونە دەرەکییەکاندا.

لە باسی ئازادی و نامۆبوونیشدا، هیگڵ پێیوابوو:

* ئازادی بریتییە لە خاوەندارێتییەکی تەواوی تاک بۆ خودی خۆی.

* بەڵام نامۆبوون بە پێچەوانەی ئازادی، بریتییە لە جودابوونەوەی تاک لە خودی خۆی و لە کردەوەکانی، تەنانەت لە کەسانی چواردەوریشی، هەموو ئەوانە لای ئەو نامۆ دێنە بەر چاو.

(کارل مارکس)یش کە یەکێک بووە لە ئیلهامبەخشەکانی ئەریک فرۆم لەبارەی نامۆبوونەوە، تێڕوانینی خۆی هەبووە و دەڵێ: لە نامۆبووندا مرۆڤ ناتوانێ خودی خۆی وەک چالاکوانێکی داهێنەر وەدی بێنێ، بەڵکو جیهان و سروشت، تەنانەت خۆیشی لێی نامۆ دەبن، خود لێی یاخی دەبێ (١١).

چوار جۆرە نامۆبوون لای مارکس هەن:

١- نامۆبوونی کرێکار لە بەرهەمی کارەکەی.
٢- نامۆبوونی کرێکار لە کارەکەی.
٣- نامۆبوونی کرێکار لە خۆی.
٤- نامۆبوونی کرێکار لە کەسانی تر.

هزری کارڵ مارکس نزیکبییەکی لە بوونگەراکان هەیە و ئەم بینینەش لە نووسراوە ئابووری و فەلسەفییەکانی ١٨٤٤ بەدیاردەکەون، لەبەر ئەوەی بایەخی بە مرۆڤ داوە، بە تایبەت بە مرۆڤی نامۆ، ئەو ئەوەندەی بایەخی بە چارەسەری ئابوورییانە دابوو بۆ دیاردەی نامۆ بوون، ئەوەندە لە دیدێکی سایکۆلۆژییەوە سەیری بابەتەکەی نەدەکرد، لە کتێبی سەرمایە قسە لەسەر بوونی مرۆڤ بە شت و (فیتیشیزم)ی تاکەکان دەکا، هەر بۆیەش لەمەیاندا فرۆم لە مارکس نزیک دەبێتەوە و ئەویش قسە لەسەر بە شت بوونی مرۆڤی ئەم زەمەنە دەکات، بە شت بوون، لای فرۆم مانای نامۆبوون دەگەیەنێ.

نامۆبوون کە ئێمە لەم باسەماندا بۆ خزمەتی بابەتی سەرەکی خۆمان کە ڕاکردنە لە عەقڵ، یان مۆڵەت وەرگرتنە لە مێژوو، چووینە سەری و ڕای ئەم فەیلەسوف و بیرمەندە ناودارانەمان بۆ خستە ڕوو، یارمەتییەکی زۆرمان دەدا لەوەی کە ڕاکردن لە عەقڵ لە خۆیدا نامۆبوونێکی وجوودی هەرە گەورەیە و هەر ئەو نامۆبوونەشە تا ئاستێکی زۆر لە بۆشاییەکی وجوودی (١٢) فرانکلانەییدا (ئاماژەیە بۆ فیکتۆر فرانکل) هێشتووینەتەوە و هەمیشە لەو ئێشوئازارە وجوودییەدا لە بازنەیەکی بێ مانایيدا خولاوینەتەوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ دەخولێینەوە.

لێک نزیکییەکی زۆر پتەو هەیە لە نێوان هەموو ئەو تێڕوانینانەی ئاماژەمان بۆ کردن لەسەر جیابوونەوەی تاک لە خودی ڕاستەقینەی خۆی و تا ڕادەیەکی زۆر کەسی نامۆ لە هەموو ئەو بینینانەدا خاوەنی خودێکی ناڕەسەنە، یان ئەوەتا لە خۆیدا ناژی و چووەتە نێو فەزایەکی دیکە لە دەرەوەی خۆی، هەر ئەمەشە ڕاکردن لەو عەقڵەی لە نێو ئەودا پیتاوە، بەڵام لە ئەنجامی دەرەقەت نەهاتنی بۆ قورساییەکانی بیرکردنەوە، چووەتە دەرەوەی خۆی و لە هێلانەی کەس و لایەن و دەق و ئایکۆنی تردا هێلکەکانی دۆڕاندووە و تا ئێستاش ئەم عەقڵە هەر ساوایە و نە خۆی و نە زەمان و نە زەمینی خۆی ناناسێتەوە.

نامۆبوونی تاکەکان لە خۆیان و لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، ڕێک مانای ونکردنی عەقڵی ڕاستەقینە دەگەیەنێ و لە بنچینەشدا ئەم نامۆبوون و ڕاکردنە لە عەقڵ، ئەوەندە تەوەزەلی کردووە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لەوە نەکردووەتەوە بە دوایدا بگەڕێ، بەڵکو بیدۆزێتەوە، کاتێ دەسەڵاتداریش لەم جۆرە تاکانە دروست دەبێ، جێبەجێکارانی هەمان کولتووری ڕاکردن لە عەقڵ بەکاردەبەن و دوای ئەوەی چێژ لەم ونبوونە وەردەگرن، ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر هەر مەترسییەک بەرەو عەقڵیان بەرێ دادەڕێژن، ڕاستییەکەی کەسانێک هەبوون چ لە نێو هزری نەتەوەگەرایی چ لە نێو هزری ئایینیدا ویستوویانە بپەڕنەوە ئەو بەرەی مێشک کە عەقڵ تێیدا دەبێ بە دادوەر، بەڵام ئەوەندەیان تەمەن نەبردە سەر و سورگوم کران.

ئەگەر درەنگیشە لەم نووسینەدا بۆ سەرداگرتن بە ماڵی هزری فرۆید تا لەوێدا هەندێک ئەرگومێنتی عەقڵی ترمان دەست کەوێ لەوەی کەی تاکەکان پێویستیان بە عەقڵ دەبێت و بەرانبەر چ باجێک دەستیان دەکەوێ، ئەگەر خۆشی لێ لادەن، چییان بەسەر دێ؟ مرۆڤ لە دیدی سیگمۆند فرۆید هەم بوونێکی چێژبەرەو هەمیش عاقڵ، ناتوانێ تەنیا یەکێکیان بگرێ و ئەوەی تریان بەردا، ئەگەر وا بکات، ئەوە هەمیشە لە دۆخێکی لاسەنگدا دەبیاتە سەر و لە گەشەی هزری مەدەنی و شارستانیشدا هیچ بە هیچ ناکا.

عەقڵ لای فرۆید مانای گونجان و ڕێکخستن و میانگیری و سیستم دەگەیەنێ، ئەمانەش بەیەکەوە ژیانی

کۆمەڵایەتی و شارستانی مرۆڤەکان پێکدەهێنن و ئەم هەموو گەشە زانستی و تەکنۆلۆژی و مەعریفییەش کە ئەمڕۆ لە لووتکەی خۆیدایە بەو هەموو هێزە ژیانییە شاراوانەی مرۆڤەکان هاتووەتە دی کە هەردەم کردوویانەتە قوربانی لە پێناو مانەوە بە جۆرێکی دیکە ئەویش درێژبوونەوەی بوونە لە شتی تردا وەک داهێنانە زانستی و تەکنیکی و بیناسازی و فیزیکی و کیمیکی و ئەدەبی و هونەری و...تاد یەکان.

فرۆید پێیوایە مرۆڤ بەردەوام پێویستی بەوە هەیە لە هەموو رووبەکەوە هاوسەنگ بێ و هەر کاتێکیش حەقیقیەتی داخوازییە جۆراوجۆرەکانی بە حەقی داوای هاوسەنگبوونەوە و تێربوونی لێ دەکەن، عەقڵ لای ئەو، ئەو دادوەرەییە ئیجازە بە تاک دەدا بۆ ئەوەی هەم چێژبەرێکی غەریزی بێت و هەمیش چێژبەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەوەی یەکەمیان هێز دەداتە ئەوەی دووەمیان و ئەوەی دووەمیشیان بە عاقڵانە ئەوەی یەکەمیان تێر و پۆشتە دەکا.

کاتێک تاک عەقڵی خۆی ون دەکات، فرۆید بە ئایدیەوی ناوی دەبات، چوون لەسەر سیفەتی دەمەکییانەی خۆی دەمێنێتەوە و لەو حاڵەتەشدا بە کۆمەڵ نامۆ دەبێت و ئیگۆیەکی لاواز حوکمی دەکات، لاوازی ئیگۆ لای فرۆید مانای ڕاکردن لە عەقڵ دەگەیەنێ و بەکارنەبردنی عەقڵیش جگە لە بوونە بایۆلۆژییەکە، شتێکی تر ناگەیەنێ، کەس بە قەد فرۆید بایەخی سێکسی لە پێوەندییە ئینسانییەکان نەخستووەتە ڕوو و بە ئاشکرا هەم چێژبردن لە سێکس و هەم مەترسییە دنیاییەکانی و هەم پەروەردە کردنیشی دەرخستووە کە ئەو بێ پەردە قسەی لەسەر دەکرد و دەیگوت ئەوە هێزی سێکسە مرۆڤەکان ئاراستە دەکات و پێویستە بە عەقڵانیانە ڕێک بخرێن، هەبوون تا ئێستاش هەر بە هێزێکی زۆرەوە دەڵێن: ئەو چێژە بێزراوە و قێزەونە و سەر بە گێچەڵە، هەر بۆیە بە یاسای سەیر سەیر بەستوویانەتەوە و بۆ دنیا نەمرەکەش، هەر بەو چێژە موژدەی بەدەستهێنانیان پێ دراوە.

ئاراستەکردنی سێکس بۆ مرۆڤ لای فرۆید مانەوەی هزری تاکەکان لە ئاستی مومارەسە سێکسییە بوهیمییەکە نەبوو بە قەد ئەوەی کە فرۆید پێی دەوت لیبیدۆ (هێزی ژیان) ئینێرژییەکی لە بن نەهاتووە بۆ داهێنانە ئینسانییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەڵام لای کاهین و لاهووتییەکان شەڕێکە و هەر نزیکبوونەوەیەک لێی بە بێ ئیجازەی ئەوان، بەرەو دۆزەخمان ئاراستە دەکات.

ئاراستەکردن بەرەو داهێنان و باڵابوون بەسەر غەریزە لە کوێ و ئاراستەکردن بەرەو خودی پرۆسێسە چێژبەخشەکە کە خۆی لە بەیەکەوە نووسانی نێر و مێ دەبینێتەوە لەکوێ؟ لە دیدی فرۆید بایەخی سێکس بۆ بیناکردنی شارستانییەتە بە ڕووە ماددی و مەعنەوییەکەی، بەڵام لای کاهینە جۆراوجۆرەکان بایەخی خۆی لەو دنیا بۆ دیارکراوە و لەوێ بوونە عاقڵەکە تەواو لێمان دەبێتە بوونێکی چێژبەر و جگە لە خواردن و سێکسکردن چی دیکە ناکات، بەم پێیە بێ ئەوانە هەم لێرە لە ژیانی دنیایی لە ئاستی بوونە ئاژەڵییەکە دەمانهێڵنەوە و هەم لەولاش جگە لە مەوجوودێک کە لەو مێینە دەپەڕێتەوە سەر ئەو مێینە و لەو میوەجات و خواردنەوە بۆ سەر ئەو خواردن.

بوونی ئەکتیڤ ئەوەیە کە فرۆید عاقڵانە شی دەکاتەوە و بوونە پاسیڤەکەش ئەوەیە کە لە ناوکییەوە بەرەو خوار سەرقاڵە، فرۆید کە بەشی هەرە زۆری تیورەکەی خۆی بۆ سێکس وەک غەریزەی ژیان تەرخان کرد، مەبەستی ئەوە نەبوو بمانگێڕێتەوە زەمەنی بەر لە عەقڵ و سەرقاڵی ڕاوە کچ و کوڕمان کات!! بەقەد ئەوەی ویستی لەوە حاڵیمان بکا کە سێکس لە هاوکێشەکەی ئەودا دەکاتە ژیان بە گشتی و لەو ژیانەدا پێکەوەنانی خێزان و پارێزگاری لەسەر نەوەکان، ئینجا دروستکردنی کۆمەڵگەیەک تێیدا عەقڵ فەرمانڕەوا بێت و تاکەکەس ئەوەندە بواری نەبێ هەرچی حەزە غەریزییەکانی هەیە بە حەزی مەرگدۆستی و وێرانکارییەوە جێبەجێ بکات. تیورەکەی فرۆید تەواو عەقڵانیەتە و لە عەقڵانیەتیشدا چی دیکە تابۆکان موڵکی باوکە بێ ڕەحمەکە (١٣) نین کە هەرچی هەبوو لە چێژەکان بۆ خۆی گلی دەدایەوە.

ئەو دەیەوێ لە چێژبردندا هەموومان عاقڵانە سوودمەند بین و ئەوەی لە سەرەتای مێژووەوە بە مرۆڤ نەکرا لەو بارەیەوە ڕێکخستنێکی ورد بێنێتە ئاراو ئەو زانستییانە دەیخاتە ڕوو و ڕێگەچارەی تا ئاستێکی مەعقوولی بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازووە لاسەنگەکە دەرخست.

کانت بەر لە هەموو ئەوانەی ناومان هێنان، بایەخی عەقڵی پوختە دەخاتە ڕوو و لە کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی پوختە) دا دەڵێ: ئایا دەکرێ عەقڵ بەلاوە نێین؟ ئایا دەکرێ عەقڵ وەک سەرچاوەیەکی تایبەت بۆ ئەو حوکمانەی لێیەوە دەردەچن بناسین کە بە هۆیەوە پێوەندی

لەگەڵ بابەتەکانی دەرەوەی خۆمان دەگرین ؟ یان هەر مەلەکەیەکی یارمەتیدەرە لە پێناو زیادکردنی زانیارییەکانی پەیبەر و بنەماکانی خوارەوە بە هی سەرەوە دەبەستێتەوە.

کانت لەو پرسیارانەیدا بە ڕەها بڕیار لەسەر بوونی عەقڵ لەسەرەوەی بابەت و ئەزموونکردنی تاکەکان نادات و ئەو پێیوایە هەر ڕووداوێک هۆکارێکی هەیە و هەر مەرجێکیش بۆ ڕوودانی شتێک دەبەستێتەوە بە دەرکەوتە مەرجییەکە، ئەوەش لە خۆیدا دانەبڕانی عەقڵمان لە بابەتەکانی دەرەوەی خۆی بۆ دەردەخات و سەرەنجام پێمان دەڵێ عەقڵ دەرکەوتێکی داینامیکییە و مەلەکەیەک نییە هەرچی دەیزانین سەرەتا لەوێدا ئامادەیی هەبووە.

ئەم تێڕوانینەی کانت ئازادکردنی عەقڵە لە کۆمەڵێک ڕێسا و بنەما و بەرەڵلا کردنییەتی هەم بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە نێو خۆی هەم بۆ گوزەرکردن لە دەرەوە تا ئەو خودە بباتە نێو داینامیکییەتی (خود و بابەت). بۆ عەقڵی کورد، ئەم ئازادییە عەقڵییە کانت-ییە ئەگەر گوێی بۆ ڕادێرین لە کۆمەڵێک نەسەق و تاپۆی بەستوو ڕزگارمان دەکات و عەقڵانییەتمان وەک ئەرکێکی ئینسانی نیشان دەدا کە ئەوەی ئەنجامی بدا عاقڵە و ئەوەش نا، ئەوە بەندەی نەمەتییەتێکی کۆیلەتییە.

ئەوەی فرۆید سەبارەت بە نەمانی سنوورەکانی نێوان خود و بابەت دەیوت، تەواو لەسەر تاکی کوردیدا دەسەلمێ ئەو حاڵەتی ترۆپکی عیشقی بەو دۆخە ناو دەبرد کە سنوورەکان لە نێوان ئەو دووەدا ون دەبن کە خود و بابەت تێکەڵی یەکتر بن و نەتوانی لە یەکتریان جیاکەیتەوە، ئەوە یەک لەوەی تردا تواوەتەوە، ئەمەش ڕاستییەکەی ئەو ونبوونەیە کە ئێمە لەم باسەماندا ناومان ناوە ونبوونی عەقڵ، چون عەقڵ هەمیشە لە سەربەخۆیی تەواوی خۆیدا پێوەندی لەگەڵ بابەتدا گرێ دەدا و کە تێیدا ونبوو بە مانا لە ململانێیەکەدا دۆڕاندی و نەیتوانی بابەت بکا بە زانیارییەکی تازە و لەگەڵ زەخیرەی مەعریفی خۆیدا لێکیان گرێ دا و بیشیگونجێنێ.

فرۆید دەیوت هەمیشە عاشق بانگەشە و هاوار هاواری ئەوەیەتی کە (من و تۆ) یەک شتە و ئەو منەش ئامادەیی تەواوی هەیە و بۆ ئەوەی وەهای دەرخا لە واقیعدا، ئەگەر ئەم وتانە دیسانەوە بە عەقڵی خۆمان بەراورد بکەینەوە، ئەوە عاشقبوونی تاکی ئێمە بۆ هەموو ئەو

ئایکۆنانەی دەرەوەی خۆی و ڕادەستکردنی ئازادییە سروشتییەکانی خۆی پێیان ڕوون و ئاشکرایە، ئەمەش لە مومارەسەی ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، تەنانەت خۆشەویستیمان بۆ کچێکیش و هی کچێکیش بۆ کوڕێک دەبینینەوە و ئەوەتا خەسڵەتی بچووکبوونەوە و ملکەچی و بەندە فەرمانی و خود ڕیسوایی پێوە دیارە، تەنانەت بەشێکی گەورەی شانازییەکانی و پێکهاتەی کەسایەتیشیەتی، بۆ ئەوەی زیاتر بەسترانەوەی عەقڵی خۆمان بە دەرەوەی خۆمان دەرخەین، دیسانەوە لە کتێبی (دڵەڕاوکێ لە شارستانیەت) ی فرۆیدا ئەم قەناعەتەی ئەو نیشان دەدەینەوە کە دەیوت: جیا نەبوونەوەی (من) لە دنیای دەرەوە، مانای شیرە خۆرەیی بەردەوام دەگەیەنێ و لەو دۆخەشدا تا ئەبەد هەر بە منداڵی دەمێنینەوە.

شیرەخۆرەیمان و مانەوەمان لە باوەشی سروشت و سەنەمە دروستکراوەکانی خۆمان ئەوەندە ئەرکێکی عەقڵی ناوێ تا زیاتر وەدیاری خەین، هەڵبەتە ئەوانەی لەم ژیانە ساختەیەی خۆماندا لە جیاتیمان بڕیاردەدەن و بیردەکەنەوە و خەیاڵ دەکەن و قسە دەکەن و پێدەکەنن و دەگرین، هیچ کاتێک خەڵکەکە و کۆی تاکەکان بە سەرچاوەی هێزی خۆیان نازانن، بەڵکو خۆیان بە سەرچاوەی توانایی و هێزی خەڵک دەزانن و ئەم بینینە پێچەوانەیەش هەردوولامانی لە دیدی عەقڵانییەت بچووک کردووەتەوە و عەقڵ لای هەردوولا لە مۆڵەتە، تەنانەت ونیشە! چوون ژیاندنەوەی عەقڵ لە پرۆسەیەکی ژیانبەرخستنەوەدا سیستەم دێنێتە ئارا و سیستمیش لە تەک ئازادیدا مانای عەقڵانییەتمان دەداتێ، کەواتە پەرتەوازەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری لە ژیانی ئێمەدا لە خۆیدا نەبوونی عەقڵانییەت و عەقڵفەرمانی دەگەیەنێ و ئەم دۆخەش ڕێک وا لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگەکەمان بوونی ڕوونی هەیە.

فرۆید سێ سەرچاوە بۆ ئازاری هەمیشەی مرۆڤ دەخاتە ڕوو:

١- (هێزی وێرانکەری سروشت)، ئەمەیان لە گونجان و تەسلیمبوونی ئەزەلیمان بۆ ئەو هێزە هەر لە ئەزەلەوە پێوە دیار بووە.

٢- (پیربوونی جەستە)، ئەمەشیان لە تەسلیمبوونی تاکی ئێمە بۆ زەمەن و تێپەڕینی تەمەن پێوە دیارە و ها ئەوەتا تاک ناگاتە ٤٠ساڵی، خۆی دەخاتە خانەی پیران و ژیان بەو ساتەوەختانە تێناگا کە تێیدا دەژی، بەڵکو پێیوایە جەستە هەر بۆ بارکردنی کێش و قورسایی باشە و

هەرگیز باوەڕی بەوە نەبووە کە دەکرێ بە جەستە بیر بکەینەوە، تەنانەت بۆشی لە بیرکردنەوەدا بین.

٣- (باش ڕێک نەخستنی مرۆڤ بۆ کاروبارەکانی خۆی لە سازکردنی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکاندا)، ئەمەشیان بە پەرت و بڵاوی و بێ نیزامی تاک و کۆمەڵگەوە دیارە کە نەیتوانیوە تا ئێستا وەڵامدەرەوەیەکی پۆزەتیڤ بێ بۆ عەقڵ و داخوازییەکانی، لەم خاڵەدا بایەخی فرۆیدمان بە ڕێکخستن و سیستم و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بۆ دەردەکەوێ.

نیتشە لە (ئاوابوونی بتەکان)دا بە ڕوونی ئاماژە بۆ دنیای ئێستا دەکا و دەڵێ ئەمە تاکە دنیایە تێیدا بژین، کەواتە ئەم بینینە نیتشەییانە ئەوەندە دوور نییە لە بینینەکەی هیگڵ کە لەسەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆ کرد: نە ژیان لە ئێستادا، واتە هەڵگەڕانەوە و ئیرتیداد، ئەی کەواتە ژیان لە ئێستادا چییە؟ هەڵبەتە لە ئێستادا ژیان مانای ژیانە لە عەقڵدا، ئەمەش پێکهێنانی حکومەتی عەقڵمان فێردەکات.

ئێمە تا ئێستا هەر لە مێژوویەکی نادیاری وندا دەژین کە شایگان وتەنی پێش و پاش تێیدا تێکەڵی یەکتر بوونە و ئەم تێکەڵییەی پێش و پاشیش ڕاستییەکەی بە دوو سەر بەرەو فەندەمێنتالییەتێکمان دەبەن و لە لایەک ڕابوردوومان وەک موقەدەس نیشان دەدەنەوە، لە لایەکی دیکەش داهاتوومان بۆ دەکەن بەو یوتوپیایەی کە ئەوەندەی پێناچێ سلاڤۆی ژیژیک وتەنی لێمان دەبێتەوە دیستۆپیا، واتە دۆخێکی نالەبار و گەندەڵی ژیان کە تەواو پێچەوانەی شار و نیشتمانە خەیاڵییەکانە.

لێرەدا کات زۆر لەبارە، ئەم پرسیارە بکرێت: ئایا ئەم دۆخی گەندەڵییەی لەم هەرێمەی خۆمان تێی کەوتووین و نالەباری و شێواوی لە نەسەقیەتی هەموو شتێک ئەو دیستۆپیایە نییە ژیژیک لە کتێبێکی خۆیدا بە ناوی (ساڵی خەونە مەترسیدارەکان) (١٤) ئاماژەی بۆ دەکات؟ بێ گومان کە سیستم لە پێوەندییە ئابوورییەکان ون دەبێت و ڕێکخستن بە پێوەندییە سیاسییەکانیشەوە دیار نامێنێت و نەسەق بە پێوەندییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە نامۆ دێتە بەرچاو، ئەوە دیستۆپیایە (١٥) و ئەو خەونە خۆشانە نین کە ڕۆژگارێک بەر لە بیست و پێنج ساڵ خەونمان پێیانەوە دەدیت.

خەونەکانی ئێمە بەر لەم زەمەنەی ئاماژەمان بۆ کرد دنیایەک بوو تێیدا دەبوایە بەر لە هەر شتێک دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی و هەلی یەکسان بۆ هەمووان تا ئاستێکی باش هاتبایە دی، دەبوایە بە پێی ئەو خەونە ئازادییەکان دیموکراتیزە کرابانایە و هەموومان وەک یەک ئازادبایین و ئازادی بە پێی پلە و پایەی حزبی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دابەش نەبووبان، دەبوایە ژیانی کارگێڕی و بیرۆکراسی تا ئاستێکی ئەوتۆ ڕێک خرابایە ئەوەندەی زەمەنی بەعس ماندووی نەکردباین، دەبوایە لە فیزیای ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانیمان زۆر لە زەمەنی بەعسمان تێپەڕاندبایە و لە ڕووی حەسانەوەی میزاج و ڕوح و ڕەواندا گەلێ لەو زەمەن تێمانپەڕاندبایە، لە ڕووی پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و ئایینی و کولتووری و زانستیشەوە، ئەو هەموو ماوەیە کەم نەبوو تا کاری ئەوتۆمان ئەنجام دابوایە، بە ڕای گشتی خەڵکەکەمانەوە زۆر بە زەقی دیار بوایە.

خەونەکانی ئەو زەمەنەی ڕابوردوومان یوتوپیایەک بوون زۆر بە شوور و حەماسەتەوە هەنگاومان بۆ هێنانەدییان دەنا، سات بە ساتمان دەژمارد ئاخۆ کەی زووتر ئاماژەکانیان دەردەکەون، خۆمان بۆیان دەخستە مەترسی ئەوتۆوە کە بە دەیان هەزارمان بۆیان کردە قوربانی وەدیهاتنیان، هەرچی وڵات هەبوو بۆ ئەو خەونانە بوو بە سووتماک و ئەوەندەی نەمابوو لە پرۆژەیەکی جینۆسایدیانەی بێ وێنەدا بە تەواوی بمانسڕنەوە.

دەرکەوت هەموو ئەو خەونانە تەنیا چالاکیگەلێکی دەروونی بوون هەروەک فرۆید دەڵێ و ئەوەندەی پەیوەست بوون بە ئومێد و حەزە چەپاوەکان، ئەوەندە هێزێکی ئەوتۆیان نەبوو یۆنگیانە بێنە دی، یۆنگ پێیوابوو خەون سەرەڕای ئەوەی زانیاری ڕابوردووی تێدا کۆبووەتەوە، بینینێکی ئاییندەییشە و دەکرێ ببن بە بەرنامە بۆ وەدیهاتن، بەڵام ئەم خەونانە هەر بە خەون مانەوە و بەس.

لە کۆتایی ئەم باسەدا وای بە باش دەزانم ئەم چەند پرسیار و وێناکردنانە لەبەر ڕۆشنایی ئەم خوێندنەوە سایکۆفەلسەفییەدا بخەمە ڕوو:

* تاکی کوردی وەک هەر تاکێکی خۆرهەڵاتی تا ئێستا لە دەرەوەی خۆیدا دەجووڵێنرێ و کۆنترۆڵی لە دەرەوەی خۆیەتی.

* کولتووری کوردەواری تا ئێستا لەسەر پرەنسیپەکانی کۆگەرایی ئیش دەکا و هەمیشە بوونە گشتییەکە پێش بوونی تاک دەخات.

* دابونەریت و بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتی و

ئایینییەکان کە هەمیشە پانتاییەکی گەورەی کولتوور و شارستانییەت پێکدەهێنن، تاک بەرەو پابەندبوون بە ئۆرگان و دامەزراو و سەرچاوە عەقیدەتییەکان لە کۆمەڵگە ڕادەکێشن و بوونی ئەو وەک یەکێتییەکی جەستە و ڕوح ناخوێننەوە و زیاتر جەستە و ڕوحی کۆیان بەلاوە مەبەستە.

* لە ژیانی سیاسیماندا ئەو پابەندییە کوێرانە و کلاسیکی، تەنانەت ناچارییە هەستی پێدەکری، بگرە ئەزموونیشی دەکەین(پیرۆزبینینی حزب، سەرکردە، کەس و ئۆرگانە ئایینییەکان) و نەتوانینی بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە بەرانبەریان.

* لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا، بەسترانەوەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی بە دابونەریت و ونبوونی ڕۆڵی تاک لە گۆڕانکارییەکانیدا.

* لە ژیانی ئایینیمان، نەبوونی خوێندنەوەیەکی عەقلانییانە بۆ ئایین و ونبوونی تاک وەک بوونێکی مەزن لە نێو تەفسیرەکانیدا و هەڵفڕاندنی تاک لە واقیعی ژیانی ئێستایی خۆیدا.

* لە ژیانی کولتووریماندا، نەبوونی پڕۆژە و وەبەرهێنانی کولتووری لە هیچ لایەنێکی پێوەندیدار و نا پێوەندیدارەوە بۆ ئیشکردن لەسەر نوێکردنەوەی مرۆڤی کورد و هێنانە ئارای ڕۆڵی ئەو وەک تاک، ئینجا بەستنەوەی بە کۆمەڵگەوە.

ئەوەندە ماوە لێرەدا بڵێم:

ئایا چی دی گومانمان لەوە هەیە کە هەموومان لەو سەرزەمین و زەمانەی خۆمان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، مەستێکی نەزانین و جەهلین و ڕاکردوویەکی عەقڵێن و تاکە فریادڕەسیشمان لەو هەلومەرجەی ئێستادا داننانە بەو کەچ مێژوویە و دواتر کارکردنە بۆ ژیان لە عەقڵدا.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

**- داریوش شایغان، النفس المبتورة...هاجس الغرب في مجتمعاتنا، دار الساقي، ط١، ١٩٩١، لندن.**

**- لە ناوونیشانی ڕۆمانێکی میلان کۆندێرا وەرگیراوە (الحياة في مكان آخر).**

**- هيغل، فينومينولوجيا الروح، ترجمة و تعليق: الدكتور امام عبد الفتاح امام، دار التنوير، ط٣، بيروت، لبنان.**

**٤- زەمەنی ئەفسانەیی: شایگان لە کتێبێکی تریدا بە ناوی (بت هایی زەینی و خاترەی ازلی، چاپ هشتم، تهران، ١٣٩٢ شمسی، مؤسسە انتشارات امیر کبیر) لە زۆر جێگادا دەچێتە سەر ئەم چەمکە.**

**٥-ئارکیتایپ: چەمکێکی یۆنگییانەیە و هەمیشە یۆنگ بۆ یەکەم تایپ کە عادەتی بە خەیاڵێکەوە گرتبێ، دەگەڕێتەوە و ئەم تایپە یەکەم گێڕەرەوەی خەون و خەیاڵەکانە.**

**٦- شیرەخۆرەیی: شیرەخۆرەیی ئەزەلی مستەفا حیجازی لە کتێبی (الانسان المهدور، دراسة تحليلية نفسية اجتماعية المركز الثقافي العربي، ط١، المغرب) ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ نەپەڕینەوەی تاک لە قۆناغێکی تەمەنەوە بۆ یەکێکی تر و ئەم حاڵەتە فرۆید بە fixation ناوی دەبات، ئەم زاراوەیە حیجازی ڕاستەوخۆ لە کتێبی (کينونة الانسان) ی ئەریک فرۆم وەرگێڕانی محەمەد حەبیب لاپەڕە ٢٥ وەرگرتووە.**

**٧- کتێبی (من محمد الايمان الى محمد التأريخ)، العفيف الاخضر، منشورات الجمل، ط١، ٢٠١٤، المانيا.**

**٨- کتێبی (لماذا العرب ليسوا احرارا، مصطفى صفوان، دار الساقي، ط١، ٢٠١٢، بيروت.**

**٩- الكينونة و الزمان، مارتن هايدغر، دار الكتاب الجديد، ط١، ٢٠١٢، بيروت، لبنان.**

**١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١١-كارل ماركس، مخطوطات عام ١٨٤٤ الاقتصادية والفلسفية، ترجمة: محمد مستجير مصطفى، مع ملحق بقلم انجلز منشورة في مجلة (الحوليات الالمانية الفرنسية في عام ١٨٤٤).**

**١٢- بۆشایی وجوودی: چەمکێکە زانای دەروونی بوونگەرای ئەڵمانی فیکتۆر فرانکل بەکاری دەهێنێ و وەک ئاماژەیەک بۆ بوونێکی ناچالاک کە تاک زۆربەی ژیانی لە بەتاڵاییدا بەسەر دەبات و بە هۆیەوە دووچاری خەمۆکی، تەنانەت کێشەی دەروونی گەورەتر دەبێتەوە، ئەم بابەتە لای فرانکل لە کتێبی (مرۆڤ بە دوای مانادا دەگەڕێ) بە تەسەلی باسی کراوە.**

**١٣- باوکە بێ ڕەحمەکە: ئاماژەیە بۆ باوکەکەی فرۆید کە لە کتێبی تەوتەم و تابۆ باسی دەکات، ئەو باوکەی کە هەرچی هەیە لە حەز و چێژ بۆ خۆی دەیبرد و بەشی منداڵەکانی نەدەدا و سەرەنجام کوڕەکان کوشتیان، ئەمە یەکەم کوشتنە لە میتۆلۆژیا بە دیدی فرۆید و یەکەم سەرهەڵدانی بنەما ئاکاری و دواتر دەرکەوتنی دیاردەی دەروونی ویژدان ئازارییە لای مرۆڤ؟.**

**١٤- سلافوي جيجيک، سنة الاحلام الخطيرة، دار التنوير، ط١، ٢٠١٣، بيروت، لبنان.**


**١٥- دیستۆپیا (Dystopian) دۆخێکی ژیانی ناخۆش و گەندەڵە، پێچەوانەی شارە خەیاڵی و یوتوپییەکەیە، واتە پێچەوانەی یوتوپیایە.**

# شاره میدییەکان

دیاکۆنۆف(*)
لە ئینگلیزییەوە: نەبەز هێمن
(سوێد)

شــای ئاشــوور هێــرشی بۆ گــشت وڵاتـان كــرد و بـۆ "سامەریا" هات و ماوەی سێ ساڵ لە ژێر دەسەڵاتیدابوو. لە نۆیەمین ساڵی "هووشیـا" شای ئاشـوور "سامـەریا"ی گـرت و ئیـسـرائیلیـیـەکانی بۆ ئاشـوور دوور خسـتـەوە و ئەوانی لە "حـەڵە" و لە "خـابوور"، ڕووباری "گـۆزان" و "شارە میدییەکان" جێگیر کرد، شای ئاشوور خەڵكی لە "بابیلۆن"، "کووتا"، "ئاووا"، "حەمات" و "سیـوەرڤەیم" هێنا و لە شارەکـانی "سـامـەریا" لە جیـاتی خەڵکانی ئیـسـرائیـل ئەوانی نیـشـتـەجی کـرد و ئەمـان بـوون بە خانەخوێ و خاوەنی "سامەریا" و لەو شارانە نیشتەجێ بوون، ("کـتـێـبی دووەم شـاکـان" لە تەورات دا"). (II Kings 17:5-6,24)

ئێـسـتـا ڕوون و ئاشکرایە ئەو شـایەی دەسـتی بەسـەر "سـامـەریا"دا گـرت "شـەلمەنسـەری پێنجـەم" بوو و ئەو پاشایەی خـۆی کرد بە خاوەنی "سامـەریا"، "سەرگۆن"ی دووەم بوو و سـاڵەکـەشی ٧٢٢ی پێش مـەسـیـح بووە، ئەمـەش زانراوە کـە دووبارە نیـشـتـەجێکردنی خەڵکانی یەخـسـیـر و گـیـراو لەلایەن فـاتحـانی ئاشـوور لە وڵاتی ڕەسـەن و خـۆجـێی خـۆیان بۆ هەندێ شـوێنی دوور لە ئیـمـپـراتۆری هەمـیـشـە دەسـبـەجێ بە داوی سەرکـەوتندا نەبووە، هەر بۆیە ئیسرائیلیەکان بەر لە ساڵی ٧١٦/٥ لە "سامەریا" دوور نەخراونەوە، چونکە پێش ئەمە شای ئاشووری دەسەڵاتی بە سەر شارەکانی "میدی"دا نەبووە، ئەمـەش زانراوە کە نیشتەجێکردنی خەڵك بە گشتی بە زۆری لە بەشی ناوەندی ئاشوور بووە، یان جێگیرکردنیان لە ناوچەی سنووری و سپاردنی ئەرکی پاراستنی سنوور بە چەک و سـیـلاح لەبەر ئەمنیـیـەتی خـۆیان، هەروەها ئەمان ناچار بوون لە شارەکانیان لە دژی دژمنانی ئاشوور بەرگری بکەن"، خـالەخـا" شـوێنێکی ناوەندی ئاشـوور



مەسیح

بوو، لانی کەم لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش مەسیح وەک نموونە دەکرێ دەشـــتی "خـابوور" لەگـەڵ شـاری "گـۆزان" ("تەل حـەلەف"ی ئەوروپیی) بهـێنرێتـەوە، بەڵام شارە میدییەکان لە سەر سنوور بوون.

دانیشـتـووانی شـارە فەتح کـراوەکـانی "سامـەریا" لەو وڵاتانەی ئاشـوور گـرتوونی لە هەندێ سنووری بەرانبـەر دەبێ دوورخرابنەوە. بابلییـەکان و کووتییـەکان قوربانی هێرشی یەکـەمی "سـەرگۆن" لە ٧٢٢، یـان ٧٢١ی پێش زایین بـوون، "حــەمــات"ییــەکــان لە ٧٢٠/٧٢١، ناسینەوەی "ئاووا" و "سێفەرڤەیم" هێشتا یەک مەتەڵە، بەڵام ئەوان هەروەها دەبێ لەو وڵاتانەی فـــەتح کـــراون بدۆزرێنەوە، لە ساڵانی سەرەتایی سەرگۆن، لە سەدەکانی نۆیەم و هەشـتـەمی زایینی دەسـتـەواژەی "مـادای" بۆ تەواوی ئەو وڵاتە دەکـــار نەدەکـــرا کـــە دەبوایە ناوی "میـدیا"ی لـەسەر دابنێن دوای شۆڕشی ئەشیـرەتەکان دژ بە "ئەسـەرحـەدوون" لە ٦٧٠ی زایینی و سـەرهەڵدانی پاشایەتی میـدی لە کـاتی "خشـەتریتا" (فـرائۆرتس) و دواتر ئیمپراتۆری ماد بە هۆی "هووەخشترە"(کیاکسار).

دەستەواژەی "ئەمادی" (دواتر "مادای") یەکەم جار لە ڕۆژانی "شەلمەنسەری سێیەم" ئەو کاتەی شای ئاشووری هێـرشـێکی لە سـاڵی ٨٣٤ بۆ ناو "نامـار" لە دەشـتی "دیالە" ڕێکخـست، کـە لە "بیت خـەمبـان" باکـووری ڕۆژهەڵاتی "نامـار" وەژوور کـەوتبـوو)، لە پاشـان بۆ "پارسـوئا"، دەسـتـەواژەی دواتر مـانای "سـەر سنوور" لە زمــانی ئێــرانی کــۆن دەدات و بۆ هەندێ "مــارش" و ڕێپـێوانی نیـزامی لە ناو کـۆمەڵی فـارسی زماندا دەکار کـراوە. "پارسـوئا" کـە "شـەلمەنسـەری سێـیـەم" لە سـاڵی ٨٣٤ چووەتە ناوی دیار نیـیـە بە وردی مـەبەست کـام شوێنی جوگـرافیـیە(جیـا لەمە کە مـانای"سـەر سنوور" دەدات) لەگـەڵ وشـەی "پارس" ("فـارس" ی ئەوروپیی) زێد و مەڵبەندی فـارسەکان، هێشتا کۆچی فارسەکان لە "پارسـوئا" بۆ "پارس" نەسـەلمێنراوە و بە دڵنیـیـاییـەوە فـارسەکان لە سەدەی نۆیەمی پێش مەسیح لە فـارسدا ژیاون، لە "پارســـوئا" کـــە دەبێ لە دەور و پشــــتی "سلێـمـانی" هەڵکەوتبێ، "شـەلمەنسـەر" لە دەربەندی چیایەک بەرەو "میسی" تێپەڕ دەبێت کە بە ڕواڵەت دەبێ لە سـەرچاوەی چۆمی"جـەغـەتوو" بێ و لێـرەوە بڕینی دەربەندێکی تر بەرەو ڕۆژهەڵات ئاراسـتـەکـەی گـۆڕی و هاتە ناو خـاکی"ئامـادی"، کـە ڕەنگە لە سـەرووی، یان باشووری دەشتی "سفید رود" ("قزل ئۆزۆن") هەڵکەوتبێ و ناوچەکانی "ئارانزیاش" و "خارخار" لەخۆ دەگرێت.

لە کـــاتی "شـــەمـــشی ئادادی پێنجــــەم" ڕەنگە ئاشوورییەکان گەیشتبنە "کاسپییەن" بە درێژایی "سفید رود" و لە ٨٢٨ ئەم پاشـایە هێـرشـێکی نوێی دژ بە میدییەکان (مادای) سازدا، پاش وەرگرتنی باج و دیاری لە "خـۆبۆشکیـا"(نزیک "حەکـاری" ئەورۆ) و ئەشیـرەتی جۆراوجۆر لە هەرێمی "ماننا"(باشووری گۆلی "ورمێ") و "پارسـوئا"(نزیک "سلێـمـانی")، "شەمشی ئاداد" لە دەربەندەکـانی "گـیـزیـل بوندا ("قـافـلانکوە"ی ئەورۆ) تێـپـەڕی، لە هەمبـەر خـۆڕاگـری بێ وێنە و بە جـەرگی مادەکان ئەو لە نێوان ناوچەکانی "گیزیل بوندا"، "مادای" تێــپــەڕی (دواتر بە ڕواڵەت لە لایەن "خـاناشـیـروکـا" سەرۆکی "سەگبیـتو" یان "بیت- سەگبات"ڕێبـەرایەتی دەکرا) و "ئارازیاش" (کە ڕەنگە لە نزیک "هەمەدان"ی ئەورۆپیی هەڵکەوتبێ). نزیکەی سی سەرۆکی خەڵکانی خـۆجـێـیی لە "مـادای" و "پارسـوئا" لەو قـەوارەیەی "ماننا"ی پێشوو بوو، دیاری و پێشکەش یان بۆ فاتحان هێنا. لەو حاڵەتەدا هەروەک لە زۆر نموونەی هاوشێوە لە ناوە تایبەتییـەکـان و تۆپۆنیـمی بەر لە ئێرانی هێشـتـا زاڵن، هەرچەند بە تێـپـەڕینی زەمەن توخـمی ئێـرانی بە

هێزتر بوو. وڵاتی "کووت"یان بەو حاڵەش لەگەڵ دەرسەد و هەژمارێک لە بەرزبوونەوەی خەڵکانی ئێرانی زمان بەرەوڕوو بوو.

لە سەردەمی "ئاداد- نیراری" سێیەم، نزیکەی دە هێرش و لەشکرکێشی بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژهەڵات لە نێوان ساڵانی ٨٠٩ و ٧٨٨ کرا، بە گوێرەی بەردەنووسێک بە ڕێکەوتی ٨٠٢ی پێش زایین، ئاشوورییەکان دەڵێن دەستیان بە سەر "ئێللیپی"(باشووری "کرماشان"ی ئەوڕۆیی و "ئێلیمای" دواتر، نابێ تەک "ئیلام"، یان "سوسیانا"(شووش) تێکەڵ بکرێت، "خارخار" "ئارازیاش"(نزیک "هەمەدان")، "میسی"، خاکی میدییەکان، تەواوەتی "گیزیل بوندا"، "ماننا"("مونا")، (پارسوئا")، "ئالابریا" (لە سەرووی زاپی خوارووی"زێی بچووک")، "ئابدادانا"- بەرەو "ئاندیا" و بە ڕواڵەت دەریای "کاسپییەن" : گشت ئەو وڵاتانەی وەک "نائیری" دەناسرێن، بە سەرنجدان بەوەی کە"خارخار" و "ئارازیاش" لێرەدا بەشێک لە خاکی "میدیا" نین: ئەمان لە سەر سنووری "ماد"ی بچووک و خەڵکانی خۆجێیی "زاگرۆس" کە لەوانەیە سەر بە "کووتی" و "هووری"یەکان، یان هەندێ تیرە و ڕەگەزی نا ئێرانی تر بن.

ئەمە کۆی گشتی پێشڕەوی ئاشوورییەکان بۆ ناو ڕۆژهەڵات لە بەشی دووەمی سەدەی نۆیەمدا بوو، هەرچۆنێک بێت تەواوی ئەو ناوچانە بە کاتی دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆیی لە کۆتایی دەسەڵاتی"ئاداد- نیراری" ڕزگار بوون و ئاشوور دەسەڵاتی بە سەریاندا نەما.

نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمی پێش مەسیح سەردەمێکی سەخت لە مێژووی ناوخۆیی"ئاشووور" دا بوو، "ماننا" و وڵاتانی دەر و جیرانی وەک "نامار" کەوتنە بەر ئازار و دەستێوەردانی شاکانی "ئۆرارتی"، بەڵام "میدی"یەکانی ڕۆژئاوای چیاکانی "گیزیل بوندا" کەڵکیان لە دەرفەت وەردەگرت. پێشوەچوونێکی تری ئاشوورییەکان لە ٧٤٤ لە ژێر دەسەڵاتی"تیگلات پیلسەر"ی سێیەم دەستی پێکرا کاتێک شای ئاشووری هێرشی هێنایە سەر "پارسوئا" و کردی بە پارێزگایەکی سەر بە ئاشوور (وەک "نیکور" یش لە دوایی وەک پێتەختەکەی ناسراوە)، کرۆنۆلۆژی پاشایەتی "تێگلەت پیلسەر"ی سێیەم پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، بەڵام هەر لەو ساڵەدا بە ئەگەری مومکین ئاشوورییەکان هێرشێکیان دوورتر بۆ ڕۆژهەڵات لە "ئارازیاش" و قەڵایەکی میدی "زاکروتی" کرد. جیا لەمە، "تێگلەت پیلسەر" داوای کرد تەواوی وڵاتی "ماد"ی خاوەن توانست تا دوورایی چیای "بیکنی"(دەماوەند)، "سەروەرانی شارەکان"(ئێران، ویسپاتی، داهیۆپاتی) دەبێ باجێکی بەردەوام لە نۆ تۆن بەردی "لاپیس لازولی"(بەردێکی گرانبایی شینە) و پازدە تۆن کەلوپەلی برۆنز بە ئەو بدەن، سفارش و ئەمرێک کە "میدییەکان" بەجێی ناهێنن.

"تێگلەت- پیلسەر" جیا لەمە پارێزگایەکی تری لە ساڵی ٧٤٤ی پێش مەسیح سازکرد، "بیت- خامبان"(ئێران، "کامپەندا[ ؟] باشووری ناوەڕاستی سەرووی "دیالە")، هەر دووی "بیت خەمبان" و "پارسوئا" وەک بەشێک لە ئیمپراتۆری ئاشوور تا لەناوچوونی مانەوە.

لە ساڵی ٧٣٨[ ؟] ساڵنامەکانی "تێگلەت- پیلسەر" ئاماژە بە کۆچاندن و دوورخستنەوەی "کووتییەکان" (خەڵکی خۆجێیی و نائێرانی دەشتەکانی زاگرۆس) و "بیت سەنگی" و نیشتەجێکردنیان لە باکووری "سووریا" و باکووری "فینیقیا" دەکات، کە لەو کاتدا هێڵی پێشەوەی شەڕەکان بوو، ئەو خەڵکە ئاوارەیە بە دڵنیاییەوە لە ماوەی هێرش و لەشکرکێشییەکانی ساڵی ٧٤٤ی پ. ز بە دیل گیرابوون، لە ناویاندا هەندێ گرووپی ئیتنیکی ڕیزکراوە (بە گومانی کەمتر لە "ئاووا" و "سیفەروەیتس"ی "کتێبی شاکانی دووەم")، (II. Kings)،

هەروەها ئاماژە بۆ ناوی "بوودی"یەکانیش کراوە کە دەکرێ دانیشتووی "بوودۆ" لە سەر سنووری نێوان "ئیلام" و "بابیلۆنیا" بن، یەکێک لەو تیرە و ئەشیرەتانەی "ماد"("میدیا") کە "هیرۆدت" ناوی بردوون، هێرشی دواتری ئاشوورییەکان بۆ خاکی "میدیا" لە ساڵی ٧٣٧[ ؟]، ڕوو دەدات، بەڵام هیچ چەشنە سەرکەوتنێکی بەردەوام، یان چێبوونی پارێزگای نوێی ئاشووری لێ ناکەوێتەوە، ئەوەش ڕێک بە پێچەوانەی نووسراوەی بەردنووسێکی "تێگلەت- پیلسەر"ە، ئەم پاشایە لەخۆباییترین شای ئاشوورییە و هاوکات بە نزمترین سەرچاوە لە بواری متمانە بە قسەکانی پێناسە دەکرێت، پاشای دواتری ئاشووری"شەلمەنسەری پێنجەم" بوو، بەڵام

لە کاتی پاشایەتی ئەمدا هیچ هێرشێک نەکرایە سەر خاکی "میدیا".

"سەرگۆن"ی دووەم بۆ یەکەم جار لە سالّی ٧١٩ بە مەبەستی پشتگیریکردن لە "ئیرانزۆ" شای "ماننا"یی کە هاوپەیمانی ئاشوور بوو، بەرەو ڕۆژهەلاّت گەشتی نیزامی بەڕێوە برد، دواتر دیسان لە ٧١٦ی پ. ز گەشتێکی تری بەڕێوە برد، لەو کاتەدا "ئیرانزۆ" دەمرێ و کوڕەکەی بە ناوی "ئازا" لە لایەن گرووپی دژە ئاشوور دەکوژرێت، "سەرگۆن" دەسبەجێ دژکردەوەی نواند، بەوپەڕی دڕندەیی و بێ بەزەییانە ئەو گرووپ و لایەنانە سەرکوت دەکا و لە جیاتی "ئازا" براکەی بە ناوی "ئولوسونۆ" لە تەختی دەسەلاّتی"ماننا" دادەنێت. بەو حالّەش "ئولوسونۆ" لەلایەن گرووپ و لایەنی دژە ئاشوور تێن و دنە دەدرێ بۆ وەرێخستنی شۆڕشێکی نوێ و هەر لەو پێوەندییەدا چەند پێشنیار بۆ حکوومەتی "ئۆرارتۆ" دەنێرێت. "سەرگۆن" هێشتا لە ناوچەدا بوو، هەر بۆیە بە توندی تێکیان دەشکێنێت و "ئولوسونۆ" سەرەڕای هەلّخڕاندنی شۆڕش دژ بە ئەو، دیسان وەک پاشای"ماننا" لە سەر دەسەلاّت دێلّێتەوە، پارێزگای پێشووی ئاشووری "زاموئا"("زاموئا"ی دەرەکی) ڕۆژهەلاّتی "هەولێر" و "ئەرەپخە"("کەرکووک") هەنووکە تا باکووری- خۆرهەلاّتی پەرەیان سەندبوو.

دوای ئەم کارانە "سەرگۆن" درێژەی بە گەشتی نیزامی خۆی بۆ ڕۆژهەلاّت دا، لەو پێناوەدا دەستی بە سەر قەلاّ و بارەگای"کیشێ سۆ" لە سەرچاوەی ئاوی "سفید رود"(کە دەکرێ حاکمەکەی ناوێکی "بابلی" بووبێ کە لەو سەردەمدا زۆر سەیر و دەگمەن نەبوو)، هەروەها دەستی بەسەر چەند شارۆچکەی هاوسێی تریدا گرت، سالّێ دوای ئەمە، "کیشێ سۆ" دەبێتە ناوەندی پارێزگایەکی نوێی ئاشووری.

هەندێ لە خەلّکی "مێدیا"، ("ماد") بەهۆی کاریگەری سەرکەوتنەکانی"سەرگۆن" لە "ئۆرارتۆ و "ماننا" دابڕان، هەر بۆیە هەولّیان بۆ چێکردنی هاوپەیمانییەک تەک "ئیللیپی" دا کە پاشایەتییەکی نیوە ئێرانی لە نزیک"کرماشان"ی ئەوڕۆیی، "خارخار" بوو کە ئەمان حاکمی پێشووی خۆیان (بە ناوی کۆنی"کیبابە") وەدەرنابوو لە لایەن "سەرگۆن"ەوە دەستی بەسەردا گیرا و بۆ سالّی داهاتوو، قەلاّ و بارەگاکە بوو بە ناوەندی پارێزگایەکی نوێی دیکەی ئاشووری، "خارخار" کە بریتی بوو لە "ئەرانزێشو" (ئەرازیاش") و هەژمارێک ناوچەی "میدیا"یی، قەلاّ و بارەگاکە بە شێوەی فەرمی ناوی "کار- شارۆکێن"ی لێ نرا، ئێمە چەند نامەمان لە حاکمی ئەو قەلاّیە کە ناوی "مانوو- کی- نینوئا"یە لەبەردەستدایە.

(ABL- 126- 129, 1645, cf. also 556)

گۆڕینی ناوچەی "خارخار" بۆ پارێزگایەکی ئاشووری دەسبەجێ شۆڕشی دانیشتووانی لێ کەوتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەوان وەک جاران چاوەڕوانی دوورخرانەوە بۆ ولاّتانی تر و نیشتەجێکردنی خەلّکانی تر لە زێدی خۆیان بوون. بلّێسەی شۆڕش پارێزگاکانی"بیت- خەمبان" و "ناماڕ"یشی گرتەوە، بەلاّم لە لایەن"سەرگۆن"ەوە سەرکوت کرا، دوای ئەمە"سەرگۆن" خەلّکێکی زۆری دوور خستەوە.

وێنەی قەلاّ و بارەگاکانی "کیشێسۆ" و"خارخار" لە کۆشکی "دوور- شارۆکێن" نەخشێنراون و نوسخەی کۆپییەکانیان لە لایەن"بووتا" و "فلاندین"ەوە ئامادە کرابوون، هەر بۆیە لە ناوچەی "زاگرۆس" و خاکی"ماد"، ئاشوورییەکان پێنج پارێزگایان چێ کرد، "زاموئا"، "پارسوئا"، "بیت- خەمبان"، "کیشێسۆ" و "خارخار"، سەرەڕای هێرشی قوولّ بۆ کوێستانەکانی ئێران لە ماوەی پاشایەتی سەرکەوتووانەی شاکانی ئاشوور درێژەی بوو، سنوور و کەوشەنی ئیداری ئاشوور بە درێژایی زەمەن نەیتوانی لە سنوور و تخووبی ئەو پێنج پارێزگا دەستکردە بۆ لای ڕۆژهەلاّت پەل بهاوێت، هەرچەندە بە ڕوالّەت لە سەردەمی "سەنخەریب" پارێزگاکانی "کیشێسۆ" و "خارخار" تووشی دابەشکاری بوون و کۆمەلّێ لقوپۆپی تریان لێ بۆوە (بە پێی دەقەکانی زەمەنی"ئەسەرهەدوون" و "ئاشوورپانیپالّ"). "کیشێسۆ" بۆ دوو بەشی "کیشێسۆ"ی بچووک و "مادای" و "خارخار" بە "خارخار"ی بچووک، "سەپارادا" و "بیت- کاری"، کە دواتر زۆرتر بە "کار- کاشی" ناوی دەرکرد دابەشبوو، لەو پارێزگایانە خاکی "میدییەکان"یان دابڕدابڕ کردبوو، هێز و توانایی حاکمانی ئاشووری بەدەر لە شارە دەولّەمەند و پیتێنراوەکان لە مەترسیدابوو، خەلّکی دەوروبەر گوێڕایەلّ و وەفادار بە سەروەرانی شارۆچەکەکانیان بوون.

شۆڕشی ئەم کەسانە لە کۆتایی ٦٧٠ پ. ز هەرەسی بە دەسەلاّتی ئاشوور لە خاکی "میدیا" هێنا("خشەتریتە"

یان "کەشتەریتۆ" لە "کار- کاشی"، "وەهمیاتەرشی"*
یان "مامیتیارشۆ" لە "میدیا" و "دووسانی" لە "سەپارادا") و سەرهەڵدانی پاشایەتی "میدیا" لەلایەن "خشەتریتە"یان "فرائۆرتیس"ی لێکەوتەوە، هەر بۆیە "میدیا"ی بچووک، "شارە میدییەکان"، پێوەندییان لە تەک پارێزگاکانی "کار- کاشی"("بیت- کاری")، "مادای" و "سەپارادا" هەبووە، کە ئەمانیش بە نۆرەی خۆیان سەر بە پارێزگاکانی "کیشێسۆ" و "خارخار" لە کۆتایی سەدەی هەشتەم بوون.

لە ساڵی ٧٢١دا، ساڵنامەکانی "سەرگۆن" ئاماژە بە نیشتەجێکردنی بابلییەکان"[بۆ سەر خاکی"] "خاتتی"دەکەن. لەو کاتەوە دەستەواژەی "خاتتی" لە ئەدەبیاتی فەرمی سیاسی ئاشوورییەکان لە سەدەی هەشتەمی پ.ز بە هەر وڵاتێک لە ڕۆژئاوای "فورات" دەوترا، هەر بۆیە هێرش و لەشکرکێشییەکەی "سەنخەریب" لە ساڵی ٧٠١ ی پ. ز بۆ سەر "ئۆرشەلیم" بە ناوی هێرش بۆ سەر "خاتتی" ناودێری دەرکرد.

بۆ ساڵی ٧١٦/٥ بەردنووسەکەی سەرگۆن لە وڵاتی "قوبرس" ئاماژە بە کۆچاندنی زۆرەملێ دانیشتووانی "خارخار" و نیشتەجێکردنی خەڵکی وڵاتانی فەتح کراوی تر لە جیاتی ئەوان دەکات، سەرکەوتنەکانی ساڵانی سەرەتایی "سەرگۆن" بریتی بوون لە "سامەریا" ٧٢٢، "بابیلۆنیا" ٧٢١، "هەمات" ٧٢٠، "ماننا" ٧١٩، "شینوختۆ" لە ئاسیای بچووک ٧١٨ و "کەرخەمیش"٧١٧.

هەنووکە بابلی و هەماتییەکان لە "سامەریا" نیشتەجێ کرابوون، هاوکات خەڵکانی شارەکانی "ماننا"ش بۆ "دەمەسکوس"(دیمەشق) لە وڵاتی "خاتتی"بە زۆری کۆچێنران، وا دێتە بەرچاو لە "شینوختۆ" هیچ کۆچی زۆرەملێ لەوکاتەدا ڕووی نەدابێت. هەر بەو پێیە، بەس "سامەریا" و "کەرخەمیش" دەمێننەوە، هەرچۆنێک بێت ئیسرائیلی و دانیشتووانی "کەرخەمیش" بە زۆرەملێ بۆ"خارخار" کۆچێنران. بە گوێرەی "کتێبی دووەمی پاشاکان" بە دڵنیاییەوە یەکەمینیان مانادار بوو و دووەمیش هەروەتر، کە واتە بە گوێرەی کتێبی پیرۆز (تەورات و ئینجیل) "شارە میدییەکان"، "خارخار" و شارۆچکەکانی هاوسێی دەگرێتەوە. وابیر دەکرایەوە "خارخار" هەر هەمان "کارخەر" دەوڵەت- شارێکی "هوری" هەزارەی سێیەمی پ. ز بێت، بە ڕادەیەک نزیک لە مێزۆپۆتامیا (چۆماوان) کە ناوچەیەکی گەورەی سنووری لە ژێر دەسەڵاتی حاکمی "لەگەش" لە بەشی دووەمی سەردەمی "ئوور"ی سێیەم، لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا، دراوسێکانی "خارخار" لە ڕۆژهەڵات و باکوور "کیشێسۆ" (و دواتر "مادای" و ڕەنگە "کار- کاشی") و لە باشووری خۆرهەڵات "ئیلیپی" و لە باشووری ڕۆژئاوایی و ڕۆژئاوا بە ڕواڵەت پارێزگاکانی ئاشووری "بیت- خەمبان" و "پارسوئا" بوون، ئەمە هەڵکەوتنی "خارخار" لە شوێنێک لە ڕۆژئاوای هێڵی "هەمەدان- کرماشان" دەزانێت، وێدەچێ ئەو سەر بەو ناوچانە بێ کە دواتر پێیان دەوت"سیرۆمیدیا" (بە قسەی "پتۆلیمی"، شەشەم، ٢,٦)، بە دڵنیاییەوە هەژمارێک لە دانیشتووانی جوولەکە بوون.

ئێستا ڕوون و ئاشکرایە کە مێژووی دواتری"دە هۆز"ـەکە لە سەردەمی کەونارا و "سەدەکانی ناوەڕاست" و هەتا سەردەمی ئێستا بووە بە بابەتی ڕەمەکیترینی گومان و شیمانەکان، بەڵام ئەوە شیمانەیەکی تێچوویە کە ئەمان لە تەک کۆمەڵانی"ئارامی" و خەڵکانی ئێرانی زمانی دانیشتووی ئیمپراتۆری ئاشوور دەردەکەون و بە زوویی شوناسی خۆیان لە دەست دەدەن، مێژووی کۆنی ئیمپراتۆرییەکانی "ڕۆژهەڵاتی ناڤین" بە بوونی ئەمان دەست پێ دەکات، بەر لە هەموویان ئاشوورییەکان، ئێمە دوو جۆری جێگۆڕکێ لە خەڵکانی مەدەنی دیلکراو دەکارین دەستنیشان بکەین:

**یەکەم جۆر:** زۆربەی دانیشتوان و بە تایبەتی ئەوانەش کە بەرپرسیاربوون بۆ خۆڕاگری، یان ناتوان لە ڕزگارکردنی خۆیان لە کۆچی زۆرەملێ، بە شێوەی جۆراوجۆر کوشتوبڕ کران، ئەوانی دیکە بێ هیچ کەلوپەلێک، تەنانەت بە ڕووت و قووتی، کۆت لە مل و جاروبار بە ئەندامی سەقەت کراو و بڕداو، یان بە کوێرکراوی دوورخرانەوە.

ئێمە وێنەی ئەو کۆچە زۆرەملێیانە لە دەروازە و دەرگاکانی کۆشکی "شەلمەنسەر"ی سێیەم لە "باڵاوات" ی نەینەوا دەبینین. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە لە تەک دیلکراوانی مەدەنی لە سەردەمی "ئاشوور- نەسیرپاڵ" و "شەلمەنسەر"ی سێیەم ئاسایی بووە، لە دوای هێرشی "تێگلەت- پیلسەر"ی سێیەم ئەم شێوازە وەستێنرا، بە دڵنیاییەوە نەک بە هۆی مرۆڤایەتی، بەڵکو بەو هۆیەوە ئاشوورییەکان نەیاندەتوانی چیتر هەزینە و خەرجی ئەو

ولاَتانە بدەن کە دەبوونە هۆی پڕ بوونی خەزێنەی حکومەتی ئەوان.

**جۆری دووەم:** ئەو خەڵکانەی دەکۆچێنران بە زۆری بە پێیان – هەرچەندە ئارەبانەش دەکار دەبران، بەڵام بە جلوبەرگی خۆیان و برێکی کەم خواردەمەنی، کۆچی زۆرەملێ لەم چەشنە لە هەندێ نەخشی زەقی سەدەی حەوتەمی پ. ز لە "کۆیۆنجیک" لە نەینەوا دەبینرێ و ئەم شێوە لە کۆچاندن لە لایەن "ڕاب- شاکێ"ی "سەنخەریب" بۆ بابەتەکانی"هێزقیاه" تا ڕادەیەک خۆشبینانە وەسف کراوە: "ئەو کاتەی شای ئاشوور دەڵێ: مەرحەمەتی من وەربگرە و لەگەڵ من وەرە بۆ دەرەوە، پاشان گشت ئێوە دەرفەتی خواردنی شەراب و هەنجیری دەبێت و تاک تاکی ئێوە دەتوانێ ئاو لە سەرچاوە بخواتەوە، تا ئەو کاتەی من دێم و دەتانبەم بۆ ولاَتێک لە چەشنی ولاَتی خۆتان، ولاَتی دەغڵ و دان و شەراب، ولاَتێکی پڕ لە نان و ڕەز، ولاَتێکی پڕ لە دار زەیتوون و هەنگوین، لەوێ ئێوە ڕەنگە نەمر ببن و بۆ هەمیشە بژین.... ("کتێبی دووەمی پاشاکان" لە تەورات").

(II Kings 18:31 -32, Isa. 36:16 -17)

کۆچاندنی ئیسرائیلییەکان، بەو حاڵەش بەرەیەک زووتر دەستی پێ کردووە لەو سەردەمەی شێوازەکانی"ئاشوور- پانیپاڵ" بە تەواوی لە بیر نەکرابوون و ئەو ولاَتەی بۆ ئەوێ دەکۆچێنران لە جێدا هەر جێی سەرنج نەبوو، یەکەم لەبەر ئەوەی کە هێڵی- پێشەوەی ولاَت بوو و دەبوایە بە سوودی شای ئاشووری بەرگرییان لەم ولاَتە بکردایە. جیا لەمە، ولاَتێک بە دانیشتووانی هاوردە و کۆچ پێکراو لەخۆوە دەبوو بە ولاَتێکی وەفادار و خەڵکانی نوێ بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژەی هێلێنی بوون بە کۆچەرانی پاشایەتی (بە زمانی ئەکەدی"شەکنو")، هاوکات نەدەبوون بە خاوەنی ولاَت، خەڵکانی ولاَت و زمانی جۆر بە جۆر لێرە تێکەڵ بە یەک دەکران، لە ئاکامدا لە "خارخار" بە دڵنیاییەوە دەبێ لە تەنیشت ئیسرائیلییەکان، خەڵکانی ئێرانی زمان، ئارامییەکان، "کووتییەکان"، ئاشوورییەکان و ڕەنگە"لوڤیانس"ـەکان لە "کەرخەمیش" بووبن، نووسینگەیەکی خانووبەرە و بژیوی بۆ دانیشتوان چێ بووبوو. (بروانە بۆ وێنە، لە"کتێبی حەڕڕان دوومسدەی" نووسینگەی خانووبەرە (وەجاخ کوێر یان ئەوانەی بێ منداڵ بوون!)

گامبولانی ئارامی لە سەدەی حەوتەمی پ. ز لە سەرووی ڕووباری دیجلە بۆ ئەوێ دوورخرایەوە، لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا ڕێگەی جێی متمانە بۆ ڕزگاری دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش لەتەک دانیشتووانی تر بوو(کە بە دڵنیاییەوە دەبێ ئارامی بووبێ)، بۆ شوو پێ کردن (هەژمارێک ژنی ئیسرائیلی دەکرێ دوورخرابنەوە و لەلایەن سەربازانەوە فرۆشرابن)، بۆ خزمەتی پاشای ئاشوور وەک میلیشیا و پاسەوانانی سەرسنوور و بێگاری پێویست بۆ ئیمپراتۆری، ئەوە زۆر گرنگە وەبیرهێنانەوەی کۆچاندنی ئیسرائیلییەکان بۆ "خارخار"، تەنانەت لە زمان "هێزقیا"ی یەکەمیش نەبیستراوە چ بگات بە "هێزقیا"ی دووەم و "ئێرمیا" و "هیزقیل"، بۆ ئەوان سەرەڕای خواکانیان، خوای مەزنی هۆزی ئیسرائیلی لەبەرچاو گیرابوو کە ئەوانی لە ولاَتی وادە پێدراو نیشتەجێ کردبوو، ئیدەیەک کە هێشتا بە تەواوی جێی خۆی نەگرتبوو و زاڵ نەبووبوو، کە خواکانی هۆز و تیرەکانی تر سەروەرانی ولاَتانی تایبەتیان نەبوو، بەڵام دەکرا بەو شتانە بناسرێتەوە کە وێنەکانیان چێ کردبوو، ئەمە بەڵام پەرستنی خواکانی ولاَتێکی نوێ ئاسایی بوو، ئەمە ئەو شتەیە کە بابلی، کووتی و هەماتییەکان لە "سامەریا" کردیان، بە ڕواڵەت هەوڵیان دا خواکانیان بپارێزن، بەڵام دانەری "کتێبی دووەمی پاشاکان"، تەنانەت ناوی دروستیشیان نازانێت. ئەم شتە ڕەنگە بۆ "دە هۆز"ـەکەش قەومابێ، کە پەیڕەو و درێژەدەری "ئیزرا" نەبون. (2:2, Neh. 7.7)

تەنانەت بە "مۆردەخای" یان "مەردوکیا" بانگ دەکرێ[ ؟] ئایینی "مەردوک"، یان "ئیشتار" بۆ زاگرۆس، تەنانەت قەفقاز لە سەدەکانی هەشتەم – شەشەم پ.ز پشتڕاست کراوەتەوە و نابێ بە هەڵە تێ بگەین بۆ دۆزینەوەی شوێنگەیەکی پیرۆزی ئایینی خوای ئیسرائیل لە ناو ولاَتیک تەواو جیاواز [ ؟] . "دە هۆز"ـەکە ئەزموونی دیاسپۆرایان نەبووە و "سیناگۆگە"(کەنیسەی جوولەکەکان )ش تا بە ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

لەبەر هەموو ئەمانە، "دە هۆز"ـەکە مەحکووم بە توانەوە لە ناو دانیشتووانی ئارامی و ئێرانی زمانی ئیمپراتۆری ئاشوور بوون، ئیسرائیلیەکانی"دە هۆز"ـەکە بە ئاشکرا لە کتێبی "یوودایەک"ی "تۆبیت" و دەقەکانی تری دواتر کە

لەسـەردەمی ئیـمـپـراتۆری "مـاد" باو بوون وەک تاپۆ و تارمایی ناو خەیاڵی نووسەر نیشان دراون.

دوورخـرانەوەی بـابلیــەکـانی "یـوودا" سـەر بە جـۆری دووەمی کـۆچی زۆرەملێـیـە و لە جـێدا بارودۆخـەکـە زۆر دڵخـوازتر لە پرسی"دە هۆز"ـەکـە بوو، ئەمـان زۆر جـاران لەلایەن "ڕاب- شاکێ" لە "کـتێبی دووەمی پاشاکـان" و "هزقیا" باسیـان لێوەکراوە، "یوودا"ییەکان بۆ سەرسنوور و هێـڵی پێـــشـــەوە وڵات نەکـــۆچێنران، هەمـــوویـان دوورنەخــرانەوە، : سـەرەتا ئەوانەی ناچارکـران کـۆچ بکەن"(پاشـا)"یێـــهـــۆیاخـــیم"...، و دایکی و پێش خـزمـەتەکـانی و هەمـوو شـازادەکـان و پیـاوانی خـاوەن توانایی بوێر و دە هەزار دیـل - و گـشت پیـشـەسـاز و سەنعەتکار و ئاسنگەران"(کتێبی دووەمی پاشاکان" ١٤ - ١٢:٢٤)، وا دیارە بابلییەکان پێیان خۆش نەبوو لە نیشتەجێکردنی خەڵکی هەژار و ڕووت لە خاکەکەیان کە زۆر جــاران ڕێژەیان زۆر بـوو، ئەوە بەو مــانایەیە کـــە "نەبوخـەد نەسـەر" گـەرەکی نەبوو کـرێکاران و نە ئەو پیاوانەی وەک شەخسی دەتوانن لە خزمەت لەشکردا بن، ئەمـە ڕاسـتە بە گـشـتی "نەبوخەد نەسەر" ڕێبـەرایەتی دوورخـــســـتـــەوە و باقی خـەڵک لە شـار مـابوونەوە و هەڵاتووان لە تەک باقی هەژمــاری خـەڵک پەنایان بۆ شاری بابل بردبوو("کتێبی دووەمی پاشاکان"١١:٢٥)، بەڵام ئەمـــــان ڕادەیان زۆر نـەبوو وەک ئەوەی کــــە لە شاری"ئۆرشەلیم" دیاربوو.

لە ڕەوتی کـــۆچی زۆرەملێ زیـان و ئـازارێکی زۆر بە تایبەت لە منداڵان کەوت (هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ١٣٧ بۆ ١٣٩)، بەڵام ئێمە ئاگادارین کە "یێهۆیاخیم" وەک بارمتە لە کۆشکی شادا مایەوە و لەم کۆشکەوە نان و ئاویان بۆ دێنا (کـە دەبێ بـوترێ زۆر پـتـر لەمـە بوو کـە شایەک لە لایەن ئاشوورییەکانەوە گیرابێ. هیچ کەس بە کــوێلەیەتی نەبرا و ئەگــەری هەیە "پیـــاوانی بوێر" و "پیشەسـازان و ئاسنگەران" لەگەڵیـان باش جووڵابنەوە، لانی کەم بە گوێرەی تێگەیشـتنەکان لە سەردەم : ئەوان چنگی خۆیان لە لقوپۆپی داربیــەکـانی هەڵواسـراوە بە ڕووبارەکانی بابل خستبوو(لاپەڕەی ١٣٧)! چارەنووسی زۆربەی کۆچێنراوەکان لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە شێوەیەکی بەرچاو خراپ بووە. جێی سەرنجە کە تەواوی ئەو کۆمەڵە خەڵکە توانایی سەفەری گەڕانەوەیان لەبەر بێ دەرتانی و هەژاری لە سەردەمی "زیروبابێل" و"ئیزرا" نەبووە.

کـتێبی "ئیـزرا" دەڵێت بڕیاری "کۆروش" هەڵگری ئەم ناوەرۆکـە بوو : "لێگەڕێ گـشت ڕزگـاربوویەک، لە هەر شوێنێک ئیـقامەی کاتی هەیە لە لایەن پیـاوانی ناوچەی خـۆی بە زیو و زێڕ و کـەلوپەل و وڵاخ هاوکـاری بکرێت، جـیـا لەمـە داوای ئازادکـردنی خـانووی "یەهوە" خـوای ئیـسـرائیل دەکرێ.."("ئیـزرا" ١:٤)، و ئەمـە "..گـشت کـەسـانێک لەو پێـوەندییـەدا یارمـەتیـان دان"("ئیـزرا" ١:٦). لەو دەقـە، وا دێتـە بەرچاو کــە فــەرمــان بە دانیشـتووانی خۆجێیی بابل کرابێ یارمەتی گەڕانەوەی ئاوارەکــان بدەن. ئەگـەر ئەوەش ڕاست بێت، خـەڵکانی ئاواره و دوورخـراوە زۆر بە سـەخـتی دەیانتـوانی بڕوا و مـتـمـانە بە یارمـەتی و نیـازپاکی بابلیــەکـان بکەن (تەنانەت لەسەر حسێب و یارمەتی هاونیشتمانانیان کە لە پاش سەریان بە جێیان دەهێشت)، بە تایبەتی کە بڕی تەواوی یارمەتی و پێداویستییەکان دیاری نەکرابوون.

بەڵام بە دڵنیـاییەوە، بارودۆخی کۆمـەڵایەتی و ڕەوانی لێـرە بە تەواوی لەوەی سـەدەی هەشـتـەم جیـاواز بوو و گەڕاوە بۆ نیشـتمان وەک ئەرکێکی گەورەی ئایینی سەیر کرا، جێی سەرنجە کە نە "زیرۆبابیل" و نە "ئیـزرا" هیچ هەوڵێکیـان بۆ گـەڕانەوەی "دە هۆز"ـەکـە نەدا، سـەرەڕای زیندووبوونی کـوڕ و کچەکانیـان کە ناسنامەی خۆیان لە دەست نەدابوو، لە خـــاکی "مـــیـــدیا"ش نا، بەڵکو لە "خـــاڵەخـــخـــا"، یان لە "گـــوزانە"، بەڵام زۆربەیان بە شێوەیەکی قەرەبوو نەکراوە تێکەڵاوی خەڵکی خۆجێیی بوون و ڕەنگە هەرچۆنێک بێت دووبارە کڕینەوەی ئەمـان ئەرکێکی گرنگی ئایینی نەبووبێت.

*** تێبینی:**

**ئەم وتارە بۆ یەکەم جارە وەردەگێڕرێتە سەر زمانی کوردی و تا ئەو جێیەی وەرگێڕ ئاگادار بێت نەکراوەتە فارسیش.**


**سەرچاوە:**

**بڵاوکراوەی "ئاخ ئاسیریا" ژمارە ٣٣، لە نووسینی "مۆردەخای" و "هەییم تەدمۆر"، "زانکۆی عیبری، ئۆرشەلیم"**

**Refrence: “Ah Assyria” Number 33, by Mordechay and Haym Tadmor. 1991 Hebrew Universty, Jerusalem.**


# دەركەوتنی جوانی و هونەر (قەرەنی جەمیل)«١» لە كولتووریكی چەقبەستوودا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

كولتوور وەک زمان، وەک دەقە مێژووییەكان، هەر تەنیا خودی خۆی ناگەیەنێت، بەڵكو ئەوەش دەگەیەنێت كە ناكەوێتە خودی خۆیەوە، بەڵام قابیلی ڕاڤەكردنی زمانەوانین وەک: كەرستەكان، تەكنیكەكان، دابونەریت، پیشەگەریی و دەستكردی مرۆیی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە بیرمان نەچێ كولتووری باو، یان فۆرمە چەسپاوەكانی كولتوور، سیستمێكە بۆ لە ناوبردنی جیاوازی.

(١)

كاری هونەری (قسان دەكات)، بەڵام نەک وەک ئەوەی ڕابوردوو بۆ مێژوونووسانی جێ هێشتووە، یان وەک بەڵگەنامەی مێژوویی كە بەردەوام خۆی نوێ دەكاتەوە، چونكە هونەر وەک هیگڵ تێی گەیشتووە، شتێک نییە لە ڕابوردوودا بێت، بەڵكو هونەر لە ڕێگای خودی زمانی كارەوە قسان دەكات، یان وەک (فیرناندۆ پیسوا Fer-nando Pessoa 1888-1935)ی شاعیر دەڵێت: ئەوەی لە هەر چركەیەكدا دەیبینم، ئەوەیە كە هەرگیز نەمدیوە، یان دەڵێت: لە هەموو چركەیەكدا وا هەست دەكەم تازە لە دایكبووم«٢» ئەوە بە شتبوون ناگەیەنێت، بەڵكو دەركەوتنی هونەری جوانی و چركەساتی داهێنانە. لێرەوەیە (هایدگەر) كاری هونەری وەک (شتێكی دروستكراو) سەیر دەكات كە شتێكی دیكە دەڵێت، واتە ڕەهەندێكە كە تەجاوزی بە شتبوون دەكات، ئەو ڕەهەندەش لە جەوهەری كاری هونەری نەبێت، ناناسرێتەوە! لە كتێبی (ئەسڵی كاری هونەری)دا هایدگەر لە تابلۆی (پێڵاوەكەی ڤان كوخ) دەدوێ و دەڵێ: دەشێ پێڵاوەكەی ڤان كوخ دوو دنیامان نیشان بدات:



**قەرەنی جەمیل**

**یەکەم:** دنیایەک کە وەک ئەرک و نیاز پێڵاو پێوەی پەیوەستە، واتە وەک وەڵامدانەوەی زەوی بۆ جووتیار.

**دووەم:** دنیایەک کە لە جەوهەری کاری هونەریدا دەردەکەوێت ڕەهەندێکی دیکەی هەیە و ئاماژە بە لادێ دەکات، لەوێشەوە وەک ئامرازێک دەبێتە وەڵامدانەوەی جووتیار بۆ بێدەنگی زەوی، لە یەکەمیاندا پێڵاو شتێکی دروستکراوە و لە دووەمدا پێڵاو تەجاوزی بە شتبوون دەکات و لەگەڵ بێدەنگی زەوی قسان دەکات.

کەواتە کاری هونەری پێویستی بە تێگەیشتنە وەک ئەوەی شارەزایی زمان پێویستیەتی، لەوێوە تێدەگەین کە هەمیشە کاری هونەری شتێکمان پێدەڵێ، هەمیشە شتێک بە مێژوونووسان دەبەخشێت، نەک هەر هێندە، بەڵکو شت بە هەمووان دەدات، بە مانایەکی دیکە هەر یەکە و شتێکی لە کاری هونەری دەست دەکەوێت، بەڵام کاری هونەری وەک شتەکانی دیکە ناگوازرێتەوە، کاری هونەری بەردەوام نابێت و دەمێنێتەوە بەو ئامانجەی ئەو شتەمان بۆ بگەڕێنێتەوە کە ئەوێ ڕۆژێ ڕووی داوە، ئەوەش دەنگدانەوەی هونەرە بەسەر نەوەکانی داهاتوودا«٣»، کەواتە کاری هونەری ئەو ناوەندە سەربەخۆیەیە کە (هونەرمەند) لە میانییەوە دەتوانێ (ئەزموونی بوونی خۆی) بەرەو پێدراوێکی جێگیر بەرێت، جێگیرکردنی ئەزموون وەک "گادامێر" دەڵێت وادەکات کارەکە لەلایەن خوێنەرانەوە دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە، واتە کاری هونەری لە ڕێگای خوێندنەوەوە شیاوی بەشداریکردن و گۆڕین و گواستنەوە دەبێت«٤».

(٢)

کاتێک (فریدریک هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١) هەموو وێناکردنە هەستەکی و ئەزموونگەرییەکانی بە عەقڵەوە بەستبووەوە (وێنە) و (خەیاڵ) و (کردە)ی بە کاری عەقڵ دانا، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لای وایە کە حەقیقەتی ڕەها لە بەرانبەر سێ وێنە لە ئاگامەندیدا دەردەکەوێت: هونەر، ئایین، فەلسەفە، هونەر یەکەم قۆناغی درککردنی حەقیقەتی ڕەهایە و لە هەمووان کەمتر بانگەشەی تەواویی دەکات، بە مانایەکی دیکە کاری هونەری هەمیشە ناتەواوی و بۆشایی و کەلێنەکانی پێویستی بە بەرهەمهێنانەوە و تەواوکردنی ئەوی دیکەی جیاواز هەیە، پێویستی بە خوێندنەوەی ئەوی دیکەی جیاواز هەیە تا بۆشاییەکانی پڕ بکاتەوە، کاری هونەری هەمیشە لە ڕێگای بەرهەمهێنانەوە و خوێندنەوەی ئەوی دیکەی جیاوازەوە دەشێ بەرەو تەواویی هەنگاو بنێت! لە کاتێکدا فەلسەفە بە تەنیا وێنەی تەواوی درککردنی ڕەها دەکێشێت.

کاری هونەری لای هیگڵ دەرکەوتنی هەست پێکراوەکانی بیرکردنەوەیە، یان هونەر حەقیقەتی گشتییە و هەمیشە بە ئاراستەی پێشبینی کردن کار دەکات، وەک چۆن ڕووەو عەقڵە: واتە عەقڵانی دەکەوێتەوە، بەو مانایەش بوونی هەستی پەتی، ئەگەرچی جوانیش نەبێ، بەڵام چونکە لە ڕێگای عەقڵەوەیە، جوان دەبێ، بە مانا هیگڵییەکە ئەوە بیرکردنەوەیە جوانی ڕووناک دەکاتەوە، هەر لەوێشەوە جوانی و حەقیقەت لە هونەردا دەبنە یەک، بەڵام بە سروشت لێکجیان، چونکە حەقیقەت بیرکردنەوەیە، کاتێک لە خودی خۆی درک دەکرێت بەوەی کە فیکرەیەکی پەتییە، بەم جۆرە لای هیگڵ حەقیقەت لە ڕێگای هەستەوە درک ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگای فەلسەفەوە درک دەکرێت«٥». فەلسەفە و ئایینیش خاوەنی یەک ناوەرۆکن، بەڵام ئەو ناوەرۆکە لە ئاییندا فۆرمی ئیمان و سۆز و ویژدان وەردەگرێت، لە فەلسەفەدا لە عەقڵدا دەبینرێت، بە دیوەکەی دیکە فەلسەفە و ئایین



یەک بابەت کۆیان دەکاتەوە ئەویش حەقیقەتە. هیگڵ لێکۆڵینەوە میتافیزیکییەکەی خۆی لە ڕێگای ئەنتۆلۆژیا و ئەبستمۆلۆژیاوە دامەزراندووە.

(٣)

(ئیمانوێل کانت ١٧٢٤-١٨٠٤) بوو، گوتی: عەقڵی مرۆڤ ناتوانێ وەک ئەوەی هەیە درک بە حەقیقەتی شتەکان بکات! هەموو ئەوەی دەشکرێ عەقڵی مرۆڤ بیناسێ لە (دیاردە) زێتر شتێکی دیکە نییە، وەک دەبینین کانت ڕووەو هەست و جوانییە، بەڵام هیگڵ بە ئاراستەی عەقڵ و مێژوودا دەڕوات! ئێمە لە دیاردەگەرایی هۆسرل -فێربووین- کە هەموو ئاگامەندییەک ئاگامەندییە بە شتێک، ئەو شتەش هەمان ئەو بابەتەیە کە ئاگامەندی ڕووی تێدەکات. ئاگایی ئیستێتیکی، یان شارەزایی ئیستێتیکی دەبێ هەمیشە شارەزاییەک بێ ڕوو لە بابەتەکەی، واتە ڕوو لە هەمان کاری هونەری.

کەواتە ئاگایی ئیستێتیکی شێوازی تێگەیشتنمانە لە هونەر، یان شارەزاییمانە لە هونەر، بەڵام لە پێش کانت ئاگایی ئیستێتیکی بە ئەخلاقەوە بەند دەکرا، دواتر کانت هات و گوتی: حوکمی ئەخلاقی حوکمێکی عەقڵانی وێنەئامێزە و دوورە لە هەست و ئاگاییەوە، وەک چۆن لە هەموو بابەتێکی ناوەرۆکئامێزی واقیعی بەدەرە، ئیتر لەوێوە حوکمی ئیستێتیکی لە هەموو فیکرە و نیاز و یاسا و ئەخلاقێک رزگاری بوو، تیوری هونەر بۆ هونەر کە لە سەدەی (١٩) هاتە کایەوە، درێژکراوەی جوانیناسی کانت-ی بوو، کانت ئەو تیورەی گەیاندە پلەیەکی بەرزتر، بەڵام گادامێر پێیوایە هەرگیز کاری هونەری وەک زەخرەفە بە شێوازی جوانی پەتی "کانت"ی ڕازی نابێت، بەڵکو کاری هونەری بڕوای بە حەقیقەتی جوانی هەیە، لێرەدا گادامێر بڕوا بە هیگڵ دەکات کە پێیوایە (جوانی سروشتی) ڕەنگدانەوەی (جوانی هونەری)یە، بەڵام ئەو بڕوابوونەی گادامێر پێوەندی بە تێگەیشتنی هیگڵ بۆ جوانی نییە، بەڵکو گادامێر قسان لە حەقیقەتی جوانی دەکات، چونکە بۆ ناسینی جوانی ڕاستەوخۆ، کانت دەکەوێتە پێش هیگڵەوە!

گادامێر ئاگایی ئیستێتیکی بەو ئاگاییە دادەنێ کە بە فۆرمێکی ئیستێتیکی (سلبی)، یان (ئیجابی) دەمانبەستێتەوە، وەک چۆن شارەزایی هونەری شارەزاییەکە شتێکی هەیە بە ئێمەی بڵێ (هەڵبەتە لە میانی حوکمکردن بە سەر فۆرمی هونەری ئەوەی کە بڕیاری لە سەر دەدەین)، شتێک کە داوای تێگەیشتن و ڕاڤەکردن دەکات«٦»

(٤)

(هانز جۆرج گادامێر ١٩٠٠-٢٠٠٢) پێناسەی هیرمینۆتیکا لە هونەری ڕوونکردنەوەی گوتراوی ئەوی دیکەدا دەبینێتەوە، یان هیرمینۆتیکا زمانی نامۆی ئەوی دیکە ڕوون دەکاتەوە، دەتوانین بڵێین ئەگەر هیرمینۆتیکا بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە ڕاڤەکردندا هەڵگرێتەوە، ئەوە خودی ڕاڤەکردنیش دەکەوێتە سەر تێگەیشتن و دیالۆگ، هەمیشە ڕاڤەکردن هەوڵدانە بۆ تێپەڕاندنی حاڵەتێک لە نامۆیی کە ئێمە بەرانبەر بە بابەتێک هەمانە، لەوێوە کە بابەتێک لامان ڕوون نییە، بەڵام لە ڕێگای ڕاڤەکردنەوە دەتوانین جۆرێک لە هۆگری لەگەڵ دروست بکەین، دەبێ بزانین کە ڕاڤەکردن وەک پێویست لە تێگەیشتنەوەیە و پێویستی بە تێگەیشتنە، بەڵام تێگەیشتن لەوێوە نایەتەدی کە (خود) دەست بە سەر بابەتدا بگرێ و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (وەک

ئەوەی حــەقــیــقــەتی ڕەها بێت)، بەڵکو لە ڕێگای دیالۆگەوە خود بە سەر بابەتدا دەکرێتەوە، یان بۆ ئەوی دیکە دەکرێتەوە، هەر لەوێشەوە بە هاوبەشی دەگەن! بەم جۆرە تێگەیشتن ئەو کاتە دێتە دی کە دیالۆگ لە ئارادابێ، ئەوەش چەمکی (بوون لە جــیــهـــان بە شێوەیەکی ئاشتیانە) جێگیر دەکات، لێرەدا جیهان بە مانای شارەزایی لەو ژیانەی کە تێیدا ژیاوین، دێت، شارەزایی لە ڕێگای ژیانمانەوە، بڕوانە تجلي الجميل ل١١، ١٢. بەو مانایە هیرمینۆتیکای گادامێری لە ڕێگای (ئەزمـــوونی ژیانەوە)، یان شـــارەزابوون لە ژیانی مـــرۆڤـــەوە دێتـــە بەرهەم و هەوڵدانە بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ژیان و تەجاوزکردنی نامۆییەکانی، ئەوەش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هاوژیانی مرۆیی هۆسرڵ و ڕاڤەکردنی -بوون لێرە لە جیهان -ی هایدگەرەوە دەکات.



گادامێر پێیوایە هونەر یەکێکە لە بابەتە مێژووییەکان، هەر ئەو بیرکردنەوەیەشە وا لە گادامێر دەکات بە لای هیگلدا بکەوێتەوە، ئێمە لە ڕێگای هونەرەوە دەشێ لە خۆمان بگەین، هونەر مێژوو دروست دەکات، کاتێ کاریگەری بەسەر ئەوانەوە جێ دەهێڵێ کە گەیاندوویانە، لە کتێبی دەرکەوتنی جوانی لە لاپەڕە ١٥، ١٩دا دەڵێت هەمـوو گـەیشـتنێ بە هونەر گـەیشـتنە بە خـۆمـان، بەو مانایەش ناشێ هونەر لە ئاسۆیەکی مێژوویی (بە کاتی لە دایکبوونییەوە) بەند بکەین، ئەگەرچی هەمیشە شتێک دەڵێ کە بە مێژووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەیلکێنێ.

(٥)

کـاری هونەری خـودی خـۆی لە بوونێکی تایبـەتدا پێشکەش دەکات، بوونێک کە بەکاری هونەرییەوە پەیوەست بێت و ئامـادەییـەکی هەنوکـەیی هەبێت، ئامادەییەک کە حەقیقەت لە ڕێگایەوە دەبێتە ڕووداو، یان بە مانایەکی دیکە ئەو ئامادەییە دەرکەوتنێکی تایبەتی حەقیقەتە کە لە کاری هونەریدا ڕوودەدات، ئەو دەرکەوتنەی شتەکان لە کاری هونەریدا مانای چوونیانە بۆ ناو فۆرمێکی ڕێکخراو لە پەیکەرێکی وجوودیدا کە ئەوەش دەبێتە فۆڕمی کاری هونەری، ئەگەر فۆڕم دەرکەوتن و ئاشکرابوونی جیهان بێت لە ناو کاری هونەریدا، ئەوە کار (لە میانی فۆڕم لە بوونیدا) لە خـــودێتی و بابەتێـــتی تێـــدەپەڕێنێت«٧». ئەو بیرکردنەوەیەش تەواو پێچەوانەی هیگڵ دەکەوێتەوە کە پێیوایە حەقیقەت لە ڕێگای فەلسەفەوە درک دەکرێت، نەک هونەر، کاری هونەری و حەقیقەتی کاری هونەری لای هایدگەر لە نێودژی نێوان ڕووناکی و شاردنەوەدا درک دەکرێت، نیشتەجێبوونی خودی حەقیقەتیش لەو بوونە (دروستکراوە)دا (کە شتێکی دیکە دەڵێت) بۆ جەوهەری حەقیقەت دەگەڕێتەوە.

(٦)

کار و قسەکان پاشخانێکی ڕۆشنبیری و هەستی لە هونەرمەندان داوا دەکەن، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش بە کورتی هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) بیر دەخەینەوە، بۆ دەربڕینی (ئاستی فیکریی) و (هەستی هونەری) لە کولتوورێکی چەقبەستوودا (ڕووداو) دروست دەکات، من لێرەدا هەوڵ دەدەم فیکرەی بابەتی کاری هونەری و هەستی هونەری وەک ڕووداو لە (پێوەندی و گفتوگۆ)ی نێوان ڕابوردوو و داهاتوو، هەست و نەست، تاریکی و ڕووناکی، دیار و نادیار بخوێنمەوە، بەو نیازەی (وەرگر) لە ڕێگای بەرجەستەکردنی گفتوگۆ و پێوەندی نێوان فیگەرەکان (figure)«٨» شتەکان جوانتر ببینێت، لە سەرەتاوە تێگەیشتن لە گفتوگۆ و پێوەندی فیگەرەکان، زۆر شتمان لە تێگەیشتنی بنەڕەتی فیکرەی بابەتە دراماتیکییەکانی هونەرمەند بۆ دەخاتە ڕوو! ڕابوردوو

ئەگەرچی بەسەرچووە، بەڵام هونەرمەند لە کارەکانیدا مانایەکی دیکە بەو ڕابوردووە دەبەخشێت، دەمەوێ بڵێم جیاکارییەک هەیە، لە نێوان بەخشینی مانا بە ڕابوردوو و تەماشاکردنی داهاتوو.

مرۆڤ لە سەرەتای بوونییەوە لە نەوەکانی پێش خۆی ڕوانیوە، بەڵام گۆڕینی ڕابوردوو بۆ هێزێکی گەورەتر لە داهاتوو، بەکارهێنانی ماناکانی ڕابوردوو دژ بە داهاتوو، بەکارهێنانی ڕابوردوو دژ بە داهێنان و بیرکردنەوە و بەرهەم هێنانەوە، دەچێتە خانەی چەقبەستنەوە؟! ئەوەش خاڵی بنەڕەتی نێوان دوو جیهانبینییە، دەمەوێ بڵێم قەرەنی جەمیل ئەو چەقبەستنە ڕەت دەکاتەوە، بە دیوەکەی دیکەش جیاوازییەکی گەورە هەیە، لە نێوان ڕێزگرتنی ڕابوردوو و گۆڕینی ڕابوردوو بۆ ئامێرێک دژ بە داهاتوو! ڕێزگرتنی ڕابوردوو بەشێکە لە ڕێزگرتنی جیاوازی، بەڵام گۆڕینی ڕابوردوو بۆ موقەدەس، میکانیزمێکی گرنگی بەرگری لەخۆکردنی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینییە، نەک دەسەڵاتی هونەری، لە ئەدەب و هونەردا هەمیشە ڕابوردوو پێویستی بە بەرهەمهێنانەوە و دووبارە خوێندنەوە و بەدواداچوونەوە هەیە، هەرگیز ڕابوردوو هەڵبژاردنی داهاتوو نییە، ڕابوردوو ناتوانێ هەڵوێست لە داهاتوو وەربگرێت، ئاماژەکردن نییە بە جەبرێک کە دەبێ داهاتوو مەحکوم بێت بە هەمان هەڵبژاردن، بەڵکو ئاماژەیە بۆ توانایی هەڵبژاردن، توانایی هەڵبژاردنی دیار بە توانایی هەڵبژاردنی نادیار بەراورد ناکرێت؟!

ڕەنگە بەشێک لە تەماشاکردنی ئەو (گفتوگۆیە) لە ئاستی بابەت و فیکرەوە، تەماشاکردنێکی جیاوازی کولتوور و جیهانبینی لێ بکەوێتەوە، بەڵام بەشێکی دیکەی ئەو تەماشاکردنە لە ڕوانینی هەستی هونەرییەوە جیاوازی (پێوەندییەکان)ی لێ دێتە بەرهەم، مەبەستمە بڵێم هونەر بە دوو خاڵی زۆر بەهێزەوە بەندە:

**یەکەم:** بەجێهێنانی ڕووداو بە شێوەیەکی هونەرییانە!

**دووەم:** بەجێهێنانی ڕووداو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، مەبەستم لە زاراوەی دادپەروەرانە ئەوەیە کە هونەر لەسەر ئاراستەکردن و ویست و پێویستییەکانی کۆ ناوەستێ، بەڵکو لە بوونێکی تایبەتی ئاستی ڕۆشنبیری و هەستی هونەری خۆی پێشکەش دەکات، مەبەستم لە زاراوەی هونەرییانەش ئەوەیە کە کاری هونەری وەک ئامانج بۆ خۆی هەیە«٩».

لە سیاسەتدا مێژوو بە ڕێکخستنی ڕووداو وەبەردێت، هەڵبەتە دوای ڕوودانی، بەڵام لە هونەردا ڕووداو خەڵق دەکرێ، یان لە لێوردبوونەوە و دنیای خەیاڵەوە دووبارە بنیاد دەنرێتەوە، جوانی کاری هونەری وەک ڕووداو ئەوەیە کە لە هەر چرکەیەکدا وا هەست بکەیت یەکەم جارە دەیبینیت! بەو مانایەش دەتوانم بڵێم هەمیشە هونەر، جووڵە و چاوکرانەوەیەکی دیکەیە، دیار و نادیارە! هونەر لەوەی دەیبینین شتێکی دیکە دەڵێت.

بەڵام خوێندنەوەی من بۆ (بەهای ڕەنگ) لای هونەرمەند قەرەنی جەمیل لە پێوەندی نێوان ڕووناکی و تاریکیدایە، ڕەنگی سێیەمی دووەمە بە بارستە و تۆنی تایبەت، لەوێشەوە فەزا و بەرجەستەبوونی جووڵەی بابەت نیشان دەدات! لە ڕەنگی سپی کە دەلالەتی بۆشاییەکانی داهاتوو و بۆشاییەکانی ناوەوەی هەیە و بەهای جیاوازی هەڵگرتووە، بەرەو خاکیبوون دەڕوا کە هەڵگری سیفەتی ئابوورییانەیە و بە فیکرەوە بەندە، بەڵام مەرج نییە هەڵچوونەکانی ناوەوە بێت، وەک تەعبیرییەکان بیری لێ دەکەنەوە. لە تەماشاکردنی مندا (بابەتەکان)ی قەرەنی جەمیل زێتر ئەبستراکت و دراماتیکین، هەڵگری پێوەندییەکی ئاراستەنەکراون و کەوتوونەتە نێو فەزای ئاوابوونی مرۆڤ! جووڵە و بابەتی ئەو خۆ لە مرۆڤ لادانە (دەرنەکەوتن/ دەرکەوتنە)، دەشێ بە یەکێک لە دنیابینییەکانی هونەرمەند بۆ زێدەڕۆیی گەشەی دانیشتووان و زێدەڕۆیی پاشماوەکانی مرۆڤ و ڕابوردووی مرۆڤ بژمێردرێت؟! دەمەوێ بڵێم ئەوە تەماشاکردنی هونەرمەندە وا دەکات دنیای (پووکاوەی مرۆڤ) بە ڕەنگی سێیەمی دووەم لە دنیای تەواونەکراوی جووڵەی ڕووداودا بەرهەم بهێنێتەوە، بەڵام خەڵق کردنی کاری هونەری وەک ڕووداو لەلای هونەرمەند لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێ کە هیچ لایەک کار بۆ لایەکەی دیکە ناکات (واتە هەم تەماشای پووچی زەوییە و هەم دیارنەبوونی ئاسمانە! نە مەرگ کار بۆ ژیان دەکات و نە ژیان کار بۆ مەرگ دەکات...)، بەڵکو بوونی خۆی لە پێوەندی دینامیکیی (دەرکەوتن و دەرنەکەوتن)دا لێکدەداتەوە.

هونەرمەند قەرەنی جەمیل هەستکردنمان بە (شوێن)ی ڕووداو لێ دەسێنێتەوە، بەڵام وەک ئاگایی پڕمان دەکات

له (زەمەن)ی ڕووداو، کە لە بڕینی زەمەنە ئاسۆییەکانەوە هاتووە و لە بوونێکی شاقوولّی تایبەتدا وەک پەلّەی (سپی/ ڕووناکی) دەردەکەوێتەوە، واتە ئەو بەشەی پەلّەی (سپی/ ڕووناکی) دەکەوێتە سەر، خۆی بۆ هونەرمەند دەردەخات و دەبێتە هۆکاری شاردنەوەی لایەنەکانی دیکەی نێو کارە هونەرییەکە، کەچی نابێ لە بیرمان بچێت، ئەگەرچی دەرکەوتنەکە لایەنی ئۆنتۆلۆجی هەیە، بەلاّم دوایین ڕاستی نییە، ئەوەش وەرگر هان دەدات هەولّی دۆزینەوەی دیکە بدات؟! ئەو ئاسۆ و دەریچەیەی لە تابلۆکانی قەرەنی جەمیل ڕووناکی لێ دەڕژێ، نادیارە و لە گفتوگۆی دیاردایە، ڕابوردووە و لە داهاتوودایە، تاریکییە و لە ڕووناکیدایە، ئەو پێوەندی و گفتوگۆیە، پێوەندی و گفتوگۆی کەللەسەر و میوەکانی (پۆل سیزان)مان بیر دەخاتەوە، (کەللەسەر و سوراحی ١٨٦٥)ی (سیزان)«١٠» و میوەکانی. وەک دەزانین مۆتیڤی (motif)«١١»میوە لای سیزان ژیان و جوانی دەگەیەنێت! پێوەندی و گفتوگۆی نێوان مۆتیڤەکانی کەللەسەر و میوە لەلایەن سیزان و تاریکی و ڕووناکی لە لایەن قەرەنی جەمیل لە سەر ویست و داوا و پێویستییەکانی کۆ وێنا نەکراوە، بەلّکو لە ڕوویەک لە ڕووەکانیدا شاردنەوەی پاشماوەکانی مرۆڤ و دوارۆژ بەرجەستە دەکەن، ئەو لەیەکچوونە لە تەماشاکردنی مندا دەشێ ترسی هونەرمەندان بێت لە ژیان!

ژیان لای هونەرمەند قەرەنی جەمیل ترسناکە، ژیان لە کارەکانیدا لە دەرەوەی شوێن دێ و بە زەمەن ڕووناکمان دەکاتەوە، دەتوانم بلّێم لە کۆی کارەکانی هونەرمەنددا پێوەندی و گفتوگۆی نێوان زەمەن و شوێن، تاریکی و ڕووناکی، نائارامی بەڕێوەی دەبات، یەکێک لە ماناکانی ئەو گفتوگۆ و پێوەندییەش بە شێوەیەکی گشتی بەرجەستەکردنی ئارامییە، بەلاّم پێوەندی و گفتوگۆی نێوان (ئارامی و نائارامی) ناکەوێتە سەر بەرهەمهێنانەوەی ئەفسانە و کوشتنی فیکر، ناکەوێتە سەر تەماشاکردنی باوی کولتوور و وەلاخستنی هەستی هونەری، چونکە وەک گوتمان داهێنان وەک ئامانج بۆ خۆی هەیە، داهێنان لە سەر ئاراستەکردن نەوەستاوە، دەشێ کاری هونەری لای قەرەنی جەمیل نیشاندانی سەرەتای قارەمانێتی و پاشماوەکان بێت، لە ڕێگای پڕشنگەکانی داهاتووەوە، دەشێ ئەم هونەرمەندە لە ڕێگای خودی (زمانی کار)ەوە بە شێوەیەکی ئینفۆرمەلّ(١٢) وێنە بکێشێ و خۆی بنوێنێ، بەلاّم بەردەوام کولتووری چەسپاوی خودێتی و بابەتێتی و شێوازگەریی تێدەپەڕێنێت.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- قەرەنی جەمیل حەسەن سالّی ١٩٥٤ لە هەولێر لە دایکبووە، لە سالّی ١٩٧٦-١٩٧٧ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە شاری بەغداد تەواو کردووە، لە سالّی ١٩٧٩- ٢٠٠٣ لە دەرەوەی ولاّت (ئیتالّیا، ئیسپانیا، هۆلّەندا) ژیاوە، ئێستا مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکان- بەشی شێوەکارییە.**

**٢- (فیرناندۆ پیسوا، Fernando Pessoa) شاعیری پرتوگالی لە (لەشبونە) لە سالّی (١٨٨٨) لە دایکبووە و هەر لەوێش دوای (٤٧) سالاّن لە سالّی (١٩٣٥) کۆچی دوایی کردووە، ئەو پارچە شیعرە لە ئینگلیزییەوە (زاموا محەمەد) وەریگێڕاوە. بڕوانە: سایتی دەنگەکان ٢٠١٥/٤/١٤.**

**٣- تجلي الجميل- هانز جيورج جادامر، تحرير : روبرت برناسكوني، ترجمة ودراسة وشرح: د. سعيد توفيق. المجلس الاعلى للثقافة، ط ١٩٩٧. ص٢١، ٢٢.**

**٤- كادامير، مفهوم الوعي الجمالي في الهيرمنيوتيكا الفلسفة، د. ماهر عبدالحسين حسن، دار التنوير ٢٠٠٩، ط١، ص٣٤.**

**٥- نفس المصدر. ص٧١.**

**٦- نفس المصدر. ص١٧.**

**٧- هايدغر، اصل العمل الفني، ترجمة: د. ابو العيد دودو، منشورات الجمل، ط١.**

**٨- figure- نیگار، شێوە، نوێنەرایەتیکردن بە شێوەیەکی دیجیتالّی، مەجاز.**

**٩- ئەو قسەیە لە گوتەیەکی «ئیمانوێل کانت ١٧٢٤-١٨٠٤» هاتووە کە دەلّێت: مرۆڤ و هەموو بوونەوەرێکی عاقلّی دیکە وەک ئامانج بۆ خۆی هەیە، نەک وەک کەرەستە بۆ نیازی بەکارهێنان لە لایەن ویستی ئەو و ئەوی دیکەوە.**

**١٠- هونەرمەند پۆل سیزان (١٨٣٩- ١٩٠٦) لە هەرێمی (ئێکس ئان پرۆڤانس)ی فەڕەنسا هاتووەتە دنیاوە، لە لاوێتیدا هەمیشە هەستی بە دۆڕان کردووە، ژیان بە نیسبەت سیزان حەقیقەتێکی بزرە، دواتر تا دوا تەمەنی هەموو ژیانی خۆی بۆ نیگارکێشان تەرخان کردووە.**

**١١- motif- بنەمای فیکرەی کاری هونەری، تاکە نیگارێک. (الفكرة الرئيسية بعمل فني. رسم مفرد)**

**١٢- informal سادە، نا فەرمی، غير رسمي. عامي.**

# ئایا ئاواز و گۆرانی هەورامان میراتگری ئاریانڤاچەکانە؟

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی
(سلێمانی)

ئەگەر تەماشای مێژووی دێرینی خۆمان بکەین، ئەوە ئەو ڕاستیانەمان زۆر بە باشی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە سەدان ساڵە، یان هەزاران ساڵە، ئێمەی ئاریانڤاچ، لەخاک و زێدی خۆمان بنە و برەوی خۆمان بەوە ناسراوە، کە لەو خاکەدا بەجوگرافیای وڵاتی زێد زادەی ئاریانڤاچەکان، مرۆڤی بەباشی و بە زەریفی پەروەردە کردووە.هەر لەو بوومەدا مرۆڤەکان بایەخیان بە فەرهەنگ و هونەری خۆیان داوە.

ئەو کتێبانە، کە مۆرکی نەتەوەیی وڵاتی ئاریانڤاچەکانی پێوەیە، فرەبەزەریفی، ئەو دیرۆکەیان باس کردووە.

«هەر لەم بوارەدا، لەگاتەکاندا، ناوی وڵات و وڵاتی دایکزادەی زەردەشت بەشێوە و ئاوازی (ئاریانڤاچ)، یان (ئەرنڤەچە) هاتووە و ناوی (کەیانی)یش، کە وەک پالپشتی زەردەشت بوون و یاریدەیان داوە و هاتووە.» (١)

بڕوانە جوگرافیا و مێژووی هەرەدێرینی هەورامان لە ئاڤێستادا لاپەڕە (١٢).

ئەو ئاوازانە، یان ئەو سرووده ئایینیانە، کە پێشی (٣) هەزار ساڵ، یان پێشتریش چڕاون، ئەوەش بەڵگە و بوونی ئەوە دیاری دەکەن، کە هەورامان زێد زادەی، یان میراتگری ئەو گۆرانییانەیە، کە بە زمانی ئێستای ئەم واژە پێیان دەوترێ گۆرانی، ئەمە بۆ باری کۆمەڵایەتی فرە بەباشی لواوە، بەڵام سەردەمی دێرینی ئەو ئاوازانە بە سروودی ئایینی ناسراون، کە ئەویش هونەرمەندی تایبەتی خۆی بۆ ئەو مەبەستە هەبووە. بەڵگەش بۆ ئەمە «لە گاتەکاندا، زمانی دایکزادی زەردەشتی تێدایە، جگە لەوەش وێنەی ئەدەبی هۆنراوەیی ئەو دەمەپشان دەدات، کە بە (شیعری بلانگڤرس)ەوە، لەلایەن شکسپیریشەوە بەکارهاتووە! تا باقی بەشەکانی ئاڤێستا

که فەسەرن بەراز و سەرگوشتە، کە لە خاک و بوومی (هەورامان)ی ئەمڕۆدا ڕوویان داوە.» (٢) بڕوانە هەمان سەرچاوە لا٧.

مایەی ئەوەیە ئێمەی ئاریانڤاچ شانازی بە بوونی بووم و مێژوو و جوگرافیای خۆمانەوە بکەین، هەروەها جێگەی ئاماژەیە نووسەر و هونەرمەندان، بە شێوازی جوان ئەو (دەق) و بەیتە شیعرییانە بە ئاوازی سیاجامەکان، یان هۆرەی ئاهۆرایی بچڕن، یان بنووسنەوە.نەک بەشێوەی نەزانین و نەشارەزایی هەر لەخۆیانەوە (دەقە)کان بشێوێنن، هەروەها دەبێ ئەو وشە فەرهەنگییانە، وەلاوە نەنرێت، وشەی فەرهەنگیش لە فەرهەنگدا خانەبەندی خۆی هەیە. بۆ ئەوەی دەم کوتی داگیرکەرانی پێ بدرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەو وشانە کە بە فەرهەنگی واتا دەدرێتەوە و دەبنە فەرهەنگ و زمانی نەتەوە، هونەریش بۆ ئەو فەرهەنگە هەردەم دەبێتە قەڵغانپارێزی ئەو وشە و ئاوازە ڕەسەنانە کە بە هەزاران ساڵ هیچ نووسەر و هونەرمەندێکی بیانی ناتوانێ تەراتێن بەو بوارە بکات، چونکە هونەری میللەت هەرگیز لە تواندنەوە نایەت.

هەرچەندە ئێستا هەوڵی نەزۆکانە هەن، بۆ ئەوەی ئەو شانامە و چیرۆکانە، مۆرکی نەتەوەیی ئاریانڤاچی پێوەیە، لە وڵاتێکی دراوسێ کە دەیەوێت بیانکاتە موڵکی خۆی.

ئیدی نازانێ ئاریانڤاچەکان، هەروەک ئاماژەم پێ دا هەزاران ساڵە ئەو فەرهەنگ و کولتوورە بەرگری لە ژیاری و شارستانی هونەری ڕەسەنی نەتەوایەتیمانی کردووە.

«لە نێوان شانامەی (هەورامی) کوردی و شانامەی فیردەوسی دا بە ئامانج و مەبەستێکی تایبەتی کراوە، وەک هەمان وتەی مەنشوور، کە کوردەکان ئێرانین و ئەدەب و مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، لێرەدا ئیتر مەبەست ئێرانی کەوناران، شوێن و وارگەی کورد، فارس، بەلوچ نییە، بەڵکو مەبەست دەوڵەتی نەتەوەیی ئێستای ئێرانە. ڕاستە کورد و ئێرانییەکان مێژوو و میتۆلۆجیای هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆکار، کە لە ژێر ئەم ناوونیشانەدا ئەدەبی کوردیش بە سووک و ئاسانی بدزرێ و بکرێتە موڵکی نەتەوەیەکی دی، کە خەڵکی کورد لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێ بەش دەکات، ئەوەی کە لەژێر پەردەدا لە ئێرانی ئیمڕۆدا، لەم پێوەندییەدا دەکرێ، ڕاستییەکەی هەوڵدانێکی شاراوەی



عوسمان کەینەیی

ناسیونالیزمی ئێرانییە، کە دەیەوێ شانامە کوردییەکان لە ناسنامەی ڕاستینەی کوردی خۆیان دابڕێ، بەڵام لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەسەر شانامە کوردییەکان دەتوانێ ئەو هەوڵە نەزۆک و بێ کاریگەر بکات، کەواتە لەو سۆنگەیەوە گرنگە شانامە کوردییەکان، وەک: چۆن هەن؟ دووبارە بە ڕێنووسی ئێستای کوردی بنووسرێنەوە.» (٣) بڕوانە شانامەی کوردی، لاپەڕە «١٤».

دیارە هەر میللەتێک بۆ خۆی فەرهەنگ و ئەدەبیات و هونەری نەنووسێتەوە، ئەوە بێ گومان، هەوڵی ئەم لاو ئەولا هەموو کاتێک لە کەمیندان بۆ چەپاوکردنی. هەموو میللەتان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان چۆن سەرەداوێکیان دەست کەوێ بۆ ئەوەی ئەو فەرهەنگ و ئەدەبەیان بیووژێننەوە، چونکە تەنیا چەکێک بەدەست گەلانەوە بێ بۆ ناساندن و هێشتنەوەیان، هەر هونەر و ئەدەبە. ئەو هەوڵدانەش بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی زیاتر ئەو ئاقارە سەقامگیر دەبێت، هەروەها بوونی موزەخانەیەکی نەتەوەیی، کە هەموو بوارەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی لەئامێز بگرێت، وڵات بە بەرزکردنەوەی کۆشک و تەلاری مۆدێرین، پێش ناکەوێت، بەڵکو دۆزینەوەی هێڵکارییەک، کە ئاماژە بۆ مێژووی دێرین بکات، ئەوە دەبێتە سەرمایەی ژیاری و پێشکەوتنی وڵات. نەک هەڵپەکردن بەخێرایی بۆ ئەوەی وڵات لەسەر دیواری گوێ چەم بناغەی بۆ دابڕێژرێت، دیارە لافاو و تۆفانی بەهاران بەخێرایی لەناوی دەبات.

«مێژووزانێک دەبێ ئاگای لە میتۆلۆجیا و ئەفسانەکانی هەبێت بۆ ئەوەی بەباشی لە مێژوو تێ بگات. ئەگەر هاتو تێگەیشتنێکی ڕاستیش لە مێژوو نەکرێ، ئەوە خوێندنەوەی ڕاستییەکانی ئێستا کە لەپاشخانی دوێنێدا خۆیان حەشارداوە نابینرێن. کە وابوو ئێمە وەک کورد بەبێ ئاگاداری لە میتۆلۆجیا و ئەفسانەی خۆمان ناتوانین نە لە ڕابوردوو تێ بگەین و نە هەنگاویش بەرەو پێشەوە بهاوێژین. لەو سۆنگەیەوە شانامە – کوردییەکان باشترین سەرچاوەی میتۆلۆجیای کوردین» (٤) بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٢).

کەواتە ئەو سەرچاوانە، کە مێژووی ڕاستەقینەی پێ دەنووسرێتەوە، ئەو سەرچاوانانەن، کە لە خاک و خۆڵی وڵاتی خۆمان، وڵاتی ئاریانشاچەکانە، کە بەبێ گومان مایە و بوونی سەرمایەی نەتەوەییمانە.

بایەخدان بۆ زمان، دەبێ ئەوە بەڕاست بزانین، کە مایەی بوونی نەتەوە زمانیشی بە یەکێک لەبنەما سەرەکییەکانە، کە ڕاستی و دروستی ئەو بەڵگانە چ لەسەر نەخشەی وڵات، چ بە مێژووی کۆنینە، دەتوانرێت، ئەو ڕاستییانە بسەلمێنرێن، هەروەها بەهۆی بەڵگەوە ئەنجامی بەراوردکاری نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە لەئاخافتندا دەردەکەوێ، کام زمان کۆنترین زمانە، کە ئەو میللەتە لێی تێ گەیشتووە. ئەوەی کە دەبێ بە ڕاستی بزانین بیانوومان بەدەستەوە بێ ئەویش (ئایین)ـە، «تەنیا بۆ زۆری (ئایین) دەگەڕێتەوە و بەم پێیە دەبێ بڵێین، دەبێ شێوە زمانی ناوچەکانی هەورامان، نەوەی نوێی زمانی مادیی بێ و ئەگەر وەهاش نەبوایە (هەورامی) بەو جۆرە نزیکترین، شێوە زمان نەدەبوو لە زمانی میسرییەوە!» (٥) بڕوانە مێژووی هەورامان – گوڵزاری هەورامان، لاپەڕە (٤١).

هەروەک زانراوە هونەریش چەند پەرەبسێنێت، ئەوەندە زمانیشی پێشکەوتوو دەبێت و لەناوچوونیش بوونی خۆی دەسەلمێنێت، بۆیە ئاواز و گۆرانیش لە بواری فەرهەنگ و زماندا دیارخەری ئەو بەڵگانەیە، لە هەمان کاتدا میراتگری ئەو زمانەش گۆرانی و سروودی ئایینی ڕاستی و دروستی بەڵگەکان بەزیندوویی دەهێڵێتەوە. لە ئاوازەکاندا زۆرجار هونەرمەندان باسی (گوڵ و گوڵاڵە و گۆراڵە و هەراڵە و هەرەبەنگ) لە دێڕە فۆلکلۆرییەکاندا دەکەن، دیارە ئەوە ئاماژەیە بۆ سروشتی وڵات، کە چەندە ڕەنگینە، بە دیمەنی ئەو هەموو گوڵانە، ئاواز بێژ، یان سروودبێژ ئاوازەکان دەچڕنەوە، هەم ئاوازەکە و هەم بوونی ئەو بەیتە فۆلکلۆرییانە ئاوێزانی یەکتری دەبن.«گیای هەوما، لە کەژ و کێو چەم و دۆڵەکاندا زۆرە و گیایەکی بەهاری و گەڵاپانی تووکنە و گوڵی زەردەوام دەردەکات و گەوساقەکەی ئاوادارە و شیرەدارە و هەورامییەکان بەناوی (هەرەبەنگ)ەوە، ناوی دەبەن گوایە خواردنی ئەو شیرەیە مرۆڤ سەرخۆش دەکات. (٦) بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٦٧).

هونەری گۆرانی لە هەوراماندا، ڕەشبینی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو هەردەم ئاوازەکان باسی زەریفی و جوانی سروشتی وڵات دەکەن، ئەوەش سەرمایەی هونەری ڕەسەنی هەورامانە.


ئەگەر ئاوڕێکی خێرا بە جوگرافیای هەورامان بدەینەوە، ئەوە چەندان ناوی شاخ و ڕووبار و کانیاو هەن، کە گۆرانیبێژ دەیانبینێ، یەکسەر ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە ساز و سازشی ئەو بارە دەروونییەی هونەرمەند دەبێت و هەست بەخۆشی و ئارامی دەکات، ئاوازەکە بەدەنگی هارمۆنی و سپرانۆ دەچڕێت، کە ئەو دوو دەنگە لە ئاوازە بەرزە چڕەکانی سیاچەمانەدا بەدی دەکرێن.

«هەر کام لەم بەشەکانی زنجیرە کێوی زاگرۆس لە هەورامان ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە، وەک: پیرخدر، پیازدۆڵ، لانشتە، کەلوکە، ماچاری، ئاتەشگا، ڕەنگینە، تەخت، کۆسالان، دالانی، مڵەوەردە، سوورێن، تەتە.

بەرزترین لووتکە، لە زنجیرە کێوی زاگرۆس لە هەورامان لووتکەی کێوی شاهۆیە کە لە خۆرهەڵاتی پاوەدایە (٣٢٧٠) گەز لە ڕووی دەریا بەرزترە و ئەم لووتکەیە بەناوی لووتکەی بەرزەڵنگ بەناوبانگە، لووتکەی تەختیشی (٢٩٨٥) گەز لە ڕووی دەریا بەرزترە، ئەو دێ و ئاوییانە کە لەپاڵ ئەو لووتکە بەرزانەدان یەکجار زۆر ساردن و لە زستاندا بەفرێکی زۆر دەبارێت، بەجۆرێک کە دانیشتوانی ئەو ئاواییانە لە گەمارۆی بەفردا دەژین». (٧)

بڕوانە هەورامان باشتر بناسن، لاپەڕە (١١).

دیارە توانەوەی سەهۆڵ و یەخبەندانی شاهۆ و ئارام گرتنی خەڵکەکەی لە دەوروبەری کێوی شاهۆ هەزاران ساڵ پێش زایین مرۆڤ لەو دەڤەرە جانشیتە بووە، بۆیە من دەڵێم: ئاواز و سروودە ئایینییەکان زێد زادەی ئاریانشاچەکانن. وڵاتێ مێژووی ئەوەندە کۆنینە بێت، ئیدی چما ئاواز و گۆرانیشی وا بەزەریفی بۆ ئەو (داژە)



جەمیل نەوسوودی

نیشتەجێییەی مرۆڤ سەقام گیرنابێت؟ سەبارەت بە چەند هەوارێ دەوروبەری (پاوە) میرزا عەبدولقادری پاوەیی (١٢٦٤-١٣٢٧ ی کۆچی) ئەم هۆنراوەیەی هۆنیوەتەوە کە دەڵێت:

**«توخوا نیگاکەر چ خاس دڵگیرەن**
**چاگە ویەردی شەماڵ بێمیرەن**
**جەبیمیر بەرشیت هەولێ و سەراوەن**
**سەرمایەی سمەت حەیاتی پاوەن**
**نازک خەیاڵان پاسەشان واتەن**
**هەولێ کەوسەرەن رووی سەربێساتەن»** (٨)

هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٣).

ئەم سێ بەیتە، هونەرمەندی گەورەی هەورامان عوسمان کێمنەیی بە دەنگە ناوازەکەی، بە ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە لەساڵی (١٩٧٤)دا، لەماڵی خۆمان، لە گوندی (بەڵخەی هەورامان)، ئەو ئاوازە بەرزەچڕەی چڕیوە - هەرچەند هونەرمەند بەدەیان سیاچەمانەی "گاتا"کانی بە دەنگی زوڵاڵی چڕیوە، ئەوەش جۆرێکە لەسەرمایەی هونەری ڕەسەنی ئاریانڤاچەکان کە لە نزیک شاخی "ئاویەر" لە نزیک شاری "سنە" جانیشتە بوون.

**«یاران هەورامان هەر ئاهر مانەن**
**ئاهرپەری ڕەم وێنەی دەرمانەن**
**هەوار و ئەوراخۆهەرئاهرەن**
**ئاهرپەی مەردوم باک و تاهرەن**
**ئاهر سەر چەشمەش نەئاسمانەن**
**شام واتش ئاهر مایەی حەیاتەن**
**ڕۆشنیش پەی گرخان و مانەن**
**ئاهردوژمن دێو و درنجەن**
**مایەی ڕۆشنی ئی سەربێستانەن**
**(سەیفوور) چێش ماچی ئاهر هەرپاکەن**
**ئاهر خۆ برای واو ئاو و خاکەن»** (٩)

بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٧).

هۆنراوەی ئەم هۆزانڤانە، فرەبەزەریفی هۆزانەکەی هۆنیوەتەوە و ئاماژە، بۆ بوونی وڵاتی ئاریانڤاچەکان دەکات، کەپێش هەموو جیهان (ئاهم، یان ئاگر، یان ئێر)یان دۆزیوەتەوە، بۆ ژیانی ڕۆژانەیان بەکاریان هێناوە. ئەم شاعیرە ناوی (سەیفووری بانیارانی (١٢٢٦-١٢٩٤ی کۆچی) کە یەکێک لە هۆنەرانی سەدەی سێزدەمی کۆچییە.

کە ئەو هۆنراوە زەریفەی داناوە، ئەوەش نیشانە و بەڵگەی بوونی وڵات دیاری دەکات، کە مرۆڤ لەم دەڤەرەی هەوراماندا فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆیان لەسەر ڕێو ڕچەی (گاتا)کان بەردەوامییان بەو هونەر و ئەدەبە داوە.

هەروەها مۆسیقا و شایلۆغان لە هەورامان، موزیک لە مێژە لە هەورامان، باو بووە، سەرەتاش ئامێری شمشاڵیان بەکارهێناوە، دیارە مێژووی ئەم ئامێرە زۆر کۆنە حەزرەتی (داود پێغەمبەر) ئەم ئامێرەی بۆ یەکەم جار بەکارهێناوە، هەر ئەو موزیکەش بووە، سنگ بەسنگ و پشت بە پشت تا ئەمڕۆکە لە هەزارەی سێیەمدایین، ئەم ئامێرە موزیکییانە لە دەڤەری هەورامان، بەحەتمیەتی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر بە ڕەسەنی ماونەتەوە، ئەمەش ناوی ئەو ئامێرە موزیکییانەیە، کە زێدیان هەورامان بووە!

١-تەمبوور، ٢-عوود، ٣-ڕوباب، ٤- قیتار، ٥- بەربەت، ٦- شمشاڵ- لوولی، ٧-سێ تار، ٨- قوپۆز، ٩- تەپڵ، ١٠- تاس، ١١-کەرەنا، ١٢- دووزەلە، ١٣-دەهۆڵ، ١٤- دووتەپڵە، ١٥- زوڕنا، ١٦ - توتەک، ١٧-زەنگ، ١٨- تار، ١٩- شاخ نەفیر، ٢٠- ڕۆد، ٢١-باڵابان، ٢٢- کینارە، ٢٣- سەفیر، ٢٤- دایرە، ٢٥- دەف، ٢٦- کەمانچە، ٢٧- فرمار، ٢٨-

شەیپوور، ٢٩- گادوم، ٣٠- چەغانە، ٣١- چارپار، ٣٢- چەنگ، ٣٣- تریاڵ، ٣٤- دومبەک، ٣٥ - قانوون، ٣٦- کۆس، ٣٧- سەنتوور، ٣٨- شانە، ٣٩- ئەرغەنوون، ٤٠-مژماد.

ئەو چل ئامێرە موزیکییە هەر هەموویان باوانیان بۆ سەردەمی ئاریانڤاچەکان دەگەڕێتەوە،

کە ئاماژەم پێ دا لەنزیک شاری (سنە) لە شاخی (ئاویەر) نیشتەجێ بوون و هونەر و فەرهەنگیان زۆر پەرەی سەندووە، بۆیە زۆربەی زۆری ئەم ئامێرانە فەرامۆش کراون، بەڵام دەقی هۆنراوەی (دەروێش ئوجافی گاوارەیی (١٢١١- ١٢٨٦ی کۆچی) لە پارچە هەڵبەستێکی دانراوی ئەو سازانەمان بۆ زیندوو دەکاتەوە کە بەم شێوەیە دەفەرمووێ:

**«یاران، یاوەران چەند سازێ داریم**
**مەبۆ نامشان یەک یەک بیاریم:**
**تەمبوور و عوود و ڕوباب و قیتار**
**بەربەگ و قیژەک، شمشاڵ و سێ تار**
**قوپۆز و تەپڵ و تاس و کەڕەنا**
**دووزەلە و دەهۆڵە، دوو تەپڵە و زوڕنا**
**توتەک و زەنگ و تار و شاخنە فیر**
**ڕۆد و باڵەبان، کینارە و سەفیر**
**دایرە و دەف و کەمانچە و مژماد**
**شەیپوور و گاودوم و چەغانە و چار پار**
**چەنگ و تیریاڵ و دومبەک و قانوون**
**کۆس و سەنتوور و شانە و ئەرغەنوون**
**بەیانە ساز کوردان کۆنن**
**(ئوجاق) نازانم نەبەزما چۆنن؟»** (١٠)

بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە -٩٨- ٩٩).

ئەو چل ئامێرە موزیکاییە، هەر یەکەیان جۆرە ئاوازێکی ساز بە نۆتەی ساز، هەروەها ئەو ئامێرانەن لەپێش زایین لە هەورامان هەبوونە، ئەوەش نیشانە و بەڵگەی ژیاری و دیاردەی پێشکەوتن بۆ هەورامانی کەوناران وەبیر نەوەی نوێدا دەهێنێتەوە، بەڵام لەم کوردستانەی ئێستادا نزیکەی (٦٠) کەناڵی لۆکاڵی و سەتەلایت هەن، هەر هەموویان بەشان و باڵی خۆیاندا هەڵدەدەن و هەورامان و خەڵکی هەورامانیش، ئەگەر داوا لە یەکێک لەو کەناڵانە بکات هەزار شێر و ڕێوی بۆ دەهێننەوە و دواییش، هەر ئەو کەناڵانە دەڵێن:ئێمە تێناگەین، وادیارە ئەو کەناڵانە نازانن سیاچەمانە و هۆرەی ئاهورایی زێد و زادەی کوردانی بەجیهان ناساندووە، یان دەڵێن ئەو ئاوازە چی دەڵێ؟ دیارە بوونی دەسەڵات لەپشت ئەو کەناڵانەیە، بۆیە وەک ئەوە وایە نەبایان دیبێ نە بۆران، یان باران، ئیدی چۆن هونەری هەورامان نیشان دەدرێ، خۆ نازانن ئەو هونەرمەندانە کە ئەمڕۆ ستران و گۆرانی خۆیان دەڵێن، ئەوەیان لەبیر نییە کە لەسەدا نەوەدی گۆرانی و سترانی هەورامان دەڵێن ئەویش بەلار و وێری کردن.

«بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی لۆلۆییەکان لە باکووری خۆرئاوای شاری کرماشان، دەژیان کە مەبەست لەو شوێنەش مەڵبەندی هەورامانە، ئەمانە لە سێ هەزارساڵ بەر لە زایین ژیاون و لەپاش ماوەیەک لەگەڵ گۆتییەکاندا تێکەڵاو بوون، پاشان وڵاتی هالمانیشیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، هالمان، یان ئالمان ئێستا، یەکێک لە دێکانی هەورامانە، کە لەپێشا سان نشین بووە و ئەم لۆلۆیانە وڵاتەکەیان گەلێ ئاوەدان بووە و لە هونەر و پیشەشدا دەستیان هەبووە، تەنانەت پادشای ئاشوور ناسرپاڵ (٨٨٤- ٨٨٠ی پێش زایین) گەلێ لەپیشەسازەکانی لۆلۆی بردووەتە وڵاتی ئاشوور» (١١) بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٧).

دیارە ئاماژەدان بە مێژوو خۆی سەلماندنی بەڵگەکانە، هەروەها جوگرافیاش ئەوە بوونی سنووری دەسەڵاتی وڵات دیاری دەکات.

چما تا ئێستا ئەم وڵاتەی ئاریانڤاچەکان، بە ڕەوای نابینن پێی بڵێن ئەمە وڵات و زێد و زادەی کوردستانە؟!.

«ئەو کتێب و پەرتووکانە لەپێش ئیسلام نووسراون بریتین لە ئایینکەر، بوندهشت، یەشتەکان، پەسنا، وەندیدا، خوردە، ئاڤێستا، ئارتای ویرافنامە، کارنامەی ئەردەشیری-بابەکان، خەسرە و گوتان، وشترنگنامە، خوەتای نامە، ئایین نامە، جاماسپ نامە، درەختی ئاسووریک، خەسرەو شیرین، بارام و گوڵەندام، هەزار ئەفسانە، هەزار و یەک شەو، ماتیکان سی ڕۆچ، وەهمەن یەشت، خورشید یەشت، داستان ئایینیک چەم درۆن، شانامەی هەورامی، ئاڤێستا» (١٢) بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٤٢).

ئێمەی ئاریانڤاچ، ئێمەی ئاریزانت، ئێمەی هەورامان نشین ئێمەی خاوەنی هەزاران کتێب، کە ناوی بەشێکم هێنان بەنموونە بۆچی هەر بڵێین فلانە سەرچاوە، یان دەوری گریک و یۆنان، یان ڕۆمانی، یان ئەرستۆ، یان...تاد. ئەگەر پرسیارێک لە ڕۆشنبیر و

خوێندەوارەکان بپرسین، ئایا میللەتی ئێمە خاوەنی شارستانییەتە؟ بەبێ سێ و دوو دەڵێن شارستانی یۆنان و گریکەکان، ئیدی نازانن لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا بە هەزاران کتێب، بگرە ئاڤێستاشیان سووتان، لە سەردەمی میلیندا ئەوە هەرباس ناکرێ، خەڵکی ئاریانڤاچیان دەکوشت.

بۆ ئەوان وا خوێندەوارەکانی کوردستان بە شانازییەوە باسی دەکەن، بەڵام باس بێتە سەر باسی خۆمان ئەوە گوێیان کەڕ دەکەن، چونکە نەیانتوانیوە باسی مەیدانی بۆ دەڤەری هەورامان بکەن، نووسەرانی ئێمە لە بازنەیەکی بەرتەسکدا خامەکانیان بەکاردەهێنن، ئیدی ڕابوردووی خۆیان نازانن و گلەبانیان بەسەر کەلەپوور و کولتووری خۆیانیاندا داوە، ئەگەر میللەتێک ڕۆشنبیرەکانی وا بیربکەنەوە، ئەی ئەو خەڵکە نەزانە، ئەوە هەر هیچ.

ئەو کێوانەی ناومان هێنان، پێش هاتنی ئەسکەندەر، ناوی ناوچەیی خۆیان هەبووە، کە ئەم کارە هەموو شەپۆلەکانی بەرو دوای داگیرکەرانی کوردستان، پەیرەویان کردووە و هەرچی سامانێکی نەتەوەییمان هەبووە، ئەوەندەی بەکەڵکی خۆیان هاتبێ، زەوتیان کردووە و هەرچی شوێنەواری سەروەریی نەتەوایەتی ئێمە بووە، سڕیویانەتەوە، لەبەر ئەوە بۆ ناسینەوەی سەروەرییەکانی نەتەوایەتیمان، دەبێ لەو شوێنانەوە هەنگاو هەڵبگرین کە دەستی داگیرکەرانی نەگەیوەتێ، وەک ناوچەی هەورامانی ئەودیو و دەشتی هەولێر و مەڵبەندە پیرۆزەکانی (ئەهلی حەق). (١٣) بڕوانە گۆڤاری (ڕامان) نووسینی حەمەی حەمە باقی لا (٨٦).

هەرچەندە ئاماژەی ئەم نووسەرە، مەبەستەکەی ئێمەی پێکاوە، بەڵام هێشتا وەک ئەوە وایە مۆمێک لەناو تەلارێکی (٢٠) نهۆمیدا داگیرسابێ، چونکە زۆربەی دەڤەرەکانی وڵاتی ئاریانڤاچەکان، هەروەک ئاماژەم پێ دا، توێژینەوەی مەیدانییان بۆ نەکراوە.

«چۆن بگەڕێین بەشوێن (سیاچەمانە) و (هۆرە) و (لاووک) و بەیتدا، کە تا ئێستا نۆت نەکراون، واتا ئێستا قسە دەکەم یەک سیاچەمانە بە نۆت کراوی نەخراوەتە سەر کاغەزێک، بۆیە ئەو مۆسیقا ژەنانە، کە دەچنە ئەوروپا پێیان دەڵێن پرۆفیسۆر، یان ئەوەی دەچێتە بەغدا و تاران و کوێ و کوێ و دوایی پرۆفیسۆریش هێشتا لاوکی ئێمەی نۆت نەکردووە». (١٤) بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا (٨٦).

ئەوانەی بەمیوزیکی وڵات خەریکن هی شوێنی زێدزادەی خۆیان بەتەواوی نازانن. چما دەگەڕێن بە دەڤەرە پەرشوبڵاوەکانی وڵاتدا؟ بێ گومان هەر ئەشکەوت و بن مەڕێکی ئەم وڵاتەی ئێمە، بەدەیان تابلۆ و وێنەی هەڵکۆڵراو، دەیان دەقی هێڵکراو، بوونی نەتەوایەتی ئێمە دەسەلمێنن، هەروەک وتم بەرزکردنەوەی کۆشک و تەلار نیشانەی ئاوەدانی نییە، بەڵکو وێنەی شیعرێکی هەڵکۆڵراو لەسەر ئەو ئەشکەوتانە هەزاران بینا و تەلاری ئێستا دەهێنن، ئەوە هەورامان، کەفەسەر، لەو بوارەدا، ئەی بۆچی تا ئێستا نە نۆتە نووسی بۆ سیاچەمانە، یان هۆرە نەکراوە؟ هەڵبەتە کار بە وەستانی کەلەپوور لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، زۆر کەمتەرخەمن، بگرە گیرفان پڕکەرن.

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا بۆ ئەم مەبەستە بدرێتەوە، نەچووە و بچێ، با هەموو وڵاتپەروەرانی وڵات، بەتایبەتی دەزگا پێوەندیدارەکان سەرپشک بکرێن و مەیدانی لێکۆڵینەوە زیاتر بکەن بۆ ئەمەلاو ئەولای وڵاتی خۆمان، ئەو ساتە بۆیان دەردەکەوێت سەرچاوەی خۆمان بە سەدان سەرچاوەی بیانی گرانتر و گرانبەها دەبێت.

ئا لێرەدا ئاماژە بەهۆنراوەیەکی (نیارزی بەگی هاواری) دەدەم بەناوونیشانی:

**(ئێری سەردەم):**

**١-سەروەپای مەینەت وێڵ و سەرگەردان**
**چن تاسەی تەمەن وەیشوومەی دەردان**
**٢-مات و تەم و مژ دەما دەشت و دەر**
**گلۆزیای گەردەن رووگەی ڕاوپەر**
**٣-وە پیچ و پەنای کەردەی بیچوونم**
**کژەم بێ وەشتەن تەژنەی دەروونم**
**٤-شەم یانەش و ڕاو مەسۆچو دەوەن**
**وەرجە کوپراو پێشوازی شەوەن**
**٥-وە ئێری سەردەم سووچیان زێدم**
**ژان و ژوارەن خەندەی ئومێدم**
**٦-پەناو پێگەی دڵ بووژەی ئەستەمەن**
**سەرای سەبووری و سەوقاتم نەمەن**
**٧-وەشی ویەردەو ساکی یادگار**
**دیانەی سەیرو گەزارەی بەدکار**
**٨-چیغ و چەرداخم گیجەوای بەردەن**
**لەنجەی جوانیم بی پەناو پەردەن**
**٩-وەی چەند ئەستەمەن نەسەودا سەری**

**وەیی خەندەی یار تاویو هورکەری**
**١٠-مەرچوون یەکەی کز هەردەم جیابی**
**یا چوون بی وەچاخ کوسەی زڕیابی.** (١٥)

بروانە شنەی شەو، لە شیعری نیارزی بەگی هەواری، لاپەڕە (٣٢٧).

لێرەدا پرسیارێ دێتە پێش: باشە خۆ ئێستاش سەدان دیوان و لێکۆڵینەوەی نوێ هەن، ئەی بۆچی ئێستاش هەر هیچ؟ جێی سەرسوڕمانە، ئەم هەمـوو ئەدەب و شاکارە مۆزیکیانەمان هەن، کەچی وەک پێویست ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کەسی دڵسۆزمان زۆر کەمن، بۆیە نووسەران و هونەرمەندان دەرگایان لێ داخراوە.

ئەم پارچە شیعرە بۆ ئاوازی گۆرانی فرە بەچاکی دەگونجێ، بەتایبەتی بۆ ئاوازی (خاو)، یان گۆرانی گێلای، یان گۆرانی دیلانێ، بەڵام هەروەک وتمان بانێکە و سەدان هەوا، هەروەها قسە هەزارە و دوانی بەکارە، ئەگینا ئەم هەمـوو فەرهەنگە وا بەیەکجاری بێ ناز نەدەبوو. هاوار دەکەم بەتکاوە، با سەر لەنوێ مێژوو و ئەدەبی خۆمان بنووسینەوە، ئەوەی کە هەزاران ساڵە خۆڵ و خاشاک بەردەرگای ئێمەی گرتووە، با دەستی خۆمان پەڕە بەپەڕە لاپەڕەکان بە ئەسپایی و لەسەرخۆ بۆ جاری دووەم تۆمار بکەینەوە، ئیدی بەتەمای دەستی بێگانە نەبین، چونکە ئەوەی بێگانەپەرستی بکات ئاکام نوشوستی دەهێنێ، کاتێک گوندەکانمان ویران کران هەزاران دەسخەت و بەڵگەنامەی بەنرخ کران بەدەم شەقەڵی داگیرکەری وڵاتەوە. لێرەدا ئاماژە بەچەند دێڕ هۆنراوەیەکی نیازی بەگی هەواری دەدەم، بەناوونیشانی (بێستوون) وتوویەتی و دەڵێت:

**بێستوون ئاوارەی شیرینی مەستم**
**سەنگی چنیای قوڵنگی دەستم**
**دڵ پەرتەوازە و گوڵ دەست بەستە**
**مورخانی بێ مۆر پەنجەی شکستە**
**ڕوو سەرو سیمای تەڵخش ئاردەوە**
**نەواری عیشقم وێتەش واردەوە**
**شەوارەی چەمەن نونیای زاریم**
**وەهارەی تەمەن توتیای کاریم**
**هەرچوار وەرز گەڵاڕێزانەن**
**هاوە خاڵ خاڵان گیان ئاوێزانەن.** (١٦)

بروانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٦٠).

کێوی بێستوون وێنەی شیرین ئاوێزانی شاری کرماشان و ناڵەی حەسرەتی دڵی شاعیر، بۆ ئەو هەمـوو نەخشونیگارە، کە هونەری هەزار ساڵەی وڵات لەو کێوە بەرزە، کە لەگەڵ ئاسمانی پاک و ئەستێرە درەوشاوە، شیعری ئەم شاعیرە بۆ وەسفی ئەم کێوە، ئەم شیعرە بۆ گۆرانی، گۆشی و زیندووکەرەوەی ئەو ئاوازانە لواوە، هەر لە (بامشادەوە) تا ئەمڕۆ هەزاران ئاواز لەو شاخەدا، بەدەنگی هونەرمەندانی گۆسان و چڕپاندنیان بەگوێی سیاچەمانە چڕانی وەک (عوسمان کێمنەیی) و (حەمە حسێن کێمنەیی) و (جەمیل نەوسوودی) لە کێوی بێستوون قەرار دەگرێ.

هەروەها ئاوازەکانی ئەهلی حەق، کە ژمارەی ئەو ئاوازانە (٧٢) ئاوازن، ئەم هەمـوو ئاوازانەش هەر لە دەوروبەری کێوی بێستون، کە ئەم ئاوازانە بە شیعری (بڕگەیی) دەوترێن و بە هەورامی ئەو شیعرانە دەست دەکەون، ئەم ئاوازانە هونەرمەندی تایبەتی خۆیان هەیە، شێوە و فۆرمیان دەچنەوە سەر ئاوازەکانی (یارسان) و ئەم ئاوازانە بەئامێری تەمبوور ساز دەکرێن، هونەرمەندی گۆرانیبێژ، یان سترانبێژ بە شێوەی (بازنەیی) ئەو ئاوازانە دەچڕنەوە، نەک بە شێوەی هەڕەمەکی.

هەندێک نموونەی شیعری بۆ ئەم ئاوازانە دەخەمە بەر دیدی ڕۆشنبیران، دەورەی باڵوول، باڵوولی ماهی (١٤٦-٢١٩)ی کۆچی کە دەڵێت:

**«ئەز باڵوولەنان جە ڕووی زەمینی**
**چار فریشتانم چاکەر کەرینی**
**دووەم ساڵح ڕەجەبم بینی**
**چەنی لۆرە بیم جەماو هەفێنی»**. (١٧)

بروانە هەورامان باشتر بناسن، د.صدیق بۆرەکەیی، لاپەڕە (٤٢).

بابە سەرهەنگی دەودانی (٣٤٢) ی کۆچی دەڵێت:

**«ڕاسی خاسی یەن، ڕاسی خاسی یەن**
**یاران یاوەران ڕاسی خاسی یەن**
**خاسیچ پەی ڕاسی هەرنەپاسی یەن**
**وەشی و وەشبەختی جەڕای ڕاسی یەن»** (١٨)

بروانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٤٣)

ئەمەو چەندان دەورەی شاعیری تری وەک: شاخوەشینی لوڕستانی (٤٠٦-٤٦٧ی کۆچی) و یارەکانیەتی کە بریتین لە جەلالە خانمی لوڕستانی، ڕێحان خانمی لوڕستانی، لیزا خانمی لوڕستانی، خاتوون مەی زەرد، کاکە ڕدای لوڕستانی، بابە و زورکی لوڕستانی، بابە هندوی لوڕستانی، پیر شالیاری هەورامی، بابەتاهیری

هەمەدانی و نزیکەی (٦٥) بەندە و هەر بەندێکی لەسەر مەبەستیکی ئایینی هۆنراوەتەوە.

شاخوەشین دەڵێت:

**«وا چێک مەواچە زەندەش نەزانی**
**نەکا ڕووسواک بای پەی وێت بمانی**
**مەنیش وەکەشتی ئەر مەلەوانی**
**نەوا وەرگەرۆ بۆ وە، تۆفانی»**. (١٩)

بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٤٤)

ئەمەو چەندانی تر کە هەموویان هەم پەندن و هەم بۆ ئاوازی گۆرانی دەلوێن، دیارە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە ناومان هێنان، هەموویان لە دەورەی خۆیاندا تەمبورژەن بوون، ئەی ئەمە میراتگری ئاریانڤاچەکان نەبێ، دەبێ چ ناوێکی تری لێ بنێین؟

ئەم هەموو ئەدەبیات و کولتوور و فەرهەنگە، جارجارێک وەک: دەقنەی فەقێ لە کەناڵەکاندا بۆ خوێی چێشت جارجارێ بەرنامەیەکی کاڵوکرچیان بۆ دەکرێ.

ئەوەش نەبێ باشترە، چونکە هەر یەکە لەو ئاوازانە، بەدەیان بەرنامە بە جەماوەری تامەزرۆ ناناسرێن.

جا لێرەدا شایەنی ڤاچەڤاچە، ئەو هۆزانە، کە باسی کاولکاری و ستەمی داگیرکەران دەکات، سەرلەنوێ بنووسرێتەوە، لە ناوەرۆکی هۆنراوەکە ئەوەمان بۆ دیاری دەکات، کاتێ عەرەبی داگیرکەر هێرشیان هێناوەتە سەر شارەزوور و شای هورمزگان و ئاورگاکانیان، یان بە واتایەکی دی ئاتەشگەدەکانیان خاپوور کردووە و ژن و کچانیان بەدیل گرتوون، پیاوانی ئازا و بەجەرگ بەرەنگاری لەشکری کاولکاری بوون و لەناو خوێندا تلاونەتەوە و مەبەستیان ئەوەبوو ئایینی زەردەشتی بەیەکجاری پاکتاو بکەن و خۆیان لە وڵاتی ئاریانڤاچەکان تەراتێن بکەن، هەروەک: ئێستاش ئەو چاوچنۆکانە هەمان ڕەفتار دووبارە دەکەنەوە، هۆنراوەکەش بەم جۆرەیە:

**هۆرمزگان ڕمان ئاتران کوژان**
**وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان**
**زۆر کار ئەرەب کردنە خاپوور**
**گنا پاڵیی هەتا شارەزوور**
**شن و کەنیکان وە دیل بشنیا**
**مەرد ئازا تلی وە ڕووی هوینا**
**ڕەوشت زەردەشت مانۆوە بێ کەس**
**بەزێکا نێکا هۆرمز وەهیچ کەس»**. (٢٠)

بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣٩)

وێرانکردنی ئەو هەموو ئاتەشگەرانە، کە لە وڵاتی ئێمەدا بە زۆری هەبوونە، ئەوەش نیشانە و بەڵگەی ئەوەیە ئەم وڵاتە مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووە، لە هەر شوێنێکیش مرۆڤ جانیشتە بووبێ، لەو شوێنەش کشتوکاڵ برەوی سەندووە، هەڵبەتە زەردەشت زۆربەی جوگرافیای هەر لە وڵاتی ئاریانڤاچەکان بووە، هەر لەوێش هەڵکەوتووە و هەرلەوێ ژیاوە.

لە ململانێی مێژوودا هەردەم داگیرکەران هەوڵیان داوە بەهۆی هێرشی ناڕەوا و نالەبارەوە کولتوور و فەرهەنگی ئەو وڵاتە، کە داگیری دەکەن، یان کردوویانە، لەسەر نەخشەش ئەو هەموو سامانەیان بەتاڵان بردووە، یان ئەگەر نەیانتوانیبێت ئەوە مۆرکی خۆیان پێوە کردووە، بۆیە ئەگەر بە شوێن ناسنامەی خۆماندا بگەڕێین باشترین هەلە ئەو ناسنامەیە بدۆزینەوە و سەرلەنوێ ئەو مۆرکە ڕەسەنە بگەڕێنینەوە دۆخی جارانی خۆی.

هونەر کە سەرمایەی وڵاتە، ئەو بنەما سەرەکییانەی موزیک نۆتەنووسی بکەینەوە، بەتایبەتی سروودە ئاینییەکان وەک (هۆرە و سیاچەمانە و لاوک و حەیران) ئەو ساتە دەتوانین وڵات بە گەلانی جیهان بناسێنین، ئەویش بە نووسین و تۆمارکردنی هەموو دەنگی ئەو هونەرمەندانە کە لەو بوارەدا شارەزان.

ئەم چەند بەیتە شیعرییەی کە لەم بابەتەدا هاتووە بەدەنگی هونەرمەندی پاشای هونەرمەندان (عوسمان کێمنەیی) بەتۆمار لە ئەرشیڤی خۆمدا هەیە:

**«ئاخۆم ساڵێوتەر دەوران و کێ بۆ**
**کێ نیشۆ وەشاد کێ ڕەنجەڕۆ بۆ؟**
**من خواخواما ئی کارە کەی بۆ**
**پەنجەی خەنەینت وە بانی بەی بۆ**
**من خواخواما وەهار بەیۆوە**
**نە ئیساڵ بۆ پار، نەپار مەیۆ وە**
**وەشڵەیم بە دارا مراو ژیواوە**
**بەساڵە جارێ گەڵا کەراوە»**. (٢١)

مێژووی میوزیکی هەورامان، دارا محمد عوسمان هەورامانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٤ زاینی، لاپەڕە (١٧٢).

ئەم ئاوازە، ئەم چەند دێڕە فۆلکلۆرییەی هەورامان، کە هونەرمەندی سەرکەوتوو وتوویەتی، گیان و سەدای هەورامییەکان و ئاهورایی زیندوو کردووەتەوە، هەروەها شیعری برگەیی خۆشمان زیاتر بۆ ئاوازی سیاچەمانە دەلوێن، تا شیعری تێکەڵوپێکەڵی کلاسیکی، یان

کێشی عەرووز، زۆر بەگرانی لەسەر زاری هونەرمەند ئەدا دەکرێن.

سیاچەمانە لەناو ئاتەشگەدەکاندا چڕاوە، ئەو پیرانە فرە بە زەریفی سیاچامەکان دەچڕن و سروودی گاتاکان بۆ ئاوازەکان دەستەملانێی یەکتری دەبن، ئەوەش لە مێژینەترین سروودەکانی ئاڤێستایە، بەم جۆرەیە مەستورەش دەڵێت:

**«بەلای دەرەوە، بەلای دەرەوە**
**ئەمرۆ کەفتەبیم بەلای دەرەوە**
**نامەی نەو جەستەم تازە کەردەوە**
**ساتێ زیاتر خوابم بەردەوە**
**جەودما نەڕووی میهرو وەفاوە**
**هۆرێزام نەچا مدرام وەپاوە»**. (٢٢)

بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٥٦٣).

ئەگەر لە مێژووی وڵاتی ئاریانڤاچ وردبینەوە، چەند شاعیر و هونەرمەندی ڕەگەزی (نێر) بەرهەمیان هەبووە، ئەوەندەش ڕەگەزی (مێ) لە ئەدەب و هونەر، بەتایبەتی لە بواری شیعردا ئافرەتان لەو بابەتەدا ئەسپی خۆیان بۆ وشەی شیرینی ئاریانڤاچەکان تاو داوە، نموونەش ئەو شیعرە بەرزەی (مەستوورەخان) ی ئەردەڵانییە کە شیعرەکەی بۆ ئاوازی بەرزە چڕی سیاجامەکان ئاوازی دەرەیی فرە بەباشی بۆی دەلوێت.

هەرئاوازێ لە کانگای هونەر و ئەدەبی ئاریانڤاچەکان سەرچاوەی گرتبێ، ئەوەش نەمری ئەو ئاوازانە دووپات دەکاتەوە، لەو ساتەوە تا ئەمرۆ لە کاروانی نەبڕاوەی هونەری وڵاتان هونەری ئاریانڤاچەکان دوانەکەوتووە، ئینجا بۆیە هونەر و ئەدەبی هەورامان بە هەموو سەرچاوەکانییەوە لە هەورامانی کەوفاران و وڵاتی ئاریانڤاچ و شیعری گاتاکان و هەموو ئاوازە بەرزە چڕەکانی سیاجامەکان، بەبێ دوو دڵی و بەبێ گومان میراتگری (حەوزەی سیروان) و وڵاتی (وخەفە نیرەتە) و واچە واچی، یان ڤاچەڤاچی، یان واتە واتی ئاریانڤاچەکانە.

**«مایەم ناڕەواج دەروونم تەنگەن**
**قافڵەم هەتا قام، قیامەت لەنگەن»**
هەمان سەرچاوە، لاپەڕ (٢٧١).

**سەرچاوەکان:**


**١- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، جوگرافیا و مێژووی هەرەدێرینی هەورامان لەئاڤێستادا، چاپی یەکەم، سلێمانی ساڵی (٢٠١٠) زاینی ل١٢.**
**٢-هەمان سەرچاوە، ل٧.**
**٣-سیاوەش گۆدەرزی، شانامەی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠١٣، ل١٤.**
**٤-هەمان سەرچاوە ل١٢.**
**٥-د. محەمەد ئەمین هەورامانی، گوڵزاری هەورامان، چاپی یەکەم هەولێر، ساڵی، ٢٠٠٤ زاینی، ل٤١.**
**٦-هەمان سەرچاوە، ل١٦٧.**
**٧-د. صدیق بۆرەکەیی، هەورامان باشتر بناسن، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٢) زاینی، ل١١.**
**٨-هەمان سەرچاوە، ل١٣.**
**٩-هەمان سەرچاوە، ل٧.**
**١٠-هەمان سەرچاوە، ل٩٨-٩٩.**
**١١-هەمان سەرچاوە، ل١٧.**
**١٢-هەمان سەرچاوە، ٤٣.**
**١٣-محەمەد حەمە باقی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٤) ی ساڵی ١٩٩٨، هەولێر، ل(٨٦).**
**١٤-هەمان سەرچاوە، ل٨٦.**
**١٥-نیازی بەگی هەواری، شنەی شەو، چاپی یەکەم سلێمانی، ساڵی (٢٠١٤) زاینی، ل٣٢٧.**
**١٦-هەمان سەرچاوە، ل.١٦٠.**
**١٧-د. صدیق بۆرەکەیی، هەورامان باشتر بناسن، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٢)، ل٤٢.**
**١٨- هەمان سەرچاوە، ل٤٣.**
**١٩-هەمان سەرچاوە، ل٤٤.**
**٢٠- هەمان سەرچاوە، ل٣٩.**
**٢١-دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، مێژووی موزیکی هەورامان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی (٢٠١٤) زاینی، ل١٧٢.**
**٢٢-هەمان سەرچاوە، ل٥٦٣.**
**٢٣-هەمان سەچاوە، ل٣٧١.**




# میرنامە و تەیمووری گورجی و چەند بابەتێکی دی

هاشم سەڕاج

ڕۆمانی «میرنامە» لە نووسینی «جان دۆست»ـە و سەباح ئیسماعیل لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە و لە هەمان کاتدا لەگەڵ دەقە کرمانجییەکە بەراوردی کردووە و هەر دێڕ و پەرەگرافێک لە دەقە عەرەبییەکەدا لابرابێت و سانسۆر کرابێت، دووبارە لە دەقە کرمانجییەکەی وەرگرتووەتەوە، بەر لەوەی لە هەندێک تێمە و چەمکی ڕۆمانەکە بدوێم، پێم باشە هەندێک داتا و زانیاری لە پێشەکییەکەی نووسەر و پێشەکییەکەی وەرگێڕ بخەمەڕوو، «جان دۆست»ی نووسەر دەڵێت: ئەم ڕۆمانەی بەردەستتان بەرهەمی ماندووبوونی بیست ساڵەی منە کە لەگەڵ هۆزانڤانی مەزن ئەحمەدی خانی دانەری مەم و زین بەسەرم بردووە، بەڕاستی سەراسیمەی کردم، سەرسام بە زمانەکەی، شێوازی لێبوردەییە گەورە و مرۆڤایەتییەکەی کە لە سۆفیگەری ویژدانی ئەوەوە هەڵقولاون، هەروەها خۆشەویستی خانی بۆ نەتەوەکەی دوور لە توندڕۆیی و کۆششی بەردەوامی بۆ سەربەخۆبوون لەدەست هەردوو داگیرکەری سەفەوی و عوسمانی بێ ئەوەی بیری بچێت تیری ڕەخنە ئاراستەی فەرمانڕەوایانی کورد بکات.

هەروەها نووسەر دەڵێت: دوای نووسین و [چاپ و پەخشکردنی] ڕۆمانەکە هەر زوو خوێنەران لە باکووری کوردستان قۆستیانەوە، پاشان وەرگێڕایە سەر زمانی تورکی و عەرەبی، پاشان «سەباح ئیسماعیل»ی وەرگێڕ دەڵێت: ڕۆمانی میرنامە، کە ساڵی ٢٠٠٨ لە (ئیستەنبول) بە کوردی چاپ کراوە، باس لە پێوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات دەکات، وەک ڕەمزیش پەنای بۆ لایەنە شاراوەکانی ژیانی شاعیری مەزن ئەحەمەدی خانی «١٦٥١-١٧٠٧»ی بردووە، دوای ئەوەی خانی ئاگادار دەکرێتەوە کە دەبێت لە گوتارەکانی مزگەوتدا بە میردا هەڵبدات و ستایشی بکات، ئینجاش ئەو ڕەتی دەکاتەوە و دژ بەوانە دەوەستێتەوە بەناوی ئایینەوە داوای غەزا دەکەن، لێدەگەڕێن براکان شیروتیر لە یەکتر بسوون، لە ئەنجامی ئەم کارانەیدا

میر پیلانی دەرمانخواردکردنی بۆ دادەڕێژرێت، ئیدی خانی بە نەخۆشییەکی پەنهان کۆچی دوایی دەکات، هەروەها وەرگێڕ دەڵێت: میرنامە ڕۆمانێکە تەکنیکی نوێ و فەنتازیای تێدا بەکارهێنراوە و لە هەر بەشەدا کارەکتەرێک دەیگێڕێتەوە و لە دید و بۆچوونی خۆیەوە بۆ مەرگی خانی دەڕوانێت، وەرگێڕ لەدوا بەشی پێشەکییەکەیدا بەم شێوەیە لە ژیان و کارە ئەدەبییەکانی دانەری میرنامە دەدوێت، جان دۆست ساڵی ١٩٦٥ لە کۆبانی لە دایک بووە، لە زانکۆی حەلەب بەشی بایۆلۆژی تەواو کردووە، لە ساڵی (٢٠٠٠)ـەوە لە ئەڵمانیا دەژیت، جان دۆست بە شیعر دەستی پێ کرد و یەکەمین دیوانی «قەڵای دمدم»، ساڵی ١٩٩١ لە ئەڵمانیا، پاشان لە هەمان ساڵدا لە ئیستەنبول بڵاوی کردەوە، هەروەها «دیوانی جان»ی لە دوبەی و ئیستەنبول چاپ کرد چەندان کتێبی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە وەک «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی، ناوی ناوە «الدر الثمین في شرح مم و زین» بە چوار چاپ لە دیمەشق و بەیرووت و دهۆک بڵاوبووەتەوە...تاد

ئیتر لەوەدوا هەوڵ دەدەم لە هەندێک بابەت و چەند کارەکتەرێکی ڕۆمانی میرنامە بدوێم، بە تایبەتی تەیموری گورجی، یان تەمۆی مەیخۆر کە جار جارە بە مەستی سەردانی حوجرەکەی خانی دەکرد و خانی ڕێزی لێ دەناو خۆشیی بە قسەکانی دەهات، هەڵبەتە جان دۆست لە میرنامەدا کاری لەسەر قۆناغێکی دوورودرێژی مێژوویی حوکمڕانی ئەمارەتەکانی «میرنشینی» کوردی کردووە، مێژووی حوکمڕانییەک خۆی نزیکەی لە سێ سەدە و شتێک ساڵ دەدات، وێڕای ڕام و نێچیرکردنی پرشنگە کولتوورییە دەگمەن و ناوازەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە دوورودرێژە، ئەم کارکردنەی جان دۆست باکگراوەندێکی تایبەتی کولتووری بە دەقی میرنامە بەخشیوە، چونکە میرنامە ڕۆمانێکە لە بنەڕەتدا کاری لەسەر کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆر کردووە، لەوانە، شەرەفنامەی بدلیسی، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، مەم و زین و کتێبەکانی تری ئەحمەدی خانی، کۆمەڵێک سەرچاوە لە بارەی سۆفیگەری، کیمیاگەری و ئەفسوون و جادوو، نوژداری و دەرمانسازی، گیاوگۆڵ، چۆنیەتی دروستکردنی مەرەکەب و کاغەزسازی و جزو بەندکردنی کتێب، هەروەها هونەری خۆشنووسی و نەقاشی و عیشق و سێکس و هۆمۆسێکسوەڵ ...تاد.

هەڵبەتە لە دنیای ڕۆماندا ئەم جۆرە کارکردنە دیاردەیەکی تازە نییە، بۆ نموونە دەیستۆیڤسکی لە ڕۆمانی «برایانی کارامازوف»دا کاری لەسەر فایل و دۆکیۆمێنتی دادگاکانی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانی کردووە کە پڕاوپڕن لە ستەم و نادادپەروەری، لەم سەردەمی ئێستاشدا «ئۆرهان پاموک» لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا بە باکگراوەندێکی قووڵی مەعریفی کار لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەکات، لە ڕۆمانی «قەڵای سپی»دا ڕەوشی جەنگ و فەلەکناسی، لە دەقی «ناوم سوورەیە» مێژووی نیگارکێشی، یان شێوەکاری عوسمانی و ئیسلامی و ئێرانی...تاد، هەروەها ئەمین مەعلووف لە «سەمەرقەند» کار لەسەر مێژووی حەشاشەکانی نێو ئیسلام و کەسایەتی حەسەنی کوڕی سەباح دەکات، لە ڕۆمانێکی دیکەدا کار لەسەر ئایینی دوالیزمی مانەوییەت دەکات، یان ئەوەتا عەلا ئەسوانی لە ڕۆمانی شیکاگۆدا هەوڵ دەدات کولتووری خۆرهەڵاتی بە تایبەتی میسری لە هەڵسوکەوت و ئاکاری ئەو کەسایەتییانەدا بدۆزێتەوە، کە خۆیان بە خۆرئاوایی لە قەڵەم دەدەن و کولتووری خۆرهەڵاتی ڕەت دەکەنەوە، یان بەشێک لە کەسایەتییەکان نوقمی حاڵەتەکانی نۆستالیژیان و بە جەستە لە هەندەرانن و بەگیان لە میسر، بەردەوام گوێ بۆ گۆرانییەکانی ئوم کەلسووم و فەرید ئەلئەترەش ڕادەدێرن، دەبا بزانین جان دۆست لە میرنامەدا چۆن کاری لەسەر کولتووری کوردی و سەرچاوە مەعریفییەکانی تر کردووە، ڕۆمانی میرنامە تەکنیکگەلێکی جۆراوجۆری تێدا بەکاربراوە، لەوانە گێڕانەوەی هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان یادەوەری خۆی لەگەڵ «خانی»دا دەگێڕێتەوە، واتە هەر بەشێک بۆ کارەکتەرێک و ڕووداوێک تەرخان کراوە، زیاتر لە بیست کەسایەتی، ڕەنگە دانەر بۆ بەکاربردن و پراکتیزەکردنی ئەم جۆرە تەکنیکە سوودی لە کتێبی «هەزار و یەک شەو» وەرگرتبێت، پاشان

بەکــارهێنانی ڕەگــەزی فــەنتــازیا، دیالۆگ، پارادۆکس و جــۆرێک لە پەرجوو- موعجیزە- کە زیاتر بۆنی ئایینی مــەســیــحی لێ دێت، بە تایبەتی کاتێک ئەحمەدی خانی سەردەنێتەوە، چرای ماڵەکانی شاری بایەزید سێ جار دەکوژێنەوە، ئەم دیمەنە مەرگی مەسیح و سێ جار قووقەی کەڵەشێرمان بیردەخاتەوە، پاشان دەق لە هەندێک شوێندا دەیەوێت کەسایەتی خانی لە چەند ڕوویەکەوە لە کەسایەتی مەسیح و سوکرات نزیک بکاتەوە، هەروەها لە ڕووی هونەرییەوە وێڕای بەکاربردنی کۆمەڵێک چیرۆکی دەگمەنی فۆلکلۆری کوردی کە سەلیمی ناڵبەند، یان - سلۆ- دەیانگێڕێتەوە، هەروەها بایەخی بە تەکنیکی هونەری نامەنووسین داوە، بە تایبەتی ئەو نامەیەی کە ئەحمەدی خانی بۆ «میر»ی دەنێرێت، تێیدا ڕەخنە لە دەسەڵاتی میر و ڕەوشی ستەم و نادادپەروەری دەگرێت، لەلایەکی دیکەوە میرنامە لە دەسپێکی نووسینەوە ڕووداوی مەرگی خانی پێش دەخات، واتە دەسپێکی نووسین بە ڕێوڕەسمی ناشتن و بەخاک سپاردنی تەرمی «خانی»یەوە دەست پێ دەکات، ئەمەش حاڵەتی پێشخستنی ڕووداوی کوژرانی پاڵەوانی ڕۆمانی «ناوم سوورەیە»ی «پامووک»مان بیردەخاتەوە، ڕۆمانی میرنامە لە هەمان کاتدا بە شێوازێکی سایکۆلۆژی کار لەسەر کارەکتەرەکان دەکات و لە ڕێگەی دیالۆگ و دەربڕینەوە بیروبۆچوون و حاڵەتە دەروونییەکانیان دەخرێنە ڕوو، من لەم خوێندنەوەیەدا ناتوانم لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری سەرجەم کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە بدوێم کە لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی «خانی»دا ئامادەن، لێرەوە هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر بەشێک لە کەسایەتییەکان، بۆ نموونە تەیموری گورجی، یان تەیموری فاسق، کە بەردەوام سەرخۆشە و لە پڕێکدا لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەدا بە توندی و بەترسەوە هاوار دەکات:

ئەی هاوار! ئەمە چییە! مەرەکەب دەبارێت، تەیموور دەڵێت: سەیدا زۆری حەز لە مەرەکەب دەکرد، چەندان جار مەرەکەبدانەکەی لە لووتم نزیک دەکردەوە و دەیگوت: دەی بۆنی بکە، تو سەری خۆت بۆنی ئەم مەرەکەبە لە بۆنی مەیەکەی تۆ خۆشتر نییە؟ سەیدا پێی دەگوتم:

تەمۆ ئەمە مەرەکەب نییە، بەڵکو ئەسرینی دڵێکی سووتاوی وێڵە، تەیموری فاسق خاوەن گیانێکی دیۆنیزیۆسییە و هەمیشە مەست و مەنگە و ئەو بۆنی مەرەکەب زیاتر لە بۆنی ئارەقەی ژێر باڵی خۆشەویستە ئەرمەنییەکەی دەناسێتەوە، دەتوانم بڵێم ئەم دیالۆگەی نێوان شێخ ئەحمەدی خانی و تەیموری فاسق.. بەشێک لە هزر و بیرکردنەوەی خانیمان پێ دەناسێنێت.

- تەمۆ لە فەرهەنگی ئێوەی مەیخۆراندا مردن چییە؟
- مردن ڕابوونی مەزنە
- ئەی ژیان؟
- سەرخۆشییەکی دوورودرێژە
- کەواتە من لەبەر دەرگەی ڕابوونم
- تەمۆ، بێژە من، مەی چیت لێ دەکا؟
- سەیدا مەی کلیلی زمانە
- تەمۆ ڕوونتر بدوێ
- ئەو دەمی ئەز مەی دەنۆشم، دەرکە لەسەر ئاگری هەناوم والآ دەبێت، هەموو پەردەکان هەڵدەدرێنەوە و بێ ترس ئەوی بیخوازم و نەتوانم بیدرکێنم، دەیڵێم، خۆ ئەگەر ڕازێکی شاراوە لە دڵمدا هەبێت و بخوازم بیدرکێنم، ئەوە مەی چارەیە
- من لەمە دەگەڕام،

لێرەدا سەیدا خانی چرکەی مەستی بە نەشوەی سۆفیگەری دەچوێنێت و دەڵێت:

ئەو خواردنەوەی ئەز لە «مەم و زین»دا باسی دەکەم، شەرابی سۆفیگەرییە تەیموور، شەرابی ڕووحانییە نەک ترێ.

- من ژان و حەسرەتی خۆم تێکەڵ بەم مەرەکەبە کردووە، چما تۆ بۆنی سووتانت نەکرد؟
- ئەز مەرگی خۆ دەنووسمەوە.

مەبەستی ئەحمەدی خانی لەو نامە ڕەخنەئامێزەیە کە ئاراستەی دەسەڵاتی میری کردووە، پاشان بەشێکی زۆری ئاگری دڵ و دەروونی خانی و هێزی نووسینی لە عیشقی «شەنگێ»وە سەرچاوە دەگرێت، شەنگێی کچی حاجی زوهدی بازرگان، شەنگێ ناو کە زەیتوونی دەسووتاند و مەرەکەبی بۆ خانی دروست دەکرد، «خانی»یش نامەی لەسەر گەڵای چنار دەنووسی و لەگەڵ «کەتان»ی خوشکە گچکەی بۆ (شەنگێ)ی دەنارد، کەچی دواتر شەنگێ دەدرێت بەخۆجە ئەلا قولی ماکۆیی بەدفەساڵ کە بازرگانێکی

تەمەن شەست ساڵە، لە ڕوویەکی دیکەوە دەقی میرنامە کەسایەتییەکی ئاڵۆزی خوڵقاندووە و شوناسە نادیارەکەی بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی خوێنەر- وەرگر، جێ هێشتووە، مەبەستم یارۆی دەمولووت هەڵپێچراوە، دەق هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری سێکسی ئەم کارەکتەرەوە هاوکێشەی «گرێی ئۆدیب» قڵپ و پێچەوانە بکاتەوە و بەشێوەیەکی جیاواز دایبڕێژێتەوە.

یارۆی دەمولووت هەڵپێچراو، دوای ئەوەی خۆی دەگەیەنێتە میری میران، بەگ و گزیران، پاشا و وەزیران، ئەمەیش بەهۆی خەتە جوانەکەی کە لە وەستا خەلیلی خۆشنووس، یان وەستا خەلیلی دیاربەکری فێری بووبوو، دەمولووت هەڵپێچراو، هەتیوی خەلیلی خۆشنووس بوو، پاشان لێی هەڵدەگەڕێتەوە و دەیکوژێت، ئەم کەسایەتییە تەمومژاوییە کارامەترین وەستای دروستکردن و گرتنەوەی ژەهرە، لە سەردانێکیدا بۆ حوجرەکەی خانی دەتوانێت ڕۆنی چراکەی ژاراوی بکات، هەروەها لە خانێکدا بە خەتە جوانەکەی خۆی دەقی شیرین و خوسرەوی نیزامی بە مەرەکەبی ژاراوی دەنووسێتەوە و لای سەلاحەددینی سەحاف دایدەنێت، بە قەستی ئەوەی خانی چاوی پێ بکەوێت و بیباتەوە ماڵ و بیخوێنێتەوە، تا ژارەکە هێدی هێدی تێکەڵ بە خوێنی بێت، ئاخر بۆ ئەوەی پەڕەکان یەک یەک هەڵداتەوە پێویستی بەوەیە پەنجەی دۆشاومژەی بە زمانی تەڕ بکات، نەخاسمە بەکاربردن و پێداپژاندنی ژەهری هەلایل و سلێمانی، پاشان هەمان کەسایەتی، واتە دەمولووت هەڵپێچراو نەک هەر بەشداری ڕێووڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی خانی دەکات، بەڵکو دادەبەزێتە نێو گۆڕەکە و تەرمەکە وەردەگرێت و تەقەتی دەکات.

لێرەدا حەزدەکەم سەبارەت بە کەسایەتی شێخ ئەحمەدی خانی خاڵێکی گرنگ بخەمە ڕوو کە دەقی میرنامە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارەی لێ کردووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەحمەدی خانی بڕوای بە پێکەوە ژیان و ڕێزگرتنی ئایینە جیاوازەکان هەبووە، ئەوانەی هاموشۆی حوجرەکەیان دەکرد سەر بە ئایینی جیاجیا بوون، کەچی ئەحمەدی خانی وەک شاعیر و شێخێکی میانڕۆ ڕێزی لێ دەنان و خۆشیی لە دۆستایەتییان دەبینی، لەوانە تەیمووری فاسق کە سەر بە ئایینی مەسیحییە، شەمسۆی قەوالی ئێزدی، زوهرایی حەکیمی ئەرمەنی...تاد ئەوەی ڕاستی بێت جان دۆست لەم ڕۆمانەدا زۆر بە وردی و قووڵی کاری لەسەر ڕووداو و مەرگەساتە یەک لە دوای یەکەکان کردووە و ویست و ئامانج و خولیا و چۆنیەتی بیرکردنەوەی میرە کوردەکانی شی کردووەتەوە، بۆ نموونە سەربازەکانی مەلیک ئەحمەد پاشای والی وان چۆن شاری بدلیس ئابڵوقە دەدەن و کۆشکەکەی میر ئەبداڵ خان تاڵان دەکەن و قەڵای بدلیس داگیر دەکرێت و میلی سوورکراوە بەچاوەکانی ئۆمەری خەزنەدار و کلیلداری (میر ئەبداڵ خان)دا دەهێنن و کوێری دەکەن، قەڵای بدلیس لێوانلێوە لە شتگەلی دەگمەن و ناوێزەی گرانبەها و ڕەفەکانی نێو قەڵا پڕن لە کتێبی ناوازە، میر ئەبداڵ خانی خودان زۆر جۆرە بەهرە و توانایی ئەدەبی و هونەری خۆشەویستترین میری ژیاری بدلیسە، من لە دەقی «گۆڕستانی ئەپیکۆرس»دا لە تاڵان و بڕۆ و چەپاوکردنی ئەم ژیارە دواوم و لە [ پرۆژەی برادەرانی زناک»یش پارچە نووسینێکی زناکیم بۆ کەسایەتی میر ئەبداڵ خان نووسیوە، لەلایەکی دیکەوە دەقی میرنامە لە بنیادی قووڵدا دەلالەتگەلێکی ناسیۆنالیستی هەڵگرتووە، زۆربەی بیروبۆچوون و دنیابینییەکانی دەق لە زمانی «خانی»یەوە دەدرکێنرێن، یان ئەوەتا لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارەکتەرەکانەوە بۆ نموونە خانی داوا لە بوهاری شاعیر دەکات واز لە زمانی تورکی بێنێت و بەزمانی کوردی شیعر بنووسێت، کەچی بوهاری باسی ئاوازەکانی شیعری یوونس ئەمرە و فزوولی بۆ دەکات، هاوکات خانی خاوەن گیانێکی ئیبداعییە، بوهاری لە دانیشتنێکدا لە حوجرەکەی دەقی داستانی «شێتەی سەرحەدان»ی لێ دەدزێت و لەژێر ناوی «دیوانەی بایەزید» و بەناوی خۆی بڵاوی دەکاتەوە، کەچی خانی نە باسی دزینی داستانەکەی لەگەڵ دەکات و نە لای کەسیش گلەیی لێ دەکات، جارێکی تریش شووشەیەک مەرەکەبی ڕەشی لێ دەدزێت و ئیتر چەند ڕۆژێک مەرەکەبی ڕەش دەڕشێتەوە، دەقی ڕۆمانی میرنامە،

زیاتر لە بیست کارەکتەری خولقاندووە، لە واتا دیار و بەرچاوەکەیدا لە کۆمەڵێک تێمە و بابەتی جۆراوجۆر دەدوێت، بەڵام سەرجەم بابەتەکان بە هزر و بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی «شێخ ئەحمەی خانی»یەوە پەیوەستن، لەوانە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان کە لە دێرزەمانەوە داگیرکەرانی عوسمانی و سەفەوی چاویان بڕیوەتە ئەم خاکە، یەکگرتنەوەی هۆزە کوردەکان و هاوکاری نەکردنی هێزی داگیرکەران، پێویستە میری بایەزید دادپەروەر بێت و چاوی لە کۆکردنەوەی پارەوپوول نەبێت و بایەخ بە خۆشگوزەرانی خەڵک و ئاوەدان کردنەوەی شار بدات و کۆمەڵێک شوێنی کاغەزسازی و جزوبەندکردنی کتێب دروست بکات، تا بایەزید ببێتە مەڵبەندێکی کولتووری و ڕۆشنبیری و خەڵکی بایەخ بەخوێندنەوەی کتێب بدەن، خانی هەم عاشقی کتێب بوومە، هەم مەرەکەب، ئەو بەدەستی خۆی لە دەنکە زەیتوونی سووتاو مەرەکەبی دروست دەکرد و بۆنوبەرامە و دارچینی لەگەڵ تێکەڵ دەکرد و بەهۆی ئاگری عیشقی «شەنگێ»وە کتێبی ئەڤیننامەی «مەم و زین»ی دەنووسییەوە، خانی پێوەندییەکی ڕوحی لەگەڵ مەرەکەبدا هەبوو، بۆیە کاتێک سەری نایەوە، بارانی مەرەکەبی ڕەش دایکرد و مۆمی نێو ماڵەکانی بایەزید سێ جار کوژانەوە، جان دۆست بە وردی و بە شێوازێکی ئیستێتیکی کاری لەسەر بابەتگەلێکی جۆراوجۆر کردووە، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی کەسایەتی تەیموری گورجی پاراستووە کە جار جارە چەشنی کەسایەتییەکی تارمایی ئامێز لە شێوەی گرتەیەکی سینەمایی بە مەستی دەردەکەوێت و چەند ڕستەیەکی ناوازە هەڵدەدات، بەڵام خوبزە و پیاوە چاپلووس و چاوبرسییەکانی میری بایەزید بە تایبەتی میرزا سەبری و شێخ سەیفەددینی جبەڕەش و کابرای کیمیاگەر...تاد، چەندان تۆمەت بۆ ئەحمەدی خانی هەڵدەبەستن و هەوڵی دەرمانخواردکردنی دەدەن، گوایە خانی لە «مەم و زین»دا تانە و تەشەری لە میران داوە و شەیتانی بە کەسێکی بێ گوناح زانیوە و زینا و زیناکاری بە ڕەوا لە قەڵەم داوە، بۆیە بەلای میرەوە، ئەحمەدی خانی بە کەسێکی گومڕا و لە دین هەڵگەڕاو نێوزەد دەکرێت، وێڕای ئەوەی ئەحمەدی خانی لە گوتاری ڕۆژانی هەینیدا ستایشی میری نەدەکرد و پێیدا هەڵنەدەگوت، لە پای ئەمانە میر عەبدولفەتاحی میری بایەزید ڕۆژی ناشتن و بەخاکسپاردنی شێخ ئەحمەدی خانی، دەچێتە ڕاو و شکار و بەشداری لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکە ناکات، پێشتریش کاتێ ئەحمەدی خانی لە دیوەخان دەقی مەم و زینی دەخوێندەوە، میر میرزا بەگی دیوەخانەکەی جێ دەهێشت، ئیتر بەم دەستەواژەیە کۆتایی بە خوێندنەوەکە دەهێنم کە نوژدارە ئەرمەنییەکە دەیگوت:

ژاری سلێمانییان داوەتێ، ژارەکە ڕۆژانە پەیتا پەیتا تێکەڵ بە لەشی بووە! ئیتر دەقی میرنامە ڕاز و نهێنی چۆنیەتی مردنی «خانی» بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەکانی خوێنەر- وەرگر- بەجێ دەهێڵێت، چونکە دواجار ئەوە خوێنەرە واتا نەگوتراوەکان دەدۆزێتەوە و دەلالەتە دواخراوەکان لێک دەداتەوە و واتای جۆراوجۆر بەخودی تێکست دەبەخشێت لە هەمان کاتدا دەق بەشێوەیەکی بەردەوام داکۆکی لە بوونی خۆی دەکات و بە ئاسانی واتا و دەلالەتە نەگوتراوەکانی بەدەستەوە نادات؛ کەواتە لەم دید و ڕوانینەوە دەتوانم بڵێم ڕۆمانی میرنامە پێویستە کۆمەڵێک خوێندنەوەی جۆراوجۆری تەئویلی بۆ بکرێت.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: میرنامە**
**ناوی نووسەر: جان دۆست**
**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل**
**بابەت: ڕۆمان**
**نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٣**
**چاپخانە: ڕجایی: تاران**

# تکایە با زمانی کوردی بپارێزین

**فەیزوڵڵا فاتح**
**(سەقز)**




وەک دەبینین لە هەرێمی کوردستان لە بواری چاپەمەنیدا ئازادییەکی تاڕادەیەک باش هەیە و سانسۆر بەهیچ شێوەیەک نییە و هەفتەنامە و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگ چاپ و بڵاودەکرێنەوە، کە جێگەی خۆشحاڵییە، بەڵام لەبەر نەبوونی ناوەندێک بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێری کردنی بابەتەکان و ناوەڕۆک و شێوازی نووسینەکان، بارێکی خراپ بەسەر چاپەمەنیدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەی کە پارەیەکی زۆر بە خەسار دەبرێ، زمانی کوردیش بە تەواوی وێران و بەتاڵان دەچێ.

پێم وایە ئەرک و وەزیفەی هەموومانە بۆ پاراستنی زمان و فەرهەنگ هەموو تواناییەکانمان بەگەڕ بخەین، بەڵام ئەرکی سەرەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیای کوردییە کە لانی کەم بە دەرکردنی ڕێنمایی ناوەندەکانی فەرهەنگی وەزارەتەکان، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بە تایبەتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ئاگادار بکاتەوە تا بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکەن.

بواری نووسین و چاپەمەنی وەک هەموو بوارەکانی دیکە، پێویستی بە چاودێری و ئاگا لێ بوونە، هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە، بوارەکە دەوڵەمەندتر دەکات و پێداچوونەوە هەڵە و کەموکورتییەکان چارەسەر دەکات، بوونی ڕەخنەگر هەستی بەرپرسیاریەتی فراوان دەکات و لە هەڵە و نادروست نووسین دەمانپارێزێ و ڕێگای دووبارەبوونەوە بە هەڵە و کەموکورتی نادات.

لە حاڵێکدا نووسینی یەک وشەی هەڵە ڕستەیەک هەڵە دەکات و چێژی خوێندنەوە لەنێو دەبات، بۆیە هەرچەند دەق بەبێ هەڵە بنووسرێت، هەم هاندەری خوێنەرە، هەمیش چێژبەخش و بە سوودە و خوێنەر بە ئاسانی لە ئامانج و مەبەستی نووسەر نزیک دەکاتەوە و زەینی خوێنەر چالاک دەکات بۆ درکی شتی نوێ، پێچەوانەکەی دەبێتە هۆی دابڕانی لە خوێندنەوە و ڕیزکردنی وشەگەلی ڕازاوە و گونجاو و بەزار سووک و ئاشنا بە گوێ و ڕستە و دەقی پاراو دەخوڵقێنێ،

هەر نووسراو چەندە ڕێکوپێک بێت و بە کەمترین وشە، باشترین مانا بگەیەنێت، بەبێ ماندووبوون خوێنەر لە مەبەست دەگات و تێر ئاو دەبێ.

وەک دەزانین هەموو ناوەندەکانی میدیایی سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی هەیە و ئەرکی ئەم بەڕێزانە خوێندنەوەی بابەتە و هەڵسەنگاندنی و ئەگەر نوقسانی تێدا بەدی کرد، بە ئاگاداری نووسەر و وەرگێڕەکە هەوڵ بدات ڕاستی بکاتەوە، وا دیارە ئەو بەڕێزانە زەحمەتی خوێندنەوەی ئەو بابەتە نادەن کە بڕیاری چاپ کردنی دەدەن و بە هەموو هەڵە و خەوش و نوقسانییەوە بەڕێی دەکەن بۆ چاپ، بۆیە تووشی کارەساتی ئاوها دەبین، زیانی گەورە بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەب دەگات، لەلایەکی دیکەوە خوێنەر لە خوێندنەوەی بابەتی کوردی بێزار دەکات.

بەردەوام گلەیی دەکرێ کە لە کوردستان خوێنەر نییە و خەڵک زۆر بە کەمی کتێب دەخوێننەوە، بەڵام ئەم جۆرە چاپانەیە کە خوێنەری پیشەیی لە خوێندن بێزار دەکات، تا بە خوێنەری ئاسایی دەگات، ئەمە گەورەترین زیان بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەب دەگەیەنێت، ئەگەر سەرنجی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بدەین، ڕەنگە لە هەر ژمارەیەکدا تووشی دەیان هەڵە و کەموکورتی ببین کە زۆر بەکەمی هەڵەی چاپین، ئەمە لە بەشی کتێبدا (چاپی ناوخۆ) چەند بەرانبەر دەبێت و بەندە لە خوێندنەوەی چەند ڕۆمانێکی وەرگێڕراو بۆ زمانی کوردی تووشی سەرسوڕمان بووم، من دەپرسم خوێنەری ئاسایی لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە بابەتانە بە چ ئامانجێک دەگات و چی بەدەست دێنێت، بێجگە لە بێزاربوون لە خوێندنەوەی بابەتی کوردی چ دەستکەوتێکی دەبێ، بۆیە لێرەدا سەرنجی خوێنەری ئەم بابەتە ڕادەکێشمە سەر چەند بەشێک لە ڕۆمانی (هەزار خۆری پرشنگدار) کە نووسەری ئەفغانی خالید حوسێنی نووسیویەتی، شایانی وتنە ئەم ڕۆمانە لە ماوەیەکی کورتدا ناوبانگی زۆری لە ناوەندەکانی ئەدەبی جیهانی بۆ نووسەرەکەی بە دەست هێناو بەخێرایی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕرا کە بەڕێز چرا نەوزاد لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، هیوادارم وەرگێڕ لە چاپەکانی دواییدا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە و پسپۆڕان و شارەزایانی بواری نووسین بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی زانستییانە، ئەم ڕۆمانەو نووسراوەکانی تری کوردی بەسەر بکەنەوە و بەرچاو ڕوونی بدەنە نووسەر و وەرگێڕ و خوێنەرانی ئەم جۆرە بابەتانە.

مامۆستایان و شارەزایانی بواری زمان، نابێت لەم دۆخە بێ دەنگ بن، بە تایبەتی ئەکادیمیای کوردی. بە باوەڕی من کێشەی بنەڕەتی نەبوونی ڕەخنە و ڕەخنەگرە، چون ڕەخنە وەک دوژمنداری سەیر دەکرێت و ڕەخنەگر تاوانباری باوک کوشتەیە، لە حاڵێکدا ڕەخنەی زانستییانە یارمەتیدەری هەموو لایەنێکە وەک نووسەر و خوێنەر و ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە، لە وڵاتێکدا کە ڕەخنە نەبێت، داهێنان و پێشکەوتن نییە و بواری نووسین دووچاری تەنگژە دەبێت و جۆری ڕەخنەگر وەک چاودێرێکە بەسەر بابەتەوە، نووسەر هەست بە گرینگی دەکات و بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دەق و ڕستە و وشەکاندا دەکات، لەلایەکی دیکەوە ڕەخنە وەک پردێکە نووسەر و پەیام و مەبەستی لە نووسین و خوێنەر پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها یارمەتیدەری خوێنەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە پەیام و ناوەرۆکی نووسین و ڕۆڵ و دەوری پاڵەوانەکان و ئامانجی نووسەر لە دروست کردنی ئەم فەزا و کەسایەتییانە و هزر و فیکری خوێنەر چالاکتر دەکات بۆ دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی ناوەرۆکی بابەتەکە و پانتایی جیهانبینی نووسەر بۆ خوێنەری ئاسایی دیاری دەکات. دنیای نووسین بەبێ ڕەخنەو ڕەخنەگر ناتەواوە و هەرگیز ئەنجامی باشی لێی بەدەست ناکەوێت، نەبوونی ڕەخنە، دەبێتە بێسەروبەری لە دنیای نووسیندا، هیوادارم شارەزایانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی لە خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی بێ دەنگ نەبن و لەبەر قازانجی ماددی و ناوەدەرکردنی چەند کەسێک ڕێگە بە تاڵان کردنی نەدەن، زیان بە کۆڵەگەی سەرەکی نەتەوەیی بگات، ئەمەش چەند بەشێک لە ڕۆمانی بەناوبانگی (هەزار خۆری پرشنگدار) کە هیوادارم شارەزایانی بواری ڕەخنە بە وردی لێی بکۆڵنەوە و بەرچاو ڕوونی بدەنە هەموان.

١- خەدیجە وتی داواکارت هەیە، دڵی مریەم کەوتە خوارەوە(ل٤٧)

نەیدەتوانی جوانی و لێهاتوویی ژنە کابولییەکان بهێنێتە بەرچاوی خۆی لە کاتی جگەرکێشاندا مریەم زۆر بێ نەزاکەت و بێ مانا دیار بوو.

بەهێواشی ڕوونکردنەوەیەک خۆی ناساند.

مانگەکانی دواتر، بەیەکەوە بوونیان تەنیا خۆڕاهێنان بوو لەسەر بەرگەگرتنی ئازار، هەڵوێستەکانی ڕەشید ڕەق و تووڕەبوون هەندێ جار دەچوونە سەر سنووری توندوتیژی.

لە وەتەی لەیلا دایکی دەناسی قژی دەستکردی کردووە بەسەریەوە، ڕەنگی قژەکەش بوو بووە مۆرێکی تەڵخ ئەمڕۆ کەمێک کەوتبوو بەپێشا و لەیلا لاجانگە رساسییەکانی دەبینی، بەڵام بۆ لەیلا دایکی تاریق هەرگیز بە کەسێکی نزم و ناشیرین نەهاتووەتە بەرچاو بەو قژەوە ئەوەی لەیلای دەبینی دەمەوچاوە هێمن و باوەڕ بە خۆکەی بوو لە خوار قژەکەوە چاوە زرنگ ڕەفتارە لەسەرخۆکانی بوون لە ژەمەکاندا هەموو کات گفتوگۆ لە هەواکەدا بوو سەرەڕای ئەوە تاریق و دایک و باوکی لە پەشتونەکان بوون کە لەیلایان لەگەڵ بوو بە فارسی قسەیان دەکرد لەگەڵ نەوەی لەیلا لە زۆربەی قسە پەشووەکانیان تێ دەگەیشت، چونکە لە قوتابخانە فێریی بوو بوو، بابە دەیوت هەردەم گرژی و ناکۆکی هەبووە لە نێوان خەڵکەکانیاندا تاجیکەکان کە کەمترین بوون و خەڵکەکەی تاریق، پەشتوون گەورەترین نەتەوەی گەلی ئەفغانستان، بابە ئەوەشی وتبوو تاجیکەکان هەردەم هەستیان بە کەمی و ڕێزنەگرتن دەکرد، پەشتونە پاشاکان ئەم وڵاتەیان بۆ نزیکەی دووسەد و پەنجا ساڵ بەڕێوەبردووە لەیلا و تاجیکەکان بەهەمووی نۆ مانگی ساڵی ١٩٢٩، وڵاتیان بەڕێوەبردووە، ژوورەکەی ئەو شوێنە بوو کە لەیلا و تاریق ئەرکی ماڵەوەی قوتابخانەیان تێدا ئەنجام دەدا، ل١٢٤.

ناچار لەیلا بە تاریقی وت چیرۆکەکە لە دەمییەوە ڕژا پێش ئەوەی بتوانی بیوەستێنێ.

دەم دەم کاتێک لەیلا لە تەنیشت دایکمەوە بوو، ڕوخساری ماتوکۆستکەوتوو لەناو ژوورەکەدا، قەبارەی ئەو کارەساتەی تەواوی خێزانەکەی هەڵتەکاندبوو لە ناو لەیلادا تۆمار دەبوو ڕێتێچوونەکانی ناو خەیاڵەکانی لەیلا حاشایان لێ دەکرا، هیواکان وردوخاش دەبوون، بەڵام هەستکردنەکان کۆتاییان نەدەهات، هەستکردنی زۆر سەخت بوو لە ڕاستیدا هەستکردن بە لەکیسچوونەکەی دایە، ل١٣١.

مریەم بەلایەوە زۆر ماندوویێتی بوو سەیری خۆشی و شادی دەربڕینی کچەکە بکات.

هەموو شەوێک ڕوونکردنەوە و خۆپشاندانی هەبوو کاتێک کچەکە پێی لەسەر شایەتیکردنی ڕەشیددا دەگرت، ڕەشید چەنەگەی بۆ سەرەوە هەڵدەگەڕاندەوە و ڕوانینێکی پڕ لە ئارامی و دوورودرێژ لە دەمارە شینەکەی سەر لووتی دەڕوانی سەیرکە چۆن پێدەکەنێت کە پەنجەم دەدەم بەیەکدا، ئەوەتا. دەبینی؟ بینیت؟ ل٢٢٣.

لەیلا لە ڕوومەتە شورەوە چرچەکانی مریەم وردبووەوە و لە خەتی ژێرچاوی کە هیلاکییەکی زۆر بە سیمایەوە دیاربوو، ئەو خەتە قووڵانەی دەوری دەمی نیشانەی سەختی ژیانی بە لوچەکانی ئەوی لەوە دیاربوو یەکەم جار بوو ئاوها سەیری بکات، سکاڵاکردنێکی بێدەنگ بە ڕوخسارییەوە کۆمەڵێک خەم و خەفەتی بەدیار دەخست و ژیانێکی فەوتاو نیشان دەدا ئەگەر ئەمیش بهێنێتەوە، لە پاش بیست ساڵی دیکە ئەمە چارەنووسی ڕوخسار و سیمای ئەویشە.

دەرزەنێک جار، یان زیاتر تەلەفزیۆنەکەیان لەپشت حەسارەکەوە شاردەوە، شەو درەنگ بەگڵۆپی کوژاوەوە لەگەڵ لیفەی گیرا و بە پەنجەرەکاندا.

شەوەکەی تر کە ڕشید.. هیچ کەس هەرگیز لەسەری نەکردوومەتەوە.

لەیلا لە ڕوومەتە شورەکانی مریەم ورد دەبووەوە خەتی چاوی بەتوێژی لەسەریەک هیلاکی هەڵچرابوون، ئەو خەتە قووڵانەی دەوری دەمیان دابوو، ئەو شتانەی بینی وەک ئەوەی ئەویش بۆ یەکەم جار سەیری ئەو کەسە بکات و بۆ یەکەم جار، دەموچاوی دژەکار نەبوو کە لەیلا دەیبینێ، بەڵام ڕووی باریکی نارەوا و دەموچاوی سکاڵاکردنێکی بێدەنگ بوو کۆڵێک خەم و خەفەتی دەستەوەسان چارەنووسێکی بوار پێدارو نەفەوتاو بوو، ئەگەر ئەو بهێنێتەوە، ئەمە دەبێت بەدەموچاوی ئەویش، لەیلا بیری دەکردەوە، بیست


سالّ لە دوای ئێستاوە، ل٢٣٤.

لە ٣٩٦ لاپەڕەی ئەم ڕۆمانەدا زۆرترین لاپەڕەکانی بەم شێوەیە داڕێژراوە، ڕستەی بێ مانا و دادوراو بەیەکدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاساو ڕێسای نووسین.

ئەم جۆرە دارشتنە بێ ماناو لێک دابڕاوانە چی بە خوێنەر دەدات، بێجگە لە ماندوو بوون و بێزاری، دیارە من نامەوێت تاک لایەنە لەسەری بڕۆم، خوێنەران و شارەزایانی خوێندن و نووسین سەرپشک دەکەم، خۆزگە دەخوازم وەرگێری بەڕێز لە نزیکەوە ببینیم و ڕاوبۆچوونی خۆمی بە وردی بۆ باس بکەم، بەلاّم لێرەدا خەتاباری سەرەکی بەرپرسانی دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، کە بەبێ خوێندنەوە بڕیاری بلاّوکردنەوەی بابەتی لەو جۆرە دەدەن، بەندەو بەهۆی ئەوەی کە حەزم لە خوێندنەوەی ڕۆمانە و زۆربەی کاتم بە خوێندنەوە بەسەر دەبەم، لەم ماوەیەدا چەند ڕۆمانێکی وەرگێردراوم بۆ زمانی کوردی خوێندووەتەوە کە دوویان لە نووسینەکانی ئۆرهان پاموک بوون، بەڕێز بەکر شوانی وەریگێڕابوونە سەر زمانی کوردی و دوو ڕۆمانی عەلا ئەسوانی کە بەڕێز سەباح ئیسماعیل کردوویەتی بە کوردی کە بەڕاستی دەبێ بڵێم بە تایبەت وەرگێڕانەکەی بەکر شوانی م زۆر بەدڵ بوو، هەرچەندە بڕێک هەڵەو کەموکورتییان تێدا بوو، بەلاّم جێگەی ڕێز و ستایشن و هیوادارم ڕۆژ بەڕۆژ کار و بەرهەمی جوانتر و پوختە و پاراوتریان لێ ببینم و ئاواتەخوازم وێنە و نموونەیان زۆر بێت، هەروەها تکا دەکەم لە بەرپرسانی بەشی چاپ و بلاّوکردنەوەی کتێب، هەستی ئەمانەتداری و بەرپرسیاریەتی بەجێ بهێنن و هەڵسەنگاندن لەم بوارەدا بکەن و داواکارم لە بەڕێوەبەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، بایەخ بە ڕەخنە بدەن و ڕێگا بە بلاّوبوونەوەی بابەتی سەقەت و هەڵە نەدەن و هەوڵ بدەن بۆ ڕاستکردنەوەی ناڕاستییەکان، هەروا لە پێشتردا عەرزم کرد ئەگەر چاوێک بە تابلۆی سەر دەرگای خوێندنگە و نەخۆشخانە و شوێنە حکوومییەکاندا بگێڕین، تووشی نووسراوی سەیر و سەمەرە دەبین وەک نموونە:

تابلۆکانی سەر دەرگای خوێندنگەکانی شارەکانی کوردستان وەک بەڕێز بەرۆژ ئاکرەیی وتی بە عەرەبی بیردەکەنەوە و بە کوردی دەنووسن: قوتابخانەی هەژاری سەرەتایی- کۆلێژی هەولێری پزیشکی، نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری، نەخۆشخانەی خانەقینی گشتی و دەیان نموونەی دیکە وەک بێژەری تەلەڤزیۆنی پرۆفیشناڵی ڕووداو بەدەیان جار فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر- بە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ناودەبرد و ئەو بەڕێزەی ناو ستۆدیۆکەش بۆی پینە دەکرد، دیسان هەر دەیوتەوە!

شایانی وتنە بەندە ڕۆمانی (کۆلارە فڕین) هەر لە نووسینی خالد حوسێنی و وەرگێڕانی بەڕێز حەکیم کاکەوەیس م خوێندەوە، جێگەی ستایشە و زۆر بەڕێکوپێکی وەری گێڕاوە، دیارە لە سوێدییەوە کراوەتە کوردی، هیوادارم وێنەیان زۆر بێت بۆ خزمەتی زمانی کوردی و ئاواتەخوازم ڕێگای ڕەخنە بە باشی بکرێتەوە و نووسەران و شاعیران و خاوەن قەڵەمەکان بە ڕەخنە تێک نەچن، بەڵکو ڕێز لە ڕەخنەی دادپەروەرانە بگرن و هەڵەکانی پێ چارەسەر بکەن.




# ئەفسانەی گرێی ئۆدیپ

سەردار ئەکرەم
(کۆیە)

لە دووتوێی (١٩٩) لاپەڕەی قەبارە مام ناوەند، شانۆنامەی ئۆدیپ پاشا کەوتە بەردیدی خوێنەران، کە لە نووسینی گەورە نووسەری یۆنانی سۆفۆکلیس و وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە رەمەزان حەمەدەمین قادرە، لەچاپخانەی رۆژهەلات چاپ کراوە، ئێستا لەبەر دیدی خوێنەرانە.

شانۆنامەی ئۆدیپ لەلایەن سۆفۆکلیسی تراژیدیانووسی گەورەی یۆنانی نووسراوە، لە بنەمادا ئەفسانەیەکی یۆنانییە کە لەسەرزاری خەڵک گێڕدراوەتەوە و بەشێوەی پشتاوپشت لەلایەن گەلانی یۆنانی گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، سۆفۆکلیس بە فۆرمێکی تراژیدیایی نوسیویەتی، هەڵبەتە ئەم ئەفسانە تراژیدیاییە، یەکێکە لە شاکارەکانی جیهان، زۆرترین توێژینەوەی لە بوارەکانی دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بۆ کراوە.

ئەم تراژیدیایە لە چوارچێوەی (شەڕی نێوان دەسەڵاتەکان، دادپەروەری، خیانەت، تاوان، داوێنپیسی، نەفرەت، ئازار و قەدەر) دەخولێتەوە.

چیرۆکی شانۆنامەی تراژیدیای ئۆدیپ پاشا بەم شێوەیەیە، کاتێک پۆلیپی پاشای کۆرنت دەیەوێت منداڵێکی ببێت لە میرۆپی هاوسەری، بەڵام کاهینی پەرستگای دلفی پێی دەڵێت: دەمریت و منداڵت نابێت، بەم هەواڵە پۆلیپ پاشا زۆر رەشبین و نائومێد دەبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دەبیستێت لایۆسی پاشای تیبە، لە شاژنە جۆکاستای هاوسەری، کوڕی دەبێت، هاوکات ئەم دوو پاشایە، نەیار و دوژمنی یەکدی بوون، بۆیە پۆلیب پاشا دەچێتەوە پەرستگاو داوا لە کاهین لۆکسیاس دەکات، پێویستە کارێک بکات تا منداڵێکی هەبێت! لۆکسیاس پێی دەڵێت: تۆ و شاژنە میرۆپ منداڵتان نابێت، بەڵام دەتوانم وابکەم ئەم منداڵەی لایۆس ببێت بەکوڕی تۆ و لە کۆشکەکەت گەورە بێت، لە رێگای هەڵبەستانی (وەحی) سرووشێک بەناوی خواوەند (ئەپۆڵۆن)، پۆلیپ پاشاش لەبەرانبەر ئەو کارەی کاهین دەیکات هەندێ پارەی پێدەدات،

کاهین لۆکسیاس دەچێتە لای (لایۆس)ی پاشای نەیار و دوژمنی پۆلیپ پاشا، پێی دەڵێت: بەپێی (سرووشی ئەپۆڵۆن)، ئەو کوڕەی تۆ، دوای ئەوەی لەدایک دەبێت کە گەورە بوو تۆ دەکوژێت و جۆکاستای دایکی مارە دەکاتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، هەروەها دەبێت بەپاشای تیبە، هاوکات بەهۆی ئەو تاوان و داوێنپیسی و نەفرەتە، گەلی تیبە ڕووبەڕووی ئازار و برسییەتی و نەهامەتی دەبنەوە، بۆیە دوای ئەوەی (ئۆدیپ) لە دایک دەبێت لایۆسی پاشا ڕادەستی شوانێکی متمانەپێکراوی خۆی دەکات، هەروەها فەرمانی پێ دەکات لە دەرەوەی شار بیکوژێت، بەڵام شوانەکە نایکوژێ، بەڵکو بەپێی پیلانێکی داڕێژراو کە لەلایەن کاهین لۆکسیاس داڕێژرابوو، ڕادەستی شوانی تایبەتی شانشینی کۆڕنتی دەکات، پاشان منداڵەکە ڕادەستی پاشا پۆلیپ و شاژنە میرۆپی دەکات، ئۆدیپ لە کۆشکی کۆرنت لای شاژنە میرۆپ گەورە دەبێت، شاژنە میرۆپ وەک کوڕی خۆی خۆشی دەوێت و گەورەی دەکات.

بەڵام کاهین لە خیانەت و تاوان کردن ناوەستێت، بەردەوام دەیەوێت (سرووش)ـە هەڵبەستراوەکەی خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە بەردەوام ئۆدیپ بە خەڵکی دیکە دەوروژێنێت و هان دەدات، ڕۆژێک یەکێک لە خزمەتکارەکانی بە فەرمانی کاهین لۆکسیاس پێی دەڵێت: تۆ کوڕی (لایۆس و جۆکاستای)ی، ئەگەر باوەڕناکەی لە کاهینی پەرستگای دلفی پرسیار بکە، بۆیە ئۆدیپ لە کاهین لۆکسیاس دەپرسێت کە باوک و دایکی ڕاستەقینەی من کێن؟

لۆکسیاس لە وەڵامدا دەڵێت: لایۆس باوکتە و جۆکاستا دایکتە، بەڵام بەپێی سرووشی ئەپۆلۆن تۆ باوکی خۆت دەکوژی و دایکی خۆت مارە دەکەیتەوە، لەبەرئەوە باوکت ویستی تۆ بکوژێت، تا ئەو تاوان و داوێنپیسییە ڕوونەدات! بەڵام قەدەر و ویستی خواوەند ڕەت نابێتەوە کەس ناتوانێت بیگۆڕێت، بۆیە ئاگادارت دەکەمەوە نەچیت بۆ (تیبە)، بەپێچەوانەوە باوکی خۆت دەکوژیت و دایکت مارە دەکەیتەوە، ئۆدیپ زۆر بە قسەکان بێزار دەبێت، لەکۆتاییدا بڕیار دەدات بچێتە شاری تیبە بۆ ئەوەی سەری باوکی ماچ بکات و سرووشی ئەپۆلۆن بەدرۆ بخاتەوە، لۆکسیاسی کاهین کاتێ دەزانێ ئۆدیپ سوورە لەسەر چوون بۆ شاری تیبە، دەچێت لایۆسی باوکی ڕاستەقینەی ئاگادار دەکاتەوە کە کوڕەکەی لە مردن ڕزگاری بووە و ئێستا بەڕێگەوەیە، دەیەوێت بێتە شاری تیبە تۆ بکوژێت و جۆکاستای دایکی مارە بکاتەوە.

لایۆس نایەوێت ئەم تاوان و داوێنپیسییە ڕووبدات، بۆیە بڕیار دەدات ئۆدیپ بکوژێت، کاتێک ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە ئۆدیپ زۆر بانگی دەکات، من کوڕی ڕاستەقینەی تۆم هاتووم سەری تۆ و چاوی دایکم ماچ بکەم، بەڵام بەهۆی کاریگەری لۆکسیاسی کاهین و پیرۆزی لەلای خەڵک بەگشتی و پاشالایۆس بەتایبەتی، متمانە بەکوڕەکەی ناکات، بەردەوام هەوڵی کوشتنی دەدات! ئەگەرچی ئۆدیپ تەنیا بەرگری دەکات، لە کۆتاییدا لایۆس دەکوژرێت!

ئۆدیپ بە دەروون شکاوی دەگەڕێتەوە، کاهین دووبارە ئاگاداری دەکاتەوە نەچێتەوە بۆ تیبە، بەپێچەوانەوە دایکی خۆی مارەدەکاتەوە، بەڵام هەواڵێک بڵاودەبێتەوە ئاژەڵێکی نامۆ و ترسناک لە دەرەوەی شوورەی شاری تیبە خەڵکێکی زۆری کوشتووە، ڕۆژێک ئۆدیپ دەچێت ئەو ئاژەڵە دڕندە و نامۆیە بکوژێت کە دەیان خەڵکی شاری تیبەی کوشتبوو، بەپێی یاسای تیبە ئەوی ئەم ئاژەڵە لەناو ببات، دەبێتە پاشای تیبە و شاژنە جۆکاستا دەبێتە هاوسەری! قەدەر وابوو ئۆدیپ ئاژەڵە دڕندەکە لەناو ببات دوای ئەوەی کە ئاژەڵە ئەفسانەییەکە مەتەڵێک وەک پرسیار لەئۆدیپ دەکات و دەڵێت: ئەوە چییە لە بەیانیان لەسەر چوار پێ دەڕوات، لە نیوەڕۆیان لەسەر دوو پێ دەڕوات و لە ئێوارانیش لەسەر سێ پێ دەڕوات، ئۆدیپ وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: سرووشتی تەمەنی مرۆڤە، بەیانیان کاتی منداڵییەتی لەسەر دوو دەست و دووپێ گاگۆڵکێ دەکات، نیوەڕۆیان کاتی گەنجیەتی بە دوو پێیەکانی دەڕوات، ئێوارانیش کاتی پیریەتی بەیارمەتی گۆچانیک لەسەر دووپێ ڕێ دەکات، کاتێ مەتەڵەکەی زانی ئاژەڵە ئەفسانەییەکە خۆی کوشت، ئۆدیپیش لە پاداشتی ئەم کارەی دەبێتە پاشای تیبەو شاژنە جۆکاستای دایکی مارە دەکاتەوە.

دوای حەڤدە ساڵ لە لە هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی خۆی کە چوار منداڵی هەبووە، برسیەتی و ئازار و نەخۆشی ڕوو لە تیبە دەکات، لە بەرانبەردا پەرستگا خاوەنی زۆرترین سەروەت و سامانە، بەڵام هۆکاری ئازار و برسیەتی و نەخۆشی خەڵک بۆ بوونی تاوانبار و داوێنپیسێک لەشاری تیبە دەگێڕێتەوە.

ئۆدیپ دەیەوێت دەست بەسەر سامان و سەروەتی پەرستگا دابگرێت و بەسەر خەڵکی هەژاردا دابەشی بکات، بۆیە کاهین هەڕەشەی ئاشکراکردنی نهێنی کوشتنی باوک و مارەکردنەوەی دایکی لێ دەکات.

بەڵام کاهینی چاکەخواز (تریسیاس) ڕاستەقینەی ڕووداوەکان دەزانێت و یارمەتی ئۆدیپ دەدات لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی کاهین لۆکسیاس و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان.

ئۆدیپ سەرەتا قسەکانی (تریسیاس) بەپیلانێک دەزانێ، دواجار دەکەوێتە لێکۆڵینەوە لە کوژرانی لایۆس پاشاو بۆی دەردەکەوێت، ئەو پیاوەی ماوەیەک پێش ئێستا لە سێ ڕیانی دولفی لایۆس پاشا بووە.

لەوکاتەدا پەیامبەرێک دێتە ژوورەوە بە ئۆدیپ ڕادەگەیەنێت کە پۆلیپ پاشا گیانی لەدەست داوەو پاشایەتی وڵاتی بۆ ئەو بەجێ هێشتووە، ئینجا ئۆدیپ زیاتر بۆی ڕوون دەبێتەوە و دەزانێت کە پۆلیپ باوکی ڕاستەقینەی نییە، لەو کاتەشدا جۆکاستای شاژن دایک و هاوسەری ئۆدیپ دێتە ژوورەوە، داوای لێ دەکات واز لەم لێکۆڵینەوەیە بێنێت، بەڵام ئۆدیپ درێژە بەلێکۆڵینەوەکە دەدات و بۆی دەردەکەوێت کەخودی خۆی لایۆسی باوکی کوشتووە و جۆکاستای دایکی مارە کردووە.

لەکۆتایی شانۆنامەکەدا جۆکاستا خۆی دەخنکێنێ و ئۆدیپ چاوەکانی خۆی کوێر دەکات، حوکمی تیبەش دەکەوێتە دەست کریۆنی برای جۆکاستا کە خاڵی ئۆدیپ و منداڵەکانی.

شانۆ نامەی ئۆدیپ پاشا تا ئەمڕۆ بۆ سەر چەندان زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە، خۆشبەختانە جگە لە وەرگێرانەکەی کاکەی فەللاح، ئەم جارەش لەلایەن مامۆستا ڕەمەزان حەمەدەمین قادرەوە جارێکی تر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، جگە لەمەش لەسەر تەختەی شانۆیی بەچەندان شێوە نمایش کراوە و چەندان ئەکتەری بەناوبانگی شانۆی جیهانیش ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە، هەروەها چەندان خوێندنەوەی بۆ کراوە کە گرنگترینیان ئەو خوێندنەوە دەروونییەیەکە لەلایەن دەروونناسی نەمسایی سیگمۆند فرۆیدەوە بەناوی (گرێی ئۆدیپ) نووسراوە.

# نووری عەبدوڵڵا
# مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە
# (١٩١٩ - ١٩٩٩)

د. عەبدوڵڵا غەفور
(زانكۆی سەلاحەددین - كۆلیژی ئاداب)

## دوو گوتە

نووری عەبدوڵڵا یووسف (نووری عەولای مام وەسوی ناسراو بە نوریە فەندی)، ئەو ساڵەی كە من لە ساڵی ١٩٥٢دا دەستم بە خوێندن كرد، ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە بوو. نووسینی بەردەست باسی ئەو پیاوە دەكات وەك مامۆستا و بەڕێوەبەر لە قوتابخانەكانی سەرەتایی لە لیوایەكانی (پارێزگا) سلێمانی و هەولێر و خانەنیش كردنی.

سەرچاوەی زانیارییەكان دۆسیەی خۆیەتی كە لە ژووری "دۆسیەی خانەنشینی - مامۆستایان" بە نمرە ٧ لە پەروەردەی گشتیی هەولێر، هەڵگیراوە، هەروەها یادەوەری هەندێك لە قوتابییەكانی ئەوە بە منیشەوە.

دۆسیەی مامۆستا نووری عەبدوڵڵا، لەبەر ئەوەی لە لیوایەكانی سلێمانی و هەولێر كاری كردووە، دوو فایلە و پێكەوە لێك بەستراون. پەڕ پەڕ، سەیری هەردووكیانم كردووە. هەندێك لە دوكیۆمێنتەكانم كۆپی كردووە و زانیاری پێویستم، لە هەندێكی دیكە نووسیوەتەوە و هی واش هەبووە هەر خوێندوومەتەوە.

نووسەر، لە دەست پێ كردن تا تەواوبوونی نووسینەكە، بۆ ئەوەی بە وردی شتەكان بخرێتە بەرچاو و بە زانیارییەكاندا بچێتەوە، پێویستی بە فایلەكە دەبێ. بەرپرسی دۆسییەكان (غازی حاجی حەمەد) چوار پێنج ڕۆژ (جگە لە ڕۆژێك نەبێ كە ڕێی نەدام دۆسیەكەی بخوێنمەوە و زۆری ماندووكردم) هەر ڕۆژەی تا تەواوبونی دەوام لە خوێندنەوە و كۆپی كردنی بەڵگەنامەكان ئازادی كردبووم. ئەگەر فایلەكەم، دوو حەفتە بەسەر یەكەوە، لە لا بوایە و ئیزبارەی قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە لە ئەرشیڤی پەروەردەی گشتیی هەولێر

هەبوایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئەو کەموکوڕییانەی لە نووسینەکەمدا بەرچاو دەکەون کەمتر دەبوون.

## خانەوادەی مامۆستا نووری عەبدوڵڵا

ناوبراو لە گەڕەکی حەسەن ئاغا لە شارەدێی دیبەگە سەنتەری ناحیەی کەندێناوە سەر بە قەزای مەخموور لە شاری هەولێر لە دایکبووە. دایکی ناوی مریەم و باوکی - عەبدوڵڵا (ناسراو بە عەوڵای مام وەسو) بووە. خانەوادەکەی بەسەر یەکەوە ئەمانە بوون: (نووری، ڕەسووڵ، مەجید، کەریم، پیرداود، شێخ محەمەد) گشتیان لە ژیاندا نەماوەن، هەر یەک لەوانە کچ و کوڕیان هەیە و بە زۆری لە هەولێر دەژین.

## ساڵی لە دایکبوونی مامۆستا نووری عەبدوڵڵا

ڕۆژ و مانگ و ساڵی لە دایکبوونی مامۆستا نووری، وەک هی منداڵانی دیکەی کوردستان، بە تەواوی نازانرێ. لە (زێدنامەی ئێراقی) و (دەفتەر نفووس) ١٩١٧ نووسراوە. (بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی لیوای سلێمانی) (تەجنیدی مەخموور)ی دڵنیا دەکاتەوە کە لە ساڵی ١٩١٩ لە دایکبووە. دوکیۆمێنتی دیکە باس لە ساڵی ١٩٢١ دەکات. بۆ یەکلایی کردنەوە ڕوو لە دادگا دەکات. دادوەر، بە لەبەر چاوگرتنی ساڵی چوونی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی، ساڵی ١٩١٩ دەکاتە ساڵی لە دایکبوون و بڕیاری چاکردنی گشت دوکیۆمێنتەکانی بۆ دەردەکات.

## ژنهێنانی مامۆستا نووری عەبدوڵڵا

مامۆستا نووری، دوای دامەزراندنی بە پێنج ساڵ، لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٣١ تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٤٦ لای قازی شەرعی لە هەولێر سامیەی برایمەفەندی مارەکردووە. دوای چەند ڕۆژێک گواستوویەتییەوە و بۆ ئەو مەبەستە سێ ڕۆژ مۆڵەتی پێ دراوە. سێ منداڵی بە ناوی گەلاوێژ (١٢ی تەمووز ١٩٤٨) و نەسرین (٢٨ی مایس ١٩٥١) و وریا (٢١ی مارت ١٩٥٢) هەیە. یەکەمیان ئۆتۆمبێل لە ساڵی ١٩٩٩ لێی داوە و گیانی لەدەست داوە. دووەمیان تەندروستی یەکجار خراپە و لەسەر مردنە،



نووری عەبدوڵلا

سێیەمیان لە کەنەدا دەژی.

## یادەوەرییەک

ئەو جارانەی مامۆستا نووری تەنەکە نەوتی پێ دەناردمەوە ماڵێ لە گەڕەکی حەسەن ئاغا و لە حەوشی ماڵی باوکی، ژنەکەی، کە حوجبی یەکجار گەورە بوو، بە پەنجەی دۆشاومژ ئاماژەی بە شوێنێک دەکرد، بۆ ئەوەی تەنەکەکەی لێ دابنێم.

- لێرە داینێ و بڕۆ.

منیش بە ملکەچی و لە ترسی دارکاری کردنی مامۆستا نووری فەرمانەکەم جێبەجێ دەکرد و بە خێرایی لە حەوشە دەردەچووم و بۆ دوکان دەگەڕامەوە.

ژنی مامۆستا نووری، دوای ئەوەی زانی دایک و باوکی من ناویان لە کچەکەی خۆیان ناوە - گەلاوێژ، زۆر سەخڵەت بوو.

- چۆن ناوی کچی منیان لە کچی خۆیان ناوە؟. خۆ کچی من نەمردووە، ڕازی نیم، دەبێ ناوەکەی بگۆڕن.

- ناو ناوی خوایە، کچی تۆ ناوی گەلاوێژە، با هی ئەمیش ناوی گەلاوێژ بێ، ناوی ناگۆڕین، بۆ خۆت هەر بڵێ.

مامۆستا نووری، جگە لەو هاوسەرەی، ژنێکی دیکەشی هێناوە، وەلێ منداڵی لێ نەبووە.

**خوێندنی مامۆستا نووری عەبدوڵڵا**

ناردنی کــوڕ، باسی کچ هەر ناکــرێ، بۆ خــوێندن لە سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا، کارێکی هەرچەندە بڵێیی، لەبەر ئەوەی بە قسەی ئاغای گوند و مەلای مزگەوت، "فێری قو... دەبێ"، کارێکی یەکجار شەرم بوو و کەس ئامــادە نەبووە منداڵەکــەی تووشی ئەو ئابڕووچوونە بکات، وەلێ باوکی مـامـۆسـتـا نووری - سـەد دەست خۆشی لێ دەکرێ - گـوێی بۆ ئەو قسـانە کـەڕ بووە و نووری بۆ خـوێندن ناردووە. ناوبراو، لەو قـوتابخـانانەی خـــوێندنی ســـەرەتایی و ناوەندی و دواتر (پاشکۆی لادێیانی خانەی مامۆستایان)ی تەواو کردووە.

**١- قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە**

یەکێکە لە کۆنترین قوتابخانەکانی مەعاریفی لیوای هەولێر و دواتر پەروەردەی ئەستانی(پارێزگا) هەولێرە. ئەو قوتابخانەیە چەند خەسڵەتی تاڵی هەیە.

أ- ســاڵی کــردنەوەی، لەبەر فــەوتان و لەبەردەست نەبوونی بەڵگەنامــەکــان، بە دروســتی نازانرێ. وەلێ نووسەرەکان لە نووسینەکانیاندا، پاڵپشت بە گوتەی کەسانی بە تەمەن و لێک بیستن، باس لە ساڵی ١٩٣١ دەکەن. مێژووەکە بە گوێرەی بەڵگەنامەکەی مامـۆستا نووری "داخیل بوونی من بۆ مەکتەب لە ساڵی ١٩٣٠م لە لیوای ئەربیل مەکتەبی دیبەگە" تەواو نییـە، ساڵی ١٩٣٠یشم، لەبەر ئەوەی کـەندێناوە، کـە ناوەندەکـەی شارەدێی دیبەگەیە، لە ٤ی نیسان ساڵی ١٩٢٨ کراوە بە شـارەدێ، پێ دروست نییـە، چونکە ناکرێ شـوێنێک شارەدێ بێ و قوتابخانەی لێ نەبێ.

ب- گـۆڕینی ناوەکـەی، لە قـوتابخـانەی سـەرەتایی دیبەگە بۆ زورگەزراو؟ لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بوو.

پ. نەبوونی فایلێک، بە ناوی قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە، لە ئەرشیڤی پەروەردەی گشتیی هەولێر.

ج. فــەوتانی گــشت تۆمــارەکــانی (ســجــلات) قوتابخانەکە لە کاتی ڕاگواستنی دانیشتوانی دیبەگە لە ١٩٨٨/٨/٢١دا و هی گـشت گـوندەکـانی ناحیــەی کەندێناوە بۆ کۆمەڵگای خەبات لە شارۆچکەی خەبات.

**بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانە**

چەندان مـامـۆستـا، بە بڕیاری پەروەردەی هەولێر و بە ڕەزامـەندی وەزارەتی مـەعـاریف بۆ ئەو پۆسـتـە دیاری کراون.

- بەڕێوەبەرەکـانی قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگـە، بە دوای یەک، ئەوانە بوون: فەتاح عەزیز (ناسراو بە سەید فـەتاح)، نووری عـەبدوڵڵا (ناسـراو بە نووریەفـەندی). هاشم محەمەد ئەمین.

- بەڕێوەبەرەکـانی قوتابخانەی سەرەتایی زورگەزراو، بە دوای یەک، ئەوانە بوون: هاشم محەمەد ئەمین، سامی عـەلی ئیـبـراهیم، حـەرسـۆ مـەحـمـوود عـەلی، خـەلیل عەبدوڵڵا خەلیل.

**ستافی قوتابخانە**

ســتــافی قــوتابخــانەی ســەرەتایی دیبــەگــە لە ١٩٥٤/٤/١٠ نووری عـەبدوڵڵا (بەڕێوەبەر)، جـەلال بیـلال، سەعـدوڵڵا ئەیووب، عـەبدولکەریم ئیـبـراهیم، کەمال سەعید، کەمال مستەفا، محەمەد نووری حەسەن، مەحموود عوسمان.

**قوتابییەکانی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە**

ئەوانەی بە گـوێرەی گـێـڕانەوەی خـەڵک، لە سـاڵی کردنەوەی قوتابخانەکە، ئەمانە بوون: نووری عەبدوڵڵا، ئەحمەد حەسەن محەمەد صادق ئاغا، صالح... (ساڵحە جوو)، باییز ئیـسـمـاعیل ئاغـا دزەیی، ئیـسـمـاعیل حەمەجان مەحموود، کەمال عەبدولقادر (کوڕی کاتبی ناحیەی ئەوسا).

**قوتابییەکانی پۆلی شەشەمی قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە**

ئەوانەی لە سـاڵی ١٩٤٣ - ١٩٤٤ تاقـیکردنەوەی وەزارییــان ئەنجــام داوە. پێــشی ئەوانە، بە گــوێرەی بەڵگەنامــەکـانی هۆبەی بڕوانامــەکـان، لە پەروەردەی گشتیی هەولێر"، قوتابی نەبووە.

ناوەکان: ئیحسان محەمەد نەفتچی، حەسیب مەهدی صــادق، ســەلام ســەید ڕەووف، ســەیفــەددین حــاجی ئیبراهیم، عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، نازم کازم.

**٢- قوتابخانەی سەرەتایی هەولێری یەکەم**

مـــامـــۆســـتـــا نووری، لەبەر نەبوونی هەر شـەش پۆلی

سەرەتایی لە دیبەگە، بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ هەولێر چووە و پۆلی شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی (اربیل الاولی) تەواو کردووە. "داخڵ بوونی من بۆ مەکتەب لە ساڵی ١٩٣٠م لە لیوای ئەربیل مەکتەبی دیبەگە، ئێستاکەش ئەمر بفەرموون بۆ وەرەقەیەکی موصەدەقە لە مەکتەبی اولی لە ئەربیل کە نووری عەبدوڵلا دزەیی لە ١٩٣٦- ١٩٣٧ تەخەروجی کردووە لە صنفی شەش ئیتر حورمەت".

**٢- قوتابخانەی ناوەندی**

مامۆستا نووری، وەک لە دۆسیەکەی نووسراوە، لە قوتابخانەی ناوەندی خوێندوویەتی، وەلێ نە ناو و نە شوێنی قوتابخانەکە نەنووسراوە، بەڵام پێدەچی، لەبەر ئەوەی قوتابخانەی ناوەندی لە شوێنی دیکە ڕەنگە هەر نەبووبێ، لە هەولێر بوو بێ.

**٣- پاشکۆی خانەی لادێیی مامۆستایان**

ئەمەیان لە شاری باقووبەی سەنتەری لیوای دیالە بوو و ژمارەیەک لە دەرچووانی قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە خوێندنیان لەوێ تەواو کردووە، پاشان بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی شارەدێی کەندێناوە و شوێنی دیکە دامەزراون.

مامۆستا نووری ساڵی ١٩٣٧ - ١٩٣٨، لێرە دەستی بە خوێندن کردووە و لە ساڵی ١٩٤٠ - ١٩٤١ تەواوی کردووە و بڕوانامەی دەرچوونی لە ١٩٤٢/٣/١٠ بۆ کراوە و لە وەزارەتی مەعاریفیش، وەزیری مەعاریف و بەڕێوەبەری مەعاریف پەسندیان کردووە.

## دامەزراندن مامۆستا نوری

مامۆستا نووری، دوای تەواوکردنی خوێندن لە خانەی لادێیی مامۆستایان، لەسەر داوای (بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی سەرەتایی) و بە ڕەزامەندی (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەعاریف)، دامەزراوە و بۆ (بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی مەعاریفی سلێمانی) نێرراوە.

## مامۆستا نووری لە قوتابخانەکانی سلێمانی

ناوبراو لە تەمەنی مامۆستایەتیدا کاری لە چەندان قوتابخانەی سەرەتایی لە مەعاریفی سلێمانی کردووە، ئەوەش ناوەکانیان و دەست بەکاربوون و دەست لە کار هەڵگرتنی:

**١- قوتابخانەی سەرەتایی صەولە**

مامۆستا نووری پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢ تشرینی دووەم لە ساڵی ١٩٤١ دەست بەکار بووە.

**٢- قوتابخانەی سەرەتایی سیوسینان**

مامۆستا نووری، لە ١٩٤٣/١٢/١ لێرە، دوای ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەعاریف بە نووسراوی ژمارە ٢٢٦٤٩ ڕێکەوتی ١٩٤٣/١١/٢٧ بۆ قوتابخانەی سەرەتایی قەڵادزێ دەگوێزرێتەوە.

لە ڕۆژی شەممە ١٩٤٣/١٢/٤ لە قوتابخانەی سەرەتایی سێوسێنان دەست لە کار هەڵدەگرێ.

**٣- قوتابخانەی سەرەتایی قەڵادزێ**

دوای حەفتەیەک لە قوتابخانەی سەرەتایی قەڵادزێ دەست بەکار دەبێتەوە، لە ڕۆژی ١٩٤٣/١٢/١٢ لە پێش نیوەڕۆ دەست بەکاردەبیت.

## گواستنەوەی بۆ هەولێر

مامۆستا نووری لە ساڵی ١٩٤١ بۆ ١٩٤٥ لە مەعاریفی سلێمانی مامۆستا بووە، پاشان بۆ مەعاریفی هەولێر گوێزراوەتەوە. هەمیشە لە خەمی گەڕانەوە بووە بۆ ئەو مەبەستە بە نامە داوای لە بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی سلێمانی و بەڕێوەبەری مەعاریفی گشتی کردووە. لە ١٩٤٥/٩/١ بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی لیوای هەولێر دەگوێزرێتەوە.

## مامۆستا نووری لە قوتابخانەکانی هەولێر

ناوبراو، لە چەندان قوتابخانەی ئەو لیوایە دەستی بەکار کردووە و دەستی لەکار هەڵگرتووە. مخابن. هەندێک ناتەواوی و داپچڕان و پێش و پاشکردن لە نووسینەکاندا، بە هۆی لەبەر دەست نەبوونی دۆسیەکە بۆ چەند ڕۆژی دیکە و نەبوونی هەندێ بەڵگەنامە، بەرچاو دەکەوێ.

**١- قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە**

مامۆستا نووری، دوای گواستنەوەی بۆ مەعاریفی هەولێر و لەسەر خواستی خۆی دەکرێ بە مامۆستا لە قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە. دوای ساڵێک زیاتر لە دەست بەکار بوونی، مەعاریفی لیوای هەولێر داوای گواستنەوەی لە وەزارەتی مەعاریف دەکات بۆ یەک لەو

قوتابخانانەی کە بە نیازە لەو ساڵدا بکریتەوە، بەڵام گواستنەوەکە نەکراوە.

مامۆستا نووری، دوای گواستنەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە- فەتاح عەزیز - بۆ ناو شاری هەولێر، بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی هەولێر ژمارە ١٩٩٢ لە ڕێکەوتی ١٩٤٩/٩/٢٨ دەکرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە بە وەکالەت. دواتر بە گوێرەی نووسراوی ژمارە ٣٠٠٠٣ ڕێکەوتی ١٩٤٩/١٠/١٧ دەکرێتە بەڕێوەبەر. واتە دوای چوار ساڵ لە دەست بەکاربوونی، دەکرێ بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو.

بە نووسراوی ژمارە ١٣٨٠١ ڕێکەوتی ١٩٦١/٩/٣٠ بۆ هەولێر دەگوێزرێتەوە.

مامۆستا هاشم محەمەد ئەمین دیبەگەیی دەکرێ بە بەڕێوەبەری قوتابخانە و دەست لەکار هەڵگرتنی لە ١٩٦١/١٠/٤ بۆ دەنووسێ.

**٢- قوتابخانەی سەرەتایی هەندرێنی ئێواران**

لە ١٩٦١/١٠/٥ وەک جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە لێرە دەست بەکار دەبێت. بەڕێوەبەری قوتابخانە بە نووسراوی ژمارە ٨٠ ڕێکەوتی ١٩٦١/١٠/٥ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی لیوای هەولێر ئاگادار دەکاتەوە.

**٣- قوتابخانەی سەرەتایی زەهاوی**

بە گوێرەی نووسراوی ژمارە ١٦٠٢٥ ڕێکەوتی ١٩٦٥/١٠/٢ لێرە دەگوێزرێتەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەی تازە بە گوێرەی نووسراوی ژمارە ٦٨ ڕێکەوتی ١٩٦٥/١٠/٦ دەست لەکار هەڵگرتنی لە ١٩٦٥/١٠/٦ بۆ دەنووسێ.

**٤- قوتابخانەی ئیسکانی یەکەم**

بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، ژمارە ١٦٠٢٥ ڕێکەوتی ١٩٦٥/١٠/٢- ١٩٦٥/١٠/٧ بۆ قوتابخانەی سەرەتایی ئیسکانی یەکەم دەگوێزرێتەوە و ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٦٥/١٠/٧ دەست بەکار دەبێت.

**٥- قوتابخانەی سەرەتایی مەریوان**

بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ژمارە ١٩٣٩٦ ڕێکەوتی ١٩٦٨/١٠/١٢ دەکرێتە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە. جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە بە نووسراوی ژمارە ١٥٩ و لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/١٠/١٩ دەست بەکاری بۆ دەنووسێ.

لە قوتابخانەی سەرەتایی مەریوان لە ١٩٧٠/١/٣١ دەست لەکار هەڵدەگری. هەر لەو ڕۆژەدا(١٩٧٠/١/١٣) لە قوتابخانەی سەرەتایی زێوەر، دەست بەکار دەبێ.

**٦- قوتابخانەی سەرەتایی ئیسکانی دووەم**

بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی لیوای هەولێر، ژمارە ٤٩٣ ڕێکەوتی ١٩٧٠/١/٧ دەکرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی ئیسکانی دووەم.

بەڕێوەبەری قوتابخانە بە نووسراوی ژمارە ٦ ڕێکەوتی ١٩٧٠/١/١٣ دەست بەکاربوونی بۆ دەنووسێ.

دواتر بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ١٩٣٩٦ ڕێکەوتی ١٩٦٨/١٠/١٢ دەگوێزرێتەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانە بە نووسراوی ژمارە ١١١ ڕێکەوتی ١٩٦٨/١٠/١٦ خۆیەتی لە پەروەردەی هەولێر لە دەست هەڵگرتنی ئاگادار دەکاتەوە.

**٧- قوتابخانەی سەرەتایی سپیلک**

زانیاری لەسەر دەست بەکاربوون و دەست لەکار هەڵگرتن بە تەواوی نازانرێ.

**٨- قوتابخانەی خالدییە**

زانیاری وەک دەست بەکاربوون و دەست لەکار هەڵگرتن لە قوتابخانەی سەرەتایی خالدییە، لە دۆسیەکەدا، نییە.

**٩- قوتابخانەی زێوەر**

لە قوتابخانەیەک (ناوی لە دۆسییەکەدا نییە) بۆ ئێرە دەگوێزرێتەوە. دواتر بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٥٢١٠ ڕێکەوتی ١٩٧٠/٢/٢٦ بۆ قوتابخانەی سەرەتایی قازی محەمەد لە ئیسکان دەگوێزرێتەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی زێوەر بە نووسرای ژمارە ٢٤ ڕێکەوتی ١٩٧٠/٣/٢ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر لە دەست لە کار هەڵگرتنی ئاگادار دەکاتەوە.

**١- قوتابخانەی سەرەتایی قازی محەمەد**

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنی پارێزگای هەولێر بە نووسراوی ژمارە ٣٨ ڕێکەوتی ١٩٧٠/٣/٢ لە دەست بەکاربوونی وەک بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانە ئاگادار دەکاتەوە.

### خانەنشینکردن

بە فـــەرمـــانی کـــارگـــێـــڕی ١٢٣٧٤ ڕێکەوتی ١٩٧٠/٥/٢٨ خـــانەنشین دەکـــرێ. بەڕێوەبەری قـوتابخـانە (کـەریم عـەبدوڵڵا یووسف) بە وکـالەت بە نووســـــراوی ژمـــــارە ٣٨ ڕێکەوتی ٢-٣- ١٩٧٠ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنی پارێزگای هەولێر لە دەست هەڵگرتن لەکار ئاگاداری دەکاتەوە.

### وانەکانی مامۆستا نووری عەبدوڵڵا

ناوبراو ئەگەرچی مـامـۆسـتـای گشت بابەتەکـان بووە، وەلێ مەیلە زانیستییەکەی زۆرتر بووە، هەر بۆیەش کە لە قوتابخانەی سەرەتایی صەولە بووە، وانەی (بیرکاری و ئەندازە)ی بە پۆلی چوار و پێنج گوتووە. لە قوتابخانەی دیکە مـامـۆسـتـای بابەتەکـانی: (الاشـیـاء و الصـحـة؛ قــورئان و ئـایین؛ عــەرەبی؛ کــوردی؛ کــۆمــەڵایەتی؛ وێنەکێشان و کارەکان) بووە.

چۆن لە وانە گــوتنەوەدا جــیــددی بوو، ئەوهاش لە چاودێری تاقـیکردنەوەکـانی مـانگانە و نیـوەی سـاڵ و سـەری سـاڵ وا بوو. لە تاقـیکردنەوەی شـتـەکـان و تەندروستی لە پۆلی سێدا، لە قوتابخانەی سەرەتایی دیبەگە، لەسەر یەکەم تەختەی ڕیزی ناوەندی دانیشتبوو و بەرچاڤکە (چاویلکە، عـــەینەک)ی ڕەشی لە چاو کردبوو و تەماشای ئەم لاو ئەو لای دەکرد.

– مامۆستا ئەو عەینەکەت لۆ لە چاوی کردییە؟

– لۆ ئەوەی قوپییەچییەکان بگرم.

### ڕەوشتی مامۆستا نووری عەبدوڵڵا

ناوبراو، پیـاوێکی خەمـخۆری خوێندن و مـامۆسـتـا و قـــوتابی و کـــەلوپەل و بینایەی قـــوتابخـــانە بوو. قوتابییەکانی کوڕی ئاغا و دەوڵەمەند و دەست کورت و هەژار لەسـەر نەخـوێندن و شـەیتـانی و زیان گـەیاندن بە قـوتابخـانە باش دارکـاری دەکـرد. لە بازاڕ تووشی هەر قــوتابیــەکــیــشی بووایە ئەوە بۆ بەیانی بانگی ژووری بەڕێوەبەری دەکـرد، ئەگەر بەهانەکانی بە دڵ نەبوایە ئەوە داری سـەرمـێـزەکـەی لێ بە دەنگ دەهێنا، تێـروپڕی لێ دەدا و بـۆ پـۆلـی دەنـاردەوە. هـەر دەم دەیـگـوت: دەبـێ منداڵی دیبەگە بخوێنێ.

لای قـوتابی زۆر بەسام بوو، هەر ئەوەش وای لە ئێـمە کردبوو دوای تەواوکردنی خوێندن و بووغان بە مـامۆستا و کارمەند، هەر بەو چاوە تەماشای بکەین و ڕێزی بگرین.

ڕۆژێـک لە حـەوشـەی(یانەی فـەرمـانبـەران) کـە شوێنەکەی بە بازاڕی نیشـتـمانی لەسەر بیناکراوە، پێنج کەس دەورەمـان لە مێزێک دابوو، ئەوان کۆنکانیان دەکرد و منیش تەمـاشـای دەستم دەکـردن. مـامـۆسـتـا نووری بە لامـاندا هات، چوست لەبەری هەسـتـاینەوە و دەسـتـمـان خستە سەر یەک و شۆڕمان کردەوە و بێ دەنگ وەستاین و چاوەڕوانی فەرمانی بووین.

– دانیشن، کۆنکانی خۆتان بکەن، گەورە بوونە.

کـورسـیـمـان بۆ هێنا و داوای چامـان بۆ کـرد، وەلێ ئەوەندەی لەگەڵـمان دانیشت، کەس دەستی بۆ کاغەزی کۆنکان نەبردەوە.

### خانەنشینکردنی مامۆستا نووری عەبدوڵڵا

کارمەندی دەوڵەت کە تەمەنیان دەگاتە شەست و سێ سـاڵی بە گـوێرەی یاسـای خـانەنشـینی لە کـوردسـتـان خانەنشین دەکرێت.

ئەویش ئەو کـاتەی بەڕێوەبەری قـوتابخانەی سـەرەتایی قـازی مـحـەمـەد بووە لەگـەڵ ڕەفـعـەت عـیـزەت سـامی (بەڕێوەبەری قـــوتابخـــانەی ســـەرەتایی هەڵـمــەت) و عـەبدوڵڵا کـاکـە عـەبدوڵڵا (مـامـۆسـتـا لـە قوتابخـانەی ئەحـمـەد خانی سۆرانی)، بە گـوێرەی فەرمانی کـارگێڕی خـۆیەتی ژمـارە ١٢٣٧٤ لە ١٩٧٠/٥/٢٨ خـانەنشین کراوە.

کـۆی خـزمـەتکردنی لە مـەیدانی فـێـرکـردندا لە (١٩٤١/١١/١ - ١٩٧٠/٦/٢) واتە ٢٨ سـاڵ و ٧ مانگ و ١ ڕۆژ بوو.

### کۆچی دوایی

ناوبراو لـە تەمــەنی هەشــتـــا ســـاڵی و لە ١٩٩٩/٩/١٣دا کـۆچی کـردووە و لە گـۆڕسـتـانی شـێـخ ئەحمەد لە هەولێر بە خاک سپێرراوە.

**تێبـینی:** ئەو وتارە لە بنەڕەتدا سی و هەشت لاپەڕە و سێ بەڵگەنامـە و دە وێنەیە، لە دەرفـەتێکدا دەیکەینە نامیلکەیەک.

# چاوەکانی ئێمە بچووک نین؛
# ئەوە جوانییە کە بێ سنوورە..!

**نامەی سوهراب سپێهری**
**لە فارسییەوە: توانا ئەمین**
**(سوید)**

نازی...

هەر خـەریکم دەڕوانم و شـتـەکـان خـەریکن لە مندا دەڕوێن، لـەم ڕۆژە هەوروهەلایـەدا، مـن چەند ڕووناکم! هەمـوو ڕووبارەکـانی جیـهـان دەڕژێنە منەوە، منێک کـە بەهیـچێک پڕ دەبم. عـەرد پڕاوپڕە لە جوانی، چاوەکـانی من چیـتر جێگایان نییـە، چاوەکانی ئێـمە بچووک نین، ئەوە جوانییە کە بێ سنوورە.

لەژێر سێبەری گەرمای هاویندا بوو، تۆم بینی؛ کەچی دوێنێ کە نامەکەت گەیشت؛ هێشتا شوێنی دیدارەکەت لەسەر زەوییـەکە بوو، ئەوە ئەو نیـوەڕۆیە لە (شەمێران) باسی چیـمان دەکرد؟ دەستـەکانی من پڕ بوون لە هەمـوو ڕووناکـییـەکانی جیـهـان و تۆ لەبەر سێبـەری ڕووناکی ڕوحی خۆتدا وێستابوویت، گاه وەک مەلێکی سەرسام لە جێگای خۆت دەمایتەوە.

نازی گیان...

تۆ لە ئاو باشتریت، تۆ لە هەور باشتریت، تۆ دەگەیتە سپـێدە، نەخزێیت! من هاوڕێی تۆم و دەسـتت دەگرم... ڕەوان بە، چونکە بالندەکـان و گـیـاکـان بەم جـۆرەن کـە دەگەیتە درەختێک؛ ڕاوێستـە بۆ تەماشا، تەماشاکردن دەتگەیەنێتە ئاسمان... بەداخەوە؛ لەسەردەمی ئێمەدا، تەماشاکردن فـێرنەکراین، ئەوەتا درەخت لای ئێـمە هیچ نییـە، جگە لە ڕازێنەرەوەی مـاڵ، ئەوەتا هیـچ کـەسێ؛ بڕوای بە گوڵی باخی ماڵە دراوسێ نییە.

پێـوەندییـەکـان لێک پچـڕاون؛ کـەس نابینی لە مـانگەشـەودا پیـاسـە بکات، کـەس ئاگـای لە فـڕینی قـەلەباچکەیە نیـیـە، کـەس لە تەنیـشت تارمی هەیوانەکەیەوە خودا نابینێت، کەس ئەبەدییەت لە جامی ئاوخـواردنەوەدا نادۆزێتـەوە.. لە چاوەکـاندا چڵ نیـیـە.. ئاسمان لە دەمارەکاندا نییە.. لەم ڕۆژگارەدا؛ درەختەکان لە مـرۆڤـەکـان پاراوتر و چیـاکـان لە ئارەزووەکـانمان بڵندترن، لەم ڕۆژگـارەدا؛ قـامیـشـەکان لە ئەندێشـەکـان ڕاستتر و بەفرەکان لە دڵەکان سپیتـرن.

پەلـپ مـەگـرە.. ڕۆژێـک دێ؛ من بچم مـاڵە هاوسێ ئاوڕشـێـن بکەم و تۆش سـڵاو لە دارکـاژی دراوسێ بکەیت، ڕۆژێک دێ؛ ڕیشـۆڵـەکـان لەسـەر خوانی ئێـمە بنیـشـێـتـەوە و خـەڵـکی لە درەخت مـیـهـرەبانتـر بن.. مـەڕەنجێ گـەر لە فـرۆشگاکـان؛ نرخی گـوڵـەکـان لە خواربانەوە دەنووسن، خـەڵـک کـەڵەباب بەر لە سپـێدە سەردەبڕن، ئەسپ بە عـەرەبانەوە دەبەستنەوە و بەرماوەی خۆیان دەدەن بە هەژاران.. خۆ هەر وا نابێ!

بە بڵندایی خۆتدا سـەر بکەوە و کـازیوان، چاو لەڕێی خـۆت بە، جـیـهـان بلاوێنەوە.. دەلاقـە باز بکە؛ لاولاو چاوکـە، بە ڕووناکـیـدا هەڵزنێ.. لە پووشوپەڵاش ڕووت وەرمـەچەرخـێنە کـە پاژی حـەقـیـقـەتن.. بیـشکوێ تا لێـوڕێژیت ڕوو بکاتە هەمـوو لایەک، دەنگێ تۆ بانگ دەکات، بڕۆ بە شوێنیدا.

سـەرمـەشـقی خـۆت بە؛ بە چاوانی خـۆت ببـینە و بەوە بژی کە هەتە، لە خۆتدا ڕۆبچۆ؛ تا لەوانی تر نزیک بیت، پەیکی خـۆت بە و پەیامی خـۆت ببێژەوە، مـیـوە لە باخی دڵت بچنە و لقەکانیان هێندە بەردار ببینە، کە ئارەزووی بەرچنە بکەن، خۆ بەرچنەی تۆ؛ بە تەنها چڵێک پڕ دەبێ.

لە نێـوەڕاسـتی ئەم کـەوەڕۆژەدا؛ مـن تۆ بانگ دەکـەم.. من لە نێـو جیهاندا؛ تۆ بانگ دەکەم و چاو لەڕێی بانگی تۆیشم، لـەم دۆڵـی تەنیـــاییـــەدا؛ تۆ ئاوی ڕەوان بە و بچرپێنە، من گوێم لێی دەبێ.

**سوهراب**
**تاران**
**٦ی خاکەلێوەی ١٩٦٣**

**سەرچاوە:**
**هنوز در سفـرم، پریدخت سپـهـری، (شعـرها و یادداشت های منتشر نشده از سهراب سپهری)، نشر فرزان، چاپ هفتم ١٣٨٦**

بە بۆنەی بیستەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامانی شانۆ و شانۆی ڕامان

**نیهاد جامی**

گەڕانەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردی، سەفەری شانۆکاری کوردە بەناو بیابانی ئەدەبیاتدا، کاتێک بەدوای سەرچاوە شانۆییەکاندا دەگەڕێیت و بە دەگمەن هەوڵی تاکوتەرا و خاکیانەی شاعیرانی وەک پیرەمێرد و گۆران لەو بوارەدا دەبینرێت، تا دەگاتە دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، ئەو کاتە کورد باشتر درک بە گرنگی ئەو هونەرە دەکات، بەڵام گرنگییەک توانایی ئەوەی نییە پرۆژەی تایبەتمەند و بەردەوامی بۆ تەرخان بکات، بۆیە بە درێژایی ئەو دەیەیە تەواوی گۆڤار و چاپکراوە کوردییەکان لە نزیکەی ٣٠٠ ژمارەدا، دەبینین بەهەر هەموویان "٧ " ژمارەیان بۆ شانۆ تەرخان کردووە، ئەوە ئەگەر لە سەردەمی ڕژێمێکی دیکتاتۆر بوو بێت، بەڵام لە سەردەمی ئازادیدا، تەنیا یەک ژمارە بۆ شانۆ تەرخان دەکرێت، تا هاتنی گۆڤاری (ڕامان) لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی بیستەم.

ئەو گۆڤارە بەتەنیا دەرگا لە بابەتی شانۆیی ناکاتەوە، بەڵکو لەپاڵ ژمارەی تایبەتی ساڵانەی خۆی بۆ شانۆ، هەوڵ دەدات هەست بە گرنگی ئەو هونەرە بکات و بەشداری لە گفتوگۆ و کێشە شانۆییەکان بکات.

ئەو دەمەی ڕامان دێت خەمی شانۆ وەک خەمێکی کولتووریی دەکاتە بەشێک لە ستراتیژی گۆڤارەکەی، ئەو دەمە شانۆکاری کورد ناچار دەبێت زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات و ناوەندێک ببینێت کە ئەو لە دەرەوەی ئەو ناوەندە نییە، وەک چۆن ڕامان بۆ خۆی لە دەرەوەی ناوەندی شانۆکارانەوە سەیری خۆی نەکردووە، بەڵکو خۆی وەک بەشێک لەو ناوەندە بینیوە.

لێرەدا مرۆڤ دەبێت درک بەوە بکات، خودسێنتەری بیرکردنەوە چ گرنگییەکی لە پرۆژەی وادا هەیە، ئەوە هەوڵ و خەمخۆری ئەو گۆڤارە دەگەڕێتەوە بۆ دررککردنی سەرنووسەری گۆڤارەکە بۆ گرنگی شانۆ لە ژیانی فەرهەنگیماندا، وەک چۆن ڕۆڵی بەهەشتی مەحموود زامدار بەها و نرخی تایبەتی خۆی هەبوو کە هەمیشە وەک مژدەیەک دەیویست لەناو ناوەندە شانۆییەکە ئەوەمان بۆ بخاتە ڕوو کە ئێمەی شانۆکاران تەنیا نین.

ئەمڕۆ کە لەبەردەمی ژمارەکانی ڕامانی شانۆ دەوەستین.. هەست بە شانۆیەکی تیوری و ڕەخنەیی دەکەین بەناوی شانۆی ڕامان، دەزانین بەدوای ڕامان گۆڤارەکانی وەک "شانۆ" و "شانۆکار" کە تایبەت بوون بە هونەری شانۆ دەرچوونە، زنجیرەی وەرگێڕانی دەقی شانۆیی جیهانی و ئەمڕۆش شانۆکاری کورد سایتێکی شانۆیی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەیە، بەڵام ئەو ڕۆژگارەی ڕامان گرنگی بە شانۆ دا، ڕۆژگارێک بوو شانۆکاری کوردی کارەکتەرێکی ئاسایی نەبوو.. هێزە ئایدیۆلۆژییەکان لە شەڕ بوون، زمانی میدیای کوردی زمانی فاشییەکی ڕەمزی بوو، کەچی کێشەی ڕامان، کێشەی ململانێی نەوە شانۆییەکان بوو، قسەکردن بوو لەسەر ستانیسلاڤسکی و قوتابییەکانی، لەسەر هەوڵە ئەزموونییەکانی گرۆتۆفسکی و هەوڵەکانی دواتری، شەڕ بوو لەسەر تروسکاییەکانی شانۆی ئێمە کە ڕامان نەیدەهێشت تروسکاییەکان بکوژێنەوە، نەوەیەک کە تەنیا زمانی کوردی دەزانی و خەریکی شانۆ بوو، بەڵام ئەو نەوەیە لە مەعریفەی شانۆیی هەستی بە کەلاوە نەدەکرد، چونکە دەیزانی ڕامانێک لە شانۆیی هەیە، هەمیشە دەگەڕایەوە سەر نووسینە ڕەخنەیی و تێکستە شانۆییەکانی، بۆیە بۆ ئێمەی شانۆکاران ڕامان میرات و فەرهەنگێک و پرۆژەیەکی ستراتیژی بوو بۆ شانۆکەمان کە ئێستاش ئێمە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە ڕامانە، ڕەنگە زۆر بن ئەوانەی ئێستا هەست بە گرنگی ئەو پرۆژەیە نەکەن، بەڵام چۆن هەستی پێ بکرێت کە لە دۆخێکدابین شانۆکاری کورد هەست بە گرنگی شانۆکەی خۆی نەکات، چۆن هەست بە ڕامانی شانۆ بکات؟

ئێمە لەبەردەم ساتەوەختێکی تێپەڕ نین، بەڵکو ئێمە لەبەردەمی پرۆژە ستراتیژییەکانی شانۆوە ڕامان دەدوێنین، بۆیە ئەو گۆڤارە جارێکی تر وەک ناوەندێکی هەمیشەیی لە ژوانێکی چاوەڕوان نەکراودایە لەگەڵ شانۆ.. بەتایبەت مانگێکی تر، یان زیاتر ئێمە دەکەوینە بەردەم ڕۆژی جیهانی شانۆ، ئاخۆ ڕامان لە کاری شانۆ ماندوو بوو، یان ئێمەی شانۆکاران بووین لە کارکردنمان بۆ ڕامانی شانۆ ماندوو بووینە و ئەو مینبەر و ناوەندە گرنگەی خۆمان چۆڵ کردووە؟






# دزێوی جوان

ئاخۆ جوانی چییە و چی جوانە؟ ئایا جوانی پێشتر ئامادەیە و ئێمە بۆ بینینی خۆی بانگهێشت دەکا، یان دەبێ ئێمە دوای سەفەری دۆزینەوە و بینینی بکەوین و دواتر بە چاوێکی دی و ڕوانینێکی جیاواز بیخولقێنینەوە؟ ئایا جوانی لە دەرەوەماندایە، یان ڕەنگدەرەوەی ئەو جوانییەیە کە لە ناوەوەمانڕا هەیە و بەری دەکەوین؟

ئێمە وەک مرۆڤ دوای هەر ئەزموونکردنێکی جوانی، لە هەستێکی قوولتر لە تەنیا هەستی چێژبردن بەهرەمەند دەبین، ڕاستییەکەی ناکرێ ئەزموونکردنی جوانی، تەنیا لە چەمکی چێژبردنێکی ئەبستراکتدا کورت بکرێتەوە و بەسەر ئەو بالآیی بوون و هەستکردن بە بەهای مرۆڤبوون باز بدرێت و لەوەش زیاتر هەڵگژان بەرەو سەروو مرۆڤ بوونە کە چێژبردن لە جوانیی دەماندات، وەدوو کەوتنی جوانیی و شوێنپێ هەڵگرتن و ڕامکردنی لە دۆخە بزۆز و سادە و دڕ و کێوییەکەی خۆیدا، چێژبردن و لەوەش زیاتر مومارەسەکردنی ئازادییە لە بێ خەوشترین و باڵاترین ساتەوەختیدا.

ئەزموونی جوانی ئەزموونێک نییە کە لە دەرەوەی خۆمان وەری بگرین و کەڵەکەی بکەین و خۆمان لەسەر بینینی ڕابهێنین، بەڵکو ئەزموونێکە لە خۆماندایە، لە ناوەوەمانڕایە و لەو تینوێتییەدایە کە بۆ شوێنگۆڕکێ و سەفەر و دەستدان لە زەوی و باڵندە و خەڵک و دنیایەکی تازە دەمانجووڵێنێ و تەماحێکی گەورەتر لە تەنیا "بینین" مان دەخاتە بەر، تا جوانیی لە هەرە پەراوێزخراوترین و سادەترین شتەکانی دەوروبەرماندا هەڵبگۆزین و ژیان و جوانییان پێ ببەخشینەوە، ڕاستییەکەی پێوەندییەکی زۆر هارمۆنیکی لەنێوان جوانیی و سادەییدا هەیە و تا ئێستا لە ئەدەبیاتدا و بە تایبەتی لە شیعردا، ئیشێکی زۆری لەسەرکراوە و سەرسامبوون و غەرابەتێکی فرە مەودای بەرهەم هێناوە.

برێکی گەورەی ئەزموونکردنی جوانی، هەوڵدانە بۆ پێدانەوەی بەها بەو شتانەی کە پەراوێزخراون و لە سنوورەکانی بینین کراونەتە دەرەوە و پێشوەخت لە جوانی داماڵراون و حوکمی (ناشیرین)، یان (دزێو) یان بەسەردا دراون.

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)